

# یادەوەرییەکان

## مستەفا چاوڕەش

چاپی یەکەم

2014

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب ( كوردى ، عربي ، فارسي )
منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

# یادەوەرییەکان

**مستەفا چاوڕەش**

٢٠١٤

ناوی کتێب: یادەوەرییەکان
نووسینی: مستەفا چاوڕەش
بابەت: یادەوەری
دیزاین: ڕەوشت محەمەد
تایپ: سۆنیا عەزیز
تیراژ: ۲۰۰۰ دانە
چاپی یەکەم: چاپخانەی سەردەم

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (۱٦۹۲)ی ساڵی ۲۰۱٤ پێ دراوە



پێشکەش بە شەهیدی تێکۆشەر (ئەکرەمی وەستا حەمەئەمین بەنا) ناسراو بە ئەکرەمی حەپسە کە مەردانە چووە بەر پەتی سێدارە و گیانی خۆی بەختکرد لە پێناو سەرکەوتنی چینی هەژاراندا.

مستەفا چاوڕەش

## پێشەکی

خوشک و برایانی بەڕێز، ئەو هاوڕێ بەڕێزانەی کە چەندین ساڵ لە خزمەتی نیشتماندا پێکەوە بووین، زۆر دەمێکە بیرم کردووەتەوە بیرەوەرییەکانی ژیانم بنووسمەوە و بیانخەمە بەردەستی بەڕێزتان. دیارە هەر ساڵەو شتێک هاتووەتە پێشەوە و سەرکەوتوو نەبووم. زۆر لە هەڤاڵەکانم داوام لێدەکەن بۆ نووسینەوەیان، زۆریش بەڵێنم دانێ ئەمڕۆ تا سبەی دەست پێبکەم، بەڵام هەر بۆم نەکرا و جێبەجێ نەبوو. ئێستا تازەبەتازە بڕیارم داوە ئەوەی لە ژیانی خۆمدا دیومە و بەسەر خۆم و کەسوکارم و هاوڕێکانم هاتووە، بیخەمە بەردەستی ئێوەی بەڕێز و خۆشەویست. ئەمەش بۆ دەوڵەمەندکردنی نووسینەوەی ئەو هەڤاڵانەی پێش من بیرەوەرییەکانی خۆیانیان نووسیوەتەوە، بۆ ئەوەی بچێتە سەر خەرمانی خەباتی میللەتەکەم. بڕوا بکەن زیاتر لە دە ساڵ دەبێ هەر بەڵێنیان پێدەدەم. جارجارە کە ئەمبیننەوە، گلەییم لێدەکەن. منیش هەرجارەی بیانوویەکم هێناوەتەوە، بەڵام هەر پێم وتوون ئەو بەڵێنەی داومە، جێبەجێی دەکەم و دەیبەمە سەر. ڕەنگە تۆزێکیش تەمەڵیی خۆمی تێدا بووبێ. بە هەرحاڵ، دەست لە دەست و قوەت لە خوا دەستم بە نووسینەوەیان کرد.

دیارە هەر کەسێک هەر شتێک بنووسێتەوە، پێی خۆشە لە هی هەموو کەسێک باشتر و دەوڵەمەندتر بێ، بۆ ئەوەی هەر کەسێک کە دەیخوێنێتەوە، حەقی خۆی بداتێ، ڕەحمەتی بۆ بنێرن و گلەیی لێنەکەن. نووسینەوەی ڕاستییەکان خزمەت بە خۆت و میللەتەکەت دەکەن، ئیتر هەر شتێک تۆمار بکەی، تا هەر هیچ نەبێ، چەند هاوڕێیەک کە لە ژیاندا ماون، بڵێن ڕاستە یان بە پێچەوانەوە. لێرەدا دەمەوێ بڵێم ویژدانی خۆم ئازار نادەم غەدر لە هیچ هاوڕێیەکم بکەم. مێژووش هەروا نووسراوەتەوە. بەندە پەنجا ساڵێک لە ڕیزی حیزبایەتی و تێکۆشاندا بووم. پێش ئەوەی من یادەوەرەییەکان بنووسمەوە و باسی

ڕووداوەکان بکەم، گەلەکەم شاهیدن و دەمناسن؛ شارەکەم و شارەکانی تر و خەڵکی دەرەوە شاهیدن، چونکی لە ژیانی خەباتگێڕی و تێکۆشاندا بە زۆر کووچە و کۆڵان و شار و گونددا تێپەڕم کردووە. شتێک نییە شاراوە یان هەڵبەستراو بێ. هەڤاڵەکانم کە ئیشم لەگەڵ کردوون و بەشێکی خەڵکی کوردستان ئاگاداری خەباتی منن و هەڵسەنگاندنی خۆیان هەیە. ئەوەی ئەتەوێ بینووسی، یان بیڵێت، دەبێت پێش هەر کەسێکی تر جێی ڕەزامەندیی خۆت بێت.

من ڕێزی زۆرم هەیە بۆ هەموو ئەو هەڤاڵە تێکۆشەرانەی پێش خۆم بیرەوەرییەکانیان نووسیوەتەوە و دەستخۆشییان لێدەکەم. چونکی تەنیا ژیان و خەباتی خۆت نانووسیتەوە و تەنیا موڵکی خۆت نییە، هی میلەتەکەتە. هەرچییەک بنووسیتەوە، لە سەرت ماڵە و دەبێ ورد بیت لە نووسینەوەیدا، غەدر لە کەس نەکەیت و بە شانوباڵی کەسدا هەڵنەدەیت. هەر کەسەش خۆی بەرپرسیارە بەرامبەر بە مێژوو، بەرامبەر بە خوێنی شەهیدەکانی و هاوڕێ و کەسوکاری، کە لە مەیدانی خەباتدا گیانی خۆیان بەخت کردووە و مەیدانیان بۆ بەجێ هێشتووە، تۆش دەبێت لە دێڕی یەکەمییەوە تاکو کۆتایی بیرەوەرییەکان ڕاستگۆ بیت.

بڕوا بکەن بەشێک لە درەنگکەوتنم لە نووسینەوەی بیروەرییەکانم تەنیا تەمەڵی نەبوو، بەڵکو زۆر شتی تریش ڕێگر بوون. چ لە پێش دەستپێکردنی شۆڕشی نوێ و دروستبوونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و چ دواتریش زۆر بەرپرسیارێتی و مەسئوولیاتم هەبووە. بەو پێیەش چەندین نامەی هەڤاڵانم بۆ هاتووە. بەشێک لە نامەی هەڤاڵەکانم لە چەند قۆناغێکدا فەوتان، وەک نامەکانی جەنابی مام جەلال، کاک نەوشیروان مستەفا، کاک ڕەسوڵ مامەند، ناوەندی کۆمەڵە، کاک سالار عەزیز، مەلا بەختیار، کاک ملازم عومەر و هەموو کاکەکانی تر. هۆی یەکەم: هەندێکم ناردەوە بۆ سلێمانی، بەڵێنیان دامێ بۆم هەڵبگرن، بەداخەوە لەبەر دڕندەیی ڕژێم کەسوکارەکەم نامەکانیان لەگەڵ چەندین

وێنەدا سوتاند. هەندێک لە وێنەکان کە هی قۆناغی منداڵی بوون و پاراستبووم. ئەگەر نەفەوتانایە و لەگەڵ ئەو هەموو نامانەدا بمانایە، خەرمانێکی گەورە دەبوون بۆ ڕاستیی نووسینەوەکەم. هۆی دووەم: کاتێک لە "سیروان" بە دەسیسەی ڕژێم ژەهرخوارد کراین، هەرچیم هەبوو لە ماڵەکەدا، بە نووسینەکانیشەوە، جارێکی تر فەوتان و نەمزانی چییان لێهات. ژەهرخواردنەکە جگە لەوەی بووە هۆی شەهیدبوونی "دایکم و کاک بێستون مەلا عومەر و سەریعەی مەلا موحەرەمی مەرگە"، بووە هۆی بەشێکی تر لە نامەی هەڤاڵەکانم، بەتایبەت سەرکردایەتی، لەناو بچن. هۆی سێیەم: لە قۆناغەکانی تردا و دوای ساڵی ١٩٩٦ بە دواوە بەشێکی تریش فەوتان. ئیتر نەمدەویست شتێک بنووسمەوە پشتیوانیی لەگەڵدا نەبێ، هەرواشی لێهات. ئەوەی دەیڵێمەوە، وەک حیکایەتێک وایە. زۆر داوای لێبوردن دەکەم بۆ کەموکوڕییەکان. هیچ شتێک لەم دنیایەدا بێکەموکووڕی نابێ. هەڵەکانی ئەم نووسینە دەگەڕێتەوە بۆ خۆم. هەر لێرەشەوە داوای لێبوردن لە هەموو ئەو هەڤاڵانە دەکەم ئەگەر ناویانم لەبیر چووبێت، یان شتێکم باس کردبێت و ناویانم نەهێنابێ. گرنگ ئەوەیە ئەوەی دەیخەمە بەردەستی بەڕێزتان، بۆ خزمەتی خەباتی میللەتەکەمە. دژی هیچ کەسێک نییە، تەنها بۆ دەرخستنی ڕاستیی ڕووداوەکانە، تەنها دژی داگیرکەرانی کوردستان و خائین و خۆفرۆشانە، ئەوانەی لە خزمەت ڕژێمدا بوون. دیارە ڕاستییەکانیش بەم نووسینەوەیەی من و دوای منیش تەواو نابێ. دەیان کار و شتی تازە دێتە پێشەوە، خەڵکی تریش دەتوانن بینووسنەوە و هەقی خۆیانە، مێژوو بەم چەند دێڕەی من کۆتایی نایەت و بەردەوامە، کاروان لە ڕەوتایە و بەرەو پێشەوەیە. تەنها هیوام ئەوەیە بەم نووسینەوەیەم خەباتی میللەتەکەم نەشێوێنم و غەدر لە هەڤاڵە خۆشەویستەکانم نەکەم، کە لە کاروانی خەباتدا شەهید بوون، چونکی

ئەوەی ئێمە ڕەنجی ئەوانی زۆر تێدایە، ئەوان ئەم ئەمانەتەیان بۆ ئێمە بەجێ هێشتووە، کە هێشتا لە ژیاندا ماوین.

تەمەن و ژیانی من بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕی کردووە. ئەوەی لەبیرم بێ، وەک لاوێک لە ساڵی ١٩٦٢دا چوومەتە ڕیزی حیزبایەتی. لاوێکی تەمەن ١٦ ساڵ بووم، لە ژیان و سیاسەتیشدا کەمئەزموون بووم، بەڵام تاکو ئەمڕۆ بۆ چرکەساتێک لە خەبات دوا نەکەوتووم. خەباتی من لەو کاتەوە دەست پێدەکات، کە لە یەکێتیی قوتابیانی عێراقدا بووم "حیزبی شیوعی". ئیتر دەبێ بیهێنمەوە بەرچاوی خۆم و خەیاڵی خۆم، چونکی وەک لە پێشەوە وتم، هەموو شتەکان فەوتان. دیارە لە تەمەنی پەنجا ساڵ خەباتدا بیرەوەرییەکان بێکەموکوڕی و بیرچوونەوە نابن. ئەم تەمەنەش هی لەبیرچوونەوەیە. خوا بکات تاکو تەواوی دەکەم، کەڵکی ئەوەم پێوە مابێ شتە گرنگەکانم لەبیر نەچێتەوە. لەم ئەم ڕۆژگارەدا و بەم هەموو بەسەرهات و چوون و هاتنەوە زۆر زەحمەتە بتوانیت لە سەداسەد وێنەیەکی تەواو بهۆنیتەوە بۆ ئەوەی کە دەیڵێیت. بۆ کەسێک ئەرشیفەکەی لەناو چووبێت، زۆر زەحمەتە ڕۆژ و مانگ و سەعاتی لەبیر بێ. ئەو جانتایەی ناردمەوە بۆ سلێمانی بۆم هەڵبگرن، سەدان وێنەی تێدا بوو کە ئەگەر بمانایە، بۆ ئێستا سامانێکی گەورەبوو، چ بۆ خۆم چ بۆ مێژووی میللەتەکەم. ئیتر کە هەڵەت کرد، دەبێ ئەنجام هەرچی بێت، قبوڵی بکەیت.

دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ هاتینەوە ناو شار. چووم بۆ ماڵی هەندێک لەو خزمانەم، کە جێگەی بڕوا بوون. وا هەستم دەکرد دایکم شتی لا دانابێ و بۆیان شاردبێتەوە، دەموت دایکم هیچی لا دانەناون؟ دیارە وەڵام هەر ئەوە بوو کە نەخێر، ئەو کەسانەش کە شتیان لا دانرابوو، نەدەچوونە ژێری، لەبەر ئەوەی سوتاندبوویان. هەر یەکێک دەیوت شتێکی لامە. دیارە مەبەستی من شتی ناوماڵ نەبوو، مەبەستم ئەو دەستمایە و سامانەم بوو، کە لە نامە و وێنەکاندا بوو و هەموویان

فەوتان. هەموو کاتێک کە بیرم دەکەوێتەوە، داخی بۆ دەخۆم و دەڵێم ئەو هەڵە گەورەیە چی بوو؟ بۆ لای ئەو خوشکەم دامنان؟. خۆ ئەگەر لە لای کەسێکی دەرەوە بووایە، مەبەستم خەڵکی لادێکانە، بە چاو و گیانی خۆیان دەیانپاراست. لە سەرێکی تریشەوە ناتوانم گلەیی بکەم، هەموومان ڕژێمی بەعس و ڕژێمی دیکتاتۆرەکەی سەددام حسێن دەناسین. چی ئەما بە میللەتەکەی نەکەن، لە کوشتن و بڕین و ماڵوێرانکردنەوە هەتا تیربارانکردنی کوڕەکانیان بە بەرچاوی خۆیانەوە و دەیان و هەزاران تاوانی تر؟ بۆیە ناتوانم تەنها وشەیەک لەسەر ئەوە بە کەس بڵێم. ئیتر کە هاتمە سەر نووسینەوەی ئەم تەمەنەی خەبات و ئەم شۆڕشە، پێش هەموو شتێک بڕیارم دا لە ڕاستی لا نەدەم و ئەوەی بە بیرم هاتەوە، بە هێمنی بینووسم.

زۆر داوای لێبوردن لە خوێنەران دەکەم، کە هەندێک شت هەیە نانووسرێ؛ ڕاستە بیرەوەرییە و هی خەبات و پێشمەرگایەتی و قۆناغی منداڵییە لە شاری سلێمانی، بەڵام هەر ناوترێ. خۆتان دەزانن مەبەستم لە چییە، چونکی لەو هەموو ساڵەی ئیشکردن بە چەندین قۆناغدا گوزەرمان کردووە، زۆر شتمان بینیووە و زۆرمان کردووە. مەبەستەکەش بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان بووە، شتێکی تایبەتی یان شەخسیی لە پێشەوە نەبووە. لە ماوەی لێپرسراویەتیمدا لە هەر جێگەیەک درێغیم نەکردووە بۆ سەرخستنی ئامانج و هیوای گەل. من کێشەی موڵک و بەراو و توتنم لەگەڵ کەس نەبووە. هەر لە تەمەنی شانزە ساڵییەوە کە چوومەتە ڕیزی حیزبی شیوعییەوە، زۆر بە جیدی ئیشم کردووە، لە پاش ئەوەش بەهەمان شێوە و لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکاندا ئیشارەتی پێدەدەم. بیرەوەرییەکان خۆیان دەدوێن و شاهیدیم بۆ دەدەن، خەڵکی کوردستان خۆیان پێش خوێندنەوەی شاهیدی ڕاستییەکانن. مەگەر هەر خۆم و ئەوانەی ئیشم لەگەڵ کردوون، بزانن چیمان کردووە، ئەمە ئەگەر مێژوو ویژدانی هەبێ و

غەدر لە کەس نەکات، یان هەڤاڵەکانی لە سەروو خۆتەوە غەدرت لێنەکەن.

خەبات دوای ئێمەش زۆری ماوە، کێشەکانمان زۆریان چارەسەر نەکراون. ئەوەی بە دڵسۆزی کردوومە، بە شەرەفێکی گەورەی دەزانم بۆ خزمەتی میللەت و داهاتووش تاکو ئەوەندەی ئێمکان بێ و بتوانم، هەر نەبێ لەبەر خاتری خوێنی شەهیدە هاوڕێکانم و میللەتەکەم درێغی نەکەم. رەنگە ئێوەش پاش خوێندنەوەی ئەم کتێبە کەموکورتی بەدی بکەن کە لای منەوە بێت، یان شتێکتان بۆ روون ببێتەوە. پێشتر خەڵک نووسیوویانە، بەوەی منیش تەواو نابێ، دوای ئەوەش دەیان و سەدان خەڵکی دڵسۆز هەن ڕاستییەکان بڵێن و نەیشێوێنن. بەڕێزتان فەرموون بە خوێندنەوەی ئەوەی خۆم کردوومە و بەشدار بووم تێیدا. جارێکی تریش سەرم بۆ هەموو شەهیدانی کوردستان نەوی دەکەم.

## قۆناغی منداڵی

لام باشە لێرەوە دەست پێبکەم. ئەوەندەی لەبیرم ماوە، لە سەروبەندای شۆڕشی چواردەی گەلاوێژدا خەڵکی عێراق و کوردستانیش زیاتر هۆشیار بوونەوە. لەو سەردەمەدا هەموو خەڵکی ملیان لە سیاسەت دەدا و هەر کەسەش بە مەیلی خۆی ڕێگەی خۆی هەڵدەبژارد، بەتایبەت گەورەکان. منیش وەک بنەماڵە لە پێش چواردەی گەلاوێژ و بەدواوەش کەسوکارەکانم "گەورەکان" شیوعی بوون، بەتایبەت خاڵێکم بە ناوی (حەمە ئەمین حسێن). ئەمەم بە حوکمی ئەوە لەبیرە، کە پێکەوە لە ماڵێکدا دەژیاین. لە سەردەمی مەلیک فەیسەڵساڵی "١٩٥٦" قوتابیی بووم لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی. خوا لێی خۆشبێ شێخ مەحموود و مەلیک فەیسەڵ هاتن بۆ سلێمانی. لە قوتابخانەوە ئێمەیان برد و جلی خاکییان لەبەر کردین، پێیان دەوت "کەشافە". لە سەروو پۆلی خۆمانەوە لە بەردەم "باخی گشتیی سلێمانی" ڕیزیان کردین. ئێستاش هەروەک خۆی ماوە و بەرامبەر ئوتێل "سلێمانی پالاس"ە، ئەوسا دائیرەی ئینحیساری تووتنی سلێمانی بوو، لەولاشەوە هیچ خانوویەکی تری لێنەبوو، لە خوار ئەویشەوە سانەویی سلێمانی بوو، ئەو کاتە گەڕەکی ئەوقاری نەبوو. لەولاترەوە شار هەمووی دەشتایی بوو، پێیان دەوت دەشتی تەیارەخانەکە، چونکی ئەگەر جارجارە تەیارەیەکی بچووک یان هالیکۆپتەر بهاتایە، لەوێ دەنیشتەوە. من شاری سلێمانی و ئەو جێگەیەم بەو شێوەیە بینیووە.

ماڵمان لە گەڕەکی سابوونکەران بوو لەسەر جادەکە. ئەو ماڵەی کە تێدا بووین، دوو دەرگای هەبوو، دەرگایەکمان لەسەر جادەکە بوو، دەرگاکەی تریش نزیک مزگەوتی "حاجی شێخ ئەمین" بوو، باوکی بەڕێز قازیی سلێمانی شێخ محەمەدی خاڵ کە پیاوێکی بەڕێز بوو و لە بنەماڵەیەکی دینی بوو، ماڵیان ئاخر ماڵی سلێمانی بوو، پشتی ماڵیان دەشتایی بوو. دوایی بوو بە قوتابخانە و منداڵی گەڕەک لەوێ یاریمان

دەکرد، هەندێک گامێشی لێبوو، تورەمان دەکردن، ڕاویان دەناین، لامان ئازایەتی بوو.
شەقامی سابوونکەران بە ماڵی خواڵێخۆشبوو ڕەشید کەریم هەیەری قەساب کۆتایی دەهات. زۆر جار منداڵەکانی گەڕەک لە حەوشە گەورەکەی ماڵی ئێمە کۆدەبووینەوە و پێکەوە یاریمان دەکرد. من بووم، نەوزاد و ئازاد کە دوو برا بوون و هاوتەمەن بووین، محەمەدی حاجی عەبدوڵڵا، حسێن حاجی عەبدوڵڵا، ئەکرەمی پوورزام و مەحموود کاکە چەمال. حەوشەکەمان گەورە بوو، لەم دەرگا ڕامان دەکرد و لەو دەرگا دەهاتینە دەرەوە. لەو سەردەمەدا تەمەنی منداڵی سادە و خۆش بوو، وەک ئێستا نەبوو ئەم هەموو شتە پێشکەوتووانە هەبێ.
بە حوکمی ئەوەی لای نەنکم (دایکی دایکم) گەورە بووم، کە لە قوتابخانە دەهاتمەوە، دەبوایە بچوومایە بۆ لای خاڵەکانم. هەردووکیان خەیات بوون، من شاگردیان بووم. دوایی کە دوکان هەڵدەگیرا، بوغچەیەک شەوکارم دەبردەوە بۆ ماڵیان و دوایی دەهاتمەوە بۆ ماڵەوە. ئیتر مانگ بە مانگ و ساڵ بە ساڵ تەمەن هەڵکشا، من و مەکتەب و شاگردی بەردەوام بووین.
منداڵ بووم، نازانم چووبوومە قوتابخانەی سەرەتایی یان نا، ماڵی پوورزاکانمان لە کەرکووک بوون، لەگەڵ خاڵم چووبووین بۆ سەردانیان. لەوسەرەوە بە پاس گەڕاینەوە بۆ سلێمانی. خاڵم لەناو پاسەکەدا شتێکی خستە گیرفانی کراسەکەمەوە و وتی سنگ بنێ بە کورسییەکەی پێشەوە. منیش نەمدەزانی چییە. دیار بوو بەیانی حیزبی شیوعی بوو، چونکی خۆی شیوعی بوو. لەبەر پشکنین دای بە من. کە هاتینەوە سلێمانی، دەریهێنا. هەروەک وتم، خاڵم شیوعی بوو، لە ساڵی ١٩٥٥ – ١٩٥٦ لە سلێمانی سجن کرا. لە بیرمە لەگەڵ دایکم چووم بۆ لای لە سجنی سەرەوەی سلێمانی، کە ئێستا بووە بە پارکی دایک. وەک لەبیرم بێت، ئەم کەسانە لەگەڵ خاڵم سجن بوون: ١- حەمەی حەمە

جۆلا ٢- عەلی بۆسکانی ٣- سەعید ناکام ٤- ئەحمەد موەزمید ٥- سابیر پێیان ئەوت سابیرە لووتە، دوایی بوو بە ئەمن، بەڵام ئەو کاتە لەسەر شیوعییەت گیرابوو، ئەوانەی ناوم نووسیوون، خوا لێیان خۆش بێت کەسیان نەماون.

لە هاویناندا لای مێردی پوورم وەستا حەمە ئەمینی بەنا و کوڕی پوورم وەستا محەمەد کرێکاریم دەکرد. بەو منداڵییە لە سێ مانگی پشووی هاویندا شتێکم بۆ خوێندن پاشەکەوت دەکرد، ئەگەرچی بەشی پێویستییەکانی نەدەکرد. خزمەکانم دەستیان پێمەوە بوو، بەتایبەت نەنکم و پوورم و دایکم. ئەمە ژیانی ئەو سەردەمە بوو. ئێستاش جارجارە قسە بۆ منداڵەکانی خۆم دەکەم، دەڵێم من خۆم بەو شێوەیە دروست کردووە و کارم کردووە. تەمەنم دوانزە ساڵان بوو کرێکاریم دەکرد. لە بیرمە شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ بوو، من ئەو ڕۆژە کرێکاریم دەکرد و لە مزگەوتەکەی ئابلاخ ئیشم دەکرد، ئێوارەکەی زانیمان شۆڕش بووە. ئەو ساڵەشم لەبیرە کە شێخ مەحموودی حەفید وەفاتی کرد. شەوەکەی تەرمەکەی گەیشتەوە سلێمانی. ئەو کاتە تەمەنم دە ساڵ بوو. لەگەڵ "عەبدوڵڵا حاجی حەمە سەعید خەراجیانی" خاڵی شەهید "سەلاح موهەندیس" پێکەوە چووین بۆ پێشوازیی تەرمەکەی. کاک عەبدوڵڵا ئێستا مامۆستایە، ڕەنگە خانەنشین بووبێ یان بەڕێوەبەری قوتابخانە بێت. لە جادەی گۆرانی ئێستا، کە ئەوسا شەقامێکی باریک بوو و نەکرابوو بە شەقام، هاتینە خوارەوە. گەیشتینە بەردەرکی سەرا، لای فولکەکە تەنیشت دەرگای سەرەکیی سەرا کە ئینزباتخانەی عەسکەری بوو. خەڵکی شاری سلێمانی لە هەموو لایەکەوە خرۆشابوون، بۆ پێشوازیی لە شێخی نەمر دەستەدەستە و تاک و کۆمەڵ دەڕۆیشتین بەرەو مزگەوتی گەورە، لەو کاتەدا کە ئێمە گەیشتینە لای بەردەرکی سەرا، خەڵکێکی زۆر بەرەو جادەی پیرەمێرد و بەرەو سجنی سەرەوە دەڕۆیشتن و هاواریان دەکرد "چیتان دەوێت

ئەی میللەت؟" وەڵام دەدرایەوە "بەربوونی شێخ لەتیف". دیار بوو ئەو کاتە شێخ لەتیف لە سجنی سەرەوە بەند بوو. لە پێشەوەش باسم کردووە سجنی سەرەوە ئەوپەڕی سلێمانی بوو. لە کاتی هوتافکێشاندا هاوار هاواری بەربوونی شێخ لەتیف بوو. لە پڕێکدا بوو بە تەقە و دەستڕێژی گوللە. پێشتر گوێم لە تەقە نەبووبوو. زۆر ترسام، لەگەڵ کاک عەبدوڵلا بە ترسەوە بەرەو ماڵەوە هەڵکشاینەوە. لە کوێوە هاتبووین، لەوێوە گەڕاینەوە. تەقە هەر بەردەوام بوو. ئەو کاتە وتیان تەرمی شێخی نەمریش گوللەی بەرکەوتووە. بەیانی زانیمان لەو خۆپیشاندانەدا "ئەختەر"ی خێزانی خوالێخۆشبوو "ڕەشوڵ عەبدوڵلا" شەهید بووە. ئێستاش وەک ئەو ڕۆژە لە بیرمە. بەیانی وتیان خەڵکی تریش شەهید بووە و خەڵکیشیان گرتووە. ئەو کاتە سەردەمی مەلیک فەیسەڵ بوو و "عومەر عەلی" پارێزگاری سلێمانی بوو. من خۆم چەند جار عومەر عەلیم بینیووە. جارێکیان هات بۆ قوتابخانەکەمان. ئەو کاتە لە سەرەتایی بووم لە قوتابخانەی مەڵکەندی کە لە گەڕەکی مەسیحییەکان بوو. منیان وەک منداڵێکی پاکوخاوێن بانگ کرد بۆ ژووری بەڕێوەبەر. بەڕێوەبەر و مامۆستاکانیش لەوێ بوون. لەسەر سینییەک نوقڵەکەم گێڕا بۆ عومەر عەلی کە پارێزگار بوو.

لەبیریشمە ساڵی ١٩٥٧ کە لافاوی سلێمانی بوو، ئەو ڕۆژە لە ئامادەیی سلێمانی بووم. یاری هەبوو، منیش حەزم لە یاری بوو، چووبووین بۆ سەیری. لە کاتی یارییەکەدا پەڵەهەورێکی ڕەشی هێنا و باران دایکرد. بە شەقامی مەولەویدا بەرەو ماڵەوە دەڕۆیشتم، ئیتر کە گەیشتمە ناوەڕاستی شەقامی مەولەوی، باران و لافاو بواری نەدا، شەقامەکە ئەمبەرئەوبەری پێدا نەدەکرا. لە نزیک قاڵدرمەکانی ئێستا و لای دوکانی "مەدهوش"ی خەیات بینایەکی تۆزێک بەرزی لێبوو، بە چەند پلیکانەیەک سەرکەوتم، ئیتر نازانم کوێ بوو، وابزانم دائیرەی کشتوکاڵ بوو، زۆر باش لەبیرم نییە. لافاو هاتە خوارەوە. بە چاوی

خۆم بینیم سەیارەی دەهێنا، چەند سەیارەیەکم بینی. ئاو چووە هەموو دوکانەکانەوە. خێراییەکەی ئەوەندە بەهێز بوو، کەس ئەمبەروئەوبەری بۆ نەدەکرا، پاش ماوەیەک باران وەستایەوە. خەڵکی کەوتنە جموجۆڵ، منیش بەرەوماڵەوە گەڕامەوە. ڕۆژ بەرەو تاریکی ڕۆیشت. شەوێ لە ماڵی خۆمان گوێمان لێبوو ئۆتۆمبێل دەگەڕا و بە بڵندگۆ هاواری دەکرد و ئەیوت بۆ خەڵکی لێقەوماو: «ئەوەی ماڵوێرانە، ڕوو بکاتە خەستەخانە». دیار بوو خەڵکێکی زۆر لە شاری سلێمانی و گەنج و لاو پیر و منداڵ بوونە قوربانیی ئەو لافاوە و زەرەرێکی یەکجار زۆری گەیاند بە ماڵ و حاڵ و دوکانی خەڵکی. خاڵەکانم لە قەیسەریی وەسمان پاشا خەیات بوون، قەیسەرییەکەش نزم بوو و ئاوی تێچووبوو، شتەکانی ناو دوکانەکان خراپ بووبوون. فەردە شەکر و هەنار و ئەو شتە قورسانەم دەبینی، کە لافاوەکە هێنابوویە ناو قەیسەرییەکەوە، ئەو کاتە وەک ئێستا نەبوو، هیچ ڕاگرییەکی ئاو نەبوو، ئێستاش جارجارە ئەو کێشەیە هەر هەیە لەگەڵ ئەوەی زێرابی سندوقی دروست کراوە.

ساڵ بە ساڵ سەرەتاییمان تەواو کرد. لەو سەروبەندەدا بەتایبەت پاش شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ، هەموو شتێک خۆی دەرخست، پێم باشە کەمێک باسی فوتبۆڵێن بکەم. هەر گەڕەکە و تیپی خۆی هەبوو، تیپەکەش ناوی هەبوو. ئێمەش لە سابوونکەران، پاش قۆناغی منداڵی و تۆپی پەڕۆ و چەرم، بە حوکمی تەمەنمان خۆمان لە "تیپی دووەمی هێرش" بینییەوە. تیپی یەکەم ئەو برا گەورانە بوون، کە لە تەمەن و باڵاشدا لە ئێمە گەورەتر بوون. مەیدانی فوتبۆڵێنەکەمان خەستەخانەی شێرەکەی ئێستا بوو. ئەوێ کرا بە بینا بۆ خەستەخانە، چووینە مەیدانێکی تر "دارالطلبە" کە لەسەر ئیبراهیم پاشای ئێستا بوو ئەوسا پێیان دەوت سەدەکە. ئەو کاتە شەقام نەبوو، کە زستانان باراناو دەهات، لەوێدا کۆدەبووەوە و دەچووە خوارەوە بەرەو لای گردی سەیوان و سەرکارێز و خواری سلێمانی. مەیدانی تۆپتۆپێنمان لەوێ

بوو. له تیپی یەکەم هەندێک ناوم لەبیرە، داوای لێبووردنیش دەکەم ناوی هەندێکی تری ئەو برا بەڕێزانەم بیر نەماوە.

تیپی یەکەمی هێرش و سەرۆکی تیپەکە خوالێخۆشبوو ١- کەریم حاجی فەرەج ئاغا بوو. ٢- نەجمەدین شێخ نیزامەدین. ٣- عوسمان سابوونچی. ٤- وەستا سالح سووری بەنا. ٥- تەیموری ساحێبقران. ٦- عەبدولڕەحمان. ٧- قادری حاجی فەرەج ئاغا و چەندینی تر. "تیپی دووەمیش" کە لە تیپی یەکەم منداڵتر بووین و ئەم بەڕێزانە بوون: ١- خۆم. وێنەی ئەو سەردەمەشم لایە ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ پاشکۆی ئەم بیرەوەرییەدا بڵاوی دەکەمەوە بە ناوەکانیشەوە، کە لە وێنەکەدا هەن. ٢- عەلی مەلا تاهیر (وەفاتی کردووە) زابت بوو. ٣- سیروان خەفاف (وەفاتی کردووە). ٤- ماجید ساحێبقران (وەفاتی کردووە). ٥- فەرەیدوون زەنگەنە (وەفاتی کردووە)، برای بەڕێز شەوکەت دانساز. ٦- ڕەفیقی خەلفە فەرەج کەبابچی (وەفاتی کردووە). ٧- ئەکرەم حەپسە لە موسڵ لە ڕۆژی (١٩٨٠/١٢/١٠) لە سێدارە درا. ٨- هەڵگورد عارف (وەفاتی کردووە) کە دواتر سەرۆکی یانەی سلێمانی بوو. ٩- غەفوور شێخ مەحموود نانەوا (شوکر ماوە). ١٠- عەبدولی برای حاجی محەمەد حەوایی (شوکر ماوە). ١١- سالح حەمە ئەمین موزەمید (شوکر ئەویش ماوە و ئێستا خانەنشینە) ١٢- عەلی مەعسووم، کە بوو بە باشترین یاریزانی سلێمانی و تیپی یەکەمی هێرش، کاتی خۆی لەگەڵ تیپەکەی ئێمە بوو. ئەوکاتەش گەڕەکاوگەڕەک یاری دەکرا.

جارێکیان لەگەڵ تیپی یەکەمی هێرش بۆ یاریکردن چووین بۆ هەڵەبجە. لەبەر ئەوەی یاریزانیکمان کەم بوو، منیان لە تیپی یەکەم داخڵ کرد. لە کاتی یاریکردندا یەکێک لە هاوڕێکانم بە ناوی عەبدول وتی چاوڕەش تێی هەڵدە. ئیتر کە یاری تەواو بوو، منداڵی هەڵەبجە بە چاوڕەش چاوڕەش دوام کەوتن. لە دواییدا چاوڕەش بوو بە نازناو بۆم.

ئێستاش لە هەر جێگەیەک تاکو نەڵێیت مستەفا چاورەش، کەس نامناسێت. لەڕاستیشدا ناو چاوم قاوەییە و برۆ و برژانم ڕەشە.

ئەو سەردەمە هەموو کەسێک سەیارەی نەبوو. تەنها کەسانێک و هەندێک خانەوادە هەیانبوو، کە توانایان باش بوو. چەند جارێک کە لە گەڕەکی سابوونکەرانەوە دەڕۆیشتین بۆ فوتبۆڵێن و یاریی گەڕەکاوگەڕەک لە مەیدانی سانەوییەی سلێمانی، دوو عەرەبانە یان سێ عەرەبانەی دووئەسپیمان دەگرت. سەرەکەی موشەما بوو، هەڵمان دەدایەوە و بە سێ ڕیز دادەنیشتین. هەموو ئەندامانی تیپەکە و ڕیزێک لە لای عەرەبانچیکە، دوو ڕیزیش لە دواوە، بە شەقامی مەولەویدا دەڕۆیشتین. ئەو سەردەمە تاکسی نەبوو. لە دوای یاریش ئەگەر براوە بووینایە، عەرەبانەمان دەگرت و بەهەمان ڕێگەدا بە چەپڵەڕێزان و خۆشی دەهاتینەوە بۆ گەڕەکی خۆمان.

ئەو سەردەمە ژیان زۆر سادە و ئاسایی بوو. بڕوا بکەن شەقامی مەولەوی لە ئێستا جوانتر و پاکتر بوو. هەموو گەڕەکەکان تیپی خۆیان هەبوو، ناوی هەندێک لە تیپەکانم لەبیرە: ١- تیپی ئەزمڕ ٢- تیپی هێرش، کە هی سابوونکەران بوو ٣- تیپی ئاسۆ ٤- تیپی جوانڕۆ ٥- تیپی دەرسیم ٦- تیپی چوارباخ ٧- نەغەدە ٨- مەڵکەندی و هی تر. هەر تیپەش قارەمانی خۆی هەبوو. گەڕەکاوگەڕەک یاری دەکرا و ئێستاش هەر ماوە، بەڵام بە چوونەپێشەوەی دنیا و پێویستییەکان ئەویش چووەتە قۆناغی پێشترەوە، هەندێک جاریش سیاسەت لە تیپ و گەڕەکاندا ڕەنگی دەدایەوە. ئەو کاتەش هەر لە خوێندن بەردەوام بووم.

پاش شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ وردەوردە ملەقوتێی سیاسەت وای کرد خەڵکی چاوی بکرێتەوە. منیش وەک هەموو کەسێکی تر و لە بنەماڵەیەکی ئەو سەردەمەی شیوعیدا چاوم کردبووەوە. لە دوای شۆڕشی چواردەی تەمووز ڕۆژانە یان ناوبەناو ئاهەنگ دەگێڕدرا و هەر جارەی بە ناوی شتێکی تازەوە ڕێک دەخرا بۆ پاڵپشتیی شۆڕش.

حیزبەکان ئاشکرا بوون، مۆڵەتیان وەرگرت و بارەگاکانیان لە سلێمانی کرایەوە. هەر لەو سەردەمەدا بە چاوی خۆم بینم هەندێک تێکۆشەر کە لە زەمانی نووری سەعیدی سەرۆکوەزیرانی پێشوودا گیرابوون، پاش شۆڕشی گەلاوێژ بەربوون. خەڵکی سلێمانی ڕۆیشتن بە پیریانەوە، بەتایبەت شیوعییەکان. ئازادکراوەکان لەسەر پیکابێک بوون و خەڵکی لە پێشوازییاندا بوون. من لەلای قوتابخانەی پیشەسازیی ئێستا لە شەقامی سالم بینیم. ئەوانەی لەسەر پیکابەکە بوون، وتیان مامۆستا بەهادین نووری و گۆرانی شاعیرن، من نازانم کێی تریان لەگەڵ بوو. شار خرۆشابوو، دەیانوت بەهادین نووری لە ئەشکەنجەداندا ئوتویان لەسەر پشتی داناوە. ئەوە بۆ هەستی نیشتمانی زۆر گرنگ بوو. لە دواییدا زەمانێک منیش چوومە ڕیزی حیزبەکەی مامۆستاوە و بووین بە هاوڕێی خەبات و ئاشنای یەکتر بووین. دوایی دێمەوە سەر ئەم باسە.

هەروەک وتم، هەر کەسەو ئازادانە حیزبی خۆی دۆزیەوە، یەکێک لە حیزبی شیوعی و یەکێکی تر لە پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەو کاتەش هەر ئەو دوو حیزبە هەبوون و ناویان هەبوو. لە هەموو گەڕەکێک خەڵکی خۆیان هەبوو، بنکەیان هەبوو، بێجگە لە سەندیکای کرێکاران، تەندروستی و مامۆستایان، بارەگای قوتابیان، هەر کەسەش بۆ لای خۆی، منیش بە حوکمی ئەوەی مێردی پوورم وەستا حەمەئەمین و وەستا محەمەدی کوڕی کە هەردووکیان بەنا بوون، هەروەها خوالێخۆشبوو عومەری عەلی قەساب کە ئەویش خزممان بوو، سەرۆکی سەندیکای کرێکاران بوو، لەگەڵ ئەوەی تەمەنم منداڵ بوو، بەڵام هەر هاتوچۆم دەکردن. خۆشم بە بیروباوەڕ لەوانەوە نزیک بووم. هێشتا کاتی ئەوەم نەبوو بچمە حیزبەوە، لە لایەکی تریشەوە خەریکی خوێندن بووم. منیش وەک هەموو کەسێکی تر وردەوردە چاوم کردەوە و هەستم بە هەندێک شت دەکرد. وەک ئێستا هەر حیزبە و ئەندام و لایەنگری خۆی هەبوو. هەستی سیاسیشم ئەوەندە نەبوو وەک پێویست

درک بە شتەکان بکەم، چاوم لە کەسوکاری خۆم کرد، کە شیوعی بوون. نەمدەزانی قرەقڕ و کێشەی شیوعییەکان و پارتی لە ساڵەکانی پەنجاوئۆ بەدواوە لەسەر چییە. ساڵی پەنجاونۆ لە سانەویی سلێمانی شەڕ دروست بوو. برایەکی وەستا سەعید فەرەج بە ناوی حسێن لای فولکەی پالاس بە دەستی کۆمەڵێک خوێندکار کە سەر بە پارتی بوون، شەهید کرا. شیوعییەکان بە ڕێپێوانێکی گەورە بردیان بۆ سەرقەبران، من خۆشم دوایان کەوتم تا ڕێپێوانەکە کۆتایی هات.

شیوعییەکان کە لە دەوری حکومەتی عەبدولکەریم قاسم بوون و جێگەی گرنگیان هەبوو و بارەگایان لە بەغدا بوو. کادیرە سەرەکییەکانی دیار بوون، بەڵام بێجگە لەوەی شیوعییەکان جێگەی گرنگیان بە دەستەوە بوو، نەتەوەپەرستەکان و بەعسییەکان وردەوردە خەریکی کاری خۆیان بوون و سەریان لە عەبدولکەریم شێواندبوو، ڕۆژبەڕۆژیش دۆخەکە خراپتر دەبوو، حاڵیبوونی عەبدولکەریمیش لە مەسەلەی کورد و داواکانی بەرەو ئاقاری خراپ هەنگاوی دەنا. لە بەرواری (١٩٦١/٩/١١) شۆڕشی ئەیلوول دەستی پێکرد، هێزی پێشمەرگە ڕێگەی دەربەندی بازیان و دەربەندیخانیان گرت. حکومەتی قاسم بە تەیارە هێرشی کرد، کە یەکەمجار بوو دوای شۆڕشی تەمووز دژی گەلی کورد بەکاریان هێنا. هێزی پێشمەرگەیان لە دەربەندی بازیان و دەربەندیخان شکاند. شۆڕش بەردەوام پاشەکشەی دەکرد، چەندین پێشمەرگە بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە و بێڕەحمانە شەهید کران. بڵاوە لەو جێگەیانە کرا و بۆ چەمی ڕێزان و جێگەکانی تر، وەک ماوەت و بەمۆ. لە بەشەکانی تردا بەرەکان و هێزەکان ڕێک خرانەوە. ئەمجارەش بە مەیدانی شۆڕش ڕاگەیەنرا. حکومەتی قاسم هەنگاوێکی نەنا بۆ داواکان و چارەسەرکردنیان. ئەوەی ڕاستی بێت، من وردەکاریی ئەو سەردەمە باش نازانم، بەڵام ڕۆژگارەکانم لەبیرە و

ئەوەندەی دیومە، دەیگێڕمەوە. شۆڕشەکە ڕۆژبەڕۆژ گەورەتر دەبوو و ئەچووە پێشەوە.

حیزبی شیوعی کە لەژێر پاڵەپەستۆی سۆڤیێتدا لەگەڵ حوکمی عەبدولکەریم قاسمدا دۆست بوو، ئەم جووڵانەوەیەی پێ باش نەبوو. ئەگەرچی گرتن و ڕاونانی شیوعییەکان دەستی پێکردبوو، بەڵام شیوعییەکان لاوازبوونی قاسمیان پێ خراپ بوو و دەیانوت کاتی شۆڕش نییە. دەرەبەگەکان لەبەر دابەشکردنی زەوی ئەم جۆرە قسانەیان دەکرد، ئەمە دەوری یەکێتیی سۆڤیێت لەولاوە بوەستێت کە بە هەموو شێوەیەک پشتیوانیی ڕژێمی قاسمی دەکرد و کاریگەریی گەورەشی دانابوو لەسەر سەرکردایەتیی حیزبی شیوعیی عێراق، کە پشتیوانی قاسم بن و پشتیوانی لە شۆڕشی کورد نەکەن. بێگومان دەوری ئەم سیاسەتەش کەم نەبوو. حیزبی شیوعی نەیدەتوانی لە فەلەکی سۆڤیێت بێتە دەرەوە، ئەگەر هەر شتێک بوایە، دەبوایە پرسیاری ئەوێیان بکردایە. نەیاندەتوانی لە قسەی سۆڤیێت دەربچن. ئەگەرچی پرتەوبۆڵەیەک دروست بووبوو، بەڵام کز بوو، تا وای لێهات گەورەترین زیانی بە شیوعییەکان و جووڵانەوەی نیشتمانییش گەیاند. ئەوەبوو بینیمان لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣دا چی بەسەر قاسم و شیوعییەکانیش هات، کە بووە بە مێژووی کوشتوبڕ هەر لە "سەلام عادل" کە سکرتێری حیزبی شیوعی بوو، تا دەیان ئەندامی لیژنەی ناوەندی و کادیر لە بەغدا وەک شەهید جەمال حەیدەری، ئەمە جگە لەوەی سەدان کادیر و ئەندامیان لە زیندانەکان توند کران و سەدانی تریشیان لێ شەهید کردن. قاسم و داروودەستەکەی قاسمیش لەولاوە بوەستێ، هۆی ئەمەش سیاسەتی هەڵە و چەوتی قاسم و شیوعییەکان بوو. من ئەو کاتە پاڵێوراوی حیزبی شیوعی بووم و ساڵی ١٩٦٢ چووبوومە حیزبەوە.

وردەوردە شۆڕشی کورد بە سەرکردایەتیی خوالێخۆشبوو بارزانی ڕێک خرایەوە و بە دەوری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی

کوردستان لەو جێگەیانەی بە دەستیانەوە بوو لە دێهاتەکان، بنکە و بارەگایان دانا. خەڵکیش ڕوویان کردە دەرەوە. پۆلیسە کوردەکانیش کە لە مەخفەرە دووردەستەکان بوون، ناوبەناو مەخفەرەکانیان تەسلیم دەکرد و دەچوونە ناو شۆڕشەوە. هەندێکیشیان بە شەڕ دەستی بەسەردا گیرا. شۆڕش لە پشدەر، قەرەداغ، شارباژێڕ، بەمۆ و چەمی ڕێزان گەورە بوو. لە بادینان و هەولێریش ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیوەست بوون پێوەی. بێجگە لە خەڵکی عەشایەر و دێهاتەکان، خەڵکی خوێندەواریش "کادێرەکان" چوونە دەرەوە. ئیتر هەرجارە لە شوێنێک مەخفەر دەستی بەسەردا دەگیرا و شەڕی پارتیزانی دروست دەبوو. بەڕاستی پۆلیسەکانیش دەوریان هەبوو، دەتوانیت بڵێیت بە چەکی مەفخەرەکانیان شۆڕشیان دەوڵەمەند کرد و لەگەڵ شۆڕش هاوڕێ بوون. شۆڕش ڕوو لە هەڵچوون و گەورەبوون بوو. ئەم گەورەبوونەش لە بادینانەوە تاکو بەمۆ، کەموزۆر گرنگ بوو، بە چاو دەبینرا و دەبیسترا و باسی دەکرا. پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرشتیی بارزانی خاوەنی بوو. مەکتەبی سیاسیش لە مالومە و ماوەتی دڕی و شوێنەکانی تر بوو، بە گوێرەی دۆخی خۆیان کە لەو جێگەیانەدا پێویستیان پێبوو.

ناوبەناو شەڕ ڕووی دەدا. لە بیرمە لەلای دێی تەگەران لەسەر پردەکە گەورەترین شەڕ لەگەڵ حکومەت کرا. من سەیارە شکاوەکانی پۆلیسم بینی کە هێنایانەوە. لەو شەڕەشدا پێشمەرگەی ئازا و سەرلقی ئەو کاتە "حەمید کاوانی" شەهید بوو. حیزبی شیوعیش نە ئەوەبوو دەستی لە حکومەتی قاسم بەربێت، نە حەزیشی لێبوو لە دژی شۆڕشی کورد بە قسەی بکات. ئەوەش لە داهاتوودا زیانی لێدا و هۆکارەکەشی سۆڤێت بوو، چونکی سۆڤێت ڕێگەی نەدەدا دژی قاسم شەڕ بکرێ.

شیوعییەکان پۆلپۆل دەگیران و زیندانی دەکران و دوور دەخرانەوە، بەعسییەکانیش خۆیان ئامادە دەکرد. هەر حیزبی بەعس لە ساڵی

١٩٥٩دا به سەرۆکایەتیی سەدام لە شەقامی ڕەشیدی بەغدا بۆسەیان بۆ عەبدولکەریم نایەوە، تەقەیان لێکرد و برینداریان کرد. لەو کاتەشدا عەبدولکەریم نەهات ڕێگەچارەیەک بۆ کێشەی کورد بدۆزێتەوە. عەبدولکەریم قاسم لەباتی ئەوەی پەند وەربگرێت، لە جاران زیاتر دژایەتیی دیموکرات و شیوعییەکان و لەملاشەوە دژایەتیی کوردی دەکرد. شۆڤێنییە عەرەبەکان و بەعسییەکان ڕۆژبەڕۆژ خۆیان قایم دەکرد. ڕۆژی هەشتی شوبات کودەتایان کرد و عەبدولکەریمیان کوشت، دەیان ئەفسەری پلەبەرزی دیکەشیان گرت و کوشت بە شیوعییەکانیشەوە، چونکی تەنها شیوعییەکان بوون لە ڕۆژی هەشتی شوباتدا بەرگرییان لە خۆیان و عەبدولکەریم کرد، بەڵام هیچیان پێنەکرا و تەنیا ماڵوێرانی و کوشتنیان بۆ مایەوە. چەندین لاشەی تێکۆشەرەکان لەسەر شەقامەکانی بەغدا کەوتبوون، لە شیوعییەکان، دیموکراتەکان، عەسکەرەکان. حیزبی بەعس بەیانی ژمارە ١٣ی دەکرد بۆ لەناوبردنی شیوعییەکان و "سەلام عادل حسێن" و دەیان و سەدانی تر شەهید کران.

حەرەس قەومییەکانی بەعس دریغییان نەکرد لە کوشتن و بڕین و تالانکردن و ئەتککردنی ناموسی خەڵکی. دڕندەیی و بێقانونی لە سنوور چووە دەرەوە و لای هەمووان ئاشکرا بوو، هەتا نەتەوەپەرستە عەرەبەکانیش پێیان قبوڵ نەدەکرا و ئەوانیشی گرتەوە. کودەتای هەشتی شوبات تاریکترین ڕۆژگار بوو لەو سەردەمەدا. منیش تازە پلەی پاڵێوراویم تەواو کردبوو، قەرار بوو بە ئەندام لە حیزبی شیوعی وەربگیرێم.

هەر لەو سەردەمەدا لە سلێمانی شیوعییەکان کەوتینە ئامادەباشی و چاوەڕوانیکردنی بەغدا. دوای چەند ڕۆژێک چاوەڕوانی هەموو لە جێگەیەک لە جادەی ئیبراهیم پاشای ئێستا کۆ دەبووینەوە، گروپگروپ ڕادەوەستاین، سیان و چوار سەرمان کردبوو بەیەکدا و چاوەڕوانی

ڕێنمایی حیزبمان دەکرد. ئەو سەردەمە چەکمان نەبوو، تاکوتەرا خەنجەرمان پێبوو. دەمانچە هەر زۆر نامۆ بوو. چاوەڕوانی ئەوە بووین شتێک ڕوو بدات. ئەمە چەند ڕۆژێکی خایاند. بێهودە ملمان شۆڕ کرد، کودەتای بەعس سەری گرت و ئێمەش بڵاوەمان لێکرد هەر کەس بۆ ماڵی خۆی. دەسەڵات لە هەموو شارەکان کەوتە دەست بەعسییەکان. ئەحمەد حەسەن بەکر و عەبدولسەلام عارف کە لە ئەفسەرە پلەبەرزەکانی ئەو سەردەمە بوون، سەرکردایەتییان دەکرد. دیارە حیزبی بەعس و نەتەوەپەرستە عەرەبەکان دەیان کادێر و ئەفسەری حیزبی بەعسیان لەگەڵ بوو. هەرچییان لە کوشتن و گرتن پێکرا، کردیان. ئەم کودەتایە فرسەتێک بوو بۆ شۆڕشی کورد، شەڕیان ڕاگرت و کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ بەعسییەکان. پاش ماوەیەک وەفدی کوردی بە سەرپەرشتیی ساڵح یوسفی و هەندێکی تر لە لێپرسراوانی کوردی - لە یادم نییە کێی تریش بوون - چوون بۆ بەغدا، ئەمە ماوەیەکی خایاند. ئەوەی ڕاستی بێت، نە بەعسییەکان و نە قەومییەکان داوای کوردیان پێ هەزم نەدەکرا و قبوڵ نەدەکرا، بەردەوام بوون لەسەر هەستی شۆڤێنیی عەرەبیی خۆیان. هەر لەو سەروبەندەدا "مام جەلال" هات بۆ سلێمانی و لە بەردەرکی سەرای سلێمانی قسەی بۆ خەڵکی کرد، کە لە لەگەڵ حکومەت گفتوگۆدان. ئەمەش سەری نەگرت و زۆری نەخایاند وەفدی نوێنەری کورد لە بەغدا گیران. ساڵح یوسفی و پێشمەرگەش چوونەوە شاخ و شەڕ دەستی پێکردەوە.

زۆر لە بارەی ئەم قۆناغەی شۆڕشی ئەیلوول تاکو کودەتای بەعسییەکان و قەومییەکان لە ساڵی ١٩٦٣ نووسراوە و وتراوە. منیش وەک لاوێک کە تازە سەرم هەڵدەدا، ئەوانە باس دەکەم کە خۆم لە بیرمە و دیومە. پێش من مێژوووناسەکان و خاوەن پێنووسە جوانەکان و کەسانی بەتوانا و شارەزا زۆریان لەسەر نووسیووە. لە هەموو ڕوویەکەوە ئەوەی من دەتوانم باسی بکەم، تەنها ئەوەیە کە چوومەتە

ناو حیزبی شیوعی و ئەمەش لە ساڵی ١٩٦٢ دەست پێدەکات، کە تەمەنم شازدە ساڵان بوو. لەبەر دوو هۆ زۆر ملەلەقێی سیاسەتم دەکرد. ئەوەی وریای کردینەوە، یەکەم/ شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ بوو، دووەم/ کەسوکارەکەم شیوعی بوون. ئەمانە وایان کرد خولیای ئەو بیروباوەڕە بم و پێش منیش کەسانی تر هەر لەو تەمەنەدا ١٦-١٨ ساڵاندا دەستیان پێکردووە.

### ناوەندیی شۆڕش

ئەو سەردەمە لە ناوەندیی شۆڕش بووم، مەکتەبەکەمان لای خەستەخانەی سەرەوە بوو و دیوارەکەی بە دیواری خستەخانەوە بوو. لە پۆلی یەکەمی ناوەندی بووم. بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان خوالێخۆشبوو "شەوکەت فەندی" بوو، سدارەیەکی ڕەشی لەسەردا بوو. هەتا بڵێیت پیاوێکی باش بوو. مامۆستاکانیش خوا لێیان خۆشبێت ئەمانە بوون: مامۆستا غەفووری مەلا عەلی مەڵکەندی، مامۆستا لەتیف میرزا مەحموود کە دوایی بوو بە بەڕێوەبەر، مامۆستا جەمال عەبدول، مامۆستا مەحموودی مەلا عیزەت و هەندێک مامۆستای بەڕێزی تر. ئێمە خەریکی خوێندن بووین و شۆڕشی کوردیش بەردەوام بوو. لەو سەردەمەدا ڕۆژانە کێشەی شیوعییەکان و پارتی لە قوتابخانەکەدا هەبوو و بەرۆکی ئێمەشی گرتبوو، بەتایبەت ساڵی ١٩٦٣دا ڕۆژ نەبوو لە قوتابخانەکەمان دەنگەدەنگ نەبێ لەسەر سیاسەت و پارتی و شیوعی. دۆخی ئەو کاتەش وای کردبوو ئێمەی شیوعی لە قوتابخانە ژمارەمان کەم بێت لەچاو پارتییەکان، بەڵام جوڵەمان هەبوو و بەو ژمارە کەمەشەوە خۆڕاگر و نەترس بووین. ئێستا ئەگەر ئەو هەڤاڵ و برایانەی ئەو سەردەمە ئەمە ببینن، ڕاستیی ئەو ڕۆژگارەیان دێتەوە

پێش چاو. کێشمەکێش و ناکۆکیی شیوعی و پارتی بەسەر مەسەلەکاندا بۆ هەموو چین و توێژەکان ڕەنگی دەدایەوە، نەک هەر خوێندکارەکان. باسی ڕۆژ و شۆڕشی کورد و هەڵوێستی شیوعییەکان لە هەموو کوچە و لایەک هەبوو، تەنانەت لەناو خوێندکارانیشدا.

هەموو ڕۆژێک دەنگەدەنگ بوو و ئێمەش دیار بووین. بڕوا ناکەم ڕۆژێک لەبەر کاری حیزبی و بە هۆی کۆبوونەوە و ڕاکردن بە دڵسۆزی بۆ کاری حیزبی دەرسی پێنجەمم خوێندبێ. هەر بەو هۆیەشەوە لە خوێندن دواکەوتم و سەرکەوتوو نەبووم.

ئەو کاتە برادەرێک بە ناوی "وەهبی" لێپرسراوم بوو. ئێستاش ماوە و جارجارە دەیبینم. دەمزانی کۆمەڵێک لاوی گەڕەک کە لە خوێندنیش پێکەوە بووین، کەسوکاریان شیوعییە. هەوڵم دەدا خۆمیان لێ نزیک بکەمەوە و بیانهێنمە ناو حیزبەوە، وەک شەهید کەمال جەمال، عومەر مام تۆفیق، کە ئێستا هونەرمەندێکی سەرکەوتووە "عومەر دڵپاک" مامی کەمال جەمال بوو. کەمال شاکر ئێستا لە وەزارەتی پێشمەرگەیە. محەمەد ڕەحیم دوایی بە "هەڤاڵ جووجەڵە" ناسرا و لەبەر بچکۆلەیی و زەعیفی ئەو ناوەیان لێنابوو، کە چووە دەرەوە، بوو بە پارتی و دواتریش خاڵە حاجی. دیارە من پێش هەموویان چوومە دەرەوە. ئەوان خوێندکار بوون، بەجێم هێشتن.

هەر لەو ساڵانەدا ئەوانەی لە ناوەندیی شۆڕش بووین، پێکەوە شیوعی بووین، من بەرپرسیان بووم لە شانەیەکی حیزبیدا، چەند کۆبوونەوەیەکیشمان کرد پێکەوە. کەسەکان ئەمانە بوون: شێخ جەعفەر مستەفا کە ئێستا وەزیری پێشمەرگەیە، مەنسووری شێخ کەریم حەفید، موعتەسەم عەبدولکەریم خاڵی شێخ مەنسوور بوو، محەمەد ڕەحیم، کەسێکی تر ناوی عوسمان بوو، هەروەها محەمەد ناوێ لە گەڕەکی سابوونکەران. دەمانچەیەکی بچکۆلەمان هەبوو و لای محەمەد ڕەحیم بوو، ئیتر نازانم برادەرانی پارتی چۆن پێیان زانیبوو، چووبوون لە پۆلدا

لێیان سەندبوو، لەسەر ئەوە تووشی شەڕ و قرەقڕ هاتین. هاتنە سەر من و شەڕ دەستی پێکرد. نەتیجەی شەڕ چەقۆیەک بەر پەنجەم کەوت، ئەوەی چەقۆکە یان خەنجەرەکەی پێبوو، کاک ئاسۆی شێخ نووری بوو، ئێستا لە ئەنجومەنی ناوەندە و زۆر برای بەرێزە.

ساڵی ١٩٦٤ هەر لە قوتابخانە بووین، شەوێکیان تاکو بەیانی بە شەونخوونی دروشممان دەنووسی. ئەوەی حیزب داوای دەکرد، پێمان سپێردرابوو کە بە کاغەز و کاربۆن لە ژێریدا بینووسینەوە. ئەوەی نووسیبوومان، دابەشمان کردبوو. لە پۆلەکان خستبوومانە ناو مێزی خوێندکارەکان، هەندێکیشی لای من مابووەوە. ئەو سەردەمە بوو کە حیزبی شیوعی بۆ ئەوەی ئەم ئاگرە بکوژێتەوە، داوای ئاشتیی دەکرد لە کوردستان. زۆر لە دروشمەکانیم لەبیر نەماوە، ئەوەندەی بزانم هەمووی باسی ئاشتی بوو. برادەرانی پارتی کە ئەمەیان زانی، ئیتر بوو بە دەنگەدەنگ، هاتنە پۆلەکەی منیش و بردیان بۆ شەوکەت ئەفەندی، کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بوو. شەوکەت ئەفەندی بانگی کردم وتی ڕۆڵە تۆ کوڕی هەژاریت، چیت داوە لەم سەرئێشەیە؟ بڕۆ خەریکی خوێندنی خۆت بە. لە هۆڵی قوتابخانەکەش زۆر لە خوێندکاران و مامۆستاکان وەستابوون و قەرەباڵغی دروست بووبوو. شەوکەت ئەفەندی قسەی بۆ دەکردین بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە. لە یەکێک لە قسەکانیدا وتی: ئەم "جەمال عەبدولناسر"ە موزاهەرات و شتی هێنایە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. زۆر قسەی تریشی بۆ قازانجی هەموومان کرد.

ئەوەش دۆخی خوێندن بوو. لەڕاستیدا هەر خەریکی کۆبوونەوە بووین، خوێندنی چی؟ ئەم دۆخە ڕۆژبەڕۆژ توندوتیژتر دەبوو. هەر لەو ساڵەدا بوو کە لە سلێمانی بکوژوببڕ بوو. زەعیم سدیق داوای لە مامۆستایان کرد بروسکە بۆ حکومەت بنێرن، تەئیدی عەبدولکەریم قاسم بکەن و لە بروسکەکەدا دژی شۆڕشی کورد قسە بکەن. باشم لە

بیره مامۆستا مەحموودی مەلا عیزەت هەزار ڕەحمەتی لێبێت، وابزانم هەر ئەو ساڵە دامەزرابوو، مامۆستامان بوو، بروسکەی نەکرد.

ئەوە بوو ئیتر قاچاغ بوو و چووە دەرەوە. مامۆستایەکی عەرەبیش هەبوو ناوی "فائیز زوبەیدی" بوو، ئەویش بروسکەی لێنەدا، هەڵوێستێکی تری هەبوو و شیوعی بوو. دوور خرابووەوە بۆ سلێمانی. ئێمە لە ناوەندیی شۆڕش لیژنەیەکی حیزبیمان هەبوو، کە لێپرسراوی ناوەندیی شۆڕش بووین و پێک هاتبووین لە چەند هەڤاڵێک. شێخ حسێن شێخ عوسمانی نێرگزەجار لێپرسراومان بوو و کاتبی قوتابخانەکەمان بوو لەو سەردەمە شلوق و کێشمەکێشمەدا. پاش ماوەیەک کارکردن پێکەوە سەرپەرشتیی کارەکانی حیزبمان دەکرد، من پلەکەم بەرز کرایەوە و بووم بە ئەندامی لیژنە. هاوڕێیەکی تر بوو بە لێپرسراومان، هی من و کاک شێخ حسێن و کەمال جەمال کە لیژنەکەمان پێک هێنابوو. شێخ حەمەتایەر خەڵکی ئەحمەدبرنە بوو.

بنەماڵەیەکی تێکۆشەر بوون، لەو سەردەمەشدا دێی ئەحمەدبرنە زۆریان شیوعی بوون. شێخ حەمەتایەر کەسێکی خاکی بوو، لە ڕووی حیزبییەوە لە ئێمە هۆشیارتر بوو، کۆبوونەوەکانی باش بەڕێوە دەبرد. من لەبەر کاری حیزبی دیار بووم. پاش ئەوەی قوتابخانەم بەجێ هێشت و خواحافیزیم کرد و چوومە دەرەوە، بیستم شێخ حەمەتایەر بە هۆی هەندێک کەسی ناسیاویەوە چووەتە دانشگای سەربازی و بووە بە ئەفسەر لە سوپای عێراق. بەداخەوە لەم ساڵانەی دواییدا بیستم وەفاتی کردووە. بەڕاستی کەسێکی دڵسۆز بوو بۆ حیزب و زیرەک بوو، ئیتر دۆخەکەش ڕۆژبەڕۆژ بەرەو توندوتیژی و ناخۆشی دەڕۆیشت.

**قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە سلێمانی ١٩٦٢/٦/٩**

با بێینەوە سەر وەزعی ناو شاری سلێمانی. لە بەرەبەیانی ٦/٩ هاتوچۆ قەدەغە کرا. هەر لە نیوەشەوەوە سەربازەکان بە کوچە و کۆلانەکانی شاردا بلاو بوونەوە. بە سەرکردایەتیی "زەعیم سدیق"، کە هەموو خەڵکی بە هۆی خراپییەکانی و ئازاردانی خەڵکەوە ناویان بیستووە، دەستیان کرد بە پشکنینی ماڵبەماڵ. "زەعیم سدیق" ئامرلیوای سەربازی بوو و هەموو دەسەلاتێکی هەبوو. ئەو ڕۆژە تاکو ئێواریێ خەڵکێکی یەکجار زۆر ڕەشبگیر کران و هەزاران گەنج و پیر ڕاپێچ کران بۆ حامیەی سلێمانی و لەوێش تیرباران کران. خەڵکی زۆر ناوداری تێدا بوو و خەڵکی تێکۆشەر بوون، وەک کەمال حاجی فەرەج ئەفەندی، مامۆستا یاسین حاجی باقی، زیاتر لە سەدوپەنجا کەس شەهید کران بەبێ ئەوەی بچووکترین تاوانیان هەبووبێ. ئەم کوشتوبڕەش بۆ چاوترساندنی خەڵکی شاری سلێمانی بوو. ئەوانەی گیران، ماوەیەکی زۆر لە سەربازگەکەی سلێمانی "حامیەی سلێمانی" لە ناو ولاخ و ئەو جێگەیانەدا زیندانیان کردن، نزیکەی سێ ڕۆژ زیاتر نان و ئاویان نەدانێ، ئازارێکی جەستەیی زۆریان دابوون. زۆر باشم لەبیرە هەر لەو بەرەبەیانەدا خودەبەسەر و سەربازەکان خۆیان کرد بە حەوشەکەی ئێمەدا و ڕیزیان کردین. جیایام کردینەوە و دوو کەسی خزمی ئێمەیان برد. نازانم چۆن منیان نەبرد، ڕەنگە لەبەرئەوە بووبێت کە منداڵ دیار بووم. کەس ئاگای لە کەس نەبوو، نەتدەزانی لە خزم و کەسوکار و برادەرت کێ گیراوە و کێ براوە. لەبەر ئەوەی چوونەدەرەوە نەبوو. کەس نەیدەوێرا سەر لە دەرگا بەرێتە دەرەوە. پاش ئەوەی حکومەت بڵاوی کردەوە بۆ چەند سەعاتێک دەتوانن بێنە دەرەوە، هەر کەسەو هەواڵی کەسوکاری خۆی دەپرسی. ژمارەی گیراوەکان لە چەند هەزار کەسێک تێپەڕی کرد، شار بۆنی خوێنی لێدەهات، ئەمە گرانی و قاتوقڕی لەولاوە وەستابێ. ژیان زۆر زەحمەت

بوو، ئەگەر کەسێک نەگیرابێت یان نەکوژرابێت، دەبێ بڵێت شانسی هەبوو.

ئەوانەش کە لە سەربازگەی سلێمانی گیرابوون، وەجبەوەجبە ڕیزیان دەکردن، هەر لە سەربازگەکەوە بە شەقامی کانێسکاندا دەیانهێنان و دەبوایە هوتافیان بکێشایە بۆ سەروەریی حکومەت. یەکێک لە پێشەوە هاواری دەکرد و دەبوایە ئەوانی تریش بیڵێنەوە، ئەوانەی لە ڕیزەکەدا بوون، هەموویان لەبەر برسێتی و ئازار ڕەنگی مردوویان لێنیشتبوو.

پاش ئەوەی خەڵکەکە بەربوون، دەرکەوت دەیان و سەدان خەڵکی ئەم شارەیان گرتووە. 'مامۆستا یاسین' یەکێک بوو لە شەهیدەکان، کە یەکەم وەرزشکاری سلێمانی بوو و مامۆستای وەرزش بوو، خۆشەویستی خەڵکی شاری سلێمانی بوو. بە دەستی تاوانبار زەعیم سدیق غەدرێکی یەکجار زۆر و تاوانێکی گەورەیان دەرهەق بەم خەڵکە کرد لە شاری سلێمانی.

ئەوەی ڕاستی بێت بە پێشمەرگەیان نەدەوێرا، داخی دڵی خۆیان بە خەڵکی بێدیفاع ڕشت، کەسیش نەبوو لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکات، چونکی حاکمەکانی بەغدا لەوان زیاتر دژی میللەتی کورد بوون. لەم ڕەشبگیرییەدا پرسیار نەدەکرا کێ پارتییە یان شیوعییە یان شتێکی ترە، هەموو خەڵکیان پێ دوژمن بوو. هەر لەسەر ئەو سیاسەتەش ڕۆیشتن و عێراقیان غەرقی خوێن کرد، خۆشیان پاشان بە جەهەننەم چوون. ئەم گرتن و ڕاونانە هەموو عێراقی گرتەوە، بەتایبەت شیوعییەکان لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق. بەعس درێغیی نەکرد لە کوشتن و برین و ڕاونان و گرتن. دەیان سەرکردەی حیزبی شیوعییان کوشت و تیرباران کرد.

هەڵوێستی حیزبی شیوعی لەسەر شۆڕشی کورد ناڕۆشن بوو. بۆ خۆڕزگارکردن لەم شاڵاوەی ڕژێم بۆ سەر تێکۆشەرانی حیزبی شیوعی، بڕیاریان دا پاش چەند ڕۆژێ لە ڕەشبگیر بچینە دەرەوە.

منیش بە هۆی خزمەکانم کە لە خۆم گەورەتر بوون و شیوعی بوون، خۆم ئامادە کرد لەگەڵیان بچمە دەرەوە. ئەو کاتە هێشتا تەمەنم نەگەیشتبووە هەژدە ساڵ، چاوم لە گەورەکان دەکرد و ملەقوتێی سیاسەتم دەکرد. ئەو سەردەمە شەقامی ئیبراهیم پاشای ئێستا دەرەوەی شار بوو، ڕەنگە چەند ماڵێک لەولاترەوە هەبووبن. لەگەڵ وەستا محەمەد بەنای پوورزام، خوالێخۆشبوو وەستا عومەری عەلی قەساب، کە سەرۆکی سەندیکای کرێکارانی سلێمانی بوو، خوالێخۆشبوو جەبار عەلی قادری پوورزای دایکم و دەیانی تر، لەو مەوعیدەدا کە حیزب دایّنابوو، هەموومان شەو یەکمان گرتەوە. بە ترس و نارەحەتییەکی زۆر بە ناوشاردا ملی ڕێگەمان گرت و بە بێدەنگی بە بەینی دوو ڕەبایەی عەسکەریدا ڕۆیشتین. دەستی یەکمان گرت و چووینە دەرەوە بەرەو شاخی گوێژە و بە شاخەکەدا سەرکەوتین.

ڕۆژی یەکەم نزیکەی پەنجا کەس دەبووین لە هاوڕێیانی حیزبی شیوعی. یەکەمجار بوو لە ژیانمدا دەرەوە ببینم وەک لادێ. قۆناغی یەکەممان گەیشتینە دێی چنگیان. ئەمەی باسی دەکەم، چەند ڕۆژی دوای قەدەغەکردنی هاتوچۆ بوو. ئەو ڕۆژە تاکو ئێواری لە چنگیان ماینەوە. برادەرانی پارتی و پێشمەرگە و بەرپرسانی ئەو سەردەمە لەوێ جوابیان ناردبوو چۆن هاتوون بۆ ئێرە؟ من وردەکاریی ئەو سەردەمەم نەدەزانی. بە تەمەن بچووکترینی ناو ئەو هاوڕێیانە بووم. ڕەخنیان کرد و وتیان دەبێ لێرە نەبن. لای ئێوارە وتیان خۆتان ئامادە بکەن دەڕۆینە دێی "ئاڵاسیاو". ئەو کاتە بارەگای جەنابی شێخ لەتیف لەوێ بوو. زۆر دۆستی حیزبی شیوعی بوو و ئەوانەی دەورووپشتی کەسانی شیوعیی تێدا بوو. شێخ لەتیف پیاوێکی دڵسۆز و پاک بوو.

ئێوارە بەرەو گوندی ئاڵاسیاو بەڕێ کەوتین. شەو تاریک بوو، چاوساغێکمان لەگەڵدا بوو، وتیان ئەو شارەزای ڕێگەیە. شیوعی بوو و ناوی "غەریب سمێڵ" بوو. پاش ماوەیەک ڕێکردن دنیا تاریک بوو.

غەریب لە دۆڵێکدا ڕێگەکەی هەڵە کرد. وتیان مادام وایە، با تاکو بەرەبەیان لێرە بین، ئەوسا دەڕۆین. هەرکەسە لە جێگەی خۆی شوێنکی تەختانیی دۆزییەوە بۆ ئەوەی ڕاکشێ. ئەوەی ڕاستی بێت، من لە هەموو خشەیەک دەترسام، دەرەوەم نەبینیبوو. شتێک کە بیرم ناچێتەوە، مێشوولەیەکی بچووک هەبوو، بە هەواوە هاتوچۆی دەکرد، وەک فسفۆر وابوو، لە ترسی ئەو مێشولەیە تاکو بەیانی خەو نەچووە چاوم. وتیان ئەوە باڵەکانی وایە زیانی نییە. ڕۆژ بووەوە و بە هۆی شارەزاکەمان ملی ڕێگەمان گرت و گەیشتینە گوندی ئالاسیاو. پێش ئێمەش هەندێک لە شیوعییەکان گەیشتبوونە ئەوێ، دیارە بڕیاری حیزب بووە لەوێ یەک بگرینەوە. هەر بندار و سێبەرێک چەند هاوڕێیەکی لێبوو. چەند ڕۆژێک لەوێ ماینەوە و بردمانە سەر. خواردن هەر زۆر کەم بوو، نان و دۆ بوو. بە یاسای شیوعی هەمووی وەک یەک بەری دەکەوت. هەریەکەی دۆلکەیەک دۆ و کەمێک شەکر و چای دەدرایە.

ئەو ماوەیەی لەوێ بووم، دوو کۆبوونەوەی فراوان کرا. ئەوانەی لەوێ بوون، ئەگەر هەڵەم نەکردبێ، سەد هاوڕێیەک دەبوون. کۆبوونەوەیەکیان "دکتۆر فارس خوارەحم" کە شیوعییەکی ناسراو بوو، بەڕێوەی برد. "دکتۆر فارس" تاکو وەفاتیشی کرد، هەر شیوعی بوو. لە ساڵەکانی هەشتاکان لە مۆسکۆ وەفاتی کرد و هەر لەوێش بە خاک سپێردرا. باسەکەی لەسەر "دیموکراتیی مەرکەزی" بوو. هەموومان گوێبیستی بووین، لە بن ئەو دەوەنە و لەو برسێتی و نائومێدییەدا کە شیوعییەکان بەسەریان هاتووە، من هەر تەقەی سەرم دەهات. چونکی تازە چووبوومە حیزبەوە. دیارە شیوعییەکان لە هەر جێگەیەک بن، خۆیان ڕادەهێنن، مەسەلەی فکر و خوێندنەوە شتێکی گرنگە لایان. دانیشتنی دووەم "شێخ جەعفەر عەبدولکەریم" کۆبوونەوەی پێکردین. خیانەتی کرد و تەسلیم بووەوە، بوو بە بەعسی و لە ساڵەکانی دواتردا بوو بە پارێزگاری سلێمانی. لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس عێراقی

بەجێ هێشت. وتیان ئەندامی لیژنەی محەلیی سلێمانییە. ئەو کاتە ئەو پلەیە گەورە بوو. ئەو ڕۆژگارە سیاسەت ئاوا بوو. دیارە برای قارەمانی حیزبی شیوعی شێخ مەعروف بەرزنجییە، کە مەردانە گیانی خۆی بەخت کرد و بەعسییەکان لەگەڵ برایەکی تریدا لە سێدارەیان دا. من لەچاو ئەوانی تر منداڵ بووم کەمئەزموون بووم. دوای چەند ڕۆژێ پێیان وتم تۆ بڕۆرەوە. بەڕاستی خۆشم حەزم دەکرد. خۆ لەوێش هەر دانیشتن بوو لە بن داروەدەوەن. خوا بەوە ڕەحمی کرد مانگی شەش بوو و دنیا سەرماوسۆڵە نەبوو، ئەگینا لە کوێ جێگەمان ئەبووەوە. لە ڕێگەی حیزبەوە لەگەڵ چەند کەسێکی تر لە هاوڕێکان گەڕامەوە بۆ سلێمانی. دواتر وتیان ئەو برادەرانەی لە ئالاسیاو بوون، لەوێ نەماون و ڕۆیشتوون بۆ دەوری دێی "ئاشی بارام". لەوێش برایانی پارتی ئەو سەردەمە زەختیان لێدەکردن. وابزانم تاکەتاکەش لێیان گرتبوون. دۆخی شیوعییەکان بەو شێوەیە بوو لەو ناوچەیەدا. لە شاخی بەمۆش لە ناوچەی هورین و شێخان چارەنووسیان زۆر لەوە خراپتر بوو. لەوێ بارەگایەکیان کردبووەوە و لە دەستی ڕژێمی بەعس هەڵاتبوون. بەڵام پارتی پەلاماری دان، بارەگاکانیان گرتن و چەند شیوعییەکیان کوشت. هەندێک لەوانەی ڕایان کردبوو، خۆیان دابوو بە دەم ئاوی سیروانەوە، مەللەیان نەزانیبوو یان ئاوەکە خوڕ بوو و خنکابوون. ئەم زەختەش لە هەموو جێگەیەک نەبوو، زیاتر لە دەوری سلێمانی وابوو.

لەو سەردەمەدا لەگەڵ ئەو هەموو ماڵوێرانی و دەربەدەرییەدا حیزبی شیوعی هەر پاشکۆی سۆڤێت بوو. دیارە ئەمە بووە هۆی ئەوەی کێشە لەناو حیزبدا دروست ببێت. بەتایبەت لەساڵی ١٩٦٤دا، کە چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی ویست و بڕوایان وابوو ڕژێم بەرەو ئیشتراکییەت دەڕوا و بەنیاز بوون حیزبی شیوعی لەناو "اتحاد اشتراكي عربي"دا بتوێننەوە. بۆ ئەو مەبەستە چەندین بەیان نووسران، کە لەم ڕێگەیەوە دەڕۆن بۆ ئیشتراکییەت. ئەوانەی هەڵگری ئەم ئالایە بوون لە

مەکتەبی سیاسی، عامر عەبدوڵلا و مامۆستا بەهادین نووری بوون. نازانم کێی تریش لەگەڵ ئەو بیروباوەڕە بوون. ئەمە بووە بنەمای کێشە لەناو حیزب. پێشتریش لە زەمانی عەبدولکەریم قاسمدا دوو باوەڕ لەناو حیزبدا هەبوو. لایەک پێی وابوو کە هەقە حکومەتی عەبدولکەریم قاسم بڕوخێنن. سۆڤێت بەمەی زانی، بە پەلە بەتاڵی کردەوە و سەرکردایەتیی حیزبی شیوعیی ناچار کرد کە واز لەو سیاسەتە بهێنن، وای لێکردن لە قسەی سۆڤێت دەرنەچن و بە پاشکۆیی بمێننەوە. ئەو بەیانەش کە ساڵی ١٩٦٤ دەرچوو، لەناو حیزبدا پێیان ئەوت "خەتی ئاب". ئەوانەی ئەو کاتە لە ناو حیزبی شیوعیدا ئیشیان کردبێ، زۆر باش لە بیریانە. ئیتر لەناو حیزبی شیوعیدا دژی ئەو بەیانە وەستانەوە. ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە دەیان شیوعی لەناو زیندانەکاندا بوون. دەیان کەسی تریش کە نەگیران و نەکوژران، هەڵاتن. دەیان ئەفسەر و کادێری عەرەب ڕوویان کردە کوردستان. من لەبیرمە کەسێکی عەرەب بە ناوی "ئەبووعەلی" ڕای کردبوو و لە ماڵی ئێمە بوو. ماوەیەکی زۆر مایەوە لامان و زۆریش خزمەتی پێکرا.

کێشەی شیوعی و پارتی هەر بەردەوام بوو، بەتایبەت لە سنووری سلێمانی. بە هەقی دەزانم بڵێم زۆر دڵسۆز بووین بۆ حیزب و بە دڵ و گیان ئیشمان بۆ دەکرد. خەڵکیش دابەش بووبوون بەسەر حیزبەکاندا. لە مەیدانەکەدا هێزی پارتی هێزی گەورە بوو و پێشمەرگەی هەبوو. لەو سەردەمەدا شۆڕشی کورد پەناگایەکی باش بوو بۆ شیوعییەکان.

ساڵی ١٩٦٤ هەر خوێندکار بووم، بەڵام وەک لە پێشەوە باسم کرد هەر خەریکی کۆبوونەوە و کاری حیزبی بووم. لە ساڵی ١٩٦٤ لە گەڕەکی سابوونکەران برادەرێک هەبوو ئوتووچی بوو، ناوی قادری ئاتە بوو، زۆربەی کاتی بێئیشی لای دەوەستاین. کاتێکم زانی شەڕە، ئەکرەمی پوورم لەگەڵ چەند برادەری بە حساب پارتی بەشەر هاتووە و ئەکرەم خەنجەری بەدەستەوەیە. بەهەرحاڵ، منیش چووم و کەوتمە

بەینەوە. خەنجەرێک بەر قۆڵم کەوت و خوێنێکی زۆری لێهات. منیان بەڕێ کرد بۆ خەستەخانە. لەوێ دکتۆرەکان خستیانم، ئەوەندەی پێنەچوو ئەکرەمیشیان هێنا. بەڵام ئەکرەم زۆر خراپ بوو. خەنجەریان لێدابوو و بەر سییەکانی کەوتبوو، خوێنی لەبەر دەڕۆی. بە هەرحاڵ، هەردووکمان بە تەنیشت یەکەوە لە خەستەخانە کەوتین. ئەکرەم چەند بوتڵێک خوێنیان تێکرد، تەرەفی دووەمیش برینداریان هەبوو. ئەوانەی لەسەر شیوعی و پارتی شەڕمان بوو، وەک برا وابووین هەم لە قوتابخانە هەم لە گەڕەک. ئەکرەم لەگەڵ بریندارەکەی تر بە منداڵی شیریان خواردووە. ئیتر شەڕەحیزب و سیاسەت برای لە برا کردووە. ئەوانەی شەڕمان بوو، ئەوسا و ئێستاش برایەتیمان لە هەموو کاتێک خۆشترە. ئێمەش بە هۆی دڵسۆزیمان بۆ بیروباوەڕەکەمان بووبووینە سووتەمەنیی ئەم سیاسەتە.

ئەو سەردەمە شەڕەخەنجەر باو بوو، دەمانچە هەر زۆر کەم بوو. من خۆم ماوەی چواردە ڕۆژ لە خەستەخانە کەوتم، چونکی دەمارەکانی قۆڵمی بڕیبوو. ئەکرەم زیاتر مایەوە، چونکە برینەکەی کاریگەرتر بوو. دیارە دوای ئەم هەموو شەڕەش هەر ئاشتبووینەوە. ئەمە دۆخی سەرجادە و شاری سلێمانی بوو. ئەو کاتەی من و ئەکرەمی پوورم کە لە خەستەخانە کەوتبووین، مفاوەزاتی پارتی و حکومەت دەستی پێکرد. کەسێکیان هێنا بۆ خەستەخانە. وتیان ئەمە شیوعییە و لە شەڕی "سەری بەردی" لای سیدەکان و ڕواندز قاچی بریندار بووە، ناوی "نەجمەدین مامۆ" بوو. ئێمەش بە حوکمی خۆشەویستیمان بۆ حیزبی شیوعی و بیروباوەڕ چووینە لای و خۆمان بە یەکتری ناساند. ئەوەی بۆ خۆمان بوایە، بۆ ئەویش دەبوو. ئەو غەریب بوو و خەڵکی هەریر و باتاس بوو. خێزانی و خوشکی و خوشکەزای هاتن. ئێمەش بردماننە ماڵی خۆمان و لەوێ میوانداریی‌یەکی باشمان لێکردن. پاش دەرچوونی "نەجمەدین مامۆ" ئەویشمان بردەوە ماڵی خۆمان. ماڵی شەهید ئەکرەم

و کەسوکارەکەشمان لە ئێمە زیاتر خزمەتیان دەکرد، چونکی قاچێکی بڕابووەوە، خوشکەزاکەی ناوی عەبدولڕەزاق و کچەکەی ناوی حەسیبە و کوڕەکەی ناوی فرسەت بوو. نەجمەدین مامۆ چەند مانگێک لامان مایەوە و تاکو ساڵی ١٩٦٥ شەڕ دەستی پێکردەوە و بۆ جێگەی خۆی ڕۆیشتەوە. ئێمەش هەریەکە بەلایەکدا ڕۆیشتین.

لە سەرەتای ١٩٦٥دا منیش لەبەر هەم لە قوتابخانە و گەڕەک دیار بووم، چووم بۆ سەربازی و ماوەی سێ مانگ لە کەرکووک سەرباز بووم. لە کەرکووک لە ماڵی خزمەکانم بووم، پووری دایکم "پوورە حەلاو" و کوڕ و کچەکانی ماڵیان هەر لە کەرکووک بوو. خۆیان خەڵکی سلێمانی بوون. هەموو شەوێک لە ماڵی پوورە حەلاوم دەنووستم، بەیانیان دەچووم بە پاسکیلی ئازادی پوورزام دەچووم بۆ دەوام. لەوێش لە تیپی فتبۆڵێن بووم. دەوام هەر ئەو چەند سەعاتەی سەرلەبەیانیان بوو، ئیتر دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە. بەوەش بۆم نەچووە سەر. ڕۆژی ١٩٦٥/٤/١ لە ڕێگەی حیزبەوە نامەم وەرگرت. چوومە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی و یەکەمجار چوومە قەڵادزێ، لقی کوردستانی حیزبی شیوعی لەوێ بوو. ڕۆژی یەکەم لەوێ مامەوە. بۆ ڕۆژی دوایی بە بڕیاری حیزب وتیان بچن بۆ "ئاوەگرد". ئاوەگرد لەسەر شاخی سەفین بوو بە بەرزاییەکەوە، بارەگای حیزبی شیوعیی لێبوو. لە ئاوەگرد کانییەکی باشی لێیە و ئاوەکەش زۆر سازگارە. باشم لەبیرە ئەو ڕۆژەی کە لە قەڵادزە بەڕێ کەوتین بۆ ئاوەگرد، من تەمەنم ١٨ ساڵ بوو. لە ڕانیە لەگەڵ هەندێک هاوڕێدا یەکمان گرتەوە. ئەوانەی پێکەوە چووین بۆ ئاوەگرد، ئەم کەسانە بووین: ١- ملازم ئەحمەد جبووری ئەفسەرێکی عەرەب بوو، لە دەست ڕژێمی بەعس هەڵاتبوو و بەر گرتن نەکەوتبوو، شیوعی بوو. دوایی بووین بە برادەر، لە چەندین بۆنەدا ناوبەناو یەکمان دەبینییەوە. ٢- عەلی مەولوود خەڵکی داربەسەر بوو. بەداخەوە ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕ دەستی پێکردەوە، لە چۆمان بە هۆی

فڕۆکەکانی ڕژێم شەهید بوو. ٣- ڕەئوف سلێمان، خوالێخۆشبوو خەڵکی ڕانیە بوو. ٤- دکتۆر عەلی سلێمان. لە ڕانیەوە بەڕێ کەوتین بۆ ئاوەگرد، لە بناری شاخ لە جەلی دابەزیین. کەوتینە ڕێ و بە شاخەکەدا سەرکەوتین، پاش ماوەیەک گەیشتین. لەوێش بارەگای حیزبی لێبوو، هاوڕێیەکی لێبوو بە ناوی "کەمال خدر"، مامۆستا بوو و لێپرسراوی بنکەکە بوو، خەڵکی شاری کۆیە بوو. من لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێ لەوێ یەکمان گرتەوە. ئەوانیش وەک من بوون و هەندێکیان خەڵکی سلێمانی بوون، زیاتر ئاشنا بووین بە یەک. ماوەی سێ مانگ لەوێ ماینەوە، پاش ئەو ماوەیە وتیان دەتاننێرین بۆ پێشمەرگایەتی، لە لای گەلاڵە بارەگای حیزبی لێیە و هێزەکانی پێشمەرگەش لەوێن.

ماوەی سێ ڕۆژ بە ڕێگەوە بووین. بە چەند قۆناغێک گەیشتینە بناری شاخی هەندرێن لە ڕێگەی سەرکەپکان و دۆڵەڕەقە و وەرتێ، لە دێی "سەروچاوەش" لامان دا. لەوێ بارەگایەکی پێشمەرگەی هەبوو و ملازم ئەحمەد جبووری لێپرسراوی بوو، لەوێ بینیمانەوە. دوایی بەرەو سنووری ڕواندز ڕۆیشتین. ئەمەش ساڵی ١٩٦٥ لە مانگی حەوتدا بوو. گەیشتینە ئەوێ و بەسەر پەلەکاندا دابەشیان کردین. ئەو کاتە چەند لقێک هەبوون و دابەش بووبوون بەسەر چەند پەلێکدا. هەمووی ڕێک خرابوو، هەر هەمووشی بە نۆرە لەسەر شاخی هەندرێن واجباتی دەگرت. شاخی هەندرێن پانترین شاخی کوردستانە، بەسەر ڕەواندز و سەربازگەکەی ڕواندوزدا دەڕوانێ. لە بنارەکەیدا بە دیوی بەرزیوەدا چەند گوندێکی بچووکی لێیە وەک "جنراوە"، میراجیان، هەوارەکۆن، بەرامبەری گوندی ماولیانە، لەولاشەوە دێی دەرگەڵە و لە سەرووبەوە گوندی سەلان لەگەڵ شاخی کاروخ لەیەک دەداتەوە، کە بەسەر گوندی وەرتێدا زاڵە، وەرتێ ئێستا بووە بە ناحیە.

## چوونمان بۆ ناوچەی ڕواندز

ماوەی سێ ڕۆژ بە ڕێگەوە بووین. بە چەند قۆناغێک گەیشتینە بناری شاخی هەندرێن لە ڕێگەی سەرکەپکان و دۆڵەڕەقە و وەرتێ، لە دێی "سەروچاوەش" لامان دا. لەوێ بارەگایەکی پێشمەرگەی هەبوو و ملازم ئەحمەد جبووری لێپرسراوی بوو، لەوێ بینیمانەوە. دوایی بەرەو سنووری ڕواندز ڕۆیشتین. ئەمەش ساڵی ١٩٦٥ لە مانگی حەوتدا بوو. گەیشتینە ئەوێ و بەسەر پەلەکاندا دابەشیان کردین. ئەو کاتە چەند لقێک هەبوون و دابەش بووبوون بەسەر چەند پەلێکدا. هەمووی ڕێک خرابوو، هەر هەمووشی بە نۆرە لەسەر شاخی هەندرێن واجباتی دەگرت. شاخی هەندرێن پانترین شاخی کوردستانە، بەسەر ڕەواندز و سەربازگەکەی ڕواندوزدا دەڕوانێ. لە بنارەکەیدا بە دیوی بەرزیوەدا چەند گوندێکی بچووکی لێیە وەک "جنراوە"، میراجیان، هەوارەکۆن، بەرامبەری گوندی ماولیانە، لەولاشەوە دێی دەرگەڵە و لە سەرووییەوە گوندی سەلان لەگەڵ شاخی کاروخ لەیەک دەداتەوە، کە بەسەر گوندی وەرتێدا زاڵە، وەرتێ ئێستا بووە بە ناحیە.

ئەو پەلەی منی بەرکەوتم "ملازم عەبدولڕەحمان" سەرپەلمان بوو، ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، خەڵکی ناسرییە یان دیوانییە بوو. پەلێکی تریش هەبوو عەریف یونس سەرپەلی بوو، خەڵکی هەولێر بوو. بەداخەوە لە مانگی پێنجی ساڵی ١٩٦٦ لە شەڕی هەندرێن شەهید بوو. ئەو کاتە لیوای چواری سەربازیی عێراقی هێرشی هێنا بۆ سەر هەندرێن. شاخی هەندرێن بە شیوعییەکان سپێردرابوو و حیزبی شیوعی سەرپەرشتیی دەکرد. ئەو کاتەش بارەگای لقی کوردستانی حیزبی شیوعی دوور نەبوو لێی، لە دۆڵی شاور بوو لە دێی "بەردانگە". ئەو هێزانەی حیزبی شیوعی کە لەوێ بوون، سەر بە هێزی باڵەک بوون و عەبدوڵڵا ئاغای پشدەری ئامرهێزەکەی بوو، بە ماندووبوونی خۆی بووبوو بە ئامرهێز و لە شەڕیشدا چاوێکی لەدەست دابوو. ئەم

ئەفسەرە عەرەبانەی لەوێ بوون: "مقدم سعید مطر، غضبان سعد، ملازم خدر، ملازم ریاض، ملازم احسان، ملازم عبدالرحمان" کە سەرپەلی من بوو، "مقدم کمال نعمان" کە لێپرسراوی هێزەکان بوو، هەروەها شەهید فاخری حەمەد ئاغای مێرگەسووری. "مونیر عەسکەر" مەسیحی بوو و خەڵکی عەینکاوە بوو، بەڵام ئەفسەر نەبوو.

هەروەک لە پێشەوە باسم کرد، ئەو پەلەی منی تێدا بووم، ملازم عەبدولڕەحمان سەرپەلی بوو، "عەریف ڕەفیق" خەڵکی کۆیە بوو و جێگری سەرپەل بوو. ئەوانەی لە پەلەکەی ئێمە پێکەوە بووین، خەڵکی سلێمانی "عوسمان ئامەی بەرخەش" وەفاتی کردووە و هەر شیوعی بوو، جارجار دیومە. حەسەنە بچکۆل بەنا بوو، بەداخەوە لە شەڕی کۆڕەک کە پێکەوە بووین، شەهید بوو. حەمەئەمین خەڵکی دەشتی هەولێر بوو، ئەویش لە کۆڕەک شەهید بوو. شێخ عەبدولڕەحمان خەڵکی دێی کانی ماران بوو لە بیتوێن، پێیان دەوت هاوڕێ کاسترۆ، ناوە حیزبییەکەی کاسترۆ بوو، پیاوێکی دڵسۆز بوو بۆ حیزب و ئازاش بوو، وەفاتی کرد، لەم ساڵانەی دواییدا جارجار ئەمبینی. "لەتیف شاڵی" خەڵکی کەرکووک بوو، ئێستا لای برایانی پارتییە و لە بەشی جیهاز ئیش دەکات، عەلی قادر خەڵکی کەرکووک بوو. خەڵکی تریش هەبوون، بە داوای لێبوردنەوە ناوەکانیانم بیر نەماوە.

لە چەند خاڵێکی گرنگی سەر شاخی هەندرێن واجباتمان پێ سپێردرابوو. ماوەی دوو هەفتە لەسەر شاخ دەبووین، دوایی دەیانگۆڕین، پەلێکی تر دەهاتە شوێنی ئێمە و ئێمەش دەهاتینە خوارەوە. بارەگاکانمان لە چەند شوێنێک بوو. ١- لە میراجییان لە "جەنیراوە" لە بناری هەندرێن لەسەر ئاوی "دەنگارە". لە هاویندا بارەگاکانمان دەبردە ناو قەدی هەندرێن. دۆڵێکی لێبوو و ئاوێکی هەتا بڵێیت ناسازگاری هەبوو، پێیان دەوت "کانی گێز". زۆر ناخۆش بوو، مێشولەشی زۆر بوو. واجباتەکانمان لەم جێگایانەدا بوو. ئەشکەوتی شەهیدان لە دامێنی

شاخی هەندرێن دەڕوانێت بەسەر دێی جندیان و بێشوکدا، نزیک سەربازگەی ڕواندز. ٢- قەڵاگە لە ناوەڕاستی شاخی هەندرێن بوو، لەوێ چادرمان هەڵدابوو. لە قەڵاگە هەندێک پێشمەرگەی کاولوک و ڕواندزی شارەزا هەبوون، بە ئێستر دەچوون لەسەر شاخی هەندرێن بارێک بەفریان دەهێنا، لەسەر تەنەکە دامان دەنا، دەتکایەوە ناو تەنەکەوە کە لە ژێرەوەی دامان نابوو، ئیتر ئەوە ئیشی ڕۆژانەمان بوو. کە لەسەر شاخ بووینایە "زەردەزیرە" تێی دەدا، ئەگەر ئاوت بخواردایەتەوە، دەبوو زۆر هۆشیار بێت، زەردەزیرەکە کە بۆ ئاو دەهات، بە دەمتەوە نەدات.

ئەوانەی کە لە پەلەکەمان شارەزا بوون، یادیان بەخێر بێ ئەگەر مابن، بەهێز بوون و شارەزا بوون: ١- سەعید شێخۆ خەڵکی ڕواندز بوو، چەند برایەکیشی هەر پێشمەرگەی حیزب بوون لەگەڵمان. ٢- عەلی هەینی خەڵکی کاولوک بوو، برایەکیشی لەگەڵمان بوو.

لە ئەشکەوتی شەهیدانیش واجباتم گرتووە، هەردووکیانم بینیووە. سەرکەوتن بۆ سەر شاخی هەندرێن ناخۆش بوو، دوور بوو. ئەگەر لە ئەشکەوتی شەهیدان واجباتمان بگرتایە، ئەوە بە وڵاغ دەهاتینە لای "میراجیان" و بە تەنەکە و شەڵتە ئاومان سەردەخست. خەفەری ئاو و خواردن حازرکردن هەبوو. من خۆم هەردووکیانم بەرکەوتووە. هەر کات خەفەری ئاو بوومایە، کێشەم هەبوو، کێشەکەشم بارکردن و بەستنی بوو، کە ئێستاش هەر فێر نەبووم، بەتایبەت ئەگەر بە تەنها بووینایە، زەحمەت بوو. برادەرەکانی کاولوک و ڕواندز ماشاڵڵایان لێبێت بەتایبەت سەعید شێخۆ دەچووە سەر هەندرێن بارەبەفری دەهێنا. هەر لە کێشی ئەودا بوو، عەلی هەینی و برادەرەکانی تریش هەروا بوون.

من تازە چووبووم بۆ پێشمەرگایەتی. لە پێش ئێمەشدا کە هێزەکانی تر لەوێ بوون، چەند هاوڕێیەک لە شەڕ لەگەڵ حکومەتدا شەهید

بووبوون، وەک شەهید قاسم، برای ڕەئیس لەتیف بوو. پێشتریش لە سلێمانی یەکترمان دەناسی، خەڵکی گەڕەکێک بووین و هاتوچۆشمان هەبوو لەگەڵیان. قەبرەکەی لە دێی میراجیانە. یەکێکی تر بە ناوی جەلال حاجی ئەحمەد خەڵکی شاری کەرکووک بوو. لەسەر ڕێکخستن و ڕێکوپێکیی ناو هێزەکانی لق و پەل، شیوعییەکان زۆر باش و ڕێکوپێکن.

لەو سەردەمەدا لە مانگی هەشتی ١٩٦٥دا لەگەڵ "فاخری حەمەدئاغا" کە بەرپرسی هێزەکان بوو، لەگەڵ هەندێک لە پێشمەرگەکان چووین بۆ دۆڵی ئالانە لە بناری شاخی کۆڕەک تاکو گوندی "شەرکان" جولەمێرگ، بە شەو ڕۆیشتین. ئەو کاتە سەربازگەی سەربازی لە خەلیفان هەبوو. ئەم دوو دێیەی باسم کرد، زۆر نزیکی خەلیفان بوون. دیارە من پێشمەرگەیەکی سادە بووم. نەمدەزانی ئەم سەردان و چوونە بۆ ئەوێ بۆ چییە. دواتر دەرکەوت ئەم جەولەیە بۆ شەڕی کۆڕەک بووە. هەر لەو دەمەدا پاش جەولەکەمان بۆ لای خەلیفان لەسەر شاخی هەندرین واجباتمان هەبوو. لەسەر ڕێگە وتیان بارزانی دێت، وەک ئێستا لە بیرمە، سەرم بە گوێزان سفر کردبوو و جامانەیەکی سوورم بەستبوو. پاش ماوەیەک دەرکەوتن و خوالێخۆشبوو "حەمەدئاغای مێرگەسووری" باوکی فاخر لە پێشییەوە دەڕۆیشت. وتیان خاڵۆزایەتی یان خاڵیەتی. گەیشتنە لامان، بە حوکمی شەهید فاخر حەمەدئاغام دەناسی، پاش چاکوچۆنی لەگەڵ بارزانی تەوقەم کرد، هەر زۆرم پێخۆش بوو، چونکی لەوەتەی چاومان کردووەتەوە ناوی بارزانی دەبیستین. وا ئێستا دەست دەخەمە دەستیەوە، بەلامەوە خۆش بوو.

دیار بوو بەڕێزی بۆ گرتنی شاخی کۆڕەک هاتبوو. هەر لە مانگی هەشتەوە هێزەکانمان بەرەو دۆڵی ئاکۆیان بەڕێ کەوتین و ئەوەندەی پێویست بوو، لە شاخی هەندرین هێشتیانەوە. ئەو هێزانەی بەشداریی شەڕەکەیان کرد، لقێکی عزەت سلێمان بەگی دەرگەڵە و مەلا ئەمین بارزانی بوو، خۆشیان بارەگایان لەوێ بوو. من خۆم یەکەمجارم بوو

بەشداریی شەڕ بکەم. دیارە بەرپرسان بەرنامەی شەڕەکەیان داناوە و هەر پەلە جێگەیەکی پێسپێردرابوو. سەرکەوتین بەرەو شاخی کوڕەک. ئەگەر شاخی کوڕەک بگیرێ، زاڵ دەبێت بەسەر "گەلی عەلی بەگ" دا و دیوێکی دەڕوانی بە سەر هەموو دۆڵی ئالانە و خەلیفان و لایەکی تریش رواندز.

## شەڕی کوڕەک لە ساڵی ١٩٦٥

هەر کە سەرکەوتین، پەلاماری ڕەبیەی یەکەممان دا و پاش ماوەیەک گیرا. من برادرێکم لاوە بوو، لێم پرسی تەقە لە کوێ بکەم؟ یەکەم شەڕە بەشداریی دەکەم لە ژیانمدا. تفەنگێکی هۆڵەندیم پێبوو، وایان پێدەوت، فیشەکی ئینگلیزیی دەخوارد. لەو شەڕەدا "ملازم ڕیاز" بریندار بوو، یەکەم شەو من یەکێک بووم لەو پێشمەرگانەی کە هەڵمانگرت و بە کۆڵ هێنامانە خوارەوە بۆ "دارەهیشک"، کە بارەگای پشتەوەمان بوو. ملازم ڕیاز خۆی شاهیدە، ئێستا لە دانیمارک یان لە سوید دەژی. لە ژێرەوە فانیلەیەکی عەلاگەی سپیم لەبەردا بوو. لە دوای ماوەیەکی زۆر فڕێم دا، تا ئەو کاتەش هەر خوێنی پێوە بوو، چونکی بە ئاوی گەرم شتبووم. خوێن بە ئاوی گەرم دەیبوێری، ئەو کاتە نەمدەزانی بە ئاوی سارد پاک دەبێتەوە.

ئەم شەڕە ماوەی دوو هەفتە زیاتری خایاند. ئەو جێگەیانەی نەگیرابوون، لەگەڵ سەربازەکان بەرامبەری یەک وەستا بووین. لەو شەڕەدا دوو برای مەلا ئەمین بارزانی شەهید بوون، یەکێکیان ناوی تاهیر بوو. شەڕ درێژەی کێشا، ئێمەش نەکشابووینەوە. وتیان هێزی ترمان بۆ دەنێرن. هێزێک هات و وتیان جەماعەتی مەکتەبی سیاسین، کە چوون بۆ هەمەدان، لەگەڵ پارتی ڕێک کەوتوون و گەڕاونەتەوە.

"ڕەئیس کەمال موفتی" بەرپرسی یەکەمیان بوو. پێکەوە بەرنامەمان بۆ هێرشی دووەم دانا. بڕوا بکەن ئەوەندە نزیک بووین لە یەکەوە، گوێمان لە دەنگی یەکتر دەبوو. تۆپبارانی حکومەتیش بەردەوام بوو. بە شەو زۆر سارد بوو، بە ڕۆژیش مانگی ئاب بوو و زۆر گەرم بوو. ئەم کەسانە لەگەڵ ئەو هێزەدا بوون: کەمال مەولوود، عەریف حەسەن خەڵکی هەرتەل بوو، شەوی هێرشەکە شەهید بوو، زۆر پیاوێکی بەهەڵمەت و ئازا بوو، ئیبراهیم سەعەکەر دەنگی خۆش بوو و بە عەرەبی گۆرانیی بۆ سەربازەکان دەوت. هەروەک وتم، نزیک بووین لە یەکەوە، بە دەم "ڕەبابە"ی بۆ لێدەدان. جارجارەش قسەی خۆشی بۆ دەکردن. ئەوانیش بە تەقە وەڵامیان دەدایەوە. لەو ماوەیەدا هێرشی دووەممان کردە سەریان. دوو هەفتەی خایاند و هەموو شاخی کۆڕەکمان گرت. تەنها یەک ڕەبیە مابووەوە، کە شوێنێکی قوت بوو و پێیان دەوت "کەپکەقەل"، ئەوەندە قوت بوو، بە ڕاستی مەگەر هەر قەل لەسەری هەڵنیشتایە. ئەگەر ئەویمان بگرتایە، ئیتر هەموو شاخی کۆڕەک دەگیرا و بەسەر ناوچەکە و گەلی عەلی بەگدا زاڵ دەبووین. جادەی "هاملتۆن"مان کۆنترۆل دەکرد کە لە حاجی هۆمەرانەوە دێتە ڕواندز و بە گەلی عەلی بەگدا تێپەڕ دەکات.

ڕەبیەی کەپکەقەل نەگیرا. لەو ماوەیەشدا حکومەت هێزی زۆری هێنا. لە ئاخر شەودا وتیان "سەعید حەمۆ" کە ئەفسەرێکی بەناوبانگی سوپای عێراق بوو و فەرماندەی لیوا بوو، هاتووە. لە کاتی هێرشی ئێمە بۆ کەپکەقەل تۆپبارانێکی زۆر خەست و چڕیان کردین. هەموو ئەو جێگەیانەی ئێمەی لێبووین، پێکای. هێزەکانی ئێمەش و ئەوەشی هاتبوو، شپرزە بووین و شکاین، چونکی شەهیدێکی زۆرمان هەبوو، نزیکەی بیست پێشمەرگە لە هەردوو لامان شەهید بوون. لام وابێت هی تریش شەهید بوون، من لە شیوعییەکان ناوی چەند هاوڕێیەکم لەبیرە، کە هەر لە پەلەکەی ئێمە بوون. حەمەئەمین خەڵکی هەولێر بوو. عەبدوڵڵا بچکۆل

هەر خەڵکی هەولێر بوو. وەستا حەسەن بەنا خەڵکی سلێمانی بوو. هەندێک لەو برادەرانە بە چەند پارچەیەک دۆزیمانەوە، بەتایبەت وەستا حەسەن لەلای برادەرانی م.س، عەریف حەسەن شەهید بوو. لە کۆتایی شەڕەکە هێزەکانمان لێدانێکی یەکجار کوشندەی بەرکەوت و لەگەڵ هێزەکەی تر بڕیاری کشانەوەیان دا. هاتینەوە بۆ گوندی " فەقێیان" و دۆڵی ئاکۆیان، بارەگای هەموو هێزەکان لەوێ بوون. تفەنگەکەی "عەبدوڵڵا بچکۆڵ"یان دا بە من، وەسەتێکی جوان بوو، لەبەر ئەوەی وریا بووم. کاتی خۆی ئەو چەکانەی کە حیزبی شیوعی لە شۆڕشی وەرگرتبوو، وەک باسیان دەکرد ۲۰ تفەنگی بڕنەو بووە، تەنها سێ "تفەنگی وەسەتی" تێدا بوو، یەکێکیان درا بە من. یەکێکیان لای ڕەئیس کەمال نەعمان بوو. هیچ شتێک لەوە ناخۆشتر نەبوو بەو هەموو هێزە زۆرەوە ئەوەندە شەهیدمان هەبوو و لە پاش تێکشکانیش بگەڕێینەوە بۆ شوێنەکانی خۆمان لە ئاکۆیان. برادەرانی کاک عزەت سلێمان بەگ گەڕانەوە بۆ دەرگەڵە. کاک زراری برای و هێزەکەیان لەوێ بوون. هێزەکانی مەلا ئەمین هەر لە شوێنی خۆیان مانەوە، چونکی واجباتیان هەر لەوێ بوو. بەداخەوە دوو برای شەهید بوو.

ئەمە یەکەم شەڕ بوو بەشداریم تێدا کرد، تەمەنم هەژدە ساڵ بوو. لەڕاستیدا دەبێت بڵێم لە شەڕی کۆڕەکدا پێویستمان بە هێزی تر بوو، لەبەر ئەوەی هیلاک بووین، وتیان ئەمە هێزی عەشایەرە، وتیان "گۆرانن". عەشرەتێک هەیە بەو ناوەوە و لەو سنوورە بوون، ئەوانیش شەهیدیان دا. تێکشکانمان خەسارەتێکی گەورە بوو. ئەگەرچی لە ڕۆژانی یەکەمدا زۆر باش چووینە پێشەوە، بەلام سەنگەری حکومەت لە کەپکەقەل بەرنامەکەی تێک دا، دۆخی جەبهەکەی گۆڕی و بە کشانەوەی ئێمە تەواو بوو.

پاش گەڕانەوەمان بۆ شاخی هەندرێن زستان هات و بەهار هاتە پێشەوە. وەک لە پێشەوە باسم کردبوو، واجباتەکانمان لەسەر شاخی

هەندرێن بوو لە ئەشکەوتی شەهیدان و قەلاگەی ناوەڕاستی هەندرێن. هێزەکانمان نیوەی لە دێهاتەکانی میراجیان، جەنراوە، بەرسرین و هەوارەکۆن بوون. بارەگای سەرەکیی هێزی حیزب لە گوندی بەرسرین بوو. ئەو کاتە لیوای چوار لە حامیەی ڕواندز بوو. لە بەرەبەیانی (١٩٦٦/٥/١) هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەر شاخی هەندرێن و زۆریان داگیر کرد. ئەگەرچی وردەشەڕمان لەگەڵ دەکرد، بەلام ئەوان هەر لە پێشڕەویدا بوون. ئەو ڕۆژە پەلەکەی ئێمە لە خوارەوە بووین لە بارەگای پشتەوە. کە ئەمەمان زانی، هەموو هێزەکانمان سەرکەوتین بۆ لای برادەران، کە لەسەر شاخی لە هەندرێن بوون. هەر پەلەو جێگەی بۆ دیاری کرا. لە ماوەی دە ڕۆژدا سوپای عێراق زۆربەی هەرە زۆری شاخی هەندرێنی داگیر کرد. بەلام بەرەنگاری هەر بەردەوام بوو. مانگی پێنج بوو، باران هەر مابوو. بۆ نەگبەتی ئەو چەند ڕۆژەش بۆ هەر باران دەباری. ئێمەش لەبەر سەرما و باران بووین، سەرەوەی شاخی هەندرێن بەفری زۆری پێوە بوو، ساڵ لە دوای ساڵ بەفر بەسەریەکدا دەبارێ و دەمێنێتەوە.

### شەڕی هەندرێن و هێرش بۆ سەر سوپای عێراق

سەرکردایەتیی سەربازیی ئەو کاتە نەخشەی بۆ دانرا. ئەو کاتە من ڕابەری سیاسیی پەلەکەی خۆمان بووم. سەرکردایەتیی لقی کوردستانی حیزبی شیوعی لە دەرگەڵە بوون. وەک لەبیرم بێت، ئەم کەسانە بوون: مەلا ئەحمەد بانیخێلانی، ئەبووحیکمەت، عادل سەلیم و هەندێک کەسی تریش. مامۆستا بەهادین نووری و مامۆستا کەریم ئەحمەد لەوێ بوون. هێزەکانی پێشمەرگەش فاخر حەمەدئاغای مێرگەسووری و ڕەئیس کەمال نەعمان کە ئەفسەرێکی عەرەب بوو، منیر عەسکەر مامۆستا بوو

و خەڵکی عەینکاوە بوو، ملازم خدر لەسەر تۆپەکان بوو، ئێستاش هەر ماوە و لە هەولێرە. ئەفسەرەکان ملازم عەبدولرەحمان و ملازم ئیحسان بوون. ڕەنگە ناوی تریشم لەبیر چووبێ. لەگەڵ ئەم هێزەی ئێمەش بە سەرپەرشتیی عزەت سلێمان بەگ و زراری برای. بەڕاستی ئەوەی بیرم بێت، لەسەر شاخ و بەرزاییەکانی دەوروبەری ئەم هێزانەم بینی. ئێمە لەسەری هەندرێن بووین، لەبەر سەرما چووبووینە ئەشکەوتێک پێیان دەوت ئەشکەوتی "گامۆر"، دووکەڵی ئاگر خەریک بوو کوێری دەکردین. سەرما و باران تاکو ڕۆژی (١٩٦٦/٥/١٢) بەردەوام بوو. لە بەرنامەی هێرشکردنەکەدا دەستەدەستە جیا کراینەوە بۆ هێرش بۆ سەر سوپاکەی عێراق. لەلای خزمانەوە بە تۆپی ٨١ ملم و ٨٢ ملم بە سەرپەرشتیی ملازم خدر کەمال نەعمان لە دوای نیوەڕۆوە دەست کرا بە تۆپبارانی سەنگەرەکانی سوپای عێراق. لە کۆسپی سپی لەولای بەرزیوەوە تۆپخانە هەبوو، لەسەر جادەی هاملتون لە پێچەکەی کە لادەداتەوە بەرەو بەرسرین، چەند تۆپێکی "١٢٥" ملمی لێبوو. ئامرهێزی باڵەک "عەبدوڵلا ئاغای پشدەری" و خوالێخۆشبوو "فرانسۆ هەریری" لەوێ بوون، هەروەها ئیدارەی هێزی باڵەک "عەبدولرەزاق بێتوشی"ی خەڵکی کۆیە بوو. بەو حسابەی شەڕەکە لە سنووری هێزی باڵەکدایە بە سەرکردایەتیی شۆڕشی خوالێخۆشبوو کاک ئیدریس بارزانی و کاک مەسعود بارزانی، ئەوانیش دوور و نزیک سەرپەرشتیی هێزەکانیان دەکرد. لەگەڵ دەستپێکردنی هێرش دژی حیزبی شیوعی هەندێک پروپاگەندەیان بڵاو کردەوە. شیوعییەکان هەندرێنیان فرۆشت و خیانەتیان کرد، ئەمە ڕۆژانی پێش هێرشی ئێمە تاکو ٥/١٢ بوو، چەند ڕۆژێ ئەم قسانە کرا، بەڵام ئێوارەی هێرشی ئێمە هەموو ئەو پروپاگەندانە بەتاڵ بوونەوە و قسەی ناحەزان پوچەڵ کرایەوە.

دەوری سەعات ٢:٣٠ی پاشنیوەڕۆ هێرشی ئێمە دەستی پێکرد. هەر هێزەش جێگەی بۆ دەستنیشان کرابوو. من خۆم بۆ دەستەی

هێرشبردن نووسی و شەڕ دەستی پێکرد. هەر لە یەکەم هێرشمان بۆ سەر سەنگەرەکانی سوپا سەرکەوتوو بووین، چونکە ئەو هاوەنانەی کە هەمان بوو، پێش هێرشەکە بە سەرپەرشتیی ڕەئیس کەمال نەعمان و ملازم خدر جێگەکانی خۆیان زۆر باش پێکا. کاک فاخر مێرگەسووری و هەموو پێشمەرگەکان لەگەڵ هێزەکانی دەرگەڵەییەکان بە سەرپەرشتیی عزەت سلێمان بەگ و زراری برای دەورێکی یەکجار مەردانەیان نواند. لە ماوەی چەند سەعاتێکدا ئەو هێزە گەورەیەی لیوای چوار شکا و هەڵاتنی سەربازەکان دەستی پێکرد. ڕەبیە بە ڕەبیە دەگیرا و ئێمەش دەچووینە پێشەوە، بە دواوەیان بووین. من خۆم لە ناوەڕاستی شاخی هەندرێن لە هێرشبردندا بریندار بووم، گوللەیەک بەر سەرم لای گوێچکەم کەوت، ئیتر کەوتم و خوێن لە لووت و دەموچاوم دەهات. ئێستاش ئەو گوێچکەیەم هیچی پێنابیستم؛ لە جێگەیەکی تردا دێمەوە سەر ئەم باسە. سەفەری بەغدا و ئێران کرد و عەمەلیاتم کرد، بەڵام سوودی نەبوو، ئەمەش خۆی چیرۆکێکە لە ژیانی مرۆڤدا.

لەو شەڕ و هێرشە مەردانەیەدا سێ کەسمان لێ شەهید بوو ١- عەریف یونس کە سەرلق بوو، پیاوێکی مەرد و ئازا بوو. ٢- ساڵح مام ئەلیاس، خەڵکی ڕواندز بوو، باوکیشی هەر پێشمەرگەیەکی ئازا بوو. لەگەڵ عەریف یونس سەرپەل بوو. ٣. خدری عەبدوڵلا بەگی دەرگەڵەیی کە لەگەڵ هێزەکەی کاک عیزەت و دەرگەڵەییەکاندا بوو.

ئەوەندەی لەبیرم بێت ئەم کەسانەش بریندار بوون: ١- مستەفا چاوڕەش. ٢- ڕەئوف ئەڵڵاکەرەمی هەڵەبجەیی ٣- حەسەن خەڵکی سلێمانی بوو، تۆزێک ئەشەلی ٤- عومەر قەرەچەتانی ٥- ئیسماعیل نەسروڵڵا ٦- زراری سلێمان بەگ ٧- سەعید خەڵکی ڕەواندز بوو. من لە تەنیشت شەهید ساڵح مام ئەلیاسەوە بریندار بووم. ئیتر ئیمان و بڕوامان ئەوەندە بەهێز بوو بە حیزب و چینی کرێکار، لەو کاتەی خوێن لە دەموچاوم و سەرم دەهات، وامدەزانی ئەمرم، چونکی گوللە لە

سەری ئینسان بدات و نەزیف هەبێ، ئەگەری مانەوەی لە ژیاندا کەمە. هوتافم دەکێشا بە ژیانی حیزبی شیوعی و چینی کرێکار. کوڕێکی هاوڕێم لەگەڵمان بوو و ناوی بەکرەڕەش بوو، خەڵکی کەرکووک بوو، لەو کاتەی من هاوارم دەکرد بژی حیزب و چینی کرێکار، وتی هەتیو فلقەفلقی چیتە؟ کەی کاتی ئەوەیە؟ تۆ خەریکی دەمریت. ئیتر ئاگام لە شەڕەکە نەما. دنیاش بەرەو تاریکی دەڕوات.

شاخی هەندرین زۆر گەورە بوو. لەو شوێنەی بەجێیان هێشتبوو، چادرێکمان بینی، وتیان ئەم چادرە هی ئامرلیواکەیە و ڕای کردووە، لەوە دەچوو وابێت، لە هی سەرباز نەدەچوو. هەموو پێویستییەکی تێدا بوو، بۆ نموونە لیفەی تێدا بوو بە بەرگەوە، کە لە سەربازی هەر بەتانی هەیە. من بە لیفەکەی ئامرلیواکە دایانپۆشیم، کە گەورە بوو و دوو کەسی بوو. ئەو شەوە بەبێ دەرمانکردن مامەوە، بەڵام هاوڕێکانم برینەکەیان توند بۆ بەستم بۆ ئەوەی خوێنی زیاترم لێ نەڕوات. ڕێگەش ئەوەندە دوور بوو، هی ئەوە نەبوو بە کوڵ هەڵمگرن. بەو شەوە هەر نەدەکرا. بەیانی تۆزێک بە کوڵ هەڵیانگرتم و ولاخیان بۆ پەیدا کردم، سواریان کردم بۆ خوارەوە بۆ بارەگاکانی پشتەوە لەسەر جادەی هاملتۆن. لەوێشەوە سواری سەیارەیان کردم بۆ خەستەخانەی شۆڕش لە "ناوپردان"، کە خانویەکی گڵ بوو و دوو ژووور بوو، نزیک جادەکە بوو لەمبەرەوە. دکتۆرێکی عەرەبی لێبوو و بە ناوی "دکتۆر حەسەن"، لێپرسراوی خەستەخانەکە بوو، خۆشی شیوعی بوو. ئەنجا بێمەوە سەر دۆخی تەندروستیی خۆم. لەبەر ئەوەی خوێنێکی زۆرم لەبەر ڕۆیشتبوو، چووبووە ناو گوێچکەمەوە و خوێنەکە وشک بووبووەوە. تا گەیشتمە ناوپردان، بیست و چوار سەعاتی خایاند. لەوەش سەیرتر ئەوەبوو دەمم نەدەکرایەوە؛ دیار بوو گوللەکەی کە بەرم کەوتووە، دەماری مفسەلی لای گوێچکەمی گرتووە، ئەمەش شتێکی زۆر زەحمەت بوو. بێجگە لە ئازار و برینداری ئەمەشی هاتە سەر. دەمم نەدەکرایەوە خواردنی پێبخۆم، لە کاتی قسەکردندا دەمم دەیگرت، پسکیتم دەکردە چاوە و بە پەنجە ئەمخستە دەممەوە، پاش دوو ڕۆژ لە خەستەخانەی شۆڕش لە ناوپردان تۆزێک کرایەوە.

## داستانی شەڕی هەندرێن

شەڕە گەورەکەی هەندرێن بووە داستانێکی بێوێنە لە ژیانی شۆڕشی ئەیلوولدا و دەیان هۆنراوە و پەخشانی بەسەردا هەڵدرا. بەڕاستیش هەقی خۆیەتی، لەبەر ئەوەی گۆڕانێکی بەرچاوی هێنایە کایەوە. لەو شەڕەدا دەیان پارچە چەکی قورس گیران لە تۆپ و جۆرەکانی جیهازی زۆر پێویست، کە بۆ کاری سەربازی بەکار دەهێنرێ. بێجگە لە سەدان پارچە چەکی سووک و کوژرانی سەربازێکی زۆر لە مەیدانی شەڕەکەدا. لەبەر ئەوەی من لەوێ نەبووم و لە خەستەخانە بووم، لە هەموو جێگەیەکەوە لە سنوورەی باڵەکایەتی و ڕواندز خەڵکی دەچوون بۆ تەماشاکردنی شاخی هەندرێن. هەندێک کەسیش چووبوون شتە بەجێماوەکان ببەن بۆ خۆیان. خەڵکی دێهاتەکانیش هەقی خۆیان بوو.

## ناردنم بۆ ئێران بۆ چارەسەر

پاش ئەوەی چەند ڕۆژێک لە خەستەخانەی ناوپردان مامەوە، ناردمیان بۆ خەستەخانەی "خانێ" لە ئێران. چەند ڕۆژێکیش لە خانێ مامەوە. دوایی ناردمیان بۆ تاران. لە بیرمە کە ڕەوانەیان کردین بۆ تاران، سێ پێشمەرگە بووین، ئەو کاتەش کارمەندێکی دەوڵەتیان لەگەڵ دەناردین لە هێنان و بردن، دیار بوو ساواک بوو. ١- من خۆم ٢- کوڕێک ئاشووری بە ناوی ستێفان، ئەڵغام لە دەستیدا تەقیبووەوە. پەنجەکانی پەڕیبوون و چاوی ئەزیەت دابوو، بە زەحمەت دەیبینی. ٣- کەسێکی تر بە ناوی سەعید خەڵکی لای دهۆک بوو، ئەویش ئەڵغامی پێدا تەقیبووەوە و مێشکی تێک دابوو. چووینە شاری مەهاباد، یەکەمجار بوو ئەوێ ببینم. لە کەبابخانەیەک نانمان خوارد، دوایی چووین بۆ "مەراغە". ئێوارە سواری شەمەندەفەریان کردین، چوار کەس

بووین، کارمەندێکی دەوڵەت و ئێمەش سێ پشمەرگە، کەسێکی تریشمان لەگەڵدا بوو، لەوە دەچوو بارزانی بێت. شەوەکەی لە ناو شەمەندەفەرەکەدا بووین، ڕۆژ بووەوە و گەیشتینە تاران. لە وێستگەی شەمەندەفەر دابەزین. لە ژیانمدا شاری وا گەورە و جوانم نەدیبوو؛ لە شاخەوە بۆ تاران. ئیتر دەستیان گرتین و لە شەقامەکە پەڕیینەوە. جلی خاکی و کوردیمان لەبەردا بوو. خەڵکی تەماشایان دەکردین. من کەڕ بووم و دەمم نەدەکرایەوە. سەعید ئەقڵی نوقسان بووبوو. ستێفان کوێر بووبوو. بە ڕاستی کە خەڵک سەیری دەکردین، بەزەییم بە خۆماندا هاتەوە، وتم ئێستا خەڵکی کە ئەمانبینن، ئاخۆ بە چیمان تێبگەن؟ ئەو کاتە سەردەمی شا بوو، کارمەندەکەی ساواک بردینی بۆ جێگەیەک، کە لەوە دەچوو جێگەی حەوانەوە بێت و تایبەت بێت بە پێشمەرگە و بریندار، لە "سەڵتەنەت ئاباد" بوو. لەبەر ئەوەی من برینەکەم چاک بوو، پێویستی نەکرد لە خەستەخانە بمخەن. ڕۆژانە دەیانبردم بۆ لای دکتۆر. ئەوەی پەیوەندیی بە برینەکەمەوە هەبوو، دکتۆرەکان وتیان ئەم حاڵەی ئەم بە تێپەڕینی کات چارەسەر دەبێت، دەمی چاک دەبێتەوە و دەکرێتەوە. گرژی و خوێن گرتوویەتی. ماوەی دوانزە ڕۆژێک لە تاران بووم. ڕۆژێک کارمەندێکی دەوڵەت هات، لەبەر ئەوەی دەیان گەڕاندمەوە، بردیانینە دەرەوە بۆ بازاڕ و دوایی گەڕاینەوە بۆ سەڵتەنەت ئاباد. بۆ ڕۆژی دوایی گێڕانیانینەوە بۆ کوردستان. ئیتر کە چوومەوە بۆ لای هاوڕێکان، لە قسەکردندا دەمم دەیگرت. هەر کەسێک قسەی لەگەڵ بکردمایە، هەستی پێدەکرد. هەر لەو ماوەیەدا بە حوکمی گەورەیی شەڕی هەندرێن شۆڕش و حکومەت سووکەگفتوگۆیەکیان کرد بە ناوی ڕێککەوتنی حوزەیران. گفتوگۆکەش لەگەڵ عەبدولڕەحمان بەزازی سەرۆک وەزیر کرا. شەڕی هەندرێن وای کرد حکومەتی بەزاز بکەوێتە گفتوگۆ.

## ڕێککەوتنی عەبدولڕەحمان بەزاز

لەبەر دۆخی خۆم و دەمم سەردانی بارەگای بارزانیم کرد لە حاجی هۆمەران، لەوبەرەوە بوون لە کوێستانەکان. بارەگای بارزانی لەژێر چادردا بوو. نامەیەکیان دامێ بۆ دکتۆر "غانم عەقراوی" لە خەستەخانەی شەعبیی بەغدا، دۆستی شۆڕش بوو. بە منیان وت نامەی بارزانییە، لام زۆر گرنگ بوو، ڕەنگە نامەکە یان کاک ئیدریس یان کاک مەسعود نووسیبێتیان. نامەکەم وەرگرت و هاتمەوە بارەگاکانی خۆمان لە بەرسرین.

ئامرهێزی باڵەک عەبدوڵڵا ئاغای پشدەری بە دەستوخەتی خۆی بەرگەیەکی بۆ کردم بۆ ئەوەی بڕۆم بۆ بەغدا و لە بازگەکان دەست نەهێننە ڕێگەم. کوڕێک سەیارەیەکی مارسیدسی پێبوو و ناوی نامیق بوو، هەولێری بوو، وابزانم شیوعیش بوو. برادەران دەیانناسی. لەگەڵ نامیق سواری سەیارە بووم بۆ هەولێر و لەوێشەوە بۆ بەغدا. گەیشتمە بەغدا، هەندێک ماڵی خزمم هەبوو لەوێ. چوومە ماڵی کاک جەبار کوڕی پووری دایکم. ڕۆژی دوایی چووم بۆ خەستەخانەی شەعب لای دکتۆر "غانم عەقراوی". نامەکەم دایە دەستی و زۆرزۆر ڕێزی گرت. وتی بەسەرچاو، دەبێ ڕێگەیەک بدۆزینەوە بۆ عەمەلیات. بۆ ڕۆژی دوایی چوومەوە بۆ خەستەخانەی شەعب، دیار بوو خۆی ڕێکی خستبوو، بردمیانە ژووری نەشتەرگەری "عەمەلیات" و پاڵیان خستم. ئەوەندەم ئاگا لێبوو دەرزییەکیان لێدام و شتێکیان خستە دەممەوە، قاڵبێک بوو بە قەدەر دەمم دەبوو، وەک جەکی سەیارە وابوو. پاش ماوەیەک کە هۆشم هاتەوە و چاوم کردەوە، هەندێک لە خزمەکانم کە ماڵیان لە بەغدا بوو، هەروەها شەهید "عەلی بۆسکانی"م بینی. لەگەڵ کاک عەلی هەم تێکەڵاوی خێزانیمان هەیە و هەم شیوعی بوو. بەداخەوە لەم ساڵانەی دواییدا خەڵکی نامەرد و قازانجپەرست بە دەستی غەدر شەهیدیان کرد. قەت غەدری وا گەورەم لەبیر ناچێت. ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵی کاک جەباری پوورزام و چەند ڕۆژێک لەوێ پشووم دا. پاش نەشتەرگەرییەکە دەمم فەرقی کردبوو. لەبەر ئەوەی بە زۆر کردبوویانەوە، وەک خۆی لێهاتەوە، بەڵام کەمێک لە جاران باشتر بوو و فەرقێکی کردبوو.

## گەڕانەوەم بۆ لای هاوڕێیان

ئەگەرچی خزمەکانم زۆریان لێکردم جارێ نەڕۆمەوە، بەڵام من بڕیارم دا بگەڕێمەوە. دیارە کە من هاتم بۆ بەغدا، سووکەڕێککەوتنێک هەبوو، ماوەکەی کورت بوو. هەر بەو خەیاڵە گەڕامەوە، بەو بەرگەیەی کە بەڕێز عەبدوڵلا ئاغای پشدەری بۆ ئاسانکردنی ڕێگە بۆ نوسیبووم. لە گەڕانەوەمدا لە سەیارەکەدا لە خالس ڕایانگرتین، وەک پیشەی هەمیشەیی بازگەکانی عێراق داوای ناسنامەیان کرد، منیش بەرگەکەم دەرهێنا، وتیان دابەزە. هەر بە دابەزینم سەربازەکان کەوتنە لێدانم و گرتیانم، سەیارەکەیان ئیزن دا و منیان گلدایەوە، پاشان لەگەڵ چەند سەربازێک بردیانم بۆ سەربازگەی "سەعد". پاشان نووسراویان بۆ کردم بۆ دایەرەی ئەمنی بەعقووبە. لە ژووری مدیر ئەمنی بەعقووبە لێپرسینەوەیان لەگەڵ کردم. لەوێ نەموت پێشمەرگەم، وتم خوێندکارم، لە ماڵی خزمەکانم بووم لە بەغدا. لە گەلاڵە نەخۆش کەوتووم و ئەم بەرگەیان داومەتێ بۆ لای دکتۆر لە بەغدا، بۆ چارەسەر ڕۆشتووم بۆ ئەوێ. برینەکەم دەمێک بوو سارێژ بووبوو. هەر کێشەی دەمنەکردنەوەم بوو، پێمەوە دیار نەبوو. مدیری ئەمن وتی کێ دەڵێت تۆ بریندار نیت؟ وتی پیاسە بکە بۆ ئەوەی بزانێت ئەشەلم یان لەم جۆرە شتانە، منیش چەند جارێ بە بەرچاویەوە هاتم و چووم. چونکی تەمەنیشم کەم بوو و لە پێشمەرگە نەدەچووم، ڕەوانەی تەوقیفی بەعقووبەیان کردم. چەند ڕۆژێ لەوێ بووم، پڕبوو لە خەڵکی کورد بۆ ئەوەی هەر کەسەو بۆ جێگەی خۆی ڕەوانەی بکەنەوە. دیارە منیش لە قسەکانمدا وتوومە خوێندکارم، کۆمەڵێک کوردی تێدا بوو و بەردەبوون، بیرم کردەوە تازە من دەگەڕێمەوە. لەوێ کوڕێکی تێدا بوو لە تەمەندا لە من گەورەتر بوو، وتیان شیوعییە و گیراوە، ناوی "باقی" بوو، خەڵکی خانەقین بوو. منیش خۆم پێناساند. بەڕاستی زۆر یارمەتیی دام و ئەو چەند ڕۆژە جێگەی کردمەوە. دوایی بانگیان کردم و وتیان خۆت ئامادە

بکە، ڕەوانەی کەرکووکت دەکەین "تەسفیرات" بە شەمەندەفەر. سێ پۆلیسیان لەگەڵ ناردم. کەلەپچەیان کردە دەستم و سواری شەمەندەفەر بووین. پۆلیسەکان کورد بوون، خەڵکی دەوری خانەقین یان شارەبان بوون. کە زانییان کوردم، لەناو شەمەندەفەرەکەدا کەلەپچەکەیان لەدەستێکم کردەوە، بەڵام بە دەستێکمەوە مابوو، کردیان بە شیشی کورسییەکەی بەردەمم، هەر پیاوەتی بوو، منیش لەو دەقیقەی کە گیراوم، بیر لە ڕاکردن دەکەمەوە و چۆن خۆم دەرباز بکەم و ڕزگارم بێ. لە هەندێک جێگە شەمەندەفەرەکە ڕادەوەستا. کە نەمویست ڕابکەم دوو هۆی هەبوو: ١- پۆلیسەکان پیاوەتییان لەگەڵ کردووم و کەلەپچەکەیان داکەندووە. ٢- ئەگەر ڕاشم بکردایە، چونکی چۆڵەوانی بوو، دەگیرامەوە. ئیتر ماوە نەمایەوە، گەیشتینە کەرکووک. وتم لە ناو کەرکووک ڕادەکەم. سەعاتێکم لە دەستدا بوو، هەندێک زنجیر هەیە وەک ئیسپرینگ دەکشێت، بردمە لای ئانیشکم. وتم تاکی کەلەپچەکە دەکەم بە ژێریدا و قۆڵی کراسەکەم دادەدەمەوە بە سەریدا.

مانگی هەشت بوو، بەڵام شانسی من کە سواری پاسیان کردم، چووە ناو مەوقیفی کەرکووکەوە. لەوێ دایانگرتم و هیچ دەرەتانێک نەمایەوە بۆ هەڵاتن. ئیتر کردمیانە ژوورەوە. ژوورەوە پڕ بوو لە خەڵکی و زۆریان شیوعی بوون خەڵکی لای موسڵ بوون. منیش وەک ئەوەی شتێکی گەورەم دۆزیبێتەوە، خۆم پێناساندن. بردیانمە لای خۆیانەوە، زۆر حورمەتیان گرتم و هاوکارییان کردم. دوانیان ناوەکانیان دەزانم، پاش بەربوونیان هاتنە دەرەوە بۆ لای حیزبی شیوعی لە ناوچەی گەلاڵە. ناویان سوبحی و عامر بوو و لە شیوعییەکانی شاری موسڵ بوون. دوو شەو لەوێ مامەوە. بڕیار بوو ڕەوانەی سلێمانیمان بکەنەوە. نزیکەی ٨ تا ١٠ کەس دەبووین. خستینیانە ناو سەیارەیەک، کە وەک قەفەز وابوو، پەنجەرەپەنجەرە بوو. بەرەو سلێمانی کەوتینە ڕێ. هێشتا هەر بیر لە ڕاکردن دەکەمەوە،

هۆیەکەشی ئەوە بوو ئەگەر لە سلێمانی دەفتەر و کۆنیەی من هەڵبدەنەوە، دەزانن شیوعیم، دەورم هەبووە و ناوم هەیە. منیش لە ئیفادەکەمدا وتوومە خوێندکارم، ئێستاش لە سلێمانی دەمناسن و دەزانن یەکەم پێشمەرگەم. لە ڕابوردووشدا خەباتم دیار بووە و تووشی ئازاری زۆر دەبم یان زۆر دەگیرێم. هەندێک شت هەیە گێڕانەوەی وەک فیلم وایە. کاتێک لە کەرکووکەوە بۆ سلێمانی بە سەیارەی پۆلیس لە قەفەزەکەدا بە ڕێگەوە بووین، زاوایەکی پووری گەورەمان پوورە حەلاو ماڵیان لە کەرکووک بوو، ئۆتۆمبێلی باری گەورەی پێبوو و لە نێوان کەرکووک و سلێمانیدا ئیشی دەکرد، ناوی 'حاجی کەریم' بوو. ئۆتۆمبێلەکەی ئێمە لە پێشەوە بوو. ئۆتۆمبێلەکەی ئەویش لە دواوە بوو و پوورزاکانمی تێدا بوو. نەوزاد و سیروانی کوڕی بوون. کە منیان بینی، ئەنجا زانرا گیراوم، چونکی تاکو ئەوەی گەڕابوومەوە لە بەغدا، وایانزانیوە دوای نەشتەرگەرییەکە گەیشتوومەتەوە لای هاوڕێیان لە گەلاڵە. کە گەیشتبوونە سلێمانی، ئاگاداری کەسوکاریان کردبوو کە من گیراوم و بەو شێوەیە منیان بینیووە. منیش کە ئەوانم بینی، دەستم بۆ جوڵاندن، ئیشارەتم دانێ و زانییان.

گەیشتینە حەوشەی سەرای سلێمانی. ڕۆژی هەینی بوو و تەسلیمی پۆلیسی خەفەریان کردین. بەڵام لەبەر ئەوەی هەینی بوو و دائیرە نەبوو، هەر لە حەوشەکەی بەر ژووری ئەفسەری ئێشگر ڕایانگرتین. نووسراویان کرد بۆ ئەوەی بمانبەن بۆ سجنی سەرەوە، تاکو ڕۆژی شەممە دائیرە دادەنرێ و بانگمان بکەن. ئەوانەی لەگەڵ من بوون، ڕەوانەیان کردن، هەر من مامەوە. وتیان تۆ سەربازی فیراری، دەتنێرین بۆ حامیەی سلێمانی. منیش وتم کاکە وانییە بڕۆن جوان تەماشای نووسراوەکان بکەن من خوێندکارم. ڕۆیشتن، پاش کەمێک هاتنەوە و وتیان ڕاستە. ڕاوەستە تاکو کتابەکەت بۆ چاک دەکەین. منیش هەر لە حەوشەی سەرای سلێمانیم، لەبەر ژووری ئەفسەری ئێشگر ڕاوەستام،

بەڵام کەلەپچەکەم لە دەست کراوەتەوە. منداڵی سلێمانیم و کۆڵانەکانی سلێمانی هەمووی شارەزام. سێ پۆلیسیان هێنا ئاگایان لێم بێت، ئەفسەرەکە داوای ناوی کرد، دوانیان مایەوە. لەو کاتەدا منداڵێکیان هێنا کە مار پێوەی دابوو.

وردەوردە هاتمە لای دەرگا گەورەکەی حەوشەی سەرا، بەرامبەر بەڕێز ڕەفیقی وێنەگر لەسەر شەقامی پیرەمێرد کە بەرامبەر حەمامەکە بوو. یەکسەر لە شەقامەکە پەڕیمەوە بۆ کۆڵانەکەی بەرامبەری و لە بەرچاو ون بووم، بە ڕاکردن خۆم کرد بە مزگەوتەکەدا بۆ دیوی شەقامی گۆرانی ئێستا. مزگەوتەکە دوو دەرگا بوو، خۆشم زۆر شارەزا بووم، یەکسەر دەچووە لای حەمامی سەرچناری ئێستا، کە ئێستا شەقامی گۆرانە، ئەو ساڵە تازە دروست دەکرا. شەقامەکە هەمووی هەڵکەندرابوو، ساڵی ١٩٦٦ ڕێگە نەبوو سەیارەی پێدا بڕوات، ئاوەڕۆی گەورەیان تێدا دروست دەکرد. هەر بە ڕاکردن بەرەو ماڵەوە ڕۆیشتمەوە. ماڵی پوورە حەپسەم لەسەر جادەی گۆران بوو، لای سەرەوە ماڵی وەستا حەمەئەمینی بەنا، خۆم کرد بە ماڵەوەدا و وتم لە زیندان ڕام کردووە. وریای خۆتان بن و هەر ئەوەندە. ئیتر لەوێ دەرچووم بۆ جێگەیەکی ئەمینتر. حکومەت هاتبوون خاڵێکمیان گرتبوو بە ناوی "عەباس دەرویش حسێن" خەیات بوو، ماڵبەماڵی خزمەکان گەڕابوون و ئەوەی شکیان لێکردبێت، لەگەڵ خۆیان بردبوویان، بەڵام تازە من ڕزگارم بوو. لە ماڵی کەسێکی ناسیاومان بووم لە گەڕەکی "حاجی حان"، هەر لەوێشەوە جوابم نارد بۆ بۆ هاوڕێیانی حیزب، لە سلێمانی، کە شتێکی وابووە.

پاش دوو شەو مانەوە لە ڕێگەی حیزبەوە و لەگەڵ هاوڕێیەکی تر لە کارێزەوشکەوە و لای ئیسکان دەرچووینە دەرەوە بۆ دەرەوەی شار. ناوی "مام قادر" بوو، ئەو کاتە ئەندامی لیژنەی شاری سلێمانی بوو، ئەگەر زیاتر نەبووبێ. زۆر بەداخەوە ماوەی چەند مانگێک پێش ئێستا

وەفاتی کرد، بەرەو گەلالە و دەرگەڵە ملی ڕێگەمان گرت. ئەوە بۆ من خۆشترین سەرکەوتن بوو. هەندێک جار لە فیلمدا یان لە کتێبدا شتی وامان خوێندووەتەوە. بە ڕۆحیەتی بەرزەوە ڕزگارم بوو، خاڵم چەند ڕۆژێک زیندانی کرا و پاشان بەردرا. پاش چەند ڕۆژێک ڕێگە گەیشتمەوە لای هاوڕێیان و بەسەرهاتی خۆم بۆ گێڕانەوە.

ئینجا بێمەوە سەر نەشتەرگەری. دەمم وەک جارانی لێهاتەوە، تەنها تۆزێک فەرقی کردبوو. لای ڕاستم گوێچکەم هیچی نەدەبیست، کەڕ بووبووم و دەمم باش نەدەکرایەوە، کە قسەم دەکرد زمانم دەیگرت و پێمەوە دیار بوو. ئەو کاتەی من لە دەست پۆلیسەکان رام کرد، کەسێک عەریفی ئێشکگر بوو بە ناوی "عەریف ئیبراهیم ئەولێ" خەڵکی سلێمانی بوو و پیاوێکی باش بوو. لەسەر من نەقڵی ڕانیەیان کرد. بەداخەوە ئەوانیش لەسەر من لەگەڵ پۆلیسەکان تووشی دوورکەوتنەوە و گواستنەوە بوون، چاریش نییە، ئەمە ڕێگەی خەباتە، زۆرم پێناخۆش بوو.

من وەک جاران لە دەرەوە بووم. ڕۆژبەڕۆژ و مانگبەمانگ سال دەچێتە پێشەوە، تفەنگم کردەوە شانم و لەگەڵ هاوڕێکان واجباتی خۆم دەست پێکردەوە. وا بوو بە سالّی "١٩٦٧". لە سلێمانی حیزب تووشی هەندێک کێشە بووبوو، هەڤاڵەکان داوایان کردبووم بۆ لای خۆیان. من ئاگام لە هیچ نەبوو، بەڕێز مامۆستا کەریم ئەحمەد و بەڕێز مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی بانگیان کردم بۆ دەرگەڵە. کە چووم، وتیان حیزب لە سلێمانی پێویستیان پێت هەیە، کێشەیەک ڕووی داوە. ئەوەی ڕاستی بێت، خۆشم زۆرم پێخۆش بوو، لە شاخ ڕزگارم دەبێ و ئەگەڕێمەوە بۆ ناوشار بۆ لای هاوڕێیان، تەنانەت ئەگەر کاتیش بێ. ئەو هاوڕێیانەی داوایان کردبووم، هەموویانم دەناسی، لەوەپێش پێکەوە بووین. پاش ئەو بڕیارەی حیزب بە نهێنی گەڕامەوە بۆ سلێمانی، پەیوەندیم کرد بە حیزبەوە و هەڤاڵەکانیشم بینی وەک ١- ئەکرەمی حەپسە ٢- لەتیف

حەمەموراد، ساڵی ١٩٦٩ لە بەغدا لە قەسر ئەلنیهایە شەهید کرا. ٣- مەلا ڕەئوف، ئێستا لە لەندەنە.

ئەو کاتەی هاتمەوە، لەگەڵ هاوڕێ "شێخ عەلی" کە لێپرسراوی ڕاستەوخۆی ئێمە بوو، ئیشمان دەکرد. بەداخەوە وەفاتی کرد، پیاوێکی مەرد و ئازا بوو، باوکی "بەختیار عەلی"، کە ئێستا بەختیار یەکێکە لە نووسەرە گەورەکان. ئەو کاتەی من هاتوچۆم دەکرد، بەختیار منداڵ بوو، وابزانم لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی بوو یان زیاتر. شێخ حامدی مامیشی هەر لەوێ پێکەوە بوون، بنەماڵەیەکی شیوعیی تێکۆشەر بوون. وابزانم دەوری مانگی هەشت بوو. ماوەیەک پێکەوە کارمان کرد و کارەکانی حیزبمان بێ دوودڵی ڕادەپەڕاند و جێبەجێمان دەکرد. ئێمەش گەنج بووین و دڵسۆز بووین بۆ حیزبەکەمان. هەر لەو سەردەمەدا و لە "١٩٦٧/٩/١٧" حیزبی شیوعی بوو بە دوو بەشەوە.

ئەوەی پێیان دەوت "قیادەی مەرکەزی" عەزیز ئەلحاج سەرکردایەتیی دەکرد، گوایە دژی حیزب بوو و لە خەتی شۆڕشگێڕی لایان داوە. ئەم باڵەی حیزبی شیوعی خۆی بە شۆڕشگێڕتر دەزانی و دەیوت سیاسەتی حیزب کە لایداوە بە لای ڕاست، قیادەی مەرکەزی ڕاستی دەکاتەوە. جیابوونەوەکەش زۆر گەورە بوو، سەرتاپای عیراقی گرتەوە. دژی سیاسەتی سۆڤێت بوو، کە حیزبی شیوعیی دایک کلکیەتی و بە دوای ئەوەوەیە، قیادەی مەرکەزی دروست بوو، لە هەموو جێگەکانی عیراق دەرکەوت. ئێمەش ئەو هاوڕێیانەی کە ناوم هێنان، لەگەڵ "قیادەی مەرکەزی" کەوتین کە عەزیز ئەلحاج سەرکردایەتیی دەکات، هاوڕێ شێخ عەلی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تر بەڕێوەیان دەبرد. ئەنجا تۆ سەیر بکە، ئەو کاتە منیان ناردەوە بۆ ئیشکردن لە سلێمانی، بەڵام ئەوەندەی نەخایاند لەگەڵ باڵەکەی قیادەی مەرکەزی ڕۆیشتم. گەنج بووین، وردەکاریی سیاسەتی حیزب زۆر شارەزا نەبووین، ڕاست و چەپمان باش نەدەزانی. مامۆستا کەریم ئەحمەد و مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی و ئەبووحکمەت منیان ناردەوە، کەچی کە جیابوونەوە بوو، من لەگەڵ ئەم باڵەی تری حیزب

ڕۆیشتم، ئەوەش دوو مۆی هەبوو، هەموو هاوڕێ شۆڕشگێڕ و کوڕە ئازاکانی من دەمناسین، لەگەڵ قیادەی مەرکەزی بوون. منیش لەگەڵ هاوڕێکانی تر لەگەڵ قیادەی مەرکەزی بۆ ئیشکردن بەردەوام بووم. بڕوا بکەن ئەو کاتەی حیزبی شیوعی بوو بە دوو بەشەوە لە سلێمانی، زۆربەی زۆری شیوعییەکان لەگەڵ قیادەی مەرکەزی بوون، لای ئەوانیش مایەوە، بەڵام کەمەکەی بوو. لەبیرمە جارێکیان وتیان "ڕۆنیۆ" و چاپ کەوتووەتە لای ئەوان و لای هاوڕێ "....."ە. خۆمان حازر کرد بچینە سەری و داوای لێبکەینەوە، ئیتر نازانم چۆن بوو نەچووین، ڕێک نەکەوت. زۆرزۆر سەرمان قاڵ بوو بە کاری حیزبییەوە، بەو حسابەی ئێمە شۆڕشگێڕترین. خەریکی ڕێکخستنەوەی کارەکانمان بووین لەو بەشەی ئیشمان تێدا دەکرد. هەرچیمان پێسپێردرا، بەبێ دوودڵی بەدڵ و بەگیان جێبەجێمان دەکرد بۆ حیزب. کۆمەڵێک کادیر و هاوڕێی ئیشکەر و دیار بووین. ناومان هەبوو لای هاوڕێیان خۆمان و دەسەڵاتی ئەو سەردەمەی سلێمانی حسابیان لەسەر ئەکردین. لە ئیشوکارەکانیش خۆمان دەرنەئەخست. هەر لە ژوورەوە بووین، مەگەر کارێکمان بووبێ بهاتینایە دەرەوە، چونکی کەسانێکی دیار بووین، ئەگینا هەر لە ژێرخان و ماڵ خۆمان ئەشاردەوە، ئەو سەردەمەش حکومەت زەعیف بوو، بەڵام باڵی مەکتەبی سیاسی کە پێیان ئەوت "جەلالی"، لە سلێمانی دەسەڵاتیان هەبوو، بارەگای سەرەکییان لە بەکرەجۆ بوو، ئێمەش ناومان هەبوو، لە کادیرە سەرەکییەکانی حیزبی شیوعی بووین لە باڵی قیادەی مەرکەزی، لە ژێر چاودێریدا بووین.

من خۆم و ئەو هاوڕێیانەی پێکەوە کارمان ئەکرد، هیچ کێشە و گرفتێکمان نەبوو، دەستکاریی ئیشی کەسمان نەدەکرد، تەنها لە چوارچێوەی کاری حیزبیی خۆماندا بوو، بەڵام هەستمان ئەکرد جەلالییەکان چاودێریمان ئەکەن، ئیتر ساڵی ١٩٦٨ەوە خۆمان ئەپاراستن، چونکی ئەوان لەگەڵ دەسەڵاتدا بوون.

### جەژنی قوربان

ئەو ماوەیەی دوای جیابوونەوەی قیادەی مەرکەزی لە حیزبی شیوعیی عیراق ئێمەش لەناو ئەو حیزبەدا زیاتر خەریکی کاری حیزبی بووین. برادەرێکم خۆی لە جەماعەتی مەکتەبی سیاسی بوو، جوابی هێنا و وتی ئاگاداری خۆتان بن، چاودێریتان ئەکەن. بە حوکمی ئەوەی برادەری منداڵی بووین و لە گەڕەکدا پێکەوە بووین، ئاگاداری کردینەوە. شەوی یەکەمی جەژنی قوربانی ١٩٦٨ چووینە ماڵی برادەرێکم بە ناوی "شێخ کەریم"، دراوسێمان بوو و لە بەینەری ئێشی ئەکرد. ئەو شەوە لەوێ ماینەوە، هەم جەژن بوو هەم خۆپاراستنیش بوو، ڕۆژی دووەمی جەژن لە دڵی خۆمدا وتم حەقیان چییە بە سەرمانەوە؟ جەژنە و هەموو کەس سەرگەرمی جەژنە لەگەڵ کەسوکاری خۆیدا، چاوەڕوانی ئەوەمان نەئەکرد بە شەوی جەژن بێنە سەرمان.

### بە هێزێکی زۆرەوە هاتنە سەرمان

دووەم شەوی جەژن نزیکەی سەعات نۆونیو بوو. لە دەرگای ماڵەوە درا، غەڵبەغەڵب و قەرەباڵغی پەیدا بوو، ماڵمان لەسەر شەقامی گۆران بوو لە سەرروو ئۆرزدی باکەوە. لە ماڵی ئەکرەمی پوورم بووم، ماڵی "وەستا حەمەئەمین بەنا". من و ئەکرەم هەردووکمان لە تەمەنێکدا بووین، هاوڕێی یەک بووین و شیوعی بووین، تەنیا هەردووکمان بووین، شەوی جەژنیش ماڵەوە پڕ بوو لە کەسوکار.

هەردووکمان یەکی دەمانچەیەکمان پێبوو، د مانچەکەی من میکارۆفی رووسی بوو، ئەوەی ئەکرەم چواردەخۆر بوو. قسەمان دەکرد، نەمدەزانی کێن و کێ نین. سەربانێک بەرامبەرمان بوو، ماڵی مەلا مستەفا بوو، ئیمامی مزگەوتی حاجی شێخ ئەمین بوو، سەربانەکەیان

بەرامبەر ژوورەکانی ئێمە بوو، تەماشامان کرد پڕ بوو لە تفەنگ بەدەست. دیار بوو دەورمان گیرابوو، ئێمەش ئاگامان لێنییە سەربان و بنبان گیراوە، هاتنە بەر پەنجەرە و هەیوانی ئەو ژوورەی تێیدا بووین. پرسیمان ئێوە کێن؟ وتیان پێشمەرگەی حیزبین، بیکەنەوە. کە گوێمان لەوە بوو، وا هەستمان کر بۆ گرتنمان هاتوون. ژوورەکە مەکینەیەکی خەیاتی و لیفە و دۆشەکی تێدا بوو، هەموویمان خستە بەر دەرگاکە بۆ ئەوەی نەکرێتەوە و نەیەنە ژوورەوە، چونکە نیازی تەسلیمبوونمان نەبوو. پێمان وتن چیتان ئەوێ، لێرە بڕۆن، سوودی نەبوو. وتیان تەسلیم بن. ئەو ژوورەش من و شەهید ئەکرەم و و خوشک و دایک و منداڵەکانی تری لێبوون. لە دە کەس زیاتر بووین لەو ژوورەدا، بە خۆشیی جەژنەوە کۆبووبووینەوە. لە بەرامبەر دەرگای ئەو ژوورەی کە تێیدا بووین، کەسێک دەستڕێژێکی کرد بەناوماندا، غەدارەی ئەمەریکی بوو. لەو جێگەیەی فیشەکەکان هاتوونە ژوورەوە، مانای کەسێک وەستاوە. لێی هاتینە دەست و تەقەمان لەو جێگەیە کردەوە. شەڕ دەستی پێکرد، لە هەموو لایەکەوە دەستڕێژ دەکرا. من و شەهید ئەکرەم دابەش بووین. ئەو ئاگاداری بەر هەیوانەکە بوو، منیش دەرگاکە، نەکا پاڵی پێوە بنێن و بێنە ژوورەوە. گڵۆپەکانی ژوورەکەمان کوژاندەوە، ئێمە لە تاریکی و ئەوان لەبەر ڕووناکی. ئەوان کلاشنکۆف و بڕنەو و چەکی تریان پێبوو، ئێمەش تەنها دوو دەمانچەمان پێبوو، بەرگریمان کرد. بڕوا بکەن ماوەی یەک سەعات زیاتر هەر لە ژوورەوە بووین، چونکە نیازی تەسلیمبوونمان نەبوو. پاش دەستڕێژەکانی یەکەم ئێمە تەنها بۆ خۆپاراستن بۆ ئەوەی فیشەکمان پێبمێنێ، ناوبەناو تەقەیەکمان دەکرد، بەو مانایەی ماوین، بەڵام لە یەکەم دەستڕێژدا ئێمە دوو بریندارمان هەبوو، یەکێکیان زاهیری برام بوو، ئەو کاتە تەمەنی ١٢ ساڵ بوو، ماجدی پوورم تەمەنی یانزە ساڵ بوو، هەردووکیان خوێندکار بوون. ئەوان هەندێکیان لە سەربان دەبینران. ناوبەناو ژن

هاواری دەکرد و دەیقیژاند و سوورەتی قورئان و ئایەتەلکورسییان دەخوێند. لەپڕێکدا دەستڕێژیان لێدەکردین، لە نیوەیدا لە ترسا لەبیریان دەچووەوە، ماجد گوللەیەک بەر قاچی کەوت و خوێنی لێئەهات. زاهیریش گوللەیەک بەر قاچی کەوت و قاچی شکاندبوو، خوێنیان لەبەر دەڕۆیشت و لەتاو ئازار هاواریان دەکرد. کەسوکارەکەم پاڵ دەخست بۆ ئەوەی گوللە نەیانگرێتەوە. لەبەر ئەوەی کچەکەی پوورم خەیاتیی دەکرد و مەکینەکەی خەیاتییەکە هی ئەو بوو، جلی ژنانە و قوماشی جلدوورین لە ژوورەوە هەبوون. چووم برینەکانم بۆ پێچان بۆ ئەوەی خوێنی زیاتریان لێنەیەت. بۆ ئەوەی هێرش نەکەنە سەرمان، ئەکرەم بە وریاییەوە تەقەی دەکرد، منیش هەروەها. دوعاونزا هەر تەواو نەدەبوو. نەمانهێشت بێنە پێشەوە، ئەو هێزە زۆرە کە چوار پیکاب بوون، لە بەکرەجۆوە هاتبوون، پاش ماوەیەک تەقە کەمتر بووەوە. لەو کاتەدا دەستم لە پەنجەرەکە بردە دەرەوە و تەقەیەکم بەرەو سەرروو جادە کرد، حەرەسی ماڵی "مووسا سەمەد" هەبوو بەڕێوەبەری پەروەردە بوو، وتم بۆ ئەوەی بێن بەدەنگمانەوە، بەڵام هیچ نەبوو، نەهاتن.

پاش کەمێک گوێمان لە شوتەشوتی سەیارەی پۆلیس بوو، هاتنە بەر پەنجەرەکە، پەنجەرەکە بەسەر جادەی گۆراندا دەیڕوانی. سەیارەی پۆلیس ڕاوەستا و ئەفسەرێکی پۆلیس دابەزی، دەمانچەیەکی سمیتی بەدەستەوە بوو. وتم کەی ئەمە حکومەتە؟ هەندێک جنێوم دا بەوانەی هاتوونەتە سەرمان. وتی کاتی ئەوە نییە، دەرگاکە بکەرەوە. ئەوەی ڕاستی بێت هەر لە کاتی تەقە و ئەم جۆرە شتانەدا دامنابوو حکومەت دێت و دەگیرێین. زەمانی جاران لەژێر پشتێنی کوردییەوە قایش دەبەسترا، بە هەردوو کچە پوورەکەم "نەسرین و پەروین"م وت لەژێر جلەکانتانەوە بیبەستن، ئەگەر پۆلیس هات، بە دەستی بەتاڵ دەچینە بەردەستیان. هەر وامان کرد. پۆلیس هات، ئەوان شکان و ڕایان کرد، ئێمەیان بۆ نەگیرا. دەمانچەکەی خۆم و ئەکرەمی پوورمم دا بە

کچەکانی پوورم. کە دەرگامان کردەوە، بینیمان یەکێک لەوان بەجێمابوو، کوژرابوو. ئێمەش دوو بریندارمان هەبوو. من ماجدی پوورم هەڵگرت و خستمە ناو سەیارەی پۆلیسەوە، ئەفسەرەکە وتی سەرکەوە. وتم با بچم بریندارەکەی تر بهێنم کە زاهیری برام بوو. کە هاتمەوە ماڵەوە، وتم ئەکرەم با بڕۆین، چونکی ئەوەی لێیان بەجێمابوو، پۆلیس وایزانی لە ئێمە کوژراوە. لەگەڵ ئەکرەم چووینە ماڵێکی دراوسێ و کچەکانی پوورم دەمانچەکانیان بۆ هێناین. لەوێشەوە چووینە ماڵێکی دراوسێیەکمان تاکو بەرەبەیان لەوێ ماینەوە. ئیتر هەردووکمان لە کاتی بانگی بەرەبەیاندا هاتینە دەرەوە و ڕۆیشتین، بیرمان کردەوە بچینە هەر ماڵێک کە خزممان بێت، یان برادەری نزیکمان بێت، ڕۆژ بێتەوە دێن بۆمان ئەگەڕێن. بە شەقامی مەولەویدا هاتینە خوارەوە. لەلای فولکەی سەرۆکایەتیی زانکۆی ئێستا لای سلێمانی پالاس، نانەواخانەیەک هەبوو، هەندێک نانمان کڕی. ماڵی برادەرێکی حیزبیمان هەبوو لە عەقاری، پێشتر بۆ خۆحەشاردان لەوێ بووین. لە نزیک یان بەرامبەر ماڵی 'حەمەی حاجی تایەر' بوو، کە لێپرسراوی باڵی 'م.س'ی ئەو کاتەی سلێمانی بوو. وتمان جێگەیەکی بێشکە، بەرەبەیان بوو، لە دەرگامان دا، بە نانی گەرمەوە چووینە ژوورەوە. نەمانوت چی بووە و چی ڕووی داوە، جاری لێی نوستین. دوایی کاک مەحموود چووبوو بۆ دەوام بۆ سەرکارەکەی خۆی. کە هاتەوە بۆ ماڵ، وتی ئەوە ئێوە چیتان کردووە؟ شار شڵەژاوە و بەدواتاندا ئەگەڕێن، ئێمەش ئەوەی ڕووی دابوو، وەک خۆی بۆمان گێڕایەوە. وتمان کاکە کاتی ئەوە نییە، برۆ بە زووترین کات هەم حیزب ئاگادار بکە ئێمە لێرەین، هەم فیشەکمان کەم پێماوە لە هەردوو جۆرەکەیمان بۆ بکڕە و بۆمان بهێنە. ئەویش مەردانە ڕۆیشت، هاتەوە و فیشەکی بۆ هێناین. دوو شەو لە ماڵی ئەو بووین، دوای ئەوە هەندێک بەرنامەمان هەبوو. دوای ئەوەی ئەوان هاتوونەتە سەرمان، ئەوەی دەبێت جێبەجێی بکەین، ئەوەیە تۆڵەیان لێبکەینەوە، بەڵام

جێبەجێ نەبوو. پاشان ملی ڕێگەمان گرت بۆ دەرەوە. ئیتر بۆ ڕۆژەکەی هەندێک لە خزمەکانمان وەستا حەمەئەمین بەنا و باوکی شەهید ئەکرەم گیران، زەختێکی زۆریان لە کەسوکارمان کردبوو.

ئێمەش لە ڕێگەی حیزبەوە ڕێگەمان گرتەبەر بەرەو بناری بەمۆ بۆ دێی کوێرەک و بانی بی بۆ لای عەلەڕەش و کاک حەمەفەرەج فەتاح. شارەزایان لەگەڵ ناردین تا گەیشتینە دێی کوێرەک. ماڵی کاک عەلەڕەش لەوێ بوو، کەسێکی دیاری شیوعی بوو لە ناوچەکە. لەگەڵ کاک حەمەفەرەج فەتاح هەردووکیان لە کادیرە دیارییەکانی حیزب بوون. هەردووکیان بەشدار بوون لە جووڵانەوەی جوتیارانی هۆرین و شێخان لە ساڵی ١٩٥٣ دژی ئاغاکان.

ئەو ماوەیەی لەوێ بووین، شتێک نەبوو خۆمانی پێوە سەرگەرم بکەین، بەڵام باشییەکەی ئەوەبوو ناوچەیەکی ڕزگارکراو بوو لەلایەن شۆڕشەوە، وا ڕێکەوت ئەو کاتەی ئێمە ڕێمان کەوتە ئەوێ، شەڕ گەرم بوو لە بەینی جەلالی و مەلاییدا، فاخری حەمەدئاغای مێرگەسووری و سامی عەبدولڕەحمان هەردووکیان خوا لێیان خۆش بێت، هاتبوون بۆ سەرپەرشتیی ئەو ناوچەیە، هەر لەو کاتەشدا خوالێخۆشبوو حەمە شەمیرانی کە سەرلقێکی ئازا و ناودار بوو و لە عەشیرەتی شەمیرانی بوو، تازە چووبووە ناو حکومەت و جەلالییەکان. ئێمەش هەر لەو ناوە مابووینەوە و بۆ سەرقاڵی لە بەینی دێهاتەکاندا هاتوچۆمان ئەکرد. ماوەی مانگێک زیاتر لەوێ ماینەوە. چەند جارێ لەگەڵ کاک حەمەفەرەجی فەتاح و عەلەڕەش و ساڵح کوێخا چووین بۆ سەر شاخی بەمۆ، ئەوان حەزیان لە ڕاو بوو، ئێمەش هیچمان لێ نەئەزانی و تەقەی سەرمان ئەهات. مەگەر هەر لە چیرۆک و کتێبدا باسی ڕاوکردنمان بیستبێ، بە کوردییەکەی کاری ئێمە نەبوو، هی خەڵکی شارەزای خۆی بوو. یەکێک لە جارەکان دۆینەمان لەگەڵ هێلکە و نان پێچایەوە و بۆ ڕاو لەگەڵیان ڕۆشتین بۆ جێگەیەک لە شاخی "خۆشک". ئەوان شارەزای

ئەو جێگەیە بوون. هەر لە نیوەشەوەوە سەرکەوتینە سەر شاخ، بەڵام بایەکی ئەهات، زۆر سارد بوو، باکەی ئەوەندە بەهێز بوو، لە هەنگاوناندا ئەیگێڕاینە دواوە. چووینە بن شاخێک، عەلەڕەش وتی من چاو لێک ئەنێم، تۆ بەو دووربینە تەماشای بەردەمی خۆت بکە، ئەگەر شتێکت بینی، هەڵمسێنە، بەڵام جووڵەجووڵ مەکە. لە بیرمە تفەنگێکی پەڕەشوتمان پێبوو. پاش تۆزێک دنیا ڕووناک بووەوە و منیش سەیری خوارەوەم ئەکرد، تەماشام کرد چەند سەر حەیوانێک ئەلەوەڕێن. بە هێواشی عەلەڕەشم هەڵساند، ئەویش نیشانی لێگرتن، تەقەی لێکردن و یەکێکیان کەوت. ئیتر من شۆڕبوومەوە بۆی، چووینە سەری، بزنەکێوی بوو، پاشان هەموو ئەوانەی چووبووین بۆ سەرشاخ، کۆبووینەوە و ئاگرمان کردەوە. ئەوەندەی بۆمان خورا خواردمان، باقیاتمان دا بە کۆڵماندا و بۆماڵەوە گەڕاینەوە. پاش ماوەیەک مانەوە حیزب جوابی نارد مادام ناتوانین لەناو شار بمێنینەوە، داوایان لێکردین بچین بۆ بەغدا، ئێمەش ڕازی بووین. شەهید حەمە کوڵەباڵ خەڵکی باوەکۆچەک بوو و لە عەشیرەتی کۆکۆیی بوو، شیوعییەکی دیار بوو، هات بەدواماندا. ئێمەش خواحافیزیمان لە کاک عەلی و کاک حەمەفەرەج و حەمە ڕەق و ساڵح کوێخا عەزیز و هاوڕێیانی ئەو ناوچەیە کرد.

لەگەڵ حەمە کوڵەباڵ بەرەو هەڵەبجە ملی ڕێگەمان گرت بۆ ئەوەی لەوێوە بۆ ئەو جێگەیە بڕۆین، کە بۆیان دیاری کردبووین. بە شاخی زمناکۆدا سەرکەوتین بەرەو ناوچەی تاوەگۆزی بە لای دێی کانی کەوە بەرەو هەڵەبجە بە دێی پریسدا تێپەڕیین، نزیکی هەڵەبجە بووینەوە. بۆ ئەوەی بە سەلامەتی بچینە ناوشارەوە، حەمە کوڵەباڵ چووە ڕەبیەکانی عەشرەتی خۆیان بۆ لای کوێخا عەلی کە خزمیان بوو. ڕێگەی بۆ کردینەوە و چووینە هەڵەبجەوە. چەند شەوێک لەوێ ماینەوە، چەند هاوڕێیەکی مامۆستای لێبوو، لای ئەوان بووین. حەمە کوڵەباڵ وتی ئەچم بۆ شار و دێمەوە. لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تردا چووبوو. لەبەر

ئەوەی حیزب ئیمکانیاتی نەبوو و ساڵێک بەسەر جیابوونەکەوەدا تێپەڕ نەبووبوو، بەرنامەیان دانابوو بۆ ڕفاندنی پارەی "بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی سلێمانی". ئەو کاتە پەروەردە بەرامبەر مزگەوتی "کاک ئەحمەدی شێخ" بوو، مزگەوتی گەورەی سلێمانی. بە سەرکەوتوویی ئیشەکەیان جێبەجێ کردبوو، تەقە ڕووی دابوو، هاوڕێیەک لەوانەی بەشداریی کردبوو، بریندار بووبوو و گوللەیەک بەر قاچی کەوتبوو. پارەکەیان هێنا، چواردە هەزار و پێنجسەد دینار بوو. لە سابوونکەران حەمە کولەباڵ چووبوو نان بخوات لە کەبابخانەی عەبدوڵڵا سەید شریف، جەماعەتی "بەکرەجۆ" ئەچنە سەری و ڕێگەی پێئەگرن، تەقەی لێئەکەن و شەهیدی ئەکەن. ئێمە کە بەو ڕووداوەمان زانی، هەر زۆرزۆر پێمان ناخۆش بوو، لە دوو سەرەوە. لە لایەک هاوڕێیەکی چالاکی حیزبمان لەدەست داوە، لە لایەکی تر لەگەڵ ئێمە زۆر ماندوو بوو لە هێنان و بردن و هێنانەوەمان بۆ هەڵەبجە، ئێمەش چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەکەین بۆ ئەوەی بەرنامەی دەرچوونمان لە هەڵەبجە جێبەجێ بکەین کە ئەو چاوساغمان بوو. بە غەدر شەهیدیان کرد، لە سلێمانی لیژنەی شاری سلێمانی بەیانێکی زۆر توندی دەرکرد لەسەر شەهیدکردنی حەمە کولەباڵ، ناڕەحەتیی ئێمەش سنووری نەبوو.

بۆ ڕۆژی دوایی لە هەڵەبجە هاتینە دەرەوە و ملی ڕێگەمان گرت. هەر بە هۆی خزمەکانی شەهید حەمە کولەباڵەوە بەپێ بەرەو سلێمانی کەوتینە ڕێ. کوڕێکمان لەگەڵ بوو ناوی "عەلی بچکۆل" بوو، شارەزا بوو و نیژوینی بوو ماڵیان لە لای سەراو بوو، بە دێی ئەحمەدبرنەدا هاتین و قۆناغ بە قۆناغ گەیشتینە سلێمانی، لەوێشەوە بەرەو سنووری قەڵادزێ چووین. ئەو ڕێگەیەمان بە پیادە بڕی. لە قەڵادزێ لەگەڵ کەمال جەمال بەختیار یەکمان گرتەوە. پاش ماوەیەک حیزب نووسراوی بۆ کردین بڕۆین بۆ بەغدا.

## چوونمان بۆ بەغدا

بەرەبەیانی ڕۆژی "١٩٦٨/٧/١٧" سەیارەیەکی تایبەتمان گرت و بەرەو کەرکووک بەڕێ کەوتین. کە گەیشتینە (هەیبەت سوڵتان)، لە بازگەی سەربازی ڕایانگرتین، وتیان شۆڕش بووە، هاتوچۆ قەدەغەیە، ئینجا زانیمان بەعسییەکان کودەتایان کردووە بەسەر عەبدولڕەحمان عارفدا. بە ناچاری شۆڕ بووینەوە بۆ چایخانەکانی هەیبەت سوڵتان. ئەو شەوەمان لەوێ بەسەر برد، بۆ ڕۆژی دوایی بەهەمان سەیارە و لەگەڵ هەمان سائق سوار بووین بۆ کەرکووک و لەوێشەوە بۆ بەغدا. هەرسێکمان هەویەی تەزویرمان پێبوو بۆ ئەوەی لە بازگەکان تووشی کێشە نەبین و بگەینە بەغدا. شەو گەیشتین و چووینە ئوتێل. ئەو شەوە لەوێ تووشی ژانەسکێک بووم. مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێت عەرزەکەم بە نینۆک هەڵئەکەند. داوای ئیسعافیان بۆ کردم، بردیانم بۆ خەستەخانە، لەوێ دەرمانیان دامێ و دەرزییان لێدام. گەڕامەوە بۆ ئوتێلەکە. لەو کاتەوە ئیتر تووشی نەخۆشیی دڵەکزە و مەعیدە بووم، لە کاتێکی تردا دێمەوە سەر عەمەلیاتی مەعیدەم پاش ٥ ساڵ.

## لەگەڵ هاوڕێیانی بەغدا

نامەیەکمان پێبوو بۆ ئەوەی خۆمان بە حیزب بناسێنین. کاک "فاروق مەلا مستەفا" لەوێ کارمەند بوو، وابزانم لە وەزارەتی بازرگانی یان یەکێک لە بانکەکان کاری ئەکرد. پاش ئەوەی کاک فاروقمان بینی، نامەکەمان تەسلیم کرد، ئەویش ئێمەی ئەناسی. دوایی لەگەڵ حیزب ڕەبتی کردین و هاتن بەدواماندا. بردیانین بۆ ماڵێکی حیزبی. خاوەنی ماڵەکە ناوی "حەمید" بوو، کورد بوو و خەڵکی خانەقین و دەوروبەری بوو. چەند شەوێک لەوێ ماینەوە و خزمەتیان کردین. دوای ئەوە

بردیانین بۆ ماڵێکی تر، ئەویش هەر کورد بوو، تاکو لە بەغدا ماینەوە، هەر لە ماڵی ئەوان بووین. ناوی "هاوڕێ جەبار" بوو، خێزانەکەی ناوی بەهیجە بوو، کورد بوو و خەڵکی خانەقین بوون، سێ منداڵیان هەبوو بە ناوی "ستار، نزار، ڕزگار" گەورەکەیان ستار بوو. چەند کەسێک لە ماڵەکەیاندا بووین، کە زۆر زەحمەت بوو. ماڵیان لە گەڕەکی "ڕاغبە خاتوون" بوو. من خۆم، ئەکرەمی پوورم، کەمال جەمال، لەتیف حەمەموراد، جەمال عەلی فائز، مەلا ڕەئوف. چواریان شەهید بوون، تەنها من و مەلا ڕەئوف ماوین. ئەوەی ڕاستی بێت خۆمان ئەپاراست، زۆر کەم ئەچووینە دەرەوە مەگەر بۆ کارێکی حیزبی، کاک جەبار لە مەیدانی نەهزە لە دوکانێکی سەمونفرۆشتن لەسەر دەغیلە بوو. شەو کە ئەهاتەوە، باوەشێ سەمونی گەرمی بۆ ئەهێنایەوە. هەتا بڵێیت ماڵێکی بەحورمەت بوون، خزمەتی زۆریان کردین. لە ڕووی کارکردنمانەوە چەند کۆبوونەوەیەکمان کرد، من لە لیژنە باڵاکە بووم. شەهید ساڵح عەسکەری کە کورد بوو، لە سەرکردایەتیی قیادەی مەرکەزی بوو و لێپرسراومان بوو، جارێکیش "کازم سەفار" کە لە قیادەی مەرکەزی بوو، کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ کردین.

لەو سەردەمەدا ئەمانویست خۆمان جیا بکەینەوە. بەحساب شۆڕشگێڕین لە لیژنەی مەرکەزی، چەندین چالاکیمان ئەنجام دا. لە سەردەمی نازم گزار و دەستوپێوەندەکانی بەعسدا لەتیف حەمەموراد گیرا و لە قەسر ئەلنیهایە شەهید کرا. ئەو سەردەمە عەزیز ئەلحاج گیرا و لە قەسرئەلنیهایە ئیعترافی کرد. ناوی زۆری هێنا و زۆر زووش ڕووخا. سەرکردەکان هەموویان گیران. هاوڕێ کەمال شاکر کە ئێستا لە وەزارەتی پێشمەرگەیە و لەناو یەکێتی ئیش دەکات، لە فەرماندەیی پێشمەرگە پێکەوە بووین، کەسێکی ئازا بوو. بڕیارەکانی حیزبی بە سەرکەوتوویی جێبەجێ دەکرد. لەو کاتەی ساڵی ١٩٦٨ - ١٩٦٩ چەندین کاری شۆڕشگێڕانە کرا و دەنگی دایەوە، حیزبی برد بۆ قۆناغێکی تر کە

متمانەی پێبکەن. بڕوا بکەن کوردەکان بووین کە کارەکانی حیزبمان جێبەجێ کرد، هەر هەموویان دەورێکی قارەمانانەیان بینی، کورد وتەنی کون لە جەرگیان نەبوو، ئەگەرچی زۆریش شارەزای بەغدا نەبووین. بەداخەوە زۆربەیان شەهید بوون، هەریەکەی بە شێوەیەک. لەو خەباتە سەختەی پێیدا تێپەڕیین، هەرچییەکمان پێدەسپێرا، بەبێ دوودڵی جێبەجێمان دەکرد.

لەو ساڵەی لە ماڵی شەهید جەبار بووین، لەو بەغدا گەورەیەدا مانگانە یەکی ٥ دینارمان هەبوو، بەڵام بڕوا و ئیمان بە چینی کرێکار و زەحمەتکێشان لە خوێن و لە دڵماندا بوو. ئەگینا ئەگەر ئەوە نەبێ، چی وا لە ئێمە دەکات لە کوردستانەوە بۆ بەغدا؟ یەکێک لە چالاکییەکانتان بۆ باس دەکەم. حیزب جوابی نارد دۆخی مادی زۆر خراپە. لە ڕێگەی حیزبەوە ناونیشانیان هێنا. هەفتانە لە جێگەیەک پارەی پاکەتی جگەرەی جمهوری کۆدەکرێتەوە، بەرنامەمان دانا ئەو کاتەی پارەکە تەواو دەبێ، دوای نیوەڕۆ تەسلیم دەکرێت. برادەران چوون هێنایان، هێنایانە ماڵی کاک لەتیف شاکر برای کاک کەمال شاکر، کە ماڵیان لە بەغدا بوو. من و ساڵح عەسکەری چاوەڕوانمان دەکرد و لێمان وەرگرتن. پارەکە لە جانتایەکی چەرمدا بوو. لەبەر لایەنی ئەمنی پارەکەمان دەرمان هێنا و جانتاکەمان لە تونی حەمامەکەدا سووتاند. پارەکەمان کردە دوو بەرگەپشتییەوە. من و ساڵح عەسکەری بردمان بۆ گەڕەکی بەیاع. ماڵی ئامۆزایەکی کاک ساڵح لەوێ بوو، نائب ضابط بوو. لە ماڵی ئەوان ژماردمان (٨٥٠٠) دینار بوو، کە بۆ ئەو کاتە زۆرزۆر بوو. لەوێش تەسلیم کرا و من گەڕامەوە بۆ ماڵەوە لە ڕاغبە خاتوون. ئێمەش حیزبەکەمان دروشمی شۆڕشگێڕانە و ڕووخانی ڕژێمی بەعس هەڵگرتبوو، بەڵام سەرکردایەتی لە بەغدا دانیشتبوون. چۆن دەبێت بەم دروشمە قورسەوە لە بەردەستی ڕژێم دانیشێت؟ ڕۆژانە قڕە بوو لەگەڵ بەعسییەکان، بەتایبەت لە دانشگا و شوێنەکانی تر. هەر لەو ماوەیدا

خوێندکارێکی چالاکی شیوعی شەهید کرا بە ناوی "مطشر حواس"، هاوڕێی ئێمە بوو. ڕۆژبەڕۆژ دەرکەوتن و ئیشکردن ئەستەم دەبوو، بەعسیش دەستی دابووە دڕندەیی.

لەوێ لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێدا کارمان دەکرد و هاتوچۆی ماڵەکانیانمان دەکرد، وەک سەعدون فەیلی، کە پاش نەکسەی شۆڕشی ئەیلوول لە کوردستانەوە گەڕایەوە بۆ بەغدا. دواتر لە تۆڵەی ڕابوردووی کە ناویان هێنابوو، بەعس گرتی و لە سێدارەی دا. چەند برادەرێکی تریش هەبوون لای من بوون، ماڵیان لە "مدینە الثورە" بوو.

کارەکانمان و کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ سالح عەسکەری بەردەوام بوو. جارێکیان ئەو چەند برادەرەی کە لە ماڵەکەی "ڕاغبە خاتوون" پێکەوە دەژیاین، گلەییمان هەبوو لەسەر هەندێک لایەنی ژیانمان و هەروەها هەندێ کاری سیاسی. سالح عەسکەری "ئەحمەد مەحموود حەلاق"ی هێنا بۆ لامان. جارێکیش بۆ نیوسەعات "عەزیز ئەلحاج" هات بۆ لامان، چونکی ئیشەکانی ئێمە هەستیار بوو. ئێمەش کەم نەبووین، هەموو یەکێک لەو هەڤالانە قارەمانێک بوون. مێژووش سەلماندی و گیانی خۆیان کردە قوربانی لەو ڕێگەیەدا.

دۆخەکە بەردەوام بوو. لە خوارووی عێراق لە هۆرەکان هێزێکی حیزبی بە سەرکردایەتیی "خالد ئەحمەد زەکی" و ئەبوومومحسن خۆیان بۆ خەباتی چەکداری ئامادە دەکرد. بەڵام سەرکردایەتییەکە هەر لە بەغدا بوو. ئەو بڵاوکراوانەشی دەردەچوون، ئاگریان لێدەباری بەرامبەر ڕژێم و حیزبی بەعس. ئەمەش ئەوەندەی تر هەم بەعسی وریا کردەوە، هەم خۆی حازر کرد بۆ ئەوەی تۆڵە بکاتەوە. حیزبی شیوعی "لیژنەی مەرکەزی" خەریکە لەگەڵ بەعس بچێتە بەرەی نیشتمانی و ئازادبوون، هەنگاوبەهەنگاو لەگەڵ بەعس بەرەو ڕێککەوتن دەڕۆیشتن. سۆڤێتیش لەبەر قازانجی خۆی دەورێکی سەرەکیی هەبوو. پاش ماوەیەک بەرەکەیان پێک هێنا و ئیمزایان کرد. بە ئاشکرا بنکە و بارەگایان

کردەوە، دەیانویست لەگەڵ ڕژێمی دیکتاتۆری بەشداری حکومەت بن. شۆڕشی کوردیش بەردەوام بوو لە خەبات و تێکۆشانی خۆی، هێزی پێشمەرگە لە هەموو جێگەیەک دیار بوو و دەستی باشی لە ڕژێم دەوەشاند.

ئێمە جاری هەر لە بەغداین. لەگەڵ هاوڕێ سالح عەسکەری لە "مەیدانی سەباع" مەوعیدمان هەبوو. کە هات، جانتایەکی گەورەی پێبوو، نەمزانی چیی تێدایە. وتی توخوا ئێستا کاتی ئەمەیە؟ پاش ماوەیەک لەیەک جیا بووینەوە و سواری تاکسی بوو. بۆ ڕۆژی دواتر دەبوایە یەکمان ببینیایەتەوە، بەڵام نەهات، بۆ ڕۆژی دواتریش هەر نەهات. ئەگەر مەوعیدەکان دواکەوتنی تێدا بووایە، بۆ ڕۆژی دواتر دووبارە دەبووەوە. لەو جێگەیە کەسێکم بینی و پێی وتم هەموویان گیراون. لەو سەروبەندەی پێش گرتنی عەزیز ئەلحاج ئێمەش زۆر لە ماڵی هاوڕێ جەبباردا ماینەوە. ترسی ئەوەمان بوو کەشف ببین. وتمان بچین بۆ خانوو بگەڕێین لە بەتاوین. من و لەتیف حەمەموراد لە لای شۆریجە لەسەر جادەی جمهوری بووین. وا ڕۆیشتبووین بە ناوی خوێندکارەوە بەدوای خانوودا بگەڕێین، چونکی من ناسنامەیەکم پێبوو بە ناوی "ئەرکان عەبدوڵلا ئەلسەعداوی" لە پۆلی چوارەم کۆلێژی تەربیە بووم، ئەمەش خۆی چیرۆکێکە. ڕۆژێکیان چووم بۆ لای برادەرێکم لە داخلییەکەی باب ئەلموعەزەم، کە چوومە ژوورەوە لەسەر مێزێکی گەورە سەدان ناسنامەیان هەڵڕشتبوو بۆ ئەوەی خوێندکارەکان ناسنامەی خۆیان بدۆزنەوە. کارگوزارێک لەسەر کورسییەکە دانیشتبوو، منیش دەستم دایە ناسنامەیەک و هەڵمگرت. ناسنامەکە ناوی "ئەرکان عەبدوڵلا ئەلسەعداوی"ی لەسەر نووسرابوو، وایزانم خەڵکی لای خاڵس بوو. هاتمە ماڵەوە، وێنەکەی ئەوم لێکردەوە و وێنەیەکی خۆم پێوەنا. بووم بە خاوەن ناسنامەیەکی باش.

با بێمەوە سەر ئەوەی چۆن بۆ خانوو گەڕاین. بۆ عەسکەری فیرار دەگەڕان. وتمان با لەسەر جادەکەوە نەڕۆین، باشتر وابوو بچینە کۆڵانەکان. وتم لەتیف من ناسنامەم پێیە و لە پێشەوە دەڕۆم، ئەگەر تووشی عەسکەر و نیزامی بووین، تاکو داوا لە من دەکەن، تۆ بگەڕێرەوە. پێکەوە دەڕۆیشتین، تەماشای دەوری خۆشمان دەکرد. هەردووکیشمان دەمانچەمان پێبوو. کاتێکمان زانی ئەفسەرێک لەگەڵ دوو سەرباز لە دوکانێک هاتنە دەرەوە، وتیان ناسنامەکەت، من دەستم برد بۆ گیرفانم، بلووزێکی ملدارم لەبەردا بوو، کە هەویەکەیان بدەمێ. لەتیف لە دوامەوە ڕای کرد و دەرباز بوو. ئەوان بە لەتیفەوە مەشغووڵ بوون، منیش دوور کەوتمەوە. لەو جێگەیەی کە پێیان دەوت "سوق الغزل" جارێکی تر ڕا دەکات. بەڵام تووشی تەقە دەبێ و ئەمجارە لەتیف دەگیرێ. پێشتر لە نێوان خۆماندا وتبوومان ئەگەر حاڵەتی گرتن هاتە پێشەوە، کەسمان ناڵێن شیوعین، دەڵێین ئێرانیین و قاچاغچین. لەتیفیان برد بۆ مەخفەرێک لای "مەیدانی نەهزە". هەواڵەکەشمان بە هۆی شەهید حەسەن فەرەجەوە پێگەیشت. لەوێ برادەرێکی "مفەوەز"ی هەبوو و کورد بوو. من دوو جار چووم بۆ لای لەتیف. جل و پێویستیم بۆ برد و هەتا خەریک بووین محامیی بۆ بگرین. لەو کەینوبەینەدا عەزیز ئەلحاج گیرا، هەروەها لێپرسراوەکەی لەتیف کە ناوی "حاتەم سوجان" بوو، وتبووی بابە ئەوە ئێرانی نییە، لە لیژنەی ئیغتیالاتی بەغدایە. شەو چووبوون لەتیفیان بردبوو، من ڕۆژی دواتر وەک جاران چووم بۆ لای. مفەوەزەکە لە دوورەوە بە ئیشارەت وتی نەیەیت، ئیتر من پشتاوپشت گەڕامەوە. دوایی هەواڵمان بۆ هات کە شەوێ لەتیفیان بردووە، حاتەم ئیعترافی لەسەر کردبوو، ئیتر نەمانبینییەوە. دوایی دەرکەوت لە قەسر ئەلنیهایە کوشتوویانە. بەڕاستی لەتیف کوڕێکی مەرد و ئازا بوو، کوێن لە دڵیدا نەبوو، زۆر دڵسۆزی بیروباوەڕەکەی بوو، گیانی خۆی لە پێناویدا دانا.

## خۆڕێکخستنەوەی خۆمان کە هاتینەوە بۆ کوردستان

لەو ماوەیەدا هاوڕێ ئیبراهیم عەلاوی پاش ئەوەی لە زیندان بەربوو، هاتە دەرەوە. "هاوڕێ نەجم" ناوە نهێنییەکەی بوو. کەسیش لە هاوڕێ ئیبراهیم و موسڵح جەلالی لەوانەی لە دەرەوە بوون، لە پێشتر نەبوون. ئەو کاتە عەزیز ئەلحاج و ساڵح عەسکەری و مەحموود حەلاق و باقیاتی قیادەی مەرکەزی گیرابوون. سکرتێری حیزب "عەزیز ئەلحاج" دەورێکی هەر زۆر ترسنۆکانە و نامەردانەی هەبوو، منیش ترسم لێنیشت و خێرا شوێنەکەم بەجێ هێشت. کە دۆخەکە وای لێهات، ئیمکانیاتی مادیشمان ڕۆژبەڕۆژ خراپتر دەبوو. هاوڕێیان ئەکرەمی پوورم و هاوڕێ کەمال شاکرم ناردەوە بۆ سلێمانی. دەمانچەیەکی ستاری بچووکمان هەبوو، بۆم فرۆشتن بە ٣٠ دینار بۆ مەسرووفات و گەڕانەوەیان. ئەوان ڕۆیشتن. منیش کەوتمە کۆکردنەوەی ئەو شتانەی لەم ماڵ و ئەو ماڵی هاوڕێیان هەمانە. وا بکەم هاوڕێییەکم دەست بکەوێ تەسلیمی بکەم و منیش بگەڕێمەوە. ئەو کاتەش "موسلح جەلالی" ئەندامی سەرکردایەتیی قیادەی مەرکەزی بوو و بەرپرسی سلێمانی بوو. نامەیەکی بۆ ناردبووم داوای کردبوو ئێمە بگەڕێینەوە بۆ کوردستان. منیش لە دڵسۆزیم وتم با ئەم شتانەی هەمانە، کۆیان بکەمەوە، ئیتر منیش دوای ئەکرەم و کەمال دەگەڕێمەوە. چەند غەدارە و دەمانچەمان هەبوو، هەندێکی لە ماڵی سەعدون فەیلی بوو، چووم و خستمە ناو زەمیلەیەکەوە، هەندێک سلقم دا بەسەریا و داپۆشی. سواری پاسی دووقات بووم و بردم بۆ جێگەیەکی تر. هەندێکی تریشم کۆکردەوە. ناسنامەم بۆ هاوڕێ سەعدون فەیلی و سامی فەیلی دروست کرد و ناردمنەوە بۆ سلێمانی بۆ ماڵی خۆمان ماڵی شەهید ئەکرەم حەپسە، لەوێشەوە بۆ بارەگای حیزب کە لە قەرەداغ بوو لە دێی "گەرەزیل". کارتێکی پڕنەکراوەم هەبوو "هەویە" هی "جمعیە الأقتصادین العراقین" بوو، بۆ سامیم پڕ کردەوە و ڕەوانەم کردن. هەندێک کلماتی

چاپەمەنیم لابوو، ناسنامەم پێدروست دەکرد، هی حیزب بوو. ئێستا سامی فەیلی لە سویدە.

قیادەی مەرکەزی و هەندێک لەو کادیرانەی بەردەست کەوتوون، گیراون. لەو کاتەدا ئەم گرتنە دەستی پێکردووە، هاوڕێیەکی دۆست و خزمی کاک جەبار بە ناوی "نەسرەدین مەجید" یەدەکی قیادەی مەرکەزی بوو، تازە لە زیندان ئازادیان کردبوو لە لای بەسرە لە "زبیر" لەبەر نەخۆشیی سنگی. ئەویش خەڵکی خانەقین بوو. بە هۆی کاک جەبارەوە یەکمان گرتەوە، وتم بەخوا زۆر باش بوو هاوڕێ نەسرەدین تۆ هاتیتەوە. من لە خوام دەویست کەسێکم دەست بکەوێت، خوا دەلیلی داماوە و وا تۆی بۆ ناردم. نامەم بۆ هاتووە و دەبێت بگەڕێمەوە بۆ کوردستان. ئەو شتانەی لامە و کۆم کردوونەتەوە، تەسلیمی جەنابتی دەکەم. وتی زۆر باشە.

کەسێک کە پێشتر چەند جارێک بینیبووم، لێم پرسی کەسێک ناناسی پلەی حیزبییەکەی تۆزێک گەورە بێ و لە پلەی لق و ئەم جۆرە شتانەدا بێ بۆ ئەوەی هەموو ئەوانەی بچڕاون لە حیزب کۆیان بکەینەوە؟ وتی با من کەسێک دەناسم. مەوعیدێکمان دانا، ڕۆژەکەیم لەبیر نییە، بەڵام دەزانم ڕۆژی سێشەمە بوو سەعات سێ، لەسەر "شەقامی شێخ عومەر" بەرامبەر حەمامی "کولات". لە پشتەوەی گەراجێک هەبوو، هەموو ئۆتۆمبێلەکانی عێراق لەوێوە سەفەریان بۆ شارەکان دەکرد. سەر سووچەکەی چایخانەیەکی لێبوو. وا ڕێک کەوت دەروبەری سەعات دوو لەگەڵ نەسرەدین پێکەوە بووین. وتم کاک نەسرەدین من لەگەڵ هاوڕێیەک مەوعیدێکم داناوە، بڕیارە برادەرێکی فەرعی بەغدا بێت و بیبینم. ئەگەر وابوو، تەسلیمی جەنابتی دەکەم. لەبیرمە سێسەد فیشەکی دەمانچەم لە توورەکەیەکدا بەدەستەوە بوو، تەسلیم بە هاوڕێ نەسرەدینم کرد. وتی منیش دێم لەگەڵت، وتم پێویست ناکات. ئیتر زۆر قسەمان نەکرد لەسەر ئەوە. ماڵێکی خزمێکی لەو نزیکانە بوو، چوو

فیشەکەکانی دانا، ئێمەش ملی ڕێگەمان گرت. ڕۆژی پێشتر دەمانچەیەکی ستاری گەورەم بۆ هاوڕێ نەسرەدین بردبوو. وتم حیزب لێی دراوە و دەبێ وریا بین، با تۆش ئەم دەمانچەیەت پێبێ. بە هەردووکمان ٧٥٠ فلسمان پێبوو، تاکسییەکمان گرت بۆ شەقامی شێخ عومەر، چەند مەترێکی مابوو دابەزین، وتم کاک نەسرەدین بەخوا دەترسم بە هۆی ئەم مەوعید و مەوعیدکارییەوە تووشی شتێک بین، وتی چی بکەین؟ وەک ئەوەی دەڵێت "دڵم لێی دابوو". لە دوورەوە تەماشای چایخانەکەم کرد. چەند کەسێک لە دەرەوە دانیشتبوون، برادەرەکەی خۆم بینی کە مەوعیدم لەگەڵی دانابوو، یەک دوو کەسی لەگەڵدا بوو. وتم ڕەنگە ئەو هاوڕێیە بێت کە هێناویەتی بە منی بناسێنێ. من و هاوڕێ نەسرەدین چووینە لایان و سەلاممان کرد و لەبەرمان هەڵسان. تەوقەمان کرد و دانیشتین. یەکێکیان گەورە و کەتە بوو، چاویلکەی لە چاودا بوو، وتم ڕەنگە ئەم هاوڕێیە بێ. چایان بۆ بانگ کردین، من دەستم لەسەر مێزەکەی بەردەمم بوو. کەڵەگەتەکە هەڵسایە سەرپێ و پەلاماری مەچەکی منی دا، زانیم تووش بووین. خۆم ڕاتەکاند و ڕزگارم بوو لە دەستی، تێگەیشتم ئەمە داوە و کەمینی بەعسییەکانە. کوڕ ئەو کوڕەیە خۆی ڕزگار بکات. ئەو جێگەیەش بە هۆی گەراج و بازاڕەوە زۆر قەرەباڵغ بوو. چەند هەنگاوێک ڕام کرد. تەقەیان لێکردم. منیش دەمانچەیەکی چواردەخۆرم پێبوو، فیشەکی لەبەردابوو، بەس چەکوشەکەم دادابووەوە، هەڵگەڕامەوە و دەستڕێژم لێکردن. قەناعەتم وابوو لەبەر ئەوەی ئەوەندە خەڵکیان گرتووە و یەکسەر دەستی بەرز کردووەتەوە و تەسلیم بووە، وادەزانن منیش وەک ئەو کەسانەم و یەکسەر تەسلیم دەبم. لام وابێت تەقەکانیان بە ئاسماندا کردبێ، چونکی سێ مەتر دوور نەبووم تەقەیان کرد، هەر نەبوایە بریندازی دەکردم، زۆر نزیک بووین لە یەکەوە، بەڕاستی تەقەیان نەکرد، ئەگینا دەیانکوشتم. ئەوەندە خەڵکی نابوت و ترسنۆکیان گرتووە، تاکو ئێستا

کەسیان نەدیووە تەقەیان لێبکات. هەمووی هەر بێچەک بووە گرتوویانە، هەرواشیان حساب بۆ من کردبوو. من ڕادەکەم و ئەوان بەدوامەوە. ناوبەناو هەڵدەگەڕێمەوە تەقەیان لێدەکەم، ئەوانیش لە منی دەکەن. من دەبوایە حسابی فیشەک بکەم، هەر دوو یەدەکی دەمانچەم پێبوو، کەوتمە پشتی گەراجەکەوە، ماڵەکان و کۆڵانەکان دەستی پێکرد، ئەو خانووانەش هی خەڵکی فەقیر بوون. وتم بەڵکو لەو ناوە ڕزگارم بێ. هیلاک بووبووم، ئەم هەموو خەڵکە هاتبوونە دەرەوە لە ماڵەکان و سەرجادەکە، تەماشای ئەم فیلمە دەکەن، مرۆڤ ئەگەر هەر لە ماڵەوە دانیشێ و خۆی شاردبێتەوە لەپڕێکدا ڕاکردن زەحمەتە. چەند جارێ دەکەوتم و هەڵدەسامەوە، بەڵام پۆلیسێک بەدوامەوە بوو و لێم نەدەبووەوە. هەڵگەڕامەوە فیشەکێکم پێوەنا، بەری نەکەوت، بەر دیوارەکە کەوت، سڵەمییەوە، لەویش ڕزگارم بوو. ماڵی خوشکێکم هەر لەو ناوچەیە بوو لە ناوچەی کوردەکان، ئەمبەریان پشتی شەقامی شێخ عومەر لای باب شێخ. لە خەیاڵی خۆمدا وتم خۆم دەکەم بە ماڵی خوشکەکەمدا و خۆم دەشارمەوە، بەڵام کار لە کار ترازابوو، هەموو دنیا هاتبوونە دەرەوە سەیری ئەم ڕووداوەیان دەکرد. کە گەیشتمە لای ماڵی خوشکم ئەوانیش وەک خەڵکی تر هاتبوونە دەرەوە بۆ سەیری ئەم تەقە و فلیمە.

دایکم و ڕێزانی خوشکم و زاهیری برام منیان بینی ڕادەکەم. ئیتر ماوەی ئەوە نەمابوو بڵێم دەچم بۆ ئەوێ، ئەوانیش لە سلێمانییەوە هاتوون و لە ماڵی خوشکمن. کە بەم شێوەیە منیان بینی، ئیتر من نەوەستام. فەوزیەی خوشکم و زاهیری برام بە دوامدا ڕایان کرد. من ڕۆیشتمەوە سەر شەقامی شێخ عومەر، چاکەتەکەم داکەند و دەمانچەکەم خستە ژێر پانتۆڵەکەمەوە، تاکسییەکم ڕاگرت. هەر کە وەستا، خوشکەکەم لەگەڵ زاهیری برام خۆیان فڕێ دایە ناو تاکسییەکەوە. ئەگەر تاکسییەکە ڕاست بڕۆیشتایە، دەچووەوە هەمان

ڕووداو، پێم وت برۆ بۆ بەردەرگای شێخ عەبدولقادر گەیلانی، کابرای تاکسی ڕۆیشت و چووینە سەر شەقامی جمهوری، وتم بەرەو گازینۆی "کندی"، ئەوێ زیاتر کوردەکانی خەڵکی سلێمانیی لێ دادەنیشتن. پێش ئەوەی بگەمە گازینۆی "کندی"، دابەزیم و نەموێرا زیاتر، چونکی ئێمە قاچاغ بووین لە جەماعەتی م.س، ئەوانیش لەوێ دادەنیشتن و ناکۆک بووین. ماڵی کوڕێکی پوورم "وەستا محەمەد بەنا" لەو ناوە خانوویان گرتبوو بە کرێ. خوشکەکەم لەسەر جادەکەوە تاکو ماڵی وەستا محەمەدی پوورم بە پێی ڕووت بە دوامەوە بوو، ڕەنگە خەڵکی بەغدا شتی تریان بە خەیاڵا هاتبێت بەو شێوەیە ئێمەیان بینی، نازانن ئەم چیرۆکە شتێکی ترە.

کە چووینە ماڵی وەستا محەمەدی پوورم، بینیمان پوورە حەپسەم لەوێیە. ئەویش لە سلێمانییەوە هاتووە. "موسلح جەلالی" و حیزب بەیانێکیان دەرکردووە لەسەر گرتنی عەزیز ئەلحاج، سەدوپەنجا دانەیان بە پوورمدا ناردووە بۆ من بڵاوی بکەمەوە... "ئاش لە خەیاڵێ و ئاشەوان لە خەیاڵێ". وتم هەر ئێستا بیسووتێنن، ئێوەش ئاگاتان لە خۆتان بێ. خوشکەکەم ناردەوە بۆ ماڵی خۆیان لەگەڵ زاهیری برام. لە ماڵی خوشکەکەم زۆر شتم دانا بوو. هەموو جۆرە شتێک قومبەلەی دەستی، کەرەسەی دروستکردنی ناسنامە تەزویر، کلماتی چاپخانە، کاغەزی پڕنەکراوەی مۆڵەتی سەربازی بۆ خەڵکی پێبنێرینەوە بۆ کوردستان، شتی تریش. وتم بڕۆن خێرا لەناویان بەرن، لەوێ مەیانهێڵن. من پاش ئەم قسەوباسە بەجێیم هێشتن. خوایە بۆ کوێ بچم؟ کوڕێکی هاوڕێمان لە بەغدا دەیخوێند، لە وەزیرییە بوو. ناوی "جەلال عەبدوڵلا" بوو، بە جەلال چاوشین ناسراوە. ئێستاش ماوە و لە سلێمانییە. زۆر برادەرمان بوو، چووم بۆ لای، خواهەڵناگری مەردانە خزمەتیان کردم، دوو شەو لایان بووم، ئەو کاتە عادل مەجید لەگەڵی بوو، ئەویش دەیخوێند. بیرم کردەوە ژیان بۆ من لە بەغدا تەواو بوو،

ناکرێ پیاو لەوە زیاتر خۆی تووشی تالوکە بکات. ئەو دلسۆزییەی من لە بەغدا لەوە زیاتر بڕ ناکات، مانەوەش سوودی نییە. هەر ئەو ڕۆژەی دوایی سەردانی مالی ژنبرای هاوڕێ جەبارم کرد بە ناوی کاک ئەحمەد، کورد بوو، برای ژنەکەی بوو، ئێستاش ماوە و جارجارە تەلەفۆنم بۆ دەکات. چوومە مالیان، کە لە نزیک شەقامی ڕەشید بوو. وتم بە کاک جەبار بلێن من و نەسرەدین تووشی شتێکی وا هاتووین، با ئەویش نەچێتەوە مالەوە، چونکی ڕەنگە نەسرەدین گیرابێ، پێکەوە بووین، من بە شەڕە دەمانچە دەرچووم. ئیتر نازانم ئەو چیی بەسەر هاتووە. ئیتر من بە غدا کۆتاییم بە کارەکانم هێنا و چووم بۆ لای پوورە حەپسەم.

دوو دەمانچەی چواردەخۆرم لە کەمەری ڕاست و چەپی پوورم بەست، بەیانی زوو سەعات شەش لە پێشەوەی تاکسییەکە جێگەی دوو نەفەرم گرت، خۆم لای سایەقەکەوە سوار بووم، دەفتەر خزمەتی سەربازیم پێبوو هی "عادل مەجید" بوو، دەستکاریم کردبوو و کردبووم بە "کامل ئەمین" کە سەربازیم تەواو کردووە، عادل ئێستا خانەنشینە و لە سلێمانییە. ماوەیەک وابزانم بەڕێوەبەری شوێنەوار یان مۆزەخانە بوو.

پوورم کەواکەی دایەوە بە سەر دەمانچەکاندا، لە ژێرەوە بەستبووی، چەند بازگەیەکی پشکنین داوای هەویەیان دەکرد، منیش دەفتەری خزمەتی سەربازییەکەم خستبووە ناو نایلۆنێکەوە. کە سەربازەکە داوای دەکرد، لە بەرچاوی بۆم دەرهێنا. بەو مانایەی زۆر پارێزگاریی لێدەکەم بۆ ئەوەی خراپ یان پیس نەبێ، تەماشای دەکرد و دەیدامەوە. بەم شێوەیە گەیشتینە هەولێر. لەوێ هاوڕێیەکم دەناسی بە ناوی "فازل". کوڕێکی کورتەبنە بوو و مالیان لە قەلات بوو. چووینە مالیان، لەوێ دەمانچەکانم لە پوورم وەرگرت و لەو مالە دامنا. پوورم ناردەوە بۆ سلێمانی. منیش سواری سەیارە بووم بۆ کەلالە بۆ لای حاجی

هۆمەران. ئیتر لە ڕێگە ترسم کەم بووەوە، دەفتەری خزمەتی سەربازیم پێبوو، گەیشتینە دیانا. لە چوارڕێیانەکەی دیانا دوا بازگەی سەربازی بوو. لەوێش تێپەڕم کرد گەیشتمە دێی "ناوکێلەکان" کە بارەگای حیزبی شیوعی "قیادەی مەرکەزی" لەوێ بوو. کە دابەزیم، زۆربەی هاوڕێکانم دەناسی. چەند ڕۆژێ بوو گەیشتبووم، وتیان ئەمشەو عەزیز ئەلحاج دێتە سەر تەلەفزیۆن و ئیعتراف دەکات.

هاوڕێ فاروق مەلا مستەفا لە شاریش و دەرەوەش ئیشی دەکرد. موسلح بە کاری حیزبی چووبوو بۆ گەڕەزیلی قەرەداغ. ئێمەش چووین و ماوەیەک لەوێ ماینەوە. لە دێهاتەکان دەگەڕاین لە دۆڵان، دەرەویان، جافەران کە بارەگای هێزی پێشمەرگەی لێبوو. لەو ناوە ماوەیەکمان بەسەر برد. پاشان گەڕاینەوە بۆ بارەگای سەرەکی لە ناوکێلەکان. هەر لەو ماوەیەی عەزیز ئەلحاج و هاوڕێکانیان گیرابوون، شک پەیدا بووبوو کە موسلح لە ژێرەوە لەگەڵ پاراستنی پارتی خەریکە. کاری ڕۆژانەی جێی شک بوو، دیار بوو ئەبوولەیلا "ئیبراهیم عەلاوی" لە ئێمە زیاتری دەزانی. ڕۆژێکیان ئەبولەیلا بانگی کردین، ئەو چەند هاوڕێیەی بڕوای پێیان بوو. لە بارەگاکە بووین، پێی وتین شکی زۆرمان لە موسلح هەیە، کە لەگەڵ پاراستن دەستی تێکەڵاو کردووە. زاوایەکی موسلح لە خەستەخانەی ناوپردان بوو، ناوی دکتۆر فازڵ مستەفا بوو، ئیتر نازانم لە ڕێگەی ئەوەوە یان کەسێکی ترەوە زانیبووی، وردەکارییەکانی نازانم.

**له بارەگای ناو کێلەکان بڕیاری چەککردنی موسلح جەلالی درا و گیرا**

ئەو هاوڕێیانەی پێمان وترابوو، خۆمان حازر کرد. لەسەر نانخواردنی بەیانی هەموومان پێکەوە بووین. ئەبولەیلا "ئیبراهیم علاوی" قسەی لەگەڵ کردبووین. موسلحمان چەک کرد. چەند هاوڕێیەکمان دەمانچەکەمان لێسەند، ئاگادار کرا کە تۆ خیانەتت کردووە، ئیتر لەو جۆرە شتانەی لەسەری کۆبووبووەوە، ئەوانەی بەو کارە ئاگادار کرابووین، من خۆم، کەمال شاکر، ئەکرەم حەپسە، کەمال جەمال "بەختیار". دیارە لە ڕووداوێکی وای چاوەڕواننەکراودا هێمنیی بارەگاکە تێک دەچێت. ئەوانەی لەوێ بوون، ئاگادار نەکرابوون و تاکو ئەو کاتەی موسلح چەک کرا، کەسانی یەکەمی حیزبەکە لایان سەیر بوو. ئەمە چی بوو ڕووی دا؟ پێی وترا خیانەتت کردووە. پاش ماوەیەک قسەوباس، دەستی کرد بە گریان. دەستەسرێکی سپیی پێبوو، چاوی سڕی و وتی من ئامادەم ساڵێک لەو ئەشکەوتەدا دانیشم و لەم جۆرە قسانە، دیار بوو خۆ ئێمەش سجنمان نەبوو، ئیزن درا و ڕۆیشت بۆ ناوپردان، ئیتر بۆ لای کێ چوو؟ نازانم، دوای ئەوە پەیوەندیی کردبوو بە هێزێک لە هاوڕێیانی سلێمانییەوە و چەند کەسێکی لەگەڵ ڕۆیشتن، ماوەیەک ئاژاوە و سەرئێشەی دروست کرد بۆ حیزب. حیزبیش خۆی ڕوو لە کزی بوو، بەتایبەتیش پاش گرتنی عەزیز ئەلحاج و ئەوەی لەسەر تەلەفزیۆن وتی. ئەوانەشی لەگەڵی ڕۆیشتن لە سلێمانی "حەمە ئەمین پێنجوێنی" ئەندامی لقی کوردستان بوو، فایەق ئەمین سەعەسوور، کەسانی تریش کە ئێستا ناوەکانم لەبیر نەماوە. کۆتاییەکەشی دەزانن، موسلح چووەوە لای ڕژێمی بەعس و خیانەتی کرد، لەوێ جێگەی خۆی دۆزییەوە. هەموو ئەوانەی لەو سەردەمەدا لە حیزبی شیوعی کاریان کردبێ، ئەو ڕاستییە دەزانن.

ساڵ ڕۆیشت و ساڵ هات. گۆڕانێکی گەورە هات بە سەر شۆڕشی کورددا. ئێمە لە دەرەوە بووین، پێشمەرگە بووین، موسلح لەگەڵ

"سەدام حسێن" لە تەلەفزیۆن دەرکەوت لەسەر مەسەلەی ڕۆشنبیری، سەدام پێی وت مامۆستا. بە چاوی خۆم بینیم بووبوو بە بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیریی ناوچەی حوکمی زاتی. ئەوەی ڕۆشنبیری بێ، موسڵح نەیبوو، لەبەر ئەوەی وەک سەدانی تر خۆیان فرۆشتبوو. خەڵکی تریش دوای کەوتن. پاش ئەو زیانە گەورەیەی حیزب کردی، پاش گرتنی عەزیز ئەلحاج، ئەمیش لەملاوە زیانێکی گەورەتری لە ڕیزەکانی حیزب دا و بەرەو لاوازیی برد. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخستنەکان باش بوون لەچاو ئەم هەموو مەینەتییەی بەسەری هاتووە.

دوای ئەوە هاوڕێ ئیبراهیم عەلاوی بوو بە کەسی یەکەمی حیزب، ئەبووجەعفەر ناوی "خضیر سەلمان" بوو خەڵکی زاخۆ بوو. ئەبووئەنیس "فاروق مەلا مستەفا"، لە شاری سلێمانیش "شێخ عەلی" و دەیان کادێر و هەڵسووڕاوی تر لە شارەکان ئیشی خۆیان دەکرد. ئێمەش لە دەرەوە کادیرە هەڵسووڕاوەکانی عەسکەریی حیزب بووین. ئەو کاتە کارەکان بە ئێمە هەڵدەسووڕا. دەوری ئیبراهیم عەلاوی زۆر بوو، پشتیوانیی گەورەشی لە هاوڕێ فاروق مەلا مستەفاوە بوو. پێش جیابوونەوەی قیادەی مەرکەزی لە حیزبی شیوعی ساڵی ١٩٦٧ هاوڕێ فاروق هەر لە خەتی ئەبولەیلا بوو. هاوکاریی باشی دەکرد، ئێمەش هەر هەموومان زۆرزۆر بڕوا و متمانەمان پێی بوو، کەسێکی یەکجار زیرەک بوو، پیاوێکی سادە و پاک بوو، ڕەنگە لەو سەردەمەدا من و دەیانی وەک من لە ڕووی فکرییەوە سوودمان لێوەرگرتبێ. خۆ کێشەی حیزب و کاری ڕۆژانە هەر تەواو نابێ. دوای هەلاتنی موسڵح، دیار بوو ئەبووجەعفەریش مەیلی لای ئەوان هەبوو. بەڕاستی ئەبووجەعفەریش پیاوێکی دیار بوو.

کێشەی ناو حیزب هەر تەواو نەدەبوو. دوایی هەندێ بارەگامان بردە گوندی گوێزان، دارئەلسەلام، لای گەلاڵە. چەند گوندێک بوون لەسەر جادەکە، واتە لەسەر "خەتی هاملتۆن" نەبوون. لە دارئەلسەلام لە

جێگەیەکی چۆڵەوانیدا خانوومان دروست کرد، ساڵ گوزەری دەکرد و ئێمە بەردەوام بووین، شۆڕشی کوردیش بە سەرکردایەتیی بارزانی ڕۆژبەڕۆژ لە گەورەبوون و پەرەسەندندا بوو، هەموو بەشەکانی کوردستانی عێراقی لە زاخۆوە تاکو خانەقین گرتبووەوە. ئەو کاتە پەیوەندیمان لەگەڵ پارتی دیموکرات باش بوو، مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوپردان بوو، ئەمەی باسی دەکەم، ساڵی ۱۹٦۹ و سەرەتای ساڵی ۱۹۷۰یە. چەند جارێک لەگەڵ هاوڕێ ئیبراهیم عەلاوی و هاوڕێ فاروق مەلا مستەفا پێکەوە چووین بۆ لای (م.س)ی پارتی. کاک حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری حیزب بوو، لەگەڵ بەڕێزان عەلی عەبدوڵڵا و دکتۆر مەحموود عوسمان لە ژوورێکدا کاریان دەکرد. کاک محەمەد عەزیز لێپرسراوی ئیداریی م.س بوو و بەڕێوەی دەبرد. لەو سەردەمەدا پەیوەندیی شۆڕش و حکومەتی عێراق بەرەو لەیەکنزیکبوونەوە دەچوو. پێشمەرگە دەستی باشی لە ڕژێم دەوەشاند. حکومەتیش زیانی زۆری پێکەوتبوو. بە حوکمی ئەوەی بارەگاکەمان لە ناوکێلەکان لەسەر جادەی گشتی بوو، ئاگاداری هەندێک هاتوچۆ بووین لە نێوان حکومەت و شۆڕشدا و بۆنی ڕێککەوتنی لێدەهات.

### یەکەم سەفەری هاوڕێ ئیبراهیم عەلاوی بۆ سوریا و لوبنان

بڕیار درابوو هاوڕێ ئیبراهیم عەلاوی سەفەرێکی سوریا و لوبنان بکات، هاوڕێکانی ڕێکخستنی دیمەشق و هاوڕێ "موزەفەر نەواب" کە ئەو کاتە لە دەرەوە بوون، داوایان کردبوو. بەرنامەی سەفەرێک ڕێک خرا. هاوڕێ ئیبراهیم عەلاوی ویستی بۆ ئەم سەفەرە لەگەڵیدا بڕۆم. زۆر منی خۆش دەویست بڕوا و متمانەی پێم بوو. ڕۆژی ۱۹۷۰/۳/۹ بەڕێ کەوتین. من بووم، هاوڕێ عەزیز ئەنوەر ناسراو بە "عەزە ڕەش"،

به عەزەی بەهێش دەناسرا، بەداخەوە لەم ساڵانەی دواییدا وەفاتی کرد. هاوڕێیەکی تر عەرەب لەگەڵماندا هات، لای ئێمە بوو و ناوی حەسەن بوو، خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی بوو، باوکیشی عەسکەری خانەنشین بوو و پلەکەی گەورە بوو. ملی ڕێگەمان گرت بۆ سوریا و نووسراویشمان وەرگرتبوو لە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات لە لای بەڕێز حەبیب محەمەد کەریم بۆ ئەوەی هێزی زاخۆ کە "عیسا سوار" ئامرهێزی بوو، هاوکاریمان بکات بۆ پەڕینەوە بۆ سوریا. ڕۆژی یەکەم بە گوندەکانی گەرووی بیشی و شێخان و بەرەو مێرگەسوور ڕۆیشتین. ئێوارەی ڕۆژی ١٩٧٠/٣/١١ گەیشتینە "مێرگەسوور". بەیانی یانزەی ئازار خوێندرایەوە، ئێمە لامان غەریب نەبوو و دەمانزانی شتێک هەیە. دوو ڕۆژ بوو بە ڕێگەوە بووین، لەبەر بارانی ڕێگە تۆزێکیش تەڕ بووین. شەوی چووینە ماڵی خوالێخۆشبوو حەمە ئاغای مێرگەسووری، بە حوکمی پەیوەندیی من لە پێشمەرگایەتیدا لەگەڵ کاک فاخری کوڕی لە مەندرین ناسراویمان هەبوو. جەوهەر و سەعید و ئەوانیشم دەناسی، خوا لێیان خۆش بێت ماڵێکی بەڕێزی گەورە بوون. هەروەها عەزەی بەهێش ماوەیەکی زۆر لەگەڵ کاک فاخردا بوو، ماڵیان وەک ماڵی خۆی وابوو، خۆشیان دەویست، خزمەتێکی زۆر باشیان کردین، هەر لەوێ بووین گوێمان لە بەیانی یانزەی ئازار بوو لە مێرگەسوور.

### بەیانی یانزەی ئازار

لە نێوان شۆڕشی کورد بە سەرکردایەتیی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی و حکومەتی عێراق ڕێککەوتن بوو. ئەو کاتەش "ئەحمەد حەسەن بەکر" سەرۆکی کۆماری عێراق بوو. پاش بەیانی یانزەی ئازار لە سەرتاسەری کوردستان شەڕ ڕاگیردرا. بوو بە خۆشی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لە نێوان هەردوولادا گفتوگۆ و هاتوچۆ دەستی پێکرد.

ئێمەش بۆ ڕۆژی دوایی هەڵساین و ملی ڕێگەمان گرت بۆ سوریا. چووینە ڕێزان و لەوێشەوە بۆ بلی، بارزان لەسەر ڕێگەی سەفەرەکەمان بوو. ئیتر قۆناغبەقۆناغ دەڕۆیشتین، لەولای بلێوە ڕووبارێکی لێبوو، ئاوەکەی دەهاتەوە بۆ لای ڕێزان. لەو ئاوە پەڕینەوە بەرەو دەشتی زێبار. لەسەر ڕووبارەکە هەندێک ماسیمان کڕی و بە ئاگر برژاندمان. دوایی بەرەو دێرەلوک و هاندل ڕۆیشتین. بۆ شەوێ چووینە گوندێک بە ناوی "کالین" کە ئاشووری بوون و بەڕۆژوو بوون، خواردنیان کردبوو بێ ڕۆن. ڕۆژووی ئەوان نە چەوریی تێدایە نە گۆشت. ڕۆژی دوایی ڕێگەمان گرتە بەر. گەیشتینە "بالتە" و لەوێشەوە بەرەو خوارووی دهۆک. ئەو کاتە دهۆک قەزا بوو، بچووک بوو، گڵۆپەکانی دهۆک لێمانەوە دیار بوو. ئەو ماوەیەمان بە شەو بڕی. هاتینە "شندۆخا"، پاشان پەڕینەوە بۆ "مالتایا" و لەوێشەوە چاوساغمان لەگەڵ بوو بۆ ناوچەی پێشمەرگە و قۆناغبەقۆناغ گەیشتینە لای عیسا سوار ئامرهێزی زاخۆ. بارەگاکەی لە "گلناسک" بوو. چووینە بارەگاکەی و خۆمان پێناساند. نامەکەی مەکتەبی سیاسیمان دایە، ئەویش زۆر ڕێزی لێگرتین و ئەو ڕۆژە تاکو ئێواریێ لای ماینەوە. ڕەمەزان عیسا لەوێ بوو، لەوێ کەسێکی شارەزای بانگ کرد ناوی "محەمەد ڕەشۆ" بوو، لەچاو ئێمەدا بەتەمەن بوو. دیار بوو پەڕاندنەوەکاری خۆی بوو، لەگەڵمان هاتە گوندێکی گەورەی مەسیحی بۆ ئەوەی بچینە سەر ئاو، وابزانم "دێی ڕەبوون" بوو، بۆ ئەوەی لە ئاوە گەورەکەی فیشخابور بپەڕینەوە بۆ بەری سوریا. ئەو ئاوە سنووری کردووە بە دوو بەشەوە لە نێوان تورکیا و سوریا و عێراقدا، ئاوی دیجلەی پێدەڵێن. ئاویش چی، ناوێری تەماشای بکەی، بەهارە و ئاو زیادی کردووە، غیرەتی ئەوێ، پانایی ئاوەکەش زۆر بوو لەبەر ئەوەی ئاوەکە بە هۆی باراناو و لافاو هەڵسابوو. لەو کاتەدا پانییەکەی نزیکەی نیو کیلۆمەتر دەبوو. کاک "محەمەد ڕەشۆ" خوا بکەم ئێستا مابێت، چاکەی باشی لەگەڵ کردین یادی بەخێر بێ.

**پەڕینەوە بۆ سوریا**

کاک محەمەد هات و دوو چووپی گەورەی تراکتۆری پێکەوە بەستەوە، بە حەبلی گەورە و ئەستوور دوو چووپی سەیارەی بەست بە چووپە گەورەکانەوە. کەسێکی تریش لەگەڵی بوو ناوی نازانم. هەردووکیان لە پێشەوە سواری چوپە بچوکەکان بوون. عەزەی بەهێ تا سەر سنوور لەگەڵماندا هات، خواحافیزیمان لێکرد و گەڕایەوە. ئێمەش سێ کەسمان ڕۆیشتین. بڕیارەکەش وابوو.

لە ناو ئاوەکەدا محەمەد ڕەشۆ و هاوڕێکەی مەلەیان دەکرد، ئێمەشیان لەگەڵ خۆیان ڕادەکێشا. ئاوەکە هێ ئەوە نەبوو بڵێی مەلە دەزانم، ئەگەر لێت بقەومایە، مەلەوانیش بویتایە، بڕوا ناکەم ڕزگارت بوایە. بە هەرحاڵ، من ئەو کاتە مەلەم نەدەزانی. ئەگەر گرفتێک ڕووی بدایە لە ئاوەکەدا، من یەکەم کەس تێدا دەچووم و دەخنکام. ئیتر ژیانیش زۆری سەرکێشییە. هەرواشمان هێناوە لە ژیاندا. بڕوا بکەن ڕەنگە نیوسەعات زیاتر ئەو ئاوە ئێمەی بردووەتە خوارەوە لە بەرامبەر فیشخابور تا گەیشتینە بەری سوریا. بە سەلامەتی گەیشتینە ئەوێ. ئەم پەڕینەوەیەم لا سەیر بوو. خواحافیزیمان لە محەمەد ڕەشۆ و هاوڕێکەی کرد. ئەو شەوەی پەڕینەوەکەش شەوێکی مێژوویی بوو، یەکەم: دوای یانزەی ئازار بوو، دووەم: سەر سنووری سێ پارچەی کوردستان بوو، لەسەر چیاکان و ئاگر لە هەرسێ لاوە بەرز دەبووەوە. پیاو هەستێکی یەکجار سەیری لا دروست دەبێ. کوردستان چۆن وا دابەش کراوە. شەوی نەورۆز بوو، نەورۆزیش هێ هەموومانە.

## گەیشتنە سوریا

کە گەیشتینە گوندەکانی سنووری سوریا، چووینە دوو گوند بە ناوی "پلیسێ و ڕەکافە". لەبەر ئەوەی ناوەکان کوردی بوون، حیزبی بەعس گۆڕیبوونی بە حەیفا و یافا. لەوێ نامەمان پێبوو بۆ کوردەکانی سوریا، ئەو کاتە پەیوەندیمان لەگەڵ پارتی چەپی سوریا هەبوو، سەرۆکەکەی بەڕێز "محەمەد نەیۆ" بوو، سکرتێرەکەی سەلاح بەدرەدین بوو. ئەو کاتە هەردوو حیزبی کوردی هەبوون. ئەوانمان لە گەلاڵە دەناسی، لە کوردستانی عێراق بوون. لە دوو دێکە ئەوەندە حورمەتیان گرتین، پیاو نازانێ چۆنی باس بکات. بۆ بەیانی ڕۆژ چاوساغیان لەگەڵ ناردین و سواری "ئۆتۆمبێلی" دێکە بووین بۆ قامیشلو. برایانی سوریا زۆر هاوکارییان کردین، لە قامیشلو چووینە ماڵی "عەزیز ئومەری"، کە لە برادەرانی پارتیی سوریا بوو. ئێستاش لەبیرمە ماڵیان لە شەقامی "خالید کوڕی وەلید" بوو، دەرگاکەیان ژمارەی "٤٦" بوو، لەبیرم نەدەچووەوە، چونکی لەدایکبوونی خۆم ساڵی ١٩٤٦ـە. لە ماڵی کاک عەزیز دڵسۆزانە و کوردانە خزمەتیان کردین. باسی وەزعی کوردستانی عێراق و ڕێککەوتنی تازەی یانزەی ئازار کرا. ئەوانیش ئازارێکی زۆریان دەدەن، سیاسەتی تەعریب لەوێ بەردەوامە، ئیعترافیان پێناکەن و ڕەگەزنامەی نادەنێ. ئەو ڕۆژە تاکو ئێوارە لە ماڵی ئەوان ماینەوە. لە قامیشلو بۆ حەلەب سەیارەیان بۆ گرتین. سەیارەکان بە شەو دەڕۆیشتن. بەرەبەیان گەیشتینە شاری "حەلەب". هەر ئەو ڕۆژە سواربووین بۆ دیمەشقی پایتەختی سوریا. تەلەفون و ناونیشانی هاوڕێیانی سوریامان لابوو، بەتایبەت هاوڕێ حەسەن کە عەرەب بوو، لە سوریاوە هاتبوو بۆ لامان و شارەزاییەکی باشی هەبوو. ڕەفیقەکانی خۆی لەوێ بوون. ئەو هاوڕێیانەی لە سوریا بوون، خەلیل ئیبراهیم کە دوایی بوو بە دکتۆر و ئێستا لە ئەڵمانیایە. ئەو کاتە لەگەڵ ڕێکخراوی فەلەستین بەرەی دیموکراتی بوون، هەروەها حەسەن. هەندێک هاوڕێی

تریش له دیمەشق بوون و له دانیشگا دەیانخویند. عادل عەبدولجەلیل کەسێکی هەڵسووڕاو بوو. لەم ساڵانەی دواییدا بەعسییەکان له لوبنان تیرۆریان کرد، نزار عەبدولجەلیل برای بوو. دکتۆر تارق دڵێمی ئەویش له جامیعەی دیمەشق دەیخویند و ساڵی کۆتایی بوو. حازم و دەبانی تر لەوێ بوون. که گەیشتینه ئەوێ، هاوڕێیان هاتن و ئێمەیان برد بۆ بینایەک. "قەبوو"یەکیان بۆ گرتبووین. لەوێ بە ژێرزەمین دەڵێن "قەبوو"، کەمێک حەساینەوە.

دوو هەفتەی ویست تاکو گەیشتینه دیمەشق. پاش ئەوەی ماوەیەک لەوێ بووین، شوقەیەکمان گرت و له عێراقەوه بە دزییەوە منداڵەکانی ئەبوولەیلا هاتن. خێزانەکەی ناوی هاجەر بوو و له ئەسڵدا کورد بوو، کوڕێک و کچێکی هەبوو و ناویان لەیلا و عادل بوو. له خانووەکەدا پێکەوه بووین، من وەک کوڕ و برای ماڵەکه وابووم، جێگەی بڕوای تەواوی ئەبولەیلا بووم. لەگەڵ هاوڕێکانیش بەهەمان شێوه خۆشەویستی و برایەتیمان بەهێز بوو. ئەو ماوەیەی لەوێ بووین، ئەبولەیلا خەریکی کاری حیزبی بوو لەگەڵ بەعسییە چەپەکان، که له دەست ڕژێمی سەدام حسێن ڕایان کردبوو. پەیوەندییەکی باشی دروست کرد، وابزانم کەسێکی لێپرسراویان ئەو کاته ناوی دکتۆر فوئاد بوو. ویستمان سوود لەم پەیوەندییه وەربگرین بۆ هەندێک پێویستیی چەک و شەڕی پارتیزانی. هەر لەو ماوەیەدا که ئێمه لەوێ بووین، "حافز ئەسەد" دەسەڵاتی گرته دەست. کۆنگرەی هەرێمی حیزبی بەعسیان گرت، حافز ئەسەد دەوری کۆنگرەی دا و هەموویانی گرت به سەرکردایەتیی قەومی و هەرێمییەوە، بەرنامەکانی ئێمەش ئەو بەشەی تێکچوو. ئەوانەی سووریا گیران، لەناویشیاندا نوورەدین ئەتاسی. منیش که بڕیار بوو هەندێک چەک و تەقەمەنی بهێنمەوه بۆ هاوڕێیان، بەرنامەکەم تێکچوو. بەڵام کۆڵمان نەدا و هەر له هەوڵدا بووین. پێش

ئەوە من وەجبەیەکی کەمم هێنایەوە، دە کڵاشینکۆف و دە دەمانچەی چواردەخۆر، زوو هێنامەوە و تەسلیم بە برادەرانم کرد.

لە هەوڵدان بۆ پەیداکردنی پێویستیی شەڕی پارتیزانی بەردەوام بووین، لەگەڵ ڕێکخراوی فەلەستین بەرەی دیموکراتی بە سەرۆکایەتیی نایف حەواتمە و قەیس سامرایی پەیوەندیی باشمان هەبوو، هەندێک لە هاوڕێکانی خۆمان لە بەرەکەی ئەوان کاریان دەکرد و بەشدار بوون.

ئەو ماوەیەی لەوێ بووم، لەگەڵ ئەبولەیلا لە ژێرخانەکەی خۆمان بووم. لە دیمەشق ڕۆنیۆیەکی تازەمان کڕی. ئەبولەیلا هەر خەریکی نووسین بوو. کتێبێکی بە دەستەوە بوو لەسەر تەحریفیەت. حیزبی شیوعی بووبوو بە پاشکۆی سۆڤییەت و زیانی گەیاندبوو بە جوولانەوەی شیوعییەت. هەر لەو ژێرزەمینە نووسینی کتێبەکەی تەواو کرد. شەو و ڕۆژ ئیشمان تێدا دەکرد. کتێبەکە ناوی "حزب الشیوعی العراق والتحرفییە العالمیە المعاصرە" بوو. دوای تەواوبوونی بەرگ و دەرزیلێدان، منیش ئەوەندەی بەشی کوردستان بوو، لەگەڵ خۆم هێنامەوە. نووسراوەکان و نامە نهێنییەکانی ئەبوولەیلام بۆ هاوڕێیان لەگەڵ خۆم هێنا. وەک جاران لە دیمەشقەوە بۆ حەلەب و لەوێ ئێوارە سواری ئۆتۆمبێل بووم بۆ قامشلو. بەرەبەیان گەیشتمە ئەوێ و چوومە ماڵی کاک "عەزیز ئومەری". پاش ئەوە چاوساغیان لەگەڵ ناردم. برادەرێکیان هەبوو ناوی ڕەسوڵ بوو لە دێی "گرد زیارەت"، بە عەرەبی کردبوویان بە "تل ئەلزیارەت"، دەچوومە ئەوێ، لەوێشەوە هاوکارییان دەکردم بۆ سەر سنووری عێراق. گرد زیارەت لەسەر ڕێگەی گشتیی قامشلو-دیریک بوو. لەسەر سنوور لە دێی "خانک" لە ئاوەکە دەپەڕیمەوە بۆ دێی "دیرەبوون" لە سنووری زاخۆ. لەوێشەوە بەرەو دهۆک بە ناوچە ئازادکراوەکاندا بە ڕێگەی پێ، ولاخم لە دێکان بەکرێ دەگرت و شتەکانم لێدەنا، چونکی کتێبێکی زۆرم پێبوو. هەندێک جار

هەر بە شەو دەڕۆیشتم. ئەوەندە هاتوچۆم کردبوو، شارەزا بووم و چاوساغم نەدەویست بۆ ڕێگە.

بەتایبەت لە سوریا باش شارەزا بووبووم، ئەوێ وەک عێراق نەبوو، ڕەبیە و بازگە نەبوو. من لە سنووری قامشلۆوە بە ناو کۆمپانیای نەوتدا تێدەپەڕیم. کەس نەیدەوت لە کوێوە هاتووی. ئەمەی باسی دەکەم، چەندین جار دووپات بووەتەوە، ئیتر گەیشتمەوە "ناوکێڵەکان" بۆ بارەگای حیزب لای گەلالە. ئیشەکانی ئەوێشم تەواو دەکرد، دەبوایە بگەڕامایەتەوە بۆ سوریا و لوبنان. جارجارەش هاوڕێیەکم لەگەڵ خۆم دەبرد بۆ سوریا بۆ ئەوەی شارەزا بن.

## لە لوبنان

ئەو کاتانەی دەچووم بۆ لوبنان، پاش ئەوەی دەچوومە ئوتێل، پاشتر دەچوومە ماڵی کاک مستەفا جاف. بەداخەوە لەم ساڵانەی دواییدا کۆچی دوایی کرد. خۆی هاوڕێی ئەبولەیلا بوو لە لەندەن، ساڵەکانی دانشگایان لە لەندەن پێکەوە تەواو کردبوو. هەردووکیان ئەندازیار بوون، حەقیشە باسی خوشکی بەڕێزم "نازەنین قەفتان" بکەم، هاوسەری کاک مستەفا بوو. هەتا بڵێیت بە خزمەت بوون، نەک هەر بۆ ئەبولەیلا، بۆ هەر کەسێکی تریش. ئەوانەی لە ڕابوردوودا هاتوچۆیان کردوون، شاهیدییان بۆ ئەدەن. نموونەیان زیاد بێت. هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی کاک مستەفا جاف. پاش ئەوەی ئەبولەیلام لەوێ ئەدۆزییەوە، کاری ڕۆژانەی ئەویشم دەکرد. زیاتر هاتوچۆی گۆڤاری "الحریە"م دەکرد. موحسن ئیبراهیم و فواز تەرابلسیم دەناسی، لەسەر دۆخی عێراق و کوردستان قسەم بۆ دەکردن، ئەوانیش لە گۆڤارەکەیاندا بڵاویان دەکردەوە، بەتایبەت لەسەر ڕژێمی سەدام حسێن. خۆیان چەپ بوون،

لەگەڵ ئەبولەیلا ڕێکخراوی تریشمان دەبینی. کەسێک چەند جار ئەبولەیلای بینی "نخله مطران". ئەوانیش لە شیوعییەکانی لوبنان بوون و نەیارێکی تایبەت بوون.

من زۆربەی کات هەر لە سوریا بووم لای هاوڕێکان، قەد پیاوەتیی "عادل عەبدولجەلیل"م لەبیر ناچێتەوە، هەروەها نزاری برای و تارق دلێمی و خەلیل و ئەوانی تر. ئەمەش لە پێناوی مەسەلەیەکی پیرۆزدا بوو ئەم هەموو ڕێگەیەم دەبڕی. بڕوا بکەن هەموو جارێ دە ڕۆژ ڕێگە بەڕێوە دەبووم تاکو دەگەیشتمە قامشلو، ئەگەر بیروباوەڕ نەبێ کێ توانای ئەمەی هەیە؟ پیاو باسی خۆشی بکات کەس لە ڕۆیشتن لەگەڵم دەرنەدەچوو، چونکی جگەرەم نەدەکێشا. بە منداڵیش وەرزشکار بووم، هەندێک بەغیلییان پێدەبردم لە ڕۆیشتندا. ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵم بوون، شاهیدن.

لەم هاتوچۆیەدا دوو وەجبە چەکم هێنا بۆ هاوڕێیان. ئەگەرچی ژمارەکەی کەم بوو، بەڵام لە ڕووی مەعنەوییەوە زۆر بوو. جارێکیان ساڵی "١٩٧٢" لە سوریاوە هەندێک چەکمان هێنا. قۆناغی یەکەم لە دێی "گرد زیارەت" لای کاک ڕەسوڵ گەیاندمانە سەر سنوور و داخڵی کوردستانم کرد، بەڵام لای لەشکری یەک خوالێخۆشبوو "ئەسعەد خۆشەوی" دەستی بەسەردا گیرا. ئەسعەد خۆشەوی بارەگاکەی لە بامەڕنی بوو. پاش ماوەیەک هێنان و بردن وەرمانگرتەوە و گەیاندمە لای هاوڕێیان. ئەو کاتەی لە دیمەشقەوە دەگەڕامەوە، ئەوانەی یارمەتییان دەدام، دیارییەکم بۆ دەهێنان. دیارییەکە زیاتر ڕەمزی بوو. لە دیمەشق فیشەکی تاپڕ یان شتی ترم بۆ دەکڕین. کە ڕێگەشم دەگۆڕی، لە هەر جێگەیەکەوە بوویی هەر شتم بۆ دەهێنان.

**هاتوچۆ لە ڕێگەی موسڵەوە بۆ سوریا بە مفامەرە**

دیارە دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازار چەند جارێ هاورێکانم هێنا و بردمن. هەر جارەی کە دەگەڕامەوە بۆ سوریا، چەند هاوڕێیەکم لەگەڵ خۆم دەهێنا بۆ ئەوەی هەم دنیا ببینن و هەم فێری ڕێگە بن بۆ ڕۆژی پێویست، هەم پشوویەک بدەن. ئەوانەی لەو جارانەدا کە لەگەڵ خۆم بردوومن بۆ سوریا بۆ ئەوەی شارەزا بن، زۆر لە هاوڕێکان بوون وەک ئەکرەمی پوورم، کەمال جەمال (بەختیار)، کەمال بە بەختیار دەیانناسی. جەمالی عەلی فائز، بەداخەوە لەم ساڵانەی دواییدا هەرسێکیان شەهید بوون و لە سێدارە دران.

**ڕێگە گۆڕین**

بەهۆی ڕێککەوتنی یانزەی ئازارەوە لە گەلاڵەوە دەڕۆیشتین بۆ هەولێر، لەوێشەوە بۆ موسڵ پاشان بۆ دێیەکی کوردی ناوی تاوس بوو، بە عەرەبی گۆڕیبوویان و ناویان نابوو "وەلید". ئێستاش هێزی کوردی لێیە. تاوس مەخفەرێکی سنووریی گەورەی تێدا بوو، لەوێوە بۆ ئەو دێیەی سوریا بە شەو دەڕۆیشتم، ڕێگاکەی نیوسەعات بوو، دێکەی سوریا ناوی قوڵدمان بوو. لە تاوس دەچوومە ماڵی حەمید، کوڕێکی زۆر دڵسۆز بوو. لەوێ لە تاوس کە شەو تاریک دەبوو، چاوساغیان لەگەڵ دەناردم و دەپەڕیمەوە بۆ دێی "قوڵدمان". لەوێش برادەرانی پارتی هاوکارییان دەکردین، نووسراومان پێبوو بۆیان. جارێکیان کە چووم کاک "فازڵ میرانی" لەوێ بوو، ئەو کاتە ئەندامی لقی ٣ بوو لە موسڵ. لەوێ یەکەمجار یەکترمان بینی و ناسی. لە دێی تاوس هاوکارییان کردم لە ڕووی چاوساغ و پەڕینەوەوە. ئیتر کارەکەم ئاسان بووبوو، لەباتی دە ڕۆژ ڕێگە، بە ڕۆژێک دەگەیشتمە خاکی سوریا،

ئەمەش وەک ئەوەی فێڵ لە میری بکەی. دوای ڕێککەوتنی یانزەی ئازار کە بازگەکان توندوتیژییان کەمتر بووبووەوە، جامانەیەکی سوورم دەبەست، ئیتر ئەو زەمانە جامانەی سوور بەرگەی پەڕینەوە بوو، بازگەکان نەیاندەپرسی، منیش سوودێکی زۆرم لە جامانەی سوور وەرگرت بۆ هاتوچۆ، جارجار ئەگەر دوا بکەوتمایە و دوو مانگی پێ بچوایە، خەڵکی دێکان گلەییان لێدەکردم بۆ دواکەوتووی؟ بەینم زۆر خۆش بوو لەگەڵیان، وەک کەسوکاری خۆمیان لێهاتبوو.

### کۆنفرانسی لقی کوردستان حیزبی شیوعی "قیادەی مەرکەزی"

لە سنووری گەڵاڵە لە چەند دێیەک بارەگامان هەبوو: ١- ناوکێلەکان ٢- دارئەلسەلام ٣- گوێزان. ساڵی ١٩٧٢ بڕیار درا کۆنفرانس بگیرێ بۆ پێداچوونەوەی کاری حیزبی، وا ڕێکەوت لە کوردستان بووم و بەشدار بووم. پێشتر ئەندامی لیژنەی شاری سلێمانی بووم. هەموو شتێک ئامادە کرا، ئەو هاوڕێیانەی لە جێگە دوورەکانەوە هاتن، گەیشتن. نزیکەی چل کەس دەبووین. ئەبولەیلا لەوێ بوو و سکرتێری حیزب بوو. کۆنفرانس چەند ڕۆژێکی خایاند. پاش وتاری ئەبولەیلا ڕاپۆرت خوێندرایەوە لەسەر ئیشکردن و خەباتی چەکداری، کە دژی دیکتاتۆرییەت و ڕووخانی ڕژێم بەردەوام بین. لەسەر هەموو خاڵەکان قسە کرا و لقی کوردستانی قیادەی مەرکەزی هەڵبژێردرا. لەوانەی دەرچوون لە کۆنفرانسەکەدا بۆ لقی کوردستان، ئەگەر کەسێکم لەبیر نەچووبێتەوە: ١- شێخ عەلی ٢- فاروق مەلامستەفا ٣- خۆم(مستەفا چاوڕەش) ٤- سەعدی خالەند خەڵکی مەخموور بوو دوای نەکسەی شۆڕش ١٩٧٥ بەعس لە سێدارەیان دا. ٥- تارق حاجی سەعید، خەڵکی هەولێر بوو. ٦- ئیسماعیل خەڵکی موسڵ بوو برای عەدنان چلمیران

بوو، ئیسماعیل ناوه نهێنییەکەی بوو. ٧- مامۆستا عومەر خەڵکی سلێمانی بوو. هیوادارم کەسێکم لەبیر نەچووبێت، کۆنفرانس تەواو بوو هەر کەسەش گەڕاپەوە بۆ جێگەی خۆی. بەیانی کۆتایی دەرچوو و بەرنامەی کاری داهاتوو دانرا. ئیتر پاش هەڵبژاردن جارێکی تر بە منیان وت کارمان زۆرە و دەبێ بچیتەوە بۆ سوریا.

### دیسان سەفەر بۆ سوریا

پاش ڕێککەوتنی یانزەی ئازار هاتوچۆم ئاسان بووبوو. بازگەکان کەمتر زەختیان دەکرد و کەمتر ڕایاندەگرتیت. ئەمجارە هاوڕێ "فاروق مەلا مستەفا" هاوڕێی سەفەرمە، بەڵام چاوساغ منم کە بچین بۆ سوریا بۆ ئەوەی هاوڕێ فاروق کارەکانی ئەوێ جێبەجێ بکات. دووقۆڵی بۆ سەفەری سوریا کەوتینە ڕێ. هاتینە هەولێر، هەردووکمان جامانەی سوورمان بەست. ئاسان بوو، خەڵکی سیاسیش هەمیشە دەگەڕێت فێڵ لە دوژمنەکەی بکات بە هەر ڕێگەیەک بێت. لە هەولێرەوە چووینە موسڵ و چووینە ئەو گەراجەی ئۆتۆمبێل کە خەتی دێی "تاوس" دێت و دەگەڕێتەوە. بەیانیان دەهات و دوای نیوەڕوان دەگەڕاپەوە. لە ناو موسڵ لەسەر شەقامەکەی دەچووین بۆ گەراج، چاومان بە "بەهادین ئەحمەد" کەوت، کە لە مەجلسی تەشریعی بوو. کاک فاروقی دەناسی، بەڵام منی نەدەناسی. خۆمان لێ لادا، چونکی لەگەڵ دەوڵەت بوو. تاکسییەکمان گرت بۆ دێی تاوس، ئەو ڕۆژە سەیارەی خەتەکەیان نەهاتبوو. زۆر شارەزای ئەو ڕێگەیە نەبووین، کە تەکسییەکە لێوەی ڕۆیشت. تاکسییەکە بەرەو ڕەبیعە ڕۆیشت، ئێمەش زۆر ترساین، کاک فاروق وتی ئەگەر زانیمان مەبەستێکی هەیە، سایەقی تاکسییەکە دەکوژین. پێش ئەوەی بگەینە ڕەبیعە، بە لای ڕاستدا لای دا بۆ دێی

تاوس. گەیشتینە ماڵی کاک حەمید و هات بە پیرمانەوە. ماڵی حەمید خانەخوێنم بوون، دەمەدەمی ئێوارە بوو، چووینە ژوورەوە. پاش هەواڵپرسی کاک فاروقم پێناساندن، ژنەکەی کاک حەمید هات زۆپاکەی بە پشقڵ داخست. لەوێ دار نییە. بە دەستی پشقڵی کردە زۆپاکەوە، بەهەمان دەستیش بێئەوەی بیشوات، چای کردە قۆرییەکەوە. کە چای تێکرد، کاک فاروق نەیخواردەوە، وتم کاکە ئەوە شتێکی ئاساییە، بەڵام من چایەکەم خواردەوە. دوای نانخواردنی ئێوارە یەکێک تاکو دێی "قۆڵدمان" کە دێیەکی سوریایە، لەگەڵماندا هات. بە پشتی مەخفەرەکەی تاوسدا بردیانین. بە کەمتر لە سەعاتێک گەیشتینە ئەوێ، لەوێش پێشوازییەکی گەرمیان لێکردین و ڕێزێکی زۆریان لێگرتین. شەومان ڕۆژ کردەوە، بەیانییەکەی سواری جێب بووین بەرەو قامشلو. ئیتر وەک جاران قۆناغبەقۆناغ بۆ حەلەب و دیمەشق. کە گەیشتینە دیمەشق، ژەمبوردە بووبووین. پێکەوە دووقوڵی چووینە ڕیستورانتێک و نانمان خوارد. دوایی هاوڕێکانی خۆمان دۆزییەوە. ئەو ماوەیەی سوریا هەر پێکەوە بووین. کاک فاروق ئیشەکانی حیزبی جێبەجێ ئەکرد و من ڕێنماییم دەکرد بۆ شوێنەکان. جا لێرەدا حەقە بوەستم: لە کەلاڵەی حاجی هۆمەرانەوە حیزب یەکی دە دیناری داینێ، حساب کرابوو. لە موسڵ بایی دیناروئیوێک گۆشتم کڕی بۆ ماڵی کاک حەمید کە خانەخوێمان بوو و هاوکاریی پەڕینەوەی دەکردین. ڕەنگە کاک فاروق شتێکی زیاتر پێبووبێ، دۆخی دارایی ماڵیان باشتر بوو. ئێمە ئاوا دەروێشی حیزب بووین، بە دە دینار بۆ دیمەشق، ڕەنگە هەبێت بڕوا نەکات.

**سەردانی مەزاری مەولانا خالیدمان کرد**

بە حوکمی ئەوەی من شارەزای دیمەشق بووم، لەگەڵ هاوڕێ فاروق چووین بۆ گەڕەکی کوردەکان بۆ سەر مەزاری مەولانا خالیدی نەقشبەندی. کاک فاروق و ئەوانیش خۆیان بە نەوەی مەولانا خالید دەزانن. لە پردی "نحاس" پەڕیینەوە و چووینە مەزارەکەی، کە لە گۆڕستانێکی گەورەدا بوو لە گەڕەکی کوردەکان. ئەو بینایە خێزانێکی لێبوو، لە ڕووی ناوماڵەوە ڕێکوپێک بوون، لەسەر "قەنەفە" دانیشتین، تەلەفزیۆن و ئەمجۆرە شتانەیان هەبوو. کاک فاروق لە من باشتر مێژووی شەجەرەی مەولانا خالیدی دەزانی. قسەی لەگەڵ کردن. وتم کاکە لای ئێمە زێوان هەمووی ڕیشدار و ڕیشسپین، بزانە لێرە چەند پاکوخاوێنن. ئەوەشمان تەواو کرد و گەڕاینەوە بۆ جێگەی خۆمان.

سەردانێکی لوبنانمان کرد، پێکەوە چەند شەوێ لەوێ بووین لە ئوتێل "جیرۆ سالم هاوس" لە کۆڵانەکانی شەقامی حەمرا بوو. دوایی گەڕاینەوە بۆ دیمەشق و لەوێش پاش چەند ڕۆژێکی تر گەڕاینەوە بۆ کوردستان. وەک جاران لە ڕێگەی "خانکەوە" هاتینەوە. لە ئاوی دیجلە بە بەلەم پەڕیینەوە بۆ دێی دیرەبوون. بەرەو لای گەلالە و بارەگای خۆمان لە ناوکێلەکان و دارئەلسەلام کەوتینە ڕێ، دواجاریش لەگەڵ ئەبوولەیلا چووین و گەڕاینەوە، هەر لە ڕێگەی برادەرانی کوردی سوریاوە بوو. هەتا ماوین سوپاسیان دەکەین، ئەو کاتەی لە سوریاوە هاتینەوە، لەسەر سنووری سوریا ـ عێراق دەورمان بە پاسەوانی سنووری سوریا گیرا. پێی دەڵێن "هەجانە"، تەقەیەکی زۆریان لێکردین. پاش ئەوە گرتیانین و تۆزێک ئازاریشیان داین. بە دەستبەستراوی بردیانین بۆ قامشلۆ. ڕیسەکەمان بووەوە بە خوری. هەرچیمان پێبوو گیرا. ئەو شەوە لە قامشلۆ لە بارەگای موخابەرات بە سجنی ماینەوە. بەڕاستی لە بیرم نییە کێی تریشمان لەگەڵ بوو. من و ئەبوولەیلا بووین، هەریەک بە جودا ئیفادەی خۆمان دا و خۆمان ناساند، کە ئێمە

عێراقیین و سیاسیین. لەگەڵ دیمەشق قسەیان کرد. بۆ ڕۆژی دوایی ئازادیان کردین، خۆشیان تاکو سەر سنوور هێنایانین و دوایی پەڕیینەوە بەرەو کوردستان، هەر بە پێ گەڕاینەوە بۆ بارەگای خۆمان لە ناوکێلەکان.

## کوژرانی ئەبووجەعفەر

دیارە کێشە لەناو حیزبدا هەبوو، ئەبووجەعفەر بە تاکڕەوی کاری دەکرد. وای لێهاتبوو بارەگاکەشی جودا بوو. لەناو خۆماندا ئەوەندە بە خراپی باس کرابوون، ئەگەرچی من هەر خەریکی هاتوچۆ بووم، بەڵام مێشکی پێشمەرگەکان پڕ بووبوو کە ئەمانە خائینن و لەم جۆرە شتانە. زیاتر کێشەکان لەسەر خوارووی عێراق بوو، کە ئەبووجەعفەر سەرپەرشتیی دەکرد. چەندین موخابەرات و جاسوسی تێخزابوو. ڕۆژێک لە کاتی ڕێککەوتنی پانزەی ئازاردا کە هاتوچۆ گەرم و بەردەوام بوو، پێشمەرگەکانی ناوکێلەکان ئەبووجەعفەر لەناو سەیارەیەک دەبینن. کوڕێک ناوی حسێن بوو لەگەڵ عەباس ناوێک هەردووکیان عەرەب بوون، دایدەگرن و دەیکوژن، بێئەوەی نە ئەبوولەیلا یان کەسێکی تر ئاگادار بێ، یان ئەمریان پێکرابێ. ئەوان بە کارێکی شۆڕشگێڕییان زانیووە. ئەم تەقەتەقەش لەو کاتەدایە کە وەفدێکی حکومەتی عێراق هاتووە و لێپرسراوان لەگەڵیان دێنە خوارەوە تاکو ڕەوانەیان بکەن. ڕووداوێکی ناخۆش بوو، ئیمەش لە دارئەلسەلام بووین، ئاگامان لە هیچ نەبوو. کە وەفدەکە بە سەر کوژراوەکەدا دێن، پارتی حسێن دەکوژێ. ئیتر دوای ئەوە زانیمان شتی وەها ڕووی داوە. ئەمەش هۆیەکەی ئەوە بوو موسلیح خیانەتی کردبوو. کێشەکانی ناو حیزب زەقتر بووبوونەوە. هەندێک کەسی تریش لەگەڵیان ڕۆیشتبوون.

ئەبووجەعفەریش وەک ئەوان نیازی ڕۆیشتنی هەبوو. ئیتر نازانم بۆ کوێ و نیازی چی بووە. ئەو ماوەیە لە لامان نەمابوو، چووبووە لای دەربەند و چۆمان. ئەمەش، بێجگە لە کوشتنەکە، کارێکی زۆر ناخۆش بوو. لەو سنوورە حاکمیەت و دەسەلات هی پارتی بوو، کوشتن هەر قبوڵ نەدەکرا، زۆر تووڕەیان دەکات. هەر لەبەر ئەوەش حسێنیان کوشتەوە.

خۆشمان دەمانزانی پارتی شتی وەها قبوڵ ناکات، ناحەقیشیان نەبوو. ئێمە لە بن دەسەلاتی ئەواندایین. زۆر خراپە بە کەیفی خۆت خەڵک بکوژی. پاش چەند سەعاتێک هێزێکی پارتی لە هێزی گەلاڵەوە هاتن بۆ "دارئەلسەلام" بۆ بارەگاکەمان، ئێمەیان هەموو سجن کرد. ئەبوولەیلا لەلامان نەبوو، شتێکی سەیر بوو، بەلام چاوەڕوانکراو بوو. هەر کە ڕووداوەکە بوو، من نامەیەکم بۆ هاوڕێ فاروق مەلا مستەفا نووسی لە سلێمانی و تیایدا ڕووداوەکەم بۆ باس کرد. ئەو کاتە زاهیری برام لامان بوو، منداڵ بوو و جێگەی شک نەبوو. بە زاهیردا نامەکەم بۆ نارد. ئەبوولەیلایان بانگ کرد بۆ ناوپردان. ئەو هێزەش بە سەرپەرشتیی "حەسەن ناسر و مستەفا نیرویی" لە هێزی باڵەک هاتن. ئیتر نازانم چەند کەسیان لەگەڵ بوو. بە هێمنی و حورمەتەوە گرتیانین. بۆ ڕۆژی دوایی ئەبوولەیلا هاتەوە. دیار بوو ڕووداوەکەی بۆ ڕوون کردبوونەوە. دەرگایان کردەوە و ئێمەیان بەردا.

پاش چەند ڕۆژی هاوڕێ فاروق هات و زاهیری برامی لەگەڵ بوو بۆ چاوساغی. ئەبووجەعفەر بە هیچ شێوەیەک حەقی کوشتنی نەبوو. ئەو هاوڕێیانە بە عەقڵی خۆیان ئەمەیان کردبوو، ئەمە ڕاستیی ڕووداوەکەی ئەبوجەعفەر بوو. کاروباری حیزب پێشکەوتن و گەشەکردنی نەبوو. لە دەوری خۆمان ئەخولاینەوە. دۆخەکەش وای کردبوو و پارمەتیدەر نەبوو.

**چوونم بۆ بەغدا بۆ نەشتەرگەریی "گەدە"**

ساڵی ۱۹٦۸ هەر لە یەکەم ڕۆژی کودەتای حیزبی بەعسەوە تووشی کێشەی گەدە بووم. چلک و ئازار و ترشانی هەر بەردەوام بوو. زۆریش دەچوومە لای دکتۆر، بەتایبەت کە لە سوریا بووم، ترسم نەبوو و بە ئازادی دەچووم بۆ لای دکتۆر. دکتۆرێک هەبوو ئێستاش ناوەکەیم لەبیرە، هاتوچۆم دەکرد. جێگەکەی لە "مەیدانی عەرنوس" بوو، ناوی "منذر الدقاق" بوو. مامۆستای کۆلێژی پزیشکی بوو لە دیمەشق. کە لە سوریا دەبووم، دەچووم بۆ لای. پاش پشکنین دەرمانی بۆ دەنووسیم، لە کاغەزەکەی دەنووسی پاش پانزە ڕۆژ سەردانی دکتۆر بکەرەوە. ئیتر منیش ئەگەر لەوێ بوومایە، دەڕۆیشتم، لەوێش نەبوومایە ئەوە هیچ. ئەو ماوەیەی دەرمانەکانم بەکار دەهێنا، باش دەبووم، دوایی وام لێدەهاتەوە. ئیتر ساڵی ۱۹۷۳ زۆر خراپ بووم، چوومەوە بۆ سلێمانی. هەرچیم دەخوارد، ئەمهێنایەوە. دڵەکزێیەکی زۆرم هەبوو و ئازاری دەدام. دکتۆر عەدنان هەبوو لەسەر شەقامی پیرەمێرد لە نزیک خەستەخانەی سەرەوە. چوومە لای، وتی تۆ "قورحە" هەیە و دەبێ عەمەلیاتی بکەی. منیش بیرم کردەوە لە سلێمانی بە هۆی حیزبایەتییەوە شتم زۆر لەسەرە. خوایە لە بەغدایش حوکمی ئیعدام هەیە بە غیابی لە زەمانی عەزیز ئەلحاج و بەغدا، دۆخێکی تایبەتیم هەیە. هێنام و بردم، وتم هەر بەغدا باشترە، کەس نامناسێ. بە کەسم نەوت. ڕۆیشتم بۆ بەغدا. دەفتەر خزمەتی سەربازیم پێبوو، بە ناوی خۆمەوە نەبوو، لە پێشەوە باسم کرد هی کەسێکی تر بوو و دەستکاریم کردبوو. خوایە بچم بۆ لای کێ؟ ماڵی کاک جەباری پوورزام لە بەغدا بوو. کوڕی پووری دایکم بوو، چوومە ماڵیان. کاک "عومەر عەلی قەساب" لەوێ بەڵێندەر بوو و ئیشی بینای دەکرد. کاک جەباری پوورزاشم زاوای بوو و بۆم باس کرد. خوا لێیان خۆش بێ هەردووکیان نەماون. لە دارا تۆفیق نامەیەکی بۆ وەرگرتم بۆ دکتۆرێکی برادەری، ناوی "یوسف

مووسا محەمەد" بوو. عیادەکەی لە مەیدانی نەسر بوو. چووم بۆ لای، برادەریکم لەگەڵ بوو، ناوی جەمالی عەلی فائز بوو. دکتۆر "یوسف" پالی خستم فەحسی کردم. وتی تۆ قورحەتە و دەبێ عەمەلیاتی بکەی، هەروەها دوانزەگرێش. خۆی مامۆستای کۆلیژی پزیشکی بوو. وتی بچۆ بۆ خەستەخانەی "کەرامە". لەوێ جێگە نییە، دەست بگرە بە سکتەوە و بڵێ ئازارم زۆرە، با بتخەن. چیی پێوتم، وامکرد. تاکسییەکم گرت، جەمال لەگەڵمدا هات. لە بەردەرگای خەستەخانە خۆم کرد بە مردوو لە تاو ئازار بۆ ئەوەی بمخەن. دەرزییان لێدام و خۆم چاک نەکردەوە، ها ئێستا یان کاتێکی تر ئەمرم. لەوێ خستیانم. بەیانی دکتۆر یوسف هات، لە هۆڵەکەی خۆی لێی بەرپرسیار بوو، ناسیمیەوە، بۆی نووسیم بۆ خوێن. لە بەردەرگای خەستەخانە دوو قاپ خوێنم کڕی یەکی بە سێ دینار. ئیتر ڕۆژی دوایی عەمەلیاتیان کردم. ئەوەی لام بوو "جەمال سەفێ" خوشکەزای کاک عومەری عەلی قەساب بوو، خزممان بوو، کە چاوم کردەوە لەلام بوو. دوایی زاهیری براشم لە سلێمانییەوە هات بۆ خەستەخانە بۆ لام. وامان کرد کەس نەزانێ. ئەگەر بەعس پێی بزانیمایە، کۆتایی بە ژیانم دەهات.

ماوەی هەشت ڕۆژ لە خەستەخانە بووم، دوایی چوومە ماڵی هەندێک لە خزمەکانی ترم. ماڵی کچێکی پوورم لەوێ بوو بە ناوی "ئەمیرە". چوومە ماڵیان تاکو باش بووم و گەڕامەوە بۆ سلێمانی، بەڵام سەرکێشییەکی گەورە بوو. کەم کەس دەتوانێ ئەوە بکات.

## وازهێنان لە حیزبی شیوعی "قیادەی مەرکەزی"

زۆر زەحمەتە کەسێک تەمەنی لاوێتیی خۆی تەرخان کردبێت بۆ حیزبێک، ئەوەی لە توانایدا بووبێ و بە زیادیشەوە لەپێناوی ئەو ئامانجە و داخوازیی چینی هەژاراندا هەرچی پێکرابێ، دریغی نەکردبێت، کەچی هەر خۆی واز بهێنێت. ئەو هاوڕێیانەشی کە کاریان لەگەڵ کردووم یان لە نزیکەوە ناسیویانم، شاهیدی دەدەن بۆ ڕاستیی ئەوەی لەم یادەوەرییەدا پێش وازهێنان نووسیومە. نامەوێ زۆر باسی خۆم یان هاوڕێکانم بکەم کە لەو ڕێبازەدا ڕەنگە لە من زیاتریان کردبێ و شەهید بوون و گیانی خۆیان بەخت کرد. منیش چەندین جار لە لێواری مردن ڕزگارم بووە. هەر لەوەی لە شەڕە گەورەکەی هەندرێن گوللە لە سەری دام و ئێستاش پێوەی دەناڵێنم. یان لە بەغدا ئەگەر خۆم بەغیرەت نەبوومایە، ئەوەی تووشم هات لە گرتن و بە شەڕە دەمانچە دەرچووم و چەندین ڕووداوی تر. بەڵام نەک هەر خۆم، کەسوکارەکەشم هەمووی پێمانەوە موبتەلا بوون. تاکو ئەو ڕۆژەی بڕیاری وازهێنانم داوە، وەک ئەمڕۆ ڕووسوورم لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی بەجێیان دەهێڵم، ڕووسوورم لە بەردەم میللەتەکەمدا، کە هەمیشە لە سەنگەری گەلدا بووم.

پێش نەشتەرگەریی گەدەم و دوای ئەوەش ماوەیەک لە خولیای ئەوەدا بووم واز بهێنم، چونکی پاش ئەم هەموو ماندووبوون و قوربەسەرییەی دیوومانە، حیزبەکەمان گەشە ناکات، هەر لە جێگەی خۆیەتی و لەباتی پێشکەوتن بەرەو دواوە دەڕوات. پاش ئەوەی لە بەغدا گەڕامەوە، لە سلێمانی لەگەڵ هاوڕێ نزیکەکانم، ئەوانەی دەیان و سەدان شەو پێکەوە شەونخونیمان کێشا لە پێناوی حیزبدا، کۆبوومەوە. ئەوانیش شیوعی بوون. زۆر بەیەکەوە ئیشمان کردووە، هاوڕێی خەباتم بوون، وەک شەهید ئەکرەمی پوورم و هی تریش. قسەمان زۆر کرد، کۆتاییەکەی ئەوە بوو من بڕیاری وازهێنانم دا لە حیزب. پێم وتن من دەچم بۆ لای سەرکردایەتی و

لای هاوڕێ ئەبولەیلا لە "دارئەلسەلام"، کە بارەگاکەمان لەوێ بوو، پێیان دەڵێم واز دەهێنم. ئیتر ڕۆیشتم بۆ لایان. داوام کرد بەتایبەتی لەگەڵی دانیشم. لەگەڵ ئەبوولەیلا هەم بەینمان زۆر خۆش بوو هەم هەردووکمان وەک دوو هاوڕێ یەکترمان خۆش دەویست. سەدان شەو و ڕۆژمان پێکەوە کردووەتەوە، بە ئەمینی لەگەڵ خۆی و ماڵ و منداڵی لە سوریا شەونخونیمان کێشاوە. هاوڕێی چەندین جار سەفەری قەرەداغ و شوێنەکانی تری کوردستانم بووە، هەروەها هەموو جارەکان من لەگەڵی بووم لە سوریا و لوبنان. پاش ئەوەی قسەم بۆ کرد و ڕەئی خۆم دا. ئەوەی ڕاستی بێ، زۆرزۆری پێناخۆش بوو، زۆر قسەی بۆ کردم و هەوڵی لەگەڵ دام پەشیمان ببمەوە، کاک فاروق مەلا مستەفا شاهیدە. وتیان نابێت. وتم هاوڕێیانی بەڕێز وا حسابم بۆ بکەن ترساوم یان ترسنۆکم. ئەبولەیلا وتی دەزانین تۆ ترسنۆک نیت. بەڵام مادام هەر سووری، بڕیار لای خۆتە. منیش ئەملاوئەولام ماچ کردن و خواحافیزیم لێکردن. لە حیزبی شیوعیدا وەک جیگای تر نییە. من دەمانچەیەکی حیزبم لابوو لێیان وەرنەگرتمەوە. ئەگەرچی ئەوەی هەشیانبوو ئەوەی لە سوریاوە هاتبوو هەر من هێنابووم، بەڵام تەربیەتی حیزبی شیوعی جیاوازە. سوپاسم کردن و خواحافیزم کرد.

### چوونم بۆ گەلاڵە بۆ لای کاک فەرەنسۆ هەریری

کاک فەرەنسۆم دەناسی، چونکی ئەو چەند ساڵەی تەمەنی پێشمەرگایەتیم لە سنووری هێزی باڵەک و لە گەلاڵە بووە. چەندین جاریش بە ئیشی حیزب چووم بۆ لایان. لە مێشکی خۆمدا وتم دەچم ئاگاداریان دەکەم لە ئێستاوە ئیتر من شیوعی نیم و وازم لە حیزب هێناوە. وام دانابوو بڕۆم بۆ قەلادزێ بۆ ماڵی باوکم دانیشم، کاروکاسبییەک بکەم. شاری قەلادزەش ڕزگار کرابوو و بە دەستی پێشمەرگەوە بوو، کورد

حوکمی دەکرد. کە چوومە لای، شەرحی حاڵی خۆم بۆ کرد، وتم من لەو کاتەی هاتوومەتە لای تۆ، وازم هێناوە. مەبەستیشم ئەوە بوو لەو سەردەمەدا هەرچی دەکرا، ئەگەر مۆری شیوعییەکانی پێوە بوایە، ناوی من و و چەند هاوڕێیەکی تریشی تێدا دەهات. من لە سوریا و لوبنان بووم شت ڕووی ئەدا، ناوی منیان دەهێنا. دەیانوت مستەفا چاوڕەش بووە. ئاگاشم لێنەبووە. ئەوەی ڕاستی بێت، کە من شەرحی حاڵی خۆم بۆ کرد، کاک فەرەنسۆ هەریری زۆر ڕێزی گرتم. وتی باشە کاکە، لام باشە کاک مەسعود بارزانی ببینیت. منیش نەمویست قسەکەی بشکێنم وتم باشە. مەوعیدی بۆ وەرگرتم. لەو کاتەدا کە من چووم، وتیان کاک مەسعود چووە بۆ ناوچەی بارزان و هەفتەیەک زیاتری پێدەچێ، لێرە بە تاکو دەگەڕێتەوە. تاکو ئەو هاتەوە، کاک ئیدریس بارزانیشم بینی. ئەویش هەر هەمان قسەی پێوتم کاک مەسعود ببینم. ئەو ماوەیە تاکو هاتەوە، من لە دەربەندی ڕایات بووم لە چاپخانەکەی مستەفا سلێمانی برای خوالێخۆشبوو ڕەشۆل. کە هاتەوە، چووم بۆ لای لە کوێستانەکانی حاجی هۆمەران. بارەگای بارزانی لەوێ بوو. بەرەو پایز دەڕۆیشت. لەژێر چادرێکدا دانیشتبوو. شارەزا بووم، لە ساڵەکانی "١٩٦٦" چەند جارێک چووبووم بۆ ئەوێ لەبەر بریندارییەکەم لە هەندرێن بۆ ئەوەی بمنێرن بۆ ئاران. ئەو کاتەش کە من چووم بۆ لای کاک مەسعود، دۆخەکە ڕۆژبەڕۆژ بەرەو ئاڵۆزی دەچوو لەگەڵ حیزبی شیوعیی عێراقی. ڕۆژنامەکانی هەردوولا لەسەر یەکیان دەنووسی. شیوعییەکان لەگەڵ بەعسییەکان لە بەرەیەکدا بوون. لە چەند جێگەیەک تووشی تێهەڵچوون بووبوون لەگەڵ یەک، لەو کاتەشدا ١٢ شیوعی لە دەرەوەی وڵات لە دەورە دێنەوە. لە سنووری زاخۆ بێسەروشوێن کران. شیوعییەکان پارتییان تاوانبار دەکرد کە نەماون، لە سنووری عیسا سوار بوو. هاوڕێیەکی خۆم کەمال جەمال بە "بەختیار" ناسرابوو، ئەویش هەر لەو سەردەمەدا چووبوو بۆ سوریا، لە ڕێگە بێسەروشوێن کرا و تا ئێستاش نادیارە، بە شەرتێ لەگەڵ حیزبی شیوعی نەمابوو، وازی هێنابوو.

**چاوپێکەوتنی کاک مەسعود بارزانی**

چووم بۆ لای کاک مەسعود، پاش بەخێرهاتن هەندێک قسەی بۆ کردم لەسەر دۆخەکە و سیاسەتی شەڕ و شیوعییەکان؛ ئیتر منیش دۆخی خۆم بۆ باس کرد. دیار بوو پێش خۆم کاک فەرمنسۆ هەریری پێی وتووە و بۆی باس کردووە وازم هێناوە. ئەگینا ئەو منی باش نەدەناسی. لەبیرمە وتی کاکە من لەژێر ئەم چادرە دانیشتووم، کەسێک دێت دەمانچەیەکی بەدەستەوەیە و دەیەوێ بمکوژێ. دیارە من بەرگری لە خۆم دەکەم و هەرچیم پێبکرێ ئەیکەم. مەبەستی ئەوکات هەم ڕژێمی بەعس بوو هەم شیوعییەکان، کە وردەشەڕیان هەبوو. ماوەی زیاتر لە چارەکە سەعاتێک لای بووم، دوایی وتی نامەیەکت بۆ دەنووسم بۆ "عەلی عەبدوڵڵا"، کە ئەو کاتە پارێزگاری شاری سلێمانی بوو. لە نامەکەیدا نووسیبووی کە کوڕێکی باشە و سوود لە توانای وەربگرن، ناوبانگی باشە، وازی لە حیزبی شیوعی هێناوە. لە نامەکەدا نووسیبووی ڕەبتی بکەن بە هەڤاڵ محەمەد ڕەحیمەوە. ئەو نامەیەش دوایی کەوتبووە لای محەمەد ڕەحیم و لە کتێبەکەی "محەمەدی حاجی مەحموود"دا کە لەم ساڵانەی دواییدا دەریکردبوو، نامەکەی چاپ بووبوو. دیارە نامە و شتەکانی محەمەد ڕەحیم پاش کوژرانی کەوتووەتە لای کاک محەمەدی حاجی مەحموود، بەڵام مێژووەکەی بە هەڵە نووسیوە. نامەکە هی ساڵی ١٩٧٣یە. سوپاسم کرد و هاتمە دەرەوە، خواحافیزیم کرد. ئیتر ویستم بڕۆمەوە بۆ سلێمانی، کاک فاتح حەمەڕەش لە فەوجی حدود بوو، ئامرفەوج بوو، سەیارەی پێبوو. لەگەڵی سوار بووم، لە ڕێگەی دۆڵی بالیسانەوە هاتینەوە بۆ سلێمانی. کاک فاتح ئەو کاتە منی نەدەناسی. جیا بووینەوە و سوپاسم کرد.

## چوونم بۆ لای کاک عەلی عەبدوڵلا، پارێزگاری سلیمانی

ڕۆژی یەکەم لە ماڵەوە بووم. وتم چۆن بچم بۆ لای کاک عەلی عەبدوڵلا، بیرم کردەوە بێستون مەلا عومەر برادەرمە و لەگەڵ محەمەد ڕەحیمە. تەلەفۆنم بۆ کاک بێستون مەلا عومەر کرد. قسەم لەگەڵ کرد و وتم نامەیەکی وام پێیە، ئەگەر بێیت بۆ لام. لەگەڵ کاک بێستون لە قۆناغەکانی ژیاندا هەر لە منداڵییەوە لە سەرەتایی پێکەوە بووین لە گەڕەک، هەروەها زۆر برادەری یەکتر بووین. برایەتیمان بەهێز بوو، من شیوعی و ئەو پارتی بوو لە هەموو تەمەنی خۆیدا.

دیدارەکەمان ڕێک خست. عەسرێک هات بەدوامدا، لەگەڵی چووم بۆ لقی ٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان. کە چووم، ئەم کەسانە لەوێ بوون: کاک عەبدوول سۆران، بەداخەوە بە غەدر شەهید کرا. کەمال شێخ غەریب و کاک مەحموود مەلا عیزەت. هەرسێکیان نەماون و بە بەهەشت شادبن. تۆزێک دانیشتم، زۆر بەخێریان هێنام، دوایی کاک عەلی عەبدوڵلا هات. دوای دەوام لە لقی چوار دەوامی دەکرد. لێپرسراوی یەکەم بوو. چوومە ژوورەوە بۆ لای کاک عەلی، زۆر ڕێزی گرتم، چایەکی بۆ بانگ کردم و هەندێک قسەی بۆ کردم. نامەکەم دایە دەستی و خوێندییەوە. زۆر قسەی باشی کرد؛ وتی کاکە لەبەر ئەوەی خۆت دەزانی من پارێزگاری سلێمانیم، کارم زۆرە و سەرم قاڵە، لەگەڵ کاک محەمەد ڕەحیم یەک ببینن و پەیوەندیتان هەبێ. نامەکەی کاک مەسعوودی جێبەجێ کرد.

**لەگەڵ کاک محەمەد رەحیمدا**

لام باشە بگەڕێمەوە بۆ ساڵەکانی (١٩٦٢ – ١٩٦٣) بەدواوە. من لە ناوەندیی شۆڕش بووم. ئەو کاتە شیوعی بووم و ئیشی حیزبم دەکرد، لە ناوەندی شۆڕش بەرپرس بووم. ڕۆژگار شتێکی ترە و گۆڕان بەردەوامە. ئەو کاتە من بەرپرسی محەمەد ڕەحیم بووم، ئەویش شیوعی بوو و لای من بوو. ئێستا ئەندامی لقی ٤ی پارتییە و لێپرسراوی پاراستنە. بیستون مەلا عومەر سایەقی ئەوە، جێبەکەی بۆ لێدەخوڕێ. ئەو کاتەش ئۆتۆمبێل کەم بوو، کەم لێپرسراو هەیبوو. جێبێکی کورت لاندرۆڤەر بوو. ئەوەی سەیارەی بوایە، بەغیلیان پێدەبرد. لەسەر قسەی کاک عەلی عەبدوڵڵا لەگەڵ محەمەد ڕەحیم یەکمان بینی. دیار بوو کاک عەلی ناوەڕۆکی نامەکەی پێوتبوو. لەم ساڵانەی دواییشدا دەرکەوت هەر نامەکەشی داوەتێ، لای ئەو بوو. خوا هەڵناگرێ ئەویش زۆری پێخۆش بوو. ئەو ماوەیەی لە سلێمانی بووم، بۆ زۆر جێگە لەگەڵ خۆی سواری دەکردم لە پێشەوە. بە تیرێ دوو نیشانی دەپێکا، یەکێکیان وەک وەفایەک بۆ ڕابوردووی برادەری و لە ڕابوردوودا من بەرپرسی ئەو بووم لە گەنجێتی و خوێندکاریدا، دووەم نیشانی خەڵکی سلێمانیی دەدام کە من وازم لە حیزبی شیوعی هێناوە. ئەمەش ماوەیەکی خایاند. دۆخەکەش هەر بەرەو شەڕ و ناخۆشی دەچێت، ڕۆژانە لەگەڵ حکومەت گرژی دروست دەبێ.

وتیان لە چوارتا بارەگایەک دەکەینەوە. مادام ئیشت نییە، تۆ بچۆ بۆ ئەوێ و لێپرسراوی بە. وتم باشە. خۆشم حەزم دەکرد لە بەرچاو نەبم، چونکی شتم لەسەر بوو. ئەو نامەیەی کاک مەسعود بارزانی بۆ عەلی عەبدوڵڵا هەر زۆرزۆر مەبەستمە و بۆ من باش بوو، چونکی کەس ناتوانێ لە ڕووی میرییەوە کێشەم بۆ دروست بکات لە خەباتی ڕابوردوومدا. ئەو شتانەی لەسەرم بوون، بە هۆی حیزبی شیوعییەوە بوو.

## بارەگای چوارتا

بینایەکمان بۆ ئەم بارەگایە بەکری گرت و وردەوردە دامانمەزراند. من خۆم لەوێ بووم. لە پێشەوە چەند پێشمەرگەیەکی کەم بووین، لە دە کەس تێپەڕی نەدەکرد. ماڵی کاک حسێن بوو لە چوارتا. ئەو کاتە قایمقامی چوارتا کاک لەتیف حاجی ساڵح بوو. لێپرسراوی ناوچەی چوارتا کاک عەلی ماردین بوو، خزمی هەڤاڵ محەمەد ڕەحیم بوو. خانووەکەش دوو نهۆم بوو، ژێرەوەی دوو ژوور بوو. لەبەر ئەوەی شارەکان بارەگا و پێشمەرگەی تێدا بوو، چۆڵ بوو، منیش لە هەفتەیەکدا دووجار دەڕۆیشتمەوە بۆ سلێمانی. ئیشێکی ئەوتۆی تێدا نەبوو. ژوورێکی تێدا بوو بۆ مەکتەب. کاک جەمال قاسم ناوبەناو دەهات. ئەویش لەگەڵ محەمەد ڕەحیم کاری پاراستنی دەکرد، جێگری بوو. ئەم هاتوچۆیەش بەردەوام بوو.

ڕۆژێکیان هەینی بوو، لەسەر شەقامی مەولەوی چاوم بە کاک بەکری حاجی فەرەج و بێستون مەلا عومەر کەوت. پاش چاکوچۆنی وتیان ئیشمان هەیە، ئەمرمان پێکراوە و دەچین کەسێک دەگرین. من نەمدەزانی کێیە، وتم منیش ئیشم نییە، لەگەڵتان دێم. لە ڕووی هاوڕێیەتییەوە وام وت. وتیان نابێ کەس بزانێ، وایان باس کرد.

سواری جیپەکەی محەمەد ڕەحیم بووین. ڕۆیشتین و لە تەیناڵ تێپەڕین. وتیان دەچین بۆ دێی "هەیاسی". دوو هەیاسی هەیە، سەروو و خواروو. کە چووینە ئەوێ، ئەوان ناوەکەیان دەزانی. لەوێ وتیان ڕۆیشتووەتەوە بۆ سلێمانی. ئیتر ئێمەش گەڕاینەوە. پێش ئەوەی بگەینە تەیناڵ، لە ڕێگە چەند کەسێک بە پێ بەرەو تەیناڵ دەڕۆیشتنەوە. دیار بوو بەکری حاجی فەرەج و بێستون دەیانزانی کێیە. کە پێیان گەیشتین، سڵاومان کرد. بە عومەری سەید عەلییان وت سەرکەوە لەگەڵمان. من تاکو ئەو کاتەش و دوای ئەوەش نەمزانی کێیە. بردمان بۆ سووورداش بۆ لای هێزی ڕزگاری. ڕەئیس عەبدوڵڵا ئامرهێز بوو. بەکری حاجی

فەرەج دەستی کردە ملی و سەرکەوت، چونکی پێی وترابوو نابێ کەس بزانێ. ئێمە گەڕاینەوە سلێمانی. وتیان بڕۆن بیهێنن بۆ چوارتا. من خۆشم لێپرسراوی بارەگاکەی چوارتا بووم. گەڕاینەوە، چووینە سووورداش. لە سجن دانرابوو. لە بیرمە ملازم سەردار دەلەوی لەوێ بوو. هەر ئەو شەوە هێنامان بۆ چوارتا. تاکو ئەو ساتە عومەری سەید عەلیم نەناسیبووە چییە و کێیە، لەبەر هاوڕێیەتی لەگەڵیان چووم. ئیتر من هاتمە دەرەوە، لای ژوورەکەی جەمال قاسم وەستابووم. وتی نازانم بۆچی منیان هێناوە، جەمال قاسم وتی 'غێر مارکسییەتەکە'. کە وای وت، من لام سەیر بوو، چونکی وتیان خەتەرە و پیاوی حکومەتە. ئەمە مانای چی؟ ئیتر کە هاتە دەرەوە، من خۆم قسەم لەگەڵ کرد وتم بۆچی تۆ لەسەر مارکسییەت گیراوی؟ وتی بەڵێ. وتم گوێ مەدەرێ من خۆم هەمووی مانگێک دەبێ لە حیزبێکی مارکسی وازم هێناوە. یانی چی خەڵکی مارکسی بکرم؟ ئیتر نازانم چییان لێپرسیووە و چیی وەڵام داوەتەوە. وتم گوێ مەدەرێ، من براتم لێرە.

### زیندانیکردنی عومەر سەید عەلی

لە کۆمەڵگای کوردیدا هەر کەسێک کە دەگیرێ، حسابی بەندی بۆ دەکرێ. ئەویش کە لە ژوورەوە بوو، نە من ئەوم دەناسی نە ئەویش منی دەناسی؛ خۆی ماوە لە ژیان. من زۆر هاوکاریم کرد ئەو چەند ڕۆژە: ١- کتێبێکم بۆ بردە ژوورەوە 'عشرة أيام هزة العالم' کە ئەمە مەگەر هەر لای مارکسییەکان و شیوعییەکان دەست بکەوێت، لە بارەگای پاراستن شتی وا هەر نییە، هەشبێت بۆ زیندانی نییە. ٢- نامەیەکم لێوەرگرت بۆ شێخ حامد کە خزمی بوو، بە دزییەوە ناردم بۆ ئەوەی بزانن گیراوە. هەر ئەوەش وایکرد زوو بەریان دا. ٣- نەمهێشت

له زیندان ئیشی پێبکەن، ئیش هەر بە زیندانی دەکرێ. لەو سەردەمەشدا چەند کەسێکی تر گیرابوون. وتیان ڕەوانەی بارەگای بارزانییان دەکەن. ئەمیشیان هێنا وامزانی ڕەوانەی سەرەوەی دەکەن. بە دزییەوە سێ دیناری ئەو کاتەم دایە. وتم نەک پارەی پێنەبێ. کاک عومەر ئێستا دەڵێت دینارێک بووە. ئەگەر دینارێک بێت یان زیاتر و کەمتر، مەبدەئی کارەکە حەق حسابی بکات. هەرچەند بێ، ئەو کاتە زۆر بووە. خۆشمان لەو سەردەمەدا ڕەنگە چەند دینارێکمان پێبووبێ. کە هێنایانن، سواری سەیارەکەی یەکێتیی جوتیارانیان کردن، ئەمیان بەرەو سلێمانی بردەوە. ئەوانی تریش ڕەوانەی سەرەوە کران بەرەو گەلاڵە و حاجی هۆمەران و ناوپردان. ئەوانیش حەمەی حەمە تالیب و ئەحمەدی برای بوون. ئەمان کە گیرابوون، فێڵیان لێکردبوون. پێیان وتبوون وەرن کاک شەکیب عەقراوی ببینن، کاک "عەبدوڵڵا مەلا سالح" خزمیان بوو، فێڵیان لەویش کردبوو. کاک عەبدوڵڵا ویستبووی وەک کوردێکی دڵسۆز خزمەت بکات، کەوتبووە بەینەوە لە حکومەتیان دوور بخاتەوە و خزمەت بە شۆڕش بکەن. وەعدیان دابوویە، بەڵام دوایی وا دەرنەچوو. هەر ئەو شەوە کاک عەبدوڵڵا زۆر هەوڵی دا، وتی نامەردیتان لەگەڵ کردووم. قسەی زۆری کرد، حەقیشی بوو. بەڵام گوێیان لێنەگرت. ئەمە هەمووی محەمەد ڕەحیم کردبووی. غەدریان لێکرا، هەرچەند کاک عەبدوڵڵا وتی عەیبە و نامەردییە و بۆ من ناخۆشە، بەڵام ئەوان نەیانبیست.

## هاتنە دەرەوەی کۆمەڵێک ئەفسەری کورد

دۆخی شۆڕش و حکومەتی بەعس ڕۆژبەڕۆژ ڕوو لە گرژی بوو، ئێمەش بارەگاکەمان هەر لە چوارتایە. ئەم ئەفسەرانە ئەندامانی پارتی بوون و لە سوپای عێراقدا بوون. خەڵکی تێکۆشەر بوون، لە ڕێکخستنی پارتیدا ئیشیان دەکرد. هەمووی چەند ساڵێک بوو ئەفسەر بوون. لەسەر داوای خۆیان هاتنە دەرەوە بۆ ئەوەی خزمەت بە پێشمەرگە بکەن. هاتنە لامان لە بارەگای چوارتا. لای ئێمەش چەند ڕۆژێک مانەوە، دوایی چوون بۆ بارەگای مەکتەبی سەربازی لە ناوپردان. ئەوانەی لە یادم بێ هاتنە لامان: ١- شەهید ستار سەعید خەلەف. ٢- شێرکۆی عەبدوڵلا دەروێش. ٣- ملازم مەنسوور حەفید و کەسانی تریش. دوایی بەسەر هێزی پێشمەرگەدا دابەشیان کردن.

## بارەگاکەمان چوو بۆ پێنجوێن

ڕۆژبەڕۆژ دۆخەکە خراپتر دەبوو. بۆنی دەستپێکردنەوەی شەڕ دەهات. خەڵکی دەترسان و خۆیان ئامادە کردبوو بێنە دەرەوە بۆ ئەوەی حکومەت نەیانگرێ. ئێمەش وتیان دەگوێزینەوە بۆ پێنجوێن. هێشتا هەر لە چوارتا مابووین. سەدان خەڵکی سلێمانی و جێگەکانی تریش هاتنە دەرەوە. قەرەباڵغییەکی بێشومار ڕوویان کردە دەرەوە. دکتۆر مەحموود عوسمان لە ڕادیۆی کوردستان قسەی کرد و ڕوحیەتی خەڵکی بەرز کردەوە. لە قسەکانیدا وتی حکومەت بە هەرچییەک لێمان بدات، ئێمەش هەمان شت بەکار دەهێنین. ئەوەش لەسەر وەعدی ئێران. زۆر قسەی کرد بۆ بەرزکردنەوەی ورەی خەڵکی. هەموو شوێنەکان پڕ بووبوون لە خەڵک، جێگەوڕێگە نەمابوو. خەڵکی کوردستان شۆڕشیان بە هی خۆیان دەزانی. هەموو چین و توێژەکان لە

دەرەوە بوون. کرێکار: دکتۆر، ئەندازیار، مامۆستا، کاسبکار... شاری سلێمانی چۆڵ بوو. هەر لەو کاتەدا پۆلیسی سلێمانی هەمووی هاتە دەرەوە، سجنی سلێمانیشیان هێنا و شکاندیان. هەرچیی تێدا بوو، ئازاد کران. ئەمەش هەر رووی لە زیادبوون بوو. شارەکانی تریش هەروەها، لە دەرەوەش ئیدارەکانیان رێک خست. پارێزگا دروست کرا و هەر دائیرەیەکیش لە کەپر و بنداراندا جێگەیان بۆ خۆیان کردەوە. پارێزگاری سلێمانی خوالێخۆشبوو شەفیق ئاغا بوو.

محەمەد رەحیم و جەمال قاسم لە بارەگای پێنجوێن بوون. بارەگاکە لە تەکیەی شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریمدا بوو. چەندین بارەگای تریشی لێبوو. هێزی خەباتی لێبوو و شەهید فەتاح ئاغا ئامرهێز بوو. کە شەڕیش دەستی پێکردەوە، هەموو ناوچەکانی گرتەوە. شەڕ گەرم بوو، بەتایبەت لە ناوچەی گەڵاڵە و ڕواندز و ناوچەکانی تریش. بەڵام لەبەر ئەوەی سەرکردایەتیی شۆڕش و بارەگای بارزانی لە حەوزی ڕواندز بوو، حکومەتی عێراق هەوڵی ئەوێی دەدا. لەبەر ئەمەش هێز لە جەبهەکانی ترەوە دەچوون بۆ پشتیوانیی هێزی باڵەک و ڕواندز بۆ پشتیوانی. هێزەکانی خەبات و ئەزمڕ هەر جارەی چەند لقێکیان بە ناو خاکی ئێراندا بە ئۆتۆمبێلی سەربازیی ئێرانی دەنارد. بە نۆرەش پاش مانگێ، زیاتر یان کەمتر، ئاڵوگۆڕیان پێدەکرا. ئەو لقەی ئێمەش کە لە پێنجوێن بووین، لەگەڵ هێزی خەبات ڕۆیشتین. لە پێنجوێنەوە بە ئۆتۆمبێلی سەربازیی ئێرانی لە مەریوانەوە بۆ مەهاباد ڕۆشتین و شەو ماینەوە. دوایی بۆ خانێ و لەوێشەوە بۆ حاجی هۆمەران، لەوێشەوە دابەش دەکراین. شەڕ لە زۆزک و سەتیز و جەبهەکانی تریش گەرم بوو. زەختی زۆر لەسەر جادەی هاملتۆن بوو، بە گەیشتنمان ڕەوانەی زۆزکیان کردین.

**له سەنگەرەکانی زۆزکدا**

بە شەو گەیشتینە سەر شاخی زۆزک. شەوەکەی تۆپباران بەردەوام بوو. هەموومان لەو شاخە نەشارەزا بووین. کە ڕۆژ بووەوە، چووین بۆ نزیک سەنگەرەکانی بەرامبەر دوژمن بۆ گۆڕینی هێزی ئەزمڕ، کە هی پۆلیس بوو. هەر لە کۆسپی سپییەوە دابەزین و بە پێ سەرکەوتین بۆ سەر شاخی زۆزک. ڕەنگە من وەک ناوچە لە هەموویان شارەزاتر بووبم، لەبەر ئەوەی تەمەنی پێشمەرگایەتیم لە سنووری ڕواندز تەواو کردووە و شارەزای شاخی هەندرێنم. ئەو تۆپبارانەی ئەو شەوە بینیم، شتێکی سەیر بوو. ڕۆژمان لێبووەوە. ئیتر ڕۆیشتین بۆ گۆڕینی ئەو هێزەی لەوێیە. لە کاتی گۆڕینی هێزەکاندا تۆپباران مۆڵەتی نەدەداین، لە دەورووپشتی دەداین. ڕەنگە چەند مەترێک لێمانەوە دوور بووبن. لەو کاتەی تۆپبارانەدا ئەو هێزەی ویستمان بیانگۆڕین، هێزەکەی شەهید قادری حەمەسالح تاوەگۆزی بوو. هەر لە بەردەماندا پارچەکانی تۆپێک لە لەتیف "عەبدوڵلا مارف"ی دا، یەکسەر قاچی پەڕاند، بە سەختی بریندار بوو. ئێستاش ماوە و خۆی شاهیدە. قاچی بۆ دروست کراوە. هەر لەم لامانەوە تەرمی "ملازم محەمەد حاجی ئەحمەد"یان هێنایەوە کە بە حاجی ئەحمەدی سەرۆبی مەشهوورە، شەهید بوو. لەگەڵ بیستون مەلا عومەر پێکەوە هاتبووین. هێشتا چاومان نەکردبووەوە زیانێکی زۆرمان کرد، لامان قورس بوو، ترسیش لەولاوە وەستابێ. ئەوەی بۆمان کرا، ڕەوانەکردنی بریندارەکان و شەهیدەکان بوو لە ڕێگەی ئێرانەوە بۆ کەسوکاریان لە سلێمانی.

زاهیری برام لەبەر من هاتبوو، منداڵ بوو. بانگم کرد و پێم وت لەگەڵ بیستون مەلا عومەر و تەرمی شەهید محەمەد بڕواتەوە. ئەوان ڕۆیشتن و زاهیریش تاکو مەریوان لەگەڵیان چووبوو، کاتێکم زانی زاهیر پەیدا بووەوە. ئینسانێکی بەغیرەت بوو. بۆ حەق و ویژدان، هێزەکانی سلێمانی و گەرمیان بۆ جەبهەکانی ڕواندز درێغییان نەکرد،

ڕۆژ نەبوو چەندین پێشمەرگەی قارەمان لەو پێناوەدا شەهید نەبێ. ئێرانیش تۆپبارانی جەبهەکانی حکومەتی عێراقی بۆ دەکردین، لە چەند جێگەیەک تۆپیان دابەستبوو.

پاش ماوەیەک ئێمەیان گۆڕی. هاتینە خوارەوە بۆ ئەوەی پشوویەک بدەین، بەڵام هەر لە سنووری باڵەکایەتی لە دەوری دەربەند و چۆمان لە ناو چنارەکاندا بۆ پشوودان ماینەوە. بۆ جارێکی تر ناردینیانەوە بۆ جەبهە. ئەمجارەیان بۆ جەبهەی "گەرووی هۆمەرئاغا" لە دامێنی شاخی زۆزک، دەکەوێتە پشتی شارۆچکەی "دیانا"، کە ئێستا بووە بە سۆران. کە گەیشتینە جەبهەکە، بە شانێکی شاخەکەدا دابەش بووین و لە تەنیشتمانەوە تۆپی "١٠٦"ی لەسەر جێب لێبوو. هەندێک لە ئەفسەرە کوردەکان سەرپەرشتیان دەکرد. یەکێک لەوانە ملازم "مەحموود ئەحمەد کەریم" بوو و لە ئەسڵدا خەڵکی ئابلاخ بوو. ئەمە لە مانگی تشرینی یەکەمدا بوو. چەند شەو و ڕۆژ لەوێ بووین بۆ ئەوەی نەک میری و سەربازەکانی لەوێوە دزە بکەن و پشتی جەبهەکان بگرن. هەموو ڕۆژێک تۆپبارانمان لەسەر بوو، چاڵمان هەڵکەندبوو.

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٧٤/١٠/٢١ حکومەت وەک هەموو ڕۆژانی تر کەوتە تۆپبارانی سەنگەرەکانمان. ئێمەش هەموومان دامەزراین و بووین بە چەند بەشێکەوە. بە درێژایی سەنگەرەکان تۆپەکان دووکەڵێکی سپیی لە بەردەممان دروست کرد، وتمان نەک دوژمن لەژێر تاریکیی ئەم دووکەڵەدا هێرش بهێنێت. تۆپبارانەکە زۆر بوو، پاش ماوەیەک لە لای ڕاستەوە گڕ بەرز بووەوە. سی مەترێک لە منەوە دوور بوو. ئیتر من ڕام کرد بۆ جێگەی ئاگرەکە، تەماشام کرد سێ پێشمەرگەمان کە لە سەنگەرەکەدا بوون، دوانیان بەرکەوتوون. زاهیری برام و مەحموود ڕەشید "کاک نەبەز"، بەڵام یاسین مەلا عیزەت بریندار نەبووبوو. زاهیر هاواری کرد وتی کاکە منم بمکوژێنەوە. ئیتر هەموو ئەوانەی لەوێ بووین، خەریکیان بووین. گریان لێ هەڵئەسا. ئەو مەتارە ئاوانەی پێمان

بوون، پێماندا کردن، کەچی لەبانی کوژانەوە، زیاتر دەگەشایەوە. دوای ئەوە زیاتر وەک پشکۆی ئاگر دەگەشایەوە. ئاویش سوودی نەبوو. واماندەزانی بە ئاو دەکوژێتەوە. پاشان زانیمان ئاو هەر زۆر خراپە و پێی دەگەشایەوە.

لە جەبهە دکتۆری لێنەبوو. برینپێچێک لەگەڵماندا بوو، ناوی "عەلی مەلا عەزیز" بوو و برادەرم بوو، شوکر ماوە. هەرچیی کرد هیچ سوودی نەبوو. هەتا عەلی تووڕە بوو و قسەی زۆری کرد لەبەر کەم ئیهتمامی بە جەبهەکە و نەبوونی دکتۆر.

تاریکی کرد و شەوی بەسەردا هات. ئەو جەبهەیە سەیارەیەکی لێ نییە بریندارەکانی پێ بگوێزینەوە بۆ ئەو کارەساتەی بە سەرمان هاتووە. ملازم مەحموود کە لێپرسراوی تۆپی (١٠٦)ی سەر جیبەکان بوو، تۆپەکانی لێکردەوە و دایگرت. نەبەز و زاهیری برامی خستە سەر جیبەکە بۆ ناوپردان. بەینی ئێمە و ناوپردان چەند سەعاتێکە تاکو بگەینە دکتۆر لە ناوپردان. سەیارەکە سەری بەتاڵ بوو هەوا لێی دابوون.

هەندێک زانیاری لەسەر بۆمبی فسفۆڕ:

١- باشترین شت ئەوەیە هەوای لێببڕی و نەهێڵیت هەوا لێی بدات.

٢- ئاوی پێدا نەکەیت.

٣- بەتانی تێوە بپێچیت و هەوا لێی نەدات.

٤- خۆڵی پێدا بکەی بۆ ئەوەی هەوای لێ تەرک بکەیت.

لە خەستەخانە ئەم زانیارییانەیان پێوتین. لەناو ئەم جیبە سەر بەتاڵەدا دوو سەعات زیاتر هەوای خێرای سەر سەیارە لێی داون. تاکو گەیشتینە خەستەخانە لە "کەوەرتیان" بەو ئازار و هاوارەوە، ئەوەندەی تر وێران بووبوون. خراپترین شت ئەوە بوو بە هەوا و ئاو وەک خەڵووز دەگەشانەوە.

لە خەستەخانەی کەوەرتیان لە لای دکتۆر خورشید هەندێک پاککردنەوە و دەرمان کران، ڕەوانەیان کردین بۆ خەستەخانەی خانێ لە

ئێران. لەوێش بە گەیشتنمان دکتۆرەکان هاتنە سەرمان. دکتۆرێکی لیبوو خەڵکی سلێمانی بوو، برادەرمان بوو، دکتۆر "ئەسفەندیار ئەحمەد شوکری"، دکتۆری شۆڕش بوو خزمەتێکی زۆر باشی کردین. ماوەی چەند هەفتەیەک لەوێ بووین لەگەڵ زاهیری برام و مەحموود ڕەشید (نەبەز). سووتانی زاهیری برام سنووری نەبوو. دەموچاوی، دەستی، قاچەکانی، جێگەی ساغی نەمابوو، هەمووی بە فسفۆر سووتابوو. بڕوا بکەن پاش هەفتەیەک لە خەستەخانە کە گڵۆپەکانیان دەکوژاندەوە لە هەندێک جێگەی لەشیدا وەک گڵۆپ فسفۆر دەسووتا، بەتایبەت دووکەڵ لە گوێچکەی دەهات. ئەم حاڵەتە زۆر ناخۆش بوو، چارەش نەبوو.

بەڕێوەبەر و کارمەندەکانی و سستەرەکانی خەستەخانەکەی خانێ هەموویان تورک و فارس بوون. حاڵەتی ئێمە ئەوەندە دیار بوو، هەموویان دەهاتن بۆ لامان. زۆر باش بوون لەگەڵمان، بەزەییان پێماندا دەهاتەوە. لەلایەکی تریشەوە خزم و دۆست و برادەران دەهاتن بۆ لامان بۆ نەخۆشخانە. هەموو کات دوو کەسمان لابوو، یەکێکیان نیهاد مەحموود زۆر برادەرم بوو، بەداخەوە لەم ساڵانەدا وەفاتی کرد، هەروەها ئەحمەد برای کاک نەبەز.

ڕۆژانە برینپێچێکی کورد دەهات بۆ لامان، برینپێچی شۆڕش بوو و لەوێ ئیشی دەکرد. خەڵکی بادینان بوو. پیاوێکی زۆر باش بوو، ناوی کاک ئەحمەد بوو. ماوەی چەندین سەعات برینەکانی زاهیری دەرمان دەکرد. بڕوا بکەن بە دوو سەعات تەواو نەدەبوو. هەندێک جێگەی برینەکانی ڕزیبوو، دەبوایە بە مقەست بیبڕێ. زاهیر ئەوەندە ئازاری هەبوو، بە کاک ئەحمەدی دەوت جگەرەیەکی بدەنێ بۆ ئەوەی تۆزێک لە پێست بڕین نەجاتی بێت و هەناسەیەک بدات لەتاو ئازار. ماوەیەک لەوێ ماینەوە، زاهیریان ڕەوانەی تاران کرد و منیش لەگەڵی ڕۆیشتم بۆ تاران.

## تاران و خەستەخانەی"٥٠١"ی ئەرتەش

گەیشتینە ئەوێ. خەستەخانەکە عەسکەری بوو و کەس نەیدەتوانی شەو لەوێ بمێنێتەوە. منیش ڕۆژانە لە بەیانییەوە دەڕۆیشتم بۆ لای تاکو ئێواری. دوایی دەگەڕامەوە بۆ "ئوتێل سەنتڕاڵ" لە شەقامی لالەزاری نۆ، لەسەر حسابی ئێران بوو. ڕۆژێکیان زاهیریان بردە ژوورەوە بۆ شتن و پاککردنەوە، کە هێنایانەوە، وتی گوێچکەیەکم لێبووەتەوە. ڕزیبوو، چونکی فسفۆرەکە هەمووی ڕزاندبوو و سووتاندبووی. ئیتر دڵخۆشیم دایەوە وتم لە دەرەوەی وڵات گوێچکە دروست دەکرێ، خەمت نەبێ.

ئەو ماوەیەی زاهیر لە خەستەخانە بوو، ماڵی کاک سەرداری حەمەی عەبدولڕەحمان ئاغا لە تاران بوون، زۆر خزمەتیان کردین. جارجارە سایە خانی خێزانی خواردنی تایبەتی دروست دەکرد و دەیانهێنا بۆمان. لەگەڵ سایە خزمایەتیمان هەیە، هەروەها سیروانی براشی لەوێ بوو. کاک نیهادی خاڵی وەک برام زیاتریش بوو، لەوێ بوون. هەتا ماوین لە بیرمان ناچێتەوە. لەو ڕۆژگارەدا کە لە شارێکی وەک تاران لە خەستەخانە بووین، پاش ئەوەی لەوێ هەوڵێکی باشیان بۆ دا لە خەستەخانەی "٥٠١" ی ئەرتەش، دیار بوو چارەسەری زۆرتری ئەویست. وتیان دەینێرین بۆ بەریتانیا.

## ناردنی زاهیری برام بۆ بەریتانیا

ئاشکرا بوو حکومەتی عێراقی بۆمبی فسفۆری بەکار هێناوە، کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا قەدەغەیە. وڵاتان لە ڕادیۆکانیان باسیان دەکرد کە دژی مرۆڤایەتییە. ڕۆژنامەکان لەسەریان نووسی، زاهیریش برینەکەی زۆر کاریگەر بوو. دیار بوو لە دوو ڕووەوە ناردنەکەی قازانجی بۆ کورد هەبوو. یەکەم بۆ ئەوەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بزانن حکومەتی

عێراق چەند دڕەندە و بێڕەحمە و دژی مرۆڤایەتییە، زاهیریش نمونەیەکی دیارە. دووەم زاهیر چارەسەری باشتری بۆ دەکرێ. شۆڕشیش پێی باش بوو زاهیر بنێرنە دەرەوە، چونکە وەک ڕیکلامێک بوو بۆی.

لەسەر بڕیاری بارەگای بارزانی ئەوەی پێویست بوو، بۆیان جێبەجێ کرد و حازریان کرد بۆ سەفەری دەرەوە بۆ بەریتانیا. بۆ ڕۆحییەتی پێشمەرگەش باش بوو. ئەگەر پێشمەرگە وای بەسەر بێت، خاوەنی هەیە بۆ چارەسەرکردن. من و خوالێخۆشبوو نیهاد بەرەبەیان زوو لەگەڵی چووین تاکو فڕۆکەخانەی "میهرئاباد" لە تاران و بەڕێمان کرد. ئەملاوئەولایمان ماچ کرد.

## گەڕانەوەم بۆ پێنجوێن

لەبەر بارەگاکەمان لە پێنجوێن بوو، گەڕامەوە بۆ ئەوێ. ماوەیەکی کورت لەوێ بووم، مانگێک تێپەڕی نەکرد. ئیتر دەنگ بڵاو بووەوە کە لە جەزائیر ڕێککەوتنی جەزائیر لە نێوان سەدام حسێن و شای ئێراندا مۆر کراوە. بە هۆی "هاواری بومدین" کە ئەوکات سەرۆک کۆماری جەزائیر بوو و لە نێواندا بوو، لەسەر چارەنووسی شۆڕشی کورد پێک هاتبوون. ڕادیۆکان باسیان دەکرد. هەموو خەڵکی و پێشمەرگە ڕۆژانی یەکەم لایان قورس نەبوو، چونکی کەس بڕوای نەدەکرد شۆڕشێک بەم گەورەییە و خاوەن هەزاران پێشمەرگەی گیان لەسەردەست وای بەسەر بێت. من چووم بۆ چۆمان و ناوپردان بۆ ئەوەی ڕاستییەکان بزانم، ئەوێ نزیکترین جێگە بوو بۆ ئەوەی هەواڵەکان زووتر بزانین، چونکە نزیکی سەرکردایەتیی کوردە. ئیتر هەموو بەیەکدا دەهاتین، ئەو هاوڕێیانەی یەکترمان دەناسی، دەتوت خۆڵودۆ کراوە بەسەرماندا. نەک

هەر ئێمە، بۆ هەموو کورد، ئەوەی تەنانەت لە شارەکانیشدا بوو، زۆر قورس بوو بۆی. جێگەی بڕواکردن نەبوو، هەموو ئەو خەڵکانەی لە فرۆشگا و ئۆردوگا و بازاڕدا بوون، نەیاندەزانی چ بڕیارێک بدەن.

لە ڕادیۆکانی دەرەوە هەر باس باسی ڕێککەوتنی جەزائیر بوو. لەو کاتەشدا جەنابی بارزانی بانگ کرابوو بۆ تاران بۆ ئەوەی بڕیارەکەی پێڕابگەیەنن. دکتۆر مەحموود عوسمان و وابزانم کاک موحسین دزەییشی لەگەڵ بوو. پاش چەند ڕۆژێ گەڕانەوە. ڕاگەیەندرا کە شۆڕش تەواو بووە: ١- کێ دەچێت بۆ ئۆردوگا، ئێران دەرگای کردووەتەوە. ٢- کێ دەڕواتەوە بۆ عێراق ئازادە. هەریەکەش ئازادە و بڕیار لای خۆیەتی. بێجگە لەوەی شۆڕش تەواو بوو، هەموو چارەنووسمان دیار نییە. من چارەنووسی زاهیری براشم لەو کاتەوەی بردوویانە بۆ بەریتانیا هیچ هەواڵی نازانم، دڵیشم لای ئەوە. هەزاران کەس ملی ڕێگەیان گرت و تەسلیم بوونەوە بە ڕژێم . منیش لەگەڵ کۆمەڵێک برادەردا کە زیاتر خەڵکی سلێمانی بوون و هەندێکیان ئەفسەر بوون، هەر بەخۆماندا دەهاتین چی بکەین؟ کەوتمە عەوداڵ و بەدوای چارەنووسی زاهیری برامدا دەگەڕام. لە لایەکەوە بەر گوێم کەوت زاهیر دەنێرنەوە. ئەو کاتەی ئەوانەی لێپرسراو بوون کە نوێنەری شۆڕش بوون ١- هاواری کاک زیادی کۆیە ٢- جەمال عەلەمدار لە لەندەن ئیشی کوردیان هەڵدەسووڕاند، ئەوانیش هەر سەرپەرشتیی زاهیریان دەکرد. هێشتا برینەکانی سارێژ نەبووبوو ناردیانەوە. منیش چاوەڕوانم دەکرد. کە هاتەوە، یەکمان گرتەوە.

ناوچەکان چۆڵ بووبوون. ئەوەی لە خەیاڵمدا نەبوو، گەڕانەوە بوو. چی بکەین؟ خەڵکی جارێک نائومێدە، ئێمە دوو جار نائومێد؛ بەم دەست و دیارییەوە بڕۆینەوە بۆ شار و لای کەسوکاری هەژار؟ چەند ڕاوێژمان کرد، جێگەیەک نەبوو لێی بین. بڕیارمان دا بڕۆینەوە بۆ لای کەسوکار، بەڵام خۆمان تەسلیم نەکردەوە، وەک خەڵکی تر گەڕاینەوە.

که چووینەوە، لە سلێمانی زاهیری برام بەجێ هێشت و چەند ڕۆژێ بەدزییەوە لەلای خزمان بووم. لە ڕێگەی قەڵادزەوە بە هاوکاریی کاک 'قادری حاجی حەمە قادر' گەڕامەوە بۆ ئێران. کاک قادر لە قەڵادزە کەسێکی بانگ کرد ناوی 'حەمەی پیرۆزە ڕەش' بوو، خەڵکی قەڵادزە دەیناسن. وتی نابێ کەس بزانێ. من لێرەوە سوپاسی هەردووکیان دەکەم، گەیشتمەوە سەردەشت و خزمەکانی باوکم هەموویان لەوێ بوون. باوکم لە بنەچەدا خەڵکی شاری سەردەشتە و باپیرم قەبرەکەی لە سەردەشتە. باوکم بە منداڵی هاتوتە سلێمانی و قەڵادزە، کەسوکارەکەم بە بنەماڵەی ڕەحیمی ناسراون. ماڵی پوورم 'خوشکی باوکم' لەوێیە. کەسوکاری زۆرم لەوێن. چوومە سەردەشت بۆ ماڵی 'حاجی ئەحمەد ڕەحیمی'ی کەبابچی، وەک بنەماڵەش قەساب و کەبابچین، لە دێکانیش لە بێزیلی ماڵی پوورم و کوڕەکانی لەوێن.

### ژیان لە سەردەشت

چوومەوە سەردەشت. دەوڵەت قبوڵی نەدەکرد لە شار دابنیشم، یان دەبێ بچمە ئۆردوگای 'ڕەبەت' یان جێگەیەکی تر، خزمەکانم لە خەستەخانەی سەردەشت کاریان دەکرد. ڕێگەیان بۆ دانام کە لەوێ دابمەزرێم. خۆشم لە پێشمەرگایەتیدا فێری دەرزیلێدان و خزمەتکردنی بریندار بووبووم. چووم بۆ ڕەزائیە (ورمێ) بۆ لای دکتۆر ئەسفەندیار. عەریزەیەکم نووسی، داوای ئەوەم کرد کە برینپێچی دەزانم بۆ ئەوەی دامەزرێم. بۆ مەسەلەی ژیانیش پێویستە خۆم بژییەنم، موحتاجی کەس نەبم. بە هیمەتی دکتۆر ئەسفەندیار چووم بۆ لای ئاغای جەم، لێپرسراوی شیروخورشید بوو لە ئازەربایجانی غەربی. نووسراویان بۆ کردم بۆ بیمارستانی سەردەشت و لەوێ لە تاقیگە 'موختەبەر'

دامەزرام. ماوەی ساڵێک ئیشم کرد. لەوێش لەناو کەسوکارەکانمدا بووم. من لە سەردەشت کێشەم نەبوو. پاش ئەوەی دۆخەکە یەکلا بووەوە، هەندێک کەس ڕۆیشتەوە و هەندێکیتر مایەوە لە ئێران. لەگەڵ زاهیری برام پێوەندیمان هەبوو. جوابم بۆ نارد بێتەوە بۆ ئەوەی بینێرن بۆ دەرەوە. لام مەبەست بوو زاهیر بنێرنە دەرەوە. بۆ ئیشی زاهیر جارێکیان لەگەڵ شەهید "شێرکۆی شێخ عەلی" کە بەداخەوە دوایی لە شەڕی ناوخۆدا شەهید بوو، چووین بۆ "کەرەج" بۆ لای کاک مەسعود بارزانی. بێجگە لە مەسەلەی چارەسەری زاهیری برام هەندێک شتمان باس کرد و لەگەڵ شێرکۆی شێخ عەلی بگەڕێینەوە بۆ کوردستان، بەڵام سەری نەگرت.

لەو سەردەمەشدا چەند وڵاتێک پەناهەندەیان وەردەگرت، لەوانەش هۆڵەندا، ئەمسا، ئەمەریکا. ناوی زاهیری براشم لەناو لیستی هۆڵەندادا بوو، لەبەر ئەوەی پێویستی بە هاوکاری هەبوو، ناوی منیشیان نووسیبوو. ناومان لە هۆڵەندا هاتەوە. لە تارانەوە برووسکەیان بۆ کردم خۆم حازر بکەم کە جەماعەتی هۆڵەندا سەفەر دەکەن، تۆش دەبێت ئامادە بیت. منیش دائیرەکەم ئاگادار کردەوە و خواحافیزیم لە خزم و دۆستانی سەردەشت کرد. ئەو کاتەی کە لە سەردەشت بووم، کاک دکتۆر "عەلی ڕەحیمی"ی ئامۆزامان تازە لە زیندانی ورمێ نەجاتی بووبوو، چەند ساڵێک لەسەر سیاسەت سجن بوو؛ خۆی دکتۆری بەنج بوو. لەسەر بیروباوەڕی چەپ گیرابوو. "ماڵی حاجی ئەحمەد ڕەحیمی" و کاک عەلی و دایکی و برا و خوشکەکانی لە دایک و باوکی خۆم زیاتر خزمەتیان کردم، هەستم بە غەریبی نەدەکرد. زۆریان پێناخۆش بوو کە ڕۆیشتم. بەڵام منیش لەبەر زاهیری برام و هەم ئەورووپاش ڕۆیشتم. هەموو کەسێک حەز دەکات لە سەردەشت ڕزگاری بێ بۆ ئەورووپا. لە خەستەخانەی سەردەشت بە نووسراوێک وازم هێنا. نامەیەکیان دامێ و سوپاسیان کردم. لێم ڕازی بوون، ئیشی باشم کردبوو، مەسرووفاتی ڕێگەشیان دامێ، خواحافیزیم کرد.

### له تاران

که گەیشتمە تاران، لەگەڵ زاهیری برام له ئوتێل "دیاموند" یەکمان گرتەوە. دوایی چووین بۆ کەرەج بۆ لای کاک مەسعود بارزانی. سوپاسیمان کرد بۆ ئەوەی یارمەتیی زاهیری داوە. بۆ مەسرووفاتی زاهیر به قەدەر ئیمکانیاتی ئەو کاتە هاوکاریی کردین.

ڕۆژی ١٩٧٦/٣/٦ له تارانەوە شەش کەس سواری تەیارە بووین. له هۆڵەندا پەنجا کوردیان وەرگرتبوو. پەنجا کەسەکەش به ژن و منداڵ و پیاوەوە. ئەو شەش کەسەش ئەمانە بووین: خۆم و زاهیری برام، دکتۆر سەمیر چەراغوەندی، ڕوکان، ئەکرەم مستەفا، دلاوەر. سەفیری هۆڵەندا له فڕۆکەخانەی میهرئاباد لەگەڵمان بوو. بلیتی تەیارەشیان بۆ بڕیبووین. خواحافیزیی لێکردین و پاش پێنج سەعات گەیشتینە هۆڵەندا.

ئەو برایانەی پێش ئێمە گەیشتبوونە هۆڵەندا، هەندێکیان لەگەڵ کچێکی هۆڵەندی کە له ڕێکخراوی پەناهەندە ئیشی دەکرد و ناوی "خیدیا" بوو، چاوەڕوانمان بوون. ئێمە لەبەر ئەوەی بە ڕەسمی قبوڵ کرابووین، هەروەها سەرۆکی پەناهەندەی هۆڵەندی "بیت مۆلەرمان" لەگەڵ بوو، سواری پاسیان کردین بەرەو ئوتێل، ئوتێلەکە ناوی "ئایتونیل" بوو، له دنیایەکەوە بۆ دنیایەکی تر.

### له هۆڵەندا، ئوتێل ئایتونیل

دوو ئوتێل هەبوو هی یەک کەسی هۆڵەندی بوو. هەردوو ئوتێلەکە لەسەر یەک جادە بوو و نزیکی یەک بوون. هەردووکیان ناویان "ئایتونیل" بوو. ئەو پەنجا کوردە پەناهەندەیە دابەشیان کردبووین بە سەر ئەم دوو ئوتێلەدا. بەڵام نانخواردنمان له بەشەکەی لای ئێمە بوو. سێ ژەمە له یەک کاتی دیاریکراودا لەسەر مێزی نانخواردن نانمان

دەخوارد، لە دنیایەکی نائومێدییەوە کەوتووینەتە وڵاتێک کە هەر لە خەودا بینومانە، ئەوەندە جوان بوو!!

لەبەر ئەوەی لای حکومەتی هۆڵەندەوە دەعوەت کرابووین، مەسرووفاتیان دەکێشاین. هەفتانە شتێکی کەم پارەتییان دەداین. کچەکەش کە ناوی "خیدیا" بوو هەموو ڕۆژێ بۆ جێبەجێکردنی ئیشەکانمان هاتوچۆی دەکردین. وەک خەستەخانە، کۆرسی زمان، دۆزینەوەی ئیش. بەڕاستیش کارەکانی بۆ ئاسان دەکردین.

## کۆرسی زمانی هۆڵەندی

هەر پاش چەند ڕۆژێک کورسی زمانی هۆلەندییان بۆ حازر کردین، کە زۆر پێویست بوو. لە هەر وڵاتێ بژیت، حەق وایە فێری زمانەکەی ببیت. زمانی هۆلەندیش یەکێکە لە زمانە قورسەکانی ئەوروپا. هەموومان ڕۆژانە دەچووین. لە دوو پۆل دایان نابووین، لەو سەردەمەشدا هەر کەسەو بە قەدەر زیرەکی و توانای خۆی فێری زمان دەبوو. من بەشەکەی خۆم بایی ئەوەندە بوو، کە کاری ڕۆژانەی پێ مەیسەر بکەم. دوایی باسی دەکەم. بەلام فکرێکم هەر لە کوردستان بوو.

## دەستپێکردنەوەی کاری حیزبی لە هۆڵەندا

هەموو ئەو کوردانەی کە لە هۆلەندا بووین، بە هۆی نەکسەی شۆڕشەوە کەوتبووینە ئەوێ. هەر هەمووشمان لە دوای شکست و نائومێدیی شۆڕش ئەو وڵاتانە وەریانگرتین. دیارە کە گەیشتینە ئەوێ، هەم یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دروست بووبوو، هەم "قیادەی موەقەتە". ئێمەش دابەش بووبووین بەسەر هەردوولادا. لەوێش هەموو

کەسێک ئازاد بوو کێ هەڵدەبژێرێ. هەردوولاش هەوڵیان دەدا کە ئەوانەی لەوێن، ڕایانکێشن بۆ لای خۆی. هەموو یەکێکشمان ڕابوردوومان دیار بوو. ئەگەرچی لەوێش هەموومان پەیوەندییەکی باشمان پێکەوە هەبوو. هەردوولا ڕێکخستنی خۆیان هەبوو، منیش وەک هەموو کەسێک هەوڵیان لەگەڵ دام و هەموویان ڕێزیان لێدەگرتم بە حوکمی ماندووبوونی ڕابوردوومان، زاهیری برام شاهیدی خەبات و جەبهەکان بوو. من برادەرانی یەکێتیی نیشتمانیم هەڵبژارد. هەردوولاش ڕێکخستنی خۆیان دروست کرد. لەوێش لە چوارچێوەی دوو ئوتێلداکە ڕۆژانە قسەوباس و موناقەشە بوو، کە چۆن ئەم شۆڕشە گەورەیەمان لەدەست چوو و ئاوارەی وڵاتان بووین. هەر لەو ماوەیەدا کۆمەڵەی خوێندکاران لە بەرلین کۆنگرەی بەست. زۆربەمان چووین بۆ ئەوێ بۆ بەشداریکردن. دوای ئەوەش لە فرانکفورت.

ئەوانەی لەوێ بووین، هەموومان ئیشمان دەکرد و لە ساڵی ١٩٧٦دا لەگەڵ یەکێتی بووین. ئەم کەسانە: من، ئازادی مستەفا خۆشناو، فوئاد حسێن کە ئێستا لێپرسراوی مەکتەبی سەرۆکی هەرێم کاک مەسعود بارزانییە، عەلی ئیحسان، مەحموود دەروێش، چیا عەباس، زۆری تریش. برادەرانی تریش، پارتی و قیادەی موەقەتە، بەشی خۆیان خەڵکیان هەبوو. هەر هەمووشمان لە ئوتێلەکە پێکەوە بووین، برایەتیمان باش بوو و ژیانمان پێکەوە بوو. ئەوانەی یەکێتی هەموومان کۆمەڵە بووین. لە ڕێگەی ئازادی مستەفا خۆشناوەوە پەیوەندیمان بە هەڤاڵانەوە لەگەڵ دیمەشق هەبوو. ئەو کاتە سەرکردایەتیی یەکێتی لە دیمەشق بوو.

**هاتنی مام جەلال و عادل موراد بۆ هۆڵەندا**

هەر لە ساڵی ١٩٧٦دا مام جەلال و عادل موراد هاتن و کۆبوونەوەیان لەگەڵ ئەوانەمان کرد کە یەکێتی بووین. پاشانیش لەگەڵ کوردەکانی ئەوێ لەسەر بەرنامە و سیاسەتی یەکێتی و دۆخی کوردستان قسەیان بۆ کردین. ئەو ماوەیەش لەوێ بووین، چەندین ڕێپێوانمان دژی ڕژێمی عێراق کرد، بەتایبەتیش کە کاک شەهاب و هاوڕێکانیان لە سێدارە دران. هەمووومان کوردەکان لە مەیدانی دام کە جێگەیەکی بەناوبانگە لە ئەمستردام و لە بەردەم تەلاری مەلیکەی هۆڵەندایە، چەندین وێنە و دروشممان دژی ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا بەرز کردەوە. لەگەڵ هاوڕێکاندا لە کارکردن بەردەوام بووم. هەر لەو ماوەیەشدا بوو "محەمەد سابر" هاتە دەرەوە، چەند شەوێک لامان مایەوە و ئیتر نەگەڕایەوە بۆ عێراق، بە ئیفاد هاتبوو.

**کۆبوونەوەی پاریس**

هاوڕێیانی کۆمەڵە بڕیارمان دا کۆبوونەوەیەک لە پاریس بکەین. ئەوانەی بەشداربووین: ١- فواد مەلا مەحمود، خوا لێی خۆش بێ وەفاتی کرد ٢- مستەفا چاوڕەش ٣- ئازاد مستەفا خۆشناو ٤- ئەحمەد بامەڕنی، کە کۆبوونەوەکەش لە ماڵی ئەوان بوو ٥- زاهیر حەمەد خەڵکی کۆیە بوو، بەداخەوە ئەویش پاش گەڕانەوە لەگەڵ ماڵومنداڵی بەر ئەنفال کەوت ٦- چیا عەباس ٧- فواد حسێن ٨- فازڵ تەیب. لە کۆبوونەوەکەدا لەسەر دۆخی کوردستان و یەکێتی قسەی زۆرمان کرد. لە کۆبوونەوەکەدا بۆچوونێک هەبوو، کە با جاڕێ پەلە نەکەین و لە ڕێکخستنی "کۆمەڵە"دا بە نهێنی ئیش بکەین. من خۆم دژی ئەوە بووم و وتم هاوڕێیان برادەران لە کوردستان هاتوونەتە دەرەوە. خەباتی

چەکدارییان دەست پێکردووە، لەگەڵ ئەو هەموو زەختەی لە سەریانە. مانای چی ئێمە لە ئەورووپا بە نهێنی کار بکەین؟ کۆبوونەوەکە بە سەرکەوتنی رایەکەی من کۆتایی هات. بڕیارمان دا وەک ڕێکخستنی "کۆمەڵە" لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بە ئاشکرا ئیش بکەین. دوای ئەوەش بڕیارمان دا لەگەڵ هاوڕێیانی وڵات پەیوەندی دروست بکەین و لە دەرەوەش لەگەڵ هەموو ئەو جێگەیانەی دەستمان دەیگاتێ لە ئەورووپا، خەریکی کاری ڕێکخستن بین. لە پاریس وێنەیەکم لای بورجی ئێڤل گرت. دەستم گرتبوو بە ئاسنەکانییەوە، وتم ئەگەر چوومەوە بۆ وڵات، با شاهید بێ و بڵێن پاریسی دیووە. دوای کۆبوونەوەی پاریس بەرنامەی خۆمان دانا.

### کۆبوونەوەی فرانکفۆرتی یەکێتی

ساڵی ١٩٧٧ دکتۆر فواد مەعسوم هاتبوو بۆ کۆبوونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕێکخستنەوەی کارەکانی یەکێتی. ئێمەش هەڤاڵەکان لە هۆڵەنداوە چووبووین و ئەمانە بووین: من خۆم، فواد حسێن، عەلی ئیحسان، مەحموود دەرویش، چیا عەباس. لە وڵاتانی تریشەوە هاتبوون: لە بەریتانیاوە د.فازڵ تەیب. دکتۆر ئازاد نەجمەدین و محەمەد سابیر. دکتۆر فواد قسەی بۆ کردین کە ئێستا لە کوردستان شۆڕش دەستی پێکردووەتەوە و هەڤاڵەکان لە دەرەوەن. ناوی چەندین کەسی دیاری هێنا، کە چالاکیی باشیان هەیە. ئەوەی پێویست بوو، بۆی باس کردین. لەو کۆبوونەوەیەشدا قسە زۆر کرا لەسەر شۆڕش و خەباتی نوێ. دکتۆر فواد وتی دۆخی شۆڕش لە ڕووی دکتۆرەوە باش نییە. ئەگەر پێشمەرگەیەک بریندار ببێت، نە دەرمان هەیە نە دکتۆر. منیش لە کۆبوونەوەکەدا وتم بیکەن بە بڕیار و داوا لە دکتۆرەکان بکەن

بڕۆنەوە. هەر کەسێک نەڕۆیشتەوە، لێی قبوڵ مەکەن، بەتایبەتی ئەوانەی یەکێتین. هەر لەوێدا من دکتۆریش نەبووم بە کاک دکتۆر فوادم وت من لە ئێستاوە ئامادەم بۆ گەڕانەوە، هەر واشم کرد. لە کاتی پشووداندا یەکێک لە دکتۆرەکان وتی بۆچی تۆ پێشنیاری ئەوە دەکەی ئیجرائات بکرێ؟ وتم باشە ئێوە لەشولارتان عەیبی نییە بۆچی ناڕۆنەوە؟ بە هەرحاڵ، کۆبوونەوە تەواو بوو. لەگەڵ دکتۆر فواد ڕێک کەوتم بۆ گەڕانەوە. کە گەڕایەوە، نامەیەکی لە سوریاوە بۆ ناردم بۆ گەڕانەوە، پاش چەند ڕۆژێک خۆم حازر کرد و خواحافیزیم لە برادەرەکان کرد. سواری تەیارە بووم بۆ سوریا، بە مەرجێک زاهیری براشم لە بەریتانیا عەمەلیات کرابوو، بەجێم هێشت. ئەوانەی لە کۆبوونەوەکەش بووین و لە هۆڵەنداوە چووبووین، گەڕاینەوە. زاهیر دوایی گلەیی لێکردم کە بەجێم هێشتووە. ئەو لەسەر حەق بوو. پێش هاتنەوەش بە هۆی بارودۆخی زاهیری برام کە جیاواز بوو لەبەر سووتانەکەی، شوقەیەکیان داینێ لە بالامیر لە نهۆمی هەشتەم، ژمارەی شوقەکەمان ٨٢٤ بوو. بیناکە ناوی دیڤلستاین بوو.

پێش هاتنەوە چەند برادەرێکی ئەفسەر کە بەشداریی شۆڕشی ئەیلوولیان کردبوو، لە سوریاوە هاتن بۆ هۆڵەندا. تاکو ئێستاش هەر لە هۆڵەندان، ملازم فەرەیدون حەمەڕەشید خەڵکی سلێمانی و ملازم عەلی مستەفا خەڵکی کەرکووک بوو. کە هاتن، چووین بۆ فڕۆکەخانەی ئەمستردام (سیخپوڵ) بۆ پێشوازیکردنیان. ویستیان گلیان بدەنەوە، ئێمەش سووکەنارەزایەتیەکمان دەربڕی و کارەکەمان بۆ ئاسان کردن، هەروەها سلێمان قەسابیش لە ئەڵمانیاوە هات. ماوەیەکی زۆر لە هۆڵەندا مایەوە. ئەویش لە شۆڕشی ئەیلوولدا سەرلق بوو و پێشمەرگەیەکی ئازا بوو.

## گەڕانەوەم بۆ سوریا و لەوێشەوە بۆ کوردستان

مانگی ٩ی ساڵی ١٩٧٧ گەیشتمە سوریا و لەوێش چووم بۆ لای هەڤاڵان. ماوەیەک لایان مامەوە. بەرنامەمان دانا بۆ چوونەوە بۆ کوردستان. دیارە چوونەوەش لە نێوان ئەم هەموو دەوڵەتەدا کارێکی ئاسان نەبوو.

من و دکتۆر کەمال خۆشناو ڕێک کەوتین. خوا بە بەهەشتی شاد بکات دوایی بوو بە سەرۆکی زانکۆی سلێمانی، بەداخەوە کۆچی دوایی کرد. لەگەڵ "عەونی قەڵەمچی" پێیان دەوت ئەبووعومەر، لە جووڵانەوەی سۆشیالیستی عەرەبی بوو لە جەماعەتی "عەبدوڵڵا نەسراوی". ئەمیش لەم سالانەی دواییدا تەسلیم بووەوە و گەڕایەوە بۆ لای سەدام حسێن پێش ڕووخان. هەڵویستێکی خراپیشی هەبوو. لە تەلەفزیۆنی عێراقی قسەی کرد و بوو بە بەشێک لە ڕژێمی سەدام. چەند ساڵ بەڕۆژوو بوو، دوایی بەربانگی بە "...." کردەوە.

هەرسێکمان لە سوریاوە سواری تەیارە بووین بۆ ئەستەنبوڵ و لەوێشەوە بۆ "دیاربەکر". لە دیاربەکر هەندێک لە دۆستە کوردەکانی تورکیا چاوەڕوانیان دەکردین. "عومەر چەتین" لەگەڵ برایەکی تر بە ناوی "موحتەرەم"، بەداخەوە بیستم بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل وەفاتی کردووە. پاش ئەوەی شەوێک لە دیاربەکر ماینەوە، بۆ ڕۆژی دوایی سواری ئۆتۆمبێل بووین بەرەو "گەڤەر و شەمدینان". موحتەرەم ئۆتۆمبێلەکەی لێدەخوڕی و گەیشتینە "گەڤەر"، بۆ ئەوەی لەوێشەوە لە ڕێگەی هەڤاڵەکانیانەوە بچینەوە سەر سنوور. ئێمە ڕۆژی ١٩٧٧/١٠/١٣ گەیشتینە ئەوێ، بەڵام دیار بوو ڕۆژی ١٩٧٧/١٠/١٠ هەندێک لە هەڤالانی یەکێتی هاتبوون و هەندێک چەکیان پێبوو ببیەنەوە بۆ کوردستان. لەوێ لە ڕێگە "قیادەی موەقەتە" کەمینیان بۆ دانابوون و چەند هەڤاڵێکیان شەهید کردبوو، هەرچی پێیان بوو، بردبوویان.

لەوانەی شەهید بووبوون، ملازم حەسەن خۆشناو، باهر و هی تریش من ناوەکانیان نازانم، داوای لێبوردن دەکەم.

ئێمە کە گەیشتینە گەڤەر، ئاگاداری ئەم ڕووداوە نەبووین و دڵمان خۆش بوو قۆناغێکی باشمان بڕیووە، لەسەر سنوور نزیک بووینەتەوە و هەڤاڵەکان هەموویان لەوێن، مام جەلال و کاک نەوشیروان و هەموو ئەوانەی لەگەڵیانن.

کە چووینە ئەو ماڵەی بڕیار بوو هاوکاریمان بکات بۆ لایان، وتی ناتوانم جووڵە بکەم، "میتی تورکی" ئەو ناوەیان گرتووە. دۆخێکی زۆر ناخۆش بوو. هەتا ماڵەکە وتیان ناتوانین لێرەش بتانحەوێنینەوە. سەرسنوور و ناو شاریشیان گرتووە. لەگەڵ کاک موحتەرەم گەڕاینەوە بۆ شاری "وان". لەوێش کەسی خۆیان هەبوو، بردینیە ماڵی برادەرێک کە لە کارگەی چیمەنتۆی وان ئیشی دەکرد. دوو ڕۆژ لەوێ ماینەوە، بەڵکو ڕێگەکە بکرێتەوە و بتوانین دەرباز بین. ڕێگە هەر نەکرایەوە. موحتەرەم هاتەوە بەدواماندا بڕۆینەوە بۆ "دیاربەکر"، لەوێش چووینە ئوتێل "سەراج"، خاوەنی ئوتێلەکە کورد بوو. من و دکتۆر کەمال خۆشناو نزیکەی دە ڕۆژ زیاتر لەو ئوتێلە ماینەوە. ئەبووعومەر "عەونی قەڵەمچی" گەڕایەوە بۆ سوریا، تاقەتی ئەم هاتوچۆ و بێنەوبەرەیەی نەبوو. بەو حسابە گەڕایەوە تا برادەران ئاگادار بکاتەوە.

بە ڕۆژ لەو شارەشدا نەماندەزانی چی بکەین. من لای خاوەن ئوتێلەکە وتم خەڵکی ئێرانم و ناتوانم بچمەوە بۆ ئێران. چاوەڕوانی باوکم دەکەم، بڕیارە لێرەوە بێت، دەچین بۆ حەج و دەیبینم. خاوەن ئوتێل شکێکی کردبوو. مەسرەف گران بوو، دەچووین نانمان لە نانەواخانەیەک دەکڕی. لە ئوتێلەکە بەدزییەوە چامان لێدەنا، بە پەنیر و ماست و ئەم جۆرە شتانە بەڕێمان کرد. گوزەرانمان لە ئوتێل بەم شێوەیە بوو. ناوبەناویش عومەر چەتین و موحتەرەم دەهاتن بۆ لامان، یان لە چایخانەیەک دەمانبینین. لە سەرەتای مانگی یازدەدا برادەرێک

لەگەڵ موحتەرەم هات بۆ لامان و وتیان با برۆین، گەڕانەوەمان ڕێک خستووە. سوار بووین لەگەڵیان. کە هاتن، "ملازم عەبدوڵڵا خۆشناو"یش لای برادەرانەوە هاتبوو، ئەویشمان لەگەڵ بوو، شارەزای ڕێگە بوو.

چووینە "هەکاری" جولەمێرگ. لە ماڵی برادەرێک بووین بە ناوی "حافز". ئێستاش دۆستایەتیمان ماوە، چەند جار هاتووە بۆ سلێمانی و لە خزمەتیدا بووم. شەوێک لە ماڵیان ماینەوە. دنیاش بەرەو سەرما و بەفر دەچێت، ناوچەی هەکاری کوێستانە. ئۆتۆمبێلی ئیسعافی هێنا و حازریان کردبوو، من و دکتۆر کەمال خۆشناو و ملازم عەبدوڵڵا خۆشناو لە دواوە لە جێگەی نەخۆش سوار بووین، لە هەکارییەوە بۆ "شەمدینان". لەوێ بە ناو بازگەی جەندرمەکانی تورکیادا تێپەڕین و بە سەلامەتی گەیشتینە لای هەڤالان. لەوێ دێیەک هەبوو بە ناوی "ماسی ڕۆ" لەسەر سنوورە. بۆ من خۆش بوو، لەوێش ئەوانەی بینیم، زۆربەیان لە ڕابوردوودا و لە شۆڕشی ئەیلوولدا دەمناسین. لە ترسی جەندرمە و حکومەتی تورکیا لە دەرەوەی دێکە بوون. کە گەیشتین، برادەران ئاگریان کردبووەوە. بەفر باریبوو، سارد بوو، منیش لە ئەورووپاوە گەڕاومەتەوە، کۆڵەپشتێکم پێیە، لە هۆڵەنداوە هێنابووم و شتی زۆری تێدا بوو. کە برادەران ئێمەیان بینی، خوا بە بەهەشتی شاد بکات، عوسمان قادر منەوەر برادەرم بوو لە زووەوە، بۆ سوبعەت وتی مردووت مری ئەوە ڕۆن ڕژاوە وا هاتوویتەتەوە؟ بوو بە پێکەنین.

منیش وەک ئەو هەڤالانەی ئەوێ قاتێک جلی کوردیم پێبوو، خۆم گۆڕی. چەند هەڤاڵێک دەچوون بۆ دەرەوە. پانتۆڵەکەی خۆم دایە یەکێکیان بۆ ئەوەی سەفەری پێبکات بۆ ناو تورکیا، چونکی ناو تورکیا جلی کوردی قەدەغە بوو. سوودی لە پانتۆڵەکەم بینی، ئەو ماوەیەی لەوێ بووین، لەگەڵ هەڤالان ئاشنایەتیم پەیدا کرد.

هەموو ڕۆژێ پێش ئەوەی ڕۆژ بێتەوە، و لە ترسی حکومەتی تورکیا ناو دێکانمان چۆڵ دەکرد دەچووینە دەرەوەی دێ. بەفریش باریبوو.

لەسەر ئەو بەفرە دەماینەوە و تاکو ئێوارە و ئاگرمان دەکردەوە. شەوان دەهاتینەوە بۆ ناو گوندەکان. لەو دیبانەی لێی بووین "ماسی ڕۆ" لە زستان چەندرمەی تورک شوێنە کوێستانییەکانی چۆڵ دەکرد و هاوینان بۆی دەهاتنەوە. وابزانم ئێستاش هەر وایە، چونکی زستانان ژیانی تێدا ناکرێ.

لەگەڵ ئەم هەموو سەرماوسۆڵە و برسێتییەدا باوەڕمان بەهێز بوو، بە سەری یەکتر سوێندمان دەخوارد. ڕۆژگارمان بەڕێ دەکرد، چونکی لەوێ چاوەڕوانی چەکمان دەکرد. ئەوانەی لەوێ بوون، ناوی هەموویان ناوترێ. مام جەلال، نەوشیروان مستەفا، ملازم عومەر، عەلی عەسکەری، سالار عەزیز، ڕەسووڵ مامەند، حاجی حاجی ئیبراهیم، دکتۆر خالید، ملازم تاهیر عەلی والی بەگ، مامۆستا سەلام، دلێری سەید مەجید، شێخ حسێن بابە شێخ یەزیدی، مامۆستا عەزیز، هاوڕێ جەبار، عەلی ئامەخان، عوسمان قادر منەوەر، عەبدولقادر هەڵەدنی و دەیانی تریش. پاش ماوەیەک دکتۆر مەحموود عوسمان و شەمسەدین موفتی هاتن. لیژنەی تەحزیری بوون، بە ناوی پارتییەوە هاتن. لەسەر سنوور یەکمان گرتەوە. هەروەها شەوکەت حاجی موشیر کە لەم دواییانەدا لە دێی گامیش تەپە لە شارەزوور بە دەستی تیرۆریستان نامەردانە شەهید کرا. هەروەها کاک محەمەدی حاجی مەحموودیش لەوێ بوو. هەر هەموومان بە کۆمەڵە و بزووتنەوە، یەکێتی بووین.

### هاتنی چەک

دەماودەمی ئێوارەیەکی درەنگ بوو. هەواڵیان هێنا وتیان چەک هاتووە. ئەو قەرەباڵغیەی سەرسنووریش بەشێکی بۆ ئەوەبوو. هەر هەموومان خۆمان کۆ کردەوە. کە چووین، لۆرییەک بوو و چەقیبوو. سەرەوەی هەمووی فەردە ئارد بوو، چەکەکان لەژێرەوە بوون و لەچاو ئەو چاوەڕوانییەی ئێمەدا بەو هێزەوە هەمانبوو، زۆر نەبوو، بەڵام بۆ

ئیمە و بۆ دەستپێکردنەوەی شۆڕش و ڕۆحییەتی هەڤاڵەکانیش باش بوو، بە دەستی بەتاڵ نەدەگەڕاینەوە بۆ ناو وڵات. کەم یان زۆر، زۆر باش بوو. گوڕوتینێکی تری داینێ. "ئاربیجی"ی تێدا بوو، لەوێش مام جەلال و برادەران دابەشیان کرد. پێش گەڕانەوەمان چەند ڕۆژێک لە ماڵی مام خورشید بووین لە گەرێشم. زۆرزۆر خزمەتیان کردین، بەتایبەت مام خورشید، بەڕاستی پیاوێکی بە خزمەت بوو، بە ماستی زستانە و هەنگوین تێری کردین.

پێش ئەوەی من و دکتۆر کەمال خۆشناو بگەینەوە، بەڕێز عەلی عەسکەری لە ڕێگەی شێخ محەمەدی لۆلانەوە چووبوو بۆ بەغدا. لەسەر بڕیاری یەکێتی و بە ئاگاداریی هەڤاڵان چووبوو، لەسەر متمانەی حاجی شێخ محەممەدی لۆلان. بەڵام هەروا هاتەوە و گەیشتەوە لای هێزەکان. حکومەت هەر حسابی بۆ نەکردبووین و داوای کردبوو تەسلیم بینەوە. وتبوویان دەبێ ئەو ناوە چۆڵ بکەن و لێتان دەدەین. ئیتر بڕیاری گەڕانەوە درا.

## گەڕانەوە بۆ کوردستانی عێراق

هێزەکەی ئیمە لەگەڵ ئەو بەشە چەکەی بەرمان کەوتبوو، بە سەرکردایەتیی کاک نەوشیروان کە لێپرسراوی یەکەم بوو، کەوتینە ڕێ. دنیا زستان بوو، بەفرێکی زۆر باریبوو. لە ناوچەی شەمدینانەوە بە ئێراندا بۆ عێراق کەوتینە ڕێ. ڕۆژێک بە تەواوەتی تاکو شەومان بەسەر هات، نیوەی "چۆمی گادەرمان" تەواو کرد و بارانیش دەباری. لە چۆمی گادەر لامان دا. ئاگرمان بۆ نەدەکرایەوە، تاریکەشەو بوو، ئەو شەوەمان لەبەر سەرما گوزەراند، زۆر ناخۆش بوو. بۆ ڕۆژی دوایی لای ئێوارەکەی تروسکاییەکمان لێدەرکەوت، ڕوومان تێکرد. چەند ماڵێک

بوون سەر بە شاری شنۆ بوون، لەوێش خزمەتێکی باشیان کردین. لەو نێوانەی ڕێگەدا هەر سێ کەسمان لێپرسراوی ولاخێک بوو، لە بارەکە و ولاخەکەش بۆ ئالیکدانی و ڕاکێشانی، بارە تفەنگ بوو. هەم خۆمان برسی و هەم ولاخەکان. چۆمی گادەرەش ئاوەکەی هەڵسابوو، چونکی باران دەباری. ڕەنگە دەیان جار بە جل و پێڵاوەوە ئەمبەروئەوبەری ئاوەکەمان کردبێ، بەلام بواری پەڕینەوەی هەبوو.

## گەیشتینە خاکی ئێران

لە ناوچەی شنووە بە ڕۆژەکەی بە دێهاتەکاندا بەرەو ناوچەی خانێ کەوتینە ڕێ. لە ڕێگە زۆر ماندوو بووین، گەورەترین کێشەمان "باربەستن" بوو. کە بارێک دەکەوت، چەند خەریک بووینایە، نەماندەزانی وەک خەڵکی لادێ بیبەستین و چاکی بکەین. ئەگەر هیمەتی برادەرانی خەڵکی دەرەوە نەبوایە کە لەگەڵمان بوون، زەحمەت بوو و پەکمان دەکەوت. لەو هیلاکییەدا ولاخەکانیش ماندوو و برسی دەبوون، سەرماش لەولاوە وەستابێ. هەر بۆ خۆشی و نمونە مامۆستا عەزیز دانشگای تەواو کردبوو یادی بەخێر بێ، لە سلێمانی گیرا و دوایی بەعس لە سێدارەی دا. بارەکەیان کەوتبوو داوای لە محێدین کرد کە خەڵکی دەرەوە بوو و چۆخماخی بوو، یارمەتیی بدات بۆی چاک بکاتەوە. پێی دەڵێ کاکە کە ئێوە نازانن بار ببەستن بۆچی هاتوون بۆ پێشمەرگایەتی و هاتوونەتە دەرەوە. مامۆستا عەزیز دەڵێت بەخوا نەمزانی دەبم بە قەتارچی. کاکە تۆش وەرە پرسیارێکی فیزیام بۆ حەل بکە تاکو منیش بارت بۆ ببەستم. ئەمە مەسیرەکەمان بوو. بەلام جارجار قسەی خۆش و خۆشەویستی هەبوو. ئەمەش زەمانی شای ئێرانە و ئەو ڕێگەیەی پێدا دەگەڕێینەوە، زۆر لە دێهاتەکانی ئێران پاسگا

و ئەرتەشی تێدا بوو. لە هەندێ جێگە دەبوایە بە شەو بڕۆین بۆ ئەوەی نەمانبینن. ئێوارەیەک چووینە دێیەک، پێش ئەوەی بگەینە "خانێ"، مەبەستم دەوری "خانێ"یە، لە دێکە دابەش بووین. ئێمەش لەگەڵ کاک نەوشیروان، کاک سالار و ملازم عومەر لە دیوەخانی ئاغای دێکە بووین، هێشتا نانمان نەخواردبوو، سەربازی ئێرانی و چریک لەگەڵ لێپرسراوی پاسگاکە هاتنە ژوورەوە، وتیان ئێوە چین و چی دەکەن لێرە؟ بۆمان شەرح کردن. وتیان هەر ئێستا هەڵسن و بڕۆن. دەڕۆین و ناڕۆین و تەنها نان دەخۆین و دەڕۆین... لەم قسانەمان دەکرد. ملمان نەدا. "برسێتی شتی تریشی بەدەمەوەیە"، دوایی هەڵساین و هەر بەو شەوە بەو هێزەوە ملی ڕێگەمان گرت و گەیشتینە ناوچەی "لاجان" و کۆنە لاجان. بە دەوری خانەدا سوڕاینەوە. حەقی خۆشیەتی کە دەوری "قادر خەبات" بنرخێنین. ئەو ڕێگەنیشاندەرمان بوو، کەسێکی تریشی لەگەڵ بوو، ئەویش شارەزا بوو، وابزانم دوایی لە شۆڕشدا شەهید بوو. لەگەڵمان زۆر ماندوو بوو. منیش کە لە ئەورووپاوە هاتبوومەوە، هەندێک ڕۆژنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانم پێبوو. لە چەند شوێنێک کە لامان دەدا ئەمدا بە خوێندەوارەکانی خەڵکی دێکان، کە کاک نەوشیروان بەمەی زانیبوو، بەپەلە جوابی بۆ ناردم وتی مردووت نەمرێ تۆ چی دەکەی؟ وەزعی خۆمان زۆر جوانە "ڕێوی بە کونەوە ناچێ هەژکی بەخۆیەوە دەبەستێ". ئەنجا بەڕاستی کاک نەوشیروان لەسەر حەق بوو. منیش وازم لە دابەشکردنی بەیان هێنا، خواخوامان بوو بگەینەوە وڵات.

هەر لەو گەڕانەوەیەدا بە ڕۆژ لە دێهاتەکان نەدەهاتینە دەرەوە. خۆمان دەشاردەوە، نەماندەهێشت لە هەندێ جێگە کەس بچێتە دەرەوە. شەو بەرێ کەوتین. لە نێوان خانە و میراوادا چەکەکانمان لە عەرەبانەیەکی تراکتۆر بارکردبوو، چادرمان دابوو بەسەریا، هەندێکمان لەسەر مەکینەکە سوار ببووین، چەند عەرەبانەیەک بوو لەسەر جادەی

گشتیی خانه و سەردەشت. سەربازەکانی ئێران ڕێگەیان پێگرتین. وتیان ئێوە چین و چی دەکەن؟ یەکێکیان چادری سەر عەرەبانەکەی لادا. هەر شێت بوو، هەمووی چەک بوو. وتیان دوامان کەون بۆ پاسگا، یان پادگان. ئێمەش خۆمان بۆ هەموو ئەگەرێک حازر کردبوو، وردەوردە لەگەڵ مەسیری جادەکەی خۆمان مەبەستمان بوو لەگەڵیان هاتین تاکو گەیشتینە لای میراوا، لەوێ لامان دا و وەڵاممان نەدانەوە. ئێمەش چەکدار بووین. ئەوەی ڕاستی بێ، ئەوانیش زۆر لەسەری نەڕۆیشتن. دەیانزانی کە تەسلیم نابین. پارووپەکی بچوک نەبووین، لەوێش ڕزگارمان بوو. بە شاخەکەدا هەڵگەڕاین. لە شانی میراواوە سەرکەوتین تاکو گەیشتینە دێی 'کونە مشکە'. کە چووینە ئەوێ، دامەزراین و نزیک وڵاتی خۆمان بووینەوە. دیوەخانێکی گەورەی لێبوو و وێنەیەکی گەورەی 'عەلی حەسەن ئاغای مەنگوڕ'ی هەڵواسیبوو. عەلی ئاغا گەورەیان بوو. عەلی حەسەن ئاغای مەنگوڕ پیاوێکی قسەخۆش بوو. بەداخەوە حکومەتی سەدام حسین خۆی و خزم و کوڕێکی لە سێدارە دا، هەزار ڕەحمەتی لێبێت.

ئەو شەوە لە کونە مشکەماینەوە. بەیانی ملی ڕێگەمان گرت بەرەو نۆکان و شێنێ. لە مەسافەی ڕۆیشتندا دوودوو و سێسێ دەڕۆیشتین. بە ڕێگەوە بووین لە نزیک بەرزاییەکانی نۆکان شۆڕ بینەوە. تووشی جەماعەتێک چەکدار بووین. کەوتینە سەنگەرگرتن لە یەک، ئێوە کێن و ئێمە کێین؟ بوو بە تەقە لە نێوان هەردوولادا، وابزانم لەوان کەسێک کوژرا و بریندارێش هەبوو، وتیان جەماعەتی قیادەی موەقەتە بوون. ئەوەی ڕاستی بێ، هیچ بەرنامەیەکی شەڕ نەبوو، ئەوەش بە ڕێکەوت بوو. ئێمە وا نزیکەی دە ڕۆژ زیاترە بە ڕێگەوەین. ئەوەندە ماندووین، هەر مەپرسە. شەڕە و تووشت دەبێ، دەرکەوت ئەوانیش هەر بۆ سەفەر چوون بۆ ئێران.

ئەو دۆخە هەزار تەفسیری بۆ کرا، کەمینە و لەم جۆرە شتانە. بە ڕاستیش ڕووداوێکی خۆش نەبوو. ئەم ڕووداوە کە ڕووی دابوو، هەواڵ چووبوو بۆ شێنێ و نۆکان و زەڵێ. تاکو ئەو کاتەش لەم سنوورە و لە سنووری سلێمانیش هیچ شەڕوپێکدادانێک لە نێوان یەکێتی و قیادەی موەقەتە "پارتی" ڕووی نەدابوو. عەبدولمەلیک پارتی بوو، لەگەڵ جەماعەتەکەی ئەم هەواڵە دەزانن و ناوچەکە چۆڵ دەکەن، وا دەزانن بەرنامەی لێدانیان هەیە، کە نزیک بووینەوە، هەڤاڵەکانی خۆمان هاتن بۆ پێشوازیمان. ئەو کاتە ئەم کەسانەم بینی: "تاڵب ڕۆستەم" کە ئامرهەرێمی ئەو سنوورە بوو، کوێخا عەلی قەلاوە، دکتۆر عەلی و مریەم خان، بەکر پیرۆت، یەکێتیی زۆری لێبوو. چەند ڕۆژێ لەوێ لە شێنێ و زەڵێ و نۆکان حەساینەوە. ئیتر کاک نەوشیروان لەگەڵ هەڤاڵەکانی تر بەرنامەی دانا بۆ گەڕانەوە بەرەو سلێمانی بۆ ئەوەی ئەو چەکانەی پێمانە، دابەشی بکەن و مەفرەزەکان ڕێک بخاتەوە، چونکی ئەو بووبوو بە ئامرهەرێمی سلێمانی.

بەیانییەکەی هەتاو بوو. خۆمان حازر کردبوو و بارەکانمان بەستن، بەڵام شاخەکان بەفری پێوە بوو. ملی ڕێگەمان گرت و سەرکەوتین، لە نیوەی ڕێگە لەسەر شاخ نزیک بووبووینەوە، هەواکەی گۆڕی و دەستی کرد بە بەفربارین و کڕێوە. تاریک بوو، وای لێهات ڕێگەکان کە پێیدا دەڕۆیشتین، دیار نەما، سەرما و هەوای سارد لەولاوە وەستابێ، ولاخەکان کە بارەکانیان پێوە بوو، هەمووی وەستان. هەر کەسەمان خەمی خۆمان بوو ڕەق نەبینەوە، بڕیار درا گوریسی هەموو بارەکان بپچڕێنن. هەرچیمان پێبوو لە چەک و ئەو شتانەی کە لەسەر ولاخەکان بوون، بەجێمان هێشت، کوڕ ئەو کوڕەیە خۆی ڕزگار بکات. چەند کەسێک تەقەی دەکرد بۆ ئەوەی لەیەک ون نەبین. زۆربەشمان نەشارەزابووین، ئەمەشمان بەسەر هاتووە. هەندێکمان بە ڕێگەیەکدا ڕۆیشتین، دۆڵێک بوو پێیدا چووینە خوارەوە، پاش ماوەیەک تووشی

ئاشێک بووین، لامان دا و ئاگرمان کردەوە، خۆمان گەرم کردەوە، بووبووین بە چەند بەشێکەوە، چاوەڕوان بووین خۆش بکاتەوە. پاش بوو بۆ ڕۆژی دوایی سامال بوو. هەریەکەمان گوریسێکمان هەڵگرت و سەرکەوتینەوە بۆ سەرشاخ بۆ ئەوەی چەکەکان بهێنین، هەر لەوێ لەسەر چوون بۆ سەرشاخ لە نێوان کاک ملازم عومەر و مامۆستا عەزیز ساردی پەیدا بوو، وتی من سەرناکەوم. وەک براش وابوون، هەست بە دڵسۆزیی بۆ جێبەجێکردنی کارەکان ئەمەشی تێدا بوو. هەمووومان سەرشاخ کەوتین، چەکەکانمان دۆزیەوە. هەرکەسە چەند چەکێکی بە گوریس لە کۆڵی بەست، هێنامانە خوارەوە. دوایی بۆمان دەرکەوت ئەو دۆڵەی بۆی هاتووین، پشتی دێی "هەڵشۆ" بوو، هەر ئەو ڕۆژە شەوەکەی بەڕێ کەوتین. بە بەردەم دێی هەڵشۆدا هاتینە خوارەوە و لامان نەدا، چونکی مەخفەری تێدا بوو. بۆ ئەوەی کەشف نەبین، هەر بەو شەوە بەردەوام بووین لە ڕۆیشتن، گەیشتینە دێی "نورەدین"، لەوێش بەلەمیان بۆ ئامادە کردین. لە بەرامبەر نورەدینەوە پەڕیینەوە بۆ دێی سەرتەنگ و لە بانە ڕۆژمان لێبووەوە، بەدوای یەکدا بە هیلاکی و برسیەتی و سەرما. لەوێش گەیشتینە مەفرەزەکانی خۆمان کە لە ناوچەکە بوون. کاک محەمەد مەلا سەلام بوو، کاک نەوشیروان هەندێک چەکی دانی لەوەی پێمان بوو. وتیان پلەکەی ئامرهێزە. چاومان کەوت بە مام ئەحمەد خەڵکی مامەنداوا، مام ئەحمەد (عەلی)ی کوڕیشی لەگەڵدا بوو، بەداخەوە لە شۆڕشدا بە غەدر شەهید کرا.

پاش ئەوە بەرەو ناوچەی گەلاڵە و شینکایەتی و سەفرەوزەروون ڕۆیشتین. لە گەلاڵە سەربازگەی لێبوو، خۆمان لێ لادا. شارەزامان لەگەڵ بوو. لە بناری شاخەکەوە ڕۆیشتین، هەر جارەش پاش ماندووبوون کاتی نانخواردن لەسەر کانی لە ڕێگە لامان دەدا. چامان لێدەنا و نانمان دەخوارد، پاش ئەوە بەرەو جێگەیەکی تر کە مەبەستمان بوو، دەڕۆیشتین. دواقۆناغمان گەورەدێ بوو، خەڵکی ئەوێش هەندێکیان

پێشمەرگە بوون لەگەڵمان، وەک "حاجی مەحموود گەورەدێ" ئێستاش ماوە. لەوێ پشوویەکی باشمان دا، گەورەدێ دێیەکی گەورە بوو، چەند ڕۆژێ لەوێ ماینەوە. ئیتر جەولەمان دەکرد لە دێکانی مالومە، گەڕەدێ، چۆخماخ و دەوروبەری سنگر و مێولاکە، ئەو برادەرانەی لە مەسیرەکەدا لەگەڵمان بوون، هەندێکیان خەڵکی دۆڵی جافایەتی بوون، وەک خوالێخۆشبوو عەبدولقادر حاجی کە خەڵکی هەڵەدن بوو باوکی شەهید غەریب هەڵەدنی، مەجیدی برای و حاجی مەحموود گوروون خەڵکی چۆخماخ بوون. پاش ئەو ماوە درێژە کە گەیشتینەوە، ئەوان چوونەوە بۆ لای ماڵ و منداڵیان، دەمێک بوو دابڕابوون لێیان، حەقیان بوو. پاش ئەوە لەگەڵ کاک نەوشیروان خۆمان حازر کرد.

لە دێی چۆخماخ بووین کە زانیمان کاک ئارام لە قەرەداغ لە دێی تەنگی سەر شەهید بووە، من و کاک نەوشیروان پێکەوە وەستابووین. نامەکەی نیشان دام، کە خەسارەتێکی یەکجار گەورە بوو. خۆمان وردەوردە نزیک بووینەوە لە "خەمزە"، لەوێش هەندێک هەڤاڵی ڕێکخستن هەبوون، من نەمدەناسین، وەک شێخ یوسف و ئیسماعیل ڕەشید و حامد، لەوێ دابەشیان کردین، هەروەها فەتاح خەڵکی سنگر، لەوێشەوە هاتینە خوارەوە بۆ "سیرەمێرگ" لە ماڵی عومەری حاجی ئەحمەد و مەجیدی برای، خزمەتیان زۆر کردین، هەروەها فەتاحی براشیان. پاش نانخواردن چاوساغیان لەگەڵ ناردین بۆ پەڕینەوە. پاش ماوەیەک گەیشتینە دێی "تەگەران". لەوێش ناکرێ بمێنینەوە، سەرجادە بوو، ڕەبیەی حکومەت لە پشتی ماڵەکان بوو. ڕۆیشتین بۆ گەڕەدێ و چنگیان، ئەو ڕۆژە هەر لە دێی چنگیان بووین. لەوێ کاک نەوشیروان بە هاوکاریی ملازم عومەر و کاک سالار هەندێک لە هێزەکانی ڕێک خستەوە. مەفرەزەکان دروست کران، ئەوانەی ئامرمەفرەزە بوون لە کۆبوونەوەکەی چنگیان ١- شەهید عوسمان قادر منەوەر ٢- من خۆم مستەفا چاوەڕەش ٣- مەحموود ڕەشید "نەبەز" ٤- کەریم دادەمەنە ٥-

جەمال عەلی باپیر ٦- دەرسیم کە لەوێ یەکمان گرتەوە ٧- ئەحمەد فەتحوڵڵا ئاغا. کاک بەکری حاجی سەفەر و عەلی چوارتاییش لەوێ بوون. ڕۆژی دوایی تریش هەر لە چنگیان بووین و دابەش بووبووین. بەرەبەیانی لە دەنگی تەقە خەبەرمان بووەوە. دیار بوو دەوری دێکە گیرابوو. حکومەت هەواڵی ئەوەیان زانیبوو کە ئەم هێزە لەگەڵ نەوشیروان مستەفادایە، جەیش و جاش هاتبوون دەوری دێکەیان گرتبوو، کوڕی ئازا ئەوە بوو خۆی ڕزگار بکات.

دێی چنگیان لە دۆڵێکدایە پشت و بەرامبەری شاخی بەرزە. لەم ڕووداوەدا هەشت پێشمەرگە لە مەفرەزەکەی کاک عوسمان قادر منەوەر گیران، خۆی لەگەڵیان نەبوو، نامیق کە خەڵکی سپیار بوو، لەگەڵیان بوو. دەبوو بچنە چایخانەکەی قەیماسە، بەڵام کە چووبوون، کەوتبوونە داوی دوژمنەوە و هەموویان گیرابوون. ئێمە نەمانزانی تاکو تەقە دەستی پێکرد. من ئەو کاتە یەک پێشمەرگەم هەبوو، ناوی ئازاد ساڵح بوو پۆلیسی یاریکەر بوو، باوکی کەبابچی بوو. هەریەک کلاشینکۆفم هەبوو و هی شانی خۆم بوو، دابوومێ، خۆم لە تورکیاوە هێنابوومەوە. ئەوەشم نەما. بەداخەوە حکومەت هەر هەشت پێشمەرگەکەی لە سێدارەدا. دوای ئەو بەرەبەیانە هەریەکەو بە لایەکدا ڕامان کرد. ئێمە هەڵگەڕاین بە شاخەکەی بەرامبەر دێی "چنگیان"دا، هەندێکیشی بە دۆڵەکەدا بەرەو دێی "باراو". ئەوان سەلامەت بوون. بەشەکەی کاک نەوشیروان، ملازم عومەر، سالار عەزیز پێکەوە بووین. بە شاخەکەدا بەرەو "گەلێ" هەڵگەڕاین. وردەوردە دنیا ڕووناک بووبووەوە. جاشەکان تەقەیان لێدەکردین. نازانم چۆن بەرنەکەوتین، نیوەی شاخەکە لە سەرەوە بەفر بوو، لەبەر ئەوەی کاک نەوشیروان جگەرەکێش بوو، کوتوپڕ تووشی هەناسەبڕکێ بوو، تەنگەنەفەس بوو. من لە ئەورووپاوە هاتبوومەوە، قەمسەلەیەکی گەرم و باشم لەبەردا بوو، دامکەند و دام بە کاک نەوشیروان، جامانەکەم دایە و لەچکی کرد.

چووینه دۆڵەکەوە، لە گوللەی دوژمن ڕزگارمان بوو، بەڵام نەشارەزا بووین لەو دۆڵەدا، هەر چاوەڕوان بووین ئێوارە دابێ، برسیشمان بوو. بە پێشمەرگەیەکمان وت بچێت بۆ ناو دێی "دۆڵەتو" ناوی شوانە بوو، نەیوێرا بچێت. "خەبات مەلا عەبدول" منداڵ بوو و تازە هاتبوو، وتی من دەچم. ڕۆیشت و هاتەوە، نانیشی بۆ هێناین. وتی ناو دێکە دوژمنی تێدا نییە، مەبەستی دۆڵەتوو بوو، پاش ئەوە شۆڕبووینەوە بۆ ناو دێ.

جارێ وردەکاری و دۆخی برادەرەکان باش نازانین، ڕووداوەکەش جارێ لێمان ڕوون نەبوو، ئەوەندە نەبێ ئەو چەند کەسە ڕزگارمان بووە و پێکەوەین. "شێخ عەبدول دۆڵەتوو" خەڵکی دێکە بوو، خزمەتێکی بەرچاوی کردین، مەرد بوو، هەروەها خەڵکی دێیەکەش. وردەوردە ئیتر هەواڵمان بۆ هات چی بووە و چی ڕووی داوە، کێ شەهید بووە و کێ گیراوە. بۆ ئێوارە درەنگ چووینەوە بۆ چنگیان، لەوێشەوە نەماینەوە. بەرەو دێی "باراو" کە مەسافەکەی نزیکەی چلوپێنج دەقیقە دەبێ، بە پیادە ڕۆیشتین. چنگیان سەختترە. هەموومان بە هۆی ئەو پەلامارەی دوژمن بۆ سەرمان لە دێی باراو یەکمان گرتەوە، هەر دوان لە بن دارێک یان بن بەردێک دانیشتبووین، باسی دۆخەکەی نامیقمان دەکرد، کە بەرەو قەیماسە ڕۆیشتوون و تووشی کەمین بوون، جارێ نامیق دیار نییە. عوسمان قادر منەوەر وتی نامیق شارەزایە، ئێستا لە چەمی تەنکەبوار پەڕیونەتەوە و ڕزگاریان بووە. نامیق زۆر وریایە. تەنکەبوار ڕووبارێکە دێتە خوارەوە و لەبەر دێی زەلانەوە دەڕوات بۆ قەڵاچوالان.

لەو قسانەدا بووین و هەواڵیان هێنا مەفرەزەکەی نامیق هەموویان گیراون. زۆرمان پێناخۆش بوو، عوسمان قادر منەوەر لە هەمووومان زیاتر. چونکی دەستەکەی خۆی بوون، هێشتا خۆمان ڕێک نەخستووەتەوە تووشی ئەو زیانە گەورەیە بووین. بەڵام بەردەوام بووین لە کارەکانی خۆمان، هەر لەگەڵ کاک نەوشیرواندا بووین. جارێ بۆ کارکردن و گەڕان بە دێهاتەکاندا ڕۆیشتین بۆ ناوچەی شلێر و پێنجوێن.

ئەو کاتە ئەنوەری مەجید سوڵتانمان لەگەڵ بوو، بەداخەوە لە شەڕ بۆ بەرگری لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لای سەقز شەهید بوو. زۆر برادەر بووین، لە دیهاتەکان زۆربەی کات پێکەوە دابەش دەبووین بۆ نانخواردن.

لە گەڕانمان لە دێکان جارێکیان چووینە دێی حاجی مامەند و لەوێوە بۆ پارەزان، لەوێ ملازم ئەنوەر کەسێکی بانگ کرد. شکی لێکرد کە لە سلێمانی گەڕابووەوە، پاش پرسیارکردن لەشی گەڕا، لە پاکەتی جگەرەکەیدا نامەیەکی بچوک پێچرابووەوە. لە کەسێکی حکومەتەوە بووە کە سەر بە دائیرەی ئەمن بوو "حەمە کەریم خەبات" بۆ کادرێکی عەسکەری "....." کە پێشمەرگە بوو. نامەکەمان خوێندنەوە. دەرکەوت لەگەڵ ئەو کەسە و لە ڕێگەی ئەویشەوە لەگەڵ ئەمنی سلێمانی پەیوەندیی هەبوو، کەسەکەش لە جەولەکەی لای شلێر بوو لەگەڵ کاک نەوشیروان، بەپەلە ڕۆیشتین و کاک نەوشیروانمان ئاگادار کردەوە، چەک کرا و سجن کرا، ئەگەرچی بنکە و بارەگا و سجنمان نەبوو. لەو کاتەشدا هەڤاڵان شێخ حسێن بابە شێخ یەزیدی و دکتۆر خالید سەعید پێکەوە هاتبوون بۆ سنووری شلێر. هەمووومان لە شلێر یەکمان گرتەوە. لە گەڕان لە دێکان ئیشەکانیش ڕێک دەخرا. ئەو کەسەی گیرا بوو، لە ئێوارەیەکدا لەکاتی دابەشبووندا هاوکارییان کردبوو، هەڵات و چووەوە بۆ ناو حکومەت.

کە لەوێ بووین، چووینە دێی "چاش و مشیاو". کاک نەوشیروان نەخۆش کەوت، چەند ڕۆژێ لە ماڵی خوالێخۆشبوو حەمە سدیق خان خزمەتیان کرد. خۆی و کوڕەکانی خانەدان بوون، ئەم دێیە لەسەر سنووری ئێرانە. ئینجا هەموو هێزەکانمان بەرەو ناوچەی سیوەیل هاتین. گەیشتینە دێی باریی گەورە و باریی بچوک لە لای تیمار. لە لای تیمار ڕەبیەی لێبوو. دیار بوو ئەم هێزەی ئێمەشیان بینی بوو، تەقەیان لێکردین. بەلام لەسەر ڕۆیشتنی خۆمان بەرەو ناوچەی ئالان درێژەمان

دا و له دێی موسەکەوە و شابەدین بەرەو لای مەرویَ و شاناخسیَ، بۆ ئەوەی هێزەکە بپەڕێتەوە و بە خاکی ئێراندا بڕۆین بۆ لای مام جەلال. دیارە لە بەینی سنوور ئاوێکی گەورەی لێبوو. سیم دەبەسترا لەمبەر بۆ ئەوبەر بۆ پەڕینەوە، ئەم مەسیرەیەش دیار بوو.

بڕیاریان دابوو بڕۆن بۆ تورکیا بۆ هێنانی وەجبەیەکی تر چەک. بڕیاریان درابوو زۆرترین هەڤاڵەکان و پێشمەرگە بڕۆن. لەو سەفەردا ئەوانەی ڕۆیشتن، کەسێکی وا نەمایەوە. لە فەرماندەی مەفرەزەکان، ئەوانەی ڕۆیشتن ١- جەمالی عەلی باپیر ٢- محەمەدی حاجی مەحموود ٣- عوسمان قادر منەوەر ٤- مەحموود ڕەشید "نەبەز". هەموو ئیشەکانیان بە ئەحمەد فەتحوڵلا ئاغا و من سپارد. کاک ئەحمەدیش زیاتر لە ناوچەی ئالان لە دەوری "گرگاشە" دەمایەوە، لەسەر چەمەکەی سەرسنوور.

پاش ڕۆیشتنی ئەوان، من و ئەحمەد فەتحوڵلا ئاغا کۆبوونەوەیەکمان کرد بۆ ئیشەکانمان. ژمارەمان زۆرزۆر کەم بوو، کاک بەکری حاجی سەفەریش لە سنووری پێنجوین زیاتر ئیشوکاری حیزبی دەکرد. عەلی چوارتاییش مابوو، ئیتر هەموو سنوورەکە ئەوەندە مابووین، دیارە لە کادرەکانیش کاک وەهاب و شۆڕش ئیسماعیل مابوون. هەمووومان بە دێهاتەکاندا دەگەڕاین بۆ ئەوەی ئیسپاتی مانەوەمان بکەین. جارجارەش مەفرەزەیەک دەڕۆیشتین بۆ ناو شاری سلێمانی. ئەوانەی مابووین، بێجگە لە شەهید عەلی چوارتایی هەموو "کۆمەڵە" بووین، ناوبەناویش لاوان دەهاتنە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی و ڕێکمان دەخستن. دیارە کارێکی وا ئاسان نەبوو، دوژمن هەمیشە دەیویست جێپێمان هەڵگرێ و دەستمان لێبوەشێنێ. ئێمەش لە گەڕانمان خۆمان دەپاراست. ئەم دۆخە چەند مانگێکی خایاند، پەیوەندییەکی زۆر باشمان لەگەڵ خەڵکی دێهاتەکان دروست کرد و توانیمان خۆمانیان پێبناسێنین و خۆشیان بوێین. گەڕان و هاتوچۆ جارێک و دوو نەبوو، لە بەردەوامیدا بوو. ڕەنگە لەو ماوەیەدا چەندین جار لە سنووری ئالانەوە بۆ شارباژێڕ و سیوەیل هاتوچۆم کردبێ.

## سەفەری هەکاریی هەڤاڵان

لەوکاتەی کە ئەو هەڤاڵانە بۆ هێنانی چەک ڕۆیشتن بۆ هەکاری، ئیتر ئەرک و گەران کەوتبووە سەرشانی ئێمە. هەر لەو سەردەمەشدا پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ برایانی ئێراندا هەبوو لە ڕێگەی شەهید "محەمەد مەلا عەلی" خەڵکی بێژوێ، کە لەوێوە نامە و ڕاسپاردە و شتەکانی لە لای کاک "سەلاحەدین موهتەدی"یەوە دەهێنا. منیش ئەمنارد بۆ لای مام جەلال لە دۆڵەکوکە و نێوزەنگ، دواجار هاتبوونە ئەوێ. بەداخەوە لە گرتنی ناحیەی کارێزە محەمەد مەلا عەلی شەهید بوو، کەلێنێکی گەورە بوو بۆمان، زۆر خزمەتی کردین و گیانی خۆشی لەسەر دانا. پیاوێکی تێکۆشەر و دڵسۆزی کوردایەتی بوو، ماڵ و منداڵی بەخزمەت بوون.

من کە دەهاتمەوە، زیاتر لەگەڵ ئەحمەد فەتحوڵڵا ئاغا یەکمان دەبینی و دەگەڕامەوە بۆ شارباژێڕی تەخت، تاکو سنووری بەرزنجە دەهاتم. جارێکیان "محەمەد مەلا عەلی" کەسێکی هێنا بوو لای "سەلاحەدین موهتەدی" بۆ لامان، ناوی "خانەی موعینی" بوو، برای شەهید سلێمان موعینی و عەبدوڵڵا موعینی بوو. خەڵکی شاری مەهاباد بوون، ماوەیەکی کورت پێکەوە بووین. زۆر سوودم لێوەرگرت، ئەویش تازە لە زیندانی شا ڕزگاری بووبوو، لەشی جێگەی ئەشکەنجەی پێوە دیار بوو و نیشانی دەدام، بەتایبەت قاچی. باسی ژیانی خۆی و ئێرانی بۆ دەکردم. ساواکی ئێران زۆر ئەزیەتیان دابوو. دوای ئەوەی بەربووبوو، ڕەوانەی لای ئێمەیان کردبوو بێنێرین بۆ لای سەرکردایەتی و مام جەلال.

## شەهیدبوونی هەڤاڵ ئەحمەد فەتحوڵڵا ئاغا و
## خانەی موعینی و پۆلێک پێشمەرگە

پاش سەردانی شارباژێڕ ناوبەناو دەچوومەوە بۆ لای هەڤاڵ ئەحمەد بۆ ئەوەی بزانین چیمان کردووە و چی بکەین باشە. بە ڕێگەوە بووم بۆ لای، لە میراواوە بەرەو شاخی "کمۆ" دەڕۆیشتم، لە ڕێگە بەیەک گەیشتین، دیار بوو ئەوان شاخەکەیان بڕیبوو و دەهاتنە خوارەوە. ئەملاوئەولای یەکترمان ماچ کرد، چونکی ئەوەندە خۆشەویستی هەبوو لە نێوانماندا، سنووری نەبوو. وتی تۆ لێرە بە، من کارێکم لە دیوی "ماوەت" هەیە. زۆرم پێناچێ دەگەڕێمەوە، منیش وتم کاکە بۆ بمێنمەوە؟ وادانیشتووین پشوویەکمان داوە. ئەوەی هەیە باسی دەکەین، منیش دەبێ بڕۆمەوە بۆ شارباژێڕ. لەسەر ئیشوکارەکان هەندێک قسەمان کرد. وتی تاکو "یالانقوز" دەچم، ئیتر وتم کاک خانە با لەگەڵ من بێت، وتی قەیناکە با لەگەڵ من بێت. خواحافیزیمان کرد و لەیەک جیا بووینەوە، تاکو میراوە پێکەوە بووین. ئەوان ڕۆیشتن، ئێمەش شەو لە میراوا ماینەوە.

بەرەبەیان لە دەنگی تەقەیەکی زۆر حەرەسەکە بەئاگای هێناین. لە ماڵی "عوسمان قامیشی" بووم. ئەو کاتە پێشمەرگەی خۆمان بوو. هەمووومان هەڵساین، خۆمان کۆکردەوە و خۆمان بەست، وتم کاک عوسمان با یەکێک بچێتە سەرەوە و بزانێ ئەم تەقانە چییە؟ وابزانم خۆی سەرکەوت یان کەسێکی تر بۆ بەرزاییەکەی پشتی دێ، هاتەوە و وتی هیچ نییە، لەبەری "دڕێ" تەقەیە، وتم ڕەنگە سەربازەکان مەشق بکەن، چونکی کاک ئەحمەد نەیوت دەچم بۆ ئەوێ، پاش ئەوەی نان و چای بەیانیمان خوارد، ڕۆیشتین بۆ دێی "کوڕەداوێ". نانی نیوەڕۆمان لەوێ خوارد، بەرامبەر دێی کوڕەداوێ دەڕۆیشتین بەرەو گۆرانگە. هێشتا ئاو دێمان بەجێ نەهێشتبوو، چەند جارێ بانگیان کردم، منیش ڕاوەستام. حاجی سەلیم ئاغای مەروێ هات، ئەو کاتە لە دەرەوە

لەگەڵمان بوو، لەگەڵ ئەحمەد فەتحوڵلا ئاغا بوو. وتی حکومەت پەلاماری داوین لە دڕێ لەسەر کانی "بێشوک". لەوێ هەموو پێشمەرگەکان پەرش و بڵاو بوونەتەوە، کاک ئەحمەد و چەند پێشمەرگەیەکی تر شەهید بوون و کۆمەڵەکیش گیراون. خۆمان چیمان بەسەر نەهاتبوو تا ئەم هەواڵە ناخۆشەش ببیستین. لەولاوە لە هەکاری برادەران تێدا چوون و چارەنووسیان دیار نییە، لێرەش ئەم پۆلە پێشمەرگەیەمان شەهید بوون. ئەرکەکانیش ئیتر دەکەوێتە سەرشانی من. خوایە چی بکەم؟ ئیتر پاش ئەو هەواڵە ناخۆشە ناچار بووم بگەڕێمەوە بۆ دیوی ئالان بۆ ئەوەی مام جەلال و سەرکردایەتی لەمەی بەسەرمان هاتووە، ئاگادار بکەمەوە. گەڕامەوە و لە دێی میراوا حاجی تۆفیقم بانگ کرد کە موختاری دێکە بوو، وتم مادام لەناو شەهیدەکاندا "خانەی موعینی"ی تێدایە، هەر چۆنێک بێت، بەڵکو بچیت بۆ ماوەت، بەڵکو تەرمی شەهید خانەم بۆ بهێنیتەوە، ئامانەتە لامان. خوا هەڵناگرێ وتی بەسەرچاو، ڕۆیشت و هاتەوە، وتی بەخوا هەر نەموێرا باسیشی بکەم. دیارە بۆی نەکرابوو.

لە گەڕانەوەماندا بۆ دیوی ئالان خوا کردی و "حاجی چاوشین" پەیدا بوو. حاجی چاوشین بەناوبانگ بوو بۆ خێراڕۆیشتن. حاجی ڕێگەی دوو ڕۆژی بە ڕۆژێک دەبڕی. لە سەرکردایەتییەوە بە ناو خاکی ئێراندا گەڕابووەوە. بەداخەوە ئەمیش ساڵی "١٩٧٩" لەگەڵ شەهید سیروان تاڵەبانی شەهید بوو. ئیتر ڕووداوەکە چۆن بوو، لە نامەیەکدا بۆ مام جەلال و کاک نەوشیروانم نووسی. نامەکەم پێدا و بەڕێم کرد. ئەوانەی شەهید ببوون:

١- ئەحمەد فەتحوڵلا ئاغا جێگری هەرێم خەڵکی دڕێ بوو.
٢- محەمەدی حاجی عەلی "خەڵکی بەردەسپیان" لای سەراو.
٣- عوسمان عەریف مەجید لە ئەسڵدا خەڵکی شوان بوو.

٤- فەرەیدون حاجی ئیبراهیم ناسراو بە حاجی ئیبراهیم چاوشوشە. خەڵکی سلێمانی بوو.

٥- جەزا ناوێک.

٦- خانەی موعینی خەڵکی شاری مەهاباد بوو، براکانی لە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی ئێران بوون. دوو پێشمەرگەش بەدیل گیرابوون:

١- مستەفا حەمەعەلی دەمرکانی تازە هاتبووە دەرەوە، تەمەنی هەژدە ساڵی تێنەپەڕاندبوو. لەبەر ئەوە ئیعدامیان نەکرد، حوکمی هەتا هەتاییان دا، لە لێبوردنی گشتیی ساڵی ١٩٧٩دا بەربوو، جارێکی تر هاتەوە لای خۆم و بووەوە بە پێشمەرگە. کوڕێکی ئازا و وریا بوو.

٢- کوڕێکی عوسمان قامیشی بەدیل گیرا، ئەویش هەر لەبەر منداڵی لە سێدارە نەدرا و لە لێبوردنی گشتیدا بەربوو.

ئەمەی بەسەر پێشمەرگەکاندا هات کارەساتێکی یەکجار قورس بوو، خۆمان لەو سەردەمەدا چەند ئەوەندەیەک دەبووین. دوای ئەوەی حاجی چاوشینم بە نووسراو ڕەوانەی لای سەرکردایەتی کرد، پاش دوو سێ ڕۆژ حاجی هاتەوە و وەڵامی نامەکانی خۆمی بۆ هێنامەوە. من هەر لە "ئالان" چاوەڕوانم کرد تاکو هاتەوە. مام جەلال لە وەڵامدا سەرباری ئەوەی ئەم برا پێشمەرگانە شەهید بوون، سەرخۆشیی لێکردبووین و هەندێک ئامۆژگاریی کردبووین، لە نامەکاندا یەکێک لە خاڵەکان نووسیبووی بۆم، من جێگری ئامرهەرێم بم تاکو شێخ عەلی "خولە کەشکۆڵ" دێتەوە. ئەویش لەگەڵ برادەرانی تر لە شەڕی هەکاری لای قیادەی موەقەتە گیرابوو.

ئەوەی بەسەرمان هات و ئەوەی لە هەکاریش ئەو هەموو هەڤاڵانەمان شەهید بوون و گیران، لەو سەردەمەدا قورس بوو. نائومێدیەک باڵی هەم بەسەر پێشمەرگە و هەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا کێشا، بەتایبەت دوای هەکاری، چونکی لە هەکاری ئەوەی

کوژرابوو، کوژرابوو، باقیات گیرابوون، چەند کەسێک نەگیرابوون و هەڵاتبوون، پاش ماوەیەک گەیشتنەوە لامان. وەک جەمالی عەلی باپیر و محەمەدی حاجی مەحموود، کە ئێستا لێپرسراوی حیزبی سۆشیالیستی کوردستانە، چەند کەسێکی تر ڕزگاریان بووبوو و بە هەزار دەردیسەری گەیشتنەوە لامان. لەو سەرکردانەی لەوێ شەهید بووبوون: ١- عەلی عەسکەری ٢- دکتۆر خالید ٣- شێخ حسێن بابە شێخی یەزیدی، ئەوانەی گیرابوون ١- ملازم عومەر ٢- شێخ عەلی(خولە کەشکۆڵ) ٣- حامدی حاجی خالید ٤- ئازاد هەورامی ٥- عوسمان قادر منەوەر ٦- مەحموود ڕەشید (نەبەز) ٧- مامۆستا سەلام ٨- سەید کاکە ٩- تایەری عەلی والی. خەڵکی کە ئەم هەواڵانەیان دەبیست، وایاندەزانی شۆڕش نەماوە.

ئەوانەی لەگەڵمدا بوون، نزیکەی بیست پێشمەرگە بوون، یەکێکیان فەرماندەی دەستەکەم بوو بە ناوی "عادل سەید قادر". منیش دە پێشمەرگەم لەوانەی لای خۆم بۆ جیا کردەوە و وتم بڕۆرەوە بۆ شارباژێڕ، لەناو خەڵکی و دێهاتەکاندا بگەڕێن با خەڵکی بزانن پێشمەرگە ماوە و کاری باش بکەن.

وەڵامی نامەکانی مام جەلال زیاتر ورەی بەرز کردمەوە، کاری تازەشی بۆ دەستنیشان کردبووم، بڕوا و متمانەی زیاتریشی دامێ. منیش لە دیوی ئالانەوە گەڕامەوە بۆ میراوا. جارێکی تریش حاجی تۆفیق موختاری دێی میراوام بانگ کرد و ناردم بۆ ماوەت هەر بۆ تەرمەکەی خانەی موعینی، کە ئەمانەت بووە لامان، حکومەتی عێراق نازانی خەڵکی ئێرانە. خوا هەڵناگرێ جارێکی تر چووەوە، بەڵام نەیتوانیبوو. چونکی بە هەڵە تەرمەکانیان شاردبووەوە. ئیتر منیش بە ناچاری بەرەو کوڕەداوێ گەڕامەوە و لەوێشەوە بۆ "گردە زوبێر" و "وەراز" بۆ ئەوەی بپەڕیمەوە بۆ شارباژێڕی تەخت. پێش خۆشم عادل سەید قادرم نارد بووەوە. ئەم هاتوچۆیەش ئاسان نییە. بە ناو ئەم

هەموو کەمینانەدا قۆناغبەقۆناغ گەیشتمەوە لای "دۆلەتوو" و سەرکەوتم بۆ لای چایخانەکەی "قەیماسە".

رۆژی پێش ئەوە "رەفیقی حاجی عەبدوللا" کە پێشمەرگە بوو لام، پارەم دابویە و وتم تاکو من دێمەوە حەیوانێک بکڕن، هێلاکین، پێشمەرگەکان با گۆشت بخۆن. لە دوورەوە کەسێک بەرەو ڕوومان هات. کە نزیک بووەوە، ڕەفیقی حاجی عەبدوللا بوو. پاش سڵاو وتی دەزانی چی ڕووی داوە؟ وتم چی بووە؟ وتی کارەساتێکی زۆر ناخۆش ڕووی داوە، ئەو دەستەیەی کە من لەگەڵ "عادل سەید قادر" ناردوومەتەوە بە ناو خەڵکیدا بگەڕێن بۆ ئەوەی خەڵکی پێشمەرگە ببینێ، لە دێی عازەبان تووشی شەڕ بوون لەگەڵ دەستەکەی کاک وەهاب، کە ئەو کاتە کادێر بوو. کاک وەهاب شکی لێکردوون و وایزانیوە تەسلیم دەبنەوە. ئەمانیش هەمان شکیان هەبووە لەوان. پەلاماری یەکتری دەدەن و تەقە دروست دەبێ لە نێوان هەردوو لایاندا و کوڕێکی پێشمەرگەی چاک بە ناوی "بێباک" شەهید دەبێت. "بێباک" ئەندازیار بوو، خەڵکی خانەقین بوو. زۆرم خۆشەدەویست. لە بنەماڵەیەکی ناسراو بوون. عادل خۆی بریندار دەبێ، گوللەیەک بەر قۆڵی دەکەوێت و تووشی نەزیف دەبێ. کوڕێکی تر بە ناوی محەمەد هەڵەبجەیی بریندار دەبێ، کاک وەهابیش پاش ئەو ئیشە لەو ناوە دوور دەکەوێتەوە. نائومێدی و بێخاوەنی باڵ دەکێشێ بەسەر ناوچەکەدا. ئیتر کە ئەمەم بیست، کەوتمە سۆراغی کارەکە. لەولا هەکاری، لەولاوە شەهید ئەحمەد فەتحوڵلا و هاوڕێکانی، لەملاشەوە مەفرەزەکەی عادل و کاک وەهاب.

## هاتمەوە سەر ماڵی ویران

ئەم ڕووداوە زۆرزۆر بۆ من ناخۆش بوو، سۆراغم کردن و دۆزیمنەوە. کە هێنایانن، لە دارەمەیتدا بوون، عادل لەسەر شانی پێشمەرگەکان بوو. خەڵک هاوکاریی دەکردن، نەشدەکرا لە دێیەک بیانهێڵێتەوە لەبەر ئەوەی نەک دوژمن پێی بزانێ و بێت بیانبات. عادل خوێنی تێدا نەمابوو. نە دکتۆرمان هەیە و نە خەستەخانە، دکتۆرەکەیان خۆم بووم. دەمزانی دەرزی لێبدەم. کۆڵەپشتێک دەرمانم پێبوو، عادل و محەمەدیشم دەرمان کرد. پێشمەرگەیەک لەولاوە هەر بۆ گاڵتە وتی ئەگەر حکومەت بزانێ خۆشت دکتۆری، قیمەتت زیاد دەکات. بیرم کردەوە، جێگەمان نییە بۆیان. بارەگامان نییە، کەسیش نییە لە ترسی حکومەت بیانشارێتەوە. بە بیرمدا هات وتم بیانبەن و لای حکومەت تەسلیمیان بکەنەوە. بڵێن ویستومانە تەسلیم ببینەوە، "مستەفا چاوڕەش" هاتووەتە سەرمان. کە زانیویەتی تەسلیم دەبینەوە، وای لێکردووین، بۆ ئەوەی بڕواتان پێبکەن، کارەکەم خستە سەرخۆم. دوو چەکیشم دانێ تەسلیمی بکەنەوە بۆ ئەوەی بڕوایان پێبکەن، چەکێکی برنەو و کلاشینکۆفێکی خراپمان هەبوو، بەحرییان پێدەوت. هەردوو چەکەکەم دانێ. کەسوکاریش لەبەر دوو هۆ زۆر سوپاسیان کردم. یەکەم چەکم دانێ. دووەم ڕێگەم دان بیانبەنەوە، دایکیشی لەگەڵیا بوو، کەسوکاری کە ڕووداوەکەیان زانیبوو، هاتبوون بۆ لایان. ئەوان ڕۆیشتنەوە، کاری خۆیان چۆن جێبەجێ دەکەن کەیفی خۆیانە. ئیتر ئاگامان لەیەک نەما. لە ساڵانی دواتردا عادل بە نەخۆشیی دڵ وەفاتی کرد، ڕەحمەتی لێبێ.

پاش ئەوە ناردم بەدوای کاک وەهابدا و دۆزیمەوە، هات بۆ لام. کاک وەهاب شوکر ماوە. وتم کاکە کارێکی خراپتان کردووە، ناشکرێت لەبەر دۆخی ناسکی خۆمان لێرە بمێنیتەوە، بچۆ بۆ سەرکردایەتی. کاغەزێکم نووسی بۆ کاک نەوشیروان، کاک وەهابیش پێی باشبوو. ئیتر ڕۆیشت بۆ سەرکردایەتی. منیش چەند ڕۆژێ خەریکی گەڕان بووم بە

دێهاتەکاندا، هەم دۆخەکەمان ڕوون دەکردەوە بۆ خەڵکی کە لە نێوان خۆماندا بە هەڵە بووە، هەم خەریکی پەیداکردنی چەک بووین، لەو ماوەیشدا چەند جارێک چووینە شارەوە بۆ دەستوەشاندن لە حکومەت، خۆشم لەگەڵیان دەچووم.

### پەیوەندیی نێوان خۆمان و ڕێکخستنی ناوشار

پەیوەندییەکی باشمان دروست کرد. ناوبەناو لەسەر دۆخەکە و جوڵانی دوژمن زانیارییان بۆ دەناردین، بەتایبەت لەسەر جموجوڵی دوژمن و ئەوانەی هاوکاریی ڕژێم دەکەن. سوودمان لێوەردەگرتن، لە نێوان خۆمان و ناوشاردا کەسێکی ئەمینم دۆزیبووەوە، بڕوایان بە من هەبوو، ئێستاش ماوە، خەڵکی دێی "دۆڵەتوو" بوو بە ناوی "شێخ عەبدول"، ناوبەناو نامەم پێدا دەنارد، وەڵامی نامەکانی بۆ دەهێنامەوە. پیاوێکی دڵسۆز بوو. ڕۆژبەڕۆژیش خەڵکی زیاتر باوەڕمان پێدەکات و متمانەمان لایان زیاتر دەبێ و ئێمەش زۆر حورمەتمان دەگرتن.

### ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران

لەو سەردەمەدا وەزعمان بەرەو پێشەوە دەچوو. لە خەڵکی شار و لادێش دەهاتن بۆ لامان بۆ پێشمەرگایەتی. ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران دەستی پێکردبوو، وردەوردە شارەکانی دەگرتەوە، بۆ ئێمەش زۆر باش بوو. لەگەڵ کوردەکانی ئێران پەیوەندیمان هەبوو لە ڕێگەی "محەمەدی مەلا عەلی بێژوێ"وە. ڕۆژێکیان کاک محەمەد دوو برای کوردی ئێرانی هێنایە لامان بە ناوی ١- مامۆستا ئیبراهیم "ساعدی وەتەندۆست" ٢- دکتۆر جەعفەر شەفیعی "دکتۆر عەزیز" ناوی نهێنیی بوو. ئەم دوو برایە لە ڕێگەی کاک محەمەد مەلا عەلییەوە هاتن. کاک سەلاحەدین موهتەدی

که له بۆکان بوو، ناردبوونی، بۆ ئەوەی ڕەوانەی لای مام جەلایان بکەم.

له بەردەم دێی "بێژوێ" چریک و ژاندارم ڕێیان پێگرتبوون و دکتۆر جەعفەریان گرتبوو، مامۆستا ئیبراهیم خۆی شاردبووەوە، بەلام فێلیان کردبوو لێیان، کاک محەمەد مەلا عەلی وتبووی بۆ سەردانی ئێمە هاتوون بۆ بێژوێ، بەو شێوەیە ڕزگاری بووبوو. شەوێک دواکەوت، منیش که مامۆستا ئیبراهیم هات و له ئاوەکه پەڕاندیانەوە، زۆر ترسام. چونکی ماوەیەک پێش ئێستا "خانەی موعینی"یان ناردبوو، له (دڕی) تووشی ئەو کارەساتە بوون، ئەمانەش ئەمانەتن. مامۆستا ئیبراهیمم نارد بۆ پشتی "گرگاشه" شوێنێکی لێبوو و پێیان دەوت "بابەقەل"، لەوێ شاردمەوە. ماڵیان ئاوابێ خزمەتیان کردبوو و ڕێزیان گرتبوو. بۆ بەیانی دکتۆر جەعفەریان هێنا، منیش هەردووکیانم ئامادە کرد ڕەوانەی لای سەرکردایەتییان بکەم. ئەوەندەی لەبیرم مابێ، بارێک دەرمانیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. هەروەها مەبلەغێک پارە بۆ یارمەتیی شۆڕشی کورد. بۆ ئێمە زۆر بوو، وابزانم دە هەزار دیناری ئەو کاتە بوو. نەک دە هەزار دینار، دە دیناریش بۆ ئێمە زۆر بوو.

### ڕەوانەکردنیان بۆ لای سەرکردایەتی

مامۆستا غەفور ژاژڵەیی تازە هاتبووە دەرەوە، ئەویش دەچوو بۆ سەرکردایەتی. بە فرسەتم زانی و تەسلیمی دەستێکی ئەمینی وەک مامۆستا غەفورم کردن و ڕەوانەم کردن. سیممان بەست و بە شەو له ئاوەکه پەڕاندنمانەوە بۆ بەری ئێران. خۆیان بە سیمەکەدا هەڵواسی، منیش دڵم ڕەحەت بوو کە تووشی هیچ نەبوون. پاش ماوەیەک مامۆستا غەفور ژاژڵەیی له سەرکردایەتی هاتەوە. تەسلیم بە مام جەلالی

کردبوون. دکتۆر جەعفەریش لەوێ خەستەخانەیەکی بچوکی دانابوو، دەستی کردبوو بە دکتۆری و بە دکتۆر عەزیز دەناسرا. "جەعفەر شەفیعی"یش لەوێ بوو. دوایی لەگەڵ هەردووکیان بووین بە برادەر، خەڵکی زیرەک و تێکۆشەر بوون. لە سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ئێران بوون. ئێستاش مامۆستا ئیبراهیم بەردەوامە لە خەبات، بەداخەوە دکتۆر جەعفەر لە رووداوی ئۆتۆمبێلدا شەهید بوو و گیانی لەدەست دا.

لەگەڵ مامۆستا غەفور پێکەوە بووین، زۆر منی خۆشدەویست و جارجارەش جودا دەبووینەوە و ناوبەناو یەکمان دەگرتەوە. بەداخەوە تەمەنی مامۆستا غەفور زۆری نەخایاند لەناو شۆڕشدا، بە هۆی خیانەتی کەسێک کە پێشمەرگە بوو لەگەڵیدا و خزمی بوو، لە خەودا لای باڵخ شەهیدی کرد و تەسلیم بووەوە، ئەمە زۆر ناخۆش بوو بۆمان. ئەوەی شەهیدی کرد، ناوی ساڵح بوو. کادیرێکی باشی خاوەن ئەزموون لە شۆڕشی ئەیلوولدا بەدەستی نامەرد و خیانەتکار شەهید بکرێ. من ئومێدی زۆرم پێی بوو، پێویستمان پێی بوو. خۆشی خەڵکی سنووری ماوەت بوو، کادیرێکی بزووتنەوە بوو. دوای شەهیدکردنی مامۆستا غەفور ماوەی هەفتەیەکی نەبرد، خیانەتکارەکە لە شاری سلێمانی کوژرایەوە. ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ ئەوەی کەس نەوێرێ دەستی بچێتە خوێنی هەڤاڵەکانی و لە پێناوی پارەوپولدا خیانەت بکات و بزانێ دەکوژرێتەوە. ئەوەی کوشتیەوە، دەستی خۆش بێ.

ەو سەردەمەدا وام لێهات دێهاتەکان هەموویان دەیانناسیم. خۆشم کارێکی وام کرد، هەموو شارباژێڕ و سیوەیل و بەرزنجە و سنوورەکە وەک پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بمناسن. پەیوەندییەکی زۆر باشم لەگەڵ دێهاتەکاندا دروست کرد. خوا هەڵناگرێ خەڵکی لە ئێمە دڵسۆزتر بوون، پشتیوانی شۆڕش بوون، هەموو شتێکیان بۆ دەکردین، دەیانحەواندینەوە، نانیان دەداینێ، جلیان بۆ دەشتین، دەنگوباسی دوژمنیان بۆ دەهێناین. لەم سەروبەندەدا ناوبەناو خۆم لەگەڵ مەفرەزەکان هاتوچۆی ناوشارم دەکرد و دەستمان لە دوژمن دەوەشاند.

**هاتنەوەی کاک نەبەز و کاک عوسمان قادر منەوەر**

**پاش بەربوونیان لای قیادەی موەقەتە**

ڕۆژێکیان لە دێیەک بووین. جوابیان هێنا و وتیان دوو برادەر هاتوونەتەوە "عوسمان قادر منەوەر و مەحموود ڕەشید (نەبەز)". من چووم بە پیریانەوە، تووشی ئەزیەتێکی زۆر بوون لە گرتن لای قیادەی موەقەتە. پاش ئەملاوئەولای یەکتر ماچکردن و پشوودانێک، نامەیەکی کاک نەوشیروانیان دامێ، کە بۆ منی نووسیبوو. پاش سڵاو و هەواڵپرسی، نووسیبووی وا ئەو برایانەی خۆت ڕزگاریان بووە و هاتنەوە. خۆشت دەزانی چەند برادەرن، هیوادارم مەفرەزەیان بۆ دروست بکەیتەوە. لەڕاستیدا هەر زۆرزۆرم پێخۆش بوو، هەم بۆ ڕزگاربوونیان، هەم بۆ منیش باشە کە دوو هاوڕێی باش و ماندوو و خاوەن شارەزایی باش پێکەوە کارەکان بکەین. خۆ ئەوان هیچ تاوانێکیان نەبووە کە تووشی ئەو ڕووداوە بوون. بێجگە لەوەش، لە پێش منەوە لە پێشمەرگەکانی ساڵی ١٩٧٦ بوون کە هاتوونەتە دەرەوە. کە ڕۆیشتبوون، وەک من دەستەیەک پێشمەرگەیان هەبووە، هەردووکیان غەریب نەبوون بۆ من و تازە یەکترمان نەناسیوە. لە شۆڕشی ئەیلوولیش پێکەوە پێشمەرگە بووین. حەقی خۆیان بوو درێغی نەکەم. کە ئەوان هاتنەوە، نزیکەی سی پێشمەرگە زیاتر دەبووین. منیش دابەشم کرد بەسەر هەرسێکماندا، هەریەکەمان دە پێشمەرگەمان لەگەڵ بێت، خۆ ناکرێ هەر پێکەوە بین. لە ڕووی کاری پارتیزانیشەوە باش نییە. بۆ ئەوەی دابەش بین بەسەر ناوچەکاندا، پاش چەند ڕۆژێ پێکەوەبوون بڵاوەمان لێکرد و ناوبەناو یەکمان دەگرتەوە.

ئەگەر شەوێک لە دێیەک بمایناینەتەوە، بەیانییەکەی چوار پێنج سەعات زیاتر دوور دەکەوتینەوە لەو دێیەی لێی بووین بۆ ئەوەی دوژمن جێگە پێمان هەڵنەگرێ، نیوەڕوانیش هەمیشە لە جوولاندا بووین. ئەمە پیشەمان بوو. چەکی دەستیشمان تەنها کلاشینکۆف و برنەو بوو،

که بەشی هەموومانی نەدەکرد. فیشەک هەر ئەوانەمان پەیدا دەکردەوە، کە لە شۆڕشی ئەیلوول لەم لادێ و ئەو لادێ شاردرابووەوە. سەرچاوەیەک نەبوو یان کەسێک نەبوو لەم دوورەدەستییەماندا هاوکاریمان بکات. بێجگە لەوەی لە مانگێکدا چەندین جار دەچووینە ناوشار بۆ دەستوەشاندن لە دوژمن، ئەمەش بۆ هەست و ڕۆحییەتی خەڵکی لەناوشاردا باش بوو.

دوو پێشمەرگەی خەڵکی سلێمانی لە لای مام جەلال پێشمەرگە بوون. حەزیان لێبوو بێنەوە بۆ سلێمانی. نووسراویان بۆ کردبوون و هاتنەوە بۆ لای من. یەکێکیان ئاوات عومەر عەلی ئەمین بوو، کە باوکی خزممان بوو، خوێندکار بوو و وازی هێنابوو، ئەویتریان ناوی هێمن "قەیسەر" بوو. لاو بوون، ئێتر ئەوانیشمان لەگەڵ خۆمان ڕێک خست. بەداخەوە ئاوات پاش ماوەیەک لە کاتی جەولەکردندا لە دێی هونەرێنە گیرا، دوژمن لە بەرزنجەوە هێرشیان بۆ کردبوون، دوایی لە موسڵ لە سێدارە درا.

بابا تاهیریش لە سلێمانی هاتبووە دەرەوە. ئێمەیش لەگەڵ ناوشار و ڕێکخستن کارەکانمان ڕێک خستبوو، ناوبەناو خەڵکی ڕێکخستنیان نەدەدۆزییەوە. بۆ ئەوەی تووشی مەترسیی گرتن نەبن، زۆرجار لەگەڵ خۆمان تەماسیان دەبەست و بە زانیاری هاوکارییان دەکردین.

لەگەڵ کاک عوسمان قادر منەوەر (لەم ساڵانەی دواییدا وازی لە یەکێتی هێنابوو و بووبوو بە پارتی. بەداخەوە ساڵی "١٩٩٤" لە شەڕی ناوخۆدا شەهید بوو) وا ڕێک کەوتین هەر چوارمان بچینە شارەوە، برادەرێکمان هەبوو لە ناوشار بە ناوی "ڕەفیقی قادر نەمەڵی"، بە تاکەکەسی ئەمبینی. هاتبوو بۆ لام، ئێستا ماوە و لە دەرەوەی وڵاتە. پێم وتبوو بزانێت ئاخۆ خەڵکی بێگانە لە ناوشاردا هەیە؟ بۆ ئەوەی بیانرفێنین و دەنگ بداتەوە، خەڵکی و ئەوروپا بزانن لە کوردستان شۆڕش هەیە.

پاش ماوەیەک وەڵامی داینەوە و نووسیبووی چەند ئەڵەمانییەک هەیە و ماڵەکەیان لە تووی مەلیکە لای ماڵەکانی مامۆستاکانی زانکۆوە، وتمان زۆر باشە. من و کاک عوسمان لەگەڵ بابا تاهیر و ئاوات عومەر عەلی ئەمین ڕێک کەوتین (بەداخەوە بابا تاهیریش لە شەڕی ناوخۆدا لای شەقڵاوە شەهید بوو). هەرچوارمان ملی ڕێگەمان گرت و بە شەو خۆمان کرد بە ناو سلێمانیدا. شەوی یەکەم من و عوسمان چووینە ماڵی خوشکێکم، ماڵەکەیان لە خانووەکەی ئێستگەی نەقڵ بوو، پشتی "دارالطلبە" لە خوار خانووە قوڕەکان. ماڵی (عوسمان حاجی عەلی) زاوام بوو. ڕۆژ بووەوە، ئەوەندەی پێویست بوو، کەسوکار هاتن بۆ لامان. ئەکرەمی پوورم هات، ماوەی ساڵێک دەبوو ژنی هێنا بوو، "سەنگەر"ی کوڕی خستە باوەشمەوە، وتی کوڕەکەم جوانە؟ وتم لە خۆت دەچێ. لێرەدا ئەکرەم بە چەند دێڕێک باس ناکرێ. ئەکرەم یەکێتی نەبوو و بڕوای پێی نەبوو. لەسەر ئەوەی نامەیەکی بۆ من نووسی و بە هۆی خەڵکی خائینەوە دەست دوژمن کەوت، لەسەر ئەو نامەیە و ڕابوردووشی قینیان لێی بوو.

ئەو ڕۆژەی لە ماڵی خوشکم بووین، بۆ شەوێ لەگەڵ باباتاهیر و ئاوات یەکمان گرتەوە. کە چووین بۆ لایان، من و عوسمان لەسەر شەقامی ئیبراهیم پاشا دەستمان لە تاکسییەک ڕاگرت، دیار بوو ئێمەی ناسی، ناسیاو دەرچوو، عوسمانی باشتر دەناسی. وتی کاکە گیان ئەوە سویچی تاکسیەکەم، بە خوا وا خەریکە دڵم دەوەستێ، ناوێرم لەگەڵتان بێم. ئەو ڕۆیشت و تاکسییەکی ترمان ڕاگرت. چووین بۆ لای ڕەفیقی قالە نەمەڵی. کە بینیمان، وتی ئەڵەمانییەکان لەوێ نەماون. وتمان ئەی باشە ئێمە بەم هەموو شاخ و ناڕەحەتی و ترس و خۆشاردنەوەیە هاتووین بۆ ناوشار، با شتێک بکەین ئینجا بگەڕێینەوە دەرەوە. لەبەر یانەی سلێمانی لەسەر شەقامەکە، خوار فلکەی ئاسکەکانی کانێسکان لەگەڵ باباتاهیر و ئاواتدا یەکمان گرتەوە. هەرچوارمان سواری

تاکسییەک بووین و بە شەقامی مەولەویدا بەرەو بەر دەرگای سەرا و لەوێشەوە بۆ جادەی سابوونکەران ڕۆیشتین، لەوێ چالاکییەکی سەرکەوتوومان جێبەجێ کرد. ئیتر بە گەڕەکی قەزازەکاندا چووینە خوارەوە، لای مزگەوتی هەمزە ئاغا، تۆزێک لە جێگەی چالاکییەکە دوورکەوتبووینەوە، تەقەیەکی زۆر کرابوو، خەڵکی هاتبوونە بەردەرگا بۆ ئەوەی بزانن چی ڕووی داوە، ئێمەش تێکەڵی خەڵکەکە بووین. گەنجێک ڕای دەکرد و پێڵاوێکی پاژنە بەرزی لە پێدا بوو، وتم کاکە ئەوە بۆچی ڕادەکەی، چی بووە؟ وتی کاکە ئەمە دۆخی شارەکەمانە، منیش وتم هیچ مەترسە، خائنێک کوژراوە، دەمانچەکەم دەرهێنا و نیشانم دا. کە ئەمەی دی، لە شەقەی باڵی دا و لە جاران خێراتر ڕای کرد، من ویستم ڕوحییەتی بەرز بکەمەوە، لە جێگەی کارەکە دوورکەوتبووینەوە، ئیتر هاتینەوە بۆ شارباژێر.

لە گەڕانەوەماندا لای دێی "وەڵلانە" کوڕێک پێشمەرگە بوو لای "عوسمان قادر منەوەر"، ناوی "سوارە سیوەیلی" بوو، وتی دەڕۆمەوە، بە دزییەوە داوای لە عوسمان کرد دەمانچەکەی بداتێ تاکو دێتەوە، ئەویش دەمانچەکەی دایە. دەمانچەکەش لە ڕاستیدا هی کاک بەکری حاجی سەفەر بوو، عوسمان بە موەقەت وەریگرتبوو، دای بە سوارە. ئەو کاتە چەک هەر زۆر کەم بوو. بە حساب سوارە ڕابەری سیاسی بوو لە مەفرەزەکەی عوسمان و کۆمەڵە بوو. کە ڕۆیشت، هەر نەهاتەوە، دوایی لە ناوشارەوە هەواڵیان بۆ ناردین وتیان سوارە تەسلیم بووەتەوە. عوسمان زۆری پێناخۆش بوو و تووڕە بوو. قسەی زۆر خۆش بوو، هەموو ڕەفیقەکان دەزانن، سلێمانی وتەنی کوڕی شار و کوڕی کۆن بوو. عوسمان وتی "وامدەزانی ئەم سەگبابە خوشکەزای مارکسە. خۆم لە پەنایا مەلاس دابوو بۆ ئەوەی کەس ڕەخنەم لێنەگرێ، کەچی ئەو پیاوە دەرچوو".

به حوکمی ئەوەی زۆربەی کاتەکان لەگەڵ عوسمان و نەبەز پێکەوە بووین، بڵاو دەبووینەوە و یەکمان دەگرتەوە. پاش ماوەیەک کاک نەوشیروان نامەیەکی نووسیبوو بۆم و دەڵێت هەرسێکتان لیژنەی هەرێم بن. ئەو کاتە ئامرهەرێمی ٣ی شارباژێڕ بووم هەر خۆم سەرپەرشتیم دەکرد. منیش بیرم کردەوە چی ڕەنجێکی بێشومارم داوە و کێشاوە. من لای خۆمەوە زۆر ڕێزم لە نامەکەی کاک نەوشیروان گرت، بەڵام عەقڵم لیژنەی نەدەبڕی. لیژنە بۆ هەموو شتێک دەبێ، بەڵام بۆ کاری پێشمەرگایەتی نابێ، بەتایبەتی لە دۆخێکی وەک ئێمەدا کە شەڕی پارتیزانی دەکەین. چونکی دەبێ یەک کەس بڕیار بدات. لیژنە بۆ ڕاوێژکردنە لەسەر مەسەلەیەک، پاش ماوەیەک پێکەوە بووین، من نامەیەکم بۆ کاک نەوشیروان نووسی و وتم من لیژنەم پێ باش نییە. ئەگەر جەنابتان لەم سێ کەسەمان هەر کامێکمانت پێ باشترە، من ڕازی دەبم و مۆری هەرێم تەسلیمی ئەو دەکەم. لە وەڵامدا هەر خۆمیان دانایەوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ دژی یەکتر بووین، ئێستا و ئەوساش وەک برا وابووین، بەداخەوە شەڕی ناوخۆ لەیەکی کردین. هەر لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨ و سەرەتاکانی ١٩٧٩دا بوو لە ئێران جوڵانەوە دروست بوو.

**سەرهەڵدانی جوڵانەوەی ئێران**

لەو سەردەمەدا جارێکیان لەگەڵ "محەمەدی مەلا عەلی بێژوێ" بە دزییەوە بە ناو خاکی ئێراندا لەسەر سنوورەوە سەردانی سەرکردایەتیمان کرد. چوومە لای مام جەلال و کاک نەوشیروان و باقیی برایانی تر. لە نێوزەنگ تازە خەریکی ژوور دروستکردن بوون. مام جەلال لەگەڵ دکتۆر مەحموود عوسمان پێکەوە ژوورێکی بچوکیان

هەبوو، ئاودزی کردبوو، تەختەیان لەسەر دانابوو، ئاو بە ژێریاندا دەڕۆیشت، زستانیش بوو. هەواڵی کارەکانمان و دۆخی ناوچەکەیان لێپرسیم و وەڵامم دانەوە. خەڵکی ئێرانی دژی ڕژێمی شا هەستابوون، کوردستانیش لەم ڕاپەڕینەدا بەشدار بوو. بۆ ئێمە زۆر باش بوو، ویستم بڕۆمەوە، مام جەلال نامەیەکی دامێ بۆ کاک "سەلاحەدین موهتەدی" کە لە بۆکان دادەنیشت. لەگەڵ کاک محەمەد مەلا عەلی گەڕامەوە، چووم بۆ بانە و لەوێشەوە بۆ بۆکان. کە چووم لە سەقز بوو، لە ڕێگەی دۆست و هاوڕێکانمەوە چووم بۆ سەقز، ئەو ڕۆژە چلەی شەهید "محەمەد حسێن کەریمی" بوو، کە یەکێک لە لێپرسراوانی کۆمەڵەی ئێران بوو. کۆمەڵە ئەو کاتە ناوی خۆیان نەنابوو، بڵاوکراوەیان بڵاو دەکردەوە، ناوی کۆمەڵەی لەسەر نەبوو. کە چوومە سەقز، پاش ئەوەی لە ڕێگەی هەندێک هاوڕێی بانەییمەوە ئەمویست کاک سەلاحم بۆ بدۆزنەوە، ئۆتۆمبێلێکی "پەیکان" هات چەند کەسێکی تێدا بوو، لەگەڵیان سوار بووم. من کاک سەلاحم نەبینیبوو و نەمدەناسی، کەسێکی کورتەباڵام بینی، جلی کوردیی لەبەردا بوو، شەدەیەکی گوڵداری بە سەرەوە بوو، وتم من هاتووم کاک سەلاحم دەوێ، وتی من ئەوم. نامەکەم دایە و چووینە جێگەیەک، وەڵامەکەی بۆ نووسیمەوە. من گەڕامەوە بۆ بانە. یادیان بەخێر بێت یەکێکیان کاک جەلیل حەمە مەلا بوو. دوای ئەم ساڵانە بە نەخۆشیی دڵ وەفاتی کرد، دوو برای لە زەمانی (شا)دا شەهید بوون. یەکێکی تریان کاک غەفور هەمزەیی بوو، ئەویش ئەو کاتە لە حیزبدا نەبوو، پاشان بووبوو بە ئەندامی کۆمیتە مەرکەزیی حیزبی دیموکرات و نوێنەریان بوو لە بەغدا، کەسێکی دڵسۆز و باش بوو، بەداخەوە ڕژێمی بەغدا شەهیدیان کرد. کاک غەفور لە بانە مامۆستا بوو، شەوێک لایان مامەوە. لە ڕێگەی بلەکێوە گەڕامەوە بۆ شارباژێڕ.

دۆخی ئێران ڕۆژبەڕۆژ گەورەتر دەبوو، خەڵکی دژی ڕژێمی شا هەڵسابوون و شارەکانی کوردستانیان گرتبووەوە. مام جەلال نامەیەکی بۆ نووسیبووم دەربارەی جوڵانەوەی ئێران، نووسیبووی لە هەر کاتوساتێکدا کوردەکانی ئێران پێویستیان پێتان هەبوو، خۆتان بە پێشمەرگەی ئەوان بزانن و لە خزمەتیاندا بن. ئێمەش ئەو ماوەیە جارجار دەکەوتینە سەر سنوورەکان. ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵمان بوون، خوا لێیان خۆش بێت حەمە ئەمین ئاغای بارێ و عەلی چوارتایی بوون. دووجار لەسەر داوای خوالێخۆشبوو "شێخ جەلال حسێنی"ی بانە کە لەوێ وەک ڕابەرێک سەرپەرشتی شاری بانە و دەوروبەری دەکرد، بە هێزەوە چووینە شاری بانە بۆ پشتیوانیی خەڵکی، کە دژی ڕژێمی (شا) کۆدەبوونەوە. لە سەرقەبرانی سلیمان بەگ قسەمان بۆ خەڵکی دەکرد، کە ئێمە پشتوپەنای ئێوەین، یەکێتیی نیشتمانی بە هی خۆتان بزانن. ئەم دۆخەش چەندجار دووبارە بووەوە تاکو شا هەڵات. ئێمەش درێغیمان نەکرد لە پشتیوانیکردنیان.

### چوونە ناو شاری سەردەشتەوە

من لە ناوچەی ئالان بووم، هێشتا بەشێکی ساواک و پادگان لە سەردەشت مابوو، سەربازی تێدا بوو. ئێوارەیەک بەو هێزەی لەگەڵمدا بوو، خۆم کرد بە شاری سەردەشتدا. لای خەڵکی شتێکی سەیر بوو. بە حوکمی ئەوەی پاش نەکسەی شۆڕشی ئەیلوول هەر لە سەردەشت مامەوە و کەسوکاری باوکم هەموویان هەر لە سەردەشتن و باوکم خەڵکی سەردەشت بوو، هەموویان دەیانناسیم و بڕوایان پێم هەبوو. قەبری باپیریشم لە سەردەشتە.

لام وابێت لەو سەردەمەدا یەکەمجار بوو خەڵکی شار لە ناوشاردا پێشمەرگە ببینن و (ئاربیجی)ی بە شانەوە بێ. دەماودەمی ئێوارە بوو، دەیان خەڵکمان لێکۆبوونەوە، بەرنەدەکەوتین بۆ ماڵان، ترس لە ڕژێمی شا نەمابوو، هەستی کوردایەتیش لای هەموویان هەبوو. دەستمان بە دەستی دەیان کەسەوە بوو، لە خۆشەویستیی پێشمەرگە و خەبات، ئێمەش چلکن. حەمامێکی نمرە هەبوو، گرتم بۆ پێشمەرگەکان. حەراسەتێکی باشم دەرکرد، هەموو خۆیان پاکوخاوێن کردەوە. ئەو شەوەمان لە شاری سەردەشت ڕۆژ کردەوە، من سەردانی خزمەکانم کرد و لە ماڵی "حاجی ئەحمەدی ڕەحیمی"ی ئامۆزای باوکم خزمانم لێکۆبوونەوە، زووتریش هەر لەو ماڵە بووم کە لە ئێران بووم، وەک کوڕی ماڵەکە وابووم.

مام جەلال کە زانیبووی، نامەیەکی پەلەیان نووسی بۆم، دەڵێن تۆ بۆچی چوویتە شارەوە. دەبێ بە گەیشتنی نامە شار چۆڵ بکەی، بچۆرەوە بۆ شارباژێڕ. منیش جێبەجێم کرد، ڕاستیان دەکرد، من بێپرس ئەو کارەم کردبوو.

خەڵکی سەردەشت ئۆتۆمبێلیان بۆ پەیدا کردین، بەرەو دێی ماراغانی و دەرماناوا و دێهاتەکانی تر بەڕێیان کردین. لە ڕێگەیش دێیەدێ کە پێیدا تێپەڕمان دەکرد، کۆبوونەوەم پێدەکردن، کە دەبێ هەموو خەڵکی ڕاپەڕێت بۆ بەشداری لە شۆڕشی ئێراندا، دەبێ بۆ ڕووخاندنی شا خەبات بکەن. خەڵکەکان خۆیان شاهیدن، من لە کۆبوونەوەکان دەموت شا سەگی ئیمپریالیزمە، دەبێ دژی خەبات بکەین. خەڵکی دەرماناوا، بێژوێ، دولکان، ڕەشەکان، بێتوش خۆیان شاهیدی ئەو ڕۆژگارانەن، هەتا چەند کەسێکم گرت و لەگەڵ خۆم بردمن وەک موختار، وتیان پیاوی دەوڵەتن، پاش ئەوەی خەڵکی داوایان لێکردم، ئازادم کردن. ئەمەش هەستێکی گەورە و نەتەوایەتیی دروست کرد کە پێشمەرگە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پشتیوانیانە. هەر پێش ڕاپەڕینیش

پەیوەندیم هەبوو لەگەڵ هەندێک خەڵکی تێکۆشەری شاری سەردەشت. دکتۆر عەلی ڕەحیمی و براکانی ئامۆزام بوون، محەمەد حەسەن پور کە ئەوسا و ئێستاش لە حیزبی دیموکراتدا بوو لە دائیرەی پۆست کاری دەکرد. محەمەد مەلا عەلی بیژوی، کە دۆستی مام جەلالیش بوو، مامۆستا محەمەدی مەحموودیان مامۆستا بوو لە ئالان لە دێی "سنجوی"، لێمان نزیک بوو لەسەر سنوور، خزممان بوو، لە ڕێگەی ئەوانیشەوە بۆ زۆری تر. لەو سەردەمەدا کە ڕاپەڕینی ئێران دەستی پێکرد، چەند دەمانچەیەکم بۆ دۆستەکان لە شاری سەردەشت نارد. ئەو کاتە خەنجەریش نەبوو. ترس و سامی شا نەمابوو، هێشتا شەهید دکتۆر قاسملو و برادەرانیان لە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا بوون و نەگەڕابوونەوە بۆ کوردستان.

حەقی خۆیەتی لێرەدا باسی بکەم لە ناوچەی سیوەیلیش حەمە ئەمین ئاغای باری تازە هاتبووەوە دەرەوە. خزم و کەسوکار و کوڕەکانی لەگەڵدا بوون، بەڕاستی پشتوپەنای باش بوو بۆمان. خۆشی پیاوێکی تێکۆشەری ناسراوی ناوچەکە بوو، دۆستی مام جەلال بوو، لە ڕابردووشدا لەگەڵیدا بووە، ئەمەش بۆ ئێمە زۆر باش بوو، بەداخەوە لە کاتی واجبدا لە لای بانە سەیارەکەیان وەرگەڕا و شەهید بوو، بەڕاستی خەسارەتێکی گەورە بوو کە لەو کاتەدا لێمان کەوت، زۆر پێویستیمان پێی بوو.

**جیابوونەوەی بزووتنەوە بە سەرکردایەتیی هەڤاڵ ڕەسوڵ مامەند**

یەکێتیی نیشتمانی لە چەند باڵێک پێک هاتبوو، (کۆمەڵە، بزووتنەوە، خەتی گشتی) لە دروستبوونی یەکێتییەوە لەگەڵ هەموو کارە باشەکان و پێکەوەئیشکردن، کێشمەکێش هەر هەبوو. پاش گەڕانەوەی هەموومان سەرکردایەتی لەسەر سنوور گەڕایەوە، لە سێ سێکوچکەی تورکیاوە بارەگای سەرکردایەتی لە دۆڵەکۆکە و دوایی دۆڵەنێ و دواتریش لە نێوزەنگ بوو. ئەو کاتەش دکتۆر مەحموود و شەمسەدین موفتی هاتبوونەوە. ڕۆژانە کێشە دروست دەبوو. هیلاکی و نەبوونی و هەژاریی پێشمەرگە دیار بوو. برادەرانی بزووتنەوە "کاک ڕەسوڵ مامەند و دکتۆر مەحمود عوسمان و هەڤاڵەکانیان" بارەگاکانیان بردە ئەوبەری شێنێ بۆ دۆڵەتوو و گۆڕەشێر. ئەو بەڕێزانە سەرکردایەتییان دەکردن، کەمیش نەبوون. ئەوانەی لەبیرم بن (ڕەسوڵ مامەند، دکتۆر مەحموود، حاجی حاجی ئیبراهیم، سەید کاکە، قادر جەباری، هەندێکی تر بوون). ئەمەش دەنگی دایەوە و بەیانیان دەرکرد، جیابوونەوەی خۆیان ئاشکرا کرد. بۆ ئەم کارەش هەردوو لا هەوڵ دەدات زۆرترین پێشمەرگە و زۆرترین کادیرە دیارەکان لەگەڵ خۆیان ببەن. لە هەرێمەکانیش بەهەمان شێوە بوو، لە هەرێمی ٣ی شارباژێر عوسمان قادر منەوەر بزووتنەوە بوو، لە هەرێمی ٣ بە حوکمی پەیوەندیی باشمان کادێر و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بوون، ئەم ڕووداوەش هاتووەتە پێشەوە، ئەوەی ڕاستی بێت من ویستم هەرێمەکەمان کێشەی تێنەکەوێت. ڕەسوڵ مامەند و هەڤاڵەکانیان جوابیان بۆ عوسمانیش ناردبوو دەوری خۆی ببینێت و هێز جیا بکاتەوە. چۆن دەڵێت دەماری یەکترمان دەناسی، حەزی لەناو ئێران بوو، شاش ڕووخا بوو، هاتوچۆ بە ناو ئێراندا ئاسان بوو. چەند جارێک ئەم جیابوونەوەیەی دا بە گوێمدا. منیش خەڵکم دانابوو بەسەریەوە بزانم چی دەکات و چی ناکات، بە خەیاڵمدا هات و وتم کاک عوسمان بۆچی من و تۆ نەچین بۆ لای

هەڤالان لە نێوزەنگ، بەڵکو دەورمان هەبێ و ئەم جیابوونەوەیە ڕوو نەدات؟ خۆی ڕووشی دابوو. وتی زۆر باشە. هەردووکمان سەرو دەمانچەمان لەگەڵ خۆمان برد، بەرەو بانە کەوتینە ڕێ. شەوێ لە بانە لە ماڵی چەند هاوڕێیەکمان ماینەوە. بەیانی سواری سەیارە بووین بەرەو سەردەشت، بۆ ڕێگەی نێوزەنگ دەبوایە بچوینایەتەوە سەردەشت. گەیشتینە سەردەشت. لە گەراج دابەزیین، لای گەراج ڕێکەوت وابوو زۆربەی سەرکردایەتیی بزووتنەوەمان تووش بوون، لەسەر جادە ڕووبەڕوومان هاتن، سڵاومان لەیەک کرد و ئەملاوئەولای یەکترمان ماچ کرد، من تۆزێکیش ناساغ بووم، وتم من دەچم بۆ ماڵی دکتۆر عەلی ڕەحیمی. عوسمان لەگەڵ ئەوان ڕۆیشت، کورد وتەنی زانیم (ڕیسەکەم دەبێتەوە بەخوری). پاش پشوودانێک پاڵ کەوتبووم. کاتێکم زانی وتیان میوانت هات، کە هاتنە سەرەوە، هەموو ئەو برادەرانە بوون، کە لەسەر جادە بینیمانن، کاک ڕەسوڵ و باقیی هەڤالان لەگەڵ عوسمان هاتن بۆ ماڵەوە. پاش بەخێرهێنان قسەمان لەسەر ئەو دۆخە کرد، کە لەناو یەکێتیدا ڕووی دابوو. دیار بوو ئەوان دەیانزانی کە من لە سەرکردایەتیی کۆمەڵەم. پاش قسەکان ڕۆیشتن، وتم کاک عوسمان با بچین بۆ نێوزەنگ بۆ لای مام جەلال و کاک نەوشیروان، وتی من بۆچی بێم؟ برادەرانی خۆمانم بینیووە و من نایەم، ئیتر بەرنامەکەی منیش تێکچوو. بۆچی هاتووین و چۆن گۆڕا. ناکرێ منیش عوسمان بەجێ بهێڵم، بگەڕێتەوە بۆ شارباژێڕ و پێشمەرگەکان لەگەڵ خۆی ببات. هەر لە ماڵەوە نامەیەکم نووسی بۆ کاک نەوشیروان، مەسەلەکەم بۆ باس کرد. نووسیبووم لە سەردەشتەوە دەگەڕێمەوە بۆ شارباژێڕ لەبەر ئەو شتەی هاتووەتە پێشەوە.

## گەڕانەوەمان بۆ شارباژێڕ لە سەردەشتەوە

چۆن هاتبووین، هەرواش گەڕاینەوە. چووینە دێی بلەکێ لە سەرسنوور لە ناوچەی بانە. کە چووینە ئەوێ، بینیمان برادەرانی بزووتنەوە لە زۆر جێگەوە کۆبووبوونەوە و بارەگایان دانابوو، گومرگیان دانابوو، بەداخەوە ئەو کاتە ئەوانەی لەوێ بوون، زۆریان شەهید بوون، ڕەحمەتیان لێبێت. (جەلال حاجی حسێن) بزووتنەوە نەبوو، "کاژیک" بوو، ملازم ئەنوەری مەجید سوڵتان، عوسمان لەگەڵ خۆم گەڕابووەوە، جەمالی حەلاو، لە شۆڕشی ئەیلوولیش لای خۆم بوو و پێکەوە بووین، نەجم هونەرێنی و هی تریش، داوایان لێکردم دانیشتنیان لەگەڵ بکەم و قسە بکەین، منیش خۆم فەقیر کردەوە. هەر بە تەنها بووم، وتم زۆر باشە، بەڵام هەموو شتەکان دیار بوون و دەمزانی.

١- وتیان با گومرگی هاوبەش دابنێین. وتم من پەیوەندیم بە گومرگەوە نییە، پەیوەندیی بە لقی حیزبییەوە هەیە، کە کاک بەکری حاجی سەفەرە، دەتوانن لەگەڵ ئەو قسە بکەن، من ناتوانم و ئیشی سەربازی دەکەم.

٢- وتیان با بگەڕێینەوە کۆبوونەوە بەهێزەکە دەکەین، کێ دێت بۆ لای بزووتنەوە بەخێر بێت، کێش دەچێت بۆ لای کۆمەڵە، بەخێر بچێت. وتم زۆر باشە. مەبەستم ئەوە بوو بە نەرمی لەگەڵیان بدوێم تاکو دەگەینەوە لای شارباژێڕ. هەرچییان وت، بێدەڵیم نەکردن. لە پێش ئەم جیابوونەوەیەدا چەند کلاشینکۆفێکیان بۆ ناردبووین، من هەرە باشەکەیانم دا بە "جەمالی حەلاو"، لەبەر دوو هۆ، لە شۆڕشی ئەیلوول لەگەڵ خۆم بوو، دووەم کوڕی شەهید بوو. کەچی لەو قەرەباڵغییەدا چووبووە لای ئەوان، منیش هەر لە کۆبوونەوەکەدا داوای چەکەکەم کردەوە، کردیانم بە کێوا، وتیان چەک بۆ پێشمەرگەیە. فەرقی چییە و لەم جۆرە قسانە، منیش وتم کە وایە با ڕێک بکەوین بۆ داهاتوو. ئەگەر

هەر کەسێکی ئێوەش هات بە چەکەوە، داوای مەکەنەوە. وتیان زۆر باشە. هەندێ وردەشتی تریشمان باس کرد. دواتر من و عوسمان بە شاخی 'سوورکێو'دا سەرکەوتین، منیش بەرنامەی خۆم هەبوو بۆ ئەم جیابوونەوەیە. دەمویست دەستم بگاتە وەهاب و شۆڕش ئیسماعیل. هەردووکیان کادێر بوون، تازە کەرتێکمان بۆ وەهاب کردبووەوە، لەو ماوەیەدا وەهاب هاتبووەوە، نزیکەی هەشت هەڤالی کۆمەڵە هاتبوونە دەرەوە و لامان بوون (عومەر میرزا و حەمە قەل و چەند خزم و هاوڕێیەکی تر). بەداخەوە کاتێک من چووم بۆ قەرەداغ و لە شارباژێڕ نەمام، 'عومەر میرزا' بە ئێش ڕۆیشتبوو. لە بناری جێشانە کەوتە کەمینی جاشەکانەوە و گرتیان، لە موسڵ لە سێدارە درا. پیاوێکی مەرد و قارەمان بوو، لە زیندانیش هەر قارەمان بوو. دوو خوشکەزاشی لەگەڵ بوو. هاتین تاکو گەیشینە دێی 'گورگەیەر'. باش بوو چاوم بە کاک وەهاب کەوت و جیام کردەوە، مەسەلەکەم بۆ باس کرد. ماوەیەکی کورت بوو وەهاب لای کاک نەوشیروان گەڕابووەوە. ئەو کاتە نامەیەکی بۆ هێنابووم ئیشی بۆ دیاری بکەم. دوای کێشەکەی 'عادل سەید قادر' بوو. ڕێک کەوتین، بەرنامەیەکمان دانا ڕێگە نەدەین هەرێمی ٣ی شارباژێڕ تێک بچێت.

چووینە دێی 'بزەینیان' بۆ ماڵی کاک ڕەشید قوربانی. وتم کاک عوسمان وەرە با قسە بکەین، پێم وت ڕێگە نادەم ئەم هەرێمە کەس لێی جیا ببێتەوە، تەنها یەک پێشمەرگەش. ئەوەی ئێوە لەگەڵ من کردتان لە بلەکێ، قبوڵم نییە. تۆش بۆ کوێ دەڕۆیت بڕۆ. تۆ برادەرمیت، دەمانچە چواردەخۆرەکەشم دایەوە. زۆر ناخۆش بوو بۆ من، بۆ ئەویش، بەڵام ئێمە دەستمان داوەتە شتێک بۆ قازانجی میللەت و پێشمەرگە گرنگترە. عوسمان هیلاک بوو، لەناو دێ وڵاخێکی پەیدا کرد و بە تەنها ڕۆیشت. منیش کۆبوونەوەم بە هەموو پێشمەرگەکانی سنوورەکەی خۆمان کرد (عەلی چوارتایی، حەمە ئەمین ئاغای بارێ و باقیاتی مەفرەزە و

کەرتەکان). جیابوونەوەی بزووتنەوەم لە یەکێتی بۆ ڕوون کردنەوە، عوسمان چووبووە دێی "ئالاسیاو"، مەفرەزەکەی خۆمی بینی بوو، لەگەڵ خۆی خستبوون و هەمووشیان کۆمەڵە بوون، هەر کۆمەڵەش ناردبوونییە دەرەوە. (عومەر میرزا و حەمە قەل و ئەوانی تر) لەگەڵیان بوون، "مام ئاراس لای من بوو، دیار بوو دوایی لەگەڵیان خستبوون. بەداخەوە مام ئاراس لە شەڕی ناوخۆدا لە شارەزوور شەهید بوو. ئەویش ئەو کاتە لای دەستەکەی خۆم بوو، دوایی لەگەڵ عوسمان ڕۆیشت. عوسمان و دەستەکەی خۆم چووبوون بۆ دێی "تۆدێ"، بە کەسێکدا جوابم بۆ ناردن بێنەوە بۆ لام، لە کاتی نووستنی شەودا هەر هەموویان هاتنەوە لام و عوسمانیان لە خەودا بەجێ هێشتبوو. عوسمان کە خەبەری دەبێتەوە، سەیر دەکات کەس لە دەوری نەماوە.

هەرێمی ۳ بە باشی مایەوە، تەنها مام ئاراس لەگەڵ عوسمان ڕۆیشت، دوایی گلەیی کردبوو بەشکو بگێرامایە، منیش جوابم بۆ ناردەوە "خۆت ئەو ناوەت ڕشتووە"، ئەم وەزعە زۆری خایاند، کێشە و جیابوونەوە و شەڕی بەدوا هات.

### شەڕی دیزڵی

حەق وایە ئەوەش لەبیر نەچێتەوە، کە لە کاتی ڕووخانی شادا ئێمە کێشەمان لەگەڵ قیادەی موەقەتە هەبوو. ئەو کاتە هەڤاڵ (سالار عەزیز) لە سەرکردایەتییەوە هاتبوو. هێزەکانی قیادەی موەقەتە لەسەر شاخی دیزڵی بوو، بڕیار درابوو مادام لە شوێنەکانی تر هەڤاڵەکانی ئێمەیان شەهید کردووە، ئێمەش لێیان بدەین. هێزەکانی هەرێمی ۱ و هەرێمی ۲ و شارەزوور لە مەریوان کۆبوونەوە، بەرنامەی هێرش دانرا. پاش شەڕێکی یەک شەوی، هەموو دیزڵیمان گرت و چەند کەسێکیش گیران.

**تەسلیمبوونەوەی عەبدولمەلیک و ستاری سەعید خەلەف**

لە سەروبەندی ڕوخانی ڕژێمی شادا ڕۆژێکیان لە دێی 'هەولۆ' بووین. زیاتر لە هەشت هالیکۆپتەر بەسەرماندا بەرەو موبرە و مامەخەلان و سەرووتریش تێپەڕین، ئێمە ترساین و خۆمان دامەزراند، وتمان نەک ئیخباری ئێمەیان کردبێ و بگەڕێنەوە، بەڵام تاکو چاوبڕ بکات، دوور کەوتنەوە. پاش ماوەیەک بەهەمان شوێندا گەڕانەوە. ئێوارە لە سلێمانییەوە ڕێکخستن جوابی بۆ ناردین عەبدولمەلیک و ستاری سەعید خەلەف و ئەوانەی لەگەڵیان بوون، تەسلیم بوونەتەوە، فڕۆکەیان بۆ چووە بۆ دێی 'سیرین'. ئیتر (پ.م)ی قیادەی موەقەتە لە شاربازێڕ نەمان و هەموویان تەسلیم بوونەوە بە حکومەت. ئێمەش پێمان خۆش بوو، لەباتی ئەوەی تووشی شەڕ بین لەگەڵیان، لە کوڵمان بوونەوە. لەوێشەوە کەوتنە نامەناردن بۆ دۆست و برادەرەکانیان، بۆ دڵساردکردنەوەی خەڵکی لە پێشمەرگایەتی. زانیاریمان بۆ هات بە هۆی کەسێکەوە بە ناوی '....' چەند نامەیەک هێنراوە، نامەکانیش بۆ چەند هەڤاڵێک بوو بۆ ئەوەی بڕۆنەوە و تەسلیم ببنەوە. ١- کەریم دادەمەنە ٢- عوسمان قادر منەوەر ٣- دەرسیم. هەموویان ئەو کاتە دەستەی پێشمەرگەیان لەگەڵ بوو، منیش چوومە دێکەیان، لەگەڵ پێشمەرگەکان بانگم کرد و گرتم، زۆر ئامۆژگاریمان کرد واز لە هاتوچۆ بهێنن و نامەی دوژمن نەهێنن. ئەوانە خیانەتیان کردووە، ڕۆیشتوونەتەوە و تەسلیم بە دوژمن بوون. لەم قسانەم زۆر بۆ کرد، وتم برۆ خزمەتی ماڵ و منداڵی خۆت بکە، حەقت نەبێت بەسەر ئەم شتانەوە. نەمگرت و بەرەڵلام کرد. خۆ سجنمان نەبوو تاکو سجنی بکەم.

بۆ بەیانی ڕۆیشتین بۆ لای ماوەت. لای شاناخسێ و ماشان و دەوروبەری چەند هەفتەیەکمان پێچوو، لە ڕێگەی کورەداوێوە گەڕامەوە، پێش ئەوەی بڕۆمەوە بۆ دێی '....' و بزانێت هاتوومەتەوە ناوچەکە، دوو پێشمەرگەی لای خۆم بانگ کرد، یەکێکیان شەهید 'مام

ئاراس" بوو، دووەم "شامل حاجی جەمال" بوو، ئێستا لە دەرەوەی وڵاتە. بانگم کردن و بە ناوی عەبدولمەلیکەوە نامەم بۆ هەردووکیان نووسی. من خۆم نووسیبوم، بەڵام بە ناوی ئەوەوە، تێیدا نووسیبووم خۆتان بۆ کێ بەکوشت دەدەن؟ شۆڕش گیرفانپڕکردنە. لەو جۆرە قسانەی کە دوژمن بە پێشمەرگە و شۆڕشی دەوت. لە نامەکەدا نووسیبوم ئەگەر بتانەوێ بێنەوە، دۆستێکم هەیە لە دێی "...." بە ناوی "فلان" بچن بۆ لای، ئەو دەتانهێنێتەوە و جێگەی متمانەی منە. "شامل و ئاراس"م نارد، بەڵام خۆم نەچوومە گوندەکەوە. شەو درەنگ چوومە دێکە و لە مزگەوتەکە "فلان" دوو بەتانیی دابوونێ، پێی وتبوون من وەک کەو وام لە قەفەزدا، بڕۆن تا بەیانی خوا گەورەیە. کە هاتنەوە، وایان پێوتم، وتم با نەزانێ. هەر شەو ناو دێیەکەم بەجێ هێشت. وتم سبەی شەو بچنەوە بۆ لای بزانن چی دەکات.

بۆ ڕۆژی دوای لەو ڕێگەیەی دەڕوات بۆ سلێمانی، ڕێگەیەکی گشتی و دوو تولەڕێگەی هەبوو، پێشمەرگەم لێدانا، پاش ماوەیەک تەماشامان کرد "فلان" لەگەڵ "شامل و مام ئاراس"ی پێش خۆی داوە بیانبات بۆ شار و تەسلیمیان بکاتەوە. پێشمەرگەکان گرتیان و هێنایان بۆ لام، وتم "فلان" ئەوە بۆ کوێیان دەبەیت؟ وتی بۆ دێی "...." و نەشارەزان. شامل و ئاراس وتیان وەڵلا ڕاست ناکەیت، ئەمانبەیت بۆ سلێمانی تەسلیممان بکەیتەوە. ئەو شەوە هەردوو دەستیمان بەست. بەیانی پێش ئەوەی "فلان" بهێنن، من چوومە ناو دێوە. بە پێشمەرگەکانم وت چارەکێ دوای من وەرن و "فلان" بهێنن. چوومە ماڵەکەیان و بە خێزانەکەیم وت "...." ئەوە "فلان" لە کوێیە؟ خێزانەکەی وتی وەڵلا مانگایەکمان تەبەقی گرتووە، چووە بۆ ئەو کێوە. وتم خوشکێ بۆ درۆ دەکەی؟ تۆش شەریکی ئەم کارەی؟ فلانمان گرتووە. کە پێشمەرگەکان بە دەستبەستراوی هێنایانەوە بۆ بەر ماڵەوە، خێزانەکەی مالیی بە سەریا، هەندێک جنێوی سوکی پێ دا، پێی وت نەموت نەکەی، واز بهێنە؟

جا ئەمە دۆخی شۆڕش و دوژمن بوو، زۆر هەوڵیان دا بەری بدەین، خەڵکی ناوچەکە هەندێکیان کۆکردبووەوە، پێش ئەوەی بگەنە لامان، لەسەر بڕیاری شۆڕش ڕەمی کرا بۆ ئەوەی خەڵکی فێر ببێت خیانەت نەکات و خەڵکی تەسلیم نەکاتەوە. ئەم شۆڕشە بەو قوربەسەرییە بەڕێ کرا. چەندین شتی تریش وەک ئەوە جێبەجێ کراوە لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی لە پێناوی ئەوەی شۆڕش هەرەس نەهێنێ، سەرکەوێ و خەڵکی خیانەت نەکات. ڕەنگە لێرەدا ئەوە جێگەی باس نەبێ، یان باش نەبێ بچێتە ناو کتێبەوە. بەڵام بەشێکی گرنگی شۆڕش و مێژووی شۆڕشە.

## هەواڵی شەهیدبوونی (سیروان تاڵەبانی) ئامرهەرێمی ٥ی قەرەداغ

کە گەلانی ئێران سەرکەوتن و شا ڕووخا، هاتوچۆ ئاسان بوو بۆ نێوزەنگ بۆ لای سەرکردایەتی. کوردستانی ئێرانیش وەک شارەکانی تر ڕزگاری بوو، دۆخی ئێمەش گۆڕانی بەسەردا هات. ناوبەناو دەچووینە شارەکانی ئێرانەوە، بەتایبەت شوێنە سنوورییەکانی وەک بانە و مەریوان و سەردەشت و خانە. بۆ ئێمە زۆر ئاسان بوو، لەباتی ئەوەی چەندین ڕۆژ بە ڕێگەدا بڕۆین، بە ئۆتۆمبێل سەفەرمان دەکرد، کارئاسانییەکی باش بوو. جارێکیان لە شاری بانە بووین. یەکەمجار بوو "سیروان تاڵەبانی" ببینم. ئەملاوئەولای یەکمان ماچ کرد. ئەوان لە قەرەداغەوە هاتبوون و بۆ لای سەرکردایەتی لە نێوزەنگ دەچوون، ئەوەی لەگەڵی بوو، ناسیم، برادەرم بوو ناوی "حەسەن خاوییی" بوو، لە شۆڕشی ئەیلوول پێکەوە بووین. من و سیروان هەردووکمان ئامرهەرێم بووین، کۆمەڵەش بووین. یەکتریمان خۆش دەویست، هەرچەند دووریش بووین لە یەکتر. سیروان وتی دەچین بۆ

سەرکردایەتی، خواحافیزیمان کرد و ئێمەش گەڕاینەوە بۆ سنوورەکەی خۆمان لە شارباژێڕ. دوای دە ڕۆژێک هەواڵمان پێگەیشت و وتیان سیروان تاڵەبانی لەگەڵ هەڤاڵەکانی لای شارەزوور کەوتوونەتە کەمینی جاشەکانەوە و شەهید بوون. بە ڕاستی ئەم هەواڵە زۆر ناخۆش بوو. دیار بوو لە گەڕانەوەدا تووشی جاشەکانی حکومەت بوون، کە لێپرسراوەکەیان "حەمەخانی حاجی دارا" بوو. ئەمانیش سواری تراکتۆر بووبوون، تەقەیان لێدەکەن و شەهیدیان دەکەن. کەمێکی دەرباز بوو، لەوانەی شەهید بوون: ١- سیروان تاڵەبانی، ئامرهەرێمی ٥ی قەرەداغ ٢- حەسەن خاوێنی ئامرکەرت بوو. ٣- حاجی چاوشین، من لە جێگەیەکی تردا باسم کردووە کە چۆن خێرا بوو لە ڕۆیشتندا. ٤- نەجات ڕەحیم ٥- عەلی چەلەبی ٦- محەمەدی حاجی کەریم شۆفێری تراکتۆرەکە بوو، هاوڵاتی بوو. بەڕاستی بۆ قەرەداغ خەسارەتێکی گەورە بوو. کەسێکی وەک سیروان بە زەحمەت دروست دەبێتەوە و کاتی ئەوی، ئەمە ڕێگەی خەباتە و هی تریشی بەدوادا دێت، چونکی قەرەداغ ناوجەرگەی حکومەت بوو. سنوورەکەی ئەملای خانەقین بوو و لایەکی سلێمانی و گەرمیان و کەرکوک، هەرێمێکی گەورەش بوو لە ڕووی ڕووبەرەوە. لە شۆڕشی ئەیلوولیشدا هەمیشە پێشمەرگەی لێبووە و جێگەی ململانێ بووە لەگەڵ دوژمن. هەمیشەش دوژمن هێرشی بۆ کردووە.

## گواستنەوەم بۆ هەرێمی ٥ی قەرەداغ

پاش شەهیدبوونی هەڤاڵ سیروان و هەڤاڵەکانی قسەوباس بڵاو بووەوە. یان من دەبێ بڕۆم بۆ قەرەداغ یان جەماڵی عەلی باپیر، دەبێ یەکێکمان بچین. زۆری نەخایاند نووسراوێکی مەکتەبی عەسکەری بە ئیمزای هەڤاڵ ملازم عومەر هات، کە سەرکردایەتی بڕیاری داوە تۆ بچیت بۆ قەرەداغ بۆ ڕێکخستنەوەی هەرێمەکە. ملازم عومەر هەندێک شتی نووسی بوو، کە پەیوەندییان بە دۆخی قەرەداغەوە بوو. لەم شۆڕشەدا ناوی قەرەداغم زۆر بیستووە، کە زۆر زەحمەتە و هەمیشە هێرشی ڕژێمی لەسەرە بە سوپا و جاشەوە، کۆپتەر هەر باس مەکە. منیش تۆزێک سڵەمیمەوە، لام ئاسان نەبوو. خۆم ئامادە کرد کە بچم بۆ سەرکردایەتی و ڕێگە و شوێنی چوون جێبەجێ بکەم. ئەو کاتە لە بانە بووین. لەناو شاری بانە هەڤاڵ 'ئیبراهیم جەلال'م بینی. هەردووکمان ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵە بووین. ئەو کاتەی کە سیروان شەهید دەبێ، ئەو لێپرسراوی سیاسی بوو. ماوەیەک بوو لە قەرەداغ بوو، لەسەر شەهیدبوونی هەڤاڵ سیروان و دۆخی قەرەداغ قسەمان کرد. پێم وت سەرکردایەتی بڕیاری داوە بیم بە ئامرهەرێمی ٥ی قەرەداغ، لە ئەنجامی قسەکانیدا وای حاڵی کردم کە نەچم و نامەیەک بنووسم بۆ مام جەلال، داوای هەندێک چەکی پێویستی گەورەی لێبکەم و شتی تریش. منیش کەوتمە ژێر کاریگەریی قسەکانی. هەڤاڵ 'ئیبراهیم جەلال' ترساندمی، وتی تۆ نامەیەک بنووسە، من بەیانی دەڕۆم و لەگەڵ خۆم دەیبەم. نەڕۆیت تاکو دێمەوە.

**نامەکەم بۆ مام جەلال**

لەسەر قسەی "ئیبراهیم جەلال" نامەیەکم بۆ هەڤال "مام جەلال" نووسی. پوختەی نامەکەم باسی چوونم بوو بۆ قەرەداغ، بەلام ئەم چوونە پێویستی بە هەندێک چەک هەیە، بەتایبەت چەکی دژشکا و لەم جۆرە شتانە. ئیتر "مام جەلال" نامەکەم دەخوێنێتەوە، پێدەکەنێت و دەڵێت وەڵڵا عەقڵی "مستەفا"م وەک عەقڵی "عەزیز عەقراوی" دێتە پێشچاو، شۆڕشی ئەیلوول هیچمان نەبوو، کەچی "عەزیز عەقراوی" داوای چەکی ستراتیجیی کردبوو. ئەم نامەیەی "مستەفا"ش لەو نامەیە دەچێت. وتبووی ئەگەر دژشکامان ببوایە، لای خۆمان لە نێوزەنگ دامان دەنا بۆ پارێزگاریکردن لە بارەگای سەرکردایەتی، دەی باشە خۆی نازانێت نیمانە؟ چاوەڕوانی "ئیبراهیم جەلال"م کرد، هەر نەهاتەوە و تووشی ئەوەشی کردم.

**نامەیەکی تری ملازم عومەر بۆ من**

دیاربوو وایانزانیبوو من بیانووم گرتووە بۆ ئەوەی نەچم بۆ قەرەداغ. لە نامەکەدا نووسیبووی برام ئەگەر ناتوانی بچیت، ئاگادارمان بکەرەوە، کەسێکی تر دەنێرین. بە هۆی ئەو نامەیەوە وایانزانیبوو نامەوێ بچم، نامەکەی من شێوەترسێکی پێوە دیار بوو، نازانن کە هاوڕێ ئیبراهیم تووشی ئەو هەڵەیەی کردووم. ئیبراهیم جەلال بە منی وت لە بانە نەڕۆیت تاکو دێمەوە، منیش چاوەڕوان بووم. ئێستاشی لەگەڵ بێت لە قەرەداغ نەمبینییەوە. بڕیارم دا ملی ڕێگە بگرم بۆ قەرەداغ.

## لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار بۆ قەرەداغ

چووم بۆ سەرکردایەتی. هەڤاڵ "مەلا بەختیار" تەکلیفی لێکرابوو کە لەگەڵم بێت. لە سەرکردایەتییەوە کەوتینە ڕێ، لە نێوزەنگەوە بۆ بێوران. لەوێش هەڤاڵ دلاوەری ئەحمەد مەجید تازە کە هاتبووە دەرەوە و نەقڵی قەرەداغیان کردبوو، لەگەڵمان هات، بۆ ئەوەی وەک کادێرێکی حیزبی لێپرسراوی ناوچەی قەرەداغ بێت. لەگەڵ چەندین پێشمەرگەی دەستەکەی خۆم بەڕێ کەوتین. ئەوانەی دیار بوون، هەڤاڵ مەلا بەختیار، دلاوەر ئەحمەد مەجید و ئاسۆی دەلاک بوون. لە بێوران هەڤاڵ عادل شوکرم لەگەڵ خۆم هێنایەوە. مام جەلال عاجزی کردبوو و لێی تورەبووبوو، وتیان کوڕێکی ماندوو و باشە، لەگەڵ خۆت بیبەرەوە، خەڵکی کوڵەجۆی گەرمیان بوو. منیش لەگەڵ خۆم هێنامەوە و کردم بە لێپرسراوی دەستەکەی خۆم. لە بێوران هەڤاڵ "شەوکەتی حاجی موشیر"م بینی. لەسەر ڕێگەمان بۆ سەردەشت هەڤاڵ شەوکەت وتی "شێخ محەمەد حەمەڕەش" لەگەڵ خۆت ببەرەوە، سوودی زۆری لێدەبینن، خەڵکی "کربچنەیە"، پۆلیس بووە، وتم زۆر باشە. ئەویش بوو بە هاوڕێی ڕێگەمان بۆ قەرەداغ، حەمەڕەشیش ئەو قارەمانەی لێدەرچوو، بەداخەوە لە ڕاپەڕیندا شەهید بوو. لە زۆر جێگەی تریش لەگەڵم بووە، لەگەڵ یەکەم سەردانی گەرمیان هەردووکیانم کرد بە فەرماندەی مەفرەزە، حەمەڕەش بۆ لای سەنگاو، عادل شوکر بۆ لای سنووری کەلار.

بە ڕێگەوەین بۆ لای سلێمانی، پێش ئەوەی بپەڕینەوە بۆ بەری قەرەداغ، لای دۆڵەڕووت مەلا بەختیار و دلاوەری ئەحمەد مەجید جیا بوونەوە. پێیان وتم لە قەرەداغ یەک دەگرینەوە، بە کاری حیزبی چوونەوە ناو شاری سلێمانی. ئێمش لە هەنارانی خوارووەوە بەرەو "قولەرەیسی" ڕۆشیتین. نانی ئێوارەمان خوارد، بەڵام پێش ئەوەی بچینە قولەرەیسی، کوێخا حسێنی هەناران زۆر خزمەتی کردین، پیاوێکی

دڵسۆزی کوردایەتی بوو. من لە ماڵی حاجی لەتیف بووم، دوایی بوو بە دۆستم. چاوساغیان لەگەڵ ناردین بۆ پەڕینەوە لە جادەی سلێمانی-کەرکووک بە بەردەم "قلیاسان"دا، چونکی ئەو ناوە هەمووی سەربازگە بوو، ئێمەش نزیکەی بیستوپێنج پێشمەرگە دەبووین. هاتینە ناو دارەکانی باخی بەختیارییەوە کە ئێستا وەزارەتی پێشمەرگە و گومرگی سلێمانییە. هاتینە سەر پردەکەی قلیاسان، چووینە شانی چەمەکەوە، تاکتاک پەڕیینەوە تاکو ئەو ئۆتۆمبێلانەی لە سلێمانی و کەرکووکەوە دێن، نەمانبینن. ئەگەر لایتێک دەربکەوتایە خۆمان پاڵ دەخست. بەرامبەر کارگەی شەکرەکە بە چەمەکەدا چووینە خوارەوە، چووینە دێی "عەواڵ"، لەوێش لە ماڵی "شێخ عومەر" پشوویەکمان دا. پاش ئەوە بەڕێ کەوتین. شەو درەنگ گەیشتینە "دێ کۆن" لە ماڵی حاجی عەزیز. شەوی پەڕینەوەمان ١٩٧٩/٨/١٩ بوو، تاکو بەرەبەیان نزیکەی سەعاتێک نووستین، لەگەڵ بانگی بەرەبەیان هەڵساین و بە شاخەکەدا سەرکەوتین. ڕۆژ بووەوە و گەیشتینە دێی "قەڵا سوورە". یەکەم دێ بوو دوای دێ کۆن، چونکی چەند ڕۆژ و شەوێک بە ڕێگاوە بووین و هیلاک بووین، ڕۆژەکەی تاکو درەنگ لە قەڵا سوورە ماینەوە. دوایی شۆڕ بووینەوە بۆ دێی "سەرزەل". لەوێ چاومان بە "جەمال قەڵا سوورەیی" کەوت، پێشمەرگە بوو و خەڵکی ئەوێ بوو. بەداخەوە ئەمیش دوای چەندین ساڵ شەهید بوو. کە ئێمەی بینی، ڕایکرد، وایزانی جاشین، هەواڵی بردبوو بۆ کاک ڕۆستەم، پێشتر خۆمان بۆ ئەوەی لە یەک نەگۆڕێین، بە کەسێکی خەڵکی دێکەدا جوابمان بۆ ناردن بۆ دێی "تەنگی سەر"، تەنگی سەر ئەو دێیە بوو کە جاشەکان هاوڕێ "ئارام"یان لێ شەهید کردبوو. لەگەڵ کاک ڕۆستەم یەکمان گرتەوە، هەندێک ڕێنمایی کردین لەسەر دۆخی قەرەداغ، زۆریش خۆشحاڵ بوو بە چوونی ئێمە.

## هاتنەوەی مەلا بەختیار و دلاوەر ئەحمەد مەجید لە شارەوە

پاش ئەوەی گەیشتمە قەرەداغ و سەرژمێری پێشمەرگەکانم کرد، هەمووی سەدوپەنجا پێشمەرگە مابوون. گەیشتنی منیش بۆ قەرەداغ و بیستنی هەواڵەکە لە لایەن هەڤالان و پێشمەرگەکانەوە گوڕوتینی بوو بۆیان، هێزێکی باش بووین بۆیان.

لەو ماوەیەدا کە هەڤال "سیروان" شەهید بووبوو، خاوەنی نەمابوو، هەر هەڤاڵە و چووبووە لایەکەوە، منیش چەند ڕۆژێ لەگەڵیان بووم. وردەوردە هەڤاڵە کادیر و پێشمەرگەکان یەکمان گرتەوە. ماوەیەک پێش ئەوەی من بچم، ئەکرەم و خەبات لە سێوسێنان شەهید کرابوون. هەندێک هەڤال بە هانایانەوە نەچووبوون تەقەیەکیان لەسەر بکەن، پاش شەهید سیروان کەس حسابی بۆ ئەوی تر نەدەکرد.

"گۆران" لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی قەرەداغ بوو، زوێر بووبوو، کەوتبووە لایەک، ئیبراهیم جەلال ڕۆیشتبوو و نەگەڕابۆوە، ئیرادەیەکی باش نەبوو کۆیان بکاتەوە. ئیتر بە سەرپەرشتیی هەڤال "مەلا بەختیار" چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ کادیرە سەربازییەکان کرا، وەک هەڤال ڕۆستەم، شێخ جەعفەر. هەروەها هەڤالانی گەرمیانیش هاتن. "کاک سامان گەرمیانی" جێگری من بوو. لە گەرمیان دەوریان هەبوو، هەروەها خالید گەرمیانی، عوسمان حاجی محەمەد، بەختیار. بەداخەوە خالید و گۆران شەهید بوون. دوایی لەگەڵ هەڤال مەلا بەختیار دێبەدێ کۆبوونەوەمان دەکرد و منی پێدەناسان، لەگەڵ پێشمەرگەکانیش کۆبوونەوەمان کرد. کۆبوونەوەیەکیشی بە کادیرە سیاسییەکان کرد. مەلا ئیبراهیم لە گەرمیان بوو، مامۆستا جەلال حاجی تۆفیق لە بەری قەرەداغ بوو لای سێوسێنان، مامۆستا ئەنوەر لێپرسراوی ناوچە بوو، بەداخەوە لەم ساڵانەی دواییدا بە نەخۆشیی شێرپەنجە وەفاتی کرد، زۆر ماندوو بوو.

پاش کۆبوونەوەکان لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار و هەڤاڵ دلاوەر و هەڤاڵ ڕۆستەم و هەڤاڵ شێخ جەعفەر چووینە بەری سیوسێنان و تەکێ و بەلەکجاڕ. هەموو گەڕانەکەمان بۆ ڕێکخستنەوەی کارەکان بوو بە هیمەتی هەمووومان. هەڤاڵ سۆزانیش لەوێ بوو، لە گەرمیان هێرشیان بۆ کرابوو، پێشمەرگەیەکی قارەمانمان بە ناوی سەرکەوت شەهید بووبوو. کاک مەحموود سەنگاویش هات و لەگەڵمان بوو، بە هیمەتی هەموان کەرت و مەفرەزەکانمان دروست کردەوە.

دۆخێکی خراپ سەریهەڵدابوو. یەکێک لە کارەکانم ئەوە بوو چارەسەری بکەم. توندوتیژیم ڕاگرت، بەرامبەر بە هەندێ کەس ناهەقی کرابوو. خەڵکیان خستبووە حەوزی ئاوەوە و لێیان دابوون. لە دێی "بەڵخە" لە ڕۆستەم ناوێکیان دابوو، لەم ساڵانەی دواییەدا وەفاتی کرد، بڕوا بکەن زۆربەی ئەو تەقەمەنییەی هەمان بوو، ئەو لە جاشەکانی دەکڕی و بۆی دەهێنان. لەسەر ڕاو عاجزیان کردبوو. من کردم بە دۆستێکی زۆر باش و حورمەتم گرت، ئاشتم کردەوە. ساڵی "١٩٩٢" کە بووم بە پارێزگاری کەرکووک، پارێزگا لە دەربەندیخان بوو، هات بۆ لام. منیش کلاشینکۆفێکم دایە لەباتی خزمەتی ڕابوردووی. زۆری پێخۆش بوو کە بەسەرم کردووەتەوە لەبیرم نەکردووە.

ڕاپۆرتێک هاتبوو و چەندین ناوی تێدابوو کە بیانگرین، ژمارەکەی زۆر بوو، زۆریشی موختارەکان بوون، ئەو سەردەمە خەڵکی لە ترسی بەعس پەنجا فلسیان لێسەندووە ناویان نووسیووە. نەمهێشت کەسیان بگیرێ، هەندێکیانم هێنا و قسەم بۆ کردن، ئەو سەردەمە کەس نەیدەتوانی بە ڕۆژ بچێتە ناو دێکان، شەواوشەو نەبێ. بە ئیدارەیەکی باش و پەیوەندیی باش لەگەڵ خەڵکی خۆشەویستییەکمان دروست کرد. خەڵکی هەموو دێهاتەکانی قەرەداغ و گەرمیانیش خۆیان شاهیدن و ئێستاش کە دەمانبینن، ڕێزی زۆرمان دەگرن. ئەو هاتنەی هەڤاڵ مەلا بەختیار هاوکارییەکی باش بوو، هەروەها دەوری (ڕۆستەم و شێخ

جەعفەر و کاک سامان) زۆر باش بوو و وەک برا وابووین. مامۆستا ئەنوەر خوا لێی خۆش بێ، برادەران لێی ڕازی نەبوون، نە پێشمەرگە و نە خەڵک، بە بەشداریی هەڤاڵ مەلا بەختیار کە لەوێ بوو، بڕیاری دا بگوێزێتەوە بۆ سەرکردایەتی لە نێوزەنگ. هەڤاڵ دلاوەری ئەحمەد مەجید بوو بە لێپرسراوی ناوچەی بازیان. مامۆستا جەلال بۆ بەری ئەمبەری قەرەداغ، مەلا ئیبراهیم بۆ گەرمیان، فوئاد حاجی قادر کادێری ناوچە بوو، دکتۆر چیا و دکتۆر یاسینیش هاتبوونە دەرەوە. هەردووکیان ئیشیان بۆ دیاری کرا کاری دکتۆری بکەن، پاشان چیا بوو بە کادێر لە شارەزوور، بەداخەوە لە زەڕایەن شەهیدیان کرد.

'حەمە سەعید سیتەلانی' کادێری شارەزوور بوو، ئەمیش کادێرێکی چالاک و باش بوو، ئیشەکانی شارەزووری دەکرد، بەداخەوە دوای گرتنی ڕەبیەی دارەڕەش شەهید بوو، لەم شۆڕشەدا ڕەنجی زۆری کێشا. پاش ئەوە هەڤاڵ مەلا بەختیار گەڕایەوە و تەشکیلاتی تازەی قەرەداغ بەم شێوەیەی خوارەوە جێبەجێ کرا ١- شێخ جەعفەر ئامرکەرتی قەرەداغ. ٢- مام ڕۆستەم، ئامرکەرت. پاشان کەرتێکمان کردەوە لە جەباری، بە ڕاستی دەوری باشی هەبوو. کە ڕۆیشت، هەشت پێشمەرگەی لەگەڵدا بوو، دوایی کاری زۆر باشیان کرد و گەشەیان کرد. هەڤاڵ مەلا بەختیار کە هاتبوو، ئاسۆی دەلاکی لەگەڵ بوو، ئاسۆ کەسێکی ئازا و شارەزای ناوشار بوو، ویستمان لەسەر داوای خۆی بچێت چالاکییەک بکات لە پشتماڵەکانی بەڵخە، مەلا بەختیار داوای لێکرد بۆ کوشتنی خائینێک، کە ئەفسەری ئەمنی دائیرەیەک بوو. ئاسۆ گەنجێکی ناسراوبوو، ناوی هەبوو. منیش کوڕێکم لەگەڵدا بوو و ناوی 'حسێن' بوو. زۆریش لەگەڵمدا بوو، وتی منیش دەچم. دیار بوو ئەو چەند ڕۆژەی بە ڕێگەوە بووین، لە بەینی خۆیاندا قسەیان کردبوو، خۆی لەگەڵی ڕێک خستبوو، بەبێ ئاگاداریی ئێمە قسەی خۆیان کردبوو. لای منیشەوە هیچ بەرنامەیەک نییە حسێن بچێتەوە و کاری وا ئەنجام

بدات. حسێن وتی منیش حەزدەکەم بچمەوە بۆ کاری ناوشار. لەگەڵ مەلا بەختیار دوو کەسمان دیاری کرد، هەریەکەیان یەکێکی بۆ دیاری کرا، کە لێمان جیا بوونەوە، بانگم کردن و وتم کە چوونە قەراغ شار، دەبێ لەیەک جیا ببنەوە. لەبەر ئەمنییەتی ئیشەکەتان نابێ کەستان جێگەی ئەوی تر بزانێت. وتیان باشە و پاش ئەنجامدانی کارەکە دەگەڕێینەوە. دەمانچەیەکی چواردەخۆرم دایە حسێن، لەگەڵ یەدەکێکی زیادە کە هی دەمانچەکەی خۆم بوو. وتم مادام دەچیتە ناوشار با پێت بێت. خواحافیزیمان کرد. چەند ڕۆژێکی خایاند، جوابیان هێنا وتیان "ئاسۆی دەلاک" گیراوە، کەسیش نازانێ چۆن گیراوە، بەڵام "حسێن" دەنگی نەبوو، نەگیرابوو و لە شاردا دەسوڕایەوە. دەرکەوت شێوەی گرتنەکەی چۆن بووە.

### گرتنی ئاسۆی دەلاک بە هۆی خیانەتی حسێنەوە

هەردووکیان دەڕۆنەوە بۆ سلێمانی، دیارە بڕوا بە یەکتر دەکەن. حسێن کە لای منیش بووە، وادیارە سەر بە ڕژێم بووە و پیاوی حکومەت بووە، یان ڕەنگە دوایی لەگەڵیان ڕێک کەوتبێ. وەک باسی دەکەن، کاتی خۆی "ئاسۆ" لە چالاکییەکانیدا خزمێکی حسێنی کوشتووە، ئەمەش فرسەتێکی باشە تۆڵەی لێبکاتەوە. پێکەوە دەچنە ناوشار. حسێن پێی وتووە من جێگەم هەیە و ئەمینە، لەگەڵی چووە. ئیتر کەس نازانێ ئاسۆ چۆن گیراوە. لەوە دەچێ سەرخۆشی کردبێ یان لە خەودا فرسەتیان لێهێنابێت، یان شتێکی لەوجۆرە. ئەگینا ئەگەر بە شەڕە دەمانچە بوایە، ئاسۆ کوڕێکی ئازا و چاونەترس بوو و وای بەسەر نەدەهات. ئاسۆ بێ و فیشەکێ نەتەقێنێ؟ وردەوردە دەرکەوت ئاسۆ گیراوە، بەڵام چۆن؟ نازانرێ. حسێن لە شار ماوەتەوە، لەسەر جادەیە و

دەگەڕێ، مانای ئەوەیە تەسلیم بووتەوە. پاش ماوەیەک وەڵامی ناردبوو، کەسێکی بینی بوو و پێی وتبوو دەمانچەکەت دەدەمێ بۆ کاک مستەفای بنێریتەوە. کە ئەمەم بیست، بە پەلە فریای کەوتم و وتم نەکەی لێی وەرگری. ئەگەر وەریبگریت، مانای ئەوەیە تۆ لەگەڵ من هاوکاری دەکەی، دوایی دەتگرن و لە سێدارەت دەدەن. وتم بڵێ من پەیوەندیم پێوەی نییە. پاش ماوەیەک جوابی نارد، وتبووی ئامادەم چالاکییەک بکەم و بێمە دەرەوە. ئەمەیانم لا باشبوو. جوابم نارد بۆی کە کەسێکی خائینمان بۆ بکوژێت، کەسەکەشمان دیاری کرد. ئەوەی ڕاستی بێت، تەقەی لێکرد و بە خەستی برینداری کرد. بەڵام ئەو کەسە نەمرد و ئێستاش ماوە، لای فڵانە حیزب داڵدە دراوە. ئەم کەسە چەندین کەسی بە لە سێدارەدان داوە. هاوڕێیانی شاری سلێمانی کە زانییان حسێن بووە ئاسۆی دەلاکی بەگرت داوە، هەرزوو کوشتیانەوە. ئەمەش سەرگوزەشتەی گرتنی ئاسۆی دەلاک بوو.

بەهۆی ئەوەی فەرماندەی هەرێمی ٥ی قەرەداغ بووم، پەیوەندیی ڕۆژانەم لەگەڵ ڕێکخستنەکانی ناوشار هەبوو لە (سلێمانی، کەلار، کفری، دەربەندیخان، کەرکووک). ئەوانیش لە جموجۆڵی دوژمن ئاگاداریان دەکردینەوە، بەتایبەت ئەو کەسانەی کە لەگەڵ دوژمن هاوکاری دەکەن.

بێمەوە سەر جەولەکەی گەرمیان. یەکەمجار بۆ ڕێکخستنەوە لەو سەفەرەدا دەستکاریی دەستەکانمان کرد. لەوێ شەهید خالید گەرمیانیمان لەگەڵ بوو، کاک سامان گەرمیانی جێگرم بوو، چووبوو بۆ سەرکردایەتی و هێشتا نەگەڕابووەوە، خالید گەرمیانی شارەزابوو، ئەم جەولەیەمان چووینە خوارەوە تاکو مەسوینییەکان و مەسوێیی سەرچەم و خوارتر. خالید گەنجێکی کورتەباڵای چالاک بوو. لەوێ حەمەڕەشمان کرد بە ئامرمەفرەزە بۆ لای گەرمیان و دەوری سەنگاو. کاک مەحموود سەنگاوی لەوێ بوو، ئامرمەفرەزە بوو. هەروەها عادل شوکریشمان

کرد بە ئامرمەفرەزە و هەموویانم بەجێ هێشت. خۆمان گەڕاینەوە بۆ تیلەکۆ و پونگەڵە. لە دەمەدەمی عەسردا هاتینە سەر جادەی دەربەندیخان-باوەنور، نزیک کارگەی ئاوی بانیخێڵان. لەم سەفەرەدا خالید گەرمیانی و عادل شوکر و حەمەڕەشم لەگەڵ بوون. سەر جادەکەمان گرت، هەرچی ئۆتۆمبێل لە هەردوولاوە هات، ڕامان گرتن. کۆم کردنەوە و قسەم لەسەر شۆڕش و خەبات و دەوری پێشمەرگەی کوردستان بۆ کردن.

لەوکاتەدا چوار کۆستەر هاتن، دەرکەوت لە سنووری خانەقین خەڵکی کە دەگەڕێنەوە لە ئێران، تەسفیراتیان بۆ دەکەن بۆ سلێمانی، چونکی خەڵکی سلێمانی و جێگەکانی تر بوون. هەر کۆستەرێک پۆلیسێکی لە پێشەوە وەک مەئموور بە تفەنگەوە لەگەڵدا بوو، هەموو سەیارەکانمان ڕاگرت. پۆلیسەکانمان گرت و چەکمان کردن، هەموویان عەرەب بوون. ئێمە شۆڕش دەکەینەوە، خەڵکی تازە "عائدون" دەگەڕێنەوە. بێجگە لەوانیش نائب زابتێکی حدودمان گرت، کە لەشی گەڕاین، کاغەزێکی پێبوو و قوتی دا. ژمارەی دیلەکان پێنج کەس بوون، سەیارەیەکی حکومیی گەورەکان "نەقل بەری"مان لەگەڵ خۆمان هێنا، لامان دا بەرەو "چرچەقەلا". لەبەر ئەوەی ڕێگە قوڕ بوو، چەقی و بۆمان دەرنەچوو، سوتانمان. لە لای دێی "دەرەدزین"ەوە لەگەڵ پۆلیسە سجنەکان هەڵگەڕاینەوە بۆ دیووی قەرەداغ. لای "کەلی پەیکوڵی" چووینە دێی "ئاوەسپی"، ئەوێ شوێنێکی عاسی بوو و حەساینەوە. لەولاشەوە پێشمەرگەکانی لای قوڵی کفری "جەماعەتی خالید گەرمیانی" دووسەد سەر بەرانیان لە کفری هێنابوو، هی حکومەت بوو. لەوێش هەر چەند پێشمەرگەیەک حەیوانێکمان سەربڕی و خواردمان. شیشمان لە دار دروست کرد بۆ برژاندن. بڕوا بکەن کاک ڕۆستەم نیو حەیوانی خوارد، بۆ ئێوارە چووینە دێی "هۆمەر قەلا" لە ماڵی "حاجی حەمە ساڵح"ی خوالێخۆشبوو، لەوێش دەستی کرد بە برنج و مریشک خواردن. ماشاڵلا

تاقەت و قوەتی زۆر بوو، لامان سەیر بوو. پۆلیسە عەرەبەکانیش لایان سەیر بوو. ئەوان وایانزانیبوو شۆڕش تەواو بووە، کەچی وا پێشمەرگە دەبینن. خەڵکی تەسلیم دەبنەوە، کەچی ئەمان ئاوا سەربەستن و لەسەر جادەی باوەنور- دەربەندیخان بە دیلی دەیانگرین.

دیارە ئێمە سجنمان نەبوو، چی لەم پۆلیسانە بکەین؟ هەریەکەمان هەندێک قسەمان بۆ کردن، لەسەر مەغدوریەتی میللەتی کورد و خراپیی رژێمی بەعس، پاش چەند رۆژێک چووینە دێی "کانی سارد"، لای دەربەندیخان. ئێستا بووە بە گەڕەکێکی دەربەندیخان. من و مامۆستا "جەلال شێخ تۆفیق" کە بەرپرسی ناوچە بوو، خەڵکەکەمان کۆ کردەوە. دوایی کە تەواو بووین، پۆلیسەکانمان ئیزن دا و تەسلیم بە دێی "کانی سارد"مان کردن ڕەوانەی دەربەندیخانیان بکەنەوە، ئێمەش هەر شەو کشاینەوە بەرەو دێی چەمرگە و باوەخۆشێن و دیوانە.

## شەڕی لای ئیمام قادر و دیوانە

ڕۆژ بووەوە و کاتێکمان زانی هێزێکی زۆری سەربازی بە ناقیلەوە هێرشیان هێنا بەرەو لای ئێمە. ئەو جێگەیەی ئێمەی لێبووین، زۆر قایم نەبوو، سەرجادەی قیر بوو. خۆمان گەیاندە دەوری ئیمام قادر و دابەش بووین. لەگەڵ ئەم هێزەی دوژمن کەوتینە شەڕەوە. حکومەت ئێوارەکەی کشایەوە، ئێمەش زیانمان نەبوو. دیار بوو ئەوانەی بەرمان دابوون، کە ڕۆیشتبوونەوە بۆ لای حکومەت، وتبوویان ئێمە لەو ناوەین و تاکو دێی "کانی سارد" هاتوون لەگەڵمان، زانیاریی تەواویان دابوو.

دوای ئەوەش سەردانی شارەزوورمان کرد، هەروەها هەردوو بەری قەرەداغ و گەرمیان ئیشەکانمان ڕێک خست. هەر کادیرە، سیاسی بێ یان سەربازی ئیشی خۆی بۆ دیاری کرا. لە سەرکردایەتییەوە بروسکەیان کرد کە بچم بۆ نێوزەنگ.

## چوون بۆ نێوزەنگ لە ساڵی ١٩٨٠

پاش ئەوەی بە چەندین ڕۆژ گەیشتمە لای سەرکردایەتی و چەند ڕۆژێ لەوێ بووم، کۆبوونەوەی سەرکردایەتی کرا. لەسەر دۆخی ئەم ماوەیەی لە قەرەداغ بووم، پرسیاریان لێکردم، منیش وەڵامم دانەوە. هەر لەوێش پاش کۆبوونەوەکان مەکتەبی سیاسی بڕیاریان دا هەڤاڵ ئازاد هەورامی لەگەڵ من بێتەوە بۆ قەرەداغ بۆ ئەوەی ببێت بە بەرپرسی لقی کەرکووک. منیش بەڕاستی هەر زۆرم پێخۆش بوو، هەردووکمان لە سەرکردایەتیی کۆمەڵە بووین، قەرەداغیش ئەو کاتە هەمووی بە بنکەی سوور ناو دەبرا.

## گەڕانەوە بۆ قەرەداغ لەگەڵ ئازاد هەورامی

ڕۆژی گەڕانەوەمان دیاری کرد. ئەمجارە هەڤاڵ ئازاد هەورامیشمان لەگەڵدایە. بە دوو قۆناغ هاتین، ڕۆژی یەکەم لە بارەگای سەرکردایەتییەوە لە نێوزەنگەوە هاتینە بێتوش، کە خاکی ئێرانە و سەرسنوورە، بە ناوچەی ئالان ناسراوە، هەروەها دێهاتەکانی گەرماو هەرزنە. شەو لەوێ ماینەوە. بۆ ڕۆژی دواتر بە سیم لە ئاوەکە پەڕیینەوە و خۆمان پێدا هەڵواسی. بەهار بوو و ئاوەکە زۆر بوو. ئەو ئاوە لە سەردەشتەوە دێتە خوارەوە و تێکەڵ بە ئاوی ماوەت دەبێ بەرەو دەربەندی ڕانیە و قەڵادزە. لە بەهاردا ئاوەکە زۆرە، لە کاتی تریشدا هەر دەبێ بە سیم بپەڕیتەوە، مەگەر لە هەندێ جێگە بوار هەبێ. پاش پەڕینەوە ڕێگەمان گرتە بەر بەرەو دۆڵی سەفرەوزەروون، ئەم ڕێگەیە چۆڵە، چونکی حکومەت دێهاتەکانی ناوچەکەیان هەمووی گواستووەتەوە و وێرانیان کردوون، هیچی نەماوە. ڕێگەکەش بە دۆڵێکدا دەڕوات. ڕەنگە تاکو دەگەیتە سەفرە، زیاتر لە بیست جار

ئەمبەروئەوبەر بکەیت و تەڕ ببیت. لە سەفرە ئاگرمان کردەوە و نانمان خوارد. دەبوایە بۆ ئێواری بگەینە دێی "وڵاخلو"، کە ئاخر دێیە و ڕانەگوێزراوە. لەبەر ئەوەی سەر شاخی برزوت و بالوسە لێتەوە دیارە، پشتی دێی قامیش، دەبێ بە وریاییەوە بڕۆین. بەینی ڕۆیشتنەکانمان تاکتاک بێ. بۆ ئێوارە بە هیلاکی و تەڕی گەیشتینە دێی "وڵاخلو". هەموو خەڵکەکە ناسیاو بوون و بەخزمەت بوون، ئێمەیان دەناسی. دابەشیان کردین، پاش نانخواردن هاتینە مزگەوتەکە بۆ نووستن. لەو ماوەیەدا دەنگۆی ئەوە هەبوو حکومەت نیازی هەیە هێرش بۆ ناوچەکە بهێنێت. بە پێشمەرگەی پاسەوانم وت سەعات چواری بەیانی هەڵمانسێنن، بۆ ئەوەی نەک دەوری دێ بگیرێ.

### کەمین و شەڕی گاپێلۆن

وتم نان و چای بەیانی دەبەینە دێی گاپێلۆن. ملی ڕێگەمان گرت. لە دوورەوە هەر دەنگی وەڕینی سەگ دەهات. نزیک دێی گاپێلۆن بووینەوە. تازە خەریکە ڕووناک دەبێتەوە. چۆمێکی بچووک لەبەر دێیەکەدا هەبوو، پەڕیینەوە و ڕۆژ بووەوە. ڕووناک بووەوە، من خۆم لە پێشەوە بووم. کە نزیک ناوماڵەکانی گاپێلۆن بووینەوە، پڕ بوو لە سەرباز، بۆمان دامەزرابوون. خۆم بینیم. یەکسەر بە پێشمەرگەکانم وت بگەڕێنەوە بۆ دواوە، پشتاوپشت گەڕاینەوە، کە ئەمەیان بینی، لە هەموو لایەکەوە تەقەیان لێکردین. هەرچۆنێک بوو، خۆمان گەیاندە ناو چەمەکە، لە هەندێ جێگە گوللە نەیدەگرتینەوە. خۆ ناکرێ هەر لەوێدا بمێنینەوە. ناوبەناو بەدەم خۆدەربازکردنەوە تەقەمان دەکرد بۆ خۆڕزگارکردن، بۆئەوەی نەیەنە سەرمان، جێگەکەمان خراپ بوو، ڕوومان کردە "گەرەدێ"، دیار بوو سەربازەکان ئەویش گیرابوو. لەوێشەوە تەقەیان

لێکردین، هەرچی بەرزایی هەبوو، گرتبوویان. هەندێک لە پێشمەرگەکان کۆڵەپشتیان پێبوو، لە سەردەشت شتیان بۆ منداڵەکانیان کڕیبوو. هەموو کۆڵەپشتەکانیان لە چەمەکەدا فڕێ دا، بۆ ئەوەی دەستیان کراوە بێت و باریان سوک بێ. ڕوومان کردە "مالومە" و بە دەستی چەپدا بەدەم تەقەکردنەوە ڕۆیشتین بۆ ئەوەی دەستمان بگاتە شاخەکە. باش بوو ئەوێ نەگیرابوو، ئێمەش خۆمان قایم کرد و ڕزگارمان بوو. ترسمان نەما، ئیتر کەوتینە شەڕ لەگەڵ سوپا و جاشەکان، تۆپبارانیش دەکرێین.

ئەمە لە بەیانییەوە حساب بکەن وا خەریکە دەبێ بە ئێوارە. ئێمە بەم هێزە ماندووەی خۆمان لە شەڕداین لەگەڵیان، ورەمان بەرزە. لە دەوری عەسردا مەفرەزەیەکی حیزبی سۆشیالیست کە خوالێخۆشبوو "شێرکۆی شێخ عەلی"ی خەڵکی سەرگەڵوو سەرپەرشتیی دەکردن، هاتن بە هانامانەوە. شێرکۆ زۆر برادەرم بوو لە شۆڕشی ئەیلوولدا، بەڵام ناکۆکی و شەڕی ناوخۆ هەموومانی لەیەک کردبوو. زۆرم پێخۆش بوو، نەک هەر لەبەر شەڕەکە، بەڵکو لە دڵی خۆمدا وتم دەرگایەک بێت بۆ نزیکبوونەوە لە یەکتر. ئەمەش ماوەیەکی کورتی خایاند. لە دەمەدەمی ئێوارەدا سوپاکە کشانەوە و من سوپاسی کاک شێرکۆم کرد، کە هاتوون بە دەنگمانەوە. ئێوارە هاتینەوە ناو دێی گاپیلۆن. ئەو پێشمەرگانەی کۆڵەپشتەکانیان فڕێ دابوو، چوون دۆزییانەوە و هێنایانەوە. ئێوارە نانمان خوارد، هەر دوای نانخواردن ڕۆیشتین بەرەو "دۆڵە ڕووت". لە قوڵەجاغ و سنکرەوە بە شاخەکەدا بەرەو هەناران سەرکەوتین. چووینە ماڵی کوێخا حسێن و نانی نیوەڕۆمان لەوێ خوارد. کوێخا حسێن وەک هەموو جارەکان دەروێشی کوردایەتی بوو، منی زۆر خۆش دەویست، خزمەتی باشی کردین. دیارە لەگەڵ "ئازاد هەورامی" پێکەوەین، هەروەها مام دەروێشمان لەگەڵ بوو، پێشمەرگەیەکی ئازا بوو، خەڵکی دێی "سیارە"ی لای دەربەندیخانە.

لە دۆڵی شێرکوژەوە هاتین بۆ "قولەڕەیسی" بۆ ئەوەی بمێنینەوە تا شەو دابێت، شەویش لە جادەی سلێمانی-کەرکووک بپەڕینەوە بۆ قەرەداغ. هەرواشمان کرد. هاتینە "قولەرەیسی". لە ماڵی حاجی لەتیف ماینەوە. من و کاک ئازاد نانمان خوارد. پاش نانخواردن لەگەڵ پێشمەرگەکان هەموومان یەکمان گرتەوە. موختارەکەمان بانگ کرد، ناوەکەیم لەبیر چووەتەوە. چاوساغی لەگەڵ ناردین بەرەو قلیاسان و سەر پردەکەی قلیاسان بۆ پەڕینەوە. هاتینە ناو باخی بەختیارییەوە، چووینە چەمەکەی قلیاسانەوە لەوێشەوە بۆ دێی "عەواڵ". پشوویەکمان دا و ڕێگەمان گرتە بەر بەرەو شاخی جێشانە و دێ کۆن. دەبوایە هەر ئەو شەوە بگەینەوە دیوی قەرەداغ. ئەمەی من باسی دەکەم، بە نووسین و گێڕانەوە زۆر ئاسانە، بەڵام حسابی ئەو سەردەمە بکەن و ماندووبوون و هیلاکیی چەندین ڕۆژ ڕێگە و کەمینی دوژمن بهێننە بەرچاوی خۆتان، بەڵام بڕوامان بە مەسەلەی میللەتەکەمان بەهێز بوو.

دوایی بۆ دێی "قەڵاسوورە" هەڵگەڕاین. لەوێش ئیسراحەتمان کرد و شۆڕ بووینەوە بۆ دێی "تەنگی سەر". هەڤاڵ ئازاد هەورامی یەکەمجارە لەگەڵ من دێتە قەرەداغ و بووە بە لێپرسراوی لقی دووی کەرکووک. لە دواتر باسی دەوری ئازاد هەورامی دەکەم.

**شتێک کە دەبێت باسی بکەم**

لەو ماوەیەدا کە هێشتا لە نێوزەنگ بووین و لەسەر گەڕانەوە بووین بۆ قەرەداغ، "خالیدی کوڕی خالم" پەیدا بوو، کەسێکی لەگەڵ خۆی هێنابوو بە ناوی "....". پێشتریش لای من پێشمەرگە بوو و تەسلیم بوبووەوە. کە هات، لام سەیر بوو. وتم خالید بۆچی "...." هاتووە؟ چونکی لە عەفووەکەدا چەند مانگێک بوو تەسلیم بوبووەوە، وتی بۆچی؟ کوڕی چاکە. منیش قسەم نەکرد.

که لەگەڵ هەڤاڵ ئازاد هەورامی گەڕاینەوە، ئەویش هاتووەتەوە بۆ لای من، بەڵام من هەر بەخێرهاتنم کرد. زمانی خۆم گەست و کەوتمە شکەوە لێی. لە گەڕانەوەدا تفەنگێکی 'ژیسی'م دایە، بەڵام خۆی نەیزانی دەرزیی تفەنگەکەم دەرهێنابوو، تاکو گەیشتینەوە قەرەداغ، حەراسەتم پێی دەگرت. کە ئەوم دەکرد بە (حەرەس)، کەسێکی تریشم دەکرد بە حەرەس بەسەر ئەوەوە و بە خۆی نەدەزانی. خزمێکی گیرابوو، کەسێکی قارەمان بوو '....' لە دەوری قەرەداغ جاشەکان گرتبوویان، حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو بوو.

هێشتا لە ڕێگەدا بووین کە لە ڕێکخستنی شاری سلێمانییەوە نامەیەکم بۆ هات. لە نامەکەدا باسی ئەوە کرابوو کە ('....' لەگەڵ کەسێکی تر ڕۆیشتووە بۆ کەرکووک بۆ لای 'غەزعەل تکریتی لە مەنزومەی شمالی. دەبێت وریا بیت و حسابی خۆت بکەی. ئەگینا بۆچی دەچن بۆ لای غەزعەل تکریتی و دێنەوە بۆ لای تۆ؟) دیارە بەڵێنیان پێداون ئەگەر شتێکم لێبکەن، 'فلانەکەس' کە حوکم دراوە، بۆیان بەربدەن. ئەگەر ئەوەی حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە، بەوەی بزانیایە، ڕازی نەدەبوو و خۆی وەڵامی بۆ دەناردم، چونکی خۆی بەڕاستی پیاوێکی مەرد و خاوەنبڕوا بوو. ئەمەش کە کراوە، لە ڕێگەی کەسێکی ئەمنەوە کراوە، کە دواتر ڕێکخستنی شار کوشتیان.

ئیتر من دڵنیا بووم و ڕێکخستنی شاریش تەئکیدیان کردەوە. وردەوردە ڕۆیشتین تاکو گەیشتینەوە قەرەداغ. لە تلەزەیتەوە پەڕیینەوە بۆ میریاسی سەروو. ئیشەکە لێرەوە دەست پێدەکات. دەبێت من چی بکەم؟ با منیش فێڵێکیان لێبکەم، بەڵام تەنها لەگەڵ هەڤاڵ ئازاد هەورامی باسم کرد و چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە. نامەکەی ڕێکخستنی شارم نیشان دا. '....' بانگم کرد، ئەو نازانی من چیرۆکی چوونیان بۆ کەرکووک دەزانم، ناشزانی کە دەیکەم بە حەرەس، دەرزیی تفەنگەکەی دەرهاتووە. پێم وت ئیشێکم هەیە، کەسێک دەناسم بە ناوی '....'. بچۆ بۆ لای بۆ

سلێمانی و نامەیەکیشت بۆ دەنووسم پێی بدە. کەسێکی خائین هەیە دەبێت بۆم بکوژن. من "...." دەنێرم بۆ لای لەناو شاری سلێمانی، ماڵێکم بۆ داناون تاکو خۆتانی تێدا بشارنەوە، ویستم دەمی ئەوەی لە سلێمانییە، چەور بکەم. ئەو ماڵەش کە من بۆیان دیاری دەکەم، پارووپەکی چەورە، بە گرتی دەدەن. ماڵەکە ڕێکخستن کەشف دەکەن.

ئەنجا با چیرۆکی ئەوەی شاری سلێمانی باس بکەم. پێش ئەوەی بێمە سەر باسی "...." کە بچێت بۆ لای "...." لە سلێمانی. هەر کە بووم بە ئامرهەرێمی ٥ی قەرەداغ، لە نامەیەکی ڕێکخستنی شارەوە گلەییان کردبوو چۆن ڕێگە دەدەن فلان لە دێی "...." دانیشێ، کە چەند خەڵکی بەگرت داوە و پیاوی میرییە؟ بە درێژی لەسەریان نوسیبوو، کە چۆن هاوڕێ "ئاسۆ"ی بەگرت داوە. ئاسۆ لە عەفووەکەدا کە بەربووبوو، پێیان وتبوو ناوی "...." نەهێنێت، ئەگینا دەتانکوژینەوە. هاوڕێ "ئاسۆ" کە هاتە دەرەوە، لە قەرەداغ هەمووی گێڕایەوە. ئێستا ماوە کەسێکی تێکۆشەر و دیارە. کاتی خۆی بە هۆی کەسێکەوە پارە دەدەن کلاشینکۆفیان بۆ بکڕن بۆ ڕێکخستن، بە حساب "...." بۆیان بکڕێ، ئەویش سێسەد دیناریان لێوەردەگرێ. لە کاتی تەسلیمکردنی چەکەکە لە لای ئۆرزدی باک دەیانگرن و حوکمی ئیعدامیان دەدەن. بەڵام لە عەفووەکەدا بەربوو. کلاشینکۆفەکەش لە جانتایەکدا دەبێت و دەرزیی تێدا نابێ. دوایی ئاسۆ هاتە دەرەوە و بوو بە کادیر لامان. ئاسۆ وتی وەختێ لە ئەمن لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکردین، ئەو زەرفەی سێسەد دینارەکەی تێدا بوو و ئێمە دابوومان، لەسەر مێزەکەی مدیری ئەمن بوو. هەر ئەو سەردەمە "...."م بانگم کرد لە دێی "....". هێشتا هەڤاڵەکان لە زیندان بوون و بەرنەبووبوون. برادەرێکم هات مامۆستا بوو لەو ناوە. تەکلیفی کرد و سەری لێتێکدام. نەمگرت. ئەو کاتە لەسەداسەدیش دڵنیا نەبووم، نەسیحەتم کرد و وتم بڕۆ خزمەتی ماڵ و منداڵ بکە. کە بەرم دا، خەڵکەکەش سوپاسیان کردم. مەوعدێکم لەگەڵ دانا بێت بۆ قەرەداغ بۆ

لام، ئەمە جاری یەکەم، دیسان بە هالیکۆپتەر دابەزین. هەواڵی منیان پرسیبوو. منیش نەچووبووم بۆ ئەوێ. شکم هەبوو کەسێکی تر ئەو ئەخبارییەی کردبێ. بەلام هەر ئەم بوو "...".

دێمەوە سەر باسەکەم. "..."م بانگ کرد وتم کەسێک هەیە بۆم بکوژن، خائنە و پیاوی میرییە، ماڵیشم بۆ داناون، بە درووە نامەیەکیشم نووسی بۆ "..." ئەو برادەرەی چووە بۆ لای غەزعەل تکریتی کە مەبەستم بوو بێت، "..." بە نامەکەوە ڕۆیشت بۆ شار. دەمم چەور کردووە بۆ ئەوەی بێت. پێم وتن وەرن بۆ دێی "دوکان"، ئەو ڕۆیشت. ئێمەش چووینە دێیەک نزیک ئەو جێگەیەی بۆ ئەو دوو کەسەم دیاری کردووە کە لە سلێمانییەوە بێن بۆ ئەوەی ئیشەکەیان پێبڵێم، من مەبەستم بوو بێن و بیانگرم.

بە کاک ئازاد هەورامیم وت با نەچینە دێی "دوکان"، چونکی مەوعدێکم هەیە. ئەمڕۆ بە هالیکۆپتەر ئینزالمان بۆ دەکەن. ئەو شەو و ڕۆژە لەناو ئەو دێیانەدا بووین، هەموویان خزمەتێکی باشیان کردین. وەک جاران وردەوردە لە جێگەی دیاریکراو نزیک دەبینەوە، بەلام نەچووینە ناو ئەو دێیەی بۆم دیاری کردوون. لە کاتی نانخواردنی نیوەڕۆدا بوو گرمەگرمی هالیکۆپتەر پەیدا بوو. چوونە ئەو جێگەیەی بۆم دیاری کردبوون. دیار بوو ئەمر بە "..." کراوە، کە من مەوعیدەکەم دانابوو. ئێمەش لە بنی دارەکاندا و بنی ژاڵەکاندا خۆمان شاردەوە تاکو کۆپتەرەکان هەڵسانەوە و ڕۆیشتن. دوایی چووینە نزیک دێی "..."، بە دووربین تەماشام دەکرد و دەترسام نەیەن، دەمەدەمی ئێوارە دوو کەس دەرکەوتن. کە نزیک بوونەوە، ئەوان بوون. "فلان" و "فیسار". ئیتر دڵنیا بووم کە ئەم ئیخبارییەشی کردووە و هاتووە، کە لێم پرسین ئێوە لە کاتی هالیکۆپتەرەکان کوێ بوون؟ وتیان خۆمان شاردەوە. عەسکەر و نەفسەرەکان لە خەڵکی دێکەیان پرسیبوو مستەفا چاورەش لە کوێیە؟ بڕیار بووە لێرە بێت. جارێ قسەم نەکرد تاکو لە ماڵی یەکێک لە

جوتیارەکان نانی ئێوارەمان خوارد. لێرەوە وتم بۆچی چوون بۆ کەرکووک بۆ لای منەزەمەی شمالی؟ وتیان نەچووین. دوایی یەکەیەکە جیام کردنەوە. یەکێکیان وتی چووین، یەکێکیان وتی نەچووین، کە هەردووکیانم دانا بەیەکەوە، وتیان چووین، چونکی لەسەر یەک قسەیان کرد، من بە کۆنە پێشمەرگەکەی خۆم وت کوڕی باش دەی کە تۆ هاتیت بۆ نێوزەنگ، بۆچی پێت نەوتووم چوون بۆ کەرکووک؟ وتی نیازم بووە لە قەرەداغ پێت بڵێم.

هەردووکیان یەک جۆر پشتێنیان لە پشتا بوو، قەیفەی ڕەش بوو. دیار بوو پارەیان لە ئەمن وەرگرتبوو و بە یەکەوە لە جۆرێک کڕیبوویان، وتیان کە چووین بۆ کەرکووک، بۆ ئەوە بووە سەری ئەفسەرێک یان پاسدارێکی ئێرانی بهێنینەوە، وەعدیان داوە "فلانەکەس"مان بۆ بەربدەن. جنێوێکم پێدان و وتم کەوایە بۆچی هاتوون بۆ لای من؟ خۆ من ئەفسەری ئێرانی نیم و پاسدار نیم. درۆیان کرد، هەق بوو هەردووکیان ئیعدام بکرێن. بۆ مەسەلەی"..." لەگەڵ سەرکردایەتی تەماسم کرد و بڕیاری ئیعدامکردنی درا.

ئەمەش بەشێکی تر لە چیرۆکی ژیانی پێشمەرگایەتی و ڕۆژگارە سەختەکان. وەک ئەوە وایە لە فلیمی سینەمادا ببینی. بۆیە نووسیم، بۆئەوەی میللەتەکەمان و کەسوکاری شەهیدان و پێشمەرگە ڕاستیی ڕووداوەکە بزانن، ئەوەی کردوومانە لە پێناوی ڕزگاری و ئازادیی خەڵکیدا بووە. دوژمنایەتیی موڵک و بەراومان لەگەڵ کەس نییە، ئەگەر خائنان لەناو نەبرانایە، ئەم ڕۆژەش دروست نەدەبوو، ئەم بڕیارانەش بڕیاری سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی بووە و جێبەجێ کراوە.

بە هاوکاریی (کاک ئازاد هەورامی، سامان گەرمیانی، شێخ جەعفەر، کاک ڕۆستەم) و کادیرەکان پێکەوە کاروبارەکانی قەرەداغ و گەرمیانمان ئەنجام دەدا. لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە خەریکی ڕێکخستنەوەی بووین. ئازاد هەورامیش لە قەرەداغ و گەرمیان دەورێکی

باش و مامۆستایانەی هەبوو. ئەو سێ ساڵەی پێکەوە بووین، من لێپرسراوی سەربازی و ئەویش سیاسی، رۆژێ لە رۆژان جیاوازیمان نەکردووە، ئامانجمان سەرکەوتنی یەکێتی و شۆرش بووە. جاری وا دەبوو دەستکاریی کادیرەکانیشم دەکرد، بە دیوی گەرمیانیشەوە خۆشەویستی و متمانە سنووری نەبوو، هەمووومان دەبوایە رێزی خەڵکی بگرین، خزمەتی دێهاتەکان بکەین و ئازاریان نەدەین. ئەمەش ئیشی رۆژ و دوو رۆژمان نەبوو.

لە گەرانەکانمان بۆ هەردوو بەشی قەرەداغ و شارەزوور بەردەوام بووین. جارجارەش دەچووین بۆ گەرمیان، مەبەستم (سەنگاو، کفری، کەلار) و دێهاتەکانی ئەو جێگایانەیە. جارێکیان ئەوەندە هیلاک بووین، لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک دوو شەو و رۆژێک چووینە پشتی دێی 'ئاوەسپی' لە قەرەداغ بۆ بناری قوپییەکە لەناو دەربەندەکەدا. بە کەسمان نەوت بۆ کوێ دەچین. ویستمان پشوویەک بدەین.

## رفاندنی رووسییەکان و شەری خاوێ

هەمیشە لە جەولەکردندا بووین، چونکی بارەگامان نەبوو و شەرەکەشمان پارتیزانی بوو. وا رێک کەوت لەبەری قەرەداغ لە دێی دێلێژە بووین، نیوەرۆ بوو لەناو دێ بۆ نانخواردن دابەش بووبووین. پاسەوانەکە ئاگاداری کردین وتی لە 'دۆڵی باسەرە'وە خەڵکێکی زۆر بەرێوەن بۆ ئێرە. ئەو کاتە چەمی باسەرە وەک ئێستا جادەی پێدا نەدەرۆیشت، رێگەکەی پیادە بوو. هەموو خۆمان بەست. من چوومە سەرەوە بۆ لای حەرەسەکە. لە پشتی دێلێژە دامەزراین، وتمان نەک حکومەت بێت و هێرش بهێنێ، چونکی نزیک نەبووبوونەوە. پێویست بوو وریا بین، بە دووربین سەیرم کرد، شتێکی سەیر دیار بوو،

جلەکانیان هەریەکە ڕەنگێک بوو، پانتۆلیان لە پێدا بوو، کە وردەوردە نزیک بوونەوە، مەفرەزەیەکی پێشمەرگەشیان لەگەڵدا بوو بە سەرپەرشتیی مامە ڕیشە. گەیشتنە لامان و لەگەڵ ڕیشە ئەملاوئەولای یەکترمان ماچ کرد و ئەوانەی پێناساندم کە "ڕووسین"و هاتوون بۆ بەردەم چەمی باسەرە بۆ ڕاوەماسی. ڕیشەش گرتبوونی، سەیارەیەکی گەورەیان پێبوو. سەیارەکەی سوتاندبوو و ئەوانیشی هێنا بۆ لامان. ئەوەی ڕاستی بێت، هەر زۆرم پێخۆش بوو و دەستخۆشیم لە ڕیشە و پێشمەرگەکان کرد. وتم ئەمە کارێکی سیاسییە، ئێستا دەوڵەتان و ڕادیۆکان بە هۆی ڕفاندنی ئەم ڕووسیانەوە باسمان دەکەن. ئێستاش هەروایە، کە کەسێک دەڕفێنرێت، دنیا باسی دەکات. منیش مەبەستم بوو بۆ ئەوەی دەنگی کورد و شۆڕش بگاتە دەرەوە، هەمووومان چووینە ناو دێی دێلێژە، ڕوسییەکانمان لەگەڵ خۆمان دانا و نانیان خوارد، دنیا گەرم بوو، ١٩٨٠/٨/٩ بوو. پاش ئەوەی مامە ڕیشە و برادەرانیان نانیان خوارد، گەڕانەوە و جارێکی تر سوپاسم کردن.

ئەو کاتە مامە ڕیشە لە کەرتی چواری جەباری بوو، ئەوان ڕۆیشتن. ئێمەش لەگەڵ ئازاد هەورامی کۆبووینەوە و ڕێک کەوتین بچین بۆ دێی "مێولی". لەو کاتەدا ئەم برادەرانە پێکەوە بووین (خۆم، ئازاد هەورامی، شێخ جەعفەر، مام ڕۆستەم، گۆران کە ئامرکەتی دەستەکەی خۆم بوو، دەیان پێشمەرگەی تریش). نانی ئێوارەمان لە مێولی خوارد. بیرمان کردەوە بچینە جێگەیەکی قایم، چونکی دوژمن ئێستا عەودالی ئەم ڕووسییانەیە. لە پشتی مێولی بەرزاییەکی لێبوو، زۆر قایم بوو. سەرو بەتانیمان هەڵگرت و چووینە سەر شاخ، ئەگەر تووشی هەر شتێک بووینایە، شەڕی باشی لێدەکرا. لە مێولی ناردم بەدوای "ئەحمەدی حاجی ساڵح". لە نێوان سلێمانی و قازانقایەدا ئیشی دەکرد. سەد دینارم دایە و وتم بایی ئەم سەد دینارە فانیلە و جلی ژێرەوەم بۆ بکڕە بۆ ڕووسییەکان، چونکی ئەوەندە بە ڕێگەدا ڕۆیشتوون، هەموویان

ئارەقەیان کردبووە. فێری ئەوە نەبوون کە تووش بوون. من مەبەستم ئەوەبوو خزمەتیان بکەم بۆ ئەوەی دوایی کە بەریان دەدەین، نەڵێن دواکەوتوون، وەک ئەو قسانەی دوژمن پێمان دەڵێ کە ئێمە خائن و وەحشین. ئەحمەد ڕۆیشت.

بۆ بەیانی ڕۆژی "١٩٨٠/٨/١٠" لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەی پێکەوە بووین، ویستمان بچینە جێگەیەک، سەر کانییەک، دەرەوەی دێ بێ. دوو حەیوانم بۆ کڕین بۆ ئەوەی لەسەر کانییەکە گۆشتیان بۆ ببرژێنین و خزمەتیان بکەین. لەسەر کانیی "چنارە"، بە ڕای هەمووومان لە نێوان خاوێ و مێوڵێدا نزیک "خاوێ"مان هەڵبژارد. کە دانیشتبووین، کێشەمان ئەوەبوو کەسمان زمانی ڕووسیمان نەدەزانی، ئەوانیش لە ڕووسی زیاتر زمانێکی تریان نەدەزانی. یەکێکیان لەگەڵدا بوو خەڵکی "باکۆ" بوو. بێجگە لە ڕووسی بە تورکییش قسەی دەکرد. لای ئێمەش مام ڕۆستەم خەڵکی کەرکووک بوو و تورکیی دەزانی. ئیتر کەوتینە قسەکردن و پرسیار و وەڵام، ڕۆستەم تەرجومەی دەکرد بۆ هەردوولا. لە بیرمە پرسیارێکیان کرد، یەکەیەکە وتیان ئیشیان چییە. هەریەکەمان شتێکمان لە کارەکەمان بۆ باس کردن. لە ڕۆستەمیان پرسی خۆت ئیشت چییە و چی بوویت؟ وتی من "پاڵەوانم" قۆڵی هەڵماڵی. ئیتر بوو بە پێکەنین.

لەسەر کانییەکە بۆ گۆشتبرژاندن ئاگرمان کردەوە. لەگەڵ دوکەڵی ئاگرەکە هالیکۆپتەر لەسەر ناوچەی قەرەداغ پەیدا بوو. جارێک هات و چوو، کەشفی کردین، دووەمجار کە هات، یەکسەر دەستڕێژی لێکردین. ئیتر ئێمەش بڵاو بووینەوە. لە یەکەم دەستڕێژدا شەش پێشمەرگە شەهید بوون، ئەمە بێجگە لە بریندارەکان. شەڕ دەستی پێکرد و کار لە کار ترازا. دیار بوو ڕفاندنی ئەم ڕووسییانە حکومەتی تووڕە کردبوو، هێزێکی بێشومار و زۆری هێنابوو. ئەوەی چاوەڕوانمان نەدەکرد، بەم شێوەیە بوو.

سەرشاخی پشتی دێلێژە تاکو پشتی خاوی سەرباز و جاش گرتبوویان. ئێمە لە دامێنی شاخەکەدا بووین لەسەر کانییەکە. کەوتبووینە ژێر ڕەحمەتی گوللەی ئەوان. هالیکۆپتەر بە ئاسمانەوە بوو، نە یەک و نە دوو، لە سەعات نۆونیوەوە شەڕ دەستی پێکرد. بەرامبەریشمان پشتی سۆڵە و کونەکۆتر و دەوروبەری گیراوە. ڕووسییەکان خۆیان خستبووە ناو کانیی ئاوەکەوە، گوللە نەیدەگرتنەوە. دوانیان بریندار بووبوون، لەترسا یەکی بەردێکی گەورەیان لەسەر سەریان دانابوو. ئەم شەڕە تاکو ئێوارەی خایاند و تاریکی کرد. نەمانهێشت دوژمن بەو هەموو هێزەوە لێمان نزیک ببنەوە. بەرگرییەکی مەردانە و بێوێنەمان کرد. شێخ جەعفەر بریندار بووبوو. ئەنجا چی بکەین؟ هێزی دوژمنیش لە دەورمانە، ئێمە شانزە بریندار و شەش شەهیدمان هەبوو. ئەمەش ناوی شەهیدەکانە:

١- شەهید گۆران (حسێن حاجی حەسەن) خەڵکی تلەزەیت، ئامرکەرتی پێشمەرگەکانی خۆم بوو.

٢- ئەحمەد حارس پێشمەرگە بوو، خەڵکی کانی هەنجیری بناری شارەزوور بوو.

٣- دکتۆر عەلی قادر جافەرانی. دکتۆری هەرێمی ٥ی قەرەداغ بوو.

٤- هیوا نووری ڕەباتی چەند ڕۆژێک بوو هاتبوو بۆ پێشمەرگایەتی، وازی لە خوێندن هێنابوو.

٥- ئەسعەد خەڵکی دێی دیوانە بوو.

٦- بەهادین خەڵکی قازانقایە بوو.

بریندارەکان زۆربوون و جارجارەش دەسترێژیان لێدەکرین، جێگەکەمان دیار بوو، بەلام تاریک بوو. هەر هەموومان هیلاک و شەکەت بووین، چەند مەفرەزەیەکمان لە قازانقایە بوون و هاتبوون بە دەنگمانەوە، ئەوانیش تووشی شەڕ بووبوون. مەفرەزەکە ئەم کەسانەیان لەگەڵ بوون: ١- دلاوەر ئەحمەد مەجید ٢- ئاوات شێخ

جەناب. ٢-دکتۆر ساجد، هەرکەسێکم لەبیر چووبێت، داوای لێبووردن دەکەم.

من و ئازاد هەورامی و ڕۆستەم و شێخ جەعفەر لە پەنا بەردێکدا دانیشتین. سەرەڕای ئەو هێز و جەبەروتەی دوژمن، ڕووسییەکانمان بە شەڕ تەسلیم نەکرد. کاک جەعفەر قاچی بەرکەوتبوو، ماجیدی پوورم بریندار بوو، لەگەڵ هەڤاڵەکانی تر و حەمەی تەلە. فیشەکمان پێنەمابوو، خۆ نە فیشەکمان هەیە نە مەشجەب، کۆبووینەوە بۆ ئەوەی بزانین چی بکەین، برادەران ڕایان وابوو بەریان بدەین. ئەوەی ڕاستی بێت، من ڕەئم وابوو بەریان نەدەین. وتم ئەم هەموو شەهید و شەڕەمان کردووە بۆچی بەریان بدەین؟ دوایی بیرکردنەوە منیش هاتمە سەر قسەی هەڤالانی تر. فیشەکمان پێ نییە، بەیانیش چارەنووسمان وەک ئەمڕۆ دەبێت و پەلامارمان دەدەنەوە. ئەو هەموو بریندار و شەهیدەمان هەیە، دوایی دەیانوت خەتای تۆ بووە. لەبەر ئەوە ڕێک کەوتین نامەیەک بنووسین بۆ سەفارەتی ڕووسی، بەم شێوەیە نامەکەم نووسی:

بەڕێز سەفیری یەکێتیی سۆڤێت. سڵاوتان لێبێت. بۆمان دەرکەوت ئەوانەی گیراون، ڕووسن. ئێمەش ڕوسیا بە پشتوپەنای میللەتانی هەژار دەزانین. میللەتی کورد هەمیشە دۆستی ئێوە بووە. لە گرتنیان نەیانزانیبوو ڕووسن، وا بڕیارمان دا ئازادیان بکەین. داوای ئێمەش لە ئێوە ئەوەیە چەک بە حکومەتی عێراق مەفرۆشن. لەبەر ئەوەی دژی گەلێکی وەک ئێمەی هەژار بەکاری دەهێنێ. من ناکەمەم ئیمزا کرد. هاتە سەر ئەوەی مۆرەکەی لێبدەین، مۆرەکەی من لە مۆرەکەی لق کە لای ئازاد هەورامی بوو، باشتر بوو. ئینگلیزی و عەرەبیی تێدا بوو، قەبارەشی گەورەتر بوو، پێش ئەم ڕووداوە جارجار ڕۆستەم لەگەڵ ئازاد هەورامی گاڵتەی دەکرد و دەیوت مۆرەکەی تۆ بەکەڵک نایەت، ئیتر لەو دۆخەدا بوو بە پێکەنین، مۆرەکەی هەرێمی ٥م لێدا و

پێچامەوە. کە نامەکەشم نووسی، تاریک بوو، بەتانییەکیان دا بە سەرمدا و لەژێر بەتانیەکەوە نامەکەم نووسی. لایتی بچووکیان بۆ داگیرساندم.

مادام بڕیاری بەربوونیانمان دا، ناردم بۆ لای موختاری خاوێ "حاجی ڕەشید"، داوام لێکرد دوانزە گوێدرێژمان بۆ بنێرێ بۆئەوەی ڕووسییەکان سوار بکەین و بیاننێرینە دێی خاوێ. بەیانی ئاگاداری جەیشەکە بکەن کە بەرمان داون، ئەوەشمان جێبەجێ کرد، ولاخ هات و ڕووسییەکانمان سوار کرد، پێشمەرگەی شارەزامان لەگەڵ ناردن بۆ دێی خاوێ.

### نۆرەی تەرمی شەهیدەکانە دەست دوژمن نەکەون

پاش ئەوەی ئەو بەڵایەمان لەکۆڵ بووەوە، دەستمان کرد بە گواستنەوەی تەرمی شەهیدەکان هەریەکە بۆ جێگەی خۆی. بۆ ئەوەی دەست دوژمن نەکەون، هەموویانمان هێنایە خوارەوە، دوایینیان دکتۆر عەلی قادر بوو. لەو جێگەیەی شەهید بووبوو، چووم کردمە کۆڵم. ئەویشمان بە سەربەرزی ناردەوە. دڵمان ڕەحەت بوو، کە دەست دوژمن نەکەوتن. ئەگەر سبەینێ شەڕیش دەست پێبکاتەوە، شەهیدەکان دەست دوژمن ناکەون. لە یاسای شەڕدا بەتایبەت لە کوردستان، لە شۆڕشی ئەیلوولەوە تاکو ئێستا زۆر ناخۆشە شەهید دەست دوژمن بکەوێ، هەریەکەمان ناردەوە بۆ لای کەسوکاری خۆی. هاتینە سەر بریندارەکان. لەم مەیدانە بچوکەدا بریندارەکانمان سواری ولاخ کرد. ئەم هەموو بریندارە بۆ کوێ بەرین؟ کوێمان هەیە؟ بە عەقڵی هەموومان و خەڵکی گورباس، دۆڵێکی بچوک هەبوو تۆزێک نەدیوو بوو، لە بەینی گورباس و دێلێژەدا، هەموومان چووینە ئەوێ و ڕۆژ بووەوە. پێمان وتن نابێت کەس لە جێگەی خۆی بجوڵێتەوە بۆ ئەوەی کەشف نەبین،

بەرامبەرمان لەسەر شاخی پشتی سۆڵەوە بەرامبەر دێلێژە عەسکەرێکی زۆر بە تەیارە دابەزیبوون. هالیکۆپتەر وەک ڕۆژی یەکەمی شەڕەکە لە هاتوچۆدا بوو، وەرە حسابی بریندارەکان بکە و داوای ئاو دەکەن، خۆمان دوو ڕۆژە هیچمان نەخواردووە و برسیمانە. بەو گەرمایەی مانگی ئاب بریندار بە و ئاو نەبێ، نەماندەتوانی بچینە سەر چەمەکە ئاویان بۆ بهێنین، تەنها دکتۆر ساجدمان لەگەڵ بوو بۆ تیمارکردنیان. بەداخەوە لەم ساڵانەی دواییدا ساجدیش وەفاتی کرد، کوڕێکی زۆر چاک بوو. جوڵەمان لە خۆمان بڕی، ئەگەر یەکێک بجووڵایەتەوە، هاوارمان لێدەکرد، چونکی ئەگەر دوژمن بمانیدۆزیایەتەوە، دەرنەدەچووین. کەم بووبووینەوە، هەموو بریندار و بێ فیشەک بووین.

بەو دۆخەوە چۆن لەگەڵ ئاسمان شەڕ دەکرێ؟ ئەو هەموو هێزەش دەوری گرتووین. کەوتینە دوای نیوەڕۆ، لە دەمەدەمی عەسردا چاومان لێبوو چەند جارێ کۆپتەر لەسەر شاخی پشتی سۆڵە دادەبەزی و هەڵدەستایەوە، دیار بوو هەواڵیان بۆ چووە ڕووسییەکان بەردراون. ئەوانیش ئەمریان پێکراوە بۆ گەڕانەوە. دیار بوو موختاری خاوێ ئەوەی پێمان وتووە، جێبەجێی کردووە. حاجی ڕەشید پیاوێکی باش بوو.

زانیمان سوپاکە کشاوەتەوە، کوڕ ئەو کوڕە بوو خۆی بگەیەنێتە چەمەکە بۆ ئاوخواردنەوە و دەموچاوشتن. پاش پشوویەک و دەموچاوشتن، هەموو یەکمان گرتەوە، ملی ڕێگەمان گرتەبەر. دێی دێلێژە نزیکترین دێ بوو لێمانەوە، کە چووینە ناو دێ، خەڵکی دڵسۆزی دێلێژە هاتن بە پیرمانەوە، وتیان ئەوە ماون؟ وتومانە یەک کەسیان دەرنەچوون، ئێمەش بە ڕۆحیەتی بەرزەوە وەڵاممان دانەوە. بە هۆی هەڵگرتنی شەهیدەکان و بریندارەکان جلەکانمان هەمووی خوێن بوو. چووینە ناو دێ، حەمامیان بۆ گەرم کردین و نانمان خوارد.

## ڕۆژی دوایی جەژن بوو

ڕۆژی جەژن کەسوکاری پێشمەرگە و خەڵکی ڕێکخستن ڕوویان کردە قەرەداغ بۆ هەواڵی پێشمەرگە و عەزیزەکانیان، ئەوەی شەهید بووبوو، بردیانەوە. ئێمەش بریندارەکانمان شاردەوە. هەر دووان و سیان ئەماننادرن بۆ دێیەک بۆئەوەی هەموویان لە یەک جێگە نەبن، چونکی لە ترسی ئیخباریکردن بنکە و بارەگامان نەبوو. ڕۆژانە دکتۆر ساجد هاتوچۆی دەکردن، برینەکانی بۆ دەرمان دەکردن. بەڕاستی دکتۆر ساجد دەورێکی گەورەی بینی.

ڕۆژی دوایی نامەیەکم بۆ هات لەبەری دوکانەوە نزیک دەربەندیخان، لە هەمان ڕۆژدا "١٩٨٠/٨/١٠" حکومەت بە هێزێکی گەورەوە هێرشی هێنابوو و بۆ هەمان مەبەستی ڕووسییەکان هاتبوونە بەرامبەر دێی "هومەر قەڵا". لەوێش کەرتێکمان دەبێ، ئامرکەرتەکەیان "عوسمان حاجی محەمەد باخی سەروو" بوو، ناوی "بەختیار" بوو، لەگەڵ جێگرەکەی "هیوای حەمەفەرەج فەتاح" خەڵکی "بانی بی"ی لای دەربەندیخان. پێشمەرگەکان بەرەنگاری سوپاکە دەبنەوە. کە لای ئێمە شەڕە، لەوێش شەڕە. بەرگرییەکی بێوێنەیان کردبوو، لەو شەڕەدا "بەختیار" و "هیوای حەمەفەرەج" شەهید دەبن. کە تاریک دادێ، پێشمەرگەکان دەکشێنەوە. نە ئەوان ئاگایان لە ئێمەیە نە ئێمەش ئاگامان لەوانە. ئەو کاتە جیهاز و بارەگا نەبوو، هەموو بنکە و بارەگامان بە کۆڵی خۆمانەوە بوو. کە ئەم هەواڵەمان زانی، بارەکەمان قورستربوو، هەموو ئەو کوڕە ئازایانە نمونەی قارەمانی بوون، تاکو ئەوانەمان لەو سەردەمەدا پێگەیاند، مەگەر خوا بزانێت چیی ویستووە. باشترین کادێری سەربازی شەهید بوون.

لە ڕێکخستنی شارەوە جوابیان بۆ ناردین و وتیان هەرچی ڕێگە هەبوو بۆ دەرەوەی قەرەداغ، هەمووی گیراوە. دوژمن هەتا تولەڕێگەکانیشی گرتبوو، سەرجادەی قولەرەیسی، ئەو ڕێگەیانەی شکی

لیدەکەن، گرتبوویان. لەویش ڕزگارمان بکردنایە، ڕەنگە لە جێگەیەکی تر تووشی شەڕ ببین. من ئەوەم بە گەورەترین سەرکەوتن زانی بۆ هێزی پێشمەرگە. ئەگەرچی باشترین کادێری سەربازیمان لە دەست دا، بەڵام قورسایی خۆی هەبوو. ئێستاش شەڕی خاوێ یەکێکە لە داستانە مەزن و گەورەکانی ئەم شۆڕشە. ئێمە ئەمانویست ئەم ڕووسیانە بگەیەنینە لای سەرکردایەتی بۆ ئەوەی لەگەڵ مەرجەعی خۆیان قسە بکرێ. ئەو کاتەش دەنگێکی باشی دەدایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر کاریگەریی خۆی هەبوو. هەر زوو لە سوریاوە بە هۆی سەفارەتی ڕوسیاوە لەگەڵ نوێنەری ئێمە لە سوریا پەیوەندییان بە برادەرانمانەوە کردبوو. دیارە شانسمان نەبوو، ئەگەر بۆمان بکرایە، بەرمان نەدەدان تاکو خۆمان لە ڕێگەی خۆمانەوە تەسلیمی سەفارەتمان دەکردن. دوای ئەو شەڕە گەورەیە هاتینەوە سەرخۆمان.

## شەڕی ئێران و عێراق

هەروەک کاری ڕۆژانەمان لە گەڕاندا بووین. ئەمجارەیان لە بناری شاخی 'جێشانە' بەرامبەر سلێمانی لەناو دێ بووین. لەگەڵ شێخ جەعفەر پێکەوە بووین. هەڤاڵ دلاوەری ئەحمەد مەجیدمان لەگەڵ بوو، بەرپرسی ناوچەی ئەوێ بوو و لەگەڵ پێشمەرگەکان یەک دوو سەیارەی تۆیۆتامان پێبوو، هی حکومەت بوو، لەناو شاری سلێمانی هێنابوومان. بە هۆی شەڕی عێراق و ئێرانەوە ترسمان کەم بووبووەوە و بە ئۆتۆمبێلیش دەگەڕاین. وەک جاران نەبوو، هالیکۆپتەر کەم بووبووەوە، جاران کۆپتەر چاوی پیاوی دەردەهێنا، ئاهێکمان پیا گەڕا و ترسمان کەمتر بووەوە.

دەوری سەعات "٩"ی سەرلەبەیانی بوو، بە چاوی خۆمان بینیمان دوو تەیارەی ئێرانی بەسەرماندا هاتن. پاش چەند دەقیقەیەک لە کارگەی شەکرەکەیان دا و ئاگر بەرزبووە. ئێمەش زۆرمان پێخۆش بوو، نەک لەبەر ئەوەی خەڵکی فەقیر و هەژار شەهید دەکات، لەبەر ئەوەی لە حکومەتی عێراق دەدات، چۆن دەڵێی غیرەت گرتینی، هەندێکمان سواری سەیارەکان بووین و هەندێکمان بە پێ. بەرەو شاری سلێمانی بە ڕۆژی ڕووناک کەوتینە ڕێ، هاتینە "کەنەسوورە". خەڵکی کەنەسوورە شاهیدن، لەوێشەوە بەرەو ناوشار. ئەو کاتەش مەفرەزەیەکی مەکتەبی عەسکەری کە "مام هێرش"یان لەگەڵ بوو، هاتبوون بۆ قەرەداغ، لەگەڵمان بوون. بەداخەوە "مام هێرش" لە شەڕێکی تردا شەهید بوو. هاتینە بەرامبەر گەرەکی ئابلاخ، سەر گردەکە، کە ئێستا مەزاری شەهیدانی لێیە. بۆ چەند سەعاتێک سەیتەرەمان دانا. ئەوەی بەردەستمان کەوت، شۆفڵێک و تەنکەرێکی پڕ لە گاز بوو. لەگەڵ خۆمان هێنامان بەرەو دێی "جێشانە". لە بەردەم جێشانە تەنکەرەکە چەقی، قورس بوو، ئێمەش بۆرییەکەمان کردەوە و هەرچی گازی تێدا بوو، ڕژاندمان. بەو عەقلیەتەی ئەوسامان واماندەزانی دنیامان گرتووە. بەڵام شۆفڵەکەمان سەرخست بۆ سەر شاخ. ڕەنگە یەکەمجار بووبێ بەو شاخەدا هەڵمان گیرا، چونکی ڕێگە نەبوو، هەر دوای سەعاتێکی نەخایاند سوپای عێراق بە هێزێکی زۆرەوە بە جاش و مەفرەزەکانیەوە هێرشیان هێنا بۆ سەرمان و تەیارەی هالیکۆپتەر بەسەر سەرمانەوە هەڵسا. ئێمەش لێیان دامەزراین لە نێوان "جێشانە" و "داروغا"دا، هەر لە نزیک نیوەڕۆوە تاکو تاریک داهات، شەڕ بوو. لە سەربازگەی تانجەرۆوە تۆپباران دەکراین. نەمانهێشت حکومەت بەو هەموو ئیمکانیاتەوە بێتە پێشەوە. هاوین بوو، چواردەورمان لەبەر پوش گڕی گرتبوو، شەڕیش بەردەوام بوو. برینداریێکمان هەبوو ناوی سەربەست بوو، پەنجەی قرتا، فەرماندەی مەفرەزەبوو. ئەو شەڕە زۆر ڕوحیەتی بەرز کردینەوە. هەم چووینە ناو

شارەوە، هەم دوژمن نەیتوانی زاڵ بێت و کشایەوە. ئەم شەڕە و ئاگر و سوتانە بە بەرچاوی خەڵکی سلێمانییەوە بوو، بە چاوی خۆیان بینییان پێشمەرگە بەرەنگاری گەورەترین هێز دەکات. دوایی تاریک بوو، لە دارۆغا نانمان خوارد و بەسەر شاخدا چووینەوە بەرەو قەرەداغ.

ئەم هاتوچۆیەمان بەردەوام بوو، کەرتی دووی بازیان کە "شێخ جەعفەر" ئامریان بوو، لەگەڵ لیژنەی ناوچەی بازیان کە هەڤاڵ "دلاوەری ئەحمەد مەجید" بەرپرسیان بوو، زۆربەی شەوەکان دەچوونە ناو شاری سلێمانییەوە و چالاکیان ئەنجام دەدا. لە گەرمیانیش بەهەمان شێوە پێشمەرگەکانمان هەمیشە لە چالاکیدا بوون. لەسەر ڕێگە گشتییەکان دەستیان لە دوژمن دەوەشاند، هەروەها لەبەری بەمۆ و خانەقین، چونکی لە سنووری هەرێمی ٥ی قەرەداغدا بوون. لەوێش پێشمەرگەی ئازا و چالاکمان هەبوو، هەموویان خەڵکی ئەو سنوورە بوون، وەک سەلام کوێخا عەزیز و ساڵحی برای و مامە عەلەڕەش و کوڕەکانی حەمەفەرەج فەتاح خەڵکی بانی بی، مەحموودی مامە عەزە و مامە عەزەی باوکی، حاجی عەبدوڵڵا، ڕەئوفی یاسە، ئازادی مامە عەلەڕەش و دەیان پێشمەرگەی تر. هەندێکیانم لە پێش شۆڕشەوە دەناسین بە هۆی حیزبی شیوعییەوە.

جارێکیان پێشمەرگەکانی بەمۆ و خانەقین هەندێک مانگای عەرەبەکانیان هێنا، مانگاکان گەورە بوون، پێیان ئەوت مانگای جبوری، عەرەبەکان هاتبوونە سەر زەویوزاری کورد. کوردەکان هەمووی دەرکرابوون، کەسی لێنەمابوو. کە هێنایانن، دۆخی ماددی یەکێتی باش نەبوو، بەخەیاڵما هات وتم با دوو مانگا بنێرم بۆ مام جەلال بۆ "نێوزەنگ" بۆ ئەوەی ماست و شیری هەبێ. بە برادەرانی ڕێکخستنی خۆماندا بەڕێم کرد. کە گەیشتبوو، مام جەلال نامەیەکی بۆ نووسیبووم وتبووی برام تۆ کە مانگاکانت ناردووە، "گوێلکەکانت" لەگەڵ نەناردووە. "الاحسان بالتمام". منیش نەمزانیبوو ئەگەر گوێلکەکان نەنێرم، شیرەکەی

وشک دەکات. ئیشەکەم بوو بە ئیشی دووجار و گوڵکەکانیشم بۆ نارد. بەداخەوە شتەکانم سووتان، ئەگینا ئەو نامانە بمانایە، باش بوو و خۆشیش بوو. خۆزگە مام جەلال لەبیری مابێ، هەندێک لە هەڤاڵەکان ئەوانەی ئەو سەردەمە پێکەوە بووین، بۆ خۆشی وتبوویان "خەڵکی ماستاو دەکات"، بەڵام کاک مستەفا مانگا دەکات.

ئەمە ژیانی ئێمە بوو، پڕ بوو لە خۆشەویستیی یەکتر و نیشتمان. ڕۆژبەڕۆژ و ساتبەسات کار و چالاکیمان زۆر دەبوو. گەشەیەکی بەرچاومان کردبوو. ژمارەمان زۆر زیادی کردبوو. کەرت و مەفرەزەکان باش ڕێک خرابوون، کەسانی باش و ئازاو دڵسۆز بوون. لەو سەردەمەدا کۆمەڵێک هەڤاڵی ڕێکخستن هاتنە دەرەوە لە گەرمیان، وەک هەڤاڵ عەدنانی حەمەی مینە و براکانی، مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا کە ئێستا بە عەلیی پەڕلەمان ناسراوە. سەید محەمەد خەڵکی کفری بوو، بوو بە کادیر، بەداخەوە شەهید بوو. ڕەنگە ناوەکانم لەبیر نەمابێ، بەڵام زۆر بوون. جا نەک هەر لە گەرمیان، لە شوێنەکانی تریش هاتنەدەرەوە هەبوو. پێشمەرگە چالاکیی چاکیان دەکرد و بەردەوام بوون، هەرێمی ٥ی قەرەداغ هەر خۆی شۆڕشێک بوو، کادێرە سیاسی و سەربازییەکان بێوچان کاریان دەکرد، بڕوا و متمانەی خەڵکیان بە لای خۆیاندا ڕاکێشابوو، گەورەیی هەرێمی ٥ سنووری نەبوو.

ڕۆژێکیان لە قەرەداغ جەولەمان دەکرد. خۆم و شەهید ئازاد هەورامی و مام ڕۆستەم لەگەڵ هەندێک لە هەڤاڵەکانی تر، لە مەسۆییەوە بەرەو سێوسێنان دەچووین. ماڵی دایکم و خاڵم لە مەسۆیی بوون، سەردەمێک لە ترسی گرتن لە شار ڕایان کردبوو. منیش جارجارە سەردانم دەکردن. دەبوایە کەسیش نەزانێت لەوێن، لەبەر ئەوەی خەبەریان لێنەدەن و حکومەت بێت بیانبات.

مام دەرویش ساڵح پێشمەرگەیەکی هەتا بڵێیت ئازا بوو، کۆنە شیوعی بوو لەگەڵ خۆم، لە زووەوە دەمناسی، شوکر ئێستاش هەرماوە. لەگەڵ

هەڤاڵ حەمە قاشتی کە ئێستا ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندە، یەکێک بوو لە کوڕە ئازاکانی هەرێمی ئەو کاتە، هەردووکیان فەرماندەی دەستە بوون. ڕۆژێکیان هاتن و مامۆستایەکی عەرەبیان هێنابوو لە دیوی شارەزوور لە "زەڕایەن". زەڕایەن جاشی زۆر لێبوو، مۆڵگەکانیان لەوێ بوو، لە دیوی "سیارە و چنارە" لای دەربەندیخان لەسەر جادەی سلێمانی دەربەندیخان کەمینیان دانابوو. سەیارەی ئەم مامۆستایەی تێکەوتبوو، ئەم مامۆستایەش لێپرسراوی مەنزەمەی بەعس بوو لە زەڕایەن. کاتی خۆی لە پیشەسازی سلێمانی مامۆستا بوو، ناوی "ڕەشید مەجید محەمەد" بوو، کەسێکی چوارشانە بوو. هێنایان بۆ لام. تازە بە هۆی خیانەتەوە "دکتۆر چیا" کە کادێرمان بوو و کوڕێکی زۆر باش و ڕێکوپێک بوو، شەهید کرابوو. کە هاتن، پاش سەلام و بەخێرهاتن تەسلیمیان کردم، منیش عەرەبیم دەزانی، خۆم فەقیر کرد، تۆزێک قسەم لەگەڵی کرد، لە کاتی قسەکردندا وتی "کاکە ئانی زوجتی کوردیە"، کاک ڕۆستەم یەک زللەی مزری لێ دا، ئەو زەلامە گەورەیە کەوت! وتی وادەزانم "کوردەی خوشکم...". وادەزانی پێمان خۆشە ژنەکەت کوردە؟ ئەو کاتەی مامۆستا بووە لە پیشەسازی، ژنەکەی خوێندکاری خۆی بووە و هێنابووی، دەسەڵاتی هەبوو، کچی "حاجی جەلال" ناوێک بوو. قسەم لەگەڵی کرد کە ئەگەر پێشمەرگەی لەگەڵ بنێرم بۆ زەڕایەن بە شەو مەنزەمەی تەسلیم بکات، من بۆ ئەوەی فێڵی لێبکەم. وتی زۆر باشە و ئاسانە، دیارە ئەویش دەیەوێ فێڵ لە من بکات بە خەیاڵی خۆی. وا دەزانێ گۆڕمان بۆ هەڵدەکەنێ وەک چۆن دکتۆر چیایان شەهید کرد.

لەگەڵ هەڤاڵان ئازاد هەورامی و مام ڕۆستەم بڕیارمان دا. دەستەیەک پێشمەرگەی شارەزای ئەو سنوورەم بانگ کرد، مۆرم دا لە بڕیارەکە و تەسلیم بە دەستەکەم کرد. لە خەیاڵی خۆیدا دەیبەن بۆ زەڕایەن تەسلیمیان بکات، من لە بەرچاوی "ڕەشید" بە دەستەی پێشمەرگەکانم وت حورمەتی بگرن و لەگەڵی بچن بۆ زەڕایەن، مەنزەمەتان تەسلیم دەکات و هەموو شتەکان بهێنن، بۆ ئەوەی وابزانێت بە ڕاستمە. لێپرسراوی پێشمەرگەکانم

بانگ کرد، بڕیارە ڕەسمییەکەم پێوت. بۆیە حەزمان کرد بچینەوە لای زەڕایەن، چونکە لەوێ خەڵکی دەیناسن، بزانن تۆڵەی دکتۆر چیادا هەموو خائنێک ئەمە چارەنووسی دەبێ. ئەوان ڕۆیشتن، کابرای عەرەب دڵخۆش بوو، هەر شەوێ ئەمرەکەیان جێبەجێ کرد. زەڕایەن خەڵکی جاشی زۆر لێ کۆبووبووەوە، لە ڕێکخستنی خۆمان ناو زەڕایەن ئاگاداری هەموو جموجۆڵێکی دوژمن بووین. لەسەر ئەمە حکومەت کەسوکاری هەندێ پێشمەرگەی گرت، وەک باوکی حەمە قاشتی و کەسوکاری تری پێشمەرگەی ئەو سنوورە.

جارێکی تر لە قەرەداغ بووین، کەسێکی خراپ گیرابوو بە ناوی "....". خەڵکی لای چەمچەماڵ بوو لە دێی "..."، پاش ئەوەی ئامۆژگاریمان کرد واز لە خراپە بهێنێت، بەڕەڵلامان کرد. کەچی بەردەوام بوو لە هاوکاریکردنی حکومەت. لە هەندێ جێگە لەگەڵ ئێمە بوو. ئەو کاتەی گیرابوو، لە دێهاتەکان دابەش دەبووین و نانمان دەخوارد، کە گەڕابووەوە، چوو سواری هالیکۆپتەریان کردبوو، هاتبوو بەدواماندا بگەڕێ. چووبوو بۆ هەندێ دێ، لە هەندێک دێ خەڵکی فەلاح و کاسبیان گرتبوو. لەوێش دێهاتییەکان "فلانیان"یان ناسیبووەوە کە لە ڕابوردوودا چووەتە ماڵیان. ئەوانەی گیرابوون لەناو تەیارەکەدا "فلان" دەستی کردبوو بە باخەڵیاندا و هەوییەکانی دەرهێنابوون. پێی وتبوون من خۆم لە ماڵەکانی ئێوە لەگەڵ مستەفا چاوڕەشدا بووم. بووبوو بە شاهید بەسەر خەڵکەکەوە. کە خەڵکەکە هاتنەوە، بۆیان باس کردم، نامەیەکم نووسی بۆ "کاک ڕۆستەم" کە ئەو کاتە لێپرسراوی کەرتی چواری جەباری بوو. مەردانە لە دێیەکەی خۆیان گرتبووی و جارێکی تر بۆی ناردمەوە. پاش ئەوە شاهیدی لەسەر بوو. لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی لە دێی "..." لەلایەن پێشمەرگەوە"ئیعدام" کرا. پاشان کە کاک ڕۆستەمم بینی، وتی خۆ من نەمنارد ئیعدامی بکەن، تۆزێک خزمیشم بوو. ئیتر هەر کەسێک خیانەتی بکردایە چارەنووسی وا دەبوو. لاشمان مەبەست بوو خەڵکی بترسن و خیانەت نەکەن، ئیخباریمان نەکەن. کاک ڕۆستەم زۆر لای ئاسایی بوو.

**بەرەوپێشچوونی هەرێمی (٥)**

دۆخی هەرێمی ٥ هەتا بڵێیت باش بوو، زۆر زیادی کردبوو، خەڵکی لە هەموو شوێنەکانی سنووری هەرێم بە هەموو شتێک هاوکارییان دەکردین. ماڵەکانیان وەک ماڵی خۆمان بوو. هەستاین بە دروستکردنی هێزی پشتیوان. هەرێمەکەش لە ڕووی ژمارەوە گەورە بوو، پەیوەندیی باشمان لەگەڵ شارەکانی (سلێمانی، دەربەندیخان، کەلار، کفری، چەمچەماڵ) هەبوو. ڕێکخستن زۆر هاوکارییان دەکردین، دەنگوباسی ڕۆژانەیان بۆ دەناردین لەسەر هەڵسوکەوتی دوژمن و پیاوەکانی ڕژێم. بە هۆی شەڕی ئێران و عێراقەوە ترسی جارانمان نەمابوو و زیاتر دەچووینە دێیەکانەوە. لە ڕووی ئیشوکاری حیزبییەوە کاک ئازاد هەورامی دەورێکی یەکجار باشی بینی، ڕێکخستنی خستە شارۆچکەکانەوە، دەوری باشیان هەبوو.

**شەهیدبوونی خالید گەرمیانی**

ئێمە ئاگادار نەبووین "مامۆستا جەعفەر" کە ئەندامی ناوەندی کۆمەڵە بوو، لە نێوزەنگ هاتووەتە خوارەوە و چووە بۆ گەرمیان. ئێستاش نەمزانی بۆچی هاتبوو. دەوری سەعات "٨"ی سەرلەبەیانی بوو. لەگەڵ شێخ جەعفەر و کاک ڕۆستەم لە خاوێ بووین. نەمانزانیبوو سەر شاخی پشتی خاوێ گیرابوو، دیار بوو بە شەو لە سەنگاو یان چەمچەماڵەوە هاتوون، دەوری دێهاتەکانی تریش گیرابوو، دێی خاویش وەک دۆڵێک وایە، ئەگەر سەرشاخت لێبگیرێ، ئیشت زەحمەت دەبێ.

هەر ئەوەندەمان زانی لەسەر شاخەوە دەستڕێژیان لێکردین و شەڕ دامەزرا. ئینجا زانیمان دەورمان گیراوە. من لەگەڵ شێخ جەعفەر و مام ڕۆستەم تینمان بۆ هات. یەکەمجار خۆمان ڕزگار کرد. بە دۆڵەکەدا چووینە خوارەوە و کشاینەوە، لە لایەکی ترەوە هەڵگەڕاینەوە بۆیان. لەگەڵ پێشمەرگەکان یەکمان گرتەوە و کەوتینە شەڕەوە. هالیکۆپتەریش

مۆڵەتی نەدەدا و بەسەر سەرمانەوە بوو. تاکو دەوری عەسرێکی درەنگ شەڕمان لەگەڵ کردن. مام ڕۆستەم شارەزابوو لە "ئاربیجی"دا، چەند گوللەیەکی "ئاربیجی"ی نا بە هالیکۆپتەرەکەوە، وتیان پێکاویەتی، لای ئێمە هیچ نەکەوتە خوارەوە، مەگەر عەزیەتی پێگەیشتبێت. لەو شەڕەشدا "سەلامی فەقێ عەلی" کە خەڵکی کفری بوو و برای شەهید قاسم بوو، لەگەڵمان بوو، سەردەستەی پێشمەرگەکانی لای خۆم بوو، دەوری هەبوو. ساچمەی هالیکۆپتەرەکان چاوێکی بریندار کرد، ئێستاش بەو چاوەی نابینێ. بنەماڵەی سەلام بنەماڵەیەکی تێکۆشەری شاری کفری بوون، هەموو گەرمیان دەیانناسن، بنەماڵەیەکی دڵسۆزن.

دوای شەڕەکان هاتینە خوارەوە بۆ دێی "قازانقایە"، دیار بوو دوژمن زانیاریی هەبوو لەسەر هاتنی مامۆستا جەعفەر. ئەو ناوەیان گرتبوو و کەمینیان دانابوو. "خالید گەرمیانی" بۆ ئەوەی مامۆستا جەعفەر بگەیەنێتەوە لای ئێمە لە قەرەداغ، لەگەڵی هاتبوو، کەوتبووە کەمینەکەوە. خالید شەهید دەبێ، بەڕاستی گەورەترین خەسارەتی هەرێمی پێنجەم بوو، چونکی خالید زۆرزۆر هەڵسووڕاو و ئازا بوو، چەندین چالاکیی لەناو شاری کفری ئەنجام دابوو. لە بیرمە جارێکیان لەگەڵ پێشمەرگەکانیدا چووبوونە خوارەوە بۆ ناوچەی دوژمن بۆ خوار دووزیش، لە دێیەک بە ناوی "ئەبووسەباح" چەکێکیان هێنابوو. جارێکی تر کوڕی بەڕێوەبەری پۆلیسی کفرییان ڕفاند و گۆڕییانەوە بە کەسوکاری پێشمەرگە. بەداخەوە لەو کەمینەدا شەهید بوو. لە گەرمیان بە ئاسانی شوێنەکەیمان بۆ پڕ نەکرایەوە. بەڵام خۆشبەختانە دەیان کادێری سیاسی و سەربازی لە گەرمیان دروست بوون. هێزی پێشمەرگە لە گەشەکردندا بوو. ناکرێ دەوری هەڤاڵەکانی تر باس نەکرێ، هەموویان زۆر چاک بوون، سامان گەرمیانی جێگرم بوو، سەرپەرشتیی گەرمیانی دەکرد، دەوری "مەلا ئیبراهیم" بەرپرسی ناوچەی گەرمیان بوو. ئێستا لە نەمسایە و دەبێ هاتبێتەوە. هەر لەو ساڵەدا بوو خۆمان ئامادە کرد بۆ سەرکردایەتی بۆ کۆنفرانسی سێ.

## شەڕی گەورەی لای ئیمام قادر و دێوانە

هەر لە قەرەداغ بووین. ئێوارەیەک حەمە قاشتی و مام دەرویش سەیارەیەکی لاندکرۆزەری پشتبەتاڵیان هێنا. هی کارگەیەکی بەرد بوو لای دەربەندیخان. شۆفێرەکەی میسری بوو. کە هێنایان، تەسلیمی منیان کرد. هەرچەند میسرییەکە زۆر هەوڵی دا ئۆتۆمبێلەکەی بدەینەوە، وتمان هی حکومەتە، ناتوانین بتدەینەوە، میسرییەکەمان ئیزن دا. بۆ بەیانی هێزێکی گەورەی سوپا لە دەربەندیخانەوە هێرشیان هێنا و ناقلە و سەربازێکی زۆریان لەگەڵدا بوو، هالیکۆپتەر بەسەر سەرمانەوە بوو، ئێمەش لە دەوری ئیمام قادر و بنارەکە بە چەند قوڵێک لێی دامەزراین و شەڕ دەستی پێکرد. ئەوەی ڕاستی بێت، پێشمەرگەکان دەورێکی مەردانە و قارەمانەیان بینی. ئێمەش لەگەڵ کاک ئازاد هەورامی لە قوڵێکەوە دامەزراین، جارجارەش دەگەڕام بۆ لای قوڵەکانی شەڕەکە و لەوێش حەمە قاشتی و مام دەرویش دەوریان دیار بوو، شارەزای ناوچەکەش بوون، تاکو ئێوارە تاریکی کرد، شەڕ بەردەوام بوو، تۆپخانەکانی سەربازگەی دەربەندیخان تۆپبارانی دەکردین. هالیکۆپتەر بە سەرمانەوە دەستڕێژی دەکرد، بێجگە لە سوپا کە دەیانویست بێنە پێشەوە. ئەو هێزە زۆرەی دوژمنمان شکست پێهێنا و ئێوارە کشانەوە. نەیانتوانی لە جادەکە زیاتر بێنە پێشەوە. ئێمەش پاش شکاندیان گەڕاینەوە بۆ جێگەی تر، لەوێش خەسارەتمان نەبوو. لەوان کوژراو و بریندار هەبوو.

### هاتنی هەڤاڵان شەوکەتی حاجی موشیر و سەلاحی موهەندیس

لەو ماوەیەدا لە بناری شاخی بەمۆ و دێهاتەکانی ئەوبەر ئاوی دەربەندیخان پێشمەرگەی چاکمان هەبوون. سەرکردایەتی بڕیاریان دابوو کە بەری خانەقین و ئەوبەری ئاوی سیروان بکرێت بە هەرێم، ناوی هەرێمی ٩یان بۆ دانابوو. کاک شەوکەت حاجی موشیر و سەلاحی موهەندیس هاتن. ئامرهەرێم و جێگرەکەی، نامەی سەرکردایەتییان بۆ هێنابووم بۆ ئەوەی هاوکارییان بکەم بۆ کردنەوەی ئەو هەرێمە و ئەو پێشمەرگانەی خەڵکی ئەوبەرن. کەرتێک زیاتر بوو بۆیان بگوێزمەوە بۆ سەر هەرێمی ٩، چەند ئیمکان دەبێ، هاوکارییان بکەم بۆ سەرکەوتنی ئەو هەرێمە و چوونیان بۆ بەری بەمۆ بۆ پەراندنەوەیان.

من و ئازاد هەورامی لەگەڵ کاک شەوکەت و سەلاحی موهەندیس دانیشتنێکمان کرد و بڕیارمان دا هەموو پێشمەرگەکانی سنووری خانەقین، واتە بەری ئەوبەری دەربەندیخان و بەمۆ و سەرتەک، هەموویان بگوێزینەوە بۆ ئەم هەرێمە تازەیە، هەرواشمان کرد. چەند ڕۆژێک لامان مانەوە، دوایی بەرنامەی خۆیان دانا بۆ ڕۆیشتن و پەڕینەوە بۆ ئەوبەر. ئێمەش باشترین پێشمەرگەکانی ئەو سنوورەمان تەسلیم کردن. لەو کەسانەش سەلام کوێخا عەزیز، مەحموودی مامە عەزە، ساڵح کوێخا عەزیز، مامە عەزە، حاجی عەبدوڵڵا، کاک عەلەڕەش لەگەڵ خزم و کەسوکاری پێشمەرگەیان و دەیانی تریش.. لەمەودوا خۆیان لە ئیشوکارەکانیان بەرپرسیار دەبن.

ئەوەی جێگەی داخە، چەند مانگێکی نەخایاند و گەڕانەوە. کاک شەوکەت و کاک سەلاح پێکەوە نەگونجان. ئەمەش کاریگەریی کردە سەر باقیاتی هێزەکە، ژیانیش لەو ناوچە چۆڵەوانییە ئاسان نەبوو بۆ هەرێمێک، ئەو پێشمەرگانەی کە بۆمان گواستبوونەوە، گەڕانەوە بۆ لای خۆمان بۆ هەرێمی ٥ی قەرەداغ.

## ڕۆیشتن بۆ کۆنفرانسی یەکی کۆمەڵە

من و کاک ئازاد هەورامی بێجگە لەوەی لێپرسراوی سیاسی و سەربازی بووین لە قەرەداغ و گەرمیان، ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەش بووین، ئیشەکانمان پێکەوە بوو، زۆریش تەبا و گونجاو بووین.

لە دوای ساڵی "١٩٨٠" کە ماوەیەکی زۆر ئیشمان کرد، داوا کراین بەپێی ئەو بەرنامەیەی دانرابوو، بچین بۆ نێوزەنگ بۆ لای سەرکردایەتی. بڕیاری کۆنفرانسی کۆمەڵە دراوە. ئەوانەی بە پێی بەرنامەکە بەشدار دەبن، خۆمان ئامادە کرد، هەموویان ئاگادار کرانەوە و ڕۆژی سەفەرمان دیاری کرد بۆ هەڤاڵانی قەرەداغ و گەرمیان بۆ ئەوەی یەک بگرینەوە و بکەوینە ڕێگە بە مەبەستی کۆنفرانس. بەڕێ کەوتین، بە چەند شەو و ڕۆژ و بەزاندنی کەمینەکانی ڕێگە هەموومان گەیشتینە لای سەرکردایەتی. هەر ئێمەش نەبووین، لە هەموو سنووری هەرێمەکان و هەروەها ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شارەکان (هەولێر، سلێمانی، کەرکووک، دهۆک) و هەموو شوێنەکانەوە هەڤالان هاتن و لە کاتی خۆیدا ئامادە بوون. هەموومانیان دابەش کرد بەسەر بارەگاکاندا. باش بوو دنیا گەرمی کردبوو.

ڕۆژی کۆنفرانس دیاری کرا و هەمووان بەشدار بووین. دیار بوو کێشە زۆر هەبوو، لە دروستبوونی کۆمەڵەوە ناکۆکیی لە ناو هاوڕێکاندا هەبوو. من خۆم لە بەشێکی زۆری ئەو کێشانە بێئاگا بووم، چونکی لە دامەزراندنی کۆمەڵە و کێشمەکێشی ڕابوردوو ئەوەی قرەقڕی لەسەر بوو، هەر تێیدا نەبووم. کێشەکانیش تایبەت بوون بە کۆمیتەی هەرێمەکان و ناکۆکیی ناو سەرکردایەتیی کۆمەڵە و زەمانی شەهید شەهاب شێخ نووری و چوونیان بۆ ئێران، گرتنیان و تەسلیمکردنەوە و چیرۆکەکانی. ئەوەی ڕاستی بێت، من پەیوەندیم لەگەڵ هاوڕێ (مەلا بەختیار، کاک سالار عەزیز، کاک ملازم عومەر، کاک نەوشیروان) هەبوو. هەر ئەو سەردەمە کە لەسەر سنوورەکەوە گەڕاینەوە بۆ شۆڕش، هەر ئەوانم بینی بوو و ئەوانم دەناسی، هەڤاڵەکانی تر لە

زیندان بوون و گوناهی من نەبوو، کە پەیوەندیم لەگەڵیان نەبوو، من کە لە شارباژێڕ یان قەرەداغەوە ئەچووم بۆ نێوزەنگ، هەر لە بارەگاکانی ئەوان ئەمامەوە. خۆشەویستی و پەیوەندیمان وەک یەک گیانی لێهاتبوو. خۆشەویستی سنووری نەبوو. برادەرانی زیندانیش تازە بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرابوون. ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیم تازە دروست کردبوو لەگەڵ هەڤاڵانی وەک کاک عومەری سەید عەلی و فەرەیدون عەبدولقادر و ئەرسەلان بایز و عەلی بچکۆل و ئاوات عەبدولغەفور و ئاسۆی شێخ نووری و هەندێکی تر. من قۆناغەکانی پێشمەرگایەتیم تێپەڕاندبوو. لە قۆناغی فەرماندەیی هەرێمدا بووم، کام هەرێم؟ ئەو هەرێمەی جێگەی بڕوا و متمانە و هێزی گەورەی یەکێتی بوو و لە ماوەی سێ ساڵدا کە هەموو ساڵێ سەرژمێری چالاکیی پێشمەرگایەتی دەکرا، بە شاهیدی هەمووان قارەمانی یەکەمی ساڵ دەرئەچوو، بێجگە لەوەی هەر یەکێتی هەبوو لەوێ، کۆمەڵەش بە حوکمی دەوری من باڵادەست بوو، بنکەی سووریان پێدەوت. وام دانابوو ئەبمە جێگەی ڕێز و گەورەیی لای هەموو برادەران. لەسەر کۆنەکان زۆر شارەزایم نەبوو. لە دەنگەدەنگی کۆنفرانسدا ئەو شتانەم زانی، لەسەر مەسەلەیەک کە دەهاتە پێشەوە و ئەبوو بە بڕیار یان دەستی بۆ بەرز بکرێتەوە و دەنگی لەسەر بدرێ، تەماشای مەلا بەختیار و کاک سالار جارجارەش کاک نەوشیروانم دەکرد، لەگەڵ ئەوان دەستم بەرز کردەوە، لەولاشەوە وەک وتم دەورم هەبوو لەم شۆڕشەدا هەر لە دروستبوونی هەرێمی ٢ی شارباژێڕ پێش و پاشی نەکسەی هەکاری. دوای شەهید سیروان کە من چوومە قەرەداغ حسابی زۆرم لەسەر هەڵچنی بوو، لە ڕووی ژمارەوە "١٥٠" پ.م. ڕۆژبەڕۆژ لە زیادبووندا بوو. بێجگە لە شەڕی ڕۆژانە لەگەڵ دوژمن کە پەلامار دەدراین.

دامنابوو حسابی تایبەتیم بۆ بکرێ. لە شۆڕشی گەلاندا وایە. خۆم بە پاڵەوانی مەیدانەکە دەزانی، لە کێشمەکێشی ناو کۆنفرانس و هەندێک لە

هەڤاڵەکان کە فێر کرابوون، بە غەدر قسەیان کرد لەسەرم، زەمینەیەکی وایان دروست کرد هەم کۆنفرانس کێشەی زۆری تێکەوت، هەم منیش دەرنەچوومەوە، ئیتر بیرم کردەوە ئەمە وەفای سیاسەتە، وتم ڕەنگە لەناو شۆڕشەکانی دنیا و میللەتانی تری دنیاش وابووبێ. من لای خۆمەوە لەو برادەرانەی بە ناهەق قسەیان کرد، زویر بووم. کۆنفرانس تەواو بوو بە پێنەوپەڕۆ و بە هەزار قرەقڕ و شەقەشەق و بێنەوبەرە. باڵەکەی من دۆستیان بووم، سەرکەوتوو نەبوون، منیش بە ئاگری ئەوان سوتام. وەک وتم لەگەڵ دەستبەرزکردنەوەکاندا لەگەڵ ئەوان دەستم بەرز دەکردەوە، وتم باشە گوناهی من چی بوو؟ نە لە کۆمیتەی هەرێمەکان بووم، نە لەو شتانەی دەنگەدەنگی تێدا بوو. بە هەرحاڵ، دڵم زۆر شکا، بیرم کردەوە لە سیاسەتدا زۆر ناهەقی دەکرێ، ئەمەش یەکێکە لەوانە، بەتایبەت لە لایەن هاوڕێکانی خۆتەوە. ئیتر کێ هەڵبژێرا و کێ هەڵنەبژێردرا، پێنەوپەڕۆیان کرد و تەواوبوو. کاتی گەڕانەوەمان هات بچینەوە بۆ قەرەداغ. سەردانی کاک نەوشیروانم کرد، هیوادارم لە بیری مابێ، بڕواشم وایە پیاوێکی زیرەکە و تەجروبەش شاهیدە. وتم کاک نەوشیروان هەندێک لەو هەڤاڵانە فێرکرابوون، هەندێک قسەیان کرد غەدریان لێکردم، ئەمەش مۆرەکەی هەرێمی ٥ی قەرەداغ. من ناگەڕێمەوە و کێت پێ باشە، دەوروتەسلیمی لەگەڵ دەکەم، لە کۆتاییدا پاش قسەوباسەکان، کاک نەوشیروان وتی خۆت بڕۆرەوە، کەس لەو برادەرانە نانێرینەوە، وتم باشە.

ئەو کاتەش کە گەڕاینەوە (کاک ڕۆستەم و شەهید باباتاهیر و هێمن) لە قەرەداغ پێکەوە بووین. وردەوردە گەڕاینەوە و چووینەوە قەرەداغ. ماوەی دوو هەفتەی نەبرد کاک سامان لەگەڵ مەفرەزەیەکدا هاتەوە. منیش لە دێی مەسۆیی بووم، هەڤاڵ کاک سامان نامەیەکی کاک نەوشیروانی دامێ. کە خوێندمەوە نووسیبووی: پاش سڵاو و کەلام. هیوادارم پێکەوە کار بکەن. منیش ئەگەر هەڵەبم یان ڕاست لەم شێوەی نامەیە زۆر دڵگران بووم. من چۆن هاتمەوە و چیی پێ وتم. وتم کاک سامان گیان من ناتوانم بەم شێوەیە کار بکەم، تۆ بچۆرەوە بۆ

سەرکردایەتی. تۆزێک دەنگەدەنگمان بوو، من وامزانی چووەتەوە بۆ سەرکردایەتی، بەڵام چووبووەوە بۆ گەرمیان، پاش چەند ڕۆژێک ئێمە لەگەڵ برادەرانی گەرمیان مەوعیدی پێشترمان هەبوو لەگەڵ مەلا ئیبراهیم کە بەرپرسی سیاسیی گەرمیان بوو، کاک مەحموود سەنگاویشم لەگەڵ بوو. چووین بەدیوی گەرمیاندا. کە چووین، ئەو برادەرانە دۆخەکەیان بە هەڵە تێگەیاندبوون. خەریک بوو تووشی کێشە ببین. کێشە نەبوو، بەڵام دروستمان کرد. خەریک بوو دەستمان بچێتە گیانی یەک. بەڕاستی هەڵەی هەردووکمان بوو، من دەبوایە نامەکەی کاک ئەوشیروانم قبوڵ بکردایە، ئەویش بە هەڵە شتەکانی باس نەکردایە.

من نامەیەکم نووسی بۆ سەرکردایەتی لەسەر ڕووداوەکە و هاتنەوەی کاک سامان. دیار بوو ئەویش نامەی نووسی بوو، ئەو کاتە وەک ئێستا نەبوو هەموو کەسێک مۆبایلی پێبێ، جهازیشمان نەبوو. بارەگامان نەبوو، ئێواران بە ڕادیۆکەی گەلی کوردستان بە جفرە و ژمارە حەلمان دەکرد، ئێتر ڕادیۆکە وتی بۆ ئاگاداری بۆ ئاگاداری، ئاگاداری هەڤاڵ مستەفا چاوڕەش دەکەین دوای بەرنامەکان بروسکەی هەیە، ئاگادار بێ. ئەنجا وەرە دانیشە بە تاریکی لەبەر فانۆس بروسکەکان بە جفرە و ژمارە حەل بکە، کە حەلم کرد دەڵێت:

"لە مام جەلالەوە بۆ هەڤاڵ مستەفا چاوڕەش"

بە پەلە و بێ دواکەوتن وەرە بۆ سەرکردایەتی بۆ کاری پێویست.

زانیم بۆچییە. ئیتر گەڕامەوە بۆ قەرەداغ، لەوێشەوە جارێکی تر بۆ سەرکردایەتی. بە چەند ڕۆژێ ڕێگە گەیشتم. لە پێشدا چوومە لای هاوڕێ مەلا بەختیار، ئەوەی ڕووی دابوو، بۆم گێڕایەوە. دوایی چووم بۆ لای مام جەلال، لەسەر ئەوەی ڕووی دابوو، نەسیحەتی کردین. مام جەلال لە دەرەوەی وڵات هاتبووەوە و ڕادیۆیەکی باشی بە دیاری دامێ. زۆر دڵم پێی خۆش بوو.

## سەفەرم کرد بۆ تاران

بە فرسەتم زانی مادام هاتووم، سەرێک لە زاهیری برام بدەم. دەمێکە ئاگام لێی نەماوە و لەوێ بەجێیم هێشتووە. مۆڵەتی دوو هەفتەم وەرگرت و بەرگەم دروست کرد. چووم بۆ سەردەشت بۆ ماڵی خزمەکانم، لەوێشەوە چووم بۆ تاران. چەند جارێک قسەم لەگەڵ زاهیر و ماجدی پوورم کرد. زاهیر بە هۆی برینداربوونەوەکەیەوە لەژێر چاودێریی دکتۆردا بوو، عەمەلیاتی دەویست. پاش ئەو چەند ڕۆژە گەڕامەوە بۆ لای سەرکردایەتی، هەر بە گەیشتنم وتیان سەرکردایەتی بڕیاری داوە کە تۆ دەبێ بڕۆیت، بڕیارەکەش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.

١- کاک نەوشیروان سەرپەرشتیی هێزەکان دەکات لە باڵەکایەتییەوە بۆ لای ڕواندز و بالیسان.

٢- تۆش سەرکردایەتیی هێزەکانمان لە دۆڵی جافایەتی و ولاخلوو دەکەیت. لە سنووری جافایەتی سەید کاکە بەهێزێکی زۆرەوە هاتووە، شکاندوونی و شەهیدمان هەیە. دەبێ بچیت چارەسەری بکەی و ڕاوی بنێی. منیش وتم زۆر باشە.

من ئامرهەرێمی قەرەداغم، کە هاتووم بۆ سەرکردایەتی، هێزم لەگەڵ خۆم نەهێناوە، زۆربەی زۆری دەستەکەی خۆم لەگەڵ نییە. باشبوو کاک "غەریب عەسکەری" لەوێ بوو، بەداخەوە "غەریب عەسکەری" لەم ساڵانەی دوای ڕوخانی سەدام حسین بە ڕووداوێکی دڵتەزێن وەفاتی کرد. وتیان ئەمیش هەندێک پێشمەرگەی لەگەڵە. لەگەڵتدا دێت بۆ خوارەوە. بڕیارەکەمان جێبەجێ کرد و ملی ڕێگەمان گرتەبەر. بەرەو گەرماو دەڕۆیشتین، گەیشتین بە (دانای ئەحمەد مەجید و محەمەد تەییب) کە بەرەو سەرکردایەتی دەچوون، بۆ ئەوەی ئاگاداری بکەن لەو دۆخەی بەسەر یەکێتیدا هاتووە. لەوێ ڕووداوەکانیان بۆ گێڕامەوە و لەگەڵ خۆم گەڕانەوە. منیش بڕیارەکەی سەرکردایەتیم پێوتن. لە بێتوش دوو سندوق فیشەکم کڕی، سەید کاکە بە هێزێکی حیزبی سۆشیالیستەوە هاتوون و

برادەرانی ئێمەیان تاکو ولاخلوو ڕاوناوە. لە سیمەکە لای دێی هەرزنە خۆمان هەڵواسی و لە ئاوەکە پەڕیینەوە. هاتینە دێی ولاخلوو. هێزەکەمان بێساحێب بوون. پێش ئەوە "جەمال عەلی باپیر" شەهید بووبوو. شەهید جەمالی عەلی باپیر دەور و تەئسیری خۆی هەبوو. پاش شەهیدبوونی شەهید جەمال تەنها کاک فاتح شوانییان لەگەڵ بوو. دوایی کاک شێخ دارا ئامرهەرێمی چوار لەگەڵمان یەکی گرتەوە.

ئەو هێزەی لەگەڵ سەید کاکە هاتبوو، واهاتبوو یەکێتی لە ناوچەکە پاک بکاتەوە و بیشکێنێ. لە شاخەکەی بەرامبەری دێی مالومە پێشمەرگەیەک شەهید بووبوو. لە بیرم نییە کێی تریش شەهید بووبوو. ئەمەش دۆخێکی زۆر خراپی دروست کردبوو لای پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکە. دیارە کە هەموومان باسی شەڕی ناوخۆ دەکەین، چ ئەوسا و چ ئێستاش بە ماڵوێرانیی دەزانین و کەسمان پێمان خۆش نییە. چی بکەین؟ دروست بووە و هاتووەتە پێشەوە. هەمووشی خۆی بە حەق دەزانێ، یان دەبێ تەسلیم بێت و بشکێی یان خۆڕاگر بێت. ئەنجا ئێمەمانان دەزانین بە چی دەردیسەری و قوڕبەسەرییەک ئەم شۆڕشە هەڵگیرساوە و گەیشتووەتە ئەم قۆناغە، ئەگینا هەردوولا ئەمانزانی ئەم شەڕە ماڵوێرانییە و تووش بووین.

### کۆکردنەوەی هێزەکان و ڕاونانی سەید کاکە

پاش ئەوەی لەگەڵ هێزەکەی هەرێمی ٤ یەکمان گرتەوە، نامەم نارد بۆ ئەوانەی پەرتەوازە بووبوون و کەوتبوونە ئەملاوئەولا. لە مالومەوە بەرەو هەڵەدن دێبەدێ بەدوای سەید کاکە و هێزەکەیدا ڕۆیشتین. لەگەڵ کادیرەکان قسەم کرد، مەعلوماتم کۆکردەوە لەسەر هێزەکەی سەید کاکە و ناوچەکە. زانیمان بەرەو دێی شارستێن ڕۆیشتوون و لەوێشەوە بەرەو "مەرگە"، بێجگە لە هێزەکەی هەرێمی چوار، هێزێکی ترمان

هەبوو، لەگەڵ کاک زیرۆ عەبدوڵڵا یەکمان گرتەوە. لەگەڵ کادیرەکان بەرەو مەرگە دەهاتین، دڵشاد تۆفیق حاجی باقی و هەندێک پێشمەرگەی ترمان بینی. دیار بوو ئەوانیش لە مەرگە بوون. لەگەڵ هێزەکەی کە لەگەڵمدایە و هەڤاڵە شارەزاکان کۆمکردنەوە. هەر شەوی ئەو جێگەیانەی پێویست بوو، هێزم بۆ نارد و ڕێنماییم کردن چی بکەن. تەماشای ناوچەکەم کرد بۆ ئەوەی بزانم چی بکەم باشە.

١- هێزێکم نارد بۆ هەوارەبەرزە، شاخێکی بەرزە و بەسەر چەند لایەکدا دەڕوانێت، بەتایبەت دێی بیوەکە و ئاوەژێ و شارستێن. لە ڕووی سەربازییەوە جێگەیەکی زۆر گرنگ بوو و ستراتیژی بوو.

٢- زیرۆ عەبدوڵڵا هێزێکی لەگەڵ بوو و ژمارەیان پەنجا پ.م زیاتر بوو. خۆشی خەڵکی مەرگە بوو، شارەزا بوو. ئەوانم بۆ شاخی "بەردقلیش" دانا، ئەمیش بەسەر دێی مەرگە و جادەی قیری سەرەکی و مەلا سەفی و بیوەکە و "پاشکێش" دەڕوانی.

٣- هەندێک هێزی تری خۆمان هەبوو لە ناوچەکەدا، تیپی ٤٤ی چەکوچ لەگەڵ شێخ سەدرەدین بوون و بە شاخی ئاسۆسەوە بوون، سوفیان و مەرگە لە بەردەستیاندا بوو، بێجگە لەو هێزەی لەگەڵ خۆمدا بوو.

٤- بەرەبەیان هێزەکەی سەید کاکە، حەمە عەلی بەردەشانی و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون، کە ناوەکانیان نازانم، لەگەڵ سەید لە پێدەشتەکەی پشتی بیوەکەدا لە دەرەوەی دێ بوون. لای ئێمەشەوە کەمین دەردەکرێ بۆ لای مەلا سەفی، دڵشاد کادیر بوو، لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک دەکەونە کەمینەکەیان و شەهید دەبێ. بەوەش شەڕ دامەزرا و لە یەک ئاشکرا بووین، جێگەکانیشمان لە یەکتر دیار بوو. من خۆشم لە دەوری شارستێن بووم و بەرەو ڕووی ئەوان ڕۆیشتم. ئەگەر هێزەکەی "بەردقلیش" وەک پێویست بوونایە، ئێمە ئەمانتوانی زیانی زۆریان لێبدەین، چونکی لە بەردەمیاندا نوستبوون، ئێمە

سەرشاخمان بەدەستەوە بوو. شەڕ لە چەند قۆڵێکەوە دەستی پێکرد. هێزەکەی ئاسۆس و تیپی ٤٤ لەگەڵمان تەماسیان هەبوو. هێزی سەید کاکە بە درێژایی "شاخی دارەبەنان" دامەزرابوون. شەڕی سەرەکی لەوێ بوو، تاکو ئێوارە خۆیان ڕاگرت. دوایی شکان و خۆیان گەیاندە دێی "سێ ناجیان" بۆ پەڕینەوە، چوار کەسیان لێکوژرا و بەجێمان، شەو پەڕینەوە. سەید کاکە ماینەکەی لێبەجێما، چوونە بناری کۆسرەت، ئێمەش ڕۆژی دوایی هێزەکانی خۆمان ڕێک خستەوە. ئەو ڕۆژە چووینە دێی مەرگە، کە لەو ناوە مەرکەزە. جارێکی تریش هێزەکانم دابەش کردەوە. بە گوێرەی بەرنامەی شەڕەکەمان هەرکەسە جێگەی خۆی بۆ دیاری کرا. ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەبوو پاش شکانی هەرێمی ٤ هەڵسانەوەیەکی باش بوو. پاش دوو ڕۆژ لەبەری مەرگەوە لە دێی خۆشاوەوە ڕۆیشتین بەدوایاندا بۆ بناری کۆسرەت.

ئەو بەرنامەیەی کە بڕیارە من جێبەجێی بکەم تاکو لەگەڵ هێزەکەی کاک نەوشیروان یەک بگرینەوە، دەبێ بەردەوام بم لەسەری بۆئەوەی لە ناوچەکە دەریان بکەین. شەوێ گەیشتینە دێی "توربە". دەبوایە لەبەر حکومەت کە ڕەبایەکانی دیار بوون، هەر بە شەو لە ئاوی دەریاچەی بە بەلەم بپەڕینەوە. لە توربە نانی بەیانیمان خوارد. بۆ ڕۆژەکەی ڕۆیشتین بۆ "چناران". دیار بوو هێزەکەی حەمە عەلی بەردەشانی کە لەگەڵ سەید پەڕیوونەتەوە. حیزبی شیوعی کە عەلی حاجی نادر بەرپرسی بوو، لەوێ هاوکاریی کردبوون و لەو ناوە خۆیان شاردبووەوە، خزمایەتیی هەبوو لەگەڵیان، وەک "شیلانەیی" دالدەی حەمە عەلی و ئەوانی دابوو. کە گەیشتم، هەندێک دەنگەدەنگمان بوو لەسەر ئەوەی کردبووی. بەڵام بەوە تەواو بوو، لەوێ تووشی شەڕ نەبووین. ئەو کاتە شەهید سەربازیش لەگەڵ ئەوان بوو. هەر لە بناری کۆسرەت بوون. ئیتر ئێمە کارەکەمان تەواو نەبووە، هەنگاوبەهەنگاو و دێبەدێ بەرەو (کەلکان و ئالیقە و شوشکە و باسەڕە و خدران)

ڕۆیشتین، شەوێکیش لەو سنوورە لە بناری کۆسرەت ماینەوە. ڕێکخستنی خۆمان کە خەڵکی سنوورەکە بوون، هاتن بۆ لامان. هەندێک زانیاریان داینێ لەسەر حکومەت و ئەو هێزەی لەگەڵ سەید کاکەیە، لە دێی "مێوژە" هەرێمی چوارم ناردەوە بۆ ئەوەی سنوورەکەیان بە چۆڵی نەمێنێتەوە. دانا ئەحمەد مەجید و برادەرانیان بۆ شەویش لە دێی خدرانەوە بە هۆی چاوساغ و خەڵکی شارەزا بەلای دێی قەسرۆک و "کڵاوسووران"دا پەڕینەوە بەرەو دێی "سکتان". ئەو شەوە دوا قۆناغمان دێی "سکتان" بوو، ئێستا سکتان هاتووەتە سەر جادە، پێشتر لە بناری شاخەکەدابوو، جێگەیەکی باش و قایم بوو.

دەبوایە بە شەو هاتوچۆمان بکردایە، چونکی لەسەر جادەی گشتی ڕەبایەی سەربازی لێیە. هەروەها سەربازگەیەک لە دێی "قەمتەران" هەبوو، لە سەرێکی تریشەوە بۆ ئەوەی ئەوەی بۆی هاتووین، بیپێکین، ڕۆژی دوایی هێزێکی هەرێمی ١٤ بە سەرپەرشتیی "سوارەی عەباسی مامەند ئاغا" لەگەڵ ئێمە یەکی گرتەوە و سکتانمان بەجێهێشت بەرەو دێی چیوەکان. لە سکتان کوڕێکی شۆفێری لێبوو، نامەیەکم نووسی بۆ کاک نەوشیروان و ناردم بۆ سلێمانی بۆ ڕێکخستن بۆ ئەوەی بە زووترین کات بگاتە دەستی کاک نەوشیروان و سەرکردایەتی، بۆ ئەوەی ئاگادار بن کە لە کوێین و چیمان کردووە و چۆن سەیدمان شکاندووە.

کەوتینە ڕێگە و بە شاخەکەدا هەڵگەڕاین، بە شێوەی پێشمەرگانە دوودوو نێوانمان هەبوو، چەند مەترێک لە نێوان یەکتردا بەرەو چیوە کەوتینە ڕێ. چەند سەعاتێک ڕێگەکەی دوور بوو، کە نزیک چیوەی سەروو بووینەوە، من خۆم لەگەڵ هێزێکی کەم بە لای ڕاستدا هەڵکشام بۆ شاخەکە و چوومە لای سەرەوەی، بە دووربین تەماشام دەکرد، بە دەستی ڕاستدا جادەی سەرەکیی بالیسان و سەروچاوە بوو، دێی "وەری" لە بەردەماندا بوو، جادەی قیرە، حکومەت دروستی کردووە.

جێگەکەی ئێمە کە خۆمی لێبووم، زۆر قایم و سەخت بوو. دەمەدەمی ئێوارە تەماشام کرد وا چەند چەکدارێک سەردەکەون بۆ ئەو شاخەی ئێمەی لێیە. ئێمەش لێیان دامەزراین. ئەوان ئاگایان لە ئێمە نەبوو تاکو نزیک بوونەوە، دەرکەوت سەید و جەماعەتەکەی لە دێی "چیوە" بوون. دەنگمان دان و لێمان دان، بەرەو چیوە هەلاتن. هێزەکەی لای منیش دوایان کەوتین، تاکو ناو دێ ڕاومان نان و شەوی بەسەردا هات. ئیتر لە یەکتر ئاشکرا بووین. لایەکەی هێزەکەی کاک نەوشیروانی لەگەڵە، لە دەوری بالیسانن، زانییان ئێمەش گەیشتووین و جێگەی باشمان بەدەستەوەیە و سەیدمان شکاندووە. ئەوەش زانرا کە هێزەکەی سەید کاکە کەوتۆتە نێوان هەردوو هێزەکەی ئێمەوە، کاک نەوشیروان ملازم سەید کەریمی لەگەڵدایە، بەداخەوە سەید کەریم لە کاتی گفتوگۆی یەکێتی لە ساڵی ١٩٨٤ لەگەڵ حکومەت جاشەکانی تاسڵوجە شەهیدیان کرد.

بەرەبەیان لە چەند قۆڵێکەوە بۆیان چووین. بە شاخی "هەورێ"دا هەڵگەڕان. هەورێ شاخێکی گەورە و درێژ و سەختە. شەڕ دامەزرا و هەنگاوبەهەنگاو لێیان چووینە پێشەوە. سەید شاخی هەورێشی چۆڵ کرد. چەند کوژاوێکی بەجێ هێشت و بەرەو دێی "کونە فلوسە" ڕای کرد. ئێمەش بە هەردوولامان هێزێکی یەکجار زۆر و باش و بەڕوحیەتمان هەبوو. وازمان لێنەهێنان و دوایان کەوتین. پاش تەواوبوونی شەڕ لە دۆڵی بالیسان و شاخی هەورێ و دێی چیوە لەگەڵ هێزەکەی لای کاک نەوشیروان و سەید کەریم یەکمان گرتەوە. کاک نەوشیروان کۆبوونەوەیەکی پێکردین، بەرنامەی تازەمان دانا. شەوێک یان دوو شەو لەو ناوە ماینەوە. بۆ ئەوەی سەید و هێزەکەی نەحەسێنەوە، بە دوایاندا ڕۆیشتین و چووینە دێی "نازەنین"، لەوێ شەوێک ماینەوە. هێزەکەی لای نازەنین لەگەڵ من بوون، ئەوانی تر لای سەید کەریم بوون و لە لایەکی ترەوە چوون. دلاوەری ئەحمەد مەجید

لەگەڵم بوو، بەسەر شاخی سەفیندا سەرکەوتین. دیار بوو شەو لەوێ مابوونەوە، لە چەند سەنگەرێک لیفە و بەتانییان بەجێ هشتبوو لەسەر شاخ.

ئێمەش لەگەڵ هێزەکانی هەولێر و سەید کەریم بووین، کە شارەزا بوون، چونکی هێزەکەی لەگەڵ من بوو، یەکەمجار بوو ئەو ناوچەیە ببینین، لەگەڵ هێزەکانی ئەوان بۆ چەند دێیەک چووین وەک (عەلیان، سوسە، ونەکە تاکو زیارات). ئەو کاتە "تۆفیق بیریژی" و " ئازاد خۆشناو" لەگەڵمان بوون. لەوێ بڕیاریان دا پاش چەند ڕۆژێ من بگەڕێمەوە. سەیدمان بەرەو دەشتی هەولێر ڕاونا. من گەڕامەوە بۆ ناوچەی سەرگەڵوو. ئەو هێزەی لەگەڵمدا بوو، لە ڕێگەی ئاوی دوکان لە توربەوە پەڕیینەوە بۆ خۆشناو، لەوێشەوە بۆ لای سەرگەڵوو، جارێکی تریش بەهەمان شێوە هێزێکی سۆشیالیست پاشماوەکەیان لەو ناوە مابوون، لە دەوری سێوکانیان لە پشتی سووورداش و دەوری سەرگەڵوو بوون. ڕێکخستنەکانی خۆمان گەیشتنەوە سنوورەکە، زانیارییان هێنابوو و وتیان ئەو پاشماوەیەی "حسک" لە دەوری سەرگەڵوون، منیش گەیشتبوومەوە هەڵەدن، شێخ دارای حەفید ئامرهەرێمی ٤ بوو لە دوای شەهید جەمالی عەلی باپیر. هێزەکانی هەرێم و ئەوەندەی لەبەردەستدا بوون، کۆمکردنەوە و لە مزگەوتەکەی هەڵەدن کۆبوونەوەم پێکردن لەسەر ئەم شەڕەی کە هەیە و ئەوەش کە ئەوان دەستپێشخەر بوون. لە کاتی هێرشەکەی سەید کاکەدا برادەرانی ئێمەیان ڕاونا و هەندێکیان شەهید کرد، مادام ژیان پێکەوە نەماوە، ئیتر دەبێ ئێمەش نەهێڵین ئەوان لەم سنوورە بمێننەوە. بڕیار و عەقڵیەتی هەردوولامان بەم شێوەیە بوو. بۆ ئەوەی ئەوان خۆیان ئامادە نەکەن، نامەیەکی ئەوانمان گرتبوو، کە دەڵێت هێزێکی جاشەکانی جەلالی بە سەرکردایەتیی مستەفا چاوڕەش شەست کەسن و هاتوونەتەوە. بەڵام

نەیاندەزانی من لە کویم، دیار بوو هەوالیان بۆ چووبوو، بەلام لە ژمارەی هێزەکە بە هەڵەدا چووبوون، ئێمە زۆر لەوە زیاتر بووین.

بەرنامەمان دانا، پاش قسەکان وتم نابێ بچینە ناو سەرگەڵوو. بەرەو سێوکانیان دەچین، چونکی ئەگەر بچووینایەتە ناو سەرگەڵوو جوابیان بۆ دەناردن. لەوێ هەوادار و دۆستیان هەبوو، خەڵکی ئەویشیان تێدابوو بە هۆی "شەهید شێرکۆی شێخ عەلی"یەوە. شەو گەیشتینە پشتی سووورداش بەرامبەر شاخەکەی سێوکانیان. کاک زیرۆ و هێزەکەیمان لەگەڵ بوو. شێخ دارا ئامرهەرێمی چوار پاش شەڕێک لەو ناوە لەگەڵیان شکاندنی و کوژراویان هەبوو، ئەو کاتە "حاجی مەحموودی گەورە دێ" حسک بوو، لەگەڵیان بوو. ئەوە دوا مەفرەزەی حسک بوو لە سنوورەکە. ئیتر یەکێتی دەستی بەسەر هەموو ناوچەکەدا گرت. بە نووسراوێک سەرکردایەتیم ئاگادار کردەوە کە شتێک لەو ناوە نەماوە، وەلامیان دامەوە وتیان تۆش بگەڕێرەوە بۆ "قەرەداغ"، دەستخۆشییان لێکردم.

## گەڕانەوەم بۆ قەرەداغ

پاش بەجێهێنانی ئەو ئەرکەی پێم سپێردرابوو، گەڕامەوە بۆ قەرەداغ. ماوەی مانگێک زیاتر دەبوو هەرێمی ٥م بەجێ هێشتبوو. لەو ماوەیەشدا ئەو هەڤاڵانەی لەوێ بوون، کارەکانی خۆیان بە باشی جێبەجێ کردبوو. کاک سامان لەگەڵ کاک نەوشیروان بوو، ئەویش لە گەرمیان نەبوو. ئیتر پاش ئەوەی گەڕامەوە بۆ قەرەداغ و لەبەر گرنگیی ناوچەی مەیدان و شاخی بەمۆ کەرتێکی تازەمان دروست کرد و چوونەوە بۆ ئەوبەری سیروان، بەلام هەر سەر بە هەرێمی ٥ بوون، هەموو پێشمەرگە ئازاکان بوون. پاش ماوەیەک مانەوە لە قەرەداغ جارێکی تر سەرکردایەتی داوای هێزی لێکردین بۆ لای خۆیان.

## چوونمان بۆ سەرکردایەتی بە هێزەوە

جارجار سەرکردایەتی داوایان لێدەکردین هێزیان بۆ بنێرین. ئێمەش ئەوەندەی ئیمکان بوایە، ئامادەمان دەکرد و دەچووین بە پیر داواکەیانەوە. ئەو کاتەش بەینی یەکێتی و پارتی باش نەبوو، هەروەها هێزێکی گەورەیان کۆکردبووەوە و هاتبوونە بەرامبەر شێنێ و نێوزەنگ. لەبەر ئەوە سەرکردایەتی ناچار بوو داوای هێز لە ئێمە و هەرێمەکانی تریش بکات بۆ پارێزگاریکردن لە سەرکردایەتی و بنکە و بارەگایان. بە شارەزایی خۆمان لە دۆخی یەکێتی دەمزانی لە سەرکردایەتی جێگە و پێویستی نییە، بۆ ئەم سەفەرەش چوار "هێسترم" لە قەرەداغ کرێ. لە دێی سێوسێنان بە قەدەر بارەکانی خواردنی قوتووم کڕی. هەموو پێشمەرگەیەکیش خۆی سەرو بەتانیی هەڵگرت بۆ ئەوەی بچین بۆ نێوزەنگ. لە قەرەداغ شۆڕ بووینەوە بەرەو دێی جێشانە. ژمارەمان نزیکەی سەدوپەنجا پ.م دەبوو، بۆ ئەوەی دەمەودەمی ئێوارە لەلای پردی قلیاسان و باخی بەختیاری بپەڕینەوە بەرەو قلیاسان و دوڵی شێرکۆژ. پێش ئەوەی هێزەکە بچینە سەرجادەکە، چاوەڕێمان کرد شەو دابێت بۆ پەڕینەوە، تۆزێک ڕووناکی مابوو، چەند پێشمەرگەیەکی شارەزام نارد. ئێمەش دوای ئەوان کەوتینە ڕێگە بەرەو لای ئەوان. نزیک جادەی سەرەکیی سلێمانی-کەرکووک لای پردەکە بووینەوە، دەلیلەکان و پێشمەرگەکان گەڕانەوە و وتیان کەمینی لێیە. ناتوانین بپەڕینەوە، بەهار بوو، گەڕاینەوە دواوە. لەگەڵ هەڤاڵەکانی لێپرسراو بیرمان کردەوە خۆ ناکرێ بچینەوە بۆ قەرەداغ، نەک لەوێ برادەرانی سەرکردایەتی بارودۆخیان باش نەبێ. چی بکەین باشە؟

بڕیارم دا بچینەوە بۆ لای شێخ عەباس و حاجیاوا لە خوار سلێمانی بەرەو بازگەی سلێمانی-هەڵەبجە بچینە پشتی بازگەکە. ئەمەش هەر بە قسە خۆشە، بەتایبەتیش بۆ هێزێکی سەدوپەنجا پێشمەرگەیی و بە شەوی تاریکیش. ئەوەی زەحمەت بوو، بەهار بوو، ئاوی قلیاسان هەڵسابوو. بواریکمان دۆزیەوە و ناچار بووین هەر بە جلەوە خۆمان لە ئاوەکە بدەین، چونکی نەدەکرا خۆمان ڕووت بکەینەوە، بە زەحمەتێکی

یەکجار زۆر پەرپینەوە، بە جلی تەڕ و پێلاوی تەڕەوە هاتینە نزیک دێی "ڕازیانە" و لەوێشەوە بەرەو "وێڵەدەر" سەرکەوتین. دەبێ هەموو ئەمەش بە شەو تەواو بکەین، خەریک بوو دنیا ڕووناک بێتەوە. هەموو شەوەکەی هەر بە ڕێگەوە بووین. کە ڕۆژ بووەوە بە دیوی "وێلەدەر"دا شۆڕ بووینەوە. وتمان چۆنە ڕەبیەکانی سەر شاخی لای وێڵەدەر تەقەمان لێناکات. چونکی دیار بووین، بەدوای یەکتردا گەیشتینە شارباژێڕ و دێی "عازەبان"، هیلاکمان تێدا بوو، هەر لەو دەشتە خۆی دابوو بە زەویدا و خەوی لێکەوتبوو، لەبەر هیلاکی لای دێی "وەلانە" و دەوروبەری لێی نووستبوون. لە دەوری نیوەڕۆدا لە عازەبان هەموومان یەکمان گرتەوە، من خۆشم پێش چوونم بۆ قەرەداغ فەرماندەی هەرێمی ٣ی شارباژێڕ بووم، تولەڕێگەکانیش شارەزا بووم. خەڵکی عازەبان و هەموو دێکانی شارباژێڕ دەیانناسیم.

لەوێوە کەوتینە ڕێگە بەرەو سەرکردایەتی، چەند ڕۆژێکی خایاند. بە گەیشتنمان دۆخی ئەوێ خاو بووبووەوە، هێزەکانی پارتی و جود کشابوونەوە. ئێمەش پاش ئەوەی گەیشتبووین، سەرکردایەتیمان بینی و سوپاسیان کردین. گەڕاینەوە، بەڵام لە ڕێگەی ئالانی ئێرانەوە بۆ دۆڵی "سەفرەوزەروون"، هاتینە هەناران و "قولەرەیسی" و گەیشتینەوە قەرەداغ.

ژیانی پێشمەرگە هەر ئەم تۆزە نییە. بێ ئیمکانیات و فەقیری، بەبێ چەکی باش و بەبێ فیشەک، و گرتنی کەسوکاری پێشمەرگە لە لایەن ڕژێمەوە یان دەربەدەربوون بۆ لادێکان، هەموو ئەمانە بەشێک بوون لە ژیانی پێشمەرگایەتی لەو سەردەمەدا. لەو بێئیمکانیاتەی خۆمان چەند جارێک لە دەمی خۆمان گرتۆتەوە و ناردوومانە بۆ سەرکردایەتی.

لە ناوچەی بازیان و قەرەداغ کرێکارێکی زۆریان بۆ کشتوکاڵ دامەزراندبوو "غابات"، هەر لە ماڵی خۆیان دانیشتبوون و مانگانەیان وەردەگرت، کادیرەکانمان هەموو مانگێک دینارێکیان لێوەردەگرتن. ئەمە بەشێکی سەرچاوەی داهاتی ئێمە بوو، ئەو کاتە پێشمەرگەی سەڵت

مانگی پێنج دینارمان دەدایە، خێزاندار مانگانەی حەوت دینار و نیومان دەدایە، هەموو کاتێکیش نەبوو.

له گەرمیانیش شەڕی گەورە دەکرا، بەتایبەت لەلای کەرتی چواری جەباری، کە مام ڕۆستەم ئامرکەرتی بوو، دوای ئەویش ڕیشە بوو. لای کفری و کەلار و دەربەندیخان و بازیان دوژمنیان هەراسان کردبوو. ناوشاری سلێمانی بەهەمان شێوە بوو. لە کەرتی جەباری بە هۆی چالاکیی کەرتەکەوە ئێواران هەر لە عەسرەوە ڕێگەی بەغدا دادەخرا. بەڕاستی مامە ڕیشە و موحسین و سەردار و هاوڕێکانیان نمونەی ئازایەتی و مەردایەتی بوون، یادیان بەخێر بێ. خۆ مەفرەزەکانی کەرتی بازیان زۆربەی شەو دەچوونە ناو سلێمانییەوە. چەندجارێکیش خۆم لەگەڵیان چوومە شارەوە بۆ دەستوەشاندن لە دوژمن.

پاش ئەم هەموو سەرکەوتنە و زیادبوونی پێشمەرگە، سەرکردایەتی بڕیاری دابوو کە شێوەی ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە بگۆڕێ، لە هەرێمەوە بیگۆڕێت بە ناوی تیپ. لەسەر ئەم بڕیارە پرسوڕا بە ئێمەش کرا، بەتایبەت بۆ قەرەداغ، کە زۆر گەورە بووبوو.

### دابەشبوونی هەرێمی (٥)ی قەرەداغ بۆ (٣) تیپ

پاش ئەوەی ناوی هەرێمەکان گۆڕدران بە تیپ، بڕیار درا هەرێمی ٥ی قەرداغ بکرێ بە سێ تیپ لەبەر گەورەیی سنوورەکە و زۆربوونی پ.م. و بەم شێوەیەی خوارەوە ناویان لێنرا:

١- تیپی ٥٣ی شیروانە لای کاک سامان.

٢- تیپی ٥٥ی قەرەداغ لای کاک حامدی حاجی خالید.

٣- تیپی ٥٧ی سەگرمە لای کاک ئازادی سەگرمە.

دوای ئەم ڕێکخستنەی تیپەکان سەرکردایەتی منی گواستەوە بۆ "مەکتەبی عەسکەری" و بووم بە ئەندامی مەکتەبی عەسکەری، دەبوایە بڕۆم بۆ نێوزەنگ، ئەو کاتە هەڤاڵ ملازم عومەر لێپرسراوی م.ع بوو، پاش دەوروتەسلیم لەگەڵ هەڤالان، پەڕیمەوە بۆ شاربازێڕ بۆ ئەوەی لەوێوە بڕۆم بۆ سەرکردایەتی. پێش ئەوەی بڕۆم مەکتەبی عەسکەری و پێش بەجێهێشتنی قەرەداغ حەقی خۆیەتی چەند وشەیەک بڵێم بۆ مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. بە حەق تاکو ئەو کاتەی گوێزرامەوە، لەگەڵ هەموو هەڤاڵەکان وەک برابووین، خۆشەویستییەکی بێوێنە لە بەینی هەمووواندا هەبوو. وەک یەک خێزان بووین، بەتایبەت نێوانی من و ئازاد هەورامی وەک یەک کەس ئیشمان دەکرد، بەینی من و شێخ جەعفەر و مام ڕۆستەم و کاک سامان زۆر خۆش بوو. ئەگەرچی تۆزێک ساردی کەوتە نێوانمانەوە، بەڵام ئەوسا و ئێستاش وەک برا وابووین، لەگەڵ کاک دلاوەری ئەحمەد مەجید، عەدنان حەمەی مینە، مەلا ئیبراهیم، مامۆستا جەلال، شێخ توفیق، فوئادی حاجی قادر لە برای دایک و باوک خۆشەویستتر بووین. خۆ لەگەڵ هەموو خەڵکەکەی وەک برا و کەسوکارمان لێهاتبوو، هەموومان پشتوپەنای یەکتربووین، ئەو کاتەی ساڵی ١٩٧٩ دوای شەهید سیروان کە چووم بۆ قەرەداغ، بە دڵەڕاوکێ و تۆزێک ترسەوە ڕۆیشتم، بەڵام بەوپەڕی سەرکەوتن خۆشەویستییەوە قەرەداغ بەجێ هێشت بۆ هەڤاڵەکانم. هەموو ئەو هەڤالانەی کە ناوم هێناون و باقیاتی ئەوانەی ناوم نەهێناون. ئەوەندە یەکترمان خۆشەویست، وامان حساب دەکرد کە یەکێتی ئێمەی لەیەک کردووە. لە پێشەوە باسم کرد کە هاتم بۆ قەرەداغ سەدوپەنجا پ.م بوو، بەڵام کاتێک لە ساڵی ١٩٨٢ مانگی پێنج بەجێم هێشت، ژمارەی پێشمەرگە هەشت سەد پێشمەرگە بوو، هەر بۆیەش دابەش کرا بە چەند تیپێکدا.

## پەڕیمەوە بۆ شارباژێڕ و قەراغم بەجێ هێشت

هاتمە شارباژێڕ و کەوتمە سەردانی پێشمەرگەکان و خەڵکی دێکان، چونکی لە ڕابوردوودا لەوێ بووم و هەموویانم دەناسی. بیرم کردەوە تەمەنم هەڵکشاوە، ئەمساڵ و ئەوساڵمان بەڕێ کرد. کاتی ئەوە هاتووە ژن بهێنم، بەڵام چۆن؟ کە لە قەرەداغ بووم، چەند جارێک بەبیرمدا هات، بەڵام زروفی ئەو کاتە یارمەتیی نەداین، کەم کەس دەیوێرا لە ترسی گرتن و ماڵوێرانی خۆیمان لێبدات. لەوێ سەرکەوتوو نەبووم. لە شارباژێڕ بە هۆی شەڕی ئێران و عێراقەوە، کە نزیک سنوورە، دۆخەکە تۆزێک باشترە. ئەو ماوەیەی لەوێ مامەوە، چەند تێپێکی لێبوو.

## چەککردنی لەشکری ئیسلامی

لە سەرکردایەتییەوە ئاگاداریان کردم بڕیاریان داوە لەشکری ئیسلامی چەک بکەین، بە نامە ئاگاداریان کردم و دیارییان کردبوو کە من لێپرسراوی یەکەمی ئەو جێبەجێکردنە بم لە شارباژێڕ. من کە لەوێ بووم، نیازی ژنهێنانم هەبوو. کە لە قەرەداغ پەڕیبوومەوە، دوا کەوبووم. ئەو برایانەی لەوێ بوون، ئەمانە بوون: کاک بەکری حاجی سەفەر و کاک سالار عەزیز، کە ماڵیان لە پاڕەزان بوو، حامدی حاجی خالید، ئاوات قارەمانی، کاک شۆڕش ئیسماعیل، سەلاح چاوشین، کاک وەهاب، کاک شەوکەت حاجی موشیر و چەندین کادێری سیاسی و عەسکەری. لەسەر ئەو بڕیارەی سەرکردایەتی کۆبووەنەمان کرد و بۆ جێبەجێکردنی نەخشەمان دانا.

ئەو هێزەی لەشکری ئیسلامی هاتبوونە "حاجی مامەند". لەو کاتەشدا وردەوردە لەگەڵ برایانی پارتی پەیوەندیمان باشتر دەبوو، برایانی

پارتی بە سەرکردایەتیی نادر هەورامی و کاک عەبدوڵڵا حەمە ئەمین ئاغا لەگەڵ هێزەکانی خۆیاندا بوون.

من و کاک ئاسۆی شێخ نووری و کاک بەکر لەسەر چەند خاڵێک لەگەڵیان ڕێک کەوتبووین. بەڵام ڕێککەوتنی ناوچەیی بوو "محلی" بۆ هاتنەوەیان بۆ شارباژێڕ. من و کاک نادر هەورامی ڕێککەوتنەکەمان واژوو کرد. بەو شێوەیە هاتنەوە شارباژێڕ، لەبەر ئەوەی دوژمنی هەردوولامان حکومەتی بەعس بوو، ئەگەرچی ئەم ڕێککەوتنە زۆری نەخایاند.

هەر لەو کاتەدا بوو بڕیارمان دا لەشکری ئیسلامی چەک بکەین. پارتی ئاگای لەوە نییە ئێمە نیازمان چییە. لەبەر ئەوەی من پەیوەندیم لەگەڵ پارتی باش بوو و ڕێکەوتنەکە من واژوم کردبوو لەگەڵیان، وامان پێ باش بوو من بچمە دێی "قەلاتێ" و لە نزیک هێزەکانی پارتی بم، بۆ ئەوەی ئەگەر لەکاتی چەککردنی لەشکری ئیسلامی شتێک هاتە پێشەوە، من لێیان نزیک بم و قسەیان لەگەڵ بکەم.

لە بەرەبەیانی وادەی دیاریکراودا لە دوو قۆڵەوە دەستمان کرد بە چەککردنیان. لە قۆڵێکەوە لای سەرگەڵوو، کە بارەگاکەیان لە بەرگەڵوو بوو. هەڤاڵ ملازم عومەر هاتبوو و لێپرسراوی ئەو بەرنامەیە بوو. لەبەری شارباژێڕیش من بووم، لە سەعاتی سفر لە دێی حاجی مامەند جێبەجێمان کرد. دەوریان گیرا و هەموویان چەک کران، لە هەردوولا کوژراو هەبوو. هێزەکانیان هەموویان ئەسیر کران. یەکێک لەوانەی ئەسیر بوو، کەسێکی خەڵکی بادینان بوو. پاش ئەوەی کۆتایی هات بە لەشکری ئیسلامی، دوو کەسیان کە بەرپرسیاریان بوون، ڕەوانەی سەرکردایەتی کران. باقیاتی ئەوانی تریشمان هێنایە مزگەوتەکەی چنگیان. پاشان بەرماندان. لەڕاستیدا دەستکەوتێکی باشمان هەبوو لە چەک و ئەو شتانەی پێیان بوو. لە قۆڵی هەڤاڵ ملازم عومەریشەوە بەهەمان شێوە هەموویان گیران و چەک کران. بەداخەوە لە قۆڵی

سەرگەڵوو سەلاح موهەندیس شەهید بوو، کادێریکی سەربازیی باش و خۆشەویست بوو، هەر لەو کاتەدا چەند باری چەکیان دەپەڕاندەوە بۆ لای سەرگەڵوو لای دێی "خەمزە". ئەوانیش هەموویان لەلای قوڵەکەی کاک ملازم عومەرەوە گیران و چەک کران و کۆتایی بە لەشکری ئیسلامی هێنرا.

### ژنهێنان

هەر لەو ماوەیەدا سەرکردایەتیم ئاگادار کردەوە کە دوا دەکەوم و نیازی ژنهێنانم هەیە. لە دەوری چنگیان و دێکانی ئەو ناوە مامەوە. پاش ئەوەساڵی ١٩٨٢ ژنم هێنا و ماوەیەک مامەوە. داوایان کرد بچم بۆ سەرکردایەتی. لە ڕێگەی سلێمانی بۆ قەڵادزە و لەوێشەوە بۆ نێوزەنگ، لەوێشەوە لە ڕێگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە خێزانمیان هێنا بۆ نێوزەنگ. منیش ئەو کاتەی کە لە قەرەداغەوە پەڕیبوومەوە بۆ شارباژێڕ، ئۆتۆمبیلێکی تویۆتام پێبوو. لەگەڵ خۆم هێنابووم، هی حکومەت بوو و ڕفاندبوویان بۆم. هەر بەوەش لە قەرەداغەوە پەڕیمەوە، سەرکێشییەک بوو بۆ خۆی. کە ڕۆیشتم بۆ مەکتەبی عەسکەری، پێشکەشی کاک بەکری حاجی سەفەرم کرد. ئەو کاتە ئەو ئامرهەرێمی ٣ی شارباژێڕ بوو.

دوای من لە ڕێگەی شارباژێڕەوە بەلای موبرە و بەندی موبرە ڕۆیشتم. لەگەڵ پارتیدا نێوانمان خراپ بووبوو، ساردی کەوتبووەوە نێوانەوە، لای بەندی موبرە خەریک بوو بکەوینە کەمینەوە. بە شارەزایی خۆمان دەرچووین. کەمینەکە پارتی نەبوو، هەندێ کەسی خراپیان لابوو، لەگەڵ من کێشەیان هەبوو و ویستیان سوود لەو دۆخە وەربگرن.

## کارکردن له مەکتەبی سەربازی

که گەیشتمە لای سەرکردایەتی، له مەکتەبی سەربازیی هەڤاڵ ملازم عومەر لەگەڵ هێزەکانی یەکێتی چووبوون بۆ دیووی ئێران بۆ هاوکاریی کوردەکانی ئێران و حیزبی دیموکرات له جەبهەی کونەمشکە و میراوا. پاسدار و حکومەتی ئێران هێرشێکی گەورەیان هێنابوو بۆ سەر هێزەکانی کوردستان. ئێمەش وەک "هێزی پشتیوان" بەشداریی ئەو شەڕانەمان کرد. برادەران لەوێ بوون، هێزەکانمان له هەموو تیپەکان و سنوورەکانەوە بانگ کرابوون و له شەڕەکەدا بوون. ئیتر من که گەیشتم، ڕۆژانە له مەکتەبی سەربازی دەوامم دەکرد. هێزەکانمان چووبوونە قووڵایی ئێرانەوە. بێجگە له جەبهەی "میراوا" و "کونەمشکە"، شەڕ له جەبهەی ئالوەتان گەرم بوو. له کونەمشکە شەهیدمان زۆر بوو، زستانێکی زۆر سەختیش بوو، شێخ فەیسەڵ شەهید بوو، خەڵکی هەڵەبجە بوو، ملازم خوله بریندار بوو، بڕبڕەی پشتی بەرکەوتبوو، له کۆتایی شەڕەکان کشاینەوە. برادەران گەڕانەوە و کۆبوونەوەی سەرکردایەتی کرا. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاری دروستکردنی مەڵبەندەکان درا.

## دروستبوونی مەڵبەندەکان

لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی بڕیاری دروستکردنی چەند مەڵبەندێک درا، مەڵبەندی یەکی سلێمانی بارەگاکەی له حاجی مامەند بوو، مەڵبەندی دووی کەرکووک بارەگاکەی له سەرگەڵوو بوو، مەڵبەندی سێ بارەگاکەی له سماقووڵی بوو، مەڵبەندی چوار له بادینان بوو. بۆ مەڵبەندی دوو بڕیاریان دا من ببمە لێپرسراوی سەربازیی مەڵبەندی دوو و بارەگاکەی له سەرگەڵوو بێت، پێکهاتەی مەڵبەندی دوو بەم شێوەیە دیاری کرابوو:

١- عەلی بچکۆل لێپرسراوی مەڵبەند.

٢- مستەفا چاوڕەش لێپرسراوی سەربازیی مەڵبەند.

٣- شێخ دارای شێخ جەلال حەفید لێپرسراوی دارایی.
٤- شێخ محەمەدی شێخ مەحموود لێپرسراوی کۆمەلاّیەتی.
٥- ئاوات عەبدولغەفور لێپرسراوی سیاسی.
٦- شێخ عەبدولکەریم حاجی کاکەی شەدەڵە لێپرسراوی ئیداری.

ئێمە لە نێوزەنگ بووین لە بارەگای سەرکردایەتی. زستانی ساڵی ١٩٨٢ بوو، هاتینە خوارەوە بەرەو سەرگەڵوو، شوێن دیاری بۆ مەڵبەند کرا. لە ڕێگەی بێوران پشتی سەردەشتەوە بەرەو دۆڵەگەرم سەرکەوتین بەسەر شاخی زەردەدا، بۆ بێتوش شۆڕ بووینەوە. پاش دوو سێ ڕۆژ ڕێگە گەیشتنە "سەرگەڵوو"، بەلاّم بۆ بڕیاری کردنەوەی مەڵبەند نە بارەگامان هەبوو نە ئیمکانیات.

## کردنەوەی بارەگای مەڵبەندی دوو لە سەرگەڵوو

سەرگەڵوو جێگەکەی دەکەوێتەوە چالاییەکی بەرامبەر شاخی دابان هەلاج. لای ڕۆژهەلاّتنەوە "هەڵەدنە"، ڕۆژئاوای سێوکانیانە و پشتی بەرگەڵوو دێی چالاوایە، دەورووبەری سەرگەڵوو جێگەیەکی سەختە، بەتایبەت شاخەکانی دەورووپشتی و بەرگەڵوو. لە شۆڕشی ئەیلوولیشدا بارەگای هێزی ڕزگاری بوو و ڕەئیس عەبدوڵلا ئامرهێزی بوو. ئەوەی ڕاستی بێت، ئێمەمانان بووین لە جێگەی وەهادا بارەگامان دادەنا، چونکی لە شاخی دابان بەرامبەر ناو دێیەکە بەچاوی بێ دووربین سەربازەکان و ڕەبیەکانی ڕژێمی عێراقیمان دەبینی هاتوچۆیان دەکرد. ئەوەندە نزیک بوو، جارجارە سەربازەکان تەقەیان لەناو دێ دەکرد.

چووینە سەرگەڵوو، ئەوەش بە حوکمی ئەوەی شێخ محەمەدی شێخ مەحموود خەڵکی سەرگەڵوو بوو، هەروەها شێخ عەبدولکەریم خەڵکی شەدەڵە بوو، خزمەکانی هەردوولایان لەوێ هەبوون. لەو بێجێگەییەدا

خۆمان و پێشمەرگەکان چەند ڕۆژێک لەماڵی شێخ محەمەد بووین و خزمەتێکی زۆر زۆریان کردین، خاڵە شێخ مەحموودی باوکی و دایکە بەڕێزەکەی زۆر زەحمەتیان کێشا لەگەڵمان. پاشان ژوورێکی بچوکمان پەیدا کرد و کەوتینە کاری خۆمان. ئەو تیپانەی سەر بە مەڵبەند بوون، بانگمان کردن و کۆبوونەوەمان لەگەڵ کردن. ڕێنماییە تازەکانمان لەسەر ئیشکردن پێوتن.

ئەم تیپانەش سەر بە مەڵبەند بوون، من خۆم لێپرسراوی ڕاستەوخۆی تیپەکان بووم.

١- تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون، سنووری چالاکیی: کارێزە و گاپیلۆن و شاری سلێمانی و دەوری دۆڵەڕووت، چەند بتوانێ چالاکی بکات.

٢- تیپی ٢٢ی سووورداش، ئەویش لە دوکانەوە بۆ سلێمانی.

٣- تیپی ٥٧ی سەگرمە لەبەری قەرەداغ بوو.

٤- تیپی ٢١ی کەرکووک، مام ڕۆستەم.

٥- تیپی ٢٥ی خاڵخالان، کاک نەبەز.

٦- تیپی ٤٣ی ئاسۆس، عەبدولڕەحیم.

٧- تیپی ٤٤ی چەکوچ، شێخ سەدرەدین.

٨- تیپی ٦٨ی مامەندە، قادری مامەند ئاغا.

٩- تیپی ٦٣ی جوتیاران، محەمەد ڕازانی.

١٠- تیپی مەڵبەند، فاتح شوانی.

١١- تیپی ٦٥ی بلفەت، مەولود هێرویی.

١٢- تیپی کورەکاژاو، هۆمەر ئاغا.

هەریەکەو سنووری جوگرافیای خۆی جیاواز بوو، سنووریان دیاریکراو بوو. خۆشمان ئەمانزانی، هەموو تیپێک ڕابەری سیاسی هەبوو، شانەشانە ڕێکخستنی تێدا بوو، لە ڕووی سەربازیشەوە کەرت و مەفرەزەکان دیاری کرابوون و لێپرسراوی خۆیان هەبوو.

**دروستبوونی مەڵبەند و بەڕێوەچوونی**

کە هاتینە خوارەوە، سەرکردایەتی ئەوەندە ئیمکانیاتی نەبوو شتێکمان بدەنێ تاکو بارەگاکە دابنێین یان مانگانە شتێکمان بۆ دیاری بکەن. تواناکەمان لەسەر هاوکاری و پیتاکی خەڵک بوو، بەتایبەت لە شاری سلێمانی. بەحوکمی ئەوەی مەڵبەندی یەک لە حاجی مامەند بوو لە شارباژێڕ و دەوری بەرزنجە، هەڤاڵ مەلا بەختیار لێپرسراوی بوو، خۆشی چونکی هەموو ناو شاری دەناسی، لەگەڵ ڕێکخستندا پەیوەندییەکی لە ئێمە باشتری هەبوو. خۆشی پێش شۆڕش لە ناوشار ئیشی کردووە، وای ڕێک خستبوو پارەتییان بۆ ئەو دەنارد. ئێمەش شتێکمان بەر نەدەکەوت یان هەر نەبوو. هەڤالانی مەڵبەند شوکر ماون و شاهیدی ئەم قسەیە منن. بیرمان کردەوە زەحمەتە ئیشی شۆڕشێک و مەڵبەندێک ئاوا بەڕێوە بچێ. ناوبەناو کاک شێخ دارا لێپرسراوی دارایی قەرزی بۆ دەکردین، لە دوای زستان بیرمان کردەوە هەندێک خۆمان کۆبکەینەوە و لە بەرگەڵوو خانوو دروست بکەین و هەریەکەمان بارەگا بۆ خۆی دروست بکات. هەندێک پارەمان قەرز کرد و بە بۆریی شەش ئینجیی ئاسن ئاوی پاکمان لە مزگەوتەکەی "سەرگەڵوو"وە بۆ بەرگەڵوو ڕاکێشا. ئاوەکە شەش هەزار دیناری ئەو کاتەی تێچوو. شێخ محەمەد لە دێی چالاوا قەرزی کردبوو، نزیکەی بیست و پێنج هەزار دینار قەرزار بووین.

باشە چی بکەین؟ منیش خەڵکی شاری سلێمانیم دەناسی و خەڵکی دڵسۆز و تێکۆشەر بوون، ناردم بەدوای چەند گەنجێکی ناوشاردا. تابعەیەکی بچوکمان هەبوو و نووسراومان پێ چاپ دەکرد. نووسراوێکم ڕاکێشا بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکێتی نیشتمانی کوردستان/ ژمارە

مەڵبەندی دوو/ بۆ بەڕێز "........"/ ڕۆژ.

هیواداریین سەرکەوتوو بن/ سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

زەحمەت نەبێ سەردانی مەڵبەند بکەن لە سەرگەڵوو بۆ هەندێک کاری پێویست. تکایە دوا مەکەون.

ئیتر بۆ پێشەوە. بە مۆری مەڵبەند مۆرمان دەکرد.

پاش ئەوەی نامەکانم دا بەو هەڤاڵانە، کورە گەنجەکان ملیان لە چەقۆ ئەسوی، نەترس بوون. دوای ئەوە هەرچی نامەی بۆ چوو، یەک و دوو ملی ڕێگەیان دەگرت و دەهاتن بۆ لامان. پاش ئەوەی ڕێزمان دەگرتن، قسەمان بۆ دەکردن و پێمان دەوتن شۆڕش بە پشتیوانی ئێوە سەر دەکەوێت.

ئیتر خوا هەڵناگری کەس نەبوو نەیەت. لە دووسەدوپەنجا دینارەوە تاکو هەزار دینار یان زیاتریان دەداینێ. لێرەدا حەقی خۆیەتی ئەوە بڵێم تەنها یەک کەس مەبلەغی 'دەهەزار دینار'ی بۆ ناردین. ئێستاش سوپاسی دەکەین. ئەو کەسەش 'مومتازی نووری عەلی' بوو، بە هۆی شەهید 'عومەر سێقەدەوە'. لە سلێمانی لە بەنزینخانە ئیشی دەکرد، ژنبرای شەهید ڕەسوڵی حەمەزێر بوو، بۆی هێناین. لە شاریش عومەر ئیشی لەگەڵ دەکردین، بەڕاستی ئەو پارەیە لەوکاتەدا زۆر بوو بۆمان. خەڵکی واش هەبوو جارجارە لە ترسی خۆیان نامەکەیان دەبرد و نیشانی حکومەتیان دەدا، چونکی ئەوەی نامەکەی دەبرد بۆی، نەیاندەناسی. دەترسان پیاوی میری بن، ئەمەش لە سەرێکەوە حەقی خۆیان بوو، بەعس لەسەر سڵاوێک دەیان خەڵکی ئەم وڵاتەی لە سێدارە دا، یان نەدەبینرایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەیان دەکرد و درێغییان نەدەکرد لە هاوکاری، شتێکیان دەنارد.

ئەو ماوەیەی کە باسی دەکەم هەڤاڵ شێخ دارا چووبوو بۆ کۆبوونەوەی شۆڕشگێڕان لە دۆڵی بالیسان. من بێجگە لەوەی ئیشی تیپەکانم دەکرد، ڕۆژانە ئیشەکەی کاک داراشم دەکرد. کە لە بالیسان هاتەوە، جانتایەکی دیبلوماسی کە نزیکەی '٢٥' هەزار دیناری تێدا بوو، تەسلیمم کرد. قەرزی دێهاتەکانم دایەوە و پارەی ئاوەکەشم دا کە بە بۆری ڕامان کێشابوو بۆ بەرگەڵوو.

## ساڵی ١٩٨٢ و چالاکیی پێشمەرگە

چووینە ساڵی (١٩٨٣)ەوە. چالاکی پێشمەرگە زۆرزۆر زیاد بوون، وەزعیشمان بە هۆی شەڕی ئێران و عێراقەوە باش بوو، تۆزێک حەسابووینەوە. هەموو تیپەکان لە سنووری چالاکیی خۆیان دوژمنیان هەراسان کردبوو. چالاکیی باشیان دەکرد. ئێمەش ڕۆژانە ڕێنماییمان دەکردن. ئەو کاتە جیهازمان هەبوو، لە دوژمنمان گرتبوو، مەرکەزی تیپەکانیش جیهاز و بارەگاشیان هەبوو.

## وەزعی ئێمە و پارتی لە سنووری شارباژێڕ تێک چوو

مەڵبەندی یەکی سلێمانی تووشی کێشە هاتبوون لەگەڵ هێزەکانی پارتی لەلای دێی گۆڕەدیم کە لەولای چوارتاوەیە. لە بەندی موبرە چەند پێشمەرگەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان لە گۆرەدیم شەهید کردبوو، دکتۆر سیروان و هەشت پێشمەرگەی تر. ئیتر ماوەی دانیشتن پێکەوە نەماوە، ژمارەی شەهیدەکانیش زۆر بوون. هەرچی هێزی پارتی و سۆسیالیست و ئەوانەی لەگەڵیان بوون، بەری ئەوبەری تەنکەبواریان گرتبوو، تاکو دەچۆوە ئێران و بەشێکی سیوەیل و سورکێو.

یەکێتی کەمینی بۆ کەسێکی تر دانابوو. ئەو کاتە هەڤاڵ ئاوات قارەمانی سەرتیپی ٣٢ی سلێمانی دەبێ. جەزای عەلی کاتب کە کەسێکی دیاری ناو پارتی بوو و لێپرسراویان بوو، شەهید دەبێ. ئەوانیش چەند پێشمەرگەیەک شەهید دەکەن. ئەوان هەشت کەسی یەکێتییان شەهید کردووە، لێرەش جەزای عەلی کاتب شەهید بووە، کارلەکار دەترازێ. زۆرم پێناخۆش بوو بۆ شەهید جەزا. لەو جێگەیانەی بەدەستیانەوە بوو، بە هاوەن سەنگەرەکانی یەکێتییان تۆپباران دەکرد.

له مەڵبەندی یەکەوە داوایان لە مەڵبەندی دوو کرد هاوکارییان بکەن و هێزیان بۆ بنێرن بچن بە هانای مەڵبەندی یەکەوە. منیش لێپرسراوی سەربازی بووم. لەگەڵ هێزێک ڕێک کەوتین "نازم حەمەی سلێمان". تازە هاتبووە دەرەوە، لەگەڵ یەکێتی بوو، لە شۆڕشی ئەیلوولدا لە ناوچەی شوان ئامربەتالیۆن بوو. بەڵام کە هاتە دەرەوە، هاتە لای یەکێتی نیشتمانی. من و نازم حەمەی سلێمان سەد پێشمەرگەمان ئامادە کرد، ڕۆیشتین بۆ شارباژێڕ. لە جادە پەڕیینەوە. من شارەزای شارباژێڕ بووم. لە تولەڕێ چووینە دێی دۆڵەتوو، لەوێشەوە سویرەڵە و هەرمیلە و هەوڵو، لەو چەند دێیە هێزەکەمان دابەش کرد. جارێ هەر لەمبەر ئاوی تەنکەبوارین.

هەڤاڵ مەلا بەختیار لە مەڵبەندی یەک جوابی بۆ ناردین لە گفتوگۆدان لەگەڵ پارتی و خەڵکمان ناردووە بۆ لایان، جارێ نابێت هیچ بکرێ، لە جێگەی خۆتان بن. ڕۆژێک دوو ڕۆژ لەو دێهاتانە ماینەوە. نەتیجەکەی هەر خراپتر دەبوو، بەڵام لە جێگەی خۆمان نەجوڵاین. بیرم کردەوە ئەگەر هێزەکانی پارتی و سۆشیالیست بێنە ئەوبەری ئاو و بەرزاییەکان بگرن، ئیتر کاری ئێمەش زۆر زەحمەت دەبێ بۆ پەڕینەوە، پاش ئەوە نائومێد بووین.

### بەرنامەی پەڕینەوە بۆ بەری دێی وڵیاوە

شەوی یەکەم پەڕیمەوە بۆ ئەوبەری ئاوی تەنکەبوار و چوومە دێی "وڵیاوە". هەر کە گەیشتینە ئەوێ، هێزێکم سەر خست بۆ سەر شاخەکەی پشتی وڵیاوە و کاک نازم حەمەی سلێمان لەگەڵیان بوو. شەوێ لەسەر شاخ هێزەکانی جود هاتبوونە سەریان و دزەیان کردبوو، بەڵام هێزەکەی ئێمە لێیان دابوون و هاتبوونە دەست، ڕایان کردبوو. هەندێک پێویستیی شەڕیشیان لێ بەجێمابوو. هەر تەقە دەستی پێکرد،

منیش سەرکەوتمەوە بۆ لایان، هەندێکی تریش تەقوتوقمان کرد. ئەوان هەلاتن، ئێمەش سەنگەرەکانی خۆمان قایم کرد. کە ڕۆژ بۆوە، جێگەکانمان لەیەکەوە دیاربوو. بە تۆپۆتایەکی پشتبەتاڵی شین هاوەنەکانیان هێنا و بەرامبەرمان دایان بەست، دەستیان کرد بە تۆپبارانکردنمان. ئەوەی ڕاستی بێت، هەر زۆر لێمان نزیک بوون، ڕۆژی دوایش بەهەمان شێوە هاتنەوە و تۆپبارانیان کردین.

بەرنامەیەکی باشم دانا، هێزێکی گەرمیانیش هات بۆ لام، عادل شوکریان لەگەڵدا بوو و لێپرسراویان بوو، هەروەها شەهید حەمەڕەشیشیان لەگەڵ بوو. هەر کە تاریکی کرد، بە کەسمان نەوت. لە خوار موبرەوە چوومە قوخی شێخی و چوومە دێی گورەدێم و بەندی موبرەم گرت. جارێ کەس نەیزانیبووە. هێزەکانیشم دابەش کرد. پشتی ماڵەکانی موبرەم گرت تاکو گورەدێم بە درێژایی جادەکە:

بەیانی ڕۆژ بۆوە و بە سەیارە هاتن بۆ موبرە، کەوتنە کەمینی پێشمەرگەکانی گەرمیانەوە و شەڕ دەستی پێکرد. ئەنجا زانییان ڕێگەی چوارتایان لێگیراوە، هەر ئەو بەیانییە دەیان سەیارە لە چوارتاوە پێویستی و خواردن و نامەیان بۆ دەهێنان. ڕێگەمان گرت و نەمانهێشت کەس بچێت بۆ لایان، بە گرتنی بەندی موبرە و مامەخەلان و گورەدێم بەرنامەیان خراپ تێک چوو. لە دەوری عەسردا پێشمەرگەکان هێرشیان بۆ کردن. بەرزاییەک هەبوو، قایم بوو کونەڕەبایەی سەربازیی عێراقی بوو، کۆپانان لەوێ بوون و پاش شەڕێک گیرا. ئەوان شکان و هەڵاتن، کوژراویان بەجێ هێشتبوو. ئیتر هەر ئەو ڕۆژە هەموو ناوچەکە بەدرێژایی جادەکە گیرا. ڕۆژی دوایی تر لە قەلاتێ و قوڵی ئەولاوە هێزەکانی مەڵبەندی یەک کە هەڤاڵ حەمە فەرەج لێپرسراوی سەربازیی بوو، هێرشیان کردنە سەر. حەمەڕەش، عزەت شەمساوایی، جەمال حەمەی خواکەرەم، شۆڕش ئیسماعیل، فەرەیدون حەمە ساڵح، سەلاح چاوشین کە ئەو کاتە سەرتیپ بوو، ئاوات قارەمانی، هەموو تیپەکان

بەشدار بوون. لە هەردوولاوە هێرشیان بۆ کردن بۆ شاخی "لەری".
تاکو ناو ئێران ڕۆیشتن و ناوچەکە پاک کرایەوە. هێزەکانی جود کشانەوە بۆ ئێران، چەند ئەسیرێکیان هەبوو و دوایی ئازادمان کردن، چووینە حاجی مامەند و بارەگای مەڵبەندی یەک. چەند ڕۆژێ لەو سنوورە ماینەوە، کۆبوونەوەیەکمان لە حاجی مامەند بە پێشمەرگەکان کرد و قسەمان لەسەر ئەنجامی شەڕەکە و سەرکەوتنمان کرد.

هەر ئەو شەوە لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار لە حاجی مامەند بووین. بارەگای شیوعی لەوێ بوو، دیار بوو شیوعییەکان لە هەموو بەرەی شەڕەکان لەگەڵ جود شەڕی یەکێتییان کردووە، بەتایبەت لە بالیسان کە بارەگای مەڵبەندیان گرتبوو. هەروەها کەمینی جود کە بووە هۆی شەهیدبوونی سەرباز و شەمال، ئێمەش بروسکەمان بۆ هاتبوو لە سەرکردایەتی کە لە شیوعییەکانیش بدەین مادام لە هەموو جەبهەکان شەڕیان کردووین. ئەوەی ڕاستی بێت، لامان باش نەبوو، لەبەر ئەوەی شیوعییەکان کە مامۆستا بەهادین نووری و مەلا عەلی لێپرسراویان بوون لە حاجی مامەند، شەڕی یەکێتییان نەکرد و بەشدار نەبوون لەگەڵیان.

لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار لامان باش بوو پێیان بڵێین لەم ناوە نەمێنن لەبەر ئەوەی ناکرێ ئەوان لە جێگەکانی تر شەڕمان لەگەڵ بکەن. وتم کاک مەلا بەختیار من دەچم پێیان دەڵێم و برادەرمن، من خۆشم دەمناسین. کۆنەشیوعی بووم. وتی زۆر باشە، هەتا بۆ دڵنیایی دەمانچەکەی خۆشم دانا و لەگەڵ خۆم نەمبرد، بێگومان لەبەر دڵی ئەوان. کە چووم، عەبدوڵلا مەلا فەرەج "مەلا عەلی" لێپرسراوی سەربازییان بوو و لەوێ بوو، هەر ئەو شەوە مامۆستا بەهادین نووری لەگەڵ هێزێکیان پەڕیبوو بۆ قەرەداغ، لەگەڵ کاک مەلا عەلی قسەمان کرد. وتم من بۆیە هاتووم، تا ئاگادارتان بکەم کە ئێوە لە جێگەکانی تر شەڕی ئێمەتان کردووە، ناکرێ ئێوە لێرە بن. لەسەر ئەوە قسەمان زۆر کرد. بۆ مێژوو دەیڵێم (مەلا عەلی) وتی برام حەز دەکەم بزانن ئێمە لەو سیاسەتەی حیزبی خۆمان ناڕازین. دەمێکە ئێمە لێرەین، کێشەمان هەیە

لەگەڵ قیادەی حیزب لەسەر بەشداریکردن لەم شەڕەدا. وا "خەریکە پەڕوباڵ دەردەکەین"، ئیتر نامانەوێ شەڕی ئێوە بکەین. ئیمەش زۆرمان لا باش بوو، وتم ئێمەش نامانەوێ شەڕی ئێوە بکەین. وتیان ئێمەش دەڕۆین بۆ قەرەداغ. کاک مەلا عەلی لە یادداشتەکانی خۆیدا کتێبێکی نووسیووە و ئەوەی من نووسیومە، باسی دەکات و ناوی منیشی هێناوە. کاک محەمەد فەرەج لەگەڵ هێزێک چووبوو بۆ قەرەداغ و لەگەڵیان ڕێک کەوتبوو بۆ ئەوەی شەڕ نەبێ. وەزع لە هەرێمی یەک بەم شێوەیە بوو، شەڕی ئێمە ١٩٨٣/٥/١٩ بوو. ئیتر قیادەی حیزبی شیوعی لێی قبوڵ نەکردوون، دوای ئەمەش کێشەیان سەری هەڵدا. هێشتا لە دێهاتەکانی شارباژێڕ بووم، لە دێی چنگیان چوومە سەر شاخ و بە جیهاز قسەم لەگەڵ کاک نەوشیروان کرد. وا ڕێکەوت لە قەندیل بوون، جیهاز وەرگیرا، چونکی هەم شاخی پشتی چنگیان بەرزە، قەندیلیش بەرزترین شاخە. باسی وەزعی سنووری شارباژێڕم بۆ کرد، ئەمە دوای شەڕی ١٩٨٣/٥/١ی قەندیل بوو، وتی لە تۆڵەی شەهید شەماڵ و سەربازدا، چونکی لە هەموو جێگەکان پەلاماریان داوین، بۆیە ئێمەش ئەمەمان کردووە. من وردەکاریی قەندیل نازانم.

### گەڕانەوەم بۆ مەڵبەندی دوو بۆ سەرگەڵوو

لەگەڵ نازم حەمەی سلێمان گەڕاینەوە بۆ سەرگەڵوو. ئەنجامی شەڕەکە و دۆخەکەم بۆ هەڤاڵانی مەڵبەند مەڵبەند باس کرد، چۆن بوو، وا بۆم گێڕانەوە. نازم گەڕایەوە بۆ ناوچەی تیپی ٢١ی کەرکووک لە ناوچەی شوان. ئیتر هەمیشە دەبوایە ئاگاداری کارو چالاکیی هەموو تیپەکان بین و ئامۆژگارییان بکەین، چالاکیی پێشمەرگەش هەمیشە لە زیادبووندا بوو، رادیۆی گەلی کوردستان دەورێکی یەکجار باشی دەبینی، ڕۆحیەتی پێشمەرگە و میللەتی بەرز دەکردەوە.

## گواستنەوەی بارەگای سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی لە نێوزەنگ

لەبەر زەختێکی زۆر کە لە چەند لایەکەوە دەکرایە سەرکردایەتی، بڕیاریان دابوو نێوزەنگ چۆڵ بکەن. وەک هەنگاوی یەکەم مەکتەبی سیاسی هاتبوونە ناوچەی "سەرشیو" لای باوزێ و گەناو. ئەو جێگەیەش زۆر باش نەبوو. مەعلوماتیان بۆ هاتبوو لەوێش پەلامار دەدرێن، ئەو کاتە زەختی ئێرانیشمان لەسەر بوو. تۆپبارانیان دەکردین.

بروسکەیان بۆ کردین کە بچین بەهانایانەوە بۆ ئەوەی کارەکانی تیپەکانی ئەوێ ڕێک بخەینەوە و سەرکردایەتی بگوێزینەوە بۆ ناوچەی دۆڵی جافایەتی لەلای بەرگەڵوو و یاخسەمەر. من لەگەڵ هێزێکی شەست پێشمەرگەیی لە سەرگەڵووەوە بەڕێ کەوتم بۆ ناوچەی بێتوش و ئالان لە بەری ئێران و گەیشتمە ئەوێ. بارەگای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و جەنابی دکتور عەبدولڕەحمان قاسملو و مهندس ئاریاو کەریم حداد لە ناوچەی بێتوش بوون. ئەو شەوە لە بێتوش لە ماڵی کاک کەریم حداد مامەوە. لە زۆوە یەکترمان دەناسی بە هۆی ئەوەی خەڵکی سەردەشت بووین. ڕۆژی دواتر چووم بۆ لای هێزەکانی خۆمان. تیپی ٦٣ی جوتیاران لەوێ بوون و کەرتێکیان لەگەڵ پاسداری ئێرانی تووشی شەڕ هاتبوون. مەلا ئیبراهیم شەهید بووبوو. لەملاشەوە دەنگۆی ئەوە هەبوو عێراق هێرش دەکات بۆ سەرمان. منیش وەک لێپرسراوی یەکەم وتم ناکرێ شەڕی دوو دەوڵەت بکەین و بکەوینە بەینی دوو "بەرداشەوە". بەپەلە ناردم بە دوای ئەو هێزەی لەگەڵ مەلا ئیبراهیم بوو و کشانمەوە بۆ لای خۆمان.

لەگەڵ شەهید جەمال تاهیر کە لە سەرشیو بوو، ڕێک کەوتین کارێکی وا بکەین، خەڵکی گوندەکان ولاخمان بۆ بهێنن بۆ گواستنەوەی بارەگا. بەلام بە نهێنی، بۆ ئەوەی ڕەوانەی لای دۆڵ جافایەتیی بکەین، بڕیاریش وابوو بۆ بەرگەڵوو بێت. ئیتر من چوومەوە بۆ لای هێزەکان و تیپی ٦٣ی جوتیاران. پاش ئەوەی هێزەکانمان یەک خستەوە، دەنگۆی

هێرشی حکومەت هەبوو. تیپی ٦٣ی جوتیاران چوونە شاخی 'گردە بێناس'. کاک عەلی شاماریش لەگەڵمان بوو، لەگەڵ م.س هاتبوو بۆ سەرشیو. هەر ئەو شەوەی هێزەکانمان چون بۆ 'گردە بێناس' حکومەت هێرشی هێنا و کەوتە کەمینی تیپی ٦٣ی جوتیارانەوە. لە شەوەوە تاکو بەرەبەیان لە شەڕدا بووین، من سەرپەرشتیم دەکردن. ئەو کاتە دوو تیپ بوو ٦٣ی جوتیاران محەمەد ڕازانی سەرتیپی بوو، ٦٥ی بلفەت مەولود هێرۆیی سەرتیپی بوو. ئەوانەی دەوریان هەبوو لە شەڕەکەدا، ئامرکەرت و سەرتیپ بوون.

شەهید محەمەد ڕازانی، بەداخەوە لە شەڕی لای شەدەڵەساڵی ١٩٨٧ شەهید بوو. مەحموود ڕازانی، مەولود هێرۆیی، عەبدوڵلا وسو، عەبدوڵلا هەمزە، عەبدوڵلا مەحموود، مام جوتیار، ڕەحیم حاجی خدر، عەلی وەیسی. هێزەکانی ئێمەش سەرکەوتوو بوون و گەورەترین دەستکەوتیان هەبوو. لێمان وەرنەگرتنەوە و دابەشیان کرد.

ئەوەندەی لەبیرم بێ، سەربازێکی زۆر کوژرا و چەکێکی زۆرمان دەست کەوت لە ئاربیجی، وابزانم شەش یان حەوت دانە بوو، ئەمە جگە لە دەیان کلاشینکۆف، هەر لە ژماردن نەدەهات، چەکەکانم بەسەر هەموویاندا دابەش کرد. ئەو کاتە داستانێکی گەورە بوو، دەست خۆشیم لێکردن. داستانی گردە بێناس بووە بەیەکێ لە مێژووەکانی شەڕی یەکێتی. جارجارە یادی دەکرێتەوە. ڕۆژی دوایی حکومەت لە جادەوە هێرشێکی گەورەی هێنا. لەوێش بەگرییەکی گەورە کرا، تیپی ٤٤ی چەکوچ هەندێکیان بەشدار بوون. بەداخەوە عەلی وەیسی بە خەستی بریندار بوو، عەلی وەیسی ڕابەری سیاسیی تیپ بوو. گواستمانەوە بۆ خەستەخانە، لەم ساڵانەی دواییدا شەهید بوو. کوڕێکی ئازاد و دڵسۆز بوو. پاش شەڕەکان هێزەکانمان لە جێگەکانی خۆیان مانەوە.

سەرکردایەتیمان هەمووی گواستەوە، منیش گەڕامەوە بۆ سەرگەڵوو.

## شەڕی بێتواتە

پاش ماوەیەک هێزەکانی یەکێتی بەرنامەیان دانابوو بۆگرتنی بێتواتە کە هێزی ئەنوەر بەگی بێتواتەی لێ بوو چەکداری میری بوون لە ماوەیەکی کەمدا بێتواتە گیرا و سەرکەوتنێکی هێزی پێشمەرگەبوو من لەوێ نەبووم بە بێسیم ئاگاداری ڕووداوەکان بووم یەکێک بوو لەسەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە لەو ڕۆژگارەدا.

## دانوستانی یەکێتی و حکومەت

سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە هەموو بەرەکان بەردەوام بوو. لەولاشەوە شەڕی ئێران و عێراق درێژەی دەکێشا. خەبات و شەڕی ئێمە لە پێناوی بەدەستهێنانی مافی گەلی کورد بوو. هەر حکومەتێک داواکان جێبەجێ بکات، ئامادەین قسەی لەگەڵ بکەین. توانا و دەسەلاتی یەکێتی و چالاکیی پێشمەرگەکان هەموو جێگەکانی گرتەوە. دیار بوو حکومەتی عێراق بۆی دەرکەوتبوو ناتوانێت بە شەڕ بەسەر یەکێتی و هێزی پێشمەرگەدا زاڵ ببێت. خەباتی پێشمەرگەش هەر لە شاخ نەبوو، ڕێکخستنی ناو شارەکان هەموو ڕۆژێ دەستیان لە بەکرێگیراوانی حکومەت دەوەشاند. بێجگە لەوەش، هەموو شەوێک پێشمەرگە دەچوونە ناو شار و شارۆچکەکانەوە. حکومەت لە ڕێگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە لە ڕێگەی شەهیدی میللەتی کورد "دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو" جوابیان ناردبوو بزانن یەکێتی ڕەئی چییە لەسەر گفتوگۆکردن (بەڕێز عەبدوڵلا حەسەنزادەش لە نووسینەوەی یاداشتەکانیدا ئیشارەتی پێداوە). خەباتی ئێمەش بۆ بەدەستهێنانی داخوازییەکانی میللەتەکەمان بوو. خۆ بۆ ئەوە چەکمان

هەڵنەگرتووە هەتا ماوین هەر بەشانمانەوە بێ، ئەگەر داواکانمان جێبەجێ بکات، بۆچی دانوسان ناکەین؟ زۆر باش دەیکەین.

لەم قسەوباسانەدا سەرکردایەتی بڕیاری دا هەڤاڵ مام جەلال بچێت بۆ بەغدا. ئێمە لە سەرگەڵوو بووین، دیارە سەعات بە سەعات دەزانین چی دەگوزەرێ. وەک جاران نەبوو "بێسیم"مان نەبێ. وەفدێکی یەکێتی بە سەرپەرشتیی هەڤاڵ مام جەلال بە هالیکۆپتەر لە بالیسانەوە ڕۆیشتن بۆ بەغدا. شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوش لەگەڵیان ڕۆشت. چوونە بەغدا و هەندێک گفتوگۆ و قسە کرابوو، گەڕانەوە.

بۆ جاری دووەم بڕیار درابوو هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا بچێت و سەرۆکی وەفد بێ. ئەمجارەیان لەبیرمە هەڤاڵان ملازم عومەر، فەرەیدون عبدوالقادر، دکتۆر فوئاد مەعسوم و هەندێک هەڤاڵی تر لە وەفدەکەدا بوون، منیشیان لەگەڵ بووم. خۆمان ئامادە کرد. هەموومان هاتینە دوکان، لەوێش لە سەربازگەکەی دوکان هالیکۆپتەریان ئامادە کردبوو، سوار بووین و چووینە کەرکووک. لەوێشەوە بە ئۆتۆمبێل چووینە بەغدا. چەند ڕۆژێ لەماڵێکی گەورە دایان نابووین. بەرامبەر دائیرەی موخابەراتی عێراقی بوو، وتیان زووتر ماڵی بەرزان تکریتیی برای سەددام حسێن بووە، کرابوو بە میوانخانە. چەند ڕۆژێ لەوێ بووین. ڕۆژانەش دانیشتن دەکرا و لەسەر کاری دانوسان قسەیان لەگەڵ دەکرا، هەر لەوکاتەدا مەبلەغێک پارمەتیی یەکێتی درا، مەبلەغی "دوو ملیۆن دینار بوو". کاک نەوشیروان داوای لە من کرد بیگەیەنمە لای مام جەلال، کە لە سەرگەڵوو بوو، منیش هێنامەوە تەسلیم بە مام جەلالم کرد و جارێکی تر هەر بە سەیارەی حکومەت گەڕامەوە بۆ بەغدا بۆ لای کاک نەوشیروان، ئاگادارم کرد پارەکەم تەسلیم کردووە.

لە کەرکووک لە بینای لیژنەی ڕێکخستنی بەینی حکومەت و یەکێتی لامان دا، لە بینایەکی حوکمیدا بوون، هەڤاڵ عومەر عەزیز نوێنەری ئێمە بوو، لێپرسراوی یەکەمی لیژنەکە بوو بۆ کارئاسانیی بۆ ئیشوکارەکانی

ڕۆژانە، کەسێکی لێبوو "عەقید غەسان ناجی عەسکەری"ی ناوبوو، لێپرسراوی یەکەم بوو لەلایەن حکومەتەوە، من یەکەمجار بوو لەوێ بینیم. هەڤاڵ عومەر عەزیز منی پێناساند و وتی کاک "مستەفا چاوڕەش" و پاش چاکی و چۆنی "غەسان" وتی ئێمە لەژێر ئەرز بۆ تۆ دەگەڕێین کەچی ئێستا لێرەیت، قسەیەکی بەماناوە کرد بەرامبەرم، وتی تۆ وەرەقە ئەکەیت بۆ خەڵکی بێن بۆ لات، کەچی لە ڕێگە کەمینیان بۆ دادەنێیت و دەیانکوژیت، منیش وەڵامم دایەوە وتم من ئیشی نامەردانە ناکەم، خۆ من تەنها یەک کەسم نەکوشتووە، دەیان کەسم کوشتووە. هەر کەسێ دژی میللەتەکەم بێت، دەیکوژم، ئیتر بێدەنگ بوو. ئەمە لە کەرکووک لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ بەغدا. گەیشتمەوە لای هەڤالان کاک نەوشیروان و وەفدی یەکێتی، دانیشتنەکان بەردەوام بوو. ڕۆژانە دەهاتن بە شوێنیاندا و دوای کۆبوونەوەکان دەهاتنەوە. بە هۆی وەستانی شەڕ لەگەڵ حکومەت جارجارە پێشمەرگەش دەچوونەوە بۆ شارەکان بۆ سەردانی کەسوکاریان، لە هەموو جێگەکان ئەو لیژنەیەی بەینی ئێمە و حکومەت کە لیژنەی تەنسیقیان پێدەوت، بەرگەی دەکرد بۆیان، بۆ ئەوەی لە بازگەکانی میری دەست نەهێننە ڕێگەیان.

### هاتنی جەژن و دانانی مین بۆ من لە سەرقەبران

جەژن هاتە پێشەوە. ئێمەش لەگەڵ حکومەت لە دانوسان بەردەوام بووین. منیش وەک هەڤاڵەکانی تر ئێوارەیەکیان چوومەوە بۆ سلێمانی، ماجدی کوڕی پوورێشم لەسەر قسەی ئێمە تازە لە دەرەوەی وڵات "لە ئەڵەمانیاوە" گەڕابۆوە. ماجد پێشمەرگە بوو. لە شەڕە گەورەکەی خاوێدا بە سەختی بریندار بووبوو. برای ئەکرەمی حەپسە بوو. لەبەر خاتری پوورم داوامان لە ماجد کردبوو بێتەوە، ئەویش بە قسەی کردین

و گەڕایەوە. لەو سەردەمەی شەڕی ئێمە و حکومەت هەمیشە گردی سەیوان ڕەمزی خۆڕاگریی بوو دژی ڕژێم. ئێمەش چەند کەسێکمان وەفاتیان کردبوو، پوورە حەپسەم و ئاسۆی خاڵم شەهید بووبوون، وتیان یەکەم ڕۆژی جەژن دەچین بۆ سەرقەبران، من پێم وتن مەچن، باش نییە. لە سەربان نووستبووین، بڕیارمان دا نەچین، بەرەبەیان خزمان هاتن بە دواماندا، من هەر نەچووم، ماجد لەگەڵیان چووبوو. لەکاتی چوونە سەرقەبران خزمان و دۆستانی زۆر لێبوو، مینیان بۆ دانابووین. مینەکە لەژێر قاچی ماجد تەقی بووەوە و بووە هۆی بریندابوونی. من لە ماڵەوە بووم، دراوسێکان وەک عادەتی جەژن دەهاتن بۆ لامان. کە خەبەریان هێنا، بەپەلە چووینە خەستەخانە. هەردوو قاچی پەڕاندبوو، هەتا بڵێیت ناخۆش بوو، لەولاوە ئەکرەم لە سێدارە دراوە. دایکی وەفاتی کردووە، ماجد لە ئەڵەمانیاوە هاتۆتەوە و هەردوو قاچی پەڕیووە، ئەمەش ڕێگەی خەبات و خزمەتکردن بە نیشتمانە، هی تریشی بەدوادا دێت. کەسوکاری ئەو خائینانە بوون کە بە دەستی پێشمەرگە کوژرابوون، بە دەسکیسەی ڕژێم ئەو ئەڵغامەیان دانابووەوە. فرسەت بووە، نێچیرێکی باشیان دەست کەوتووە، بۆیە ئەڵغامیان دانابوو بۆم.

### شەهیدبوونی ئاسۆی خاڵم

هەر لەکاتی دانوستانی نێوان یەکێتی و حکومەت، لەگەڵ خالیدی برای ئاسۆ، کە خالید لەگەڵ خۆم پێشمەرگە بوو، هاتینەوە سلێمانی و لە ماڵی وەستا محەمەدی پوورم بووین، خالید بە سەیارەکەی من چووبووە دەرەوە. کاک "مەحموودی حاجی"مان دەعوەت کردبوو. پێکەوە لە ماڵی وەستا محەمەدی پوورم دانیشتبووین، گوێمان لە هەندێ

تەقە بوو، ئاسۆی خاڵیشم لە بەردەرگا بوو، کە گوێی لێدەبێت، دڵی لای بوو، بۆ سۆراغی خالید چووبوو. کاک بەکری حاجی سەفەریش لە شار دەبێ، لە ماڵێک لەو ناوە دەعوەت دەبێ و پاسەوانەکانی لە بەردەگا دەبن، ئاسۆش نایانناسێ. دوای ئەم تەقانە بەرەو ڕوویان دەڕوات، ئەوانیش لەبەر تەقەکان خۆیان ئامادە کردووە، ئەوان بانگی دەکەن، ئەمیش دەگەڕێتەوە دواوە. تەقەی لێدەکەن و بە خەستی بریندار دەبێ، ئەوان ئەو ناوە بەجێ دەهێڵن. هەر نەبووایە دەبوو بەزوویی بیانبردایە بۆ خەستەخانە. کە چووینە سەری، بێهۆش بوو. بەو هۆیەوە بەرنامەکەمان تێک چوو. من و کاک مەحموودی حاجی چووین بۆ خەستەخانە، خوا هەڵناگرێ دکتۆرەکان زۆر هەوڵیان دا، خوێنی نەدەوەستایەوە، بەدەستی هەڤاڵەکانی خۆمان شەهید بوو، زۆر ناخۆش بوو، بە نامەردی شەهیدیان کرد. ئەوانیش هەروایان زانیووە سەر بە ڕژێمە یان هاتووە شتێک بکات، بەڵام ئاسۆی داماو لەبەر خالید هەر سەرپێی لەپێدا بوو، تەنانەت چەکیشی پێنەبوو. زۆر بێتاوان بوو.

### ماجید و ناردنی بۆ ئەڵەمانیا

دوای ئەوەی ماجید هەردوو قاچی پەڕی، برای بەڕێزمان دکتۆر کەمال فوئاد کە لە ئەڵەمانیا بوو، کارئاسانیی بۆ کردین ماجد بەرین بۆ ئەڵەمانیا. دیار بوو هەر لە سلێمانی لەبەر ئەوەی مینەکە کاریگەر بوو، دکتۆر نەوزاد عەتار و دکتۆرەکانی تر هەردوو قاچیان بڕیەوە، دکتۆر نەوزاد زۆر ماندوو بوو لەگەڵمان، نمونەیان زیاد بێت. کارەکەش ئەوەندە نامەردانە بوو، لام وابێت دەبێ وانەژمار بکرێ دەستدرێژی بووە بۆ سەر شاری سلێمانی و شەهیدانی گردی سەیوان. هەموو شاری سلێمانی بەداخ بوون، چونکی کاری وا هەر لە خەڵکی.نەفسنزم و خوێڕی و خائینان و ڕژێمی بەعس دەوەشێتەوە. ماجیدیش دەبوایە

کەسێکی لەگەڵ بچوایە بۆ هاوکاریکردنی، چونکی هەردوو قاچی پەڕیبوو. لە ڕێگەی لیژنەی هاوبەشەوە پەساپۆرتیان بۆ هەردووکمان دەرهێنا و لە بەغداوە ڕۆیشتین بۆ ئەڵەمانیا. هەر لە فرانکفۆرتەوە یەکسەر ئێمەیان برد بۆ خەستەخانەی شارێکی بچوک لە نزیک فرانکفۆرت پێیان دەوت "لودڤیگس هاڤن"، کە تایبەت بوو بە دەستبڕین و قاچ و ئەم جۆرە ڕووداوانە. لەوێ ماوەی دوو مانگ کەمتر مامەوە، دوایی گەڕامەوە بۆ بەغدا و لەوێشەوە بۆ سووورداش. بارەگاکەمان لە سووورداش بوو. ماجیدم بەجێ هێشت، چونکی ئەو کاتی زۆری دەویست و خۆشی پێشتر لە ئەڵەمانیا بوو و دەیتوانی بمێنێتەوە.

ڕۆژبەڕۆژ وەزعی ئێمە و حکومەت بەرەو گرژی دەڕۆیشت، ڕۆژانە کێشە دروست دەبوو.

### هاتنی عەلی حەسەن مەجید بۆ سووورداش

وا دەردەکەوت حکومەت نیازی نییە شتێک بکات، دەیانویست سوود لەکات وەربگرن لەبەر شەڕی ئێران و عێراق. ئێمە هێشتا بارەگاکانمان لە سووورداش مابوو، بەڵام بۆ کاتی تێکچوون لەگەڵ میری هەندێک ئامادەکارییمان کردبوو، بەتایبەت لای دۆڵی کانی توو و سیروان و ناوچەی مەرگە و بناری شاخی ئاسۆس. عەلی حەسەن مەجید لەگەڵ هێزێکی زۆر هات. بەحوکمی ئەوەی من لە مەکتەبی عەسکەری بووم، ڕۆژانە مام جەلال ئیشەکانی ئەوێی پێدەسپاردم. هەردوو وەفد دانیشتین، یەکێتی بە سەرپەرشتیی مام جەلال و عەلی حەسەن مەجیدیش سەرپەرشتیی وەفدی بەعسییەکانی دەکرد. من لە زۆوری کۆبوونەوەکە بووم، دیار بوو قسەکانیان بۆ خاوبوونەوەی وەزعەکە بوو، بەڵام هیچیشیان نەدەکرد. وەفدی حکومەت بە هالیکۆپتەر هاتن و گەڕانەوە، دانیشتنەکان هەر ئاسایی بوو، هیچی جێبەجێ نەکرا.

## چۆڵکردنی بارەگاکانمان لە سووررداش

هەموو ئەو بارەگایانەی لە سووررداش بوون، یەکبەدوایەک چۆڵمان کردن تەنها بارەگاکەی مەکتەبی سەربازی نەبێ. من و ملازم عومەر لەوێ بەجێ مابووین، ئەو بارەگایانەشی دروست کرابوون لە ئاوەژێ و سیروان و کانی توو، هەرکەسە و چووە جێگەی خۆی. مام جەلال چووە "سیروان"، نێوان کانی توو و چنارنە، لەوێ خانووی بۆ دروست کرابوو. شوێنێکی دوورەدەست بوو. بارەگای کاک نەوشیروان لە کوروان بوو، تەنیشتی ئاوەژێ. ناوەندی کۆمەڵە لە کانی توو بوو، مەکتەبی ڕێکخستن لە کانی شینکە بوو. پاش ڕۆیشتنی هەموو بارەگاکان ئێمەش ڕۆیشتین. لە "سیروان" بارەگامان دانا، خانووش بۆ ئێمە دروست کرابوو. جیهازمان دانا و کەوتینە تەماس لەگەڵ هەموو تیپەکانی یەکێتیی نیشتمانی و ئیشەکانمان دابەش کرد. بارەگای تیپی ٤٣ی ئاسۆس لە مەرگە بوو. جوتیاران لە دەورمان بوون و لەسەر شاخی ئاسۆس و کۆلارە واجباتیان بۆ دیاری کرا.

## هاتنی عەقید غەسان ناجی عەسکەری بۆ لای مام جەلال

جوابیان ناردبوو عەقید غەسان دێت، مام جەلال منی نارد بە دوایدا. لە بنگردەوە لەگەڵ خۆم هێنام بۆ لای مام جەلال. چەند سەعاتێک مایەوە، دوایی لەگەڵی گەڕامەوە بۆ بنگرد، سواری هالیکۆپتەر بوو و گەڕایەوە، منیش گەڕامەوە بۆ لای مام جەلال، زۆر کەس وتیان چۆن وێرات و چوویت، چونکی هەموو بارەگاکانمان چۆڵ کردبوو و گەڕابووینەوە بۆ شاخ.

## دانانی بەرنامە بۆ گرتنی شاخی دابان-هەلاج

وا خەریکە شەڕ دەبێتەوە، حکومەت لەژێر زەختی تورکیادا لە هەموو ئەو بەڵێنانەی دابوویان، پەشیمان بوونەوە. دیار بوو هەر بۆ سوودوەرگرتن لە کات بوو. حیزبی بەعس هەر بڕوای بە کورد و مەسەلەکەی نەبوو. بڕیارمان دا مادام شەڕ دەبێتەوە، داستانێکی گەورە تۆمار بکەین و لە خەڵکی بگەیەنین ئاشتی ئاشتییە و شەڕیش شەڕە، ماندووش نەبووین لە خەبات. قسەمان زۆر لە دژ دەکرا لەلایەن نەیارەکانەوە. پێش ئەوەی حکومەت پەلامارمان بدات، ویستمان وا بکەین هەندێک جێگە ڕزگار بکەین. بەرنامەکە دانرا و بڕیار درا هێزەکان بجوڵێنرێن. مام جەلال ئەم کارەی بە کاک ملازم عومەر سپارد، بۆ ئەوەی بە زووترین کات بێت بۆ سەرگەڵوو و هەڵەدن، نزیکترین جێگە لەو جێگەیەی دەمانەوێ پەلاماری بدەین.

ملازم عومەر بەرنامەی خۆی دارشت و هێزەکان گەیشتن، بە منی وت تۆ لێرە بمێنەوە لەبەر کاروباری ئێرە. با نەڵێن مەکتەبی عەسکەری کەسی لێنەماوە. لەگەڵ ئامرتیپەکان کۆبوونەوەی خۆی کرد. ئیتر من لەوێ نەبووم. هەر تیپەو جێگەی خۆی پێسپاردبوون، لە کاتێکی دیاریکراودا لە بەرەبەیاندا پێشمەرگەکان هێرشیان کردە سەر بارەگا و ڕەبیەکانی سەر شاخی "دابان و هەلاج". لە ماوەیەکی کورتدا هەمووی گیرا، دەستکەوتێکی یەکجار زۆر، فەوجێک بە هەموویەوە لێک هەڵوەشا، ئەمەش گەورەترین شەڕی یەکێتی بوو لەگەڵ حکومەت دوای دانوستان، لەم شەڕەدا ئەسیرێکی زۆر و کوژراوێکی زۆر هەبوون. ئێمەش پۆلێک پێشمەرگەی ئازا و قارەمانمان شەهید بوون. سڵاو لە ڕۆحی پاکیان. لە دوای شەڕی دابان-هەلاج لە هەموو بەرەکان و سنووری تیپەکان شەڕ دەستی پێکردەوە. پەلاماری زۆر جێگەیان دا و سوتاندیان، وەک دۆڵی خەلەکان و زۆر شوێنی تر.

ئیمە ئەو کاتە هەر لە سیروان بووین. بارەگای مەکتەبی سەربازی مابوو بۆ ئیشوکاری ڕۆژانەی تیپەکان، مام جەلال لە سیروان بوو، دەچووم بۆ لای و لەسەر وەزعی تیپەکان و چالاکییەکان ئاگادارم دەکردەوە. ملازم عومەریش پاش ئەو سەرکەوتنە گەورەیە گەڕایەوە.

## گرتن و چەککردنی برادەرانی ئاڵای شۆڕش لە قەرەداغ

ماوەیەک بوو مەسەلەی ئاڵای شۆڕش کە هەڤاڵ مەلا بەختیار سەرپەرشتیی دەکرد، لەناو یەکێتیدا دروست بووبوو. بۆ ئەو مەسەلەیەش چەند جارێک لەگەڵ برادەرانی ئاڵای شۆڕش قسە کرا. لەناو یەکێتی و بەتایبەت کۆمەڵەدا شتێکی دیار بوو، دوای دانوستان هەستی پێدەکرا.

جارێکیان چەند هەڤاڵێک هاتن بۆ سیروان بۆ لای مام جەلال و لەوێشەوە چوون بۆ قەرەداغ بۆ لای کاک مەلا بەختیار. ئەوەی لەبیرم بێ، ئەم هەڤاڵانە بوون ١- ئازاد هەورامی ٢- کاک وەهاب ٣- مامۆستا موحسین ٤- مامۆستا پشکۆ. خۆشیان هەندێکیان هەر ئاڵای شۆڕش بوون. من وردەکاریی قسەکان نازانم. لە ئەنجامدا وادەرکەوت لێی قبوڵ نەکرێت، بەتایبەتیش لەم وەزعەی یەکێتیدا. باشم لەبیرە لەگەڵ هەڤاڵەکان نامەیەکم نووسی بۆ کاک مەلا بەختیار، هەندێک شتم تێدا نووسی و داوام کردبوو وا برادەران هاتوون، چیتان پێدەکرێ بۆ خزمەتی یەکێتی، درێغی مەکەن، شتی تریشم نووسی بوو. پاش ئەوەش وابزانم جارێک مام جەلال کاک مەلا بەختیاری بینیبوو، زۆر شتیان باس کردبوو، ئەوانیش نیازی لەتکردنی یەکێتییان نەبوو، لە ڕاستیدا چەند تێبینییەکیان لەسەر هەندێک شت هەبوو.

## من و ملازم عومەر لە بارەگای مەکتەبی سەربازی بووین

ماوەیەک بوو مام جەلال بارەگای خۆی گواستبۆوە بۆ دۆڵی جافایەتی و لە دێی "یاخسەمەر" بارەگای دانابوو. منیش چووبوومە ماڵەکەی ئەوەوە. ڕۆژێکیان ئەو پێشمەرگەیەی لەسەر جهازەکە بوو، هات. من و ملازم عومەر پێکەوە بووین. وتی بە بێسیمەکە گوێم لێبووە شتێک ڕووی داوە لە قەرەداغ، وتی وابزانم کاک مەلا بەختیاریان گرتووە و چەکیان کردوون. پێکەوە لەگەڵ کاک عومەر چووینە لای بێسیمەکە و گوێمان گرت، دەرکەوت کە هێزێکیان کۆکردۆتەوە بە سەرپەرشتیی هەڤاڵ جەبار فەرمان و شەوکەتی حاجی موشیر، چوونەتە سەریان و گرتویانن. کاک ڕۆستەمیشیان لەگەڵ بوو، نازانم کێی تریشیان لەگەڵ بوو لە لێپرسراوانی تیپەکان. کاک عومەر کە گوێی لە هەندێ قسە بوو، لێیان تووڕە بوو و جیهازەکەی داخست. زۆر تووڕە بوو لەوەی دژی مەلا بەختیار کردبوویان. بۆ مێژوو شاهیدم هەڵوێستێکی مەردانە و پیاوانەی هەبوو. بێسیمەکەی پێچایەوە و ناردیەوە بۆ لای مام جەلال. ئیتر کاک عومەر زویر بوو و لە ماڵەکەی خۆی دانیشت. بمانەوێ و نەماوێ بەو هۆیەوە کارەکان تێک چوون، مەکتەبی سەربازییش نەما. پاش چەند ڕۆژێکی تر من و ملازم عومەر چووین بۆ لای مام جەلال لە یاخسەمەر. دوای ئەوە سەردانێکی مەلا بەختیارمان کرد لە زیندان. دوای ئەوەش سەرێکم لە کاک نەبەز دا، ئەو و مامۆستا پشکۆیان لەسەر ئەو مەسەلەیە زیندانی کردبوو. دوایی گەڕاینەوە بۆ لای مام جەلال. لەسەر ئەوەی ڕووی داوە، کاک عومەر قسەی لەگەڵ مام جەلال کرد، ئیتر پێکەوە گەڕاینەوە بۆ سیروان. هەردووکمان ماڵمان لەوێ بوو.

## جارێکی تر من چوومەوە بۆ لای مام جەلال

بارەگاکانمان چووە لای ناوچەی مەرگە و لەوێ ماینەوە. من پێشتر لێپرسراوی سەربازیی مەڵبەندی دوو بووم. دوای ئەوەی کاک عومەر جهازەکەی ناردەوە، شتێک نەمایەوە بەو ناوەوە. دوای گفتوگۆ لەگەڵ میری ئیتر من نەچوومەوە بۆ مەڵبەندی دوو. سەردانی مام جەلالم کرد، بیرم کردەوە خۆ ناکرێ هەر لەوێ بێت و کار نەکەی، لەبیر دەچیتەوە. کە چووم بۆ لای مام جەلال، هەندێک قسەمان کرد. لەسەر وەزعی سنوورەکەی پشدەر و ئەو ناوە پرسیاری لێکردم. باسی ئەوەی کرد کە ناچیتەوە بۆ مەڵبەند، ئەو کاتە کاک عەلی بچکۆلیش لەوێ نەمابوو. کاتی خۆشی لەبەر کۆمەڵێک هۆ چووم بۆ مەڵبەندی دوو، ئەگینا ئەو کاتەش نەدەچووم. بە کاک نەوشیروانم وتبوو خۆم دەزانم چیم کردووە بۆ یەکێتی. دوایی بە مام جەلالم وت من ناچمەوە. قادر چاوشین کانی وەتمانی لە یاخسەمەر دانیشتبوو. لەکاتی قسەکانماندا وتم من ناتوانم بچمە شوێنێک، هەندێ کەس زروف کردوویەتی بە سەرکردایەتی. وتی دەزانم، مام جەلال هەردوو دەستی بەرز کردەوە و وتی ئەگەر بە من بێت، بە دوو دەست دەنگت بۆ دەدەم بۆ سەرکرایەتی و مەکتەبی سیاسی، بەڵام من ناتوانم پەیڕەو پێشێل بکەم، بەرپرسی مەڵبەند دەبێ سەرکردایەتی بێت. کۆتایی قسەکانمان بەوە تەواوبوو من بچمەوە بۆ ناوچەی مەرگە و کانی توو، تیپەکانی لەوێن، سەرپەرشتییان بکەم، هی هەموو تیپەکان. وتم باشە و خواحافیزیمان کرد. من گەڕامەوە تاکو ئەو کاتەی ڕژێمی بەعس ژەهرخواردیان کردم لە ساڵی ١٩٨٧دا، ژمارەی تیپەکانی ئەو سنوورەش زۆر بوون، حەوت تیپ بوون. منیش لەگەڵ هەموویان دانیشتم و ئاگادارم کردن وەک لێپرسراوی یەکەم من سەرپەرشتیی کارەکانیان دەکەم.

### شەڕی سێ مانگەی قەیوان-ماوەت

لە شەڕی سێ مانگەی قەیوان-ماوەتدا ساڵی ١٩٨٦ لە جەبهەکانی بەرامبەر پێشمەرگە، حکومەت دەستی کرد بە پەلاماردان، لە پشتی خەمزەوە بۆ دوو برا و کەلکی قەیوان و دزڵ بێشک و هەموو ناوچەکانی. هێزی پێشمەرگەش گەورەترین بەرگریی کرد. لە مەڵبەند و تیپەکانی تریشەوە هێز دەهات بۆ هاوکاری. شەڕەکان زیاتر لە سنووری تیپی ٤٧ی پیرەمەگروندا بوو. بەڵام ئەو شەڕە گەورە و بەربڵاوە هەر بەوان نەدەکرا، لەبەر ئەوە هێزی پێشمەرگە بەشدار بوو، شەڕی هەمووان بوو. کاک کۆسرەت لەو جەبهەیەدا سەرپەرشتیی هێزەکانی دەکرد. ئەوەی ڕاستی بێت، دوورگەی شەڕەکە بچوک دەبووەوە، چونکی هێزی دوژمن بەو هەموو ئیمکانیاتە گەورەیەوە دریغیی نەکرد، هەرچی چەکی بوو، بەکاری دەهێنا، تۆپباران نەیدەهێشت هەناسە بدەی، هێزەکانی کە من لەگەڵیان بووم و سەرپەرشتیم دەکردن، بە قەدەر پێویستی سەنگەرەکان دابەش ببووبوون.

لە دوو برا و خەجە لەرزۆک و مارە ڕەش و شوێنەکانی تریش شەڕ گەرم بوو. لە یەکێک لە جەبهەکان کە زۆری خایاند و بەردەوام بوو، جەبهەی قەیوان بوو. من چووم بۆ دێی قەیوان. لەگەڵ سەلاح چاوشین و ڕابەری سەید ئیبراهیم دەوروتەسلیمم کرد. چونکی هەر ناوبەناو لەبەر هیلاکی یەکترمان بەگوێرەی پێویستی شەڕەکە دەگۆڕی. ئەوان گەڕانەوە بۆ بارەگاکانی پشتەوە بۆ شاخی کورەنگ لە پشتی کاریزە. هێزێکم بە سەرپەرشتیی 'عوسمان شارستێنی' جێگری تیپی ٤٢ی ئاسۆس نارد. شەو حکومەت و جاشەکان هێرشیان هێنا، بەڵام پێشمەرگەکان لێیان هاتنە دەست. زیانێکی زۆریان لە دوژمن دا و لاشەی جاشێک بەجێما، دوایی بە هۆی خەڵکی ناوچەکەوە تەسلیممان کردەوە. ئەو جێگەیەی لێی بووم، بە هیمەت و ئازایەتیی پێشمەرگەکان و ئیمانی بەهێزیان زۆر سەرکەوتوو بوو.

## شەڕی گەورەی کەلکی قەیوان

من سەرپەرشتیی هەموو بەرەکانی شەڕەکەم دەکرد حکومەت هەموو ڕۆژێک لە قولەکانی لای خۆمەوە هێرشی دەهێنا. پێشمەرگەش باشترین بەرگریی دەکرد. بڕوا بکەن لە مێژووی کورددا وێنەی نەبوو. ڕۆژێک هێزێکی گەورەی حکومەت لە دۆڵەڕووتەوە بە هەموو توانای خۆیەوە، هەر لە تەیارەی پیلاتوز و دەبابە هەتا جاش و جەیشەکەی هێرشی هێنا بۆ کەلکی قەیوان، مەیدانەکەش زۆر گەورە نەبوو، تیپی ٣١ی لێبوو. هەڤاڵ هەڵۆی ئەحمەد کوردە سەرتیپیان بوو. لەکاتی هێرشەکەدا ئەم پێشمەرگانە لە سەنگەرەکەدا بوون:

١- هەڵۆی ئەحمەد کوردە، سەرتیپ
٢- عەبە ڕەق، فەرماندەی کەرت
٣- ئازاد سابیر، جێگری فەرماندەی کەرت
٤- مەلا عەتار، فەرماندەی کەرتی ١
٥- شەهاب، فەرماندەی کەرتی ١
٦- وەستا کەمال، فەرماندەی کەرتی ٣
٧- جەمال حەمە کەریم، فەرماندەی کەرتی ٤، شەهید بوو
٨- حەمەزیاد، فەرماندەی کەرتی ٥
٩- مامە سەعە، فەرماندەی کەرتی ٦
١٠- وەستا لەتیف، فەرماندەی کەرتی تیپ، دووەم ڕۆژ شەهید بوو

لە کاتی دەستپێکردنی شەڕەکەدا بێسیمێکی هۆکی تۆکیم پێبوو، هەڵۆش لە خوارەوە بوو. هەڵۆ هات و هەروورکمان سەرکەوتین بۆ لای پێشمەرگەکان. ئەو پێش من چووە لای پێشمەرگەکان. ڕێک کەوتین من لە خوار ئەوانەوە بم. شەڕ گەرم بوو. هەتاکو ئەو کاتە شەڕم زۆر بینی بوو و بەشدارییم تێدا کردبوو، بەڵام شەڕی وەک ئەوەی کەلکی قەیوانم نەبینیبوو. کەلکی قەیوان چەند سەد مەترێکە و زیاتر نییە، ئەو جێگەیەی شەڕەکەی تێدا بوو، هێرش لەسەر هێرشیان بۆ دەکرد، بەڵام دەشکان.

وا ڕێک کەوت بێسیمەکەم کردەوە. لەگەڵ ئەفسەرێک ڕەبت بوو، گوێم لە قسەکانی ئەفسەرەکە بوو، قسەی بۆ پلەدارێکی لە خۆی گەورەتر دەکرد. ئەفسەرەکە بۆ ئەوەی خۆی بکات بە پاڵەوان، دەیوت سەیدی وا نزیک بووینەوە و شکاندمانن، کە گوێم لەم قسانەی بوو چوومە سەر خەتەکەی و وتم درۆ دەکەیت. ئەگەر ڕاست دەکەیت، سەرت بەرز بکەرەوە، ئێمە لە جێگەی خۆمانین و هیچ شوێنێکتان نەگرتووە. وام لێکرد ڕووخاندم، هەرواش بوو و درۆی دەکرد. کۆتایی شەڕەکە ئێوارە سەرباز و جاش شکان، بەرەو خوارەوەی دۆڵەڕووت هەلاتن و شۆڕ بوونەوە.

من ئێوارە شتێکم نووسی بۆ ڕادیۆی گەلی کوردستان. لەبیرمە چیم نووسی، ئێوارەش ڕادیۆکە بڵاوی کردەوە و هێز و توانایەکی تری بە خەڵکی و پێشمەرگە دا. بەم شێوەیە بوو:

کۆمەلانی خەڵکی کوردستان، جارێکی تر پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان پەیمانیان تازە کردەوە لە شاخی قەیوان، کە نەهێڵن دوژمن ولاتەکەمان داگیر بکات، پێشمەرگەکانی قەیوان بڕیاریان داوە ئەگەر شاخی قەیوان بگوێزیتەوە، ئەمان لەجێگەی خۆیان بمێننەوە و شەهید بن و سەنگەرەکان چۆل نەکەن. پەیمان بە خوێنی شەهیدان دەدەن بەردەوام بن و دوژمن بشکێنن.

دوای ئەوەش ڕۆژانی تر چەند جارێک هێرشیان هێنا و بە شکاوی گەڕانەوە. دیارە لە بەرەکانی تریش شەڕ هەر بەردەوام بوو. من ماوەی مانگێک لەوێ بووم. تاکو لەوێش بووم، بڕوا بکەن تاقە سەنگەرێکمان نەگیرا. جگە لەو کەسانەی لە پێشەوە ناوم هێنان، ئەم هەڤالانەش لەوێ بوون هەرکەس بە پلەی خۆی.

١- جەمال ئەبو شوارب، جێگری کەرت

٢- تایەر چاوشین دەرمیانەیی، جێگری کەرت

٣- فایەق چاوشین، جێگری کەرتی ٥

٤- تایەری حاجی سەعید، جێگری کەرتی ٦
٥- عەلی چەلەبی، جێگری کەرتی تیپ
٦- ڕۆستەم قولەڕەیسی، فەرماندەی مەفرەزە
٧- دلاوەری حاجی عوسمان پێنجوینی، فەرماندەی مەفرەزە
٨- ئیبراهیم، فەرماندەی مەفرەزە، شەهید بوو
٩- کەمال مالیە، فەرماندەی مەفرەزە
١٠- مەحموود بناوەسوتەیی، فەرماندەی مەفرەزە
١٢- جەلال، فەرماندەی مەفرەزە
کادیرەکانیش ئەمانە بوون:
١- سەیوانی حەمە زرگوێزی، بەرپرسی ڕێکخستنی تیپ بوو
٢- شێخ جەمیل، بەرپرسی پۆل بوو، شەهید بوو
٣- سالار عوسمان، کادیری ڕێکخستن
٤- شێخ کامل، کادیری ڕێکخستن
٥- شێخ سالار، کادیری ڕێکخستن
٦- جەزا ئەحمەد کوردە، ڕابەری سیاسی بوو
٧- بەرزان ئەحمەد کوردە، کادیری ڕێکخستن بوو
لە جەبهەکان شەڕ هەر بەردەوام بوو، تیپەکانی ٦٣ی جوتیاران و ٤٣ی ئاسۆسمان لەگەڵ بوو. دواتر عەبدولڕەحیم میرزا ڕۆستەم، کە سەرتیپ بوو، هاتە جێگەکەم. ئەم شەڕە سێ مانگ درێژەی کێشا. ئەم تیپانەش بەشداربوون لە قوڵەکەی لای منەوە:
١- تیپی ٩٣ی کۆیە: ڕەهبەری سەید ئیبراهیم سەرتیپ بوو، شەهید محەمەد شینە جێگری سەرتیپ بوو، مەولود فەرماندەی کەرت بوو.
٢- تیپی ٤٣: عوسمان شارستێنی جێگری تیپ بوو، سەرپەرشتیی دەکرد. شەهید مەحموود سیدەری فەرماندەی کەرت بوو.
٣- تیپی ٢٣ی سووورداش: جوامێر براخاس سەرتیپ بوو. حەمەی تەییب جێگری تیپ بوو.

له "گەرەدێ"وە ڕۆشتین بە هانای پێشمەرگەکانەوە بۆ شاخی گۆجار. فریا نەکەوتین و پێشمەرگە شکان و هاتنە خوارەوە، شەهید و بریندارییان هەبوو. یەکێک لە پێشمەرگە ئازا و قارەمانەکان شەهید "عەلی مەسیفی" بوو، کە ئامرکەرتی تیپی مەڵبەندی سێ بوو لای کاک کۆسرەت. تاکو دێی کانی مێو شەهید و بریندارەکانمان هەر بە ڕاکێشان هێنایە خوارەوە بۆ ئەوەی دەستی دوژمن نەکەون.

بۆ مێژوو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران یارمەتییەکی زۆریان داین لە هەموو ڕوویەکەوە، بەتایبەت ڕۆژی کشانەوەمان پاش ئەوەی جێگەکانمان بەجێ هێشت. هێزەکانمان ئێزن دان و بڵاوەیان کرد، ئێمەش بەو هیلاکییە زۆرەوە یەکمان گرتەوە، چووین بۆ لای مام جەلال، بارەگاکەی لە دێی "یاخسەمەر" بوو. من و کاک کۆسرەت و رائید جەلال ڕۆیشتین بۆ لای. کە گەیشتینە ئەوێ، چووینە ژێرزەمینێکی بچوکەوە. دانیشتین و قسەی بۆ کردین، بۆ بەرزکردنەوەی ورەمان وتی ئەم شۆڕشە سەرکەوتن و کشانەوەشی تێدا دەبێ. دیارە زۆریشی پێناخۆش بوو. بەڵام وتی ئێوە هەر کە دەڵێن سەنگەرەکان، دەگرین، بەڵام مانەوە و بەرگری و شەڕی بەرامبەر زەحمەتە، دەبێ زۆر باش بزانن شۆڕش هەم هێرشە و هەم بەرگریکردن، زۆری قسە بۆ کردین لەسەر گرنگیی سەنگەرلێدان بۆ خۆپاراستن لە تۆپبارانی ڕژێم. دوایین قسەی ڕووی تێکردین و وتی هەڤاڵینە ئێمە دەبێ خۆمان ئامادە بکەین بۆ هەموو ڕووداوێک. وامان دانابوو پاش کشانەوەمان لە "گۆجار" و جەبهەکانی تر لە نزیکی بارەگای مام جەلال لە یاخسەمەر بمێنینەوە. وتمان ڕەنگە سوپای عێراق هێرشی بەردەوام بێ بۆ سەر بارەگای مام جەلال بە حوکمی ئەوەی بارەگەکەی نزیک بوو. وتی ئێستا ئێوە چیتان پێباشە، من ئامادەم، تەنانەت ئەگەر شکانیش هەبێ. دەستم سوتاوە، جارێکی تر ناچمەوە بۆ ئێران، لام باشە بچم بۆ مەڵبەندی سێ بۆ لای کاک کۆسرەت. ئێمەش ڕەئیەکەیمان هەر زۆر پێباش بوو، لە قسەکانیدا

هێز و توانای داینێ. دوای کۆبوونەوەکە، هەریەکەمان گەڕاینەوە بۆ شوێنەکانی خۆمان. من لەگەڵ هێزەکەمدا گەڕامەوە بۆ ناوچەی مەرگە. هەڤاڵەکانی تریش لەگەڵ هێزەکانیان بڵاوەیان لێکرد.

کە گەڕاینەوە، هێزەکانمان ڕێک خستەوە و کارەکانمان دابەش کرد بەسەر تیپەکانی ئەوێدا. بەهار بوو و هێشتا شوێنە کوێستانییەکان بەفری پێوە مابوو. پاش ماوەیەک لە سەرکردایەتییەوە بروسکەیان بۆ کردین بۆ ئەوەی بەرنامەی گرتنی هەندێ جێگە دابنێین. ئەوەی کە پێی ئەوترێ داستانی ڕزگاری.

**داستانی ڕزگاری**

بڕیار بوو دەستێکی گەورە و سەرتاسەری لە دوژمن بوەشێنین. بەرنامەی بۆ دانرا. هەرکەسەش جێگەی شەڕەکەی بۆ دانرا، لە شاخی گوێژە و ئەزمڕەوە تاکو شاخی ئاسۆس و سنووری قەڵادزە. دیارە شەڕ لە نێوان عێراق و ئێراندا گەرم بوو. ئەوەندەی پێویستمان بوو، هێزی پێشمەرگەمان بۆ هەموو جەبهەکان کۆکردەوە.

ئەوانەی بەشدار بوون: (کاک وەهاب لەسەر شاخی ئەزمڕ، شێخ جەعفەر لە خەجە لەرزۆک و دووبرا بۆ لای خەمزە). زۆری تریش لە هەڤاڵەکان بەشدار بوون. شاخی "زینوی سپی" بوو، بە من سپێردرا، کە دەکەوێتە پشتی گەڵاڵە و سەفرەو دەوری زەروون، کۆتایی شاخی ئاسۆس. تیپەکانی ئەو سنوورە و فەرماندەکانیانم کۆکردەوە. کۆبوونەوەم لەگەڵ کردن و بەرنامەی شەڕەکەم بۆ باس کردن. لەبەر پێویستی تیپی ٩٩مان بانگ کردبوو، کە شەهید ئازاد حەمەی گەمحان سەرتیپ بوو و کەوتبووە لای ئێمە. لە دابەشکردنی هێزەکان بۆ داستانی ڕزگاری ئەم تیپانە بەشدار بوون: تیپی ٦٣ی جوتیاران، تیپی

٤٣ی ئاسۆس، تیپی ٦٥ی بلفەت، تیپی ٤٤ی چەکوچ، تیپی ٦٨ی مامەندە، تیپی ٩٩ی کۆیە، تیپی ٦١ی کورەکاژاو. مەبەستم بوو لێرەدا دوو خاڵ باسی بکەم:

١- سەرەتای بەهار بوو. بەهۆی بەفرەوە سەرکەوتن بۆ جێگەی مەبەست زەحمەت بوو، بەفر هەموو ڕێگەکانی گرتبوو. لە پشتی دێی کانی تووەوە کە ڕێگەی سەرکەوتنە لەلای "کورەکورەوە"، ماڵی حەسەن ئاغا لەوێ بوو و تەنها ماڵ بوو. باشە ئەم هێزە گەورەیە چۆن سەردەکەوێ؟ هاتین دێهاتەکانی سنووری مەرگە هەر لە شارستێنەوە هەتا چنارنە و مەرگە و کانی توو، بیوەکە و ئەوانی تر چەند کەسێکمان بانگ کرد بۆ ئەوەی هاوکاریمان بکەن ڕێگەکە بکەینەوە و بەفرەکە بشکێنین بۆ ئەوەی بتوانین سەرکەوین. دوو ڕۆژ پێش ئەوەی سەرکەوین، ئەمەمان جێبەجێی کرد. ڕێگەکەش ئەوەندە کرایەوە، کە تەنها زەلام بتوانێت پێیدا بڕوات و سەرکەوێ، ئەوەش بە خاکەناز پاک کرایەوە.

٢- لەلایەن سەرکردایەتیی خۆمانەوە پێیان وتین هاوکات لەگەڵ هێرشی ئێمە بۆ سەر ڕەبایەکان لە "زینوی سپی" ئێرانییەکان و سوپای پاسدارانیش هێرش دەکەنە سەر شاخی "گردە ڕەش" و دەیگرن. ئەمە بۆ ئێمە باش بوو ئەگەر جێبەجێ بکرایە، ئیتر خۆمان ساز دا، ڕەبیەکان دەستنیشان کران. هەر تیپەی بەشی خۆی بۆ دیاری کرا و لێی بەرپرسیار کرا. ڕۆژی پێش هێرشکردن سەرتیپەکان چوونە نزیک ڕەبیەکان. لەو جێگەیەی بۆی دیاری کرابوو، بە دووربین تەماشایان کرد و ئەو جێگەیانەیان دەستنیشان کرد، کە بۆی دەچن.

کە سەرکەوتینە سەر شاخ، زۆر سارد بوو، سەر شاخ بەفر بوو، نمەنمەش باران دەباری. ئەو شەوەمان بە هەزار دەردەسەری بەسەر برد. نەشمان دەتوانی ئاگر بکەینەوە و خۆمان گەرم بکەینەوە، بۆ ئەوەی دوژمن پێمان نەزانێ. لە شەوی ١٣\١٤/٤/١٩٨٧ سەعاتی

سفرمان دیاری کرد. له نیوەشەودا دەستمان کرد بە پەلاماردانی رەبیەکان. من خۆم لە رەبیەی یەکەمدا لەگەڵ شەهید ئازادی حەمەی گەمحان و تۆفیق کانی وەتمانی و باقیاتی تری هێزەکە بووم.

لە هەموو لایەکەوە بوو بە تەقە، لە ماوەی چەند سەعاتێکدا توانیمان سیانزە رەبیە بە شاخی زینوی سپییەوە بگرین، پێشمەرگەکان و لێپرسراوەکانیان بەراستی دەورێکی مەردانەیان بینی، هەر لە یەکەم تەقەدا جیهازەکەم کردەوە، وا رێکەوت کاک وەهابم وەرگرت، چونکی هەر هەمووومان سەعاتی سفرمان لە هەموو قوڵەکانەوە لەیەک کاتدا بوو. لەگەڵ کاک وەهاب دۆخی شەرەکەمان بەیەک وت و باسی سەرکەوتنمان کرد.

چەکێکی زۆرمان دەست کەوتبوو، لە رەبیەکان ئەفسەری رەبایەکە لەگەڵ چەند سەربازدا کوژرا، حەوت کەسیشمان ئەسیر کرد. هەویەی کوژراوەکەم لەگەڵ ئەسیرەکان نارد بۆ لای سەرکردایەتی بۆ سجنی بۆ بەرگەڵوو، سجنەکەمان لەوێ بوو.

هەموو ئەو جێگەیانەی گرتبوومان، نەمانتوانی تێدا بمێنینەوە، لەبەر ئەوەی ئێرانییەکان وەعدەکەی خۆیان نەبردە سەر و پەلاماری گردە رەش یان نەدا. گردە رەشیش بەسەر ئێمەدا زاڵە، لەژێر رەحمەتی گولەی دوژمندا دەبێ، لەبەر ئەوەی ئەوان بەرزتر بوون لە ئێمە و پەلاماریش نەدرابوون. بۆ ئەوەی شەهیدی زۆرمان نەبێ، ئاگادارم کردن بکشێنەوە. تەنها یەکەم رەبیەمان چۆڵ نەکرد، لەسەری سەرەوە بوو و گولەی دوژمن نەیدەگرتەوە. تێیدا ماینەوە، بەڵام شاخەکە زۆر رووت بوو، نەهاتنی ئێرانییەکان پرتەوبۆڵەی خستە ناو پێشمەرگەکان، حەقیان بوو، چونکی ئێمەش بەرنامەی خۆمان لەسەر هاتنی ئەوان دارشتبوو. ئیتر کشاینەوە و چەند شەهیدێکمان هەبوو ١- ئەحمەد حەسەن خەڵکی هیرۆ بوو ٢- رەسول قەندوڵی ٣- رەسول ئیسماعیل خەندان. چەند رۆژێک لەو سەرماوسۆڵەیە سەرشاخدا، کە هیچ

ئاوەدانیی تێدا نییە، ماینەوە. بنبەردێکی بچوکی لێبوو، پێیان دەوت ئەشکەوتی "بەرخان"، چەند کەسێکی دەگرت، لەوێ بە پاڵکەوتنەوە ئاگرمان کردەوە. دوکەڵ هەر کوێری کردین. دوای ئەوە مانەوەمان دەورێکی ئەوتۆی نەبوو، چونکی هەرچی گرتمان، بەجێمان هێشت. لەگەڵ فەرماندەی تیپەکان لەسەر وەزعی سەرکەوتن و کشانەوەمان کۆبوونەوەیەکم کرد.

جیهازمان پێبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچمان پێنەبوو شەحنی بکاتەوە، پاتریەکەی مرد. لەبەر بەفرەکە ولاخ دەرنەدەچوو. بەکۆڵ ئەم پاتریمان نارده خوارەوە بۆ "سیروان" بۆ ئەوەی شەحنی بکەن و ئاگاداری بەرەکانی تریش بین. لەبەر بەفر و دووریمان لەوێوە ڕۆیشتن و گەڕانەوە ڕۆژێکی دەویست. پاش شەحنکردن هەرکەسێک پێشمەرگە بووایە یان هاوولاتی، تا دەگەیشتەوە لامان، ئەوەندە دەکەوت و تێزاب و ئاوی پاترییەکەی پێدا دەڕژا، حاڵی خراپ دەبوو. تێزابی ناو پاترییەکە قەمسەڵەی چەندین کەسی سوتاند. کێشەی پەیوەندیمان گەورەترین کێشەبوو، بەڵام هەر جێبەجێمان کرد.

پاش ئەو چەند ڕۆژەی سەر شاخ نەوزادی کاک حسێن و ئامانجی محەمەدی حاجی تاهیر لەسەر جیهازەکە بوون، بەداخەوە نەوزاد لەم ساڵانەی دواییدا بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. دەوری باشیان هەبوو. وتیان مام جەلال لەسەر بێسیمە و داوات دەکات. چووم قسەم لەگەڵ کرد، وەزعی لای خۆمانم بۆ باس کرد، وتی بچن "زەروێن" بگرن. وتم ناکرێ، هەموو سەرتیپەکانم کۆکردووەتەوە، ئەوە زەحمەتە. لەم قسانەمان زۆر کرد، وتی "گوێچکە ساغەکەتم بدەرێ" چونکی من گوێچکەیەکم ئیش دەکات، ئەوی تریان "١٩٦٦/٥/١٢" لە شەڕە گەورەکەی هەندرێن فیشەکی بەرکەوتووە، لەوکاتەوە یەک گوێچکەم کار دەکات. منیش وەزعەکەی لای خۆمانم دەزانی. وتم "تۆش باش گوێم لێبگرە" لەسەر ئەوەی من لە مەیدانەکە بووم، دەمزانی چی دەکرێ

و چی ناکری. دوای ئەوەی بروسکەی کرد هێزەکەمان هەندێکی بەجێ بهێڵم و هەندێکیش لەگەڵ خۆم ببەم بچم و بۆ جەبهەی لای کارێزە. جێبەجێم کرد و جارێکی تر چوومەوە بۆ جەبهەی کارێزە.

دوای ئەوەی ماوەیەک لە کارێزە بووم، گەڕاینەوە بۆ ناوچەی مەرگە کە بارەگای خۆم لەوێ بوو لە "سیروان". ماڵی ملازم عومەر و قادری مامەند ئاغا و شێخ جەنگی برای مام جەلال و محەمەد سوڵتان کە ئیسلامییەکان دوای ڕاپەڕین شەهیدیان کرد و لێپرسراوی حیزبی بوو لەوێ، لەوێ بوو. لەگەڵ ملازم عومەر ماڵەکەمان چەند مەترێک دوور بوو لەیەکەوە. تەنیا ئەم چوار ماڵەی لێبوو، ئاوەدانیش نەبوو. ئەوەی لێی بوو، ماڵە پێشمەرگە بوو، ماوەیەکیش ماڵی نەوزادی نوری بەگ لەوێ بوو، لە ئیدارە ئیشی دەکرد. ناوبەناویش تەیارە دەهات و بۆردومانی دەکردین. ڕۆژێک تەیارە زۆر خراپ لێی داین. باش بوو زیانمان نەبوو. لاستیکی ئاوەکەی پچڕاند، کە لە کانییەکەوە ڕامانکێشابوو. دەنگۆی ناوبەناویش هەبوو حکومەت هجوم دەکات. دەبووایە ئەو هێزانەی لەبەر دەستدا بوون، خۆمان ئامادە بکەین. من سەرشاخم دابەش کردبوو بەسەر تیپەکانی سنوورەکەی لای خۆمان، کە نزیکەی هەشت تیپ بوون. ئیشوکاری ڕۆژانەشم لەگەڵ جێبەجێ دەکردن و سەردانم دەکردن، شەوانیش لەگەڵ ملازم عومەر پێکەوە ئەبووین.

### هاتنی نەقیب ئەمیر بۆ "سیروان"

نەهاوەندی خێزانم لە سلێمانی بوو. بە نیاز بوو بێتەوە بۆ لامان. بە فرسەتمان زانی. نەقیب ئەمیر جوابی نارد کە گەڕایەوە، "نەوجوان"ی خێزانی لەگەڵ خۆی بهێنێت. ئەوانیش ڕێکیان خستبوو ڕۆژی "١٩٨٧/٧/١٩" بگەڕێنەوە. پشتیوانی سایەق کە لە پێشەوە باسم کرد، کەسێکی ئەمینە و چووبوو بەدوایاندا. ئەمانیش خۆیان ئامادە کردووە

بێن. سواری سەیارەی کردبوون. دایکی نەقیب ئەمیریش "سەبریەخان" لەگەڵیاندا هاتبوو. نەوجوان و نەهاوەند و دوو منداڵ "زریان"ی کوڕم یەک ساڵ بوو، "بەرزین"ی کوڕی ئەمیر تازە لەدایک بووبوو، هێشتا نەیبینیبوو، دوای خۆی کە ڕای کردبوو، بووبوویان. کە دەگەڕێنەوە، ڕۆژی "١٩٨٧/٧/١٩" لە ڕێگەی سلێمانی ئەخباری کرابوون. لە بازگەکەی تاسلوجە کە بۆ دوکان دێت، بەتایبەت بۆیان دانیشتبوون. مەفرەزەی ئەمنی تایبەت چووبوون، کە تاکسییەکە ڕادەگرن، زانیاریی تەواویان هەبووە کێن و کێ نین، چونکی لە سەداسەد زانیویانە ئەوانن. ئەوەی خەبەرەکەی لێداون، ناوی پشتیوانی شۆفێری داوە، نەفەرەکانیش دیار بوون. هەر لەوێ دەیانگرن و دەیانبەن بۆ ئەمنی سلێمانی. دوای بەربوونیان پاش ساڵ و نیوێک لە سجن نەهاوەندی خێزانم گێڕایەوە هەر لەبەر دەرگای دەرەوە تاکو ژوورەوە هەموو ئەمنەکان پشتیوانیان بە حاڵی مردن بردبوو، ئەوەندەیان لێدابوو. ناگێڕدرێتەوە چییان لێکردووە، ئیتر هەموویان گیران. ئەوانە گیراون و ئێمەش ئاگادارنین و نازانین، لەگەڵ ئەمیر کەوتینە ئەوەی بۆچی نەهاتن، چونکی کەس نەیزانیبوو. لە سلێمانی وادەزانن گەیشتوونەتە لای ئێمە، لە ئێمەش وایە جارێ نەهاتوون. پاش چەند ڕۆژێ دەرکەوت گیراون. لەبەر ئەوەی بەرزین ساوابوو، چەند هەفتەیەک بووبوو، بردبوویانەوە بۆ ماڵی باوکی ئەمیر، بەڵام زریانی کوڕی منیان بەرنەدابوو و هەر لەگەڵ دایکی دابوو، ئێمەش نازانین چییان پێوتوون و چییان لێپرسیوون. نەهاوەند گێڕایەوە سەبری خان دایکی ئەمیر عەرەبیی دەزانی، زۆر جوان وەڵامی ئەمنەکانی دەدایەوە، لەولاشەوە دڵخۆشیی من و نەوجوانی خێزانی ئەمیری کوڕی دەدایەوە. دوای ئەوە جوابیان بۆ هێناین کە گیراون. بەڕاستی کارەسات بوو، چونکی بەعس بیانگرێ و بزانێت خێزانی منە، پیاو خۆ هیچی پێناکرێ. چەند خەمی خۆم بوو، دوو ئەوەندە خەمی ئەمیرم بوو، چونکی بەڕاستی بۆ ئەو قورس بوو. ژیانی ئەو جیاواز بوو

لەگەڵ من، ئەوەی ڕووی دا، ڕووی دا. ئیتر کەسوکارەکانمان لە سلێمانی کەوتنە سۆراخکردنیان، ڕوونیشە کە گیراون، ماوەی سێ مانگ لە ئەمنە سوورەکە زیندان بوون. ئەوە لەلایەک ئەوان گیراون، ئەمیر وتی دەچم سەرێک لە حەمە توفیق دەدەم لە بەرگەڵوو. ئەو کاتە لە بارەگای کاک نەوشیروان بوو. لای من ڕۆیشت و خواحافیزیی کرد، چەند ڕۆژێکی نەخایاند حکومەت وەک پیشەی هەموو جارانی تۆپبارانی بەرگەڵوو دەکات، گوللەی تۆپ 'کیمیاوی' لە بارەگاکەی کاک نەوشیروان دەدات لەو ئەو ژوورەی ئەمیری تێدا بووە، چوار کەسی تێدا شەهید دەبێ:

١- مەحموود سیدەری پێشمەرگەیەکی قارەمان و زۆر ئازابوو، کورد واتەنی کون لە جەرگیدا نەبوو.

٢- کوڕەکەی مەحموود سیدەری لەگەڵ باوکی دەبێ، ئەویش پێشمەرگە بوو، ناوی حەکیم بوو.

٣- نەقیب ئەمیری حاجی کەریم چاوشین.

٤- شێخ محەمەد شێخ مەحموود، پوورزای حەمە توفیق بوو.

مەحموود سیدەری لە هەرە پێشمەرگە ئازاکانی تیپی ٤٣ی ئاسۆس و دۆڵی جافایەتی بوو، ئەوەندە ئازا بوو، ناوی هەبوو، بەتایبەت لای ئێمەمانان. باشمان دەناسی و خۆشمان دەویست، زۆر قۆز بوو، کوڕەکەی لە خۆی جوانتر بوو.

ئەمەش هاتە سەر ئەو بارگرانییەی من. بە شەهیدبوونی ئەمیر نازانم چی باس بکەم؟ لە باسکردن نایەت. نەک هەر من، ئەوەی ڕۆژێک ناسیبوونی و برادەریی کردبوون، بۆیان بەداخ بوون. ئیتر بروسکەم کرد تەرمی ئەمیر بهێننەوە بۆ مەرگە بۆ لای من. برادەران جێبەجێیان کرد و ناردیانەوە بۆ لام، لەوێش بەخاکمان سپارد. باشە چۆن جواب بنێرم بۆ حاجی کەریم چاوشینی باوکی و خزمان؟ وا ڕێک کەوت خاڵێکم بە ناوی 'حەمە ئەمین دەرویش حسێن' هاتبوو بۆ لام. ئەوم نارد بەدوایدا و وتم

بچۆ بۆ لای، بەس مەڵێ شەهید بووە. بڵێ دەیەوێ چاوی پێت بکەوێ، خاڵم ڕۆیشت و ڕۆژی دوایی لە بنگردەوە حاجی لەگەڵ خۆی هێنا. شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە نازانێ باوکی شەهید ئەمیرە. دەڵێت ئەمڕۆ یەکێکیان ناشت ناوی نەقیب ئەمیر بوو، بەر کیمیاوی کەوتبوو، حاجی کەریم کە گوێی لەم قسەیە دەبێت، دەکێشێ بە خۆیدا و دەست بە گریان دەکات. بۆ ئێوارە گەیشتنە لای من و ملازم عومەر. زۆر دڵمان دایەوە و قسەمان بۆ کرد. وتی کاکە ئەم قسانە بۆ من مەکەن. من لە ژیانمدا زۆر شتم قبوڵ کردووە بۆ ئەوەی توشی ئەمە نەبم، تازە کوڕەکەم ڕۆیشت، سوودی چییە؟ خوا هەڵناگرێ هەڵوێستی زۆر مەردانە بوو. ئەو شەوە لامان مانەوە، تا بەیانی خەوی لێنەکەوت، هەر دەگریا. لەگەڵ خاڵم ڕەوانەی سلێمانیمان کردنەوە. بە چی دیارییەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی. سەبریەخانی دایکی ئەمیر خێزانی حاجی کەریم و نەوجوانی خێزانی ئەمیر و نەهاوەند خێزانی من زیندانێ لای بەعس لە سلێمانی. نەتوانێ بڵێت کوڕەکەم شەهید بووە، چونکی ئەگەر پرسەی بۆ دابنێت، ئەوەی ماویشە دەیگرن. پاش ئەوەی حکومەت زانیبووی لە سەداسەد ئەمیر شەهید بووە، پاش چەند مانگێ دوای شەهیدبوونی ئەمیر نەوجوان و سەبری خانیان بەردا. بەڵام خێزانی من و زڕیانی کوڕم پاش سێ مانگ کە لە ئەمنە سوورەکەی سلێمانی بوون، بردیانن بۆ بەغدا بۆ دائیرەی ئەمنی عامی عێراق. لەوێ سجن بوون تاکو ساڵی ١٩٨٨، ماوەی ئەم ساڵ و نیوە نەیانهێشت چاویان بە کەسێک بکەوێ، نەشماندەزانی لە کوێن. ئیتر هەر ئەو ماوەیەی نەهاوەند گیرابوو، کامەرانی برای نەهاوەند و "حەسەن محەمەد"ی ئامۆزای و چەند پێشمەرگەیەکی تر لای شەدەڵە لە شەڕێکدا لەگەڵ دوژمن شەهید بوون. هێرشیان کردبوو بۆ سەر ڕەبایەکانی "قوڵە پوشینە" لای پیرەمەگرون. تەرمەکەیمان دەست نەکەوتەوە. نەهاوەند خرایە زیندان و برا و ئامۆزاشی وایان بەسەرهات، ماڵی باوکیشی دەربەدەر.

**بەدەستی ڕژێم ژەهر خواردیان کردین**

لەو ماوەیەدا کە منداڵەکان زیندان بوون و برا و ئامۆزای شەهید بووبوون، لە دەرەوە دایکم و کچێکی خوشکەزام بە ناوی تریفە لە ترسی گرتن و هەروەها بۆ خزمەتکردنی منیش هاتبوون بۆ لام. منداڵەکانیش لە بەغدا چاوپێکەوتنیان نەبوو. ئەو ماوەیەی لەوێ بوون، دوو هەفتە پێش ئەوەی ژەهرخواردمان بکەن، بە هۆی کەسێکەوە شەش وێنەی زریانی کوڕمیان بۆ ناردبووم لە دائیرەی ئاسایشی گشتی بەغداوە. (زریان)یان هێنابووە دەرەوە، بیجامەیان بۆ هێنابوو، هەندێک یاریی منداڵانەشیان بۆ دانابوو لە باخچەکەی ئەمندا. شەش وێنەیان گرتبوو، لە دایکیان جیا کردبووەوە، کە کردبوویانەوە ژووری زیندان و نەیانهێشتبوو یاریی منداڵەکانیش بەرێتە ژوورەوە. دایکی گێڕایەوە وتویانە مادەی ئاسنە نابێ ببرێتە ژوورەوە. ئەم شەش وێنەیەی زریان و کەسەکەش لە ژیاندا ماوە، ناوی "وەستا مەجید"ە، خەڵکی سلێمانییە و ئێستا لە ئەڵەمانیایە، نازانم کێ دابویە. ئەم وێنانە بۆ ئەوەبوو کاریگەریم تێبکات و بڕوخێم.

لە زروفێکی وەهادا پیاو کەسێکی بگیرێ، هەوڵ دەدات کەسێک بدۆزێتەوە هەوڵێکی بۆ بدات. خزمان و دۆستان زۆر هەوڵیان دا، بەڵام هەر جوابیان نەدانەوە. لەبەر ئەوەی خێزانی من بوو، سوودی نەبوو. منیش کەسێکم دەناسی و ئێستاش ماوە. کەسێکی دیاری ناوچەی بتوێن "هەمزەی عەباس مامەند ئاغا"، کە ئەو کاتە مستشار بوو، من چۆن هەمزە ئاغام ناسی؟ پێش ئەوەی باسی ئەوەی خۆم بکەم، باسی ئەوە دەکەم چۆن هەمزە ئاغام ناسی. لە دوای تێکچوونی گفتوگۆی یەکێتی لەگەڵ میری ساڵی "١٩٨٥" واجباتی فەوجەکەی هەمزە ئاغا لە دۆڵی خەلەکان بوو. شەڕیش گەرم بوو. پێشمەرگە چووبوونە سەر ڕەبایەکانی فەوجەکەی، وابزانم پێشمەرگەیەک شەهید بووبوو یان شتێکی تر، ئەویش بە هۆی هەندێک دۆستی خەڵکی ڕانیە جوابی بۆ من نارد کە شتێکی وابووە، خۆیان ئامادەن هاوکاریی پێشمەرگە بکەن، من لە ڕێگەی ئەو دۆستانەوە نامەیەکم

بۆ کاک کۆسرەت نووسی و داوام کە نەچنە سەر ئەم فەوجە، چونکی دۆستی خۆمانن و بۆ هەمزە ئاغاش جوابم نارد مانگانە یارمەتی مەڵبەندی چوار بدەن بۆ هەموو شتێک لە پەڕینەوە و لایەنی مادیش. پەیوەندیم بۆ دروست کردن. پێشمەرگە ئێواران بە بەردەمیاندا هاتوچۆیان دەکرد.

بێمەوە سەر ژن و منداڵ و ژەهرخواردکردنمان، منیش هەر لە ڕێگەی دۆستەکانەوە نامەیەکم بۆ هەمزە نووسی، کە لە هەوڵدان بۆ ڕزگارکردنی منداڵەکانم چیی پێدەکرێت، دریغی نەکات. من نامەکەم لە "١٩٨٧/١١/١٤" نووسی. دە ڕۆژ دوای ئەوە کە هێشتا منداڵەکانم بەرنەبووبوون، لە "١٩٨٧/١١/٢٤" بە هۆی خیانەتی ئافرەتێکەوە بە ناوی نەرمین کە ژنی پێشمەرگە بوو، فرسەتیان لێهێناین و ژەهرخواردیان کردین. منداڵەکان لە زیندان مانەوە تا ئەو کاتەی بە لێبوردنی گشتی لە ڕۆژی "١٩٨٨/٩/١٤" وەک هەر خەڵکێکی تر کە لە بەغدا بوون، بەربوون. ئەگینا هیچ شتێک نەیخوارد و بەریان نەدان. کە ئەوان بەربوون، من کەوتبوومە خەستەخانەی لەندەن، تازە لە خەستەخانە هاتبوومە دەرەوە.

لێبوردنی گشتی دەردەکرێت و دەرگای زیندان دەکرێتەوە، بەڵام ڕۆژی یەکەم ئەوانیان بەرنەدابوو. "ئەبو سەنا" یەکێکە لە دۆستەکانم، ڕۆژی لێبوردنەکە چووبوو بۆ لایان. خەڵکی دەناسی، دەستی ئەمنەکانی ماچ کردبوو، هەر بەریان نەدان،ماڵەوەمان بۆی گێڕامەوە. بۆ ڕاستیی قسەکانم شوکر ئەبو سەنا ماوە. ئەو هەوڵانەی بۆ ئازادبوونی منداڵەکانمم دا، بووە هۆی ئەوەی لە پاش ڕاپەڕین ئازاری زۆرم بدەن، وەک ئەوەی بۆ ئازاکردنی منداڵەکانم لەگەڵ ڕژێم پەیوەندیم دروست کردبێت. دوو ساڵ بە ئازارەوە ناڵاندم، تاکو لە پلینۆم لە بەردەم "٨٢٣" ئەندام و جەنابی مام جەلال لە قەلاچوالان بەرگریم لە خۆم کرد. هەمووشیان باش دەیانناسیم چیم کردووە لەم شۆڕشەدا، بوو بە چەپڵەلێدان بۆم. نەک هەر چەپڵە، بەڵکو هۆڵی پلینۆم هەڵسایە سەر پێ بۆ پشتیوانیی من. من لە هەموو ژیانی سیاسیی خۆمدا بچوکترین هەڵەم نەکردووە. تەنها هەڵەم ئەوەبوو

که ئەو نامەیەم نووسی و دەبوایە نەمنووسیایە. هیچ شتێکی شاراوەم نەبووە، ئەو هەڤاڵانەی ئیشیان لەگەڵ کردووم، شاهیدیم بۆ دەدەن.

هەر لە کاتی خۆیدا کە نامەکەم نووسی، بۆ بەیانی نامەیەکیشم بۆ مام جەلال نووسی و بە "شێرکۆی شێخ نووری"دا ناردم بۆی، بارەگای ئێمە پێنج سەعات ڕێگە لە بارەگای مام جەلال، کە لە یاخسەمەر بوو، دووربوو. خۆشبەختانە "بەختیاری ساڵح ڕەفعەت" لە ژیاندا ماوە، ئەو کاتە سکرتێری مام جەلال بوو. بەختیار نامەکەی دیووە. غەدری مێژوو لە من کرا، بەڵام ڕاستی ون نابێت. خەڵکی نامەردیش زۆر ترش و خوێیان پێوە کرد، بەتایبەت ئەوانەی لە ڕۆژانی خەبات و پێشمەرگایەتیدا کەسوکاریان لەسەر خیانەت بە بڕیاری شۆڕشگێڕانە ئیعدام کراون، کەوتنە پڕوپاگەندەی نامەردانە و بە فرسەتیان زانی. بەری ڕۆژیش بە بێژنگ ناگیرێ. ڕاستییەکان دەرکەوتن.

## بۆ پشتیوانیی قسەکانم

بۆ ئەوەی ڕاستیی ئەو ڕووداوە بزانن، لەسەر ئەم مەسەلەیە برازایەکی شێخ ستار بە ناوی "کاوە" لە مەڵبەندی یەک گیرابوو. کاوە لە گەرمیان ئەفسەر بوو، ئێوارەیەکیان پیاوێکی مشکیبەسەر هات بۆ لامان. لە سیروان لە بارەگای کاک ملازم عومەر بووین، وتی هاتووم ژن و منداڵەکانت بۆ بەربدەین، ئێوەش لە بەرامبەردا کاوەمان بۆ بەر بدەن. ڕەنگە زۆریش حەزم کردبێ هەر ئەو دەقیقەیە بیگۆڕینەوە، بەڵام وەڵاممان دایەوە کە شتی وا نابێت. کاک عومەر پێی وتن بڕۆن، ئەم حەقی نەماوە بەسەر ژنەکەیەوە، "تەڵاقی داوە" و شتی وا نابێ، کابرا ڕۆیشتەوە. کەسیش نییە حەز نەکات ژن و منداڵ بەرنەبێ و لە زینداندا بن. بە شەرتێک تازە ژنم هێنابوو و تەنها کوڕێکم هەبوو.

## چیرۆکی ژەهرخوارکردنمان لە سیروان

بە هۆی ئەوەی بەسەر منداڵەکان هات، بۆشاییەک دروست بوو. تەنها دایکم مابوو، شەڕیش لە هەموو شوێنەکان بەردەوام بوو، هەر سێ مانگ دوای گرتنی خێزانم لە ساڵی ١٩٨٧ لە مانگی نۆدا کامەرانی برای و حەسەنی ئامۆزای لە شاخی "قوڵە پوشینە" لای شەدەڵە شەهید بوون. ئەو کاتەشدا بارەگای تیپی ٤٣ی ئاسۆس لە مەرگە بوو. "جەباری عەلی عەوێز" لە کاتی دانوستانی یەکێتی و حکومەتدا گیرابوو. لەو ماوەیەدا بە لێبوردن بەربوو. پێش ئەوەی خۆی بێت، ژن و منداڵەکەی هاتبوون و لە مەرگە بوون، ڕەفیقەکانی جەباریش هەر لە مەرگە بوون. بارەگای منیش لە سیروان بوو. بە سەیارە نیوسەعات لە مەرگەوە دوور بوو. جەباریش کە بەربوو، هات لە مەرگە ماڵی دانا لای تیپی ٤٣ی ئاسۆس. ئەو کاتە هەڤاڵ نەبەز سەرتیپی ٤٣ی ئاسۆس بوو. پاش ماوەیەک لە دێیەکە گلەیی و گازندەیان کرد و قسەی لەسەر دروست بوو کە شەوانە مەشروبات دەخواتەوە. من و کاک ملازم عومەر بانگمان کرد و وتمان تۆ دوای ئەم هەموو ماندووبوونە بۆچی خۆت ناشیرین دەکەی؟ ئەگەر وا بکەی، خەڵکەکە داوای دەرکردنت دەکەن. خوا هەڵناگرێ وتی هەڵە بووم، ئیتر شتی وا ناکەم و ڕووو ناداتەوە. ئەم پەیوەندییە دروست بوو. کاتێک جەبار گیراوە، "نەرمین"ی خێزانی هاتوچۆی بەغدا و دائیرەی ئەمنی کردووە و پەیوەندیی دروست کردووە. قسەشیان لەسەر جەبار دەکرد، کە بە هۆی ژنەکەیەوە بەربووبێ. بۆ مێژوو دەڵێم "جەبار" لەگەڵ حکومەت هیچی نەبوو ژنی خراپ نەبێ. ئێمە ئاگاداری ئەم وردەکارییە نین، ئەو کاتە ژن و منداڵی منیش لە زیندان بوون، بەڵام دایکم و تریفەی خوشکەزام لام بوون لە ماڵەکەی خۆم.

من گومانم دەکرد ڕێژەیەکی کەم ژەهریان پێدابم. چونکی زۆر هیلاک ئەبووم، سنگم دەیەشا، وەک ئەوە بوو تیزابی پێدا بکەی، بە

شەرتی من جگەرەشم نەکێشاوە. لە ڕۆیشتندا لە پێشمەرگایەتیدا کەس لەگەڵ من دەرنەچووە، هەمیشەش لە خەیاڵی منداڵەکانمم، کە زیندانن.

شەوێکیان هەر خەوم لێنەدەکەوت، سەعات ١٢ بوو. هەستام و وەسیەتم نووسی بۆ ملازم عومەر، کامێرایەکی ڕەسمگرتن و کامێرایەکی ڤیدیۆم هەبوو لەگەڵ دوو هەزار دینار. هەموویم بەیەکەوە گرێ دا و بە تیپ بەستم. لێم نووسی کاک عومەر ئەگەر شتێکم لێهات، ئەمەی هەمە لە ژیاندا، بیدە بە منداڵەکانم. سەعات ١٢ بیرم کردەوە ئەو ژنە "نەرمین" جارێکیان هات و وتی دەتوانم بچم ژنەکەت ببینم، بەڵام بۆ بەربوون ناتوانم. کە بیرم دەکردەوە، ئەم قسەیە سەرنجی ڕاکێشام، خەیاڵم بۆ ئەوە چوو هەر ئەو ژنە ژەهری کردبێتە خواردنەوە. هەرچی خواردبووی، وای لێهاتبوو. بۆ نموونە عومەر بۆتانی، جەلال مینە بەگ، عومەر جەیران، عوسمان قادر منەوەر. من خۆم جارێک بە سەیارە هاتبوومە خوارەوە، لە مەقەڕی کاک نەبەز کفتەیان هەبوو. منیش مامەوە، دیار بوو ئەوەشی کردبوو، ڕێژەکەی کەم بووە، لە کوڵاندا کاریگەرییەکەی کەم دەبێتەوە.. وتم عەیبە بەم شەوە هەڵی بسێنم. ئیتر بەیانی سەعات ٨ چووم بۆ لای کاک عومەر. هێشتا لە خەو هەڵنەسابوو. تۆزێک هاتوچۆم کرد، دوایی هەڵمساند. وتم کاک عومەر ئەم سنگئێشە و هیلاکییەی من نەخۆشی نییە. وتی چییە؟ وتم شکم لەو ئافرەتەیە، چونکی قسەیەکی وای کردووە کە دەتوانی سەردانی منداڵەکان بکات. ئیتر لەگەڵ کاک عومەر ڕێک کەوتین ئەگەر ئەمجارە بێتەوە، بە دزیەوە جانتاکەی بپشکنین.

## چوونی ملازم عومەر بۆ یاخسەمەر

نێوان مەرگە و یاخسەمەر لای مام جەلال بە پیادە پێنج بۆ شەش سەعات دەبێ. ئەو کاتە تەنها من سەیارەیەکی تویۆتام هەبوو. بۆ ڕێزگرتن لە کاک عومەر کە هەموو تەمەنمان پێکەوەین و وەک برابووین، وام بەلاوە جوانتر بوو بە سەیارەکە بڕۆین. وتم خۆ سەیارەکەم هەر خەڵکی سوودیان لێدەبینن، خۆمان حازر کرد. وابزانم '١٩٨٧/١١/٢١' ڕۆیشتین. کە گەیشتینە بەرگەڵوو، ملازم عومەر سەرکەوت بۆ بارەگای کاک نەوشیروان، منیش وتم دەچم پشکنینی خوێن دەکەم و ئەشعەیەک دەگرم، چونکی تەندروستیم باش نەبوو. ئەو ڕۆیشت و من چوومە خەستەخانەکە، دکتۆر 'بەرزان ئەکرەمی عزەت نەجیب' شاهیدە و دکتۆر شوان لەوێ بوو. پشکنینیان بۆ کردم، وتیان سەرمات بووە. شروبێکیان بۆ نووسیم، لەبەرچاوی ئەوان سەرەکەیم کردەوە، تۆزێکم لێخوارد و هەڵم دایە چەمەکەوە. وتم هەر ژەهریان داومەتێ. پاش ئەوە چوومە بارەگای کاک نەوشیروان. وتی بۆچی هاتوون؟ ئێمە بروسکەمان کردووە بۆ تیپەکانی گەرمیان بێن بۆ لای ئێوە، پەلاماری شاخی ئاسۆس و زینوی سپی دەدەین و دەیگرین. لەبەر گرنگیی بڕیارەکە بۆ ڕۆژی دوایی یان هەر ئەو ڕۆژە گەڕاینەوە، چۆن چووین وا هاتینەوە.

هێزەکان دێن بۆ ئەوەی ڕێکیان بخەین بۆ گرتنی شاخی ئاسۆس و زینوی سپی، بڕیارەکەش بە ئێمە وتراوە کە چی بکەین. ڕۆژی '١٩٨٧/١١/٢٢' هێزەکان گەیشتن، خۆمان ئامادە کرد. لەگەڵ کاک عومەر چووینە کانی توو، دوا قۆناغە کە ئۆتۆمبێل بۆی دەچێ. وردەوردە لە کوڕکوڕەوە هێزەکانمان بەرەو شوێنی دیاریکراو سەرخست. من لە بنی دارێکدا دانیشتبووم، هیلاکیم پێوە دیاربوو، هێزی جارانم نەمابوو، گومانەکەم هەر بەردەوام بوو. لە دڵی خۆمدا وتم کاک عومەر وا تێنەگات دەترسم یان شتێکی تر. هاتە سەر ئەوەی ئێمەش سەرکەوین

بۆ سەرشاخ. خۆم ئامادە بووم، کیسەخەو و پێداویستیی ترم پێبوو.
کاک عومەر هات وتی کاک مستەفا تۆ نەخۆشی، مەیە. وتم وەڵڵا کاک
عومەر کە بڕیارم دابوو بێم، زیاتر لەبەر خاتری تۆ بوو، چونکی لە
داستانی ڕزگاریی یەکەمدا من لێپرسراوی بووم، جێگەکان شارەزا
بووم. مادام وایە، من نایەم و دەڕۆمەوە بۆ بارەگای خۆمان. ئێرانی
وتەنی بەرپرسیاری "تدارکات" دەبم، خواردن و فیشەک و پێویستیتان
بۆ جێبەجێ بکەم، خوا حافیزیمان کرد و گەڕامەوە بۆ "سیروان" بۆ
بارەگای خۆمان. ڕۆژێ پێشتر وەستا مەجید گۆشتی مریشکی بۆ
هێنابووین، هەر چوار ڕانە مریشک لە نایلۆندا بوو، دایکم بەتەمەن بوو،
ژن لە زیندان بوو، ئیسماعیل لالەم بانگ کرد، پێشمەرگە بوو لام،
شۆفێریش بوو، وتم بچۆ بۆ ماڵی مامۆستا مەلا موحەرەم کە ئیمام
جومعەی مەرگە بوو، با سەریعەی کچی بنێرێ یارمەتیی دایکم بدات.
مامۆستا مەلا موحەرەم خزممان بوو. مادام خۆم نەچووم بۆ سەر
شاخ، با ئەو خواردنەی لە ماڵەوە هەیە، ئامادەی بکەم و بۆیان بنێرم.

دوای نیوەڕۆ ئیسماعیل هاتەوە. لەباتی سەریعەی مەلا موحەرەم
بێت، "نەرمین" ژنی جەباری عەلی عەوێزی لەگەڵ خۆی هێنابوو. هەر
ئەو ڕۆژە لە سلێمانی گەڕابووەوە. "عەلی لوت ماسی" بە سەیارەی
مەفرەزەی "خاسە" لەگەڵ خۆی تاکو بنگرد هێنابووی. ئێمە ئەمە نازانین.
جەباری مێردی چووبوو بۆ قەرەداغ بۆ لای خێزانی مام هێرش. مام
هێرش شەهید بووبوو، پێشمەرگەیەکی ئازا بوو و ڕەفیقی جەبار بوو.

دیارە پێش ئەوەی بێت، دائیرەی ئەمن پێیان وتووە چی بکات و
چۆن بەکاری بهێنێ، هاتە ماڵی ئێمە. ئەو کاتەش لە نێوان یەکێتی و
هێزە سیاسییەکاندا ئاشتبوونەوەی گشتی هەبوو. بەرەی کوردستانی لە
سەرەتای دروستبوونیدا بوو، دکتۆر مەحموود عوسمان، عەدنان موفتی
و موحسین بایز هاتبوون کە بارەگای حیزبی سۆشیالیستی کوردستان
دابنێن، کە کاک ڕەسوڵ مامەند سکرتێری بوو. هاتن و پەیدا بوون،

بارەگاکەمان هیچی تێدا نەبوو. سەرم خستن بۆ ماڵی خۆمان، سەعات دەوری یانزە بوو. چووین دانیشتین. برادەران نامەیان بۆ من نووسیبوو شوێنیان بۆ پەیدا بکەم بۆ بارەگا. من بیرم کردبۆوە "کانی شینکە" چەند خانوویەکی تێدایە و نزیک خۆمانە، بیاندەمێ بۆ بارەگا. پێشتر ماڵی شێخ جەنگیی تێدا بوو، ئەوان چووبوون بۆ ئێران و چۆڵ بوو. کە چووینە ماڵی خۆمان، وتم نیوەڕۆ ناڕۆن بۆ هیچ جێگەیەک، تەماشای یەکتریان کرد، تێگەیشتم لای من میوان دەبن. دەرگای ژووری میوانەکەمان بەرامبەر ژووری چێشتلێنان بوو، ڕووم کردە دایکم و وتم دایە نان دروست بکەن بۆ نیوەڕۆ. ئەو نەرمینەش لەوێ بوو، نەرمین فرسەت دەهێنێت. دەچێت هەرچی ماستمان دەبێ، دەیگرێتەوە و ماستاو دروست دەکات. ئەو دەرمانەی پێی دراوە، دەیکاتە ناو ماستاوەکەوە. دوایی کە ئێمەیان برد بۆ لەندەن بۆ عیلاج، دەرکەوت ئەو ژەهرەی پێمان دراوە، پێی دەڵێن "ثالیۆم". دەوری سەعات ١٢:٥ بوو نان تێکرا. سفرە ئامادە کرا و پەرداخەکان لەسەر سفرەکە دانران. من خۆم پەرداخە ماستاوەکانم تێکرد، بەقەدەر ژمارەی میوان، هەر لەکاتی ماستاوتێکردندا لە پێشەوە پەرداخێکم خواردەوە بەحساب مەعیدەم ساف بێت، بۆ ئەوەی نیوەڕۆ نانی باش بخۆم، کە نان دانرا، ئەوانەی لەسەر سفرەکە بوون، ئەگەر لەبیرم نەچووبێ، ئەم بەڕێزانە بوون.

١- دکتۆر مەحموود عوسمان ٢- عەدنان موفتی ٣- سامی شۆڕش. ئەو کاتە لەسەر چاپخانەی یەکێتی بوو لای خۆمان ٤- بێستون مەلا عومەر ٥- ئاوات مەحموود. دوای ئێمەش دیارە دایکم و سەریعەی مەلا موحەرەم و تریفەی خوشکەزاشم نانیان خواردووە. دکتۆر شوان دوای ئێمە هات، نەخۆشی هەبوو، ئەویش نانی خوارد. وتم با زوو نان بخۆین. دوو شەهیدمان هەیە، کە لە شەڕەکاندا شەهید بوون، هێنابوویاننە خوارەوە. یەکێکیان سەردار بوو، برای هاوڕێ جەبار لای

کاک ملازم عومەر شۆفێر بوو. ئەوی تریشیان خەڵکی تووە سووران بوو، چاوەڕوانی هاتنی کەسوکاریمان دەکرد.

بەپەلە نانمان خوارد و چووین بۆ سەرقەبرانی دێی "چنارنە". لەوێ قەبرمان بۆ هەڵکەندبوون، هەر لەو خواردنەی وەستا مەجید هێنابووی، لێمان دروست کردبوو و ناردبوومان بۆ برادەرانی سەر شاخ، کە لەگەڵ کاک عومەر بوون و لە شەڕدا بوون. لە سەرقەبران پێش ئەوەی شەهیدەکان بنێژین، کاک بێستون وتی گێژم، منیش مەتارەیەک ئاوم پێبوو، دامێ و دەموچاوی پێ شت، وتم بچۆ لای سەیارەکان دانیشە، ئێمەش کە تەواو بووین، دێینەوە بۆ لات. پاش بە خاکسپاردنی شەهیدەکان، کە هاتینەوە لای سەیارەکان، بێستون لەسەر جادەکە لە تەنیشت سەیارەکە ڕاکشابوو. بە پەلە خستمانە ناو سەیارەکە و بردمان بۆ خەستەخانەکەی لای خۆمان. ئەو دکتۆرانەی لەوێ بوون، ئەمانە بوون: (دکتۆر مەحموود عوسمان، دکتۆر شوان، دکتۆر جەلال). ئەوەی پێویست بوو، بۆیان کرد، هیچ هۆشی نەهاتەوە، وتیان دڵیەتی. پاش ڕاوەشان و هەوڵدان گیانی لەدەست دا. هەر لەوکاتەی دکتۆرەکان لەسەر بێستون بوون و ئێمەش لەوێ بووین، سەریعەی مەلا کچی مەلا موحەڕەم کە هاتبوو یارمەتیی دایکم بدات، هات بۆ خەستەخانەکە و وتی سەرم دێشێت. یەکسەر لەوێ کەوت بە زەویدا، پاش ماوەیەکی کورت ئەویش تەواوبوو. وتیان "سەرعیەتی". جارێ کەسی تر هیچی لێ دیاری نەدابوو، ویستم "سەریعە" سواری سەیارەکە بکەم و لەگەڵی بچمەوە بۆ مەرگە، وتیان دایکت بانگ دەکات. کە چووم بۆ لای، وتی "مستەفا گیان" مەعیدەم دێشێ. هەر ئەوەندەم لێ بیست، ئەویش بێهۆش بوو. ئەویشمان نارد بۆ لای دکتۆرەکان. من سەریعەم بردەوە بۆ مەرگە تەسلیم بە کەسوکاریم کرد. خەڵکی مەرگە و کاک چەتۆ و پوورە گەلە کە خەڵکی مەرگە بوو و ئێستاش ماوە، لێم کۆبوونەوە. دۆستان مەسینەیەک شیریان بۆ هێنام هەر ناو سەیارەکەدا دەستم کرد بە

خواردنەوەی و هەموویم تەواو کرد، هەستم دەکرد وردەوردە بێهێز دەبم، ئەمە ڕۆژی یەکەم بوو. دایکیشم گیانی سپارد و تەواوبوو. هێنایانەوە بۆ دێی "ئاوەژێ" قەبریان بۆ هەڵکەند، ویستم بچمە ژێر تەرمەکەیەوە، بەڵام نەمتوانی.

ئەو ژنەش بەدرۆ خۆی ڕشاندبۆوە بە مانای ئەوەی ئەویش خواردوویەتی. هەر لە ئاوەژێ نەوزادی نووری بەگ لەگەڵمان بوو، وتم کاک نەوزاد وریای ئەم نەرمینە بن شتێکتان بەسەر نەهێنێ. شێرکۆی شێخ نووری وتی ڕەمیی بکەم؟ وتم نەء، چونکی ئەگەر شتێکی وا بکەی، ڕەنگە بڵێن شتێک هەیە و بۆ داپۆشینی کوشتوویانە. ئەو کاتەش نیوەی دنیا بڕوات پێناکات.

تریفەی خوشکەزاشم هیچی لێ دیاری نەدابوو منداڵ بوو. ناردم بۆ سلێمانی خزمان ئاگادار بکات. ماڵی کاک بێستون چووبوونەوە بۆ سلێمانی، جوابم ناردبوو بۆ گوڵەی خێزانی کە لە ترسی حکومەت بە دزیەوە تەعزێ دابنێن.

ڕۆژی دواتر خزمەکانم لەگەڵ گوڵەی خێزانی بێستون هاتن. ئەو ڕووداوەی ڕووی دابوو، بە چاوی خۆیان بینییان. بە منیان وت تۆ بڕۆ مشووری خۆت بخۆ، حەقی ئێمەت نەبێ. من هەر شەوەکەی پێش ئەوەی ئەوان بێن، وردەوردە سەری پەنجەکانم سڕ دەبوون و توکی سەرم دەوەری، شەو دکتۆر شوان هات و لام نووست. وتم دکتۆر گیان وەزعم باش نییە، وتی تۆ وەزعی نەفسییت خراپە. بە هەرحاڵ، ڕۆژمان کردەوە، خزمان هاتن. پێش ئەوەی ئەوان بێن، دوو ئێسترم حازر کردبوو، نەقالەی نەخۆشم حازر کردبوو. من ڕۆیشتم بەرەو "کانی توو". لەوێ ئیتر ڕێگەی سەیارە نەما. سواری ئێسترەکان بووم بەرەو ئێران و خزمانم بەجێ هێشت. لەگەڵ دەستەی پێشمەرگەکانی لای خۆم ملی ڕێگەمان گرت. ئەوەشم بیر نەچێت هەر کە هەر دوای ڕووداوەکە بروسکەیەکم کرد بۆ ملازم عومەر و وتم ئەو خواردنەی بۆم ناردوون،

مەیخۆن، ژەهری تێدایە، بەڵام دوایی دەرکەوت کە ئەوانیش خواردوویانە، بەڵام لە مریشکەکەدا نەبوو، لە ماستاوەکەدا بوو، کە ئێمە خواردبوومانەوە. دوایی بۆیان گێڕامەوە کە چەند ترساون. دەیانوت هەمووومان لە خۆمان دەترساین شتێکمان لێبێت لەسەر ئەو شاخە و دەمانوت هەر ئێستا لێمان دیاری دەدات.

هەر کە لە کانی توو دەرچووین، سکم کەوتە ئازار. سواری وڵاخیان کردم، داوای ئاوم دەکرد نەیاندەدامێ، چونکی شارەزاییمان نەبوو. لەو کاتانەدا باشترین ئاوە بۆ ئەوەی میز زۆر بکەیت و ژەهرەکە فڕێ بدەیت. هەرچۆنێک بێت، سەرکەوتین و چووینە سەر شاخی ئاسۆس، نزیک جێگەی شەڕەکان، ئەوەی لەبیرم بێت (ملازم عومەر، شێخ دارای حەفید، شێخ سەدرەدین، قادری مامەند ئاغا، لێپرسراوانی پێشمەرگەکان و برادەرانی تریش) لەوێ بوون. وەزعم زۆر خراپ بوو. کاک عومەرم جیا کردەوە و وتم من هەر شکم لەو ئافرەتەیە "نەرمین". وتی نامەیەک بنووسە بۆ جەباری مێردی. بۆ ئەوەی هەر کە لە قەرەداغ گەڕایەوە، خۆی بیکوژێ، منیش دەستم قەڵەمی نەدەگرت. بەو شەوە تاریکە بە خەتێکی ناخۆش ئەم چەند دێڕەم بۆ جەبار نووسی. ئێستاش لەبیرمە چیم نووسیبووە:

***برام کاک جەبار***

***سڵاو***

*کاکە گیان خیانەتی ژنەکەی تووە بووە هۆی شەهیدبوونی کاک بێستونی مەلا عومەر کە برادەری چەند ساڵەتە، هەروەها دایکم و کچەکەی مەلا موحەڕەم، ئێمەش چارەنووسمان دیار نییە، هیوادارم خۆت معامەلە لەگەڵ ئەم وەزعە بکەی.*

***برات مستەفا چاوڕەش***

مانای ئەوەی بیکوژی. دوای نووسینی نامەکە هەر بەو شەوە بەرەو سنووری ئێران و عێراق بۆ دێی "هەرزنە" ڕۆیشتین، شارەزامان لەگەڵ بوو. شەڕیش بەردەوامە لە نێوان عێراق و ئێراندا، نزیکی سنوور بووینەوە لای هەرزنە، ڕێگە نەبوو، کەمینی سوپای عێراقی لێبوو، ناچار گەڕاینەوە و بە بناری ئاسۆسدا بەرەو ڕێگەی "گەرمکان" کەوتینە ڕێ. بەم حاڵەتەی منەوە دوو ڕۆژی خایاند. لەتاو ئازار نە خۆم ئەمتوانی بە پێ بڕۆم، نە هێزم تێدابوو بەسەر وڵاخەوە خۆم بگرم، لەبەر ئەو هەموو هەوراز و نشێوەی ڕێگە. جارجارە پێشمەرگەکان لە هەندێ شوێن هاوکارییان دەکردم و لە کۆڵیان دەکردم. هەرچۆنێک بێت، گەیشتینە لای برادەرانی شێخ سەدرەدین، ئەسپەکەی شێخیان بۆ زین کردم بۆ ئەوەی لە ئاوەکە بپەڕمەوە و بچم بۆ ژاراوەی لای قەلادزە. کاک ملازم عومەر جوابی ناردبوو بۆ لای برادەرانی حیزبی دیموکراتی ئێران. ئەو کاتە کاک "مەلا حەسەن شیوەسەڵ" لەوێ بوو، دۆستایەتیی باشی لەگەڵ کاک عومەر هەبوو. داوای لێکردبوو کە بێت لە ژاراوەوە بمبات بۆ سەر سنوور لای "سونێ" و لەوێشەوە بەڕێم بکەن بۆ سەردەشت.

لە ئاوی بەردەم سندۆڵان و گەرمکان پەڕیینەوە. لەبەر ئازار و بێهێزی بەسەر ئەسپەکەوە خۆم بۆ ڕانەدەگیرا. کوڕێکی مەردمان لەگەڵ بوو ناوی "هەمزە شێنێی" بوو، ئەو ماوە دووروودرێژە بە کۆڵ هەڵی گرتم. من مردنم لا خۆشتر بوو لەوەی کە بووبووم بە ئەرکێکی قورس بۆ پێشمەرگەکان. بەداخەوە هەمزە دوایی شەهید بوو، هەزار ڕەحمەتی لێبێت، نمونەیان زیاد بێت. نزیک ژاراوە بووینەوە، لە پەنایەکدا منیان دانا و چوون بۆ لای "حاجی مام عەلی". ئەو کاتە مەفرەزەی هەبوو و لای حکومەت بوو، بەڵام سەر بە خۆمان بوو. زۆربەی ئیشی ئەو ناوەمان بەو دەکرد، جێگەی بڕوا بوو، هەروەها حەمە بچکۆلیش. لە ڕێگەی کاک عومەرەوە چووینە ماڵی حاجی مام عەلی. ئەو شەوە تاکو

بەیانی لە ماڵی ئەوان بووم، هاوکارییەکەیان جێگەی سوپاسە. بەیانی "مەلا حەسەن شیوەسەڵ" هات بە شوێنمدا و بە سەیارەی حیزبی دیموکرات سواری کردم. لە بەینی دوو پێشمەرگەی خۆیاندا داینام، خۆی دەمانچەکەی خستە سەرپێ وتی هیچ خەمت نەبێت، تۆ ئامانەتی. کەوتینە رێ بە ناو شاری قەڵادزەدا تێپەڕیین. بازگەکانی سەربازی دەیانناسی و بەبێ کێشە گەیشتینە "سونێ"، لەوێ قاچم تەواو بوو، بە پێوە خۆم بۆ رانەدەگیرا، هەر لە بارەگای حیزبی دیموکرات ئاویان بۆ هەڵواسیم و هەندێک چارەسەری سەرەتاییان بۆ کردم، لەوێشەوە بەرێیان کردم بۆ قاسمەڕەش و لەوێشەوە بۆ سەردەشت.

## لە سەردەشت و خەستەخانە

هەموو دنیا هەواڵی ژەهرخواردنکردنمانی زانیبوو، رادیۆکان باسیان کردبوو. بە حوکمی ئەوەی من خۆم باوکم خەڵکی سەردەشتە و بە منداڵی هاتوتە عیراق، لە شۆڕش ئەیلوولدا ساڵێک زیاتر خۆم لەوێ بووم لە ماڵی خزمەکانم "١٩٧٥-١٩٧٦". کەسوکاری باوکم و ئامۆزاکانم و ماڵی پوورم لەوێ بوون، خەڵکی سەردەشت دەیانناسیم، هەموو خزمان لە خەستەخانەی سەردەشت لێم کۆبوونەوە. ئەو شەوە هەموویان دەگریان بۆم، رۆژ بۆوە و بە "ئەمبولانس" بەرێیان کردم بۆ "سەقز". "یوسف رەحیمی"ی ئامۆزامان لەگەڵم هات و گەیشتینە سەقز، لەوێش هالیکۆپتەریان بۆ حازر کردم بۆ تەوریز. ئەمەش لەبەر ئەوە بوو لە کاتی بەرپرسیارێتیی من کە مەسئولەکانی ئێران لە وەختی شەڕی ئێران و عێراقدا دەهاتن بۆ ناوچەکەی ئێمە لە مەرگە، لای من میوان دەبوون، بەتایبەت "رەحیمی"، هاوکارییەکەیان لەبەرچاو بوو. کە دەهاتن، بۆ زۆر شوێن پێکەوە دەچووین.

**خەستەخانەی تەورێز**

چەند ڕۆژێک لە بیمارستانی تەورێز مامەوە، بەلام ڕۆژبەڕۆژ خراپتر دەبووم. چارەسەری منیان نەدەزانی. ڕۆژێکیان بردیانم بۆ بەشێک خوێنەکەیان پاک دەکردەمەوە، دەرزی لە قۆلێکمدا بوو. خوێن بە بۆری دەردەهات و بە جهازێکدا دەڕۆیشت، لە قۆلەکەی ترەوە تێیان دەکردمەوە. ئەمە بۆ خەلکی تلیاککێش بەکار دەهات، بە ناچاری بۆ منیشیان کرد. لە تەورێز چاوم و مێشکم باش بوو، خەلکم دەناسی. ئەو دۆست و خزم و هەڤالانەی لەوێ بۆیان کرا، هاتن بۆ لام، سوپاسیان دەکەم. شێخ جەنگی و فاتح شوانی و زۆر لە برادەرانی تر سەریان لێدام.

پاش چەند ڕۆژێ بە تەیارە لە تەورێزەوە ڕەوانەی تارانیان کردم، کە گەیشتمە تاران، زاهیری برام لە هۆلەنداوە هاتبوو و چاوەڕێی دەکردم. هەندێک دەرمانی چارەسەری لەگەل خۆی هێنابوو، کاریگەریی زۆر باشی بوو. بردیانم بۆ خەستەخانەی "مهر". کە من لەوێ بووم،(عەدنان موفتی و سامی شۆڕش و ئاوات مەحموود)یان هێنا. لە خەستەخانە یەکمان گرتەوە. دوای ئێمەش بە دوو ڕۆژ دکتۆر شوانیان هێنا، بەسەر عەرەبانەوە بوو، ئەویش توک بە سەریەوە نەمابوو. من و ئەو برادەرانەی ژەهرمان خواردبوو، هەموو توکەکانمان وەریبوو، من لە هەموویان خراپتر بووم. بە دکتۆر شوانم وت دکتۆر گیان بە منت دەوت هیچ نییە و وەزعی نەفسیت خراپە، بزانە چیمان بەسەر هات؟ هەموومان لە خەستەخانەی "مهر" بووین. ئەم ژەهرخواردنەی ئێمەش بێجگە لە کوردستان، بە هۆی ڕێکخستنەکانی یەکێتی و ڕادیۆکانی جیهان لە جیهاندا دەنگی دایەوە. شتێکی زۆر گەورە بوو و دژی مرۆڤایەتی بوو.

## ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ

ئەمەی بەسەر ئێمە هات، کارێکی دژی مرۆڤایەتی بوو. ڕژێمەکەی سەدام حسێن بە هۆی نۆکەر و جاسوسەکانییەوە جێبەجێی کرد. ڕێکخراوی ئەمنستی هەمیشە پاڵپشتی زوڵملێکراوانانە. لەلایەکی تریشەوە بە هۆی دۆستایەتی و خزمایەتیی کاک "عەدنان موفتی" لەگەڵ "سیامەند زەید عوسمان" کە وابزانم ئامۆزای یەکترن، هیمەتیان کردبوو. "هانیا المفتی" کە خێزانی کاک سیامەندە، لە گەورە کەسەکانی ئەمنستییە، جێگەی خۆیەتی سوپاسی بێپایانی بکەین کە لەسەر مەسروفاتی خۆیان کارەکەی ئێمەیان گرتبووە ئەستۆی خۆیان، لە خەستەخانەی "لەندەن بریج هۆسپیتەڵ" لە لەندەن لە بەریتانیا جێگەیان بۆ دابین کردبووین.

وا نزیکەی مانگێک دەبێ وامان بەسەر هاتووە، ئەم خەستەخانە و ئەو شار، بڕیاریان وەرگرتبوو بۆمان. پشکنینی دڵیان بۆ کردین کە سواری تەیارە بین، چونکی ئەوەی نەخۆشیی دڵی هەبێت، زەحمەتە سواری تەیارە ببێت. هەر لەبەر ئەوەش ئاوات مەحموود دەرنەچوو، ئیتر نەیانهێنا بۆ لەندەن. ئەگینا بڕیار بوو ئەویشمان لەگەڵ بێت. بەداخەوە لەم سالانەدا هەر بە نەخۆشیی دڵ وەفاتی کرد. هەر هەموومان لە خەستەخانەی "مهر"ی تاران بووین، تایبەت بوو بە نەخۆشیی دڵ و ژەهر. دکتۆرەکەمان ناوی فەرزاد بوو، کە چاودێریی دەکردین. هەر لەسەر حسابی ئەمنستی ئەویش لەگەڵماندا هات بۆ لەندەن. مەسەلەکەی ئێمە زۆر گەورە بووبوو و دەنگی دابووە. بێجگە لەوەش سێ کەسمان شەهید بووە، دایکم و بێستون و سەریعە. ئیتر تەیارەیان بۆ دابین کردین بۆ سەفەر.

پێش سەفەر ڕۆژێکیان هەزار ڕەحمەتی لێبێت "عوسمان قادر منەوەر" هات بۆ لام و بردمیە ژووری حەمامی خەستەخانە، وتی دەتشۆم، بێهۆش بووم. وتیان دوو شەو و دوو ڕۆژ لە ژووری

بوژانەوەی دڵ بووم. من ئاگام لە خۆم نەبوو، کەس بە تەمام نەمابوو، کە چاوم کردەوە، بە لای ڕاست و چەپدا ئەوانەی تەنیشتم ئەمردن، هێنامیانەوە بۆ ژووری خۆم.

سەفەرەکەمان بۆ لەندەن چەند ڕۆژێک دواکەوت. هۆیەکەشی ئەوە بوو بەریتانیا هەر تەیارەیەک لە ئێرانەوە بچوایە بۆ لەندەن، لە ڕێی سەگەوە کە بۆن دەکات، دەیانپشکنی. ئێران کاری ڕاگرت و وتی نابێ سەگ بێتە ناو تەیارەکانمانەوە. ئێمەش خواخوامانە سەعاتێک زووتر بگەینە دەرەوە. باشبوو پاش چەند ڕۆژێ پێکهاتن. ئەم پشکنینەش لەبەر دەرمانی هۆشبەر و تەقینەوە بوو.

### لە تارانەوە بۆ لەندەن

ڕۆژی ١٩٨٧/١٢/٢٠ سواری تەیارە بووین، گەیشتینە لەندەن. دکتۆر فەرزادیشمان لەگەڵ بوو. من، عەدنان موفتی، سامی شۆڕش، دکتۆر فەرزاد. من لەناو تەیارەکەش لە جێگەی سێ نەفەر جێگەیەکی تایبەتیان بۆ بەستم، لەناو تەیارەکەدا پاڵ کەوتبووم. گەیشتینە فڕۆکەخانەی لەندەن. لەوێش هەموو شتێکیان بۆ حازر کردبووین. برا و کەسوکار و خەڵکی زۆری یەکێتی و حیزبەکانی تر چاوەڕوانمان بوون. هەریەکەمان ژووریان بۆ دیاری کردین لە خەستەخانەی "لەندەن بریج"، ئیتر ڕێکخستنەکانی یەکێتی و خزمەکان و هەموو حیزبەکان هەموویان بە پەرۆش بوون بۆمان، هەمووش سەردانیان دەکردین. وەک ئەوە بوو ئەم تاوانە گەورەیە لە هەموویان کرابێت. ڕۆژانە قەرەباڵغییەکی زۆر لە خەستەخانە هەبوو. هەڤاڵەکانی خۆمان بەرنامەیەکیان دانا و بە نهێنی حەراسەتیان دەگرتین، لەبەر حکومەتی عێراق نەک لەوێش زەفەرمان پێبەرێ و شتێکمان لێبکات، هەموو شتێک لە حکومەتی عێراق و سەدام

حسێن دەوەشایەوە. لەوێ پاش پشکنین دۆزرایەوە چییان داوینەتێ و چارەسەریشیان داینێ. ژەهرەکە ناوی "ثالیزمە". لەگەڵ ئەوەی قاچم ئیشی نەدەکرد، ئەو ژەهرە دەمارەکانی هەموو گیانمی مراندبوو، هیچ جوڵەیەکم نەبوو. ئەشیعەیان بۆ سنگمان گرت، لە سنگی مندا چەندین پەڵە دەرکەوت. دکتۆر "هنری" سەرپەرشتیی دەکردین. بۆ من وتبوی ئەم پەڵانە نیشانەی "شێرپەنجەیە"، کاک عەدنان و سامی شۆڕش لە من باشتر بوون، بەپێی خۆیان هاتوچۆیان دەکرد، بەڵام تووک بە سەریانەوە نەمابوو. هەموومان ناشیرین بووبووین، من زۆر خراپ بووم، دکتۆر بڕیاری دابوو نەشتەرگەریی سییەکانم بۆ بکات، وتبووی سێ پارچە لە "سی"ی دەکەینەوە و ئەیبەین بۆ تاقیکردنەوە، بزانین چڵکە یان "شێرپەنجە".

## نەشتەرگەریی سییەکانم لە لەندەن

دیاربوو دکتۆر هنری بە خزم و هەڤاڵەکانی وتبوو لەسەدا نەوەدونۆ شێرپەنجەیە، بەڵام بە منیان نەوتبوو، وتبووی دەیبەین نەشتەرگەریی سییەکانی بۆ دەکەین. هاتن بەمنیان وت بۆ نەشتەرگەریی، وتم زۆر باشە و بۆم واژوو کردن. مێشکم باش بوو و چاوم ئەیبینی، لەسەر مردنیش بووم، هەرچی لە خزم و دۆستان دەهاتن دەیانوت چۆنی؟ ئەموت زۆر باشم، بەڵام چۆن باشی؟ مەگەر هەر خۆم ئازارەکانی بزانم، تاکو گەیشومەتە بەریتانیا، لە تاو ئازار بە هەموو ماوەکەی سەعاتێک خەو نەچۆتە چاوم. پێش ئەوەی بمبەن بۆ ژووری نەشتەرگەری، وتم دکتۆرێکی برادەرم دەتوانێ لەگەڵتان بێتە ژوورەوە؟ وتیان باشە. ئەویش دکتۆر ئەکرەم ڕەئوف حەویز بوو. هەر لەوەتەی چاومان کردۆتەوە، برادەرین، لە خەستەخانەش هەر لام بوو.

بردیانم بۆ ژووری نەشتەرگەری، دکتۆر ئەکرەمیش هات. بەنج کرام و ئاگام لە هیچ نەما. دوایی ئەکرەم بۆی گێڕامەوە وتی کە چەقۆیان لە سییەکانت دا، چلک و جەراعەت هاتە دەرەوە. وتیان شێرپەنجە نییە و چلکی کردووە، وتی کە سنگیان کردیتەوە، زۆر زەرد و جوان و پاک بوو، دکتۆرەکان فیکەیان لێدا، ڕەش نەبوو. ئەوەش هۆی ئەوەبوو من قەت "جگەرەم نەکێشاوە"، پاش ئەوە هێنامیانە ژوورەکەی خۆم. پاش چەند ڕۆژێ وردەوردە بەرەو باشی دەچووم. ڕۆژێکیان هەر لە خەستەخانەکە زاهیری برام و ڕێزانی خوشکم و ماجدی پوورم و دکتۆر ئەکرەم و سلێمان ڕەحیمی هاتن و سواری عەرەبانەکەی خەستەخانەیان کردم و بردیانم. هۆڵێکی بچوکی لێبوو، نەمدەتوانی بەپێ بڕۆم، تەماشام کرد مێزێکیان ڕازاندۆتەوە، پیرۆزباییان لێکردم. وتم ئەمە چییە؟ ماچیان کردم، هەموویان وتیان نەشتەرگەرییەکەت بۆ ئەوەبوو دکتۆر هنری ترسی شێرپەنجەی هەبوو، دەرکەوتووە ئەوە نییە. بۆ منیش خۆش بوو، وتیان بە تۆمان نەوتووە. ئەو شەوەشمان بە خۆشی بەڕێ کرد.

ماوەی دوو مانگی ڕێک لە خەستەخانە بووم. نەمدەتوانی لەسەر قەرەوێڵە بێمە خوارەوە. قاچەکانم ئێشیان نەدەکرد، ئەو ژەهرە هەرچی دەمار هەبوو، مراندبووی. کاک عەدنان و کاک سامی شۆڕش پاش پانزە ڕۆژ لە خەستەخانە چوونە دەرەوە، شوکر باش بوون. لەبەر ئەوەی نەمدەتوانی بێمە خوارەوە، هەر لەسەر قەرەوێڵەکە وەرزشیان پێدەکردم، بۆ قاچم و دەستم. هەموو ڕۆژێ دەهاتن خوێنیان لێدەردەهێنام و دەیانبرد بۆ ژووری تاقیکردنەوە. بەو دەرمانانەی وەرم دەگرت، ڕۆژبەڕۆژ ڕێژەی ژەهرەکە کەمتر دەبووە. ئەوەی منی بینیبێت، بەتەمام نەبووە. بەڵام ڕۆژبەڕۆژ بەرەو باشتر دەچووم. برۆم و سمێڵم و برژانگم و قژی سەرم تاڵێکی نەمابوو، ژەهرەکە هەمووی لە بنا سووتاندبوو، پاش دوو مانگ هاتنە دەرەوەش لە خەستەخانە هەر

لەسەر حسابی "ئەمنستی" شوقەیەکیان بۆ گرتم. هەفتانەشیان دەدامێ بۆ مەسروفات. لای ئەوان کە لە دەرەوە بووم، دوو مانگ مامەوە. هەموو ڕۆژێ دوو سەعات دەچووم بۆ خەستەخانەیەکی تر وەرزشیان پێدەکردم "فیزیۆتێرەپی-physiotherapy"، ماوەیەک دوای ئەوەی کە لەوێ بووم، هەزار ڕەحمەتی لێبێت "سەرچل قەزاز" شوقەیەکی بۆ گرتم بەکرێ لەسەر حسابی خۆی و یارمەتیی دام. هەتا ماوم سوپاسی دەکەم. چونکی ئەو کاتەی ئەو کارەساتەی بەسەرمان هات، یەکێتی خۆی لە زروفێکی یەکجار خراپدا بوو لە ڕووی دارایییەوە، ئەو مەسروفاتە گەورەیەی ئێمە بە یەکێتی نەدەکرا تەنها بە ئەمنستی نەبێ، چونکی شەوانەی خەستەخانەکە ٢٥٠ پاوەن بوو، بێجگە لە مەسروفاتی نەشتەرگەری و " فیزیۆتێرەپی" کە هەر لەسەر حسابی ئەوان پێیان دەکردم. هێمنی شاعیر ئەفەرموێت شاعیری بۆ ئەو ئەوەندە سوودی هەبوو، ئەو ناوە دووورودرێژەی لە کۆڵ کردەوە و بە "هێمن"ی شاعیر ناسرا، منیش بە هۆی وەزعەکەمەوە ئەوەندەم قازانج کرد، کە لە کاتی "فیزیۆتێرەپی"دا فێری مەلەیان کردم، چونکی وەرزشی پێکانم لەناو ئاودا بۆیان دەکردم، وردەوردەش فێری مەلە بووم.

ئەو ماوەیەی کە لە لەندەن بووم، خێزانەکەم "نەهاوەند" لەگەڵ زریانی کوڕم ساڵەوەخت بوو هەر لە زیندانی ئەمنی عامەی بەغدا بوون بەبێ ئەوەی کەسێک بتوانێت بچێت بۆ لایان یان بوێرێ هەواڵیان بپرسێ. لە شوقەکەم ئەو هەڤاڵ و برادەرانەی لێیان ئەمین بووم، سەردانیان دەکردم. کاتی هاتنی مام جەلال بۆ لەندەن منیش تازە لە خەستەخانە هاتبوومە دەرەوە. مام هات بۆ لام و برادەرەکانی تریش دریغییان نەکرد لە دڵخۆشیکردنم و پشتیوانیکردنم.

**گەڕانەوەم بۆ هۆڵەندا**

پاش ئەوەی دکتۆرەکان ئیزنیان دام لە "فیزیوتێرەپی"، بە حوکمی ئەوەی لە دوای نەکسەی شۆڕشی ئەیلوول لەو پەنجا پەناهەندەیە بووین، کە لە ساڵی ١٩٧٦ لە هۆڵەندا وەرگیرابووین، من ئەوەندە نەمامەوە. هۆڵەندام بەجێهێشت و گەڕامەوە بۆ کوردستان بۆ پێشمەرگایەتی، مافی پەناهەندەیەکەم نەمابوو و بەسەر چووبوو. ئەوەی بەسەر ئێمە هات، شتێکی گەورەبوو، هەموو دنیا لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەکاندا لەسەریان باس کردبوو، ڕۆژنامەکانی هۆڵەنداش بەهەمان شێوە. ئیتر زاهیری برام لە هۆڵەندا بوو. هەواڵیان بۆ هێنام هۆڵەندا ڕازی بووە پەناهەندەییەکەم بۆ بگێڕێتەوە. ئاگاداریان کردم بچم بۆ سەفارەتی هۆڵەندا لە لەندەن. پاسپۆرتیان دامێ تاکو پێی بگەمە هۆڵەندا. منیش ئەو شتانەم جێبەجێ کرد. سواری تەیارە بووم و گەیشتمەوە هۆڵەندا. لە فڕۆکەخانەی ئەمستردام ئەو هەڤاڵانەی ئەوێ و کەسوکارەکەم و کاک شازاد سائیب و زۆر لە هاوڕێ کۆنەکانم کە یەکمان دەناسی و پێکەوە لە ڕابوردوودا لە هۆڵەندا بووین، پێشوازییەکی گەرمیان لێکردم. پاش چەند ڕۆژێ پشودان دەستم کرد بەوەی پەناهەندەیەکە دەست پێبکەمەوە و وەریبگرمەوە. لەسەر ماڵی کاک شازاد خۆم ناونوس کرد، وتیان شارەکەی ئەوان "مارسن-Maarssen" باشە، نزیکەی ٢٠ کیلۆمەتر لە ئەمستردامەوە دووربوو، هەرواش دەرچوو. لەبەر ئەوەی پۆلیس بەسەرهاتنی منیان دەزانی، لە ماوەی دوو مانگدا پەناهەندیەکەیان دامەوە.

لە ئەمستردام خانویەکم بە کرێ گرت، لەوێش لە خەستەخانەیەک خۆم ناونووس کرد. هەفتەی سێ ڕۆژ دەچووم بۆ "فیزیۆتێرەپی" بۆ ئەوەی ماسولکەکانی لەشم، بەتایبەت قاچم، بەهێز ببن. ئەو کاتە بە گۆچان دەڕۆیشتم. پاش ماوەیەک لەناو شاری ئەمستردام لە ڕۆژهەڵات لە کۆڵانی "ئاچاپاسترات" خانوم وەرگرت. ئەو ماوەیە هەر لەژێر

چاودێریی پزیشکدا بووم، وەزعی کوردستانیش ڕۆژبەڕۆژ ڕژێم وێرانی دەکرد. هەڵەبجەی کیمیاباران کرد و گەرمیانی ئەنفال کرد. بە هۆی برادەرانەوە لە ئێرانەوە ئاگاداریان کردم، نازانم تەلەفۆنیان بۆ کردم یان نامەیان نارد، بەتایبەت بەهیمەتی ملازم عومەر دەنگوباسەکانم دەزانی. هێزی پێشمەرگەش پاش ئەنفال لە پاشەکشێدابوو بۆ سەر سنوورەکان.

## لێبوردنی گشتی ۱۹۸۸

ئەو ماوەیە بێجگە لەوەی بەسەر خۆم هاتووە و دایکم شەهید بووە، منداڵەکانیشم لە زیندانن لە بەغدا. دەسەڵات لە ۱۹۸۸/۹/۱۵ لێبوردنی گشتیی ڕاگەیاند. هەواڵم زانی کە ئەوانیش بەردەبن، بەڵام بە کەفالەت. بە ئاسانی بەریاننەدان، چونکی قانونی لێبوردنی گشتی کەفالەتی تێدا نییە، ناچار خەزوورم کاک حسێن باوکی نەهاوەند کارمەندی دائیرەی تەلەفۆنات بوو. چوو بۆ بەغدا و بوو بە کەفیلی نەهاوەند و زریان، بەو مەرجەی هیچ پەیوەندیی بە منەوە نەمێنێ، هاتنەوە بۆ سلێمانی. پاش ئەوەی منیش لە هۆڵەندا دڵنیا بووم، دڵخۆش بووم بەوەی بەربوون. جوابم بۆ ناردن بێن بۆ ئێران، ئیتر ناچار بوون هەمماڵی کاک حسێنی خەزوورم و هەم منداڵەکانی من هەموویان بە دزییەوە بێن بۆ ئێران. لە شاری سەقز گیرسانەوە. منیش بیرم لەوە دەکردەوە، لەبەر ئەوەی تەندروستیم بەرەو باشی دەچوو و لەژێر چارەسەرکردندا بووم، کەوتمە ئەوەی دەست بکەم بە مامەڵەی منداڵەکانم بۆ هێنانیان بۆ هۆڵەندا. پاش ماوەیەک ڕازی بوون و کارەکانیان لە دائیرەکانی هۆڵەندا تەواو بوو. منیش بلیتم بڕی بۆ ئێران. کاک حەمە تۆفیق نوێنەری یەکێتیی نیشتمانی بوو، لەگەڵ محەمەدی حاجی عەبدوڵڵا مەلا ڕەشید و برادەران لە فڕۆکەخانەی "مهرئاباد"ی تاران لە چاوەڕوانیدا بوون.

دەوری سەعات چواری بەیانی بوو. نەهاوەندی خێزانیشم لەگەڵیان هاتبوو و لە دوورەوە چاوەڕوانی دەکرد. پێش ئەوەی بێمە دەرەوە لە مۆرکردنی پاسپۆرت، بە سەرشانی یەکێک لە خزمەکان منداڵێکم بینی، وتم ڕەنگە کوڕەکەی من بێت، چونکی نە ئەو منی دەناسی، نە منیش بینیبووم. کە چوومە لایان، پاش ئەملاوئەولای یەکتر ماچکردن و بەخێرهاتن، چووینە ماڵی کاک محەمەد تۆفیق، دوای ئەوە لەگەڵ نەهاوەند و زریان ژووریان بۆ جیا کردینەوە. زریان چونکی هەر لەگەڵ دایکی بووە، من ناناسێ و نەیبینیوم، نەیدەهێشت لایان بم. ئیتر لە ژوورەوە وردەوردە ڕاهات لەگەڵم، هەندێک شتی منداڵانەم بۆ هێنابوو، خستمە بەردەستی تاکو ڕاهات. دوای ئەوە چووینەوە بۆ شاری سەقز بۆ ماڵی باوکی نەهاوەند، چەند ڕۆژێک لەوێ مامەوە، چووم بۆ سەردەشت و سەردانی خزمانی ئەوێشم کرد. دوایی چووم بۆ "قاسمەڕەش". بارەگای سەرکردایەتیی یەکێتیی لێبوو. زۆریان پێخۆش بوو چاک بوومەتەوە و هەموویانم بینی. بەڵام هەر گۆچانم پێبوو، قاسمەڕەش سەرسنوورە، دوای چەند ڕۆژێک گەڕامەوە بۆ سەقز و لەوێشەوە بۆ تاران، لەوێشەوە بۆ هۆڵەندا، منداڵەکانم دامەزراند و زریانم خستە قوتابخانە. ماوەیەکم لەوێ بەسەر برد.

## شەڕی کوێت و داگیرکردنی لەلایەن عێراقەوە

ئەو ماوەیەی کە لەوێ بووم لەگەڵ منداڵەکان، سەدامی دیکتاتۆر پەلاماری شاری کوێتی دا. ئەمەش چەند مانگێکی خایاند. من لەگەڵ هەڤاڵان لە گۆڕینەوەی نامەدا بووم لەسەر وەزعەکە، کاک ملازم عومەر لە نامەیەکیدا بۆی نووسیبووم بەرنامەیان داناوە بۆ ڕاپەڕین، ئاهێکمان پێدا هاتۆتەوە و چاوەڕوانی ئەوە دەکەن وڵاتان لە سەدام قبوڵ نەکەن

و لێی بدرێ، نەخشەی دابەشبوونی میحوەرەکانی بۆ نووسیبوم، نووسیبووشی ئەگەر تۆش لێرە بویتایە، دەوری بەرچاوت دەبوو. ئەوەبوو وڵاتانی خۆرئاوا و ئەمریکا لە سەدامیان دا و ڕاپەڕین لە کوردستان دەستی پێکرد، لە شارەکانی کوردستانیش پەلاماری دامودەزگای ڕژێم درا و شارەکان ئازاد کران. ڕاپەڕین ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥ شاری ڕانیە و دواتریش هەموو شارەکانی کوردستانی گرتەوە. هەزاران هەزار سەربازی سوپای عێراق ئەسیر کران و دامودەزگاکانی بەعس وێران کران، بەتایبەت لە سلێمانی هەرچی لە تاوانباران بەردەست کەوتن، کوژران. ئەمنە سوورەکەی سلێمانی کە ئێستا بووە بە مۆزەخانە، شاهیدی ئەو ڕاستییەیە.

## ڕاپەڕین

بێجگە لەوەی ئەمریکا و بەریتانیا و وڵاتەکانی تر دەوریان هەبوو، یەکێکی تر لە هۆیەکانی سەرکەوتنی ڕاپەڕین بەرەی کوردستانی بوو، کە پێکەوە مژدەیان دا بە خەڵکی کوردستان کە هەموو هێزە سیاسییەکان پێکەوە بەرنامەیان داناوە و هاتوونەتە خوارەوە. ئەمەش زیاتر خەڵکی کوردستانی دڵخۆش کرد. هەر قۆڵەش لای خۆیەوە. یەکێتیی نیشتمانی بۆ ئەم ڕاپەڕینە بێبەرنامە نەبوو، هەر لە ڕۆژی یەکەمی پەلاماری سەدام حسێن بۆ کوێت یەکێتی خۆی بۆ ڕووداوەکان ساز کرد. من لەسەر کارە سەربازییەکانی پێشمەرگە قسە دەکەم. لە ١٩٩١/٣/٥ شاری ڕانییە ئازاد کرا، ئەمەش یەکڕیزیی کۆمەڵانی خەڵک و هێزە سیاسییەکان بوو، هەروەها هاوکاریی ئەو دۆستانەی کە لەناو ڕژێم چەکیان هەڵگرتبوو. خەڵکی سنووری ڕانیە و دەوروبەری باش دەزانن و شاهیدی ئەوەن لە پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین ڕاستییەکان

باش دەزانم و ئاگادارم هەر لە ناردنەوەی "بێسیمی گەورە" کە مامۆستا باپیر هێنایەوە لەگەڵ عەزیز بەگ و کوردەی کوڕی، لە دۆڵی شاوری دایان نابوو بۆ پەیوەندی لەگەڵ سەرکردایەتی پێش ئەوەی ڕاپەڕین بەرپا ببێ. هەروەها هەماهەنگی لەگەڵ ئەو هێزانەی لای ڕژێم چەکدار بوون. هەندێکی لە ڕابوردوودا لای خۆمان پێشمەرگە بوون، دیار بوون و پەیوەندییان هەبوو. بە یەکەم تەقەی شەهید "عەلی نەبی" بڵێسەی ڕاپەڕین دەستی پێکرد. خۆشبەختانە ڕانیە ئازاد کرا، ئەنجا شوێنەکانی تر، لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٧ لە شاری سلێمانی و ڕۆژی ١٩٩١/٣/١١ لە شاری هەولێر ڕژێم بەدەرنرا لە کوردستان. بۆ یەکەم جار لە ڕێکەوتی ١٩٩١/٣/٢١\٢٠ شاری کەرکووک ڕزگار کرا و ماوەی چەند ڕۆژێک هەوای ئازادیی هەڵمژی.

### پەلاماری حکومەت و ڕەوی یەک ملیۆنیی خەڵکی کوردستان

دوای ئەو سەرکەوتنانە و ڕزگارکردنی شارەکان و کەرکووک، ئەمریکا، کە هەموو هیوامان لەسەر هەڵچنیبوو، لە جێگەی خۆی وەستا و ڕووی نەکردە بەغدا. لە ترسی ئەوەی نەک شیعەکان دەسەڵات بگرنە دەست، ئەمریکا لەگەڵ سەدام حسێن ڕێک کەوت. ڕژێمیش لەسەر بنەمای ئەم ڕێککەوتنە خۆی ئامادە کرد بۆ پەلاماردانی شارەکانی کوردستان و ترسی نەما، بە شەڕ هەندێک جێگەی گرتەوە. هەموو خەڵکی کوردستان سەدام و ڕژێمەکەی باش دەناسن چیی کردووە بە میللەتەکەمان لە ئەنفال و کیمیابارانی خەڵکی و لە ترسی سیاسەتی بێبەزەییانە زۆربەی زۆری خەڵکی ماڵوحاڵ و شارەکەی خۆیان بەجێ هێشت. هەر ئەو ڕەوە گەورەیە بوو، کە کوردستانی بە هەموو دنیا ناساند، هەموو خەڵکی کوردستان ڕوویان کردە سنوورەکان و

شارەکانی کوردستانی ئێران و تورکیا، خەڵکی پێشوازیی لێکردن. ئەم ڕەوە ملیۆنییە دنیای بەئاگا هێنا و ئاشکرا بوو ڕژێمی سەدام حسێن چەند بێبەزەییە. ڕێککەوتنی شفازکوف قائدی سەربازیی ئەمەریکی لەگەڵ سوڵتان هاشم لە سنووری بەسرە کۆتایی بە شەڕ هێنا و شەڕ لەگەڵ سەدام ڕاگیرا. ئەم وەزعەش وای لە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد کرد بیر لەوە بکەنەوە کە وڵات لەوە زیاتر کاول نەبێ و لەسەر خاکی خۆمان بمێنین.

## گەڕانەوەم بۆ کوردستان لەگەڵ کاک نەوشیروان

لەگەڵ کاک نەوشیروان و دلاوەری ئەحمەد مجید هەندێک لە هەڤاڵانی تر لە شاری دیاربەکر یەکمان گرتەوە و هاتینەوە بۆ کوردستان. لەسەر سنوور هەموو هەڤاڵانی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکان پێشوازییان لێکردین. هاتینە دهۆک و شەوی یەکەم لەوێ ماینەوە، دوایی گەڕاینەوە بۆ هەولێر و سلێمانی، بە کەسوکار و هەڤاڵان شاد بووینەوە. بەڵام ئەمجارە شارەکان بەدەست خۆمانەوەیە و لە ڕووی حیزبی و پێشمەرگایەتییەوە خەریکی خۆڕێکخستنەوەین. پاش ماوەیەک باسی ئەوە کرا کۆنگرەی یەکەم بگیرێ.

## کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ڕۆژی ١٩٩٢/١/٢٧ لە شاری سلێمانی و لە هۆڵی ڕۆشنبیری کۆنگرە دەستی پێکرد. سکرتێری گشتی هەڤاڵ مام جەلال ڕاپۆرتی سیاسیی خوێندەوە. بەداخەوە لە ڕۆژی یەکەمدا هەڤاڵ عومەر مستەفا ناسراو بە "عومەر دەبابە" بە هۆی نەخۆشیی دڵەوە لە ناو هۆڵی کۆنگرەدا گیانی لەدەست دا و کۆنگرە هەڵگیرا. پاش بە خاک سپاردنی لە شاری کۆیە،

کۆنگرە گوێزرایەوە بۆ شاری هەولێر. پاش قسەوباس زەمینە خۆش کرابوو بۆ ئەوەی هەر سێ ڕێکخستنەکە لە یەکێتیدا وەک ڕێکخستنی جیاواز نەمێنن و ببێتە یەکێتیی نیشتمانی. من ناچمە ناو کێشەکانەوە، کۆنگرە دەنگەدەنگی تێدابوو لەسەر باسەکان و ڕابووردوو، باڵەکان دیاربوون، بەڵام یەک شت لای هەموان گرنگ بوو و هەموومان لە سەری ڕاوەستاین، ئەویش یەکڕیزیی یەکێتی بوو. ئەو هەموو خەبات و ماندووبوون و شەهیدانەی لەو ڕێگەیەدا دابوومان، لەبەرچاومان بوو. ئەوانەی لە کۆنگرەدا بەشداربوون، چ پێشمەرگە چ ڕێکخستن، ئازاری زۆریان دیووە، بەهۆی دەیان هۆی ترەوە لەسەر یەکڕیزیی کۆنگرە ڕازی بووین.

### هەڵوەشانەوەی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان و خەتی گشتی

لە کۆنگرەی یەک ئەم تێکەڵکردنەوەیە جێبەجێ بوو، هەموومان دەستمان بۆ بەرز کردەوە، کەسیش دژی نەبوو. ئەوەندەی من بزانم، بە هەموو کاکەکانەوە فاتحە بۆ باڵباڵێن خوێندرا و ئیتر سێ باڵ نەما. لەو کاتەدا کەسێک نەبوو بڵێ فڵان شت ڕاست نییە، چونکی قسەیەکی وانەکرا کە دیار بێ و دژی هەبێ.

### یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

سەرباری قسەوباس و گفتوگۆ و بینەوبەرەی ناو کۆنگرە، دوایین ڕۆژی کۆنگرە لە هەولێر سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی هەڵبژێرا. منیش یەکێک بووم لەو هەڤاڵانەی سەرکردایەتیی کۆنگرە دەنگیان پێدام. ئەو کاتەش من لەگەڵ کاک نەوشیروان نزیک بووم. ئەم هەڤاڵانە بۆ سەرکردایەتی هەڵبژێردران:

١- مام جەلال ٢- نەوشیروان مستەفا ٣- جەبار فەرمان ٤- کەمال فوئاد ٥- ئەرسەلان بایز ٦- د. فوئاد مەعسوم ٧- مستەفا چاورەش ٨- ملازم عومەر ٩- عومەر فتاح ١٠- چەتۆ حەویزی ١١- کۆسرەت رەسول عەلی ١٢- شاخەوان عەباس ١٣- شێردڵ حەویزی ١٤- دارۆ شێخ نووری ١٥- سەعدون فەیلی.

پاش کۆنگرە یەکەم کۆبوونەوەی سەرکردایەتی لە شەقڵاوە کرا، مام جەلال لەوێ بوو. کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە سیاسەتی تازە و دابەشکردنی ئیشوکارەکان. پاش ئەوە بە حوکمی پێشمەرگایەتی و شارەزایی بڕیاریان دا من ببمە "سەرلەشکری هەولێر". ئەو کاتەی بووم بە سەرلەشکر، یەکێتی سێ لەشکری هەبوو. لەشکری یەک جەبار فەرمان بوو، لەشکری دوو من بووم، لەشکری سێ لە بادینان شێردڵ حەویزی بوو.

### لەشکری دووی هەولێر

دەبوو بزانین بارەگاکەی ئەم لەشکرە لە کوێ دابنێین؟ بە ڕاوێژی هەموان شەقڵاوەمان پێ باش بوو. بینای قائمقام چۆڵ بوو، وەرمان گرت و دەستکاریمان کرد. بارەگای لەشکری شەقڵاوەی لێنووسرا. ئەو کاتە مامۆستا بەکر مستەفا جێگرم بوو. ئامرهێزەکانی زۆر بوون، چونکی ئەو کاتە لەشکری دووی قەلادزەشی لەسەر بوو، سنوورێکی زۆر بەربڵاوی هەبوو، هەرچەند تەماشام دەکرد، ئەم هەموو هێز و سنوورە بەربڵاوە لە کێشی یەک لەشکردا نییە و فریای نەدەکەوتی. ئەگەر بیرم مابێ ئامرهێزەکان ئەم هەڤاڵانە بوون: ١- شەهید ڕێباز ٢- سەفین مەلا قەرە ٣- عەبدوڵڵا مام عەلی ٤- عەبدوڵلا بۆر ٥- ڕەهبەری سەید ئیبراهیم ٦- شاخەوان عەباس. بێجگە لەوەش مەسەلەکە هەر

ئەوە نەبوو فریای کارەکانی نەدەکەوتین، هەموو سنووری سیدەکان پشدەر و بتوێن و کۆیە و هەموو هەولێر لەسەر ئەم لەشکرە بوون. ئەو کاتەش لەبەر گەورەیی لەشکرەکە وەک پێویست چەک و تەقەمەنی نەبوو. بە هاوکاریی هەڤاڵ بەکر مستەفا و ئامرهێزەکان کارەکانمان ڕادەپەڕاند. هێشتا هەڵبژاردن نەکرابوو و بەرەی کوردستانی ئیدارەی ئیشوکارەکانی دەکرد. هەر حیزبەو چەکداری خۆی و هێزی خۆی هەبوو، ململانێی حیزبەکانیش لەولاوە وەستابێ، کێشەی ڕۆژانە هەبوو.

### هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ١٩٩٢/٥/١٩

بڕیاری هەڵبژاردن درا و ڕۆژی ١٩٩٢/٥/١٩ دەستی پێکرد، هەر حیزبەش بە قەدەر قەوارەی خۆی دەنگی هێنا. هەر ڕۆژی یەکەم ئێوارەکەی دەنگۆی ئەوە بڵاو بۆوە کە مەرەکەبەکە دەسڕێتەوە. ئەم دەنگۆیە لە هەموو لایەک بڵاو بۆوە. من لە شەقڵاوە بووم، مام جەلالیش بارەگاکەی لە شەقڵاوە بوو. ژەنەراڵ ناب'ی ئەمەریکی هات. لەگەڵی چووین بۆ هەولێر. کاک مەسعود بارزانی و مام جەلال هاتن بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەم کێشەی مەرەکەبە بن. باش بوو بە هیمەتی هەمووان چارەسەر کرا و لەسەری ڕێک کەوتن. هەر لەو کاتەشدا نوێنەری پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێرا، منیش ناوم لە لیستی سەوزدا هەبوو، پاش هەڵبژاردن، حکومەت کابینەکەی دامەزراند و کەوتە سەرقاچی خۆی. بەڕێز دکتۆر فوئاد مەعسوم بوو بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێز جەوهەر نامیق بوو بە سەرۆکی پەرلەمان. هەردوو حیزبی سەرەکی لەسەری ڕێک کەوتن.

**کێشەمان لەگەڵ (پێ کاکا)**

لە ڕابوردوودا هەر شتێک بووایە، دەخرایە پاڵ بەرەی کوردستانی. بەڵام کە حکومەت پێک هات، حکومەتی تورکیا زەختێکی زۆری دەکرد لەسەر وجودی پێکاکا لە سنوورەکانی کوردستانی عێراق. وتی قبوڵ ناکەین چەکدارەکانی پێکاکا لاتان بن، لەسەر ئەم هەڵوێستەی تورکیا دەیان و سەدان جار خۆمان دزیوەتەوەو خۆمان پاراستووە لەوەی لەگەڵ پێکاکا تووشی شەڕ بین. ئەوانیش بە چاک و خراپ مراعاتی وەزعی ئێمەیان نەدەکرد. هەوڵیش درا لەگەڵیان، بەڵام ئەوان لە جێگەیەک و ئێمەش لە جێگەیەکی تر سوودی نەبوو. کۆبوونەوەی پارتی و یەکێتی بڕیاریان دابوو لێیان قبوڵ نەکەین و ئاگاداریان بکەینەوە، وابکەن بچنەوە ناو خاکی تورکیا، تورکیاش قبوڵی ناکات. حکومەتی تورکیا دەیانوت پێویستە لە سنووری ئێوە دەستدرێژی نەکەنە سەرمان و سەربازمان نەکوژرێ. ئەمەش بەڵایەکی گەورە بوو، پێکاکاش هەرچی خۆی بیویستایە، ئەوەی دەکرد.

**کۆبوونەوەی شەقڵاوە لە نێوان یەکێتی و پارتی بە سەرپەرشتیی کاک مەسعود**

هەردوو سەرکردایەتیی یەکێتی و پارتی بە سەرپەرشتیی کاک مەسعود بارزانی لە شەقڵاوە کۆ بووینەوە. هەندێک لە لێپرسراوانی سەربازیی هەردوولا بەشدار بوون. ئەو کاتە مام جەلال لە دەرەوەی وڵات بوو. ئەوانەی بەشداری کۆبوونەوەکە بوون، ئەم بەڕێزانە بوون:

١- کاک مەسعود بارزانی ٢- کۆسرەت ڕەسول عەلی ٣- فازڵ میرانی ٤- ئەرسەلان بایز ٥- مستەفا چاوڕەش ٦- بابەکر زێباری ٧- عومەر فەتاح ٨- حەسەن کوێستانی ٩- مامۆستا چەتۆ ١٠- کەمال فوئاد ١١- عارف ڕوشدی ١٢- هەندێکی بەڕێزی تریش بەشدار بوون.

ئەم کۆبوونەوەیە تایبەت بوو بە مەسەلەی پیکاکا، بریارمان دا هێزەکانمان کۆ بکەینەوە بۆ ئەوەی بزانن بە ڕاستیمانە و ئاگاداریان بکەین لەو سنوورە دوور بکەونەوە. لە کۆتایی کۆبوونەوەکە لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین هەردوو بەشی بادینان و خواکورک بخەینە بەرنامەی کارەوە. من سەرلەشکری هەولێر بووم، بەوەی بارەگاکەشم هەر لە شەقلاوە بوو، سنوورەکە دەکەوێتە نزیکی ئەوەی منەوە. لە کۆبوونەوەکەدا بریاریان دا فازل میرانی لێپرسراوی بادینان بێ، خۆشی هەر لێپرسراوی لقی یەکی ئەوێ بوو. منیش حەزم نەدەکرد و تۆزێک خۆم کەنار گرت، بەلام لە کۆبوونەوەکەدا کاک کۆسرەت وتی لای ئێمەشەوە هەڤال مستەفا چاوڕەش لێپرسراوی جەبهەی خواکوڕک دەبێت، بە مانای لێپرسراوی یەکەمی هێزەکانی پێشمەرگە لەو جەبهەیەدا، هێزی هاوبەشی پارتی و یەکێتی. بریار درا و کۆبوونەوە تەواو بوو. بۆ ڕۆژی دوایی خۆمان ساز کرد بۆ ئەوەی پێویستییەکان جێبەجێ بکەین.

عوسمان قادر منەوەر نوێنەری پارتی بوو. چووین بۆ بانک. لەوێ مەبلەغێک پارە بۆ مەسروفات و یارمەتیی پێشمەرگەکان و ئەو هێزانەی کە بەشداری دەکەن، دیاری کرابوو. پارەکەمان وەرمان گرت. هێزەکان کۆ کرانەوە و ڕەوانەی ناوچەی "سیدەکان" کران لە ناوچەی برادۆست. خۆشمان ڕۆیشتین بۆ جێگەی مەبەست کە پێویست بوو، بەرامبەر هێزەکانی پیکاکا. بنکە و بارەگامان دانا و چادرمان هەلدا. مالی "کەریم خانی برادۆست" لە مجێسەر بوو و لەوێ دادەنیشت. ئەوانیش هێزێکیان هەبوو، هەمووی خرایە ژێر بەرپرسیارێتیی منەوە. هەروەها حەمید ئەفەندیش نوێنەری پارتی بوو و لەگەلمان.

### هاتنی کاک نەوشیروان پێش ئەوەی شەڕ دەست پێبکات

هەموو هێزەکان جێگەیان بۆ دیاری کرا. من و مامۆستا بەکر مستەفا پێکەوە بووین. پێویستیی شەڕ بەسەر هێزەکاندا دابەش کرا. پێش ئەوەی شەڕ ببێ، ئێوارەیەک کاک نەوشیروان و حەمە ئەمین پێنجوێنی و حامد حاجی خالید و مام ڕۆستەم هاتن بۆ ئەو جێگەیەی ئێمەی لێبووین. حەمە ئەمین پێنجوێنی دۆستی پێکاکا بوو. لە ڕابووردوودا لەگەڵ من لە حیزبی شیوعیدا قیادەی مەرکەزی بوو، هاوڕێی یەکتر بووین و زۆر پێکەوە بووین.

کاک نەوشیروان وتی هاتووین خەڵک دەنێرین بۆ لایان، بەڵکو بڕیارەکە جێبەجێ بکەن، شەڕ نەبێ و بڕۆن. حەمە ئەمین پێنجوێنی و حامدی حاجی خالد ڕۆیشتن بۆ لایان، شەو لایان مانەوە و قسەیان لەگەڵ کردبوون هەرچۆنێک بێت شەڕ ڕوو نەدات، وابزانم کەسێکی ئەوانیش لەگەڵیان هاتبوو. ئێش ئەوەی ئەوان بگەنەوە لامان، تەقە دامەزرا. بەبێ ئەوەی ئاگادار بین، بەرنامەکان تێک چوون. ئەو هێزەی بەرامبەریان لێپرسراوەکەی ناوی هەڵگورد بوو ئامرهێزیان بوو، لە برادەرانی پارتی بوو.

ئەو ڕۆژە ددانم زۆر دەیەشا. لە ئازاری ددان ناخۆش تر نییە، جا لێپرسراوی ئەو جەبهە گرانەش بێ. وتم باشتر ئەوەیە بنێرم بۆ ڕەواندز دکتۆرێک بێت و ددانم دەربهێنێ. دکتۆر هات، لەسەر تەنەکەیەک دانیشتم. وابزانم برای دکتۆر محەمەد خۆشناو بوو، دکتۆری ددان بوو. لە هێنانوبردنی ددانم بە گازەکە ددانم شکا. ئەمە زۆر ناخۆش بوو، زۆر هەڵیکۆڵی و دەرنەهات، هەندێک دەرمانی ئازاری بۆ نووسیم. لە نیوەشەودا سەعات سێی شەو لەتاو ئازار خەبەرم بۆوە. بیرم کردەوە جارێ شەڕەکە گەورە نەبووە و کاک نەوشیروان لامانە. هەر ئەو شەوە سواری ئۆتومبێل بووم بۆ سلێمانی، سەعات ٨ی بەیانی گەیشتمە شار. چووم بۆ لای دکتۆر سەرداری حەمەی باقی. ئەوەی پێویست بوو بۆی

کردم، پارچە شکاوەکانی دەرهێنا. نانی نیوەڕۆم لە سلێمانی خوارد و گەڕامەوە بۆ سیدەکان و جەبهەکە لای برادەران. کاک نەوشیروان و ئەوانەی لەگەڵی بوون، گەڕانەوە. من و حەمید ئەفەندی و مامۆستا بەکر و عوسمان قادر منەوەر پێکەوە بووین. برادەرانی پارتی جەمال مورتکە، هەلگورد، مستەفا نێروەیی و زۆری تریش بوون. هەندێک لە هێزەکان لە سلێمانییەوە هاتبوون، لای یەکێتی (ڕێباز، شاخەوان و سەفین، ڕەهبەری سەید ئیبراهیم، ئەنوەری عەزەباوە، عەبدوڵڵا بۆر، مەحموود سەنگاوی، عەبدوڵڵا مام عەلی، توفیق کانی وەتمانی، فاقە) و زۆری تریش لە هەڤاڵەکانی لێپرسراوی پێشمەرگە. لە چەند جەبهەیەکەوە شەڕ دەستی پێکرد. هەتا بڵێی ئازا بوون، کچەکانیان وەک پیاوەکان شەڕیان دەکرد. لە هەموو شەڕەکان لە هەردوولا زەرەرمان لێکەوت، زۆریش شەهید و بریندارمان هەبوو. لای ئەوانیشەوە بەهەمان شێوە. شەڕەکە درێژەی کێشا، بەتایبەت لە بادینان. بەپێی مەعلوماتەکان پەکاکا ئازایانە شەڕیان کرد و دەریش نەکران، بەڵام لەلای ئێمەوە هەنگاوبەهەنگاو دەچووینە پێشەوە. هەندێک جێگامان گرت و زاڵ بووین بەسەر جێگاکانیاندا. هێزەکانمان ئاڵوگۆڕ پێدەکرد، چونکی شەڕەکە درێژەی کێشا. هەندێ هێز شەهیدی زۆر بوو، هیلاک بوبووین. مانگی دە و یازدە بوو، لەو کاتانەشدا ئەوێ سارده و کوێستانە. ئەم شەڕە حاڵەتێکی نەفسیی خراپی دروست کردبوو لای پێشمەرگەکان، بڕوایان پێی نەبوو، کە ئیمانیشت بە شتێک نەبێ، لە شەڕدا سەرناکەوی و زەحمەتە. من خۆم لێپرسراوی یەکەم بووم، کە قسەم دەکرد بۆ پێشمەرگەکان و دەموت دەبێ وابکەین و ئاوا بکەین، لە دەروونی خۆمدا زۆر بڕوام پێی نەبوو، ئیتر ئیلتیزاماتە.

ئەمەش وەزعی گشتیی شوێنی شەڕەکان بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شەڕیان دەکرد، هەوڵی سەرکەوتن دەدرا. وەک وتم هێزەکان هیلاک بووبوون، لەگەڵ هێزێکی لەشکری یەک کە هەڤاڵ عوسمان حاجی

مەحموود سەرپەرشتیی دەکردن و هی گەرمیان بوون، گۆڕیمانن. لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی تر هاتن. شەڕێکی باشیان کرد. زۆر چووینە پێشەوە، ئەم شەڕانەش لەگەڵ پارتیدا بە هاوبەشی دەمانکرد.

## هاتنی هەڤاڵ کۆسرەت بۆ لامان وەک سەرپەرشتیی یەکەمی جەبهەکە

ئەو ماوەیەی کاک کۆسرەت لامان بوو، گوڕوتینێک بوو بۆ پێشمەرگەکان. لە هەموو ڕۆژەکانی شەڕەکاندا دەیان ڕۆژنامەنووسی بیانی دەهاتن بۆ لامان. ئەڵەمانی، هۆڵەندی، تورکی، ئێرانی، ئینگلیزی... ئێمەش وەزعی شەڕەکانمان بۆ باس دەکردن. داوای ئێمە ئەوە بوو پێم دەوتن ئامادەین هاوکاریشیان بکەین بە شەرتێ لای ئێمە چۆڵ بکەن. لەبەر ئەوەی ئێمە حکومەتین و دەبێ سنووری خۆمان لەگەڵ دراوسێ بپارێزین، ئیتر هەر دەوڵەتێک بێت. ئەم قسانە و زۆر شتی تریش دەوترا، ئەموت فەرموو ئێوە وەکیلی ئێمە بن و بچن بۆ لایان، پێیان بڵێن برۆن. ئێمە هیچی ترمان لەوان ناوێت، ئیتر ئەوانیش ڕاپۆرتی خۆیان دەنووسی، ئێمەیان بەجێ دەهێشت و دەگەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان.

ئەم شەڕە زۆر ناخۆش بوو، هێزی مەعنەوی و مادیی دەویست. دریغیمان نەکرد بۆ سەرکەوتنی خۆمان. هاتنی کاک کۆسرەت بەرپرسیارێتیی سەرشانمانی کەم کردەوە، شەڕ چووە سەر و مانگێکی خایاند. لەگەڵ کاک کۆسرەت لە چادرێکدا پێکەوە بووین، سەعات چواری بەیانی پێشمەرگەیەک پاسەوان بوو، هەڵیساندم و وتی جیهازێک هەر داوا دەکات هەڤاڵ هەڤاڵ. وتم کە داوای کرد، بانگم بکە و هەڵمسێنە. لە دەوری سەعات پێنجی بەیانیدا بوو جیهازەکەی بۆ هێنام، قسەم لەگەڵ کردن. وتیان دەمانەوێ چاومان پێتان بکەوێ. مەرجی

حکومەتی ئێوەمان قبوڵە و ڕازین، وتم زۆر باشە، سەری سەعات وەرنەوە قسە دەکەین، بە کاک کۆسرەت و حەمید ئەفەندیم وت. وتی باشە چاوتان پێیان بکەوێ. هاتنەوە سەرخەت. مەوعیدمان دانا لەسەر ئاوی "خواکورک" یەکتر ببینین. بۆ ڕۆژی دوایی سەعات ٥ مەوعیدمان هەبوو. ئەوانەی کە چووین بۆ چاوپێکەوتنیان، من خۆم بەرپرسی هێزەکان، عوسمان قادر منەوەر، مامۆستا بەکر مستەفا، کەمال شاکر، لەبیرم نییە کێی ترمان لەگەڵ بوو. لەگەڵ هێزێک چووینە خوارەوە، سەعات و نیوێک ڕێگە دەبوو. کە گەیشتین، ئەوانیش هاتن. عوسمان ئوجەلان برای عەبدوڵلا ئوجەلان، نازانم کێی تری لەگەڵدا بوو، پاش یەکترناسین و چاکوچۆنی قسەمان کرد.

ئەوان ڕازی بوون بێن بۆ لای ئێمە و ڕێکەوتن واژوو بکەن. لە کۆتایی قسەو باسەکانمان وتم فەرموون با پێکەوە بچین بۆ هەولێر. عوسمان ئوجەلان وتی من بە ئەمر هاتووم بۆ لاتان. پرسم بە سەرۆک ئاپۆ نەکردووە، دەبێ بڕۆمەوە پرس بکەم و ڕەزامەندیی لەسەر بێ ئەنجا بێم. مەوعیدمان دیاری کرد بۆ ڕۆژی دوایی لە هەمان جێگەیەک بگرینەوە. ئێمەش گەڕاینەوە، بە شاخدا سەرکەوتینەوە بۆ لای هێزەکان. کاک کۆسرەت و حەمید ئەفەندیمان بینی قسە و باسەکانمان بۆ گێڕانەوە. وتم مەوعیدی ترمان هەیە لەگەڵیان. ژمارەی جیهازەکانیشمان گۆڕیوەتەوە بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ یەکتر بکەین. لە ماوەی پێش وەستاندنی شەڕ هێزەگەی عوسمان حاجی مەحموود هاتبوون. برادەرانی پارتیش هێزەکانیان گۆڕیبوو. لە شەوی دواییدا پێکاکا جێگەی کەمیان بەدەستەوە مابوو. زۆرمان پێ باش بوو کە ڕێک کەوتین، چونکی ئەوان لە دۆڵێکدا مابوون. بەهەموو جۆرە چەکێ شەڕمان دەکرد. ترسم لێنیشت و بچنە سەریان لە بەرپرسە گەورەکانیان بکوژرێ. خۆ پێشمەرگە لە شەڕدا نازانێ کێ بەرپرسە و کێ چییە، ئیتر ئەمە فرسەتێکی باش بوو بۆ ڕێککەوتن.

**جارێکی تر چوومە خوارەوە بۆ سەر ئاوی خواکورک**

لە کاتی خۆیدا سەعات ٥ عوسمان ئۆجەلان هات. ئەمجارەیان پێویستی بە دانیشتن نەبوو. عوسمان وتی من کە هاتووم، پێویستە لەباتی من تۆش لێرە بمێنیتەوە. بیرم کردەوە کە نابێ بڵێم ناتوانم، وتم هەڤال عوسمان من لەبەر ئەوەی لێپرسراوی هێزەکانم، ناکرێ لێرە بم. چونکی هەموویان من بڕیاریان بۆ دەردەکەم. بە کوردییەکەی لێپرسراوی یەکەمم. ئەگەر من بمێنمەوە، ئیشەکان ئەوەستێ. قەناعەتی کرد و وتی با هەڤالانی تر بمێننەوە. ئیتر عوسمان قادر منەوەر و مامۆستا بەکر مستەفا و کەمال شاکر لەوێ لای پێکاکا بەجێمان. من و عوسمان ئۆجەلان کەوتینە ڕێ و بەسەر شاخەکەدا سەرکەوتین. هەر ئەو شەوە کە گەیشتینەوە لای پێشمەرگەکانی خۆمان، سواری ئۆتۆمبێلمان کرد و ڕەوانەی هەولێرمان کرد بۆ بینینی حکومەت و پەرلەمان، دەقیقەیەک زووتر بگەیشتایە باشتر بوو. شەڕ کۆتایی هات، چەند ڕۆژی لە هەولێر مانەوە، پاشان گەڕایەوە. لەسەر چۆڵکردنی ناوچەی خواکورک ڕێک کەوتن، منیش چاوساغم لەگەڵ ناردنەوە بۆ لای خۆیان. باش بوو ئەم شەڕەمان لە کوڵ بۆوە.

هەر دوای هاتنەوەی عوسمان قادر منەوەر و مامۆستا بەکر و کەمال شاکر، ئەو هێزانەی لامان بوون، نیوەی زیاترم ئیزن دا بڕۆنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان. ڕێک کەوتین کە ئەوێ چۆڵ بکەن، لە بەرامبەردا 'نیوزەنگ'یان بۆ دیاری کردبوون و خۆشیان ڕازی بووبوون. نیوزەنگ دەکەوێتە پشتی قەلادزە لە سەرسنووری ئێران-عێراق. لە ڕابوردوودا سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی لەوێ بوو، خانووی لێبوو و چۆڵ بوو. مام جەلالیش بارەگایەکی لەوێ هەبوو. هەموویان ڕۆیشتن و کەسیان لەوێ نەما، دوا کەس خۆمان بووین. ئەوانەی بڕیاریان دابوو بگەڕێنەوە بۆ تورکیا، هەر لەو تەقەمەنییانەی لامان بوو، زۆرم دانێ بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگرن بۆ خۆیان. لەو سەردەمەشدا تورکیا هەندێک

یارمەتیی چەک و پێویستیی شەڕی داینێ. هەموویم بەسەر هێزەکانیاندا دابەش کرد. منیش گەڕامەوە بۆ هەولێر و چووم بۆ مەکتەبی سیاسی، لەوێش ئەوەی ڕووی دابوو، بۆم گێڕانەوە. دوایی گەڕامەوە بۆ شەقڵاوە کە بارەگای لەشکری دوو لەوێ بوو.

پاش ماوەیەک سەرکردایەتیی یەکێتی بڕیاری دا ببمە پارێزگاری کەرکووک. هەر دوای هەڵبژاردن لە ١٩٩٢/٥/١٩ هەموو وەزارەتەکان دانران، پارێزگارەکان دیاری کرابوون. منیان بۆ کەرکووک دانابوو. ئەوەی ڕاستی بێ، حەزیشم دەکرد تۆزێک لە کۆڵ پێشمەرگایەتی ببمەوە، و ئەم تاقیکردنەوەیەش بکەم.

پاش چەند ڕۆژێک بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دەرچوو. ئەو کاتە دکتۆر فوئاد مەعسوم سەرۆک وەزیران بوو. بڕیارەکە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاو کرایەوە. "مستەفا قادر مەحموود" دانراوە بە پارێزگاری کەرکووک. کەس بەو ناوەوە نەیدەناسیم. بۆ ڕۆژی دوایی کوردستانی نوێ نووسییەوە مەبەست لە مستەفا قادر "مستەفا چاوڕەشە"، لەبەر ئەوەی من هەر بەو چاوڕەشەوە ناسراوم. دوای ئەوە چووم بۆ لای دکتۆر فوئاد مەعسوم، ئامۆژگارییەکانم لێوەرگرت کە چی بکەم. چونکی پارێزگای کەرکووک وەک سلێمانی و هەولێر و دهۆک نییە، ئەو پارێزگایە لە باری سیاسییەوە بڕیاری لێدراوە. خۆ ناوشاری کەرکووک بەدەست ڕژێمی بەعسەوە بوو. ئەو جێگەیانەی کە لە ڕابووردوودا سەر بە کەرکووک بووە، چەند قەزایەکە، بەڵام بۆ ئەهمیەتی ئەم قەزایانە خرانە سەری: چەمچەماڵ، خانەقین، کەلار، کفری، دەربەندیخان. دەربەندیخان لە ڕابووردوودا سەر بە سلێمانی بوو، خرایە سەر کەرکووک بۆ ئەوەی "پارێزگا" لەوێ بێت.

## ڕۆیشتنم بۆ دەربەندیخان

ڕۆژی چوونم بۆ دەربەندیخان دیاری کرا. جێگرەکەم "سیروان کاکەیی" بوو لە هەڤالاتی پارتی بوو، قائمقامەکانیش لە بەینی پارتی و یەکێتیدا دابەش کرابوون. بۆ ڕێزنان لە من و لە ئەهمیەتی کەرکووک زۆر لە هەڤالان لە سلێمانییەوە لەگەڵم هاتن. لەمدیوو تونێلی دەربەندیخان خەڵکی دەربەندیخان و حیزبەکان پێشوازییان لێکردم، بۆ منیش ئەمە یەکەم تاقیکردنەوەی ئیشی ئیدارییە. کە چووینە دەربەندیخان، ئەوانەی هاتبوون بۆ پێشوازیم، لەبەردەم لقی ٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان قسەم بۆ کردن. زۆر سوپاسم کردن و بەڵێنم دا کە وەک پێشمەرگایەتی لە خزمەتیاندا بم، چونکی لەکاتی پێشمەرگایەتی من ساڵی ١٩٧٩ تاکو ١٩٨٢ ئامرهەرێمی ٥ی قەرەداغ بووم، کە هەموو سنووری کەرکووکی دەگرتەوە بە دەربەندیخان و خانەقین و کفری و کەلارەوە.

پارێزگا بڕیار لێدرا و هاتینە دەربەندیخان، بەڵام جێگەیەک نییە بۆ بینا پارێزگا. چەند ڕۆژێک لە لقی٣ی پارتی بووین، خەڵک دەهاتن بۆ پیرۆزبایی، لەوێ پێشوازیم لێدەکردن و لەسەر بەرنامەی ئیشکردنم قسەم بۆ دەکردن. بۆ مێژوو دەیڵێم بەو هەست و ڕۆحێکی یەکسانیخوازییەوە دەستم بە کارەکان کرد، بێ ئەوەی جیاوازی لەبەینی هیچ کەسێکدا بکەم جا ئیتر لە هەر حیزبێک بێت. لەبەر ئەوەی ئەم پارێزگایە هیچی نەبوو، مام جەلال "ئامبولانسێکی" تازەی دامێ کە بەکار نەهاتبوو، هەروەها "١٠٠" کلاشینکۆفیشی دامێ، کاک مەسعود بارزانیش "١٠٠" کلاشینکۆفی دامێ. بۆ ئەوەی کەموکوڕییەکانی پۆلیسی پێ پڕ بکەمەوە، منیش کەموزۆر دابەشم کرد. ئەو کاتەش کاملی عەلی کاکی مدیر پۆلیسی کەرکووک دەستنیشان کرا. ئەویش دەوری باشی بینی و شارەزایی هەبوو، هەندێک لە چەکەکان ئەو بەسەر پۆلیسدا دابەشی کردن، چونکی نەک هەر چەک، وەک هەر شوێنێکی تری کوردستان

هەموو شتەکان لە کاتی ڕاپەڕیندا تالان کرابوو. لەو ماوەیەدا پەیوەندییەکی توندوتۆڵمان لەگەڵ خەڵک و حیزبەکاندا بەبێ جیاوازی هەبوو. خۆشم بە حوکمی تەمەنی خەبات و پێشمەرگایەتی کەسێکی نەناسراو و غەریب نەبووم لایان. هەموو هاوکارییان دەکردم، منیش وابووم بۆ ئەوان. پاش چەند ڕۆژێ گەڕاین بۆ ئەوەی جێگەیەک بۆ پارێزگا بدۆزینەوە.

## بینای قائمقامیەتمان هەڵبژارد

ئەم بینایە کەڵکی نەبوو، دەرگا و پەنجەرەو پێویستیی زۆری دەویست. دەستمان کرد بە چاککردن و پینەوپەڕۆی، بۆ ئەوەی دەست بکەین بە ئیشکردن و کاری ڕۆژانە خەڵکی ببەین بەڕێوە. پاش بوو لە ماوەیەکی کەمدا جێبەجێمان کرد و چووینە ناو بینای پارێزگاوە.

بەشی پێویست کارمەندمان دابین کرد. لەگەڵ جێگری پارێزگا (سیروان کاکەیی) برایانە کارەکانمان بەڕێوە دەبرد. من لای خۆمەوە جیاوازیم نەدەکرد، چونکی حکومەتەکەمان نیوەبەنیوە بوو، ئەم بەڕێزانەش وەک قائیمقام لە بەینی پارتی و یەکێتیدا دامەزران.

١- شەفیق ئەمین کارگێڕی خۆجێیەتی

٢- جەبار یاوەر قائمقامی چەمچەماڵ

٣- سەرتیپ جاف قائمقامی کەلار

٤- عەدنان حەمەی مینە قائمقامی دەربەندیخان

٥- فاروق قادر حەمە ساڵح قائمقام خانەقین، لە مەیدان دادەنیشت

٦- مەلا سەعید قائمقامی کفری

## پارێزگای کەرکووک

دیارە کە دەڵێن پارێزگا، هەر ناوەکەی و کەسە دیاریکراوەکانی هەبوو، ئەگینا تاکە بەڕێوەبەرایەتییەکیشی نەبوو. یەکەمجار بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیمان دامەزراند، کە دکتۆر عسام بوو. شارەوانی نەبوو، کشتوکاڵ نەبوو، کارەبا نەبوو، هەموو بەشەکانی تر، چونکی ئەمانە هەمووی لە مەرکەزی کەرکووک بوو و لەژێر دەسەڵات ڕژێمدا.

هەموو ڕۆژێک کە دەچوومە دەوام، خەڵکێکی زۆر لە هەموو شوێنەکانەوە دەهاتن بۆ پیرۆزباییکردن و پشتیوانیی خۆیان نیشان دەدا. لەو جێگەیانەوە دەهاتن، کە بە حساب سەر بە کەرکووک بوو، هەروەها لەو شوێنانەی ئاوارەی کەرکووکی لێبوو. بۆ نموونە ڕانیە، دارەتووی لای هەولێر، بنەسڵاوە، هەولێر، سەربازگەی سەلام لای سلێمانی، شانەدەری، چەمچەماڵ و جێگەکانی تریش. هەر هەموشیان دەرکراو و ماڵوێران و کەمدەرامەت بوون، ژیانێکی مەمرە و مەژییان بەسەر دەبرد. هەموویان لە کەرکووک دەرکرابوون، بۆ نموونە لە "شانەدەری" ژیانیان لە کابینەدا بەسەر دەبرد، دووپشک و مار هەراسانیان کردبوون، پارێزگاریش هی خۆیانە. ڕۆژانە دەهاتن داوای چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکانیان دەکرد و منیش دەستم کورت و بێئیمکانیات بووم. ئەگەرچی لە ڕابوردوودا وەزیفەم نەبینی بوو، بەڵام ئیدارەیەکی باشم دەکرد هەر بەقسەی خۆش. ئەگەر شتێکم پێبکرایە، بۆم دەکردن. ئەو ماوەیەی لەوێ بووم، بە هۆی کارمەندێک کە پوورزام بوو، لە شاری کەرکووک خوێندبووی و ژیابوو بە ناوی "ئازاد تۆفیق عەزیز" لە ئەسڵدا خەڵکی "کورەداوێ" شارباژێڕ بوو، سەرمان کرد بەهەموو ئەو ڕێکخراوانەی هاتبوونە کوردستان بۆ هاوکاریی خەڵکی. بە ڕاستی ئازاد دەورێکی زۆر باشی بینی، خۆشی دەرچوی زانکۆ بوو. لە ڕابوردوودا وەزیفەی بینیبوو، هیمەتێکی باشی کرد بۆ ئاوارەکان،

وەک ئازووقە و جلوبەرگ و چادر و شتی تر. لەگەڵ ڕێکخراوەکان پەیوەندییەکی باشی دروست کردبوو، بەداخەوە لەم ساڵانەی دواییەدا بە هۆی نەخۆشی وەفاتی کرد. ڕۆژانە ئەوەندەی بۆمان کرابێت، لەگەڵ سیروان کاکەیی و باقیی برادەرانی تر لە کاردا بووین بۆ سەرخستنی پارێزگای کەرکووک و کارەکانی.

لەو ماوەیەدا ناوبەناو سەردانی هەموو ئەو جێگەیانەم دەکرد کە سەر بە پارێزگاکە بوون، وەک قائیمقامیەتەکانی کەلار، کفری، خانەقین، کە لە مەیدان دامانابوو، چونکی خانەقین لەژێر دەسەڵات ڕژێمدا بوو، بەڵام دێهاتەکانی سنوورەکەی لەبەردەستی خۆماندا بوو، هەروەها چەمچەماڵ، لەبەر ئەهمیەتی کەرکووک قەزای دەربەندیخانیان خستبۆوە سەر کەرکووک لە ئیدارەی سلێمانی. لەو ماوەیەدا جێگە نەما سەری پێدا نەکەین، لەگەڵ خەڵکی سنوورەکە دادەنیشتین و گوێمان لە داوا و پێویستیەکانیان دەگرت. چەند جارێکیش سەردانی ئەنجومەنی وەزیرانم کرد. ئەوەی ڕاستی بێت، بە هۆی ئازادەوە ڕێکخراوەکان ئەرکی سەرشانی منیان سوک کردبوو. ئازاد دریغیی نەکرد لە هاتوچۆیان بۆ پەیداکردنی پێویستی بۆ پارێزگا. خۆشم پەیوەندییەکی باشم هەبوو لەگەڵ حیزبەکانی سنوورەکە، بەتایبەت لەگەڵ برایانی پارتی. ئەو کاتە بەڕێز مەسعود ساڵەیی لێپرسراوی لقی حیزبی بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پارێزگایە بێکەموکوڕی و بێکێشە نەبوو، هەر لەو سەردەمەی من لە پارێزگای کەرکووک بووم، کێشەیەک دروست بوو لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی، خەریک بوو گەورەترین شەڕی لەسەر دروست بێ. شاری دەربەندیخان شاهیدن زۆر بە هۆشیاری و هەستیاری چارەسەرمان کرد و کۆتایی هات، خەڵکیش سوپاسیان کردین. ئێستاش خەڵکی دەربەندیخان باسی دەکەنەوە.

## شەڕی کفری لە نێوان یەکێتی و بزووتنەوە

من لە سلێمانی بووم. مام جەلال ئاگاداری کردم کە بچم بۆ کفری. کێشەیەک ڕووی دابوو لەوێ. وتی ماموستا "شێخ محەمەد بەرزنجی" لەگەڵ خۆت ببە و پێکەوە بچن و زوو چارەسەری بکەن. ماموستا کە ئێستا پێشەوای کۆمەڵی ئیسلامییە، شاهیدە. هەردووکمان یەکمان گرتەوە، خۆمان حازر کرد و بەڕێکەوتین. شەو درەنگ دەوری نزیکەی سەعات دووی شەو بوو بۆ دەربەندیخان، لەوێشەوە بۆ کفری. شەو درەنگ گەیشتینە ئەوێ، هەردوو لایەنی شەڕکەرمان ئاگادار کردەوە کە هاتووین. سەردانی کۆمیتە و بارەگای بزووتنەوەمان کرد. هەر لایەش هێزی خۆی ئامادە کردبوو و سەربانەکان گیرابوون.

ئەوەی بۆمان کرا، چارەسەری کێشەکەمان کرد. برایانی بزووتنەوە وتیان چەکی شەهیدەکانمان فەوتاوە و داوایان کردەوە. هەر بۆ چارەسەری کێشەکە من لەوێ چوار چەکم لە پاسەوانەکانی خۆم وەرگرت و تەسلیم بە برایانی بزووتنەوەم کردەوە لەباتی ئەو چەکانەی کە فەوتاوە. لەو شەڕ و جەنجاڵیەدا کێ دەزانێ چەک کێ بردوویەتی و لای کێیە، شرەخۆر زۆرە. لەگەڵ ماموستا لە کفرییەوە بەڕێ کەوتین بۆ ئەوەی بێینەوە بۆ سلێمانی. شەهیدەکانمان لەگەڵ خۆمان هێنا، یەکێکیان خەڵکی کەلار بوو. تەسلیممان کردەوە بە کەسوکاریان و دووەمیان خەڵکی دەربەندیخان بوو، ئەویشمان بردە مزگەوت و تەسلیم بە کەسوکاریان و بزووتنەوەمان کردەوە. سێهەمیان لە "زەڕایەن" تەسلیممان کردەوە بە بارەگاکەیان کە لەسەر جادەکە بوو و لە مەخفەرەکەی زەڕایەندا بوون. کەسێکیان هەندێ قسەی ناشیرینی کرد. لەبەر حورمەتی ماموستا (شێخ محەمەدی بەرزنجی) وەڵامم نەدایەوە. شەهیدێکی ترمان پێبوو، پێکەوە هێنامانەوە بۆ بارەگای بزووتنەوە و تەسلیممان کرد. بارەگا لەسەر شەستیەکەی سلێمانی بوو، شەهیدەکەش خەڵکی ڕانیە بوو. پاش ئەوەی ئیشی هەردووکمان تەواو بوو، سوپاسی یەکترمان کرد و خواحافیزیمان کرد. هەر ئەو ڕۆژە لە هەولێر دەبوایە بچوومایە بۆ کۆبوونەوەی سەرکردایەتی، پێشتر بڕیاری لێدرابوو.

### کۆبوونەوەی سەرکردایەتی لە هەولێر

لە هەولێر لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا کۆبوونەوە بە سەرپەرشتیی مام جەلال دەستی پێکرد. لە ناوەڕاستی کۆبوونەوەکەدا بووین بروسکە هات بۆ مام جەلال کە لە شاری ڕانیە بزووتنەوەی ئیسلامی پەلاماری کۆمیتەی ڕانیەیان داوە و داگیریان کردووە، پێنج لە هەڤاڵانمانیان شەهید کردووە: لێپرسراوی کۆمیتەکە مامۆستا محەمەد سوڵتان بوو، عەلی مام قادر، سلیمان فەخری، بەختیار محەمەد مەجید، عەزیز شێخە.

چوونەتە سەر بارەگا و لەناو بارەگاکەدا شەهیدیان کردوون، ئەوەی لە کفری کوژراوە من و مامۆستا شێخ محەمەد کە هێناومانەوەتەوە بۆ سلێمانی و ئەوانیش ڕەوانەی ڕانیەیان کردۆتەوە، لە ڕانیە بە خۆپیشاندان بە ناو شاری ڕانیە و بەردەم کۆمیتە ڕانیەدا بردوویانە، لەوێ دەستیان کردووە بە هاوار و قسەی ناشیرین و شعاری ئیسلامی و دژی یەکێتی و حەماسی خەڵکەکەیان هەڵساندووە. ئەو لێپرسراوانەی لەوێ بوون، بەرنامەیان داناوە بۆ تۆڵەکردنەوە. بە شەرتی مامۆستا محەمەد نەیهێشتووە فیشەکێک بتەقێ، پیاوێکی نەرم بوو و بڕوای نەبووە ئەو کارە بکەن. خۆشیان بۆ هیچ ڕووداوێک ئامادە نەکردووە، بێجگە لە شەهیدکردنی ئەو هەڤاڵانە، هەرچیش لە کۆمیتە بووە، گرتوویانن و بە دیلی بردوویانن.

ئیتر کۆبوونەوەکە کۆتایی هات. دەبوو هەریەکەمان بچێتەوە بەلای جێگەی خۆیەوە و ئاگاداری وەزعەکە بین، بزانین ئەم ڕووداوە لە کوێی تر سەر دەردەهێنێ، خۆشمان ئامادە بکەین بۆ هەر ڕووداوێک و ئەگەرێک.

ئێمە هیچ بەرنامەیەکی شەڕمان نەبوو. ئەوانەی سلێمانی و کەرکووک و ڕانیە دەبوایە بهاتینایەتەوە بۆ "کۆیە". لەسەر شاخی هەیبەت سوڵتان بزووتنەوە بازگەیەک یان بڵێین بارەگایەکیان هەبوو، بە گەورەی (لا اله الا الله)یان لەسەر نووسی بوو. نەمانتوانی لەوێوە بگەڕێینەوە، چووینەوە شەقڵاوە و لەوێوە گەڕاینەوە بۆ سلێمانی و گەرمیان.

**بارەگای سەرەکیی بزووتنەوە لەسەر نەشکەوتان لە بێتواتە بوو**

بارەگای شێخ عوسمان کە ڕابەری بزووتنەوەی ئیسلامی بوو، لەوێ بوو. بەنیاز بوون لە حەوزی پشدەر و بیتوێن و تاکو کۆیە دەوڵەتی ئیسلامی دروست بکەن، یان ئیعلانی بکەن. غروریان بێسنوور بوو. وەڵامی کەسیان نەدەدایەوە و لە بازگەکانیش ڕانەدەوەستان. لە ڕانیەش پاش شەهیدکردنی محەمەد سوڵتان، شەڕ دەستی پێکردبوو، دیارە لە پای ئەمەی کردوویانە، دەبێ حسابی وەڵامدانەوەش بکەن. هەڤاڵ جەبار فەرمان لەبەر ئەوەی سەرلەشکری یەکی سلێمانی بوو، لێپرسراویەتیی هەبوو بەرامبەر ئەم ڕووداوە. بۆ ئەم مەبەستە ئێمەش لەگەڵ هەڤاڵانی مەڵبەندی سلێمانی بۆ چارەسەری ئەم کارەی هاتۆتە پێشەوە، کۆبووینەوە. دیارە شەڕ هەموو ئەو جێگەیانەی گرتەوە کە بزووتنەوەی لێبوو. لە ماوەی دوو ڕۆژدا هەموو بارەگاکانی بزووتنەوە گیرا بە بێتواتەشەوە. لە سلێمانیش بەهەمان شێوە بارەگاکانیان گیرا، چونکی ئەوان گەورەترین هەڵەی سیاسییان کرد کە هاتن بەگژماندا، نە قۆناغەکە پێویستی دەکرد، نە شەڕیش پێویست بوو. ئەم غرورە لەپای چی؟ لە هەردوولاش کوژراویکی زۆر هەبوو، دەست بەسەر هەموو بارەگاکانیان گیرا و ڕایان کرد بۆ ئێران. مەلا عوسمان و ئەوانەی لەگەڵی بوون لەکاتی هەڵاتن لە دۆڵی شاوڕێ گیران، هەر بۆ نمونە عومەر چاوشین کە سەر بە حکومەت بوو، چوار پێشمەرگەی شەهید کردبوو لە سلێمانی، لای ئەوان داڵدە درابوو، ئەویش لەلای دارەبەن لە دۆڵی شاوڕێ کوژرا.

ئیتر لەسەر داوای برایانی پارتی و جەنابی کاک مەسعود بارزانی 'مەلا عوسمان' تەسلیم بەوان کرا و ناردیان بۆ 'مەسیف'. دیارە لە هەورامانیش شەڕیان کرد، بەڵام لەوێش شکان و خۆیان کرد بە ئێراندا. ماوەیەک هێزەکانمان لە تەوێڵە مانەوە، ئەمەش هەمووی بە شەڕ بوو،

بارەگایان نەما و چوونە ئێرانەوە. لەوێش رادیۆیەکیان دانا و دەستیان کرد بە بەرنامەی خۆیان.

دوای ئەمە منیش گەڕامەوە بۆ دەربەندیخان بۆ پارێزگا. لەوێش وەک جاران کاری خەڵکیمان رادەپەڕاند. لەو ماوەیەشدا سەردانی شارۆچکەکانم کرد و لەگەڵ کۆمەلانی خەڵک کۆ دەبووینەوە. ئەوەی ڕاستی بێت، ئەم کارانە زۆر هیلاکی کردبووم، پاش ماوەیەک داوام لە سەرکردایەتی و مام جەلال کرد بۆ ئەوەی لە پارێزگای کەرکووک لابچم. دەستیشم کورت بوو، داوای هەموو خەڵکیم پێ جێبەجێ نەدەکرا. چونکی هەموو ئەو ڕێکخراوە ناحکومیانەی هەبوون و ئەوانەی لە ئەورووپاوە هاتبوون، هاوکاریی کەرکووکیان نەدەکرد لەبەر ئەوەی کەرکووک سەر بە حکومەتی مەرکەزی بوو لەبەر بەرپرسیاریتیی خۆیان نەدەهاتن، چونکی حکومەتی عێراق کێشەی بۆ دروست دەکردن. هەرچییەکمان بکردایە، دەرەقەتی ژیانی خەڵکی نەدەهاتین. ڕژێمی دیکتاتۆری وای وێران کردبوو، هەڵسانەوەی بەو ماوە کورتە ئاسان نەبوو.

پاش ئەوەی داواکەم لەلایەن سەرکردایەتی و مام جەلالەوە قبوڵ کرا، وتیان پێویستە چاوێک بە دۆخی ڕانیە و قەلادزەدا بخشێنینەوە. تۆش حازر بە، دەبێ بچیت بۆ ئەو ناوچەیە. منیش ڕازی بووم، سەرکردایەتی بڕیاری بۆ دەرکردم بچم بۆ ئەوێ و ببم بە لێپرسراوی مەڵبەند.

**دروستکردنی مەڵبەندی هەشتی ڕاپەڕین**

کاتی خۆی مەڵبەندی شەشی سۆران هەبوو کە سنوورەکەی ڕانیە و قەلادزە و سۆران و شەقلاوەی دەگرتەوە. کە من دیاری کرام، مامۆستا چەتۆش لە مەڵبەندی شەشی سۆران بوو، لێپرسراوی بوو، گوێزرایەوە بۆ مەکتەبی پەیوەندییە کوردستانییەکان.

## چوونم بۆ ڕانیە

ئەو ڕۆژەی کە دیاری کرا بڕۆم بۆ ڕانیە، کۆمەڵێک لە هەڤاڵانی م.س و سەرکردایەتی و کادیرە سەربازییەکان لەگەڵم هاتن، بەڕاستی لە ژماردە نەدەهاتن. ساڵی ١٩٩٤ بوو، خەڵکێکی یەکجار زۆر هەر لە دۆڵی خەلەکان، کانی ماران، قەرەنی ئاغا، گرجان و چوارقوڕنە و ڕانیە، قەڵادزێیەکان، خەڵکی ناوچەکە و کادیرەکان هەموویان لە پێشوازیدا بوون، ئەمبەر و ئەوبەری شەقامەکان ڕیز بووبوون، بە فیلم لام هەیە. ئەوەی بۆ من کرا، شتێکە قەد لە یادم ناچێ و هەتا ماوم سوپاسیان دەکەم، قەرزارباریان کردم، بەڵام ئەو ڕاستییەش بڵێم من کوڕی ئەوانە بووم، باشم دەناسن و هەمیشە لە خزمەتی یەکێتی و هەژاراندا بووم. ئەوەی بۆیان کردم، لە گێڕانەوە نایەت.

کە گەیشتمە ڕانیە وەک عورف و عادەت مەراسیمێکی یەکجار گەورەیان ڕێکخستبوو. لە کاتێکدا بوو بزووتنەوەی ئیسلامی شکا بوون وڵاتیان چۆڵ کردبوو. لەو جێگەیەی محەمەد سوڵتان و هاوڕێکانیان شەهید کردبوو، من لە سەربانی کۆمیتەکە قسەم کرد، سوپاسی هەموانم کرد بۆ ئەو پێشوازییەی لێیان کردم. لە برایانی پارتی "ئازاد قەرەداغی" هاتبوو، ئەو کاتە لێپرسراوی لقی ١١ بوو، هەروەها شیوعییەکان و سۆشیالیست هاتبوون. لە وتارەکەشمدا سوپاسی هەموویانم کرد. لە پوختەی قسەکانم وتم چۆن لە پێشمەرگایەتیدا لە خزمەت ئەواندا بووم، ئێستاش هەر بەو ڕۆحیەتەوە هاتووم. ئەم حکومەتە تەواوکەری شۆڕشەکانی کوردە لە شێخ مەحموودی حەفیدەوە کە مەلیکی کوردستان بوو بۆ پێشەوا قازی محەمەد و بارزانیی نەمر و شۆڕشی ئەیلوول، دەبێ بە هەموومان بیپارێزین و بە چاومان پارێزگاریی لێبکەین. مەراسیم تەواو بوو، قەناعەتی تەواوم بە برایەتی و پێکەوەژیان هەبوو. ئەو برایانەی لە پارێزگای کەرکووک لەگەڵم بوون و برایانی پارتی شاهیدی ئەم قسانەمن، وەک سیروان

کاکەیی و شەفیق ئەمین و فاروق قادر حەمە ساڵح و سەرتیپ جاف و دژوار.

مەڵبەند دروست بوو و کادیرەکان دیاری کران، بەڵام جێگەیەک نییە بۆ بینای مەڵبەند. لە کۆمیتەی ڕانیە دەوامم دەکرد، ماوەیەکی زۆر هەر خەریکی پێشوازی بووم لە خەڵکی سنوورەکە و کەسایەتیەکانی سنوورەکە و کادیر و پێشمەرگەکان. بیرم کردەوە چۆن بینایەک پەیدا بکەم بۆ مەڵبەند بۆ ئەوەی بتوانین کاری تێدا بکەین. ئەم بینایەی ئێستا مەڵبەندی تێدایە، "ئاوارەی" ئێرانی تێدابوو، وێران بوو، هەر ئەوێش گەورە بوو و بە کەڵک دەهات. پاش خۆناساندن داوام لێکردن و شتێک یارمەتیم دان، بۆیان چۆڵ کردین. هەر بینایەکیش خەڵکی فەقیرو هەژاری تێدا بێ و ئاوارەی تێدا بێ، دەرگا و پەنجەرەی تێدا نامێنێ. دەستمان کرد بە چاککردنەوەی. پاش ماوەیەکی کورت حازرمان کرد و چووینە بینای تازەوە. ژوورەکانمان ڕێکخست بۆ بەشەکانی مەڵبەند، چاومان بە کۆمیتەکان و ڕێکخستندا خشاندەوە. ڕۆژانەش سەردانی جێگەکانمان دەکرد. لەو کاتەی مەڵبەند دروست بوو، هەڤاڵ "مستەفای سەید قادر" لە مەکتەبی ڕێکخستن بوو کادیرێکی چالاک و خۆشەویست بوو، بەتایبەت لە پشدەر و بیتوێن. کاک مستەفا هات بۆ پیرۆزبایی، قسەم لەگەڵ کرد کە بێتەوە و هەردووکمان وەک پشدەری خزمەتی بکەین. داواکەی قبوڵ کرد. لەگەڵ "کاک عومەر فەتاح" کە ئەو کاتە لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستن بوو لە هەولێر قسەمان کرد. ئەوە بوو هەڤاڵ مستەفا وەک جێگر هاتەوە لامان و وەک یەک ستاف کارمان دەکرد. لەو کاتەشدا گۆڕانێکی یەکجار بەرچاو ڕووی دا لەو سنوورە، لەو سەردەمەدا لەبەر خەڵکی و ئەندامانی یەکێتی و مەڵبەند ڕێگە نەبوو. مستەفای سەید قادر جێگرم بوو. ئەندامانی مەڵبەند ١- قەرەنی عەبدوڵڵا ٢- مامۆستا عەزیز ٣- دکتۆر خەسرەو ٤- حاجی دیلویی ٥- محەمەد

وەتمان ٦- بابەکر دەربی ٧- کوردە چاوشین، ٨- لەگەڵ لێپرسراوی کۆمیتەکان، مامۆستا عەلی حەمەد بەگ.

هەموومان بە پەرۆش بووین بۆ سەرکەوتنی مەڵبەندەکە و خزمەتی خەڵکی ناوچەکە. سەردانی هەموو بارەگاکانی حیزبەکانم کرد، لەگەڵ برادەرانی پارتی و زەحمەتکێشان و شیوعی و سۆشیالست و یەکگرتوو ڕۆژبەڕۆژ باشتر دەبووین.

خەڵکی گلەیی لێدەکردین بۆچی سەردانیان ناکەین، دووجار جەمال کاک ئەحمەدی دارەشمانە هات بۆ لامان، وتی بۆچی سەردانمان ناکەن، بەڵێنمان دایە کە هەر ڕۆژێک ڕێک بکەوێ، بچین بۆ لای.

## شەڕی نێوان یەکێتی و پارتی

بۆ مێژوو دەیگێڕمەوە، زیادوکەمی لێناکەم، ڕۆژی ١٩٩٤/٥/١ جومعە بوو، لە دور سەرەوە دەواممان نەبوو، هەم یەکی ئایار کە جەژنی کرێکاران بوو، هەم جومعەش بوو. وتمان دەچین بۆ دارەشمانە سەردانی جەمال کاک ئەحمەد دەکەین، ئەوەندەی لەبیرم بێ، خۆم بووم، مستەفای سەید قادر، محەمەد وەتمان، هەندێک کەسێکی دیکەش بووین. لە ڕانیەوە ڕۆیشتین. لە ڕێگە لەناو سەیارەکەدا وتیان "کوێخا عەلی قەلاوە" تەعزییان هەیە لە ژاراوە. وتم فرسەتە و دەچینە تەعزیکەش. چووینە ئەوێ، فاتحامان خوێند و دوایی هەڵساین بەرەو قەلادزێ ڕۆیشتین. کە گەیشتینە قەلادزە، وتیان "مام جوتیار" و ئەوانیش تەعزییان هەیە، خزمێکی "مین" پێیدا تەقیوتەوە و شەهید بووە. چووینە مزگەوتی هێرۆییەکان. لەوێش مام جوتیار وەک خاوەن تەعزێ بە پێوە وەستابوو. پاش فاتحە بەرەو دارەشمانە کەوتینە ڕێ. گەیشتینە ئەوێ و چووینە ماڵی کاک جەمال. وتیان لێرە نییە، چووینە ماڵی

خزمیان، چایەکمان خواردەوە و هەڵساین بگەڕێینەوە بۆ قەڵادزە. گەیشتینە قەڵادزە لە گەڕەکی سەرەوە داخڵی ناو قەڵادزە بووین. هەندێک پێشمەرگەمان بینی لەبەردەم لیژنەی ناوچەی پارتیدا و جامانەی سوریان لەسەردا بوو، وتیان ئەمانە چین؟ وتم دیارە میوانی خۆیانە، هاتوون بۆ لایان و ئیشی خۆیان هەیە. چووینە ناو قەڵادزە، وتم با سەردانێکی کۆمیتەی خۆمان بکەین، ناکرێ لێپرسراوی مەڵبەند بێت، بچێتە قەڵادزە و سەردانێکی کۆمیتەکەی خۆت نەکەیت. منیش تازە چوومەتە ئەوێ. چووینە کۆمیتە و تۆزێک دانیشتین. کۆمەڵێک لە دوکاندارەکان هاتن. وتیان "عەلی حەسۆ میرخان" هاتووە و شۆفڵی هێناوە. دەڵێت ئەگەر چۆڵی نەکەن، دوکانەکان دەڕووخێنم. منیش وتم بڕوا مەکەن، چۆن دوکان تێک دەدەن؟ من ئەو کاتە زانیم "عەلی حەسۆ میرخان" هاتووە بۆ قەڵادزە.

ئەوانەی هاتبوون ڕۆیشتن. کە لە کۆمیتە هەڵساین بڕۆینەوە بۆ ڕانیە، لەسەر سوچەکەی دەچێتەوە سەر شەقامی گشتیی قەڵادزە و نزیک دوکانەکان بوو، جارێکی تر پێشیان پێ گرتمەوە و وتیان "مامەی" ئاسایش هاتووە، دەڵێت بە ڕاستمانە و دەیڕووخێنین. ئیتر ناکرێ هەروا لێی بگەڕێیت. منیش وتم خۆ هەمووومان دەڵێین قەڵادزە دووجار شەهید کراوە، بەڕاستی بڕوام نەکرد. وتم کاک محەمەد تۆ لێرە بمێنەرەوە و مەهێڵە هیچ ڕوو بدات. من ڕۆیشتمەوە بۆ ڕانیە و چوومەماڵی دڵشادی مام قادر. وتی دەبێ نیوەڕۆ لای من بێ بۆ نانخواردن. نانمان خوارد، نزیکەی سەعات دوو دەبوو. کاتێکم زانی چەند کەسێک لە قەڵادزەوە هاتن بۆلام بۆ ماڵی کاک دڵشاد. ئەوانەی هاتبوون، ئەم کەسانە بوون:
١. بابەکری فەقێ ئەحمەد کارگێڕی لقی ١١ بوو ٢. ئاغای غەفور ٣. خاڵە هەمزە، خەزوری کاک عومەر قەڵادزەیی، وتیان وەزعەکە خراپ بووە، خەڵکی هەڵستاوە و خەریکە شەڕ دروست دەبێ. منیش وتم برایانی بەڕێز بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لام باشە عەلی حەسۆ میرخان

بڕواتەوە. بەیانی من و کاک ئازاد قەرەداغی لێپرسراوی لقی یانزە دادەنیشین و بڕیارێکی لێدەدەین. قائمقامیش کاک نادری حەمە قادرە، کە پارتییە. یاسا چ بڕیارێک بدات، ئەوە جێبەجێ دەکەین. گلەیم لە کاک بابەکر کرد و پێم وت دوو ڕۆژ پێش ئێستا باوکت کێشەی زەویی هەبوو لە سەروچاوە. ئەحمەدی حاجی قادرم لەگەڵ برادەرانی ئێوە نارد. لەبەرخاتری ئێوە و تەبایی پاراستن غەدرمان لە جوتیارەکان کرد. وتم دەبوایە ئەوەشم نەکردایە، چونکی جوتیارەکان گلەییان لێکردم. وتیشم کاک بابەکر ئەم کێشەیەش لەسەر مێزەکەی من و کاک ئازاد قەرەداغی چارەسەر دەکرا، نەک هێز بهێنن و زۆربەی لقی ١١ دوای عەلی حەسۆ میرخان بکەون. هەر لێرە لە ڕانیە چارەسەرمان دەکرد. پێم وتن خۆ ئەم کێشەیە هی ئێمە نییە وەک یەکێتی، هی دوکاندار و عەلی حەسۆ میرخانە. من بۆچی بێم؟ خۆتان بڕۆن بڵاوە بە هێزەکە بکەن، بەیانی هەمووی چارەسەر دەکەین. گلەییشم لە ئاغای غەفور کرد و وتم تۆ پەیوەندیت بەم مەسەلەیەوە چییە؟ بابەکری فەقێ ئەحمەد وتی بروسکە دەکەم بۆ کاک مەسعود بارزانی، وتم کەیفی خۆتە چی دەکەی. ئیتر ئەوان ڕۆیشتن، منیش دوای ئەوان چوومەوە بۆ مەڵبەند لە ڕانیە. بەڵام دیار بوو خەڵکەکە ڕێگەیان گرتووە لەسەر ئەو هێزەی هێنابووی، منیش بروسکەم دەکرد بۆ هێورکردنەوەی.

لە دەوری سەعات ٦ مامۆستا مەلا محەمەدی دەڵگەیی وەکیل وەزیری ئەوقاف بوو و لە قەڵادزە بوو. بروسکەیەکی کرد بۆمان و نووسیبووی "عەلی حەسۆ میرخان" لە شەقامی کەمەر بەندێوە دەگەڕێتەوە و واپێک هاتووین. منیش بروسکەم بۆ کرد و وتم دەستتان خۆش بێت، کارێکی باشتان کردووە ئەم کێشەیەمان لە کوڵ بۆتەوە.

لەپڕێکدا سەعات حەوتی ئێوارە بروسکەیەکی تر لە کۆمیتەوە هات. دەڵێت جەماعەتی عەلی حەسۆ میرخان (مام جوتیار)یان شەهید کرد. لام سەیر بوو، بەڕاستی باری کارەکەی قورس کرد.

بەم شێوەیە بووە دەنگە دەنگ و دەڕۆین و ناڕۆین. لە کوێوە بڕۆین؟ هەندێک لەوانەی پارتی دەڵێن چۆن دەبێ کاک عەلی لە دەرەوەی شارەوە بڕوات؟ کەسەکانیش دیار بوون، مام جوتیار دەچێت بەبێ چەک قەناعەتیان پێبکات بڕۆن. لەوێ مام جوتیار شەهید دەکەن، وەزعەکە ئاڵۆزتر دەبێ. مام جوتیار لای ئێمە کەم نەبوو، لێپرسراوی پێشمەرگەکانی ناوشار بوو، منیش تازە چوومەتە ئەو مەڵبەندە. هێشتا دیوارەکانمان بۆیاخ نەکردووە، شەڕ بەردەگای پێگرتین. شەوی ١٩٩٤/٥/٢\١١ە، منیش دەبێ ئیحتیاتی خۆم بکەم، چونکی هێزم نەبوو، ئەم شەڕەش بەردەرگای گرتووە. ناردم بەدوای عەلی نەبی و ئیسماعیل وەرتێی توفیق کانی وەتمانیدا. پێم وتن لە قەڵادزە شەڕ دروست بووە، ئێوەش بچن و ئاگادار بن کۆمیتە نەگیرێ. پارتی دەوریان داوە، گردی حوسێنیشیان گرتووە، کە دەکەوێتە سەر ڕێگەی قەڵادزە-ڕانیە. ئەوانم بەڕێ کرد. کە چووبوونە ئەوێ، پارتی دامەزرابوون کوچە و جێگە باشەکانیان گرتبوو. ئەمانیش بەو شەوە گەیشتونەتە ئەوێ و نەشارەزان، لە دەوری کۆمیتە دەبن. کە ڕۆژبۆوە، سەربان و بنبانیان گرتووە، تەقە لەمانیش دەکەن و شەڕەکە گەرمتر دەبێ. هەر لەوێدا عەلی نەبی شەهید دەبێ. عەلی نەبی ئەو پێشمەرگەیەی یەکێتی بوو، کە لە ڕابوردوودا زۆری تەمەنی خۆی لەگەڵ یەکێتی سەرف کردووە، لە ڕاپەڕینی ساڵی "١٩٩١"دا لە شاری ڕانیە یەکەم فیشەکی ڕاپەڕینی تەقاند، ئەو ئیستخباراتەکانی کوشت و ڕاپەڕین دەستی پێکرد. وەک عەشیرەتیش لە خزمانی "شاوری"یە. بە هەرحاڵ، تەمەنی عەلی نەبی دیارە، هەروەها "ئیسماعیل وەرتێ"یش هەر کۆنە یەکێتی بوو و لە شۆڕشدا دەوری هەبوو. لێپرسراوێتیی هەبوو. تەرمی "عەلی نەبی"یان هێنایەوە بۆم بۆ ڕانیە. "ئیسماعیل وەرتێ" و "توفیق کانی وەتمانی" بریندار بوون. ئەویش وەک ئەوان لە (پ.م) کۆنەکان و بەرپرسەکانی یەکێتییە.

ڕۆژی ١٩٩٢/٥/٢ شەڕ دەستی پێکردووە، ئەمبەروئەوبەرمان لەیەک گرتووە. عەلی حەسۆ میرخان و ئەوانەی لەگەڵیان، لە گردی حوسێنییەوە کە دەروازەی شاری قەڵادزەیە و بەرزترین گردە گرتویانە،

هاتوون نزیک ژاراوه بوونەتەوە. شۆفێرەکەی "محەمەد وەتمان"یان هەر لەسەر پردەکەی قەڵادزە لەناو سەیارەکەیدا شەهید کرد. من هەر لە ڕانیەم، هەرچی لە خزمەکانی عەلی نەبی و ئەوانەی تریش کە دێن دەڵێم، شەڕ لە قەڵادزەیە. محەمەدی کوڕی عەلی نەبی هاتە ژوورەکەم، نەیزانیبوو باوکی شەهید بووە. منیش من پێم نەوت. لەو کاتەدا یەکێک هات و وتی عەلی نەبی شەهید بووە. محەمەدی کوڕی تفەنگەکەی دا بە زەویدا و ڕۆیشت. لە ژوورەکەی من لە مەڵبەند چەندی یەکێتیی لێیە، ئەوەندەش برادەرانی پارتی لامن ١. محەمەد عەلی، خەڵکی مەلا سەفی ئەندام لقی ١١ بوو. ٢. نادر قائمقام قەڵادزە بوو و خزمایەتیشمان هەیە، جەعفەر لێپرسراوی ئاسایشی پارتییە، ئیتر لەو کاتەشدا ئازاد قەرەداغی لە سلێمانی بۆ ڕانیە گەڕایەوە، خەڵکی ڕێگەیان گرتبوو، لە چوارقوڕنە سەیارەکەی خۆم بۆ نارد. هات بۆ مەڵبەند.

لەسەر شەڕەکان و ڕووداوەکان بروسکە لەسەر بروسکە دەهات. هەموویم نیشانی برادەرانی پارتیش دەدا، زۆریشم پێناخۆش بوو. بروسکەیەک هات باسی کوشتنی (بارزان)ی برازای نادری کرد، یەکسەر نیشانم دا. خۆی ماوە و شاهیدە.

### هاتنی لیژنەیەک لە هەولێرەوە

لیژنەکە هات و لە ژوورەکەی خۆم بەخێرهاتنم کردن. لیژنەکە لە بەڕێزان "یونس ڕۆژبەیانی" وەزیری ناوخۆ و "دارۆی شێخ نووری" وەزیری دارایی پێک هاتبوو. بۆ مێژوو دەیڵێم هەر لەو بەینەدا بروسکەیەکی کاک مەسعود بارزانیم بۆ هات و دەڵێت هەوڵ بدەن هەردوولا چارەسەری وەزعەکە بکەن، من ئاگادار نیم عەلی حەسۆ هاتووە بۆ قەڵادزە و گرتنی بارەگاش قبوڵ ناکەین. منیش بە باشی

وەلامی بروسکەکەم دایەوە. بە هاتنی لیژنەکەش وەزعی ڕانیە شلەژاویی پێوە دیار بوو. من لیژنەیەکم پێک هێنا لە "حاجی دیلۆیی" ئەو کاتە لای ئێمە ئەندام مەلبەند بوو و لە کۆمەلایەتی بەرپرس بوو، دوایی چووە لای پارتی، محەمەد عەلی کە پارتی. پێم وتن بچن شەڕەکە ڕاگرن و نەهێلن زیاتر بێ. هەروەها مامۆستا سەعیدیش لەگەلیان چوو. بەداخەوە وەفاتی کرد. ئەوانمان ڕەوانە کرد بەو هیوایەی کۆتایی بەم شەڕە بهێنن.

کەسێکی وەک "عەلی نەبی" شەهید بووە. من لە ژووری مەلبەندم، تەرمەکەیان بە بەردەممدا هێنا بیبەنەوە بۆ دۆلی شاوری بۆ دێکەی خۆیان بە خاکی بسپێرن. منیش مۆلەتم لە کاک یونس ڕۆژبەیانی و کاک دارۆ وەرگرت و وتم ئێوە جەنابتان لێرەبن. من دەچم بەشداری لە ناشتنی شەهید "عەلی نەبی"دا دەکەم. "ئیسماعیل وەرتێ"یش وەزعی باش نەبوو، ناردم بۆ هەولێر. سواری سەیارە بووم و چووم بۆ لای بەشداربووانی ناشتنی لە دێکەی خۆیان، کە گەیشتمە سەرقەبران، ئەو بەڕێزانەی لەوێ بوون و ناسیمن ١- جەلیل گادانی ٢-ئاکۆی عەباس ئاغا و دەیان کەس لە خەلکی ناوچەکە. هێشتا قەبرەکە تەواو نەبوو، دانیشتبووین قسەمان دەکرد لەسەر ئەم شەڕەی دەستی پێکردووە. تەقە دامەزرایەوە. ئیتر ناچار بووم مەراسیمی ناشتنەکەم بەجێ هێشت و گەڕامەوە بۆ ڕانیە. کە گەیشتمە مەلبەند، خەلکی ڕانیە و خزمانی شەهید عەلی نەبی هێرشیان کردبووە سەر لقی پانزە و گرتبوویان. ئەمەش بارەکەی قورستر کرد. لە مەلبەندیش یەکێک دەهات و یەکێک دەچوو، بۆ خۆشم زۆرم لا ناخۆش بوو بۆ ئەو برادەرانەی هاتبوون. کاک نادر شاهیدە، لەو کاتەی بروسکەیان دەهێنا، لە کەسیانم نەدەشاردەوە. من خۆم کەسێکی سیاسی بووم. کە بووم بە لێپرسراوی مەلبەند، لە وتارەکەی سەربانی کۆمیتەکەدا "کە بە دەنگ و ڕەنگیش لام

هەیە" وتبووم دەبێت بە هەمووومان ئەم ئەزمونە بپارێزین. بەداخەوە ئەوەی چاوەڕوانمان نەدەکرد، ڕووی دا.

زەمینەی شەڕ لە ئارادا بوو. ئەگەر لە ڕانیە نەبووایە، لە گەرمیان یان لە هەولێر یاخو لە دهۆک شەڕ هەڵدەگیرسا. عەقڵیەتی وەزعەکە و حاکمیەت وای کردبوو، ئەم شەڕەش لە ملی ئێمەوە ئاڵا. لە شەڕیشدا لەسەر حەق بیت یان ناحەق، کەس خۆی بەکوشت نادات، منیش نامەوێ بارەگاکەم بگیرێت. لە دڵدا لە هەموو کەسێکی تری پارتیم پێ ناخۆشتر بوو، بەڵام ئیتر شەڕ شەڕە. جارێکی تر بەداخەوە بۆ هەموو شەهیدەکانی هەردوولا، شەڕەکە بە هۆی هەڵەی چەند کەسێکەوە ڕووی دا.

هێزم لەگەڵ کاک یونس و کاک دارۆ نارد تاکو شاخی هەیبەت سوڵتان. وتم نەک ڕێگەیان پێبگرن، چونکی وەزعەکە خراپ تێک چووبوو، هەموو کەسێک خۆی بە شت دەزانی، بەداخەوە شەڕی قەڵادزە بووە هۆی شەهیدکردنی عەلی نەبی و ئیسماعیل وەرتێ و عەلی حەسۆ میرخان و هەروەها مام جوتیار و دەیان شەهیدی تر، نە خواستمان بوو و نە بیرمان لێکردبۆوە. هەموو یەکێکیان بۆ هەمووان وەک یەک بوو، جارێکی تر جێگەی داخە. بۆ ڕۆژی دوایی تەرمی شەهیدەکان و "عەلی حەسۆ میرخان"مان ناردەوە بۆ لای برادەرانی پارتی، ئەوانەی ئێمەش نێژران.

بەداخەوە ئەم شەڕە هەموو لایەکی گرتەوە. هەروەک وتم، ئەگەر کەم تەجروبەیی لای ئێمە بوو، لە شوێنەکانی تر بۆچی، یان ساڵەکانی دوایی بۆچی؟ زەرەر و خەسارەتێکی گەورە لە هەردوولا کەوت. هەر هەمووشمان بەرپرسیارین بە یەکێتی و پارتییەوە. هەر بەمەش تەواو نەبوو. لەباتی ئەوەی ئەو چەند ساڵە خەریکی خزمەت و ئاوەدانی و بیناکردنی وڵات بین، بە شەڕی یەکترەوە خەریک بووین تاکو هەموومان عاقڵ بووین و بە ڕێککەوتنی واشینتۆن لەسەر دەستی

"مادلین ئولبرایت" کۆتایی هات. ماڵی ئاوا بێت، ئەگینا دەیان ڕۆڵەی تری ئەم میللەتە لە هەموو لایەک دەبوونە قوربانیی ئەم شەڕە نەگریسە. بۆ ئەوەی لەبیرمان نەچێتەوە و تووشی ئەو ڕۆژگارە نەبینەوە، هەموومان دەبێ بەرپرسیار بین لە ڕابووردوو و داهاتووش. دوای ئەمەش چەندین لیژنە دروست کران، چەندین جار ژووری عەمەلیات دورست کرا، ئەحمەد چەلەبی هات و چوو، لیژنە دەهات بۆلامان بۆ ڕانیە و قەلادزە، بۆ چارەسەری ئەم شەڕە.

ئەوەی ڕووی دا لە دڵما بارێکی قورس و گرانە بۆ هەموو ژیانم. چونکی ناخی خۆم دەناسم، بەڵام تەسلیمی کەسیش نابم. زۆر کەسی تر هەبوون، نابێ کەس خۆی لێ دەرباز بکات و دوایی قسەی گەورە بکات.

دوای ئەوەی ڕۆژانی یەکەم و دووەمی شەڕەکە کۆتایی هات، "حاجی حاجی ئیبراهیم" جوابی نارد و وتی برادەرانی لقی ١١ و هەندێک لە ناوچە لای منن، لەگەڵ خۆم دەیانهێنم بۆ لات، منیش وتم زۆر باشە بەخێر بێن. هێنانی و لەگەڵ خۆی بردنیەوە. بابەکری فەقێ ئەحمەد کارگێڕی لقی و هیوا ئەحمەد مستەفا و هەندێکی تریشی لەگەڵ بوو. شەڕ بەردەوام بوو، ئەو کاتەش مام جەلال و کاک نەوشیروان لە وڵات نەبوون، بروسکەکانیان دیارە.

## سەفەر بۆ ڕێککەوتنی پاریس

لە هەڤاڵانی یەکێتی نەوشیروان مستەفا، دکتۆر فوئاد مەعسوم، سەرچڵ قەزاز بوون. منیش مۆڵەتم وەرگرت بچم سەرێک لە منداڵەکانم بدەم لە هۆڵەندا. پاش ئەوەی لە هەولێر کۆ بووینەوە، تەیارەی هەلیکۆپتەر هات، تەیارەی تورکی بوو. لە هەولێر سواربووین و چووە سەری ڕەش نیشتەوە. لەوێش لە برادەرانی پارتی (سامی

عەبدولڕەحمان و موحسین دزەیی)ی هەلگرت. هەر هەموومان لە یەک هالیکۆپتەردا بووین بۆ ئەوەی لە ڕێگەی تورکیاوە بڕۆین بۆ فەڕەنسا بۆ ڕێککەوتن و چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکی و شەڕە. گەیشتینە سلۆپی و لەوێشەوە بۆ دیاربەکر. دوایی سواری تەیارەی مەدەنی بووین بۆ ئەنقەرە. کە گەیشتینە ئەنقەرە، کاک شازاد سائب لە فڕۆکەخانە چاوەڕوانی دەکردین. من پرسیارم کرد تەیارە هەیە بۆ هۆڵەندا؟ وا ڕێکەوت هەبوو، من لێیان جیا بوومەوە و خواحافیزم لێکردن، هەر ئەو ڕۆژە گەیشتمە هۆڵەندا و ئەوانیش ڕۆژی دوایی چووبوون بۆ فەڕەنسا.

**مانەوەم لە هۆڵەندا**

ماوەی چەند مانگی لە هۆڵەندا مامەوە. من بە خۆم نەزانی بوو، نیمچە دوورخستنەوەیەک بوو و بە خۆمیان نەوتبوو، چونکی کە باسی گەڕانەوەم دەکرد، کاک شازاد سائب کە لە هۆڵەندا بوو، دەیوت پەلەت چییە؟ ئەو شتیکی دەزانی، پاشان تێگەیشتم.

پاش گەڕانەوەم جارێکی تریش ڕێککەوتنی پاریس جێبەجێ نەکرا، لەبەر ئەوەی هێشتا وەفدەکە نەگەڕابۆوە، ئەوەی لە کۆبوونەوەکان باس کرابوو لە دانیشتنەکان، لای تورکەکان هەبوو، نارازی بوون و وتبوویان ئێوە چوون دەوڵەتی کوردی دروست بکەن، یان خۆتان ڕێک بکەون؟ بەداخەوە لە سەردەستی پیاوێکی گەورەی وەک فرانسوا میتران جێبەجێ نەبوو، هەردوو وەفد گەڕانەوەو شەڕ بەردەوام بوو، ئەوەی ڕاستی بێت، لە هەموو ناوچەی شەڕەکان شەڕەکە گەرمتر بوو، بەتایبەت لە پشدەر و خۆشناوەتی، لەو شەڕانەدا پارتی و ئیسلامیەکان و پشتیوانی جیرانەکانیشی تێدا بوو. پاش جەولەیەکی تری شەڕ، ڕێک کەوتن سەری هەڵدایەوە.

## چوون بۆ ئیرلەندا و ڕێککەوتنی دبلن

ئەمیش لە پاریس باشتر نەبوو، هەندێک مەرجیان دانا بوو، کە دژی پ‌کاکا بوو. تورکەکانی تێدابوو، داوایان کردبوو کە لە دژی شەڕ پ‌کاکا بکەین، قبوڵمان نەکردبوو. درێژەکێشانی ئەم شەڕە وەزعێکی ناخۆش بوو بۆ هەمووان. ئەو کاتە شاری هەولێر و چەند جێگەی تریش بەدەست ئێمەوە بوو. چەند هێرش بۆ سەر هەولێر شکستی هێنا، هەموو لایەکی هیلاک کردبوو.

## گەڕانەوەم لە هۆڵەندا

هەر لەو ماوەیەدا من لە هۆڵەندا گەڕامەوە، ئەو کاتە هەڤاڵ عومەر فەتاح بووبوو بە سەرپەرشتیاری مەڵبەندی ڕاپەڕین. لە گەڕانەوەمدا وەک جاری پێشوو خەڵکی سنووری پشدەر و بتوێن و شەقڵاوە و سۆران گەورەترین پێشوازییان لێکردم. هەزاران خەڵکی و کادێر و ئەندام پێشوازییان لێکردم لە چنارۆک و هێزۆپەوە تاکو ناو ڕانیە، لە جاری یەکەم کە بووم بە لێپرسراوی مەڵبەند، زیاتربوو. کە من ڕۆیشتم هەڤاڵ مستەفای سەید قادر جێگرم بوو. لە گەڕانەوەشم بۆ دەبوو سوپاسی ئەو خەڵکە دڵسۆزەی یەکێتی بکەم، کە بە پیرمەوە هاتوون و ئەو پێشوازییە گەورەیەیان لێکردم. پێش ئەوەی بچمە سەربانی مەڵبەند، کاک عومەر یان هەر کەسێکی تری م.س قسەیان نەکرد بڵێن تۆ لە مەڵبەند نەماویت و مستەفای سەید قادر کراوە بە لێپرسراوی مەڵبەند. چوومە سەربانی مەڵبەند قسەم بۆ ئامادەبووان کرد، لە قسەکانمدا وتم من هەر ڕۆڵەکەی جارانتانم، سوپاستان دەکەم بۆ پەرۆشیتان بۆ گەڕانەوەم، چونکی پێیان وتم کادێر و خەڵکی داوایان کردبووم. من ئەم

ماوەیە دوور بووم و لێتان دڵم لاتان بوو هەر سەربازەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانم. بە چەپڵەڕێزان مەراسیم تەواو بوو، کاک عومەر فەتاح لەوێ بوو، زۆریش لە هەڤاڵانی یەکێتی لە شارەکانی ترەوە هاتبوون لەگەڵمدا، چوومە ژوورەکەی خۆم، کاک عومەر فەتاح وتی دەزانی لێرە نەماویت و نەقڵ بووی؟ هەڤاڵ مستەفای سەید قادر بووە بە لێپرسراوی مەڵبەند. منیش لام سەیر بوو گوێم لەم قسەیە بوو. مەسەلەیەکی کوردی هەیە 'وەک لە سەربان فڕێم بدەیتە خوارەوە'. وتم باشە هەڤاڵانی بەڕێز پێشتر بۆچی پێتان نەوتم هەر نەبووایە نەدەچوومە سەربانی مەڵبەند و قسەم بۆ خەڵکی نەدەکرد. بە هەرحاڵ، بڕیارە و جێبەجێ دەکرێ، هەر کێشە نییە. لە دڵی خۆمدا زۆر دڵگران بووبووم. ئیتر گەڕامەوە بۆ سلێمانی.

### چوونی خەڵکی ڕانیە و کەسایەتییەکان بۆ لای مام جەلال

خەڵکی کە بیستبوویان من لە ڕانیە نەماوم، چووبوون بۆ لای مام جەلال و وتبوویان کاک مستەفا چاوڕەش بۆ ئەو سنوورە زۆر زەرووره. پاش نزیکەی دوو هەفتە تێپەڕی نەکرد، مام جەلال بانگی کردم. پاش هەندێک قسەوباس لەسەر وەزعی ئەوێ، پێی وتم بگەڕێمەوە بۆ ڕانیە و لەوێ فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە دروست بکەم و سەرپەرشتیی بکەم. مام جەلالیش زانیی من لەو قۆناغەدا پێویستم بۆ ئەوێ و داوای خەڵکیشە، شەڕیش بەردەوامە و پێشمەرگە و خەڵک بە قسەم دەکەن. دەوریشم دیارە لای خەڵک. منیش قبوڵم کرد و گەڕامەوە بۆ ڕانیە.

## دروستکردنی یەکەم فەرماندەیی پێشمەرگە لە ڕانیە

پاش گەڕانەوەم هەوڵم دا بینایەک پەیدا بکەم بۆ ئەم فەرماندەییە. "لە دائیرەی توتنی ڕانیە" چەند ژوورێکم پەیدا کرد. ڕێکمان خست و لە هەموو ڕوویەکەوە ئیدارەم بۆ دانا. هەموو هێزی پێشمەرگەی هێزەکانی ئەوێم گرێ دا بە فەرماندەیەکەوە لە سنووری پشدەر و بتوێن و سۆران و شەقڵاوە و جەبهەی شەڕەکان. ئەوەی لەبیرم مابێ، ئەم هێزانە بوون: ١- هێزی ئیرون کە مەلا نەجم ئامرهێزی بوو بەداخەوە دوایی شەهید بوو. ٢- هێزی بتوێن، مەحموود سەنگاوی ئامرهێزی بوو. ٣- هێزی سۆران، عەبدوڵڵا بۆر بوو. ٤- موحسین بایز. ٥- مامۆستا مەهدی، هێزی پشدەر. ٦- هەروەها تۆفیق کانی وەتمانی. ٧- محەمەد وەتمان. ئەمانیش هێزیان هەبوو. لەو کاتەدا ئیشەکانمان لەگەڵ مەڵبەند "مستەفای سەید قادر" پێکەوە ئەنجام دەدا و کارەکانمان دابەش کردبوو. بۆ واجباتیش لەو جێگەیانەی پێویست بوو، پێیان سپێردرا و لە سنووری سۆران و شەقڵاوەو خەلیفان و ڕواندز و لای قەسرێ و حاجی هۆمەران هەر هێزە جێگەی بۆ دیاری کرا.

سەنگەرەکانمان قایم کرد. ڕۆژانە بەتایبەت لە کلاوقاسم و کەپکی حەمەد ئاغا و دەوری شەقڵاوە و شوێنەکانی تر شەڕ بەردەوام بوو، لە هەردوولا شەهید و بریندار هەبوون. من سەرپەرشتیم دەکرد تاکو گوێزرامەوە بۆ مەڵبەندی کەرکووک.

## گوێزرامەوە بۆ مەڵبەندی کەرکووک

ئەو کاتە لەناو یەکێتیدا لە بەینی هەندێک لە هەڤاڵەکان کێشە هەبوو، بەتایبەت بەینی هەڤاڵ عوسمان حاجی مەحموود و عەدنان حەمەی مینە لە گەرمیان. ئەو کێشەیە هەر چارەسەر نەکرا. مەکتەبی سیاسی بڕیاریان دا من ببم بە لێپرسراوی مەڵبەند، بارەگاکەی لە تەکیە بوو لای دەربەندی بازیان، منیش بڕیارەکەم جێبەجێ کرد، ڕۆیشتم بۆ ئەوێ و خواحافیزیم لە سنووری ڕانیە کرد.

**مەڵبەندی کەرکووک**

چوون بۆ ئەو مەڵبەندەم لا ناخۆش بوو. بە غەدرم دەزانی، لە دڵی خۆمدا دەمهێنا و دەمبرد. کە کەسێکی نزیک یان زۆر نزیک دەهات بۆ لام بۆ پیرۆزبایی، قسەی دڵی خۆم بۆ دەکرد و پێم دەوت من دوور خراومەتەوە خۆشم دەزانم بۆچی.

تەکیە جێگەیەکی بچوک بوو. بە تەنکەر ئاویان بۆ بارەگەکەی دەهێنا، هەر بە ناو مەڵبەند بوو، خەفەتم بۆ دەخوارد. هەر ناوەکەی گەورە بوو، ئەو کۆمیتانەی هەیبوو، هەریەکەی لە جێگەیەک بوو، هەر کۆمیتەیەش تایبەتمەندیی خۆی هەبوو، کۆمیتەی چەمچەماڵ نزیکترینیان بوو لێمەوە. لە ڕانیە و کفری و کەلار کۆمیتەمان هەبوو، دوو کۆمیتەمان هەبوو لە هەولێر لە بنەسلاوە و دارەتوو، لە سلێمانی کۆمیتەیەک. لە سەنگاوی کۆمیتەمان هەبوو. کۆمیتەکان زۆر دوور بوون لە یەکەوە. بە هۆی ٣١ی ئابەوە ماوەی مانەوەم لەوێ کورت بوو. ئەو ماوەیەش سەردانی هەموویم کرد و کارەکانم ڕێک خست. لەگەڵ هەموو کادیرەکان پەیوەندیی باش و توندوتۆڵمان هەبوو و خۆشمدەویستن. ماوەی چەند مانگێ لەوێ بووم، هەر لەو ماوەیەشدا کۆنفرانسی مەڵبەندمان گرت لە دەربەندی بازیان لە بینای سیاحییەکەدا. مام جەلال هات و وتارێکی پێشکەش کرد لەسەر ئەهمیەتی کەرکووک، زۆر نەخایاند ٣١ی ئاب شەڕ گەرم بوو، بەرنامەی کاری حیزبی تێک چوو، هەر لەبەر ئەو زروفەی بەسەر یەکێتیدا هات، من کەوتمەوە سەرپەرشتیی هێزەکانی سنوورەکە و سەنگەر قایمکردن.

**سی و یەكی ئاب**

پارتی لەگەڵ حکومەت ڕێک کەوتن. پەلاماری شاری هەولێریان دا و گرتیان، پاش شکانی هێزەکانی یەکێتی و ئەوەی ڕووی دا، هەموویان هاتنە دەرەوەی شاری هەولێر. ڕۆژبەڕۆژیش شەڕ گەرمتر دەبوو و هەموو لایەکی دەگرتەوە. من لەو سنوورەی لای خۆمان سەرپەرشتیی هەموو هێزەکانم دەکرد لە سەنگاوەوە تاکو دوکان. ئەو هێزەی لەبەردەستمدا بوون، دامنان. زیاتر مەبەستم بوو بەرەی چەمچەماڵ بەهێز بکەم. هەموو شەوێک هێزێکی باشم دەنارد بۆ بەردەم سەربازگەکەی "بانی مەقان". دەترساین حکومەت لەوێشەوە هێرش بەرەو سلێمانی بهێنێ. لەناو خەڵکیدا باس دەکرا.

لەسەر جادەی سلێمانی-چەمچەماڵ لای کارخانەی گەچی تەکیە و لە شیوە سوور لەبەر هێرشی تانک و ناقیلە بە شۆفڵ دوو ساتری گەورەم هەڵکەند. هەموو شەوێک حکومەت بۆ سەرلێشێواندن دەبابەکانی دەجولاند، وامان دەزانی هێرش دەهێنێ، بەڵام هیچ نەدەکرد، تەنیا بۆ شپرزەکردنی ئێمە بوو، منیش هێزم دابەش دەکرد بەسەر ئەو جێگەیانەی لام باش بووبێ و ئەقڵم پێ شکابێ، بەڵام هەر نەهاتن.

وردەوردە هێزەکانی پارتی بەرەو کۆیە پێشڕەوییان دەکرد. پاش چەند ڕۆژێک جوابیان هێنا کۆیە گیرا. من لای خۆمەوە دەربەندی بازیانم لە هەردوو بەری جادەوە قایم کرد. مام ڕۆستەم و هاشم و هێزێکم لەگەڵیان نارد بۆ دوکان. بەڵام وەزعی نەفسیی پێشمەرگە خراپ بوو و هیلاک بووبوون. لە شار دەرکرابوون، من بڕوام نەدەکرد کۆیە بگیرێ، هەیبەت سوڵتان جێگەی شەڕە و ئەگەر بشگیرێت، بەشەڕی چەند ڕۆژە دەگیرێت، بڕوام نەدەکرد بەو خێراییە بگەنە دوکان، لە دوکانیش شەڕیان لەگەڵ نەکرا. ئەو کوڕەی لەسەر بێسیمەکە بوو لە مەڵبەند، بانگم کرد و وتم ئەگەر هێزەکانی پارتی گەیشتنە دوکان، ئاگادارم بکە.

هەندێک ئیحتیاتم کرد. هەرچی نامە و بەڵگەنامەی گرنگ بوو لەگەڵ هەندێک جیهازی مەڵبەند ناردمەوە بۆ سلێمانی و لە جێگەیەکی ئەمین هەڵمگرتن، پیاو دەبێ حسابی هەموو ئەگەرێک بکات بۆ هەر شتێک بێتە پێشەوە.

ئەو شەوە لە تەکیە بووین. هێز دەهات و هێز دەڕۆیشت. ئەوەی سەر بێسیمەکە هات و وتی دوکان گیرا، پارتی گەیشتنە دوکان. منیش خۆم و پێشمەرگەکانی لەگەڵ خۆم بوون، خۆمان کۆ کردەوە لەولاشەوە 'عادل نادر'م بە هێزێکەوە ناردبوو بۆ لای سەنگاو، بەڕێوەبەری ناحیەی ئاغجەلەر هات و ڕۆیشت. منیش تەکیەم چۆڵ کرد بەرەو تاسلوجە، چوومە بارەگای هێزە سەربازییەکانی سکرتاریەت لە تاسلوجە، لەوێ خۆم شت. هەندێک هێزم نارد بۆ لای کارگەی قیرەکە و کارخانەی چیمەنتۆی کەلەوانان تا بەرزاییەکان بگرن بەو خەیاڵەی بەرەنگاری دەکەین. بەڵام خوایە کەس تووشی شکان نەبێ، چونکی لە هەموو شەڕی دنیادا هەروابووە، لەناو کوردیشدا زیاتر دەبێ بە ڕاکەڕاکە و بەرنامە تێک دەچێ.

لە سکرتاریەتی تاسلوجەش عەدەد جهازەکە هات و وتی لە قەلاچوالان بارەگا و ئەوراق دەسوتێنن کاک هاشم مام عەلی لەوێ بوو، هەندێکیشیان تەقاندۆتەوە. زۆر ناخۆش بوو، پیاو بڕوای نەدەکرد، ئیتر منیش سواربووم بەرەو سلێمانی. کە وەزعەکە بەم شێوەیەی ڕووی داوە، منداڵەکانیشم لەگەڵ خزمەکانی شار ڕۆیشتبوون بەرەو سنوور، هاتبوون بەدوایان بەرەو پێنجوێن.

گەیشتمە چوارڕیانی سەرچنار، دۆشکایەکم بینی بەجێیان هێشتبوو، منداڵێکی لەسەر بوو دەیخولاندەوە. من نەمزانیبوو منداڵەکانم ڕۆیشتوون، سەیارەیەکم نارد منداڵەکانم لەگەڵ خۆیان بهێنن بۆ ئەزمڕ. کە هاتنەوە، وتیان ڕۆیشتوون. ئەو بەرنامەیەی من بۆم دانابوون جێبەجێیان نەکردبوو، ئێمەش ملی ڕێگەمان گرت بەرەو ئەزمڕ، کە

چووینە سەرشاخ، لەگەڵ ئەوانەی ناردبووم بۆ ماڵەوە، هەموو یەكمان گرتەوە. بە نائومێدی لەسەر ئەزمڕەوە تەماشای ناو شارم دەكرد، ئێمە چیمان كردووە، چۆن كاتی خۆی سەدامیان لە شار دەركردووە، ئێستاش خۆمان لە شار یەكتر دەرئەكەین. لەسەر شاخی ئەزمڕیش خەڵكی زۆری لێبوو پەیتاپەیتاش خەڵكی دەهات، ئەوانەی یەكێتی بوون و لە خۆیان دەترسان، لە سەرێكی تریشەوە چونكی لە هەولێر حكومەتیان لەگەڵ بووە، لە ترسی حكومەت نەك هەر یەكێتی، خەڵكی تریش دەهات. ڕۆژێكی هەتا بڵێیت ناخۆش بوو، پیاو چاوەڕوانی ئەوەی نەدەكرد، پاش ئەم هەموو ماڵوێرانییە چیمان چنییەوە. شۆڕبووینەوە بۆ قەڵاچوالان، كە گەیشتینە قەڵاچوالان، دوكەڵ و ئاگر لە هەندێك ژوور هەڵدەستا، دیار بوو كاغەزیان دەسوتاند. درەنگی كردبوو، ملی ڕێگەمان گرت بەرەو ماوەت، خەڵكی تریش پێش ئێمە ڕۆیشتبوون، مام جەلال ڕۆیشتبوو، كە گەیشتینە "كێلێ" لەسەر ڕێگە پێشمەرگەیەكم لابوو، وتم ڕەنگە ماڵی ئێمە هاتبن بۆ ئەوێ، هاتەوە وتی نەهاتوون، بۆ پێنجوێن ڕۆیشتوون. هەر ئەو شەوە گەیشتمە گرگاشە. لەوێ چوومە ماڵی بەكری مامە قالە و عەزیزی مامە قالە، شەوێ لەوێماینەوە، خەڵكی تریشی لێبوو. ڕێگە نەبوو بڕۆیت، سەیارەیەكی مێكزەمینیمان هەبوو و پەكی كەوتبوو. بۆیان دەرنەچووبوو و سوتاندبوویان، بە هەڵەی پێشمەرگە بێ ئەوەی شەڕ بێ، ئەگینا پێویستی بە سوتاندن نەدەكرد. چووینە لای شاناخسێ، مام جەلال و بەشێكی زۆری ئەندامانی م.س و سەركردایەتی لەوێ بوون، بێجگە لە هەزاران ئەندام و لایەنگری یەكێتی، تفت هەڵدایە زەوی نەدەكەوت. شاریان بەجێ هێشتووە و چاوەڕوانی بڕیاری سەركردایەتین. پاش ئەوە بڕیار درا بچینە ناو ئێران، مام جەلال و سەركردایەتی بچین بۆ نێوزەنگ، كۆنە هەواری خۆمان، ئەو جێگەیەی لە زەمانی ڕژێمدا بارەگای م.س و مامی لێبووە، گەیشتینە دێی چۆمان.

ئەو ڕۆژەی لەسەر سنوور بووین، چاکەی خەڵکی دێهاتەکانی گرگاشە و دێهاتەکانی ئێران لەبیر ناچن، بەتایبەت دێی چۆمان. خزمەتێکی زۆریان کردین بەتایبەت ماڵی کاک "کەریم". لە ساڵەکانی ٧٨ و ٧٩ کە لەو ناوە بووین، دەمناسین. بە هۆی منیشەوە خزمەتی سەدان خەڵکیان کرد، دەعوەتێکی گەورەیان کردین، کاک کۆسرەتیشم لەگەڵ بوو، شاهیدن و لایان سەیر بوو. کە لەو سنووری ئێرانە بووین، پارتی دوامان کەوتن و ویستیان لە چەند قوژبنێکەوە پەلامار بدەن. ئێمەش مەبەستمان بوو ئەم خەڵکەی لەگەڵمانە، دەربازیان بکەین بۆ ئەوەی تووشی ناڕەحەتیی لەوە زیاتر نەبن. خەڵکەکەمان بە پشتی چۆماندا بۆ بەرزاییەکان بەرەو دێی "بلەسەن" سەرخست. خەڵکەکە سەرکەوتن، تەقەش بەردەوامە. ئەو ڕۆژە پیاوی مەردی دەویست. ئەگەرچی هەندێک لەوانەی پلە و پایەدار بوون، خۆیان و خزم و ماڵ و منداڵیان ڕۆیشتن، ئێمە ماینەوە، بەرەنگاری پەلامارەکەمان کرد و نەمانهێشت بێنە سەر چەمی چۆمان و نزیک بینەوە و شکاندمانن. ئەم سەرکەوتنە ڕۆحیەتێکی باشی لای خەڵکەکە دروست کرد. لەوێ من خۆم، عوسمان حاجی مەحموود، مەحموود سەنگاوی، جەمالی حاجی محەمەد، مەجیدی حاجی عەلی شاناخسێ و زۆری تریش بەرەنگاریمان کرد.

بۆ ئێوارە سەرکەوتین و چووینە ئێرانەوە بۆ نێوزەنگ، من لێیان جودا بوومەوە و چووم بۆ بانە، لەوێش دوست و ناسیاوم زۆر بوون. لەوێوە چووم بۆ "سەیران بەن"، لە ئۆردوگا منداڵەکانم دۆزییەوە، لەگەڵ خۆم هێنامن بۆ سەردەشت بۆ ماڵی خزمەکانم. لەوێ بەجێم هێشتن و خۆم چووم بۆ نێوزەنگ بۆ لای مام جەلال و مەکتەبی سیاسی.

## جارێکی تر لە نێوەزەنگ

مام جەلال سوکە بارەگایەکی دانابوو، چادری هەڵدابوو و سەکۆیەکیان بۆ دروست کردبوو. کەپرێکیان دانابوو، ئێمەش لە دەورووپشتی ئەوەوە هەریەکەو لە گۆشەیەکدا هەڵماندابوو. ئەوەندەی لەبیرم بێ (مام جەلال، کاک کۆسرەت، مەلابەختیار، ملازم عومەر، هێرۆخان، عومەر سەید عەلی، سالار عەزیز، خۆم). مەڵبەندی سلێمانی چادرێکیان هەڵدابوو، لێیان نووسیبوو مەڵبەندی سلێمانی، پیاو بەزەیی بە خۆی و یەکێتیدا دەهاتەوە، منیش کە ڕام کردبوو، لێپرسراوی مەڵبەندی کەرکووک بووم، من خۆم بەڕاستی شەرمم دەکرد لەناو ئەو خەڵکەدا بم، قەت خۆم بە شکاوی نەدیبووە. ئەو خەڵکانەی کە لەوێش بوون، زیاتر هی پشدەر و ڕانیە بوون. کە لە ڕابوردوودا لێپرسراوی ئەو سنوورە بووم، هەموویانم دەناسی و حسابی زۆریان بۆ دەکردم.

جەبهەی شەڕەکانیشمان لە دوبە و شیوەڕەز و دەورووبەری بوو. قەلادزە گیرابوو و سەرکەوتبوون. من خۆم ئۆتۆماتیکی چوومەوە بۆ لای پێشمەرگەکانی پێشەوە، وازم لە مەڵبەندی کەرکووک هێنا، بروسکەیەکم کرد بۆ برادەرانی کەرکووک و وتم خۆتان مەڵبەندەکە بەڕێوەبەرن. پیاوی زۆر گەورەشی تێدابوو، بەڵام نەهاتن. لە سەیرانبەن بوون لە ئۆردوگا و منداڵەکانیان بەجێ نەهێشت. هێرشی پارتیش بەردەوام بوو بۆ سەرمان، هەندێک لە بەرزاییەکانی شیوەڕەزیان گرتبوو. هێزەکانمان بەرامبەریان لێکرتبوون بۆ ئەوەی لەوە زیاتر نەیەنە پێشەوە و ڕایان گرتبوون.

## شەڕی گرد دیواران

هێزەکانی پارتی هەڵکشابوون و تینیان بۆ هێنا بووین. ئەوەی ڕاستی بێت ئێمەش لە قوڵی شێنێوە ڕاستی گرد دیوارانمان بەدەستەوە مابوو لە دێی "ئاڵی ڕەش". هێزەکانیان هێرشیان هێنا، لەوێ هێزێکی کەمی لێبوو، دەبێ هەرچۆنێک بێت، ئەوێ قایم بکەین. هێزێکمان نارد بە سەرپەرشتیی موحسین بایز و سیامەندە سووری کۆیە. لەوێ شەڕێکی باشیان لەگەڵ هێزی هێرشبەر کرد و شکاندیانن بەرەوخوار و ئاڵی ڕەش، ئەگەر "گرد دیواران" بگیرایە ژیان لە دەوری شێنێ زەحمەت دەبوو، هێزی ئێمەش لەو ناوە بوون. بێجگە لە خۆمان هەزاران هەزار خەڵکی پشدەر و بتوێن و سۆران و حاجی هۆمەران دوای یەکێتی کەوتبوون. ئەم شەڕە بووە وەرچەرخانێکی باش، جەبهەی شیوەڕەزیشمان قایم کرد. تۆفیق کانی وەتمانی و محەمەد وەتمان و هێزەکانی تری لێبوون لەگەڵ محەمەدی حاجی قادر. ڕۆژێکیان تۆپبارانیان کردین، لە دەوری جەبهەی شیوەڕەز کوڕێکی "سەرحەدی خەلیفە یونس" شەهید بوو، ئێمەش بارەگای بچوکمان دانابوو لە دەوری مام جەلال لە نیوزەنگ و زەڵێ، هەریەکەمان بە قەدەر حاڵی خۆی.

## چۆن بەرنامەی گرتنەوەی سلێمانی دانرا

من لەژێر چادرەکەی خۆمدا بووم، لە جەبهە هاتبوومەوە، دەوری نیوەڕۆ بوو، کاک کۆسرەت و ملازم عومەر و سالار عەزیز هاتن بۆ لام. پاش ئەوەی لەسەر وەزعی خۆمان و مەسەلەکان پێکەوە قسەمان کرد، هەریەکەمان لەسەر ئاستی شکان و چی بکەین باشە قسەمان کرد. بیرمان کردەوە چۆن جێگەیەک بگرین و ئەم قەرەباڵغییەی لەم ناوەیە، جێگەی بکەینەوە؟ مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێت "تف هەڵدەیت بەر

عەرز ناکەویٚ، ئەوەندە زۆر خەڵکی لێبوو، باوەڕ نەدەکرا. لە بەینی خۆماندا بیرمان لە گرتنەوەی پشدەر و قەڵادزە دەکردەوە. کاک سالار عەزیز وتی برادەرینە ئێمە بۆچی بیر لە پشدەر بکەینەوە؟ بۆچی بیر لە سلێمانی نەکەینەوە؟ سلێمانی هی خۆمانە و پارتی لەوێ ئیحتیاتی نەکردووە. پاش کەمێک باسکردن لەسەر ئەوەی چی بکەین، هەرسێکمان پشتیوانی قسەکانی کاک سالارمان کرد. هەر لەوێ چونکی پەلەمان بوو وەزعمان باش نەبوو، وتمان بابچین بۆ لای مام جەلال و لەگەڵیدا باسی بکەین، بزانین ئەو چی دەڵێت، بەبێ پرسی ئەو نابێت.

### لای مام جەلال

کە چووینە لای مام جەلال، هەر خۆمان بووین. باسی وەزعی خۆمان کرد چی بکەین. وتمان مام جەلال هاتووین بۆ ئەوەی مەسەلەی گرتنەوەی سلێمانیت لەگەڵ باس بکەین، دەمانەوێ جارێ بیر لە گرتنەوەی پشدەر نەکەینەوە. لەگەڵ ئەویش بیرۆکەکەی هەر چوارمان باس کرد و ئەویش هاتە سەر قسەی ئێمە. لەسەر گرتنەوەی سلێمانی ڕێکەوتین، بەلام نابێ کەس بزانێت، با جارێ باس نەکرێ.

### بەرنامەی گرتنەوەی سلێمانی

لەگەڵ ئەو هەڤالانەی ناوم هێنان، قسەمان کرد، مام جەلال وتی پێم باشە کاک مستەفا چاوڕەش بچێت بۆ لای ئالان لە پشتی ماوەت، شارەزای ئەوێیە. لەوێ هەندێک پێویستی وەربگرێ تاکو ئەو هێزانەی بۆ ئەو مەبەستە پێویستە، دەگەنە ئەوێ و ئاگاداریان دەکەین بچن بۆ لای مستەفا چاوڕەش. دوای ئەوە کە هێزەکان گەیشتن، ئەنجا با

کۆسرەت و ملازم عومەر بچن، چونکی هێزەکانمان بە هۆی شکان و شەڕی هەولێر پەرەوازە بووبوون، هەر هێزەی کەوتبوونە لایەک، کۆکردنەوەیان ئاسان نەبوو. ڕێگەی دوور و سەختە تاکو دەگەن. لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین. من هاتمەوە قاسمەڕەش و لەوێشەوە پێشمەرگەکانی خۆم لەگەڵ خۆم برد، خواحافیزیم لە برادەران کرد. خەڵکەکەش کە لەو ناوەبوون، هەریەکە لە پەنای دارێک و بنی بەردێک هەڵیدابوو، زۆر بێسەروبەر بوو، ناخۆش بوو، حیزبەکانی دۆستیشمان لەو ناوە بوون. حیزبی سۆسیالیست و حیزبی زەحمەتکێشان و پارێزگاران و دۆستەکانمان.

**گەیشتمە چۆمان و بارەگام لە (ئالان) پشتی ماوەت دانا**

چۆمان دێیەکی سەر سنووری ئێرانە، تەنها ئاوەکەمان لە بەینداپە. لەوێ هێزەکان بروسکەیان بۆ چووبوو بێن بۆ لای من و فەرمان لە من وەربگرن. منیش هەرچی گەیشت، ڕێکم خست و لەوێش هەندێک پێویستی شەڕەکەمان کڕی. لەوانە چوارسەد کلاشینکوف، لام وابێت هەر ئەوانە بوون کە لە خۆمانیان وەرگرتبوو، دوایی پێیان فرۆشتینەوە. دوانزە بی کەی سی، چوار دۆشکا، چوار ڕاجیمەی بچووک. کە هێزەکان گەیشتن و ئامادە بوون، بروسکەم بۆ مام جەلال و کاک کۆسرەت و ملازم عومەر کرد. ئەوانیش هاتن، کاک سالاریش لەگەڵ تۆپخانەکانی خۆمان هات، کە کاک "محەمەدی عەزەبابی" لێپرسراوی بوو. چەند ڕۆژێ لەو ناوە بووین و بەرنامەی خۆمان دانا.

## گرتنەوەی چوارتا

لە بەرەبەیانی ١٩٩٦/١٠/١١ ناوی خوامان لێهێنا. ئەو هێزانەی لامان بوون، زیاتر هی هەولێر بوون، ئەوەندەی لەبیرم بێت، ئەم کەسانە بوون (مام غەفە "مام غفور"، ئیسماعیل مەحموود، عەبدوڵلا بۆر، مەلا نەجم، سەلاح دیلمانی، بورهان سەعید سوفی، ئەنوەری عەزە باوە، ئاسۆ ئەڵەمانی) ئەوانیش هێزەکانیان کەم مابووەوە و وەک هێزی گەورە نەبوون. بە هۆی شەڕی هەولێرەوە دابڕان و شەهید و بریندار هەبوو لەناو هێزەکاندا. هێزێکی تریش لای شاناخسێ هەبوو بە سەرپەرشتیی عوسمان حاجی مەحموود.

یەکەم پەلامارمان بۆ سەر "کەلکەسیر" بوو. هەنگاوبەهەنگاو دەچووینە پێشەوە و شوێنەکانمان دەگرت، لە قۆڵی ڕاستیشەوە شاخی گمۆمان گرت. ڕۆژی یەکەم لە باسنێ و کەناروێ تێپەڕمان کرد و شەوێ گەیشتینە چوارتا و گرتمان. بەداخەوە بە هۆی هەڵەی پێشمەرگە کەسێکی دڵسۆزی یەکێتی لە دێی بێورێ شەهید بوو، زۆر خەفەتم بۆ خوارد.

## ڕۆژی دووەم لەناو چوارتادا

ڕۆژی دووەم لە قەلاچوالانەوە هێرش کرایە سەرمان، شەڕ تاکو ئێوارە درێژەی کێشا. من سەرپەرشتیی هێزەکانم دەکرد. کاک کۆسرەت و کاک عومەریش لە کەناروێ بوون لە خوارماڵەکانی چوارتاوە لەناو ڕەزەکان. ئێمەش هێزەکانمان دابەش کرد. بە هەموو جۆرە چەکێک دەکرا.

لە دەوری سەعات یازدەدا زەختێکی یەکجار زۆرمان لەسەر بوو، بە ڕاجمە و تۆپ و چەکی تری قورس لێیان دەداین. هەندێک لەو هێزەی

لام بوو و دابەش بووبوون، بە بەرچاوی خۆمەوە کشانەوە دواوە و بەرەو ڕێگەی "کەناروێ". لەو جێگەیەی خۆمی لێبووم، چەندین پێشمەرگە بە تۆپ و ڕاجمە بریندار بوون، "هێمن" قەیسەر و فەلاحی خوشکەزام و چەند کەسێکی تریش بریندار بوو. هەتا بڵێیت وەزعێکی ناخۆش بوو. بیرم کردەوە خۆ ئەگەر هەڵسم و بڕۆم، هێزەکەش بەدواما دێت و سەبرم گرت. ئیتر جوابم نارد بۆ "کاک کۆسرەت" وەک لێپرسراوی یەکەم و کاک ملازم عومەر. خواهەڵناگرێ هاتن و لە شانی ڕاستی منەوە لای دێی "مێکوکان" دۆشکایان دابەست، ئەو لایەم قایم بوو و ترس نەما. هاتنی ئەوانیش خۆی لە خۆیدا هێز بوو. شەڕ درێژەی کێشا و نەمانهێشت لێمان نزیک ببنەوە، من خۆشم لەگەڵ هێزەکانی هەولێردا بووم (مامە غەفە، ئاسۆ ئەڵەمانی، بورهان سەعید سۆفی...)، تەنها یەک هێزی سلێمانیمان لەگەڵ بوو، ئەویش کەم بوو "سوهاد".

## کۆبوونەوەی چوارتا

هەر چوارمان لە دەوری سەعات "١٢"ی نیوەڕۆ (کۆسرەت، ملازم عومەر، سالار عەزیز، مستەفا چاوڕەش) لەسەر جادەکە لەبن چنارە گەورە و بەناوبانگەکەی چوارتا کۆبوونەوەیەکمان کرد. خەبەرێکمان بۆ هاتبوو کە هێزێکی "٥٠٠" کەسی لەگەڵ کاک فەرەیدون عەبدولقادر لە قوڵی پێنجوێنەوە هاتووە. وتمان هەر زۆر باشە. کاک کۆسرەت وتی بچۆ بۆ لای کاک فەرەیدون داوای "٢٥٠" پێشمەرگەی لێبکە و جەبهەکەی پێ قایم بکە. منیش بە سەیارەکەی خۆم بە ناو ڕاجمە و تۆپدا بەرەو دێی چنارە ڕۆیشتم. هەرچۆنێک بێت، کاک فەرەیدونم دۆزییەوە. لەگەڵی دانیشتم و وتم هاتووم "٢٥٠" پ.م بدەیتی لەو هێزەی

لەگەڵ تۆ هاتوون بۆ ئەوەی دابەشیان بکەم و دەوری چوارتای پێ قایم بکەم. وتی بەخوا هێزەکەی ئێمە لەملاوئەولا و ناو ئۆردوگاکان کۆمان کردۆتەوە و هیلاکە، لەم جۆرە قسانە. دوایی هاتمە ئەوەی داوای پەنجا پێشمەرگە بکەم، هەر پێی هەڵنەسوورا. منیش بە نائومێدی گەڕامەوە و ئیعتیمادم کردەوە سەر خۆمان. لە ڕاستیشدا هێزێکی قەرەباڵغی لەگەڵ بوو.

گەڕامەوە لای کاک کۆسرەت و وتم بۆی هەڵنەسوورا. تاکو ئێوارە هەر لە شەڕدا بووین و تەنیا هێزەکانی خۆمان بووین. بەڵام خۆڕاگر و مەرد بوون. ئێوارە تەقە کەم بووە، کاک کۆسرەت و کاک عومەر وتیان ئێمە دەڕۆینەوە بۆ کەناروێ دەعوەتیان کردووین. تۆش هێزەکان ڕێک بخەرەوە و واجباتیان بۆ دیاری بکە، پاشان بۆ نانخواردن وەرە بۆ لامان. خواحافیزیمان کرد و ئەوان ڕۆیشتن. هێشتا تۆزێک ڕووناکی مابوو، تەماشام کرد لایتی دوای سەیارە ڕیزی بەستووە لە قەلاچوالانەوە بەرەو سیتەک و ئەزمڕ، دیار بوو هێزەکانی پارتی دەکشانەوە. ئەو ڕۆژە تا ئێوارە ئێمە لە جەبهەی چوارتا خۆمان ڕاگرت. دیار بوو بڕیاری کشانەوەیان دابوو. ئەوەی بەسەر ئێمە هات، بەسەر خۆشیان هات. کەوابوو، من نەچووم بۆ کەناروێ بۆ لای هەڤاڵان، لە سەیارەکەمدا بێسیمی تێدابوو، پەیوەندیم لەگەڵ کردن، وتم پارتی دەکشێتەوە و من بەرەو سلێمانی دەچم، ئێوەش وەرن بەدوامدا.

بە سەیارە لە چوارتا هاتمەوە خوارەوە. لەبەردەم چوارتا هەندێک لەو هێزەم بینی، کە لەگەڵ فەرەیدون عەبدولقادر هاتبوون. لەو هەڤاڵانە کە لەوێ حازر بوون، وتیان با بڕۆین بەدوایاندا. منیش وتم هەڤاڵینە ئێمە لێرە چەند ئەندامێکی سەرکردایەتین. من شارەزای شارباژێڕم، کاتی خۆی ئامرهەرێمی ئێرە بووم پێش چوونم بۆ قەرەداغ. تولەڕێگەکانی ئەم سنوورە دەزانم، با کۆبوونەوەیەک بکەین. وتیان پێویست ناکات و نایەوێ. مەبەستی کۆبوونەوەی من ئەوە نەبوو

دوایان بخەم، بەڵکو چەند قسەیەک بکەین. لە دێی "تەگەران" جارێکی تریش پێم وتنەوە، هەر وتیان پێویست ناکات. بەرەو جادەی سیتەک ملی ڕێگەمان گرت. کە لە بازگەکەی سیتەک تێپەڕمان کرد، نزیکەی "٢٠" سەیارە زیاتر بووین. هەر وتیان بڕۆین. لەکاتی کشانەوەی پارتی لەسەر شاخی ئەزمڕەوە چەند ڕیزێک تەقەی دۆشکایان تێگرتین، تاریکی کردبوو، لە قیرەکەی دا و گڕی بەرز کردەوە، ئیتر دەورم چۆڵ بوو. منیش لامدایە فەراغ جادەکە. لە پەنا جادەکەدا جێگەی دەبابە هەبوو، سەربازگەی حکومەت بوو، لە پەنایا دانیشتم، ئەوەش لەبەر ئەوەی بروسکەم کردبوو بۆ کاک کۆسرەت و کاک عومەر کە بێن بەرەو سلێمانی، وتم خوا نەخواستە ئەوان لەسەر قسەی من بێن و وابزانن لە پێشیانەوەم و بکەونە کەمینەوە. لە لایەکەوە چاوەڕوانیی ئەوانم دەکرد، لە لایەکی تریشەوە چاودێریی سەر ئەزمڕم دەکرد بزانم بە کوێ دەگات. پاش تۆزێک سەید جەوهەر و چەند پێشمەرگەیەک لە ئەزمڕەوە هاتن. کە چووبوونە سەر ئەزمڕ، هێزی لێمابوو، ئەمانیش هیلاک بوون و ڕۆژی پێشتر لە پێنجوێنەوە هاتبوون، وتم سەید بڕۆ بۆ دێی سیتەک، من لەم وڵاتە شارەزام. لەوێ بن و پشوویەک بدەن. تاکو بەیانی خوا گەورەیە، تەگبیرێکی لێدەکەین.

هەر دانیشتبووم و چاوەڕوان بووم. کۆمەڵێک پێشمەرگە لە سەرەوە هاتنە خوارەوە، کە بینیمن سەیفوڵڵای عەلی بەگ، تەحسین قادر و مامۆستا شاهۆ بوون، وتیان ئەوە تۆ چی دەکەی لێرە؟ وتم "تووش بووم". باسەکەم بۆ گێڕانەوە پێم وتن ئێوەش بڕۆن. خواهەڵناگری وتیان چۆن بەجێت دەهێڵین؟ هەموویان مانەوە. دوایی چەند سەعاتێ گەڕاینەوە بۆ قەڵاچوالان. لەلای تەگەران هەڤاڵێکیان دانابوو، وتیان با بێت بۆ چوارتا، وتم من ناتوانم بێم. لەبەر هاتنی برادەران چوومە قەڵاچوالان، کە بینیم وێران کرابوو، کاشیی ئەرزەکەشیان شکاندبوو. لەگەڵ کاک کۆسرەت و کاک عومەر یەکمان گرتەوە، خەریک بوو ببێت

به سەعات یەکی شەو. بەرنامەمان دادەنا چی بکەین. کوڕێکی شاربازێڕیم دەناسی بە ناوی "فەتاح حاجی ئەحمەد". هات و وتی ئەوە ئێوە چی دەکەن لێرە؟ سلێمانی نەنوستووە و چاوەڕوانتان دەکات. پارتی کشاوەتەوە و سلێمانییان چۆڵ کردووە. خەبەرێکی زۆر خۆش بوو، سەرکەوتنەکان بەرهەمی خۆی هەبوو، پاش ئەوە ڕانەوەستاین و بڕیارمان دا بەرەو سلێمانی بڕۆین.

#### هەڤاڵ کۆسرەت، ملازم عومەر و خۆم

سواری ئۆتۆمبێل بووین بۆ سلێمانی و پێشمەرگەش بە دواماندا. کەسیش پێش ئێمە نەهاتە شارەوە. وتم کاک کۆسرەت لام باشە بچین زیارەتی مەرقەدی کاک ئەحمەدی شێخ بکەین لە سلێمانی، شتێکی ئوسوڵی و جوانە. وتی باشە. هەرسێکمان چووینە مزگەوتی گەورە، بە واجبی خۆمان هەڵساین و دوایی چووینە پارێزگای سلێمانی. دەرگاکەمان شکاند و چووینە ژوورەوە، چۆنمان بەجێ هێشت، هەرواش بۆی هاتینەوە.

کە ڕامان کردبوو، شکا بووین جارجارە لەگەڵ کاک سالار عەزیز شۆخیمان دەکرد، ئەموت هەر کامێکمان زوو چووینە شارەوە، ئەوەمان پارێزگارە. وا ڕێکەوت من پێش ئەو چووم، هەر ئەو بەیانییە زوو سەعات پێنجی بەیانی ڕاگەیاندم بانگ کرد. دوو بەیانم دەرکرد، یەکەمیان: بۆ هەموو خەڵکی شاری سلێمانیی بەڕێز، ئەمڕۆ دەوام هەیە و کەس دوا نەکەوێت، بەیانەکە لە تەلەفزیۆن خوێندرایەوە. بەیانی دووەم: داوا لە هەموو پێشمەرگەکان و جەماوەری یەکێتی دەکەین کەس بە هیچ بیانوویەک نەچێتە سەرماڵی پارتی و خەڵکی تر و

دەستدرێژی نەکەنە سەر کەس و تالانی نەکرێ. بە ئیمزای پارێزگاری سلێمانی، ناوم تێدا نەهێنا.

شاری سلێمانیش خرۆشابوو، دۆست و ئەندام و خزم و ناسراو لە ژووری پارێزگای سلێمانی بوون. یەکێک دەڕۆی و یەکێک دەهات. ڕێگە نەبوو هەنگاو هەڵگریت. زۆر کەس هاتن بۆ لامان، زۆرزۆر بوون و خۆشحاڵیی خۆیان دەردەبڕی. ئێمەش هەر هەموومان بەڕاستی زۆر هیلاک بووین، ئەگەرچی سەرکەوتن هیلاکیی لەبیر بردینەوە، بەڵام هەر پێمانەوە دیار بوو. زۆر لە دۆست و خزمان هاتن و داوایان لێکردین بچین بۆ نانوچاخواردن. بەیانی لامان باش بوو بۆ ماڵی کەس نەچین بۆ هیچ جێگەیەک، مەجیدی حاجی ئەحمەدی سێرەمێرگ مەنجەڵە ماست و نان و چای بۆ هێناین بۆ ژووری پارێزگا، لەوێ نانمان خوارد. کاک کۆسرەت جهازێکی پێبوو، لەگەڵ هەموو دنیا هەر بە تەلەفۆن قسە دەکرا. ئەو کاتە وەک ئێستا نەبوو و مۆبایل لای ئێمە هەر نەبوو. جیهاز خرایە ئیش، کاک کۆسرەت قسەی لەگەڵ کاک نەوشیروان کرد کە لە لەندەن بوو. هەواڵی گرتنەوەی سلێمانیی پێ دا. منیش وتم با هەواڵی بپرسم، ملازم عومەریش قسەی لەگەڵ کرد. پاش چاکوچۆنی وتم کاک نەوشیروان وەڵڵا چاومان لەرێ بوو، حەزمان دەکرد لامان بوویتایە و سەرت بداینایەتەوە. لە دڵپاکیی خۆم و لە ڕووی هێزی مەعنەوییەوە لەم جۆرە قسانەم دەکرد. کە لێبومەوە، ملازم عومەر لێم تووڕە بوو و وتی مردووت مرێ ئەوەندە دڵپاکی، تۆ چیت داوە لەو قسەیە، قابیلە تۆ نەسیحەتی کاک نەوشیروان دەکەی؟

## کۆبوونەوە لە ژووری پارێزگای سلێمانی

لای نیوەڕۆ بە سەرپەرشتیی کاک کۆسرەت کۆبوونەوەیەکمان کرد لەسەر وەزعی تازە و بەرنامەی داهاتوو. ئەوانەی بەشدار بوون (هەڤاڵ کۆسرەت، ملازم عومەر، مستەفا چاوڕەش، عەبدولکەریم حاجی کاکە حەمەی شەدەلە، شەوکەت حاجی موشیر، سالار عەزیز) ئیتر نازانم کێی تریشمان لەگەڵ بوو. پاش باسی هەموو مەسەلەکان کارمان دابەش کردەوە. بڕیاریان دا من بچم بۆ ڕانیە، لەویشەوە بۆ سۆران بۆ ئەوەی ئەگەر بکری، هیمەت بکەین و سۆران بگرین. من ڕۆیشتم بۆ ڕانیە و چوومە ماڵی کاک ئاکۆی عەباس ئاغا، لەوێ نانی نیوەڕۆم خوارد. ئیشەکانی ئەوێم ڕێک خست، دوای ئەوە چووم بۆ ناوچەی گەلاڵە و چۆمان و قەسری بە نیازی ئەوەی پێیان سپاردم، جێبەجێی بکەم. لەویش هێزەکانم کۆ کردەوە بەرنامەی گرتنی سۆرانم دارشت. کە چوومە ئەو سنوورە، لەگەڵ هەڤاڵ "ئازاد جندیانی" کە لێپرسراوی سیاسیی ئەوێ بوو، هێزەکانم ڕێک خست. هێزێکی باشم لەگەڵ بوو. خەڵکی سنوورەکەش لە خەڵکی وەرتێ و پێشمەرگەکانی ئەوێ و ئەوانەشی لەگەڵ خۆم بوون، هەروەها هەڤاڵ ئیسماعیل مەحمود و هەندێکی تریش کە "لە گەرووی بێشێ" بوون و لەوێش هێزم دانا. فەقێ حەسەن کاسکان سەرتیپ بوو، هەژار کانەبی، قادر خەباتیش لەوێ بوون. بەرنامەمان دانا، چووینە زێنوی "ماویلیان"، زۆر بە نهێنی و بەبێ ئەوەی کەس بزانێت، نزیکەی سەد پێشمەرگەم لە بناری شاخی هەندرینەوە بۆ پشتی "جندیان" نارد، پێم وتبوون هیچ ناکەن تاکو لێتان نزیک دەبینەوە. لای خۆشمانەوە پەلاماری پشتی ماولیانمان دا، بەرەبەیانییەکەی چووینە پێشەوە. تەقەشمان لەبەر زێوە کرد بەو نیازەی بچینە پێشەوە بەرەو دیانا، لەلای بێشێ هێزی باڵەکی لێبوو و لەگەڵ ئیسماعیل مەحموود بوون. هێشتا پشتی ماولیانمان نەگرتبوو. کەسێکی لێبوو بە ناوی "سابر ماولی"، نامەیەکم بۆ نارد، نازانم بەدەستی گەیشت یان نا. داوام لێکردبوو تەسلیم بێت. شەڕیش بەردەوامە، وەزعمان سەرلەبەیانی لە پێشڕەویدا بوو، لە دوای نیوەڕۆ شوێنی شەڕەکە

گۆرانی تێدا بوو، ورتەورت کەوتە ناو پێشمەرگەکانی خۆمان. پێویستیی تەقەمەنیمان کەم بوو و بەرەو نەمان دەچوو. هەڤاڵ ئازاد جندیانی و نیاز دەرگەلەییم لەگەڵم بوو. وتم کاک ئازاد هیمەت بکە، خۆت بچۆ بزانە هەندێک پێویستیی شەڕەکەمان بۆ بهێنە، مەبەستم فیشەک بوو. وتم خۆت دەزانی شەڕ بە ئاگر دەکرێ. ئەومان بەڕێ کرد، بەڵام ڕێگە نەبوو بێتەوە. دیار بوو پارتی ڕانیە و قەڵادزەیان گرتبووەوە. دوای هەڤاڵ ئازاد، حیکمەت وەللاشیمان نارد و ئەویش نەهاتەوە، ڕێگەی نەبوو.

بەرەی شەڕەکەمان لە ڕووی تەقەمەنییەوە زۆر لاواز بوو، چاویشمان لێبوو پارتی بە هێزێکی باشەوە بۆ زینوی "ماویلیان" سەردەکەوتن، کە ڕووبەڕووی ئێمە بوو. تاکو درەنگ ئیدارەی شەڕەکەمان کرد، لە ڕووی سەربازییەوە هەمووومان لە زینوی ماویلیان دامەزرابووین. خۆم، قادر خەبات، نیاز دەرگەلەیی، هەژار کانەبی. پارتی هەر دەهاتە پێشەوە. پاش ماوەیەک شەڕ نیاز دەرگەڵەیی هات بۆ لام و وتی هەڵسە، کەسمان یەک فیشەکمان پێنەماوە. منیش بڕیاری کشانەوەم دا، شۆڕ بووینەوە بەرەو خوار بۆ لای "دەرگەڵە" و لەوێشەوە بەرەو دێهاتەکانی خوارەوە کشاینەوە. لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەی پێکەوە بووین. هەژار کانەبی بریندار بوو و قاچی شکا.

مام جەلال بروسکەیەکی بۆ کردم، پاش ئەوەی جەبهەی شەڕەکەم ئاگادار کردبوو. بە بروسکە دەڵێت "کورتەک بەهێز بکە" منیش فەقێ حەسەنم بانگ کرد و پێم وت بچێت ئەوێ قایم بکات، وتم هەروا نا، بەڵکو سەنگەر لێبدات. فەقێ حەسەن ڕۆیشت.

شەوەکەی لەگەڵ هەڤاڵ ئیسماعیل مەحموود لە بناری شاخی "مامەڕووت" ماینەوە. لەوێش هێزمان هەبوو، پاش شەڕێک ئەوانی هاتنە خوارەوە "ڕەشید ئێنێ" و پێشمەرگەکان یەکمان گرتەوە و چووین بۆ کورتەک. کە گەیشتمە ئەوێ، چاوم کەوت بە فەقێ حەسەن و ئەوانەی لەوێ بوون. دیار بوو ئەوێ لە ڕووی سەربازییەوە سوودی نەمابوو.

## بروسکەی دووەمی مام جەلال بۆ من

له بروسکەی دووەمدا داوا دەکات "هێزەکان دابەش بکە، هەندێک لەگەڵ خۆت بهێنە و وەرە بۆ لامان". واتە بڕۆم بۆ "نێوزەنگ"، کە خۆی لەوێ بوو. منیش لەگەڵ "فەقێ حەسەن کاسکان" کە خەڵکی بناری قەندیل بوو، بەو شەوە لە ڕێگەی قەڵاتوکانەوە بەرەو سەرکردایەتی ملی ڕێگەمان گرت، بەرەبەیان گەیشتینە ئەوێ. چووینە ماڵی "حەسەن ئیبراهیم شوان"، پێشمەرگەی خۆمان بوو. نانوچای بەیانیمان خوارد، من ئەمتوانی بە سەیارە لە دۆڵی شەهیدانەوە بڕۆم، بەڵام لە حاڵەتی پاشەکشێدا دەڵێت فەرموو خۆی بە سەیارە ڕۆیشت و پێشمەرگەکانی بەجێ هێشت، ئەوەم نەکرد. لەگەڵ پێشمەرگەکان نزیکەی شەو و ڕۆژێکی تەواو بە پێ ڕۆیشتین. بۆ نیوەڕۆ گەیشتینە "سونێ"، زۆریش نەخۆش و هیلاک بووم. "دکتۆر فوئاد مەعسوم" نامەیەکی بۆ نارد بووم، دەڵێت هەرچۆنێک بێت، دەبێ ئەمشەو هێرش بکرێ بۆ قەڵادزە و بیگرنەوە، چونکی "لە ئەنقەرە" ڕێککەوتن ئەکرێ. لە کوێ شەڕ وەستابێ، ئەویمان بەدەستەوە دەبێ. بۆ ئێمەش قەڵادزە و دەوروبەری گرنگیی زۆری هەبوو.

جوابم نارد وتم ناکرێ ئەمشەو نەبێ؟ زۆر نەخۆشم. نامەیەکی تری بۆ ناردم و تیایدا دەڵێت گرتنەوەی قەڵادزە چارەسەرە بۆ نەخۆشییەکەت. نامەکەم ماوە. هێرۆخانیش نامەیەکی بۆ ناردم داوای هیمەتی مێژووییم لێدەکات. ئێمەش لەگەڵ هەڤالان بەرنامەمان دانا و هاتینە خوارەوە. پێش ئەوەی ئێمە بگەین، لە قەڵادزە هێرشیان بۆ پارتی کردبوو و کشابوونەوە بۆ شاخی کێوەڕەش لە بەینی ڕانییە و سەنگەسەر و قەڵادزە.

ئەوانەی پێکەوە بووین (خۆم، مستەفای سەید قادر، محەمەدی حاجی مەحموود لە حیزبی سۆشیالیست، موحسین بایز و توفیق کانی وەتمانی)، لە دێی "دۆڵەبەفرە" کۆبوونەوەیەکی پەلەمان کرد و بەرنامەی گرتنی شاخی کێوەڕەشمان دانا. هێزەکانمان دابەش کرد و جێگەمان بۆ دیاری کردن، لەبەری ئاسۆس (محەمەدی حاجی قادر)ی لێبوو لە پشت دێی "سەرسیان".

## شەڕی کێوەڕەش و گرتنەوەی

ئەوەی پێویست بوو، کردمان. لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەی واجباتیان پێسپێردرا، قسەمان کرد. هەر ڕەتڵەو لەگەڵ لێپرسراوی خۆی ڕۆیشت. سەعاتی سفرمان دانا بۆ هێرشکردن. من لەگەڵ هەڤاڵانی تر چووینە بن کێوەڕەش لە "تووەسووران". لەوێشەوە هێزەکان سەرکەوتن و شەڕ دامەزرا، لە ماوەی سەعاتێک کەمتردا برادەران لە هەموو قوڵەکانەوە سەرکەوتن. من و محەمەدی حاجی مەحموود و مستەفای سەید قادر و موحسین بایز هەر بە سەیارە بە ناو دەربەندی ڕانیەدا هاتین، لەناو دەربەندەکە لەیەکتر گۆڕاین، تەقەیەکی زۆر کرا، خەریک بوو یەکتر بکوژین و خوا نەیکوشتین. هەنگاوبەهەنگاو بەرەو ڕانیە کەوتینە ڕێ. جارجارە سواری سەیارە دەبووین بۆ ئەوەی زوو بگەینە ناو ڕانیە، گەیشتینە ناو ڕانیە، لەوێش ڕانەوەستاین و ڕۆیشتین بەرەو چوارقوڕنە. جەمالی حاجی محەمەد و هێزێک لە بەرەی شەڕی بناری کۆسرەت بوون بە جیهاز ئاگادارم کردەوە وا ئێمە هاتووین، ئێوەش وەرنە سەرجادەکەی لای دێی قەمتەران و چاوەڕوانمان بکەن. بەڕێ کەوتین. هەر لە چوارقوڕنە ئەو هێزەی لەگەڵ عوزێر فەقێیانی بوو، وتم ئێوە بەرەو بالیسان بڕۆن. ئەوان جیا بوونەوە و ڕۆیشتن، ئێمەش بەرەو گرجان و قەرەنی ئاغا و کانی ماران. گەیشتینە قەمتەران و لەگەڵ جەمالی حاجی محەمەد یەکمان گرتەوە، پێم وتن ئێوەش بڕۆن بەرەو هێران و ڕۆیشتن.

ئێمەش بەرەو کانی وەتمان چووین. هێزەکانیشمان لە هەموو قوڵەکانەوە بۆ پێشەوە دەڕۆن. کە گەیشتینە کانی وەتمان، کاک کۆسرەت و ملازم عومەر و عوسمان حاجی مەحموود و مامۆستا سەیفەدین بینی و هێزی تریان لەگەڵ بوو. وتمان ئێوە لە چنارۆک بن لەسەر پردەکە. پێش ئەوان کاک عوسمانم بینی. لای کاک کۆسرەت تۆپیان بە شاخی هەیبەت سوڵتانەوە دەنا. کە چاومان بەیەک کەوت، لەسەر وەزعی شەڕەکان قسەمان کرد. ئێمەش لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحموود و مستەفای سەید قادر گەڕاینەوە بۆ دێی هێزۆپ. جارێکی تر

ویستیان له سماقولییەوە پەلامار بدەنەوە و جادەکە بگرنەوە. دۆشکایەکی ٣٠ ملیممان پێبوو و هی محەمەدی حاجی مەحموود بوو، بەکارمان هێنا. ئەوانیش نەهاتنە پێشەوە، پاش نانوچای بەیانی من جیا بوومەوە لێیان و چوومەوە بۆ ڕانیە بۆ مەڵبەند، پاش ماوەیەک هەڤاڵ جەبار فەرمان هات و پیرۆزبایی کرد. هەندێک قسەمان کرد، وتی با هێزەکان دابەش بکەینەوە، تۆ بچۆ بۆ هێران، لەلای هێران (جەمالی حاجی محەمەد) بەهاوەن برینداز بووبوو وەزعی باش نەبوو. ڕەوانەمان کرد بۆ خەستەخانە. من وتم داوای لێبووردن دەکەم، ئێشم بۆ دیاری مەکەن، نەخۆشم. هەوڵی زۆری دا، قبوڵم نەکرد. بەڵام مەسەلەکە نەخۆشی نەبوو، شتێکی تر بوو، مام جەلال هەر لە نێوزەنگە.

## چوونم بۆ لای مام جەلال لە نێوزەنگ

چووم بۆ لای مام جەلال و داوای مۆڵەتم لێکرد بڕۆم بۆ هۆڵەندا. لەدوای ٣١ ئابەوە منداڵەکانم لە شاری سەردەشت بوون لە ماڵی خزمەکانم. زۆر بە دڵی نەبوو و ڕاستییەکەش کاتی نەبوو، بەڵام هەرچەند هەوڵم دەدا، نەمدەتوانی گرێی دڵی خۆم دەربڕم لەسەر چییە. هەر وتم نەخۆشم و کردم بە بیانوو دەبێ بڕۆم بۆ هۆڵەندا. بەڕاستی بە نابەدڵی مۆڵەتی دام. هەر ئەو شەوە چوومە لای دکتۆر خەسرەو گوڵ محەمەد، بارەگاکەی لە "تۆژەڵە" بوو، لای مامەوە. بەیانی بە هۆی دۆست و چاوساغەوە سواری سەیارە بووم بۆ سەردەشت، چوومە لای منداڵەکانم و سەردانی خزمانم کرد، پاشتر کارەکانم تەواو کرد. لەگەڵ خۆم بردمن بۆ تاران و لەوێشەوە بۆ هۆڵەندا و دەوری من لە جەبهەکان تەواو بوو.

## ژیان له هۆڵەندا

لەم تەمەنەداو دوای ئەو هەموو دەردیسەرییەی بەسەرمان هاتووە، ئاسان نییە بتوانی لە هۆڵەندا بژیت و بە سۆشیال بەڕێوە بچیت. جاری واش هەیە بڕیاری پەلە دەدەیت، بەڵام دوای ماوەیەک لێی پەشیمان دەبیتەوە. منیش کە بە ناوی نەخۆشییەوە بڕیاری ڕۆیشتنم دا، هەر لە یەکەم جاردا پێم خۆش نەبوو. ئەوانەی ئیشیان لەگەڵ کردووم، ئەوانەی لە ڕۆژگاری پێشمەرگایەتی و مەڵبەندەکان و وەزیفەی حکومی لەگەڵمدا کاریان کردووە، دەمناسن و دەزانن من چیم کردووە. نامەوێ لێرەدا گلەیی بکەم، بەڵام حەق وایە هەندێک شت بوترێت. لەڕاستیدا ناعەدالەتی و فەرق و جیاوازی دڵگرانیان کردم. ئیتر هۆ زۆرن و ناکرێ بیانووسم.

هەر زوو وردەوردە هەستم دەکرد ناتوانم لە هۆڵەندا بژیم و بمێنمەوە. دیارە کە لە هۆڵەنداش بووم، لە یەکێتی دانەبڕابووم، لەوێش لەگەڵ هەڤاڵەکان هاوکاریم دەکردن، باڵێکیشم هەر لای برادەران بوو لە کوردستان، ئەمەش ماوەیەکی خایاند.

## کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە شاری برۆکسلی بەلجیکا

دەمێک بوو برادەرانی پەکاکا خەریکی ڕێکخستنی ئەم کۆنگرەیەن، برادەران لە کوردستانەوە جوابیان نارد بۆ من بچم بەشداربم. وەک نوێنەری یەکێتیی نیشتمانی چووم، کۆنگرەش دەستی پێکرد. وەک بیرم مابێت، ئەم کەسانە لە کۆنگرەکە بوون: (زوبێر ئایدەر، یەشار کایا، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، دکتۆر مەحموود عوسمان، مستەفا شەڵماشی، ناسری ڕەزازی و مەرزیەی خێزانی) کەسانی تریش کە زۆربەیان سەر بە برادەرانی پەکاکا بوون و هەر ئەوانیش ڕێکیان

خستبوو. کۆنگره دوو ڕۆژی خایاند، لەوێش هەر لایەنە کاری بۆ خۆی دەکرد.

لەو کاتەی کۆنگرە گیرا، هێرشی تورکیا بۆ هاوکاریی پارتی بەردەوام بوو، بە تەیارەی پێشکەوتوو زەرەرێکی زۆری لە هەڤالانی ئێمە دا. ڕۆژانە لەگەڵیان قسەم دەکرد. من لەسەر وەزعی تازە و شەڕ و تورکیا قسەم کرد، لەسەر ئەم شەڕەی لە کوردستانە. لەوێ هەندێک دەنگ بەرز بۆوە لەسەر کوردستانی عێراق، بەتایبەت دژی یەکێتی لەناو کۆنگرەکەدا. برادەرانی کوردی ئێرانی دەیانوت گوایە بەدەستی یەکێتی برایانی تێکۆشەری ئێرانی دەکوژرێن. من لەسەر ئەو ڕووداوانە وەڵامم دانەوە، کە سیاسەتی یەکێتی نییە.

بەڵام ئەوان بریندار بوون، هەندێک کادێریان لە سلێمانی و سنووری سلێمانی بە دەسیسەی ئێران شەهید کرابوون. ڕووم کردە هەڤالانی کۆنگرە و وتم برایانی خۆشەویست ئەوەی کە ئێوە دەڵێن خەڵکتان شەهید بووە، ڕاستە، بەڵام نە بە بڕیاری یەکێتی و نە بەخواستی ئێمەش بووە، خۆ ڕەنگە کەسێکی یەکێتی بەو کارە نامەردانەیە هەڵسابێ، بەڵام یەکێتی بێئاگایە و بڕیاری ئێمە نییە. ئەو کەسە خیانەتی کردووە و خۆی فرۆشتووە. لەلایەن برایانی حیزبی دیموکراتەوە هەندێک قسە کرا، بەڵام بە هێمنی و بە ئاشکرا قسەیان نەدەکرد. کەسێکی یەکێتی شۆڕشگێڕانی ئێران زۆر توند بوو، گەنج بوو. هەر ئەو کەسەی کە قسەی لەسەر یەکێتی کرد، کاتێک من لێپرسراوی مەڵبەندی ڕانیە بووم، مەگەر هەر خۆی و من بزانین چەند هاوکاریم کردوون لە پاراستنیان، هەتا هاوکاریی شتی تریش، کە لێرەدا ناوترێت. لام سەیر بوو ئەو برایە بە ناوی "...." ئەم قسانەی بەرامبەر بە یەکێتی دەکرد. هەوای ئەورووپا هەڵی گرتبوو، لەولاشەوە کەسانێکی تر تیژیان دەکرد کە دەمناسین. لەکاتی پشوودا ئەو برایەی قسەکانی کرد، وتی دەمەوێ لەگەڵت دانیشم، منیش

ڕەفزم کرد و وتم چۆن دەبێ تۆ لەگەڵ یەکێک دابنیشیت، بۆچوونت وابێ لەسەر حیزبەکەی، قبوڵم نەکرد و لەگەڵی دانەنیشتم.

ئەو کاتە ئەگەر کۆنگرە یەکێتیی تێدا نەبووایە، لاواز دەبوو. چونکی پێکاکا لای گرنگ بوو یەکێتیی تێدا بێ. منیش لەو زەمینەی ناو کۆنگرە وتم ئەگەر ڕازی نین، من دەڕۆم. بە زۆر لە هۆڵی کۆبوونەوەکان دایاننامەوە.

لە کۆنگرەدا هەندێک بڕیار لەسەر هاوکاریی هێزە کوردستانییەکان دژی تورکیا درا. چونکی لەوکاتەدا تورکیا لە سنووری شەڕەکان بە فڕۆکە پەلاماری هێزەکانی ئێمەی دابوو و زەرەری پێ گەیاندبووین. هەندێک لە هەڤاڵەکانم شەهید بووبوون وەک مامۆستا مەهدی ئامرهێز بوو، فەقێ حەسەن کاسکان ئامرهێز بوو، تەحسین کاوانی کادێرێکی پێشکەوتووی یەکێتی بوو و سەرتیپ بوو، زۆر خۆشم دەویست. پاش تەواوبوونی کۆنگرە گەڕامەوە بۆ هۆڵەندا.

## هاتنی مام جەلال بۆ لەندەن و چوونم بۆ لای

مام جەلال هات بۆ لەندەن، منیش چووم بۆ لای و لەوێ ڕۆژی ١٩٩٨/٦/١٠بینیم. پێکەوە قسەمان کرد. خۆشم پێشتر نامەم بۆ نوسیبوو بۆ کوردستان. لەوێ بڕیاری گەڕانەوەم دا بۆ کوردستان. مام جەلال هەر لەوێ لە لەندەن ئاگاداری هەڤاڵ ئەرسەلانی کرد کە لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستن بوو، ئەمری دەرکرد بە گەڕانەوەم بۆ لێپرسراوی مەڵبەندی ٨ی ڕاپەڕین لە ڕانیە. دیار بوو ئەو ماوەیە خەڵکی سنوورەکە و کادێرەکان باسی منیان کردووە، کە پێویستم بۆ ئەو سنوورە. ئەوەش یەکێک بوو لەو هۆکارانەی مام جەلال بڕیاری گەڕانەوەی بۆ دام وەک لێپرسراوی مەڵبەند. منیش گەڕامەوە بۆ هۆڵەندا

و لەوێ بەبێ دواکەوتن ناوی خوام لێهێنا. بلیتی فڕۆکەکەم لە ١٩٩٨/٧/٢٨دا بڕی و لە ڕێگەی ئێرانەوە گەڕامەوە بۆ کوردستان. پاش چەند ڕۆژێک بەرنامەم دانا و چوونم بۆ ڕانیە.

## چوونم بۆ مەڵبەندی ٨ ڕاپەڕین

لەگەڵ هەڤاڵانی مەڵبەندی هەشت کاتی ڕۆیشتنەکەمان دیاری کرد. ڕۆژی ١٩٩٨/٨/٤ لە سلێمانی کەوتمە ڕێ. هەموو کادێرەکان و خەڵکی ناوچەکەش بە پەرۆش بوون بۆ گەڕانەوەم وەک ڕێز و خۆشەویستییەک کە لایان هەمبوو، هەر لە بێستانەوە بۆ هێزۆپ و تاکو چوارقوڕنە و ناو شاری ڕانیە ئەمبەروئەوبەری شەقامەکان خەڵکی و هەڤاڵان وەستابوون و پێشوازییان لێکردم، سەدان سەیارەم لەگەڵ بوو. گەیشتمە ناو ڕانیە و چوومە سەربانی مەڵبەند قسەم بۆ ئامادەبووان کرد. سوپاسێکی بێپایانم کردن لە بەرامبەر دڵسۆزییان بۆ ڕۆڵەکەی خۆیان. لەناو چەپڵەڕێزان و شیعر خوێندنەوەدا توزێک بەرنامەی کاری خۆم بۆ باس کردن. مەراسیم تەواو بوو. منیش لە مەڵبەند کەوتمە سەر کاری خۆم.

## مەڵبەندی هەشتی ڕاپەڕین

چەند ڕۆژی یەکەم سەرگەرمی هاتنی خەڵکی و بەخێرهاتنەوە بووم لەلایەن خەڵکی سنووری سۆران و قەڵادزە و ڕانیە و شەقڵاوە و شوێنەکانی تر و کەسوکارەکانیشم لەو سنوورە. بۆ زانیاریی زیاتریش سنووری سۆران، حاجی هۆمەران، چۆمان لە ڕووی حیزبییەوە لەسەر

سنووری مەڵبەندی هەشت بوو. ئەو هەڤاڵانەی لە سلێمانییەوە لەگەڵم هاتن بۆ مەڵبەندی هەشت (شەوکەت حاجی موشیر، سەلاح چاوشین، مستەفای سەید قادر، عەبدولکەریم حاجی کاکە حمەی شەدەڵە، شێخ جەعفەر، ئاوات شێخ جەناب) بوون. زیاتر لە "٥٠٠" سەیارە هاتبوون بۆ پێشوازیم. لە چەند ڕۆژی یەکەمدا خەڵکی سنوورەکە و دائیرەکان بە کۆمەڵ دەهاتن بۆ بەخێرهێنانەوەم. لە سنووری هەولێر و سلێمانییش برادەران دەهاتن.

لەو ماوەیەی لە دەرەوە بووم، کۆمەڵێک هەڤاڵی خۆشەویستم شەهید بووبوون. یەکەم هەنگاوم ئەوەبوو سەردانی ماڵ و خێزانەکانیانم کرد، فەقێ حەسەن کاسکان، شەهید مەلا نەجم و مامۆستا مەهدی و ئەوانی تریش. ڕۆژێکیش چووین بۆ بەری مەرگە و سەردانی مەزاری شەهید عەبدولڕەحیم و شەهید شێخ محەمەد و دایکی شەهیدم (خدیجە حسێن) کرد، کە لە کاتی شەهیدبوونی لەوێ نێژرابوو، لە ئاوەژێ ڕەسوڵ قەندۆڵ. ڕۆژی ١٩٩٨/٨/١٠ چووم بۆ قەڵادزە و سەردانی ماڵی شەهیدانی تریشم کرد. سەردانی ماڵی شەهید فاقەم کرد کە لە قەڵادزە بوون، لەگەڵ ماڵی هەندێک لە دۆستەکان وەک حەمەی کانەبی ئاغا، مەلای مەحمود، بایز عباس ئاغا و شێخ سەدرەدین. چووم بۆ بوسکێن بۆ ماڵی شەهید بەکری فەقێ ئیبراهیم و شەهید دڵشاد.

لە سەردانەکانمدا گوێبیستی داوای خەڵکی سنوورەکە بووم. بۆ بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکانیان سەردانی کاک کۆسرەت و پارێزگاری سلێمانیم کرد. ڕۆژی ١٩٩٨/٨/٧ لە ڕادیۆی مەڵبەندەوە قسەم کرد و سوپاسی هەموو خەڵکیم کرد کە هاتبوون بۆ پێشوازیم و پەرۆشیان بووم. ڕۆژی ١٩٩٨/٨/١٨ هەر بۆ بەخێرهێنانەوە کاک شەوکەت و سەرحەدی خەلیفە یونس و محەمەدی حاجی مەحموودی هارونی و مارف ئاغای گەڵاڵی لەگەڵ مەڵبەندی شارەزوور هاتن. حسابی ئەمە بکە چەند لای خەڵکیت و دەیانەوێت.

## هاتنی مام جەلال بۆ ڕانیە

ڕۆژی ١٩٩٨/٨/٢٠ مام جەلال هات بۆ ڕانیە. لەگەڵ هەڤالانی مەڵبەند ئاکۆی عەباس ئاغا و شێخ مەزەفەر کاکی هیران چاوەڕوانیی مام جەلال و کاک کۆسرەتمان دەکرد بۆ ئەوەی پێکەوە بێن. بڕیارە لەگەڵیان بچین بۆ شێنێ، دەعوەتی کاک محەمەد وەتمان بوون. کە هاتن، دکتۆر کەمال فوئادیان لەگەڵ بوو. سەردانی ماڵی ڕەسوڵ حاجی شێخەمان کرد کە وەفاتی کردبوو، هەر هەمان ڕۆژیش گەڕانەوە بۆ سلێمانی. منیش چوومەوە بۆ مەڵبەند. ڕۆژانەش هەرچی کارێک بهاتایەتە پێشەوە، بە هاوکاریی هەڤالان جێبەجێمان دەکرد.

## گۆڕینەوەی دیلەکان

ڕۆژی ١٩٩٨/٩/١ زۆربەی هەڤالانی مەڵبەند چووین بۆ کۆیە. خەڵکی تریش زۆر هاتبوون. لەو هەڤالانەی سەرکردایەتی هەڤاڵ (جەبار فەرمان، عومەری سەید عەلی، سەعدی پیرە، کوردۆ قاسم، پارێزگاری هەولێر مامۆستا بەکر مستەفا و شاخەوان عەباس) مەبەستی دیدارەکەشمان گۆڕینەوەی دیلەکانی بەینی ئێمە و پارتی بوو. چلوچوار کەسی پارتی لای ئێمە بوو، لای ئەوانیش '١٦٧' دیل بوون. لەو ژمارەیە زۆربەیان پێشمەرگە نەبوون، گۆڕیمانەوە. ئەوانەی لای ئێمە ناسراوەکانیان (هەڵمەتە ڕەش، سەعید باویانی، کەمال زیوەیی) بوو. هەردوولا بە ڕێزێکی زۆرەوە پێشوازیمان لە دیلەکان کرد و لەگەڵ خۆمان هێنامانەوە. هەرکەسەش بۆ جێگەی خۆی. هەموو کاتەکان ئیش بوو، شەو و ڕۆژی نەبوو. ناوبەناویش سەردانی خەڵکیمان دەکرد. دریغیم نەدەکرد لە سەردانی کەسایەتییەکان.

ڕۆژی ١٩٩٨/٩/٦ برادەرێکی خۆشەویستم و کادرێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان "عەلی حاجی سەعید ڕەش" وەفاتی کردبوو، لە پرسەکەی بووم، لەگەڵیان چوومەوە ماڵەوە، خزمیشمان بوو. ناوبەناو لەگەڵ حیزبەکانی سنووری ناوچەکە چاومان بەیەک دەکەوت و لەسەر وەزعی ناوچەکە قسەو باسمان دەکرد. لەناو عەشیرەتی مەنگووڕدا کێشەیەک هەبوو لەبەینی جوتیارەکان و ماڵی بایز ئاغا، کە لە ئێرانەوە هاتبوونەوە. دەبوو چارەسەرێکیان بۆ بدۆزینەوە. ڕۆژی ١٩٩٨/٩/٥مان دیاری کرد بۆ ئەوەی کێشەی زەوییان بۆ چارەسەر بکەین. زۆر هەوڵمان دا بگەینە چارەسەر، بەڵام ماڵی بایز ئاغا و عەبدوڵڵای کوڕیان ڕازی نەبوون. هەردوولاشیان حەزیان بە ڕێککەوتن دەکرد، ئەو کاتە بۆمان چارەسەر نەکرا و بە قسەیان نەکردین. هەر لەو کاتانەی لە مەڵبەند بووم، کێشەی ترمان هەبوو، بەتایبەت شەڕی جەبهەکان.

### ڕێککەوتنی واشنتۆن لەسەر شەڕی ناوخۆ

ڕۆژی ١٩٩٨/٩/٨ ڕۆژێکی پیرۆزە، ڕادیۆی ئەمەریکا و لەندەن بڵاویان کردەوە کە هەردوو بەڕێز مام جەلال و کاک مەسعود بارزانی لەسەر دەستی ئەمەریکا و وەزیری دەرەوە "مادلین ئۆلبرایت"، ڕێک کەوتوون. بڕیاریان داوە بە زووترین کات پەرلەمانی کوردستان پێکەوە کۆببنەوە بۆ ئەوەی بڕیاری ئاشتی باشتر بچێتە پێشەوە. ئەم ڕێککەوتنەش لای کۆمەلانی خەڵکی کوردستان زۆر پیرۆزەو پشتیوانیی لێدەکەن. لای یەکێتی و پارتییش گرنگە بۆ ئەوەی لە کۆڵ ئەم شەڕە ببنەوە. چاوەڕوانیی گەڕانەوەی هەردوو بەڕێز دەکەین بۆ ئەوەی وردەکارییەکانی بچێتە مەیدانی ڕاستەقینەوە. ئەوەی گرنگ بوو، شەڕ کۆتایی هات. ئەمەش خواستی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و

دۆستەکانمان و پێشمەرگەشە. دیارە بەهۆی ئەو چەند ساڵەی شەڕ و کێشەی خەڵکی ئەرکێکی گەورەمان لەسەر بوو، بێکاری و بێئیشیی خەڵکیش لەولاوە وەستابێ. هەریەکەو داوایەکی هەبوو، ئەمە بێجگە لە ئیشوکاری حیزبی.

یەکێک لە کێشەکانی سنوورەکە ئەوەبوو کە پەیوەندیی عەشایەری وەک باقیی شوێنەکانی تر زاڵ بوو بەسەریدا، بگرە لێرە زیاتریش بوو. بچوکترین کێشە بووایە، خەڵکی خۆی دەبەست و داوای تۆڵەیان دەکرد، جا ئیتر هەق بێ یان ناهەق. لەبەر ئەو زروفەی هاتبووە پێشەوە، زۆر دڵی خەڵکمان ڕادەگرت بۆ ئەوەی لێمان زوویر نەبن، بەتایبەت شاورییەکان، چونکی هەموویان پێشمەرگەی یەکێتی بوون و ئازاری زۆریان بینیووە لە پێناوی یەکێتیدا و شەهیدی زۆریان داوە. منیش هەمیشە کارێکی وام دەکرد، کە بتوانین ئەوەی دێتە پێشەوە، چارەسەری بکەین. پەیوەندییەکی ڕۆحیی باشم هەبوو لەگەڵ خەڵکی سنوورەکە. ئێستاش هەروام، بۆ چارەسەری بچوکترین کێشە پرسوڕایان پێدەکردم و منیش بەشدریم دەکرد لە سوڵح و شایی و خۆشی و ناخۆشیدا. خۆم بە کەسێک لەوان دەزانی. بێجگە لەوەی پلەی کارکردنم گەورەترین پلەی حیزبی بوو و لێپرسراوی مەڵبەند بووم. بە حوکمی ڕابوردووی پێشمەرگایەتیم و خۆشەویستیم بۆیان بەبێ جیاوازی دەورێکی سەرەکیم هەبوو کە گوێیان لێدەگرتم. لەم ساڵانەی دواییەدا کە کاریشم لەوێ نەماوە، بەڵام پەیوەندیم نەپچراوە لەگەڵیان. ئەمەی من دەیڵێم بە سەرگوزەشت و تێپەڕبوون هەروا کارێکی ئاسان نییە، هیلاکی و ماندووبوونی زۆری ویستووە.

ئیشی ئێمەش لەم سنوورەی بەینی دەوڵەتان بێ کێشەو گیروگرفت نەبووە، هەر جارە بە هۆی کێشەیەکەوە سەرقاڵیان دەکردین. ئەو کاتەی من لەوێ بووم، سەرپەرشتیی هەموو کارەکانی میریشم دەکرد، چونکی ئەو سەردەمە حیزب سەرکردایەتی و ڕابەریی دەکرد.

لەوێش ئیشکردن شەوو ڕۆژی بۆ نەبوو، جاری وابوو لە نیوەشەودا بەئاگایان دەهێنای لە فلاَنە شوێن کێشە دروست بووە، شەڕ بووە و فلاَن کوژراوە. ئەمەش بێجگە لە بەرەکانی شەڕ، ئەگەرچی ڕێککەوتنی واشنتۆن مۆر کراوە. هەر لە یەکەم ڕۆژەوە پێشمەرگەکانی سەنگەری پێشەوەم کشانەوە بۆ ڕاستگۆیی و بۆ ئەوەی ئەم ڕێککەوتنە بچێتە مەیدانی کارکردنەوە. لە دڵیشەوە نەک هەر من، هەموو پێشمەرگە و کۆمەلاَنی خەڵکی کوردستان پێیان باش بوو. لەبەر ئەوەی شەڕ ماڵوێرانکەرە، هەموو ئێستا بەداخەوەین و بە غەدرێکی مێژوویی حساب دەکەین، هەردوولاشمان زەرەرمەند بووین. چاکترین کادیری سەربازی و سیاسیی هەردوولامان بوونە قوربانیی ئەم شەڕە. ئەوەی ئیشمان لەسەر دەکرد و بڕوامان پێبوو بۆ سەرکەوتنی ئەم ڕێککەوتنە، ئەوەبوو هەوڵ بدەین هەنگاوبەهەنگاو بچێتە پێشەوە. ئاسان نییە شەڕی چەند ساڵە و ئەم هەموو سەنگەرگرتنە لە ماوەی چەند شەو و ڕۆژ و مانگدا سارێژ ببێ، بەتایبەت لای خۆمان، مەڵبەندی هەشتی ڕاپەڕین ئازارەکانیمان چێشتووە. من دەرگام هەمیشە کراوە بوو لە مەڵبەند و لە ماڵیش. خەڵکی شاهیدی بۆ ڕاستیی قسەکانم دەدەن. قسەیەک هەیە دەڵێن لێپرسراوان کەس نابینن، من بەرپرسیارم لە کاری خۆم. ئەوە من نیم و واش ئیشم نەکردووە، دەرگام هەمیشە ئاوالا بووە، هەموو ئیشەکان ڕووی لە من بوو، چونکی بەرپرسیاری یەکەم بووم.

ئەو حیزبانەی کە لە سنووری مەڵبەند بوون، لەگەڵ هەڤاڵەکان سەردانمان دەکردن. بۆ نمونە کێشەی ئامرکەرتێکمان هەبوو بە ناوی "عوسمان مام ڕەسول". لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەدا سوارەی عەباس ئاغا و ئاکۆی عەباس ئاغا هاوکارییان کردین. کێشەکە لە دێی زارگەڵی بوو لەگەڵ ماڵی کاک ئەحمەد، کەسایەتییەکی ناوچەکە بوو. لەو ماوەیەی کارکردن پەیوەندییەکی توندوتۆڵمان هەبوو لەگەڵ فەرماندەکانی پێشمەرگە: (عەبدوڵلا بۆر، محەمەدی حاجی قادر، موحسین بایز، تۆفیق

کانی وەتمانی، مەحموود سەنگاوی، مەلا نەجم، سەلاح دیلمانی) و دەیان کادیری عەسکەری و سیاسی. بۆ یادی شەهیدەکانی سنوورەکە کە زۆر بوون، ڕۆژی ١٩٩٨/١٠/٣٠ یادمان کردنەوە و مەراسیمێکی گەورەمان بۆ ساز کردن. کەسوکاری شەهیدەکانیش چاویان تێوەبوو. من قسەم لەسەر خەڵکی ناوچەکە و خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگە شەهیدەکان و پاراستنی ڕێککەوتنی واشنتۆن کرد، باسی ئەوەشم کرد ڕێگە بە کەس نەدەین ئاژاوە بنێتەوە.

جارجارەش بۆ ڕێکخستنی کارەکانی خەڵکی لەگەڵ حکومەت دەهاتمەوە بۆ سلێمانی. ڕۆژی ١٩٩٨/١١/٢٦ لە قەڵاچوالان کۆبوونەوەی سەرکردایەتی کرا، ژمارەی بەشداربووان ٢٦ ئەندام بوو. کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە گرنگیی ڕێککەوتنی واشنتۆن و بە سەرپەرشتیی هەڤاڵ کۆسرەت بوو، مام جەلال لێرە نەبوو. ڕۆژی دواتر لە هۆڵی ڕۆشنبیری بە سەرپەرشتیی هەڤاڵ کۆسرەت، سەرکردایەتیی یەکێتی و وەزیرەکان و فەرماندەکان و مەڵبەندەکان بۆ ماوەی دوو سەعات کۆ بووینەوە و لەسەر هەمان تەوەری کار و خزمەتکردنی خەڵکی و ڕێککەوتنی واشنتۆن قسەمان کرد. هەروەک وتم، ڕانیە بێکێشە نەبوو، هەندێک پێشمەرگە تەقەیان کردبوو، بە پەلە گەڕامەوە و سجنم کردن، لێپرسینەوەی پێویست کرا بۆ بنبەستکردنی کێشەکە.

### هاتنی کاک کۆسرەت بۆ ڕانیە

ڕۆژی ١٩٩٨/١٠/٢٩ کاک کۆسرەت هات بۆ لامان. لەسەر شەقامەکان و شوێنە گشتییەکان جوانترین پێشوازیمان لێکرد. هاتنەکەی زۆر باش بوو. بڕیار بوو لە یادی شەهیداندا کاک کۆسرەت قسەیان بۆ بکات. دواتر پێکەوە چووین بۆ قەڵادزە. بەهەمان شێوە مەراسیمی پێشوازیکردن لەوێش بە جوانی بەڕێوە چوو و لە مزگەوتی گەورەی

فەلادزە قسەی بۆ خەڵکی کرد. لە گەڕانەوەش سەردانی ماڵی شەهید ئیسماعیل وەرتێ و کەسایەتییەکانی سنوورەکەمان کرد. سەردانی ماڵی حاجی قادری بۆڵی و ماڵی شەهید فەقێ حەسەنمان کرد. چووینە شکارتە و لەسەر مەزاری مەلا نەجم و هەڤاڵەکانی چەپکە گوڵمان دانا و لە بالیسان قسەی بۆ ئامادەبووان کرد. لە گەڕانەوەشدا سەردانی ماڵی ئەنوەر بەگی بێتواتەمان کرد. دوایش هاتینەوە دوکان لە ماڵی سەردانی کەسایەتی و سەرۆکی عەشایەری جاف کوێخا ئیسماعیل تەلانیمان کرد و شەویش لەوێ ماینەوە. خزمەتێکی جوانیان کردین، هەموو قسەکان لەسەر پێکەوەژیان و تەبایی و برایەتی بوو کە بیپارێزین. یەکێک لەو شتانەی خەڵکی ناوچەکە حسابیان لەسەر دەکرد، بەسەرکردنەوەیان بوو. منیش لەو ڕووەوە کەمتەرخەم نەبووم، خەڵکی خۆیان شاهیدن. بەتایبەت لە هەموو پرسەکانیاندا بەشدار دەبووم. جیاوازیم نەدەکرد کێیەو کوڕی کێیە، جیاوازیم لە بەینی هەژارو دەوڵەمەندا نەدەکرد، بە واجبی خۆم دەزانی وەک برا و کەسوکار سەردانیان بکەم و بچم بە دەمیانەوە. خۆ ئەگەر سەردانی پرسەکان بنووسم، پەرتوکێکی دەوێ. جارجارەش دەعوەتیان دەکردین.

خزمەکانی سەردەشت و ناسیاو و دۆستان دەهاتن و لام دەمانەوە. خەڵکی کوردستانی ئێرانیش زۆر دڵخۆش بوون بەم وەزعە و ئازادیی کوردستان، بە هی خۆیان دەزانی. هەمیشە قسەوباسیان ئەوەبوو تەبایی و برایەتی بپارێزین و نابێ ڕێگە بدرێ درز بکەوێتە بەینمانەوە. جارجارە گلەییان لێدەکردین لەبەر پەرۆشیمان بۆ سەرکەوتنی ڕێککەوتنەکە لە کاتێکدا بەرامبەرەکەمان بێدەنگە. من یەکێک لە کارەکانم ئەوەبوو ئەوەندەی بۆم بکرایە، سەردانی ماڵە شەهیدەکانم دەکرد، ڕۆژی ١٩٩٨/١١/١٥ سەردانی ماڵی شەهید عەزیز و شەهید عەلی وەیسی و شەهید محەمەد سوڵتانم کرد، منەتیشی تێدانییە، لەسەرمان واجب بوو. ڕۆژانە دەڕۆیشتم، سنوورەکەشمان هەمووی مینڕێژ

کرابوو، سەردانی شێتیمان کرد بۆ ماڵی محەمەد ڕەسوڵ حاجی شێخە، باوکی پیاوێکی دڵسۆز و پێشمەرگەیەکی چاک بوو، وەفاتی کردبوو، هەروەها خزمێکی محەمەد وەتمان مین پێیدا تەقی بۆوە و شەهید بووبوو. لە سەردانەکان هەر خۆم نەبووم، هەڤالانی جێگر و کارگێڕەکانم لەگەڵ بوون، چەند کێشەیەک هەبوو، "هەمزەی مام ئیبراهیم" کوژرا بوو. لەگەڵ کاک عەبدوڵڵا بۆر چارەسەرمان کرد.

سەردانی ماڵی مەحموودی کوێخا حەمە ئەمین شیلانەییم کرد، پیاوێکی تێکۆشەر بوو. سەردانی چەندین کەسایەتی تریشم کرد، وەک سوارەی ئیسماعیل ئاغای بلباس کە خۆی و کەسوکارەکانیان زۆر بەخزمەت و دڵسۆز بوون.

سەردانەکانم حسابی لەسەر دەکرا، ئەو خەڵکەش کەموزۆر مەینەتییەکی زۆریان دیووە لە پێناوی خزمەتی پێشمەرگە. دەستەڵات ڕەحمی نەکردووە. پریشکی ئاگری ڕژێم هەموو لایەکی گرتۆتەوە، کەم کەس هەیە خۆشەویستترین کەسی نەکردبێتە قوربانی لە پێناوی ئەم ئازادییەدا، ئەگەر کوڕی نەبووبێ، خزم و کەسوکاری بووە. حیزبەکانیش سەردانیان دەکردین. ڕۆژی ١٩٩٨/١١/١٤ لە بزووتنەوەی دیموکراتیخوازان مامۆستا بەهادین نووری و مەلا حاجی خەڵکی ڕواندز هاتن بۆ لام بۆ مەڵبەند و لەسەر وەزعی ناوچەکە قسەمان کرد. سەردانی گوندەکانی زەنگلان و مەمکانمان کرد. لەگەڵ محەمەد وەتمان چووین، مەلا عەبدوڵڵا زەنگل لەوێ بوو، ماتۆڕی ئاویان بۆ دانرابوو. ڕۆژی ١٩٩٨/١١/١٩ لەگەڵ عەشیرەتی بۆلی چووین بۆ لای کاک کۆسرەت بۆ هەندێک پێویستی بۆیان جێبەجێ بکرێ.

## گرتنی عەبدوڵلا ئۆجەلان

ڕۆژی ١٩٩٩/٢/١٦ هەندێک لە خزمەکانی سەردەشتم هاتبوون و لە ماڵی خۆمان بووین لە ڕاینە. کاتی نانی نیوەڕۆ ڕادیۆمان کردبۆوە. لە دەنگوباسەکاندا بڵاوی کردەوە عەبدوڵلا ئۆجەلان لە "کینیا" گیراوە و ڕەوانەی تورکیایان کردۆتەوە، پاشان دەرکەوت بە فیتی و بەرنامەداڕێژراوی چەندین دەوڵەت بووە. تورکیا و ئیسرائیل و ئەمەریکا و دەزگا جاسوسییەکانی وڵاتی کینیا و وڵاتانی تریش بەشدارییان لەو پیلانگێڕییەدا کردووە. ئەمە بووە هۆی ئەوەی دڵی هەموو کوردێکی بەشەرەف تەنگ ببێت، چونکی کوردێک گیراوە، کە سەرکردایەتیی جوڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕانە دەکات بۆ ڕزگاربوونی گەلەکەی و نیشتمانەکەی، داوای حەقی خوراوی میللەتەکەی دەکات. لە وڵاتی تورکیادا بچوکترین ماف کە قسەکردن بوو بە زمانی دایک، پێشێل کرابوو. کورد نەیدەتوانی بە زمانی دایک قسە بکات و بڵێن ئێمەش کوردین. تورکیا ئەمەی بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ خۆی لە قەڵەم دا. هەموو وڵاتان و ئاژانسەکان باسیان دەکرد. بەڵام لە سەرانسەری کوردستاندا هیچ کەسێکی بەویژدان نەبوو ماتەم داینەگرتبێت. هەر لە ماڵی خۆمان کە خزمەکانی سەردەشتم لابوون هەموویان گریان. لە ڕاستیدا تەنیا عەبدوڵلا ئۆجەلان نەگیرابوو، هەموو کورد گیرابوو. غەدرێکی گەورە بوو و بە هاوکاری دەوڵەتانی زلهێز بۆ سەرکوتکردنی گەلی کورد لە کورد و مێژووکەی کرا.

لەسەر گرتنی عەبدوڵلا ئۆجەلان لە هەموو ماڵێکی کورد پرسە بوو. لە سنووری مەڵبەندی هەشتی ڕاپەڕین و سنوورەکە بارەگاکانی پەکاکای لێیە، کۆنە بارەگاکانی یەکێتیی نیشتمانی لەوێن، کاتی خۆشی ساڵی ١٩٩٢ من لە خواکورک بووم، ئەوێمان بۆ دانان. ئەم وەزعەی ئۆجەلان دنیای هەژاند بەتایبەت کوردی ئەوروپا و تورکیا. هەندێک لە حیزبە بچوکەکان و چەند ڕێکخراوێک ویستیان لە ڕانیە ڕێپێوان بکەن،

ڕێگریمان لێنەکردن. هەولْیان دا، بەلاّم کەسیان پێ کۆنەکرایەوە. ئاشکرێ لەسەر ئەم تاوانە گەورەیە دانیشین و تەماشاکەر بین.

لەسەر ئەو مەسەلەیە نامەیەکم بۆ "مام جەلال" نووسی بۆ ئەوەی خۆمان شتێک بکەین. هەمان ڕۆژ وەلاّمی دایەوە و نووسیبووی چیتان پێ باشە بیکەن. منیش لەگەڵ هەڤالانی مەلْبەند بەرنامەیەکی باشم بۆ دانا. هەموو ئارم و نووسینەکانی سەر لافیتەکان کە لە ڕێپێوانەکەدا هەلْگیرابوون، من شەو حازرم کرد و لە مەلْبەند نووسران. خەلْکی سنوورەکەمان ئاگادار کرد، لە فەرمانگەکان و قوتابخانەکان گەورەترین ژمارە و قەرەباڵغیمان ساز دا. بەلاّم خۆم لە پشتی پەردەوە بووم. کادیرەکانی خۆمان هەموو بەشدار بوون، خۆشم لە بارەگای مەلْبەند مامەوە و لە پەنجەرەکانەوە تەماشام دەکرد، دیارە ئەمەش حساباتی لەسەرە. لەبەر وەزعی خۆمان و تورکیا، دەبوایە کارێک نەکەین دوایی بیدەنەوە بە چاوماندا، چونکی ئەو کاتە وای دەخواست. هەموو شاری ڕانیە بە گەورە و بچوکەوە بەشدار بوون بەرامبەر تورکیا. لافتەکان و نووسینی سەر لافیتەکان هەمووی دژی تورکیا بوو و دەوڵەت و لایەنانە بوو کە هاوکارییان کردوون. ئەمەش وەزعی نەفسیی خەلْکی باشتر کرد. لە داخوازییەکاندا داوای ئازادکردنی ئۆجەلانیان دەکرد، ئەو کاتەش لە یەکەم ڕۆژەکاندا ترسی ئەوەمان هەبوو لە سێدارەی بدەن، جولاّنەوەیەکی میللیی گەورە لە کوردستان و دەرەوە و ئەورووپا دروست بوو. ئەوە بۆ ماوەی دەساڵ زیاتر دەچێ لە نووسینەوەی ئەم بیرەوەرییە هێشتا لە زیندانە، بەلاّم جولاّنەوەکەشیان بەردەوامە و حەقی خۆشیانە. ئەوەندەی پێمان پێکرا، بۆمان کردن.

**گەڕانەوەی مام جەلال لە واشنتۆن**

بڕیار بوو هەڤاڵانی مەکتەبی ڕێکخستن ڕۆژی ١٩٩٨/١١/٢٦ کۆبوونەوەیەک بکەین بۆ ئەوەی لە کاتی گەڕانەوەی مام جەلالدا لە واشنتۆن بەرنامەیەک دابنێین. منیش گەڕامەوە بۆ مەڵبەند لە ڕانیە و لەگەڵ لێپرسراوی کۆمیتەکان کۆبوومەوە بۆ ئەوەی لە گەڕانەوەی مام جەلال بەشدار بین. هەر لەوێش سنووری ڕاوەستان و جێگەیان بۆ دیاری کرا.

ڕۆژی ١٩٩٨/١١/٣٠ مام جەلال گەڕایەوە، کۆمیتەکانی مەڵبەندی هەشت لە حاجی هۆمەران، قەڵادزە، ڕانیە، دوکان بناری کۆسرەت، بناری ئاسۆس، ڕواندز و چۆمان، شەقڵاوە هەموو بەشدار بووین. سەعات یەک و نیو مام جەلال گەیشتە دەروازەی سلێمانی، پێشوازییەکی زۆر جوانمان لێکرد. هەموو شاری سلێمانی هاتبوون. ئەم پێشوازییەمان زۆر بە لاوە گرنگ بوو، بێجگە لەوەی مام جەلال هاتۆتەوە، لەگەڵ کاک مەسعود بارزانی ڕێککەوتنی واشنتۆنیان بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ واژۆ کردووە. ئاشتی خواست و ویستی خەڵکی کوردستان بوو، لەبەر ئەوە ئێمە لای خۆمانەوە زۆر بە گرنگمان زانی و کەمتەرخەم نەبووین.

وەک کاری مەڵبەند ڕۆژێکمان دیاریمان کردبوو بۆ سەردانی بناری کۆسرەت و دێی خدران، کە ئێستا ناحیەیە. ئەوی تریشیان لە قەڵادزە لەلای خزمانی هیرۆییەکان. سەردانی هەدووکمان کرد و بە پەلە گەڕاینەوە قەڵادزە بۆ "پێماڵک". سەردانی ماڵی شەهید مام جوتیاریشم کرد. کارەکان زۆر بوون و فریاکەوتنیان ئاسان نەبوو.

هەر لەو ڕۆژانەدا ١٩٩٨/١٢/١٣ بەڕێز هەمزە عەبدوڵلا وەفاتی کردبوو، کەسێکی تێکۆشەری کوردستانی تورکیا بوو، بەلام هەموو ژیانی لە پێناوی کوردستانا سەرف کرد. لە سەردەمێکدا سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، ڕۆژی ١٩٩٨/١٢/١٤ لەگەڵ هەڤاڵانی مەڵبەند چووین بۆ پرسەکەی. پاش پرسەکە چووین بۆ ماڵی "سیروان ڕەمزی فەتاح" کە خزمیان بوو.

**گواستنەوەم بۆ مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانی و کوردستانییەکان**

ئەوەندەی لە مەڵبەندی ڕێکخستنی هەشتی ڕاپەڕین بۆم کرابێ، بە دڵسۆزی و گیانی لەخۆبردووییەوە جێبەجێم کردووە، زۆریش ماندوو بووم لەو پێناوەدا. ڕۆژێ لە ڕۆژان بیرم لە قازانجی خۆم نەکردۆتەوە چ لە ڕابوردوو و چ ئێستاشدا. کە لە مەڵبەندی هەشت بووم، شەو و ڕۆژ وەک یەک وابوون بە حوکمی شوێنی کارکردنم. ترسیشم لە هیچ نەبوو، چونکی هەرچییەکم کردبێ، بۆ قازانجی خەڵکی ناوچەکە و سەرکەوتنی میللەت و یەکێتی بووە. لەو پێناوەشدا ڕەنگە پیاو تووشی هەڵە بووبێ، بەڵام لە ڕووی دڵسۆزییەوە بووە. بۆ خزمەت بووە. ئەوەی دەیڵێم بەجێی دەهێڵم بۆ خەڵکی ناوچەکە و سنووری کارکردنم لە پشدەر و بتوێن و ئەو هەڤاڵانەی کارم لەگەڵدا کردوون لە جێگرەکان و ئەندامانی مەڵبەندو کۆمیتەکان، با خۆیان شاهیدی بدەن.

پاش بڕیاری گواستنەوەم چەند ڕۆژێ لەو سنوورە مامەوە، سەردانی کۆمیتە و هەندێک لە خەڵکی دیار و ناسراوی ناوچەکەم کرد و خواحافیزیم لێکردن. داوای لێبوردنم لێ کردن ئەگەر لە مەیدانی ئیشکردنا کەمتەرخەمیم بووبێ یان هەڵەیەکم کردبێ. دیارە کە منیش لە مەڵبەندی هەشت نەمام، کەسێکی تر لە هەڤاڵان دەبێ بێتە جێگەی من. بڕیار درابوو هەڤاڵ "عوسمان حاجی مەحموود" بێت.

ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٥ هەڤاڵ ئەرسەلان بایز و مستەفای سەید قادر و خۆم لەگەڵ هەڤاڵ عوسمان لە سلێمانییەوە چووین بۆ ڕانیە. پێش چوونیشم بۆ ئەوێ بەرنامەم بۆ دانابوو، پێشوازییەکی گەرممان لێکرد، خەڵکی و کادیرەکان لە شەقامەکان ڕاوەستابوون.

## کارکردنم لە مەکتەبی پەیوەندییەکان

پاش ئەوەی دەستم کرد بە کاری پەیوەندییەکان لەگەڵ هەموو حیزب و لایەنە عەرەبی و کوردی و تورکییەکان، چونکی ئەو حیزبانەی ئێستا لە بەغدا دەسەلاتیان هەیە، ئەو کاتە هەموویان لە سلێمانی بارەگایان هەبوو. پەیوەندیی ڕۆژانەمان هەبوو لەگەڵیان، پاش سەردان و هاتنی ئەوان بۆ پیرۆزبایی و یەکترناسین، منیش سەردانی هەموویانم کردەوە، هەروەها لەگەڵ پیکاکاش، کە سووکەجێگەیەکیان هەبوو و نوێنەرەکەیانم دەبینی.

## چوونم بۆ قەندیل و هێنانی عوسمان ئوجەلان بۆ سلێمانی

لەبەر ئەوەی لێپرسراوی پەیوەندییەکان بووم، ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/٢ لەسەر بڕیاری مەکتەبی سیاسی ڕۆیشتم بۆ قەندیل. لە ساڵی ١٩٩٢ لە دوای شەڕەکانی خواکورک لەگەڵ عوسمان ئوجەلان "فەرهاد" بەیەک ئاشنا بووین. کێشەیەکمان هەبوو، ڕۆیشتم بۆ قەندیل بەدواییدا بۆ ئەوەی بە نهێنی قسەی لەسەر بکەین. پێکاکا نوێنەریان لە سلێمانی هەبوو. لەگەڵم هات و چووینە شوێنی دیاریکراو، لەگەڵ خۆم عوسمانم سواری سەیارە کرد و هاتینە سلێمانی بۆ ماڵی خۆمان. پاش پشوودانێک چووینە ماڵی هەڤاڵ جەبار فەرمان. شەوی کاک جەبار و عومەر فەتاح و خۆم لەگەڵیان دانیشتین. ئەویش "کانی یەڵماس" و کەسێکی تری لەگەڵدا بوو. ماوەی دوو سەعات زیاتر کۆبووینەوە و لەسەر وەزعی خۆمان و ئەوان قسەمان کرد. پێمان وتن تورکیا زەختێکی زۆری لەسەر دروست کردوین. ئێوەش مادام لەم وڵاتەن، دەبێ هاوکارمان بن بۆ چارەسەرکردنی، ئەم پەیوەندییەش هی شاردنەوە نییە و بایی ئەوەندە زانیارییان هەیە پێی بزانن. با بۆ

مێژووش ئەم ڕاستییە بڵێم بۆ ئەوەی نەوەی نوێ و ئەوانەش کە بێئاگان، بزانن ئێمە یارمەتیی زۆرمان دەدان و هاوکاریمان دەکردن، بۆ نموونە لە سلێمانی نەخۆشخانەیەکی تایبەت و نهێنی هەبوو بۆ نەخۆش و بریندارەکانیان و چەند خانوییەکیان هەبوو، کە وەک بارەگا بۆ کاری خۆیان بەکاریان دەهێنا. من هاتوچۆم دەکردن.

ئەوان لە ڕێگەی مەخموورەوە، کە ئەو کاتە لە ژێر دەسەلاتی ڕژێمدا بوو، دەهاتنە چەمچەماڵ، بە تایبەتی بریندارەکانیان. لە چەمچەماڵیش ئەندام کۆمیتەیەکی خۆمانم پێ ناساندبوون تا کارئاسانییان بۆ بکات. بە شەو لە چەمچەماڵەوە دەڕۆیشتن بۆ قەندیل. بە ڕێگای تریشدا دەڕۆیشتن. دواجاریش لە خەستەخانەیەکی قەڵادزە بە نهێنی و لەسەر ئەرکی خۆم بەشێکم بۆ جیا کردبوونەوە بۆ ئەوەی خەڵک نەیانبینێ.

بە ئاگاداریی ئێمە لە قوپی قەدەداغ پێشمەرگە و بارەگایان هەبوو. جا با بێمەوە سەر کۆبوونەوەکەی ماڵی هەڤاڵ جەبار فەرمان. لەبەر ئەو هەموو زەحمەتەی لە سەرمان بوو، لە کۆبوونەوەکە داوامان لێکردن و تکامان لێکردن هەرچۆنێک بێت، کێشەمان بۆ دروست نەکەن. خۆ ڕۆژانەش پێویستیی خۆیان لە قەڵادزە و ڕانیەوە بۆ جێبەجێ دەکرا. ئێمەش ئاگادار بووین و دەمانزانی. لەسەر کۆمەڵێک باسوخواسی ئەو ڕۆژە قسەمان کرد و پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەکە هەر ئەو شەوە چوونەوە بارەگای خۆیان. خۆشم لەگەڵیاندا چووم.

هەڤاڵ جەبار فەرمان کەسێکی ئەمینی لابوو و ناوی "مامۆستا عرفان" بوو، منیش لە ڕابوردوودا دەمناسی و کادێر بوو. بۆ ڕۆژی دوایی لەگەڵ هەندێک پێشمەرگە داواکرا لەگەڵمدا بێت بۆ بردنەوەی "عوسمان ئۆجەلان". ڕاستییەکەی منیش ئەوەم لەیەک دایەوە نەک لە ڕێگە تووشی شتێک ببین. چونکی پێشتر زانیاری لەسەر "شەمدین سوکاک" کۆکرابۆوە، هالیکۆپتەری تورکی دابەزیبووە سەری و ڕفاندیان، زیاتر لەبەر حورمەت و ناوبانگی خۆم و یەکێتی لە

سلێمانییەوە لەگەڵ سەیارەکەی خۆم سوارم کرد تاکو گەیشتینەوە لای بناری قەندیل، ئەو جێگەیەی خۆی وتی بەسەو ئیتر من گەڕامەوە. تاکو بناری قەندیل سێ جار سەیارەکەم گۆڕی، چونکی ئەگەر شتێک بووایە لە بابەتی "شەمدین سوکاک"، کراسی قورئانمان لەبەر بکردایە هەر دەیانوت دەسیسەی خۆیان بووە. ئێمەش تۆزێک زەختمان لێکردن کە نابێ بە ئاشکرا شتتان بۆ بێنن، چونکی سیخوڕی تورک ڕۆژانە زانیارییان دەداتێ.

جارێکی تریش هەر لە سلێمانی لەگەڵیان کۆبووینەوە لەماڵی کاک "جەبار فەرمان"، کە نوێنەریان "کانی یەڵماس و سینان" بوو، لای ئێمەشەوە (من و عومەر سەید عەلی و محەمەد تۆفیق ڕەحیم) ئەم جارەیان بۆ ئەوەی داوایان لێبکەین، لە سلێمانی بارەگاکانیان چۆڵ بکەن. لەسەر ئەم داوایەش هەردوولا قسەی زۆرمان کرد.

نانی ئێوارەمان لە ماڵی جەبار فەرمان خوارد، کۆبوونەوەکە سێ سەعاتی خایاند. وتیان ڕۆژی یەکشەممە وەڵامتان دەدەینەوە، هەر لەسەر کارئاسانی و پەیوەندیمان و لەسەر ڕۆشنایی کۆبوونەوەکە نوێنەرەکەیان کە ناوی "ڕودی" بوو، لەگەڵ ئەندامێکی مەکتەبی پەیوەندییەکاندا ناردم بۆ ڕانیە بۆ لای هەڤاڵ عوسمان حاجی مەحموود کە لێپرسراوی مەڵبەندی هەشت بوو، بۆ ئەوەی خەستەخانەکەی قەڵادزە بەشێکی چۆڵ بکەن بۆ نەخۆش و بریندارەکانیان بۆ ئەوەی خەڵکی نەیانبینێ.

## چوونی من و هەڤاڵ عومەر شێخ موس بۆ لای عوسمان ئۆجەلان

هەڤاڵ عومەر شێخ موس لە سوید هاتبۆوە. لە ڕابوردوودا ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، کەسایەتییەکە لە تێکۆشەرەکانی گەلی کورد. لە ڕابوردووش پێش ئەوەی یەکێتی دروست ببێت، لە ئەورووپا کەسێکی چالاک بووە بۆ خزمەت گەلی کورد، کەسایەتییەکی ناسراویشە، داوای لێکردم لەگەڵی بچم بۆ لای عوسمان ئۆجەلان لە قەندیل. بۆ ئەم سەفەرە بەرنامەمان دانا. من بە حوکمی ئەوەی لێپرسراوی پەیوەندییەکانم و سنووری پشدەر هەموویان دەناسم، ڕۆژی ١٩٩٩/١٢/١ بەیانی زوو بەڕێ کەوتین بۆ جێگەی مەبەست. چووینە دێی "شێخان". عوسمان ئۆجەلان هات و ماوەی دوو سەعات لەگەڵی دانیشتین، ئەم سەفەر و سەردانەمان بۆ هەمان مەبەستی هێورکردنەوەی بەینی یەکێتی و پەکاکا بوو، کە ماوەیەک بوو گرژیی تێکەوتبوو، قسەکان لەسەر ئەو باسانە بوو، کە وابکەین تووشی شەڕمان نەکەن، ئەگینا هەردوولا زەرەرمەند دەبین. بۆ ئێوارە گەڕاینەوە بۆ سلێمانی. کاک عومەر سوپاسی کردم کە لەگەڵی ڕۆیشتووم و کارئاسانیم بۆ کردووە.

من و مامۆستا چەتۆ حەویزی لەبەر ئەوەی هەردووکمان لە مەکتەبی پەیوەندییەکان بووین، لە هەوڵی ئەوەدا بووین لە سلێمانی جێگەیەکیان بۆ پەیدا بکەین. بە هاوکاریی وەستا عەبدول کە لێپرسراوی پێشمەرگەکانی لای خۆم بوو، جێگەیەکمان بۆ پەیدا کردن بۆ ئەوەی بە نهێنی تێیدا بن و نەیەن بۆ مەکتەبی پەیوەندییەکان، چونکی لە دەرەوەی مەکتەب هەواڵ بڵاو دەبۆوە. باسی ئەوەش هەبوو لەلایەن تورکەوە چاودێری بکرێن. خۆشم جارجارە سەردانی ماڵەکەیانم دەکرد.

## شەڕی دێی ئاڵی ڕەش

پێشمەرگەکانی یەکێتی لە دێی "ئاڵی ڕەش" دەبن لە سنووری پشدەر، بێ ئەوەی هیچ شەڕێک لە بەینا بووبێ، پەکاکا پەلاماریان دابوون و ئەمانیش ئاگایان لە خۆیان نەبووە. زیاتر لە دوانزە پێشمەرگەیان شەهید کردبن، ئەمە کارێکی زۆر ناخۆش و شەرفرۆشتن بوو، دوای ئەمەش لەیەکی بدەنەوە ئەوە بکەن چی ڕوو دەدات. چەندین جار تورکەکان داوایان کردووە کە پەکاکا لەو ناوەیە و دەریان بکەین، ئێمە وتوومانە لەلامان نین و لەسەر سنوورن، دەیان شێلەوبیلەمان بۆ هێناونەتەوە. کەسێکیان هات بۆ لام بە ناوی "ئادەم" بۆ ئەوەی جێگەیان بۆ دیاری بکەین، هەر بەردەوام بووین. بە وریای کارمان لەسەر دەکرد.

مامۆستا باپیر لە مەکتەبی پەیوەندییەکان بوو. جارێکیان هات بۆ لام و وتی تورکەکان بەنیازن بێن سەردانی ناوچەکە بکەن، من هەڤاڵ "سەلیم حەمە ئاغا"م بانگ کرد کە لێپرسراوی پێشمەرگەکانی پشدەر بوو، بەداخەوە بە نەخۆشی وەفاتی کرد. وتم بچۆ ئاگاداریان بکە لەو جێگەیانە نەمێنن و دیار نەبن، جموجۆڵیان نەمێنێت. ئەوەم جێبەجێم کرد، بزانین چی دەبێ. هەر هەمان ڕۆژ مامۆستا عەزیز و مامۆستا باپیر لای برادەرانی پەکاکا بوون و هاتنەوە. ڕێکمان خستبوو لەگەڵیان چی بکەن.

ڕۆژی ١٩٩٩/٥/١١ تورکەکان لەگەڵ دکتۆر خەسرەو گوڵ محەمەد هاتن و ڕۆیشتن بۆ ئەوێ، بەڵام من پێشتر پێم وتبوون ئێمە پەیوەندیمان نییە لەگەڵیان و ئەوان لەم سنوورە نین، لەسەر مەرزی ئێرانن، دەسەڵاتمان نییە بەسەر ئەو ناوچانەوە، بەڵام برادەران گێڕایانەوە کە چووبوون و کەرەستەی پێشکەوتوویان پێبووبوو، دەیانزانی لە کوێن، بڕوایان بە قسەکانی من نەکرد.

جارێکی تریش لە ١٩٩٩/٢/١٦ دکتۆر خەسرەو لەگەڵیان هاتەوە، بۆ هەمان مەبەست ڕۆیشتن بۆ بناری قەندیل و گەڕانەوە. ئەوەی ئێمە

بۆمان باس دەکردن، هەر بڕوایان پێی نەبوو، چونکی خۆیان شوێنەکانیان لەسەر نەخشە دەزانی.

دیمەوە سەر شەڕی دێی 'ئاڵی ڕەش'. پاش شەهیدکردنی دوانزە پێشمەرگەکە ئیتر ئەمبەروئەوبەرمان لەیەک گرت و شەڕ دامەزرا، کە خۆشمان بۆ ئامادە نەکردبوو و چاوەڕوانی نەبووین. لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی و م.س ئەو هەڤاڵانەی کە پێویست بن، کارەکانیان بەسەردا دابەش کرا، ئەو کاتە من لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکان بووم، بەڵام دەبێ دیار بم و لەوێ وجودم هەبێ. جەبهەکانمان بەربڵاو بوون.

### دانانی بارەگای سەنگەسەر وەک ژووری ئیشکردن

ئەوانەی کە کارەکانمان پێسپێرابوو لەوێ کۆ بووینەوە. هەڤاڵ جەبار فەرمان لێپرسراوی هەمووی بوو، سەردانی سەنگەرەکانمان کرد، سەردانی کورتەکمان کرد لای دۆڵی شەهیدان، دوایی هاتینەوە ڕانیە و لەوێشەوە بۆ 'زینوی وەرتێ'. تەماشای سەنگەرەکانی خۆمان کرد و پێکاکاشمان کرد کە لە یەکەوە نزیک بووین. دوایی گەڕاینەوە بۆ چوارقوڕنە بۆ لای مام جەلال کە لە سلێمانییەوە هاتبوو، خۆی بارەگایەکی هەمیشەیی هەبوو لەوێ. لەگەڵ مام جەلال سەعاتێک کۆبوونەوەمان کرد، هەرکەسەو لای خۆیەوە وەزعی جەبهەکانی بۆ باس کرد و بەرنامەمان دانا بۆ ئەوەی پێکاکا دوور بخەینەوە.

لەسەر ئەم باس و ئاڵوگۆڕی ڕەئیە بووین بە دوو بەشەوە بۆ سەرپەرشتیی کارەکان. یەکەم جەبهەکانی کورتەک و هێزەکانی گەرمیان هەڤاڵ جەبار فەرمان لەگەڵیان بێت. ئێمەش گەڕاینەوە بۆ سەنگەسەر. لەگەڵ کاک فەرەیدون عەبدولقادر و لیوا خەلیل دۆسکی

سەردانی سەنگەرەکانی کوزینەمان کرد بۆ ئەوەی بەرچاومان ڕوون بێت و بەرنامەی خۆمان دابنێین. ئەو هێزەی کە لە جەبهەی کوزینە بوو، ئەم هەڤالانە بوون. ١- بورهان سەعید سوفی ٢- هەرێم کەمال ئاغا ٣- سیامەندە سوور ٤- عوسمان بانی مارانی ٥-جەلال ئیلنجاغی. قسەمان لەگەڵیان کرد لەسەر ئەوەی هاتوتە پێشەوە. هەر شەویش گەڕاینەوە بۆ سەنگەسەر. ڕۆژی ١٢/٢ من و فەریدون عەبدولقادر و لیوا خەلیل دۆسکی و مامۆستا عەزیز گەڕاینەوە بۆ ڕانیە. فەریدون عەبدولقادر دەربارەی ئاڵوگۆڕی وەزعەکە قسەی بۆ کردین.

دوای چووین بۆ پشتی قەڵادزە بۆ سەنگەرەکانی "جۆلانە" بۆ لای هەڤاڵ محەمەد وەتمان و لەگەڵ فەرماندەیی ئەوێ قسەمان کرد. ئەم هەڤالانە لەوێ بوون ١- لەتیف حاجی فەرەج ٢- تەها کانی بەردی ٣- حاجی مام عەلی لە مامەندە بوو، "فاتح حەمەڕەش"یش لەوێ بوو، بۆ ئەوەی ئەوانیش خۆیان بەرنامە دابنێن و خۆیان قایم بکەن. سەعات چوار گەڕاینەوە. هەڤاڵ جەبار فەرمان هات و تفەنگێکی قەناسی بۆ هێنام. هێشتا شەڕ لەلای ئێمەوە دەستی پێنەکردووە. ئەم هەیئەتەی ئێمە لە سەنگەسەر بووین، هەڤاڵ فەرەیدون عەبدولقادر و من خۆم و خەلیل دۆسکی بووین. کارەکانی خۆمان جێبەجێ کرد و بەرچاومان ڕوون بوو. دوایی گەڕاینەوە بۆ لای فەوجی شێنێ و سێوەیس. هەر هێزەو جێگەی خۆی پێسپێردرا.

ڕۆژی ٢٠٠٠/١٢/٤ شەڕ دەستی پێکرد و لە جەبهەی شاخی "زێڕنەکیوی" لای "ماخوبزنان" چاومان لە ئاگری شەڕەکە بوو، چاوەڕوانی ئەنجام بووین، لە جەبهەکەش هەڤاڵ مستەفای سەید قادر، عەدنانی حەمەی مینا، موحسین بایز، محەمەدی حاجی قادر، عوزێر فەقێیانی و نازم کەرکووکیی لێبوون، باش چووبوونە پێشەوە و سەیتەرەیان کردبوو بەسەر جادەی ئێندزێدا.

**شەڕە گەورەکەمان لە بناری قەندیل لە جەبهەکەی کورتەک**

ئەگەرچی بناری سوورە دێ و سلێ و پۆڵێ زۆر دوور بوون، بەڵام لە هێرشی یەکەمدا کەمێک چووبوونە پێشەوە و هەندێک شوێنیان گرتبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی جێگە سەرەکیەکانیان پێ نەگیرابوو، هێزەکانمان زۆر بە خراپی شکابوون و کشانەوە. دە شەهید و ٣٠ بریندارمان هەبوو، دیلیشمان هەبوو.

لە جەبهەی "زێڕنەکێوی" ژمارەیەک لە پێکاکا شەهید بوون و دوو دیلیان هەبوو، هەندێک تەقەمەنیش دەستکەوتبوو. جەبهەی کورتەک باش نەبوو، هێزەکانمان هەموویان بە شکاوی گەڕانەوە بۆ جێگەی خۆیان بۆ لای هەڤاڵ جەبار فەرمان، کە لێپرسراوی جەبهەکەی ئەوێ بوو. ئێمەش بۆ بەیانی سەردانی سەنگەرەکانی لای شاخی مامەندەمان کرد لای محەمەد وەتمان. هەندێک تەقە دروست بووبوو و لە دوورەوە پێیانەوە نابوون بۆ ناو دۆڵەکە. دوایش چووین بۆ لای شاخی "موسێ چەپلەک" لای فەرماندەیی "١٦"ی باباگوڕگوڕ. هەندێک ئامۆژگاریمان کردن و گەڕاینەوە بۆ سەنگەسەر، لەوێ بارەگای فەرماندەیی ئێمەی لێبوو.

پێکاکا ڕۆژی ٢٠٠٠/١٢/٥ سەعات "١١:٣٠" پەلاماری سەنگەرەکانی شێنییان دابوو. بە چەند بروسکەیەک لەم پەلامارە ئاگاداریان کردین. هێزەکانی ئێمەش وەڵامیان دابوونەوە و نەیانهێشتبوو بێنە پێشەوە. هیچ جێگەیەکیان نەگرتبوو، لەوێ و لە جەبهەکانی تریش دوو شەهید و حەوت بریندارمان هەبوو. ئیسعافم بۆ بریندارەکان نارد بۆ ئەوەی زوو بگەنە خەستەخانە. هێزەکانی ئێمە داوای دۆشکایان کردبوو، منیش کاتیوشا و دۆشکام بۆ دابین کردن.

دوای شەڕی "زێڕنەکێو" جارێکی تر پێکاکا هێرشی کردبوو، پێشمەرگەکان شکابوون، هەموو شاخی زێڕنەکێویان گرتبوو، وەزعی پێشمەرگەکانی ئێمە باش نەبوو.

له پاش ئەم شەڕانە، هەموو ئەو هەڤاڵانەی بەرپرسیاری جەبهەکان بوون، لەگەڵ جەبار فەرمان کۆبووینەوە و بەرنامەی تازەمان دانا. هەندێک پێشمەرگەی ترمان نارد بۆ جەبهەی "زێڕنەکێو" بۆ ئەوەی ئەو شوێنانەی لێیان، گیراوە بیگرنەوە. هەندێک هێزی شکاویشمان گۆڕی.

ئێوارەی ٢٠٠٠/١٢/٦\٥ من و عوسمان حاجی مەحموود سەرکەوتین بۆ جەبهەی "کۆرک" پشتی سەنگەسەر. سەعات ٢:٣٠ دوو و نیوی شەو پەکاکا پەلاماری سەنگەرەکانی داین و شەڕ دامەزرا، هێزی دوانزەی پشدەری لێبوو و هەڤاڵ عەلی حەمەڕەش ئامریان بوو، پاش شەڕێکی یەک سەعاتی پەکاکا هیچ شوێنێکی نەگرت و کشانەوە. پێشمەرگەکان بەرگرییەکی چاکیان کرد. لە دڵی خۆمدا لێکم دەدایەوە ئەم شەڕەی تووشی هاتووین، ماڵوێرانییە و ئەنجامیشی نابێ. لە هەردوولا کوڕی فەقیر و هەژار تێدا دەچن و دەکوژرێن. خوا پەکاکا بگرێ لەسەر ئەم سیاسەتە چەوتەیان. سەعات هەشتی بەیانی من و عوسمان حاجی مەحموود هاتینە خوارەوە بۆ ئەوەی پێویستی جەبهەکەیان بۆ بنێرین، ئەو ماوەیە لە هەموو جەبهەکان شەڕ هەبوو، بەتایبەت بە شەو، ئێمەش پاش شەڕەکان و کشانەوەی پەکاکا لە هەندێک جێگە خەریکی ڕێکخستنەوەی پێشمەرگە بووین، بەڵام هەمووی هیلاک بوو، سەرماوسۆڵە لەولاوە وەستابێ، بە گشتی وەزعی نەفسی پێشمەرگە باش نەبوو، بێجگە لەوەی شەڕەکەش هەر باش نییە.

ڕۆژی ٢٠٠٠/١٢/٨ جەبهەکان ئارامییەکیان پێوە دیار بوو و شەڕ نەبوو، ئێمەش هەندێک ئاڵوگۆڕمان بە هێزەکانمان کرد. جارێکی تر پەکاکا پەلاماری "کورتەک"یان دایەوە و گرتیان. هێزی ئێمەش پاش شەڕێکی چەند سەعاتی پاشەکشێی کرد. ئەو فەرماندەییەکانی ڕاپەڕین و بتوێن و کەرکووک لەوێ بوون. ئەو شەوە جەبار فەرمان لە چوارقوڕنە بوو.

شەوی ۲۰۰۰/۱۲/۱۰ لەسەر شاخ بووم لەگەڵ فەرماندەیی پشدەر "لە موسی چەپلەک" شەڕی لێنەبوو.

بەڵام شەو یەکیتی هێرشی کردبووە سەر فەرماندەیی ٥ی دوکان، پاش شەڕێکی گەرم و چەند سەعاتی "١٣" پێشمەرگەی دوکان شەهید بووبوون و چەندین پێشمەرگەش بریندار بووبوون. لە یەکیتیش نۆ کەس شەهید بوبوون و بەجێما بوون، بەڵام شکابوون و کشابوونەوە. هەر هەمان ڕۆژ کاک کوسرەت سەردانی کردین و چووین بۆ لای پێشمەرگەکان، دواتریش ڕۆیشتین بۆ "دۆڵی شەهیدان".

## شەڕی کوزینە

ڕۆژی ۲۰۰۰/۱۲/۱۱ سەعات یەکی شەو یەکیتی هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی پشتی دێی کوزینە، فەرماندەیی دووی هەولێر لەوێ بوون (بورهانی سەعید سوفی و هەریم کەمال ئاغا). پاش شەڕێکی گەرم و بێوێنە لەلایەن هەردوولاوە یەکیتی شکابوون و زەرەرێکی زۆریان کردبوو. هێزەکەی ئێمەش دوانزە شەهیدمان هەبوو. لە یەکیتیش زۆر کەس شەهید بووبوون و لێیان بەجێما بوو. هەر لە هەمان شەودا پەلاماری زینوی وەرتێ و شاخی هەڵەموندیان دابوو، پاش شەڕێکی کورتخایەن یەکیتی هەموو سەنگەرەکانی ئێمەیان گرتبوو، لەوێش کەمتەرخەمی کرابوو. دەبێ چاوەڕوانی ئەوەش بکەی.

لە سەعات سێی شەودا یەکیتی زاڵ بوو بەسەر شاخەکەدا و دوو شەهیدمان هەبوو. ئەم شکانەش کارێکی یەکجار خراپی کردە سەر جەبهەکە و ورەی پێشمەرگە، بەڕاستی یەکیتی واجباتیان شەڕە. خۆ لەو شاخە زیاتر کوێ هەیە بۆی بچن؟ هەر دەبێ شەڕ بکەن. من ئەو شەوە دووجار چووم بۆ لای جەبار فەرمان لە فیرقەی چوارقوڕنە. نامەیەکی

کاک کۆسرەتم بۆ برد. لە خەو هەڵمساند و ئاگادارم کرد کە زینوی وەرتێ گیراوە. دوایی چووم بۆ لای مستەفای سەید قادر. هەردووکمان چووین بۆ لای هێزی قەرەداغ، دەوری سەعات پانزەی نیوەڕۆ بوو. لەگەڵ ئامرەکەیان ئەنوەر دۆلانی و کاکەمەند بۆ ئەوەی هیمەت بکەین بۆ گرتنەوەی زینوی وەرتێ، ئەوانیش ئەوەندەی بۆیان کرا، هیمەتیان کرد، بەڵام بێسوود بوو، هەرچی شاخی هەڵەموندی هەبێ، زینوی وەرتێشی دەبێ و بەسەر ئەمدیوو و ئەودیوی ناوچەکەدا زاڵ دەبێت. بە گشتی وەزعی جەبهەکان باش نەبوون، ناڵێم هەر هەمووی.

دەنگیش هەیە ئەمڕۆ شەڕ ڕاوەستێ و ئاگربەست بکرێ. مام جەلال لەسەر وەزعەکە و شەڕ و ئاشتی نامەیەکی دووروودرێژی نوسیبوو بۆمان. ئێوارەش هەڤاڵ کۆسرەت بروسکەیەکی کرد و دەڵێت خۆت و هەڤاڵ جەبار فەرمان وەرن بۆ لامان. لە نامەکەشدا دەڵێت با کاک مستەفای سەید قادر لێپرسراوی جەبهەکە بێ. لەبەر ڕۆشنایی نامەکەی مام جەلال من و کاک جەبار ڕۆیشتین، لە کۆبوونەوە هەموومان پێمان باش بوو شەڕ نەبێ و ئاشتی لەگەڵ پێکاکا بکرێ. بڕیارمان دا کاک کۆسرەت بچێتەوە بۆ لای مام جەلال و ڕەئی ئێمەشی پێ بڵێت و بۆی ڕوون بکاتەوە.

ئاگربەست کرا، کەچی پەلاماری شێنییان دابوو، هەروەها لە قوڵی موسی چەپلەکەوە هێرشیان کردبوو. بەڵام شەڕەکە زوو تەواو بوو، شەهیدێکمان هەبوو بە "نارنجۆکی دەستی" شەهید بووبوو، ئێوارەیە و جەبهەکان بۆنی شەڕوەستانیان لێدێت. بەڵام وردەتەقە لەملاوئەولاوە هەر هەیە. هێرشی گەورەو شەڕی گەورە نەبوو، بزانین بەرهەمی شەڕوەستان چیی بەسەر دێت و چەند سەرکەوتوو دەبێ. هەر هەموومان لە جەبهەکانین و هەڤاڵەکان دێن بۆ لامان بۆ جێبەجێکردنی پێویستیی ڕۆژانەیان.

ڕۆژی ٢٠٠٠/١٢/١٢ سەردانی هەڤاڵ جەبار فەرمانم کرد لەچوارقورنە، لەویشەوە چووین بۆ زینوی وەرتێ. من و هەڤاڵ فەرەیدون عەبدولقادر، عوسمان حاجی مەحموود، لیوا خەلیل دۆسکی پێکەوە بووین. پاش ئەوە کۆبوونەوەیەکمان کرد دەربارەی جەبهەکان و وەزعی سیاسی. پێمان باش بوو هەڤاڵ مام جەلال لەسەر دوایین گۆڕانکارییەکان ئاگادارمان بکاتەوە، بەتایبەت کە شەڕ وەستاوە. هەر ئەو شەوە بە تەلەفون لەگەڵ هەڤاڵ کۆسرەت قسەمان کرد. لە وەڵامی تەلەفونەکەیدا وتی سبەینێ خۆم و مام جەلال دێین. مام جەلالیش بروسکەی کرد و وتبوی خۆشم سبەینێ دێم بۆ لاتان. هەر لە سەروبەندی ڕاوەستانی شەڕ تەلەفزیۆنی "Medtv" دەڵێت ئەگەر یەکێتی ڕازی بێت، شەڕ ڕادەگرین. چاوەڕوانی هەڵوێستی یەکێتی دەکەین و ئامادەین ڕۆژ و سەعات دەستنیشان بکەین. ئێمەش چاوەڕوانین بزانین هەڵوێستی م.س چی دەبێ لەگەڵ هاتنی مام جەلال. ئێمەش وەک سەرپەرشتیاری جەبهەکان و پێشمەرگەکان پێمان باش بوو شەڕ بوەستێ و تورکیش سوود لەم شەڕە وەرنەگرێ.

### هاتنی مام جەلال بۆ چوارقورنە

مام جەلال هات و ئێمەش ئەم هەڤاڵانە لەوێ پێشوازیمان لێکرد: (فەرەیدون عەبدولقادر، مستەفا چاوڕەش، عوسمان حاجی مەحموود، لیوا خەلیل دۆسکی). هەروەها هەڤاڵ جەبار فەرمان و مستەفای سەید قادریش لەوێ بوون.

کۆبوونەوەی مام جەلال دوای نیوەڕۆ دەستی پێکرد، قسەکان زیاتر دەربارەی جەبهەکان و هێزەکانمان بوو. ئێمەش هەندێک ڕاوبۆچوونمان پێوت. خۆشی وتی ئەوەی ئێوە دەیڵێن، ڕاستە. لەبەر جەژنیش پشوو بە

هێزەکان دەدەین. لە داهاتوودا هەندێک ئاڵوگۆڕیش دەکەین. ئەوانەی ئازابوون، هان بدرێن و تەمەڵ و ترسنۆکەکان دوور بخرێنەوە. پێویستە پاکسازی بکرێ. دیارە ئەم ماستە بێ موو نییە و ئێرانیش دەوری هەیە. ئێمە دوای کۆبوونەوەکە گەڕاینەوە بۆ سەنگەسەر، چونکی بەرپرسیار بووین و پێشمەرگەش چاوەڕوانی بڕیاری تازەیە. لەسەر بڕیاری مام جەلال هەندێک ئاڵوگۆڕی چەکمان کرد بۆ پێشمەرگە. جەلال کە بەرپرسی جبەخانە بوو، لەوێ بوو. بە ناوی جەلال ئەوەندی بۆم کرا، لە سەردان و هاتوچۆی جەبهەکان کەمتەرخەم نەبووم. سەردانی هەموو بەشەکانی لای خۆمانمان دەکرد لە جۆلانە و کوزینە. ئەو کاتەی چووینە لایان لە جەبهەکە، مام غەفووریش لەوێ بوو.

ڕۆژی ١٥/١٢/٢٠٠٠ ئەوەی لەسەر بێسیمەکە بوو، بانگی کردین و وتی مام جەلال داوای تۆ و فەرەیدون عەبدولقادر دەکات. ئێمەش چووین بۆ لای بۆ چوارقوڕنە. کە چووین، هەندێک لە مەقالانی تریش لەوێ بوون، لەوانەش: مستەفای سەید قادر، جەبار فەرمان، خەلیل دۆسکی. بانگکردنەکە تایبەت بوو بە دابەشکردنی هێزەکان لە پاش ڕاگرتنی شەڕ.

هەر ئەمڕۆش کەسێکی لێپرسراوی تورکی بە ناوی "یوز پاشا" لەگەڵ "حەسەن قاپلان" کە هەردووکیان تورک بوون، بە هالیکۆپتەر هاتن بۆ چوارقوڕنە و داوایان لە مام جەلال کرد بچێت بۆ تورکیا. دوای گەڕانەوەیان مام جەلال کۆبوونەوەی پێکردین. هەندێکیش چەکی داینێ، بەتایبەت سەنگەرەکانی من و فەرەیدون عەبدولقادر و خەلیل دۆسکی کە نەشکابوون. دوای کۆبوونەوەکە گەڕاینەوە بۆ سەنگەسەر. هەر ئەمشەو پێکاکا لە تەلەفزیۆنەکەیان بڵاویان کردەوە کە یەکێتی وەڵامی ئاگربەستی نەوانی نەداوەتەوە. هەر ئەمڕۆش لە دوکان مەکتەبی سیاسی کۆدەبێتەوە، ئایا مام جەلال بچێت بۆ تورکیا یان نەچێت.

ئەمرۆش جەبهەکانمان دابەش کرد و جیا کرانەوە. لیوا خەلیل دۆسکی بۆ ناوچەی شێنێ، خۆم مستەفا چاورەش بۆ بەرقلیش و کوزینە، عوسمان حاجی مەحموود بۆ کۆرک، مستەفای سەید قادر بۆ دۆڵەرەقەو پڵنگان. لە دوای ئەوەی جەبهەکان دابەش کرایەوە، هەرکەسەمان بەرپرسیار بوو لە شوێنی خۆی. من هاتمەوە بۆ رانیە، پشوویەکم دا و دوایی گەرامەوە بۆ سەنگەسەر. وەستا رەسوڵم نارد بۆ بارەگای ئەو محوەرەی خۆم لێی بەرپرسیارم، هەر ئەمرۆش بریارە وەفدێکی ئێرانی بێت بۆ لای مام جەلال لەسەر گۆرانکاریی تازە. هەروەها تورکەکان گەیشتنە چوارقورنە لە قەلاکەی چوارقورنە و هێزێکی بچوکیان لەوێیە بۆ پەیوەندی و سەردانی جەبهەکان. پاش ئەوەش چووم بۆ دێی "سپیرۆ" لای پشتی سەنگەسەر بۆ دانانی بارەگایەک. لەو بێدەنگییەی جەبهەکان و کەمە ئارامییەی هەبوو، لەلایەک خەریکی رێکخستنەوەی هێزەکان بووم، لەلایەک دانانی بارەگا و لەلایەکیش سەردانی هەڤاڵەکانم دەکرد، سەردانی مامەغەفە و هێزەکەیانم کرد، چووم بۆ سەرشاخ و پشتی کوزینە و سەردانی فەرماندەی نوێی کۆیەم کرد لە گرد ئێستر. داوام لێکردن سەنگەرەکانیان قایم بکەن نەک پردەکە بە تاریکیی شەو بیتەقێننەوە. لە پاش هاتنی ئێرانییەکان کە چاویان بە مام جەلال کەوتبوو، بەڵێنیان دابوو بیانگوێزنەوە.

### چوونمان بۆ قەلادزە

رۆژی ٢٠٠٠/١٢/١٩ لەگەڵ هەڤاڵ عوسمان حاجی مەحموود و لیوا خەلیل دۆسکی و مامۆستا عەزیز و شێخ جەعفەر چووین بۆ قەلادزە بۆ پرسەی "مام وسو کاوانی" و سەردانی چەند کەسایەتییەکی تری ناوچەکەمان کرد. هەر هەمان رۆژ گەراینەوە بۆ چوارقورنە. کە چووین بۆ لای مام، برادەرانی تریش هاتبوون، وەک هەڤاڵ بەرهەم ئەحمەد ساڵح، ئەرسەلام بایز و جەبار فەرمان و هەندێک هەڤالانی تر، پاش ئەوەی مام جەلال هەندێک ئامۆژگاری کردین، گەراینەوە بۆ سەنگەسەر.

**هاتنی وەفدێکی ئێرانی**

هەیئەتێکی ئێرانی هاتبوون بچن بۆ لای پێکاکا، پێک هاتبوون لە "سەردار فروزەندە، هاشمی، پەناهی و نوریان". چوون بۆ لای پێکاکا بۆ ئەوەی کۆتایی بە شەڕەکە بێت. پێکاکا بچنەوە جێگەکانی خۆیان و بکشێنەوە. بڕیاربوو ئێوارە بگەڕێنەوە. کە هاتنەوە، وتیان بەڵێنیان داوە بڕۆنە دواوە. وتبوویان مام جەلال چی بڵێت وا دەکەین، بە قسەی ئێرانییەکان.

**بەفربارینێکی زۆر و ڕێگەگرتن**

ڕۆژی ٢٠٠٠/١٢/٢٠ تەها کانی بەردی فەرماندەی هێزەکەی سەر شاخی مامەندە بروسکەی بۆ کردین و وتی لەسەر شاخی مامەندە ئەوەندە بەفر باریوە، ڕێگە نییە پێشمەرگەکان هاتوچۆ بکەن و بێنە خوارەوە. ڕێگە نەبوو ئێمەش بچین بۆ لایان، هەوڵمان دا شۆفڵ و گلێدەریان بۆ بنێرین بۆ پاککردنەوەی ڕێگەکە.

وەزعی جەبهەکەش هێمنە، بەڵام بارانێکی یەکجار زۆر دەباری. لەبەر ڕێگەگرتن و سەرما و بارانێکی زۆر و ڕەشەبا هەندێک لە پێشمەرگەکان، لە جەبهەی دۆڵی شەهیدان کە هێزی ئینزباتی سلێمانی و فەوجی تایبەت بوو، دابەزیبوون. لەگەڵ فەرەیدون عەبدولقادر و شێخ جەعفەر چووین بۆ دۆڵی شەهیدان لە پشتی سەنگەسەر، کە هێزەکانی لێبوو. هەوڵمان دا ئەوانەی هاتوونەتە خوارەوە، سەربکەونەوە. هێزی تریشمان بۆ ناردن بۆ ئەوەی لەوێ لاواز نەبین تاکو ئەنجامی کۆتایی. هەر هەمان ڕۆژ چووین بەرەو شاخی مامەندە بۆ سەرپەرشتیکردن و ناردنی شۆفڵ و پێویستی بۆ کردنەوەی ڕێگەی بەفرگرتوو.

ئێوارەش ڕۆژی ١٢/٢١ هەڤاڵ فەرەیدون عەبدولقادر و جەبار فەرمان چوون بۆ قەڵاچوالان بۆ کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی. مام جەلال بروسکەی کردبوو (من و عوسمان حاجی مەحموود و مستەفای سەید قادر) ئاگاداری جەبهەکان بین. هەندێک لە هەڤاڵانیش هاتن بۆ لامان وەک عەلی بچکۆل و سەعدون فەیلی. عەلی بچکۆل ساڵی ١٩٨٣ لە مەڵبەندی دوو لە سەرگەڵوو بەرپرسمان بوو، برادەری هەمووومان بوو و هاتبوو بۆ لامان.

پاش گەڕانەوەی هەڤاڵ فەرەیدون لە کۆبوونەوەی م.س بۆی باس کردین کە هەموو لایەک دەستیان خستوەتە کارەکەوە. دەست بۆ هەر لایەکیان دەبەیت، کۆمەڵێک گرێکوێرەی تێدایە، لەملا ئێران و لەولاوە تورکیا. ئێمەش هەندێک ڕاوبۆچوونی خۆمان لەگەڵ کاک فەرەیدون باس کرد. ئەویش لەبەر ڕۆشنایی قسەکانمان نامەیەکی بۆ مام جەلال نووسی و وەزعی جەبهەکەشی بۆ ڕوون کردەوە.

هەر لەو بەینەشدا لەگەڵ فەرەیدون عەبدولقادر و باقی برادەران سەردانی دۆست و ڕێکخستن و پرسەکانی خەڵکی قەلادزە و ڕانیەمان دەکرد. وا جەژنیش هاتە پێشەوە. لای ئێمەش نە شەڕە و نە ئاشتی. بڕیارمان دا هەندێک لە پێشمەرگە ماندووەکان، ئەوانەی زیاتر لە مانگێکە لەوێن، مۆڵەتیان بدەین و بچنەوە لەگەڵ کەسوکاریان جەژن بکەن.

من هەر لە سەنگەسەرم. برادەرانی مەڵبەندی پێشمەرگە هاتن بۆ لام هەڤالان ١- هەڵۆ. ٢-بەختیار چیمەنی ٣- دەشتی. وا هاتبوون لام بمێننەوە. منیش بەسەر جەبهەکانی پێشمەرگەدا دابەشم کردن. من جاری هەر لەو بەینەدا لە ڕانیە و قەلادزە و شوێنەکانی تر سەرپەرشتیی هێزەکان دەکەم و لە هاتوچۆدام. لەسەر کەمکردنەوەی پێشمەرگە مام جەلال نامەیەکی بۆ نووسیبووین، کە نیوەی ئیزن بدەین و نیوەی بهێڵینەوە. داواکەیمان جێبەجێ کرد.

ڕۆژی ٢٠٠٠/١٢/٢٥ نامەیەکم نووسی بۆ ئەو هێزەی فەوجی نیزامی، کە لیوا قارەمان لەگەڵیان بوو. داوام لێکردن بێنە خوارەوە و بڕۆنەوە. ملازم شێخ جەمال نارد بۆ لایان. منداڵەکانیشم لە سلێمانییەوە هاتبوون بۆ ڕانیە بۆ ئەوەی پێکەوە جەژن بکەین. لە نێوان ئێمە و پ‌ک‌ک تاکو ١٢/٢٥ شتێکی وا دیار نییە.

ڕۆژی ٢٠٠٠/١٢/٢٦ لەگەڵ کاک فەرەیدون و زریانی کوڕم چووین بۆ جەبهەکانی کوزینە و چووینە سەر شاخ و سەردانی هەموو سەنگەرەکانمان کرد. لەوێ فەرماندەیی دووی هەولێری لێبوو. ئەوەندە باران باری بوو، ناو سەنگەرەکان هەمووی ئاو بوو. پیرۆزبایی جەژنمان لێکردن و گەڕاینەوە. لە ڕانیەش بە بۆنەی جەژنەوە خەڵکی تەقەی خۆشیی دەکرد. ڕۆژی ٢٠٠٠/١٢/٢٧ یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانە. ئێمەش بەم جەژنە دڵمان هەر لای پێشمەرگەکانە، کە بەرامبەر یەک وەستاوین و خەریکی چین. ئەو ڕێکەوتنەی ئێرانییەکان لەگەڵ پ‌ک‌ک‌یان کردوویانە، چەند ڕۆژێکی ماوە بۆ کشانەوە. ئەگەر جێبەجێ بکرێ کارێکی باشە و لە کۆڵ ئەم شەڕە دەبینەوە، کە حەزمان پێ نییە.

**لە ڕانیە سەردانی ماڵی شەهیدانمان کرد**

ڕۆژی دووەمی جەژن هەڤاڵ عوسمان حاجی مەحموود تەلەفۆنی کرد و وتی بەتەماین بە بۆنەی جەژنەوە لەگەڵ کاک مستەفای سەید قادر بچین بۆ سەردانی ماڵی شەهیدان، تۆش وەرە. منیش یەکسەر چووم، هەروەها لەگەڵ کۆمیتەی ڕانیە هەڤاڵ ئەحمەد زرار دەستمان پێکرد بە سەردان. پاشان چووین بۆ ئۆردوگای ڕانیە و چوارقوڕنە و گرجان و قەرەنی ئاغا. هەر ئەو ڕۆژە ئاگاداریان کردین و وتیان کاک

کۆسرەت هاتووە. ئێمەش گەڕاینەوە بۆ ڕانیە و لەوێشەوە بۆ سەنگەسەر. هەر هەمان ڕۆژ هەندێک لە هەڤالان هاتبوون (کاک بەرهەم، محەمەد سابیر، عەدنان موفتی، سەعدون فەیلی، ئاسۆ ئەڵەمانی، مامۆستا بەکر، سەفین مەلا قەرە و شاخەوان عەباس). لەگەڵیان سەردانی هێزەکانی لای عەدنانی حەمەی میناممان کرد لە دێی "ماخوبزنان"، پاش ئەوە گەڕاینەوە بۆ ڕانیە و لە مەڵبەندی ڕانیە لەگەڵ کەسوکاری شەهیدان کۆبووینەوە.

دواتر لەگەڵ ملازم عومەر و سەلاحەدین موهتەدی و هەندێک برادەری تر چووین بۆ دۆڵی شاوری لای دێی پڵنگان. پاشان چووین بۆ دێی "باوزێ" لە پشتی قەڵادزە بۆ لای کەسوکاری شەهیدان، دێکەیان "٧٣" شەهیدی هەیە، دێیەکی تێکۆشەر و باشن، زۆرینەیان پێشمەرگەی یەکێتین. ڕۆژی "١٢/٣٠" بەیار کوڕی ملازم عومەر هات و لەگەڵ زریان کوڕم ناردمن بۆ جەبهەکەی لای کوزینە بۆ ئەوەی بە چاوی خۆیان هەم ژیانی پێشمەرگە و هەم سنوورەکەش ببینین.

دوا ڕۆژی ساڵی دوو هەزارە "٢٠٠٠/١٢/٣١" و هێشتا پێکاکا نەکشاوەتەوە. بڕیارە سەرەتای ساڵی تازە جێبەجێی بکەن. بڕیاریشە ڕۆژی ٢٠٠١/١/١٨ مام جەلال سەردانی ئەنقەرە بکات. بروسکەیان بۆ کردین کە ڕۆژی ٢٠٠١/١/٢ کۆبوونەوەی سەرکردایەتییە لە قەڵاچوالان.

"کۆتایی ساڵی ٢٠٠٠"

هیوادارم شەڕ کۆتایی بێت و ئاشتی بگەڕێتەوە بۆ ناو ماڵی کورد.

## جارێکی تر لە سەنگەسەر

لە سەنگەسەر کۆبوونەوەیەکمان کرد. ئەوانەی بەشدار بوون لە لێپرسراوەکان و سەربازییەکان، ئەمانە بوون: (فەرەیدون عەبدولقادر، مستەفا چاوڕەش، مقەدەم سەلاح مەولان، تۆفیق کانی وەتمان، موحسین باین، محەمەدی حاجی قادر، جەمال هەروتی و عەبدوڵڵا بۆر) کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە دابەشکردنەوەی هێزەکان لە داهاتوودا بەسەر جەبهەکاندا. بڕیارمان دا تەنها بەشی حەراسەت هێز بهێڵینەوە. زستانەکەشی زۆر سەخت بوو، لە گەڕانەوەشدا بۆ سلێمانی بەفر لە دۆڵی خەلەکان ڕێگەی گرتبوو. هەندێک لە هێزەکانی کەرکووک و سلێمانیم ناردەوە بۆ جێگەی خۆیان. شوێنەکانی ئەوانم بە فەرماندەیی پشدەر سپارد، کە عەلی حەمەڕەش ئامرهێزیان بوو. جەبهەی بەرقلشیوم گوڕی، کە لە شەڕدا جێگەیەکی گرنگە بۆ سنووری قەڵادزە

## گەڕانەوەم بە یەکجاری لە جەبهەکان

پاش ئەوەی هێزەکانم ڕێک خستەوە، پاش ڕاوەستانی شەڕ، گەڕامەوە بۆ سلێمانی بۆ سەر کارەکەی خۆم. ئەوەی لە جەبهەکان ڕووی دا، تەنیا ناخۆشی و ئازار بوو، تەنها کوڕی کورد کوژرا لە هەردوولا. هەمووشمان کە قسە دەکەین، بۆی بەداخین. بەو هیوایەی جارێکی تر ڕوو نەداتەوە و دەرسی لێوەرگرین. هەموو لێپرسراوە گەورەکانی کورد کە باسی شەڕی ناوخۆ دەکرێت، ئاخوداخی بۆ هەڵدەکێشن. بڕیاریان داوە دووپات نەبێتەوە. منیش گەڕامەوە بۆ فەرماندەیی گشتی و مەڵبەند. چەند ڕۆژێ دوای گەڕانەوە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بە سەرپەرشتیی مام جەلال دەستی پێکرد. ئەو چەند ڕۆژەش لەگەڵ کادیرەکانی مەڵبەندی پێشمەرگە کۆبوونەوەم کرد لەسەر خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرە و خاڵێکیشی باسی جەبهەو شەڕەکانم بۆ کردن، کە بە کوێ گەیشت.

**کۆبوونەوەی سەرکردایەتی ڕۆژی ٢٠٠١/١/٢**

لە قەڵاچوالان کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی بە سەرپەرشتیی مام جەلال دەستی پێکرد. کۆبوونەوەکە لەسەر دووخاڵ بوو، یەکێکیان پیرۆزبایی ساڵی تازەی لیکردین و چەند ساتێک ڕاوەستاین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان. دەربارەی کۆنگرەش بوو، کە زۆربەی باسەکان تەرخان کرا بۆ کۆنگرە و سەرکەوتنی کۆنگرە. کۆنگرە ئامادەباشیی دەوێ، کە لەسەر هەموومان پێویستە کاری بۆ بکەین.

ڕۆژی سێی مانگ سەردانی مام جەلالم کرد. بڕیارەی ڕۆژی ٢٠٠١/١/٤ مام جەلال لەگەڵ مەڵبەندی پێشمەرگە کۆببێتەوە، چونکی گەورەترین مەڵبەندی یەکێتییە و باشترین کادێری تێدایە. ڕۆژی ١/٤ جێبەجێ نەبوو. مام جەلال تەلەفۆنی بۆ کردم لەبەر ئەوەی کاری تری بۆ هاتۆتە پێشەوە، من خۆم لەگەڵ هەڤاڵان دانیشتم.

ڕۆژی ٢٠٠١/١/١٥ مام جەلال کۆبوونەوەی پێکردین. هەندێک تێبینیی هەبوو لەسەر وەزعی پێشمەرگە و جەبهەکان. لەسەر کۆنگرەش قسەی بۆ کردین، هەڤالانیش ڕاوبۆچوونی خۆیان وت.

پاش سەفەری مام جەلال بۆ تورکیا لە مەڵبەندی ڕانیە کۆبوونەوەمان ڕێک خست و کۆبوونەوەمان بە فەرماندەکانمان کرد. هەمووی خۆئامادەکردن بوو بۆ کۆنگرە. دوای من هەڤاڵ فەرەیدونیش قسەی بۆ کردن. پاش گەڕانەوەش لە سنووری ڕانیە شەوێ ئەم هەڤالانە هاتن بۆ ماڵەوە بۆ لام بۆ بەخێر هاتنەوە: "کاک کۆسرەت، شێخ جەعفەر، شێخ محەمەد شاکەلی و لیوا خلیل دۆسکی".

## کۆنگرەی دووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ڕۆژی ٢٠٠١/١/٣٠ لە کارگەی جلوبەرگی سلێمانی سەعات دە کۆنگرە دەستی پێکرد. یەکەم دانیشتن تایبەت بوو بەخێرهێنانی میوانەکان و بەشداربوانی کۆنگرە و دەقیقەیەک ڕاوەستان بۆ گیانی شەهیدانی یەکێتی و کوردستان. پاشان سکرتێری گشتی هەڤاڵ مام جەلال ڕاپۆرتی پێشکەش کرد. ڕاپۆرتەکە هەشتاوچوار لاپەڕە بوو، سەعات دووی دوای نیوەڕۆ تەواو بوو. یەکەم دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی حەقیان درایە و بە زۆرینەی دەنگ هەڵبژێردرانەوە بۆ سەرکردایەتی. مام جەلالیش بە زۆرینەی دەنگ هەڵبژێردرایەوە بۆ سەرکردایەتی. هەڤاڵ کۆسرەت و هەڤاڵ بەرهەم هەڵبژێردرانەوە، لەبەر ئەوەی دوو سەرۆک وەزیرانن. هەروەها هەڤاڵ جەبار فەرمان لەبەر دووری و نەخۆشی هەڵبژێردرایەوە. ڕۆژی یەکەم کۆتایی هات.

ئەم چەند ڕۆژەی کۆنگرەش لیژنەکان بەردەوام ئیشی خۆیان دەکرد و هەر بە شەو ڕاپۆرتی خۆیان دەخوێندەوە.

## ڕاپۆرتی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە

من ڕاپۆرتی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەم بۆ بەشداربوانی کۆنگرە لەسەر وەزعی ڕێکخستنی پێشمەرگەو داواکانیان خوێندەوە. تاکو ڕۆژی ٢٠٠١/١/١٥ کۆنگرە بەردەوام بوو. لە کۆتاییدا دوا ڕۆژی کۆنگرە، بێجگە لەو هەڤاڵانەی دەستی دامەزرێنەر، مام جەلال سکرتێری گشتی، هەڤاڵ کۆسرەت و بەرهەم، هەروەها جەبار فەرمان، بەم شێوەی خوارەوە ئەندامانی سەرکردایەتی بە ڕێژەی دەنگەکانیان هەڵبژێران.

١- مستەفای سەید قادر ٩٢٥

٢- فەرەیدون عەبدولقادر ٨٨٨

٣- عەدنان موفتی ٨٤٤
٤- ئەرسەلان بایز ٨١٧
٥- عوسمان حاجی مەحموود ٨٠٥
٦- مستەفا چاوڕەش ٧٦٢
٧- عومەر فەتاح ٧٢٤
٨- شێخ جەعفەر شێخ مستەفا ٧٢١
٩- ئازاد جندیانی ٧١٢
١٠- سەعدی ئەحمەد پیرە ٧٠٦
١١- مەلا بەختیار ٧٠٤
١٢- عارف ڕوشدی ٦٨٠
١٣- شاخەوان عباس ٦٣٩
١٤- بورهان سەعید سۆفی ٦٢٥
١٥- مەحموود سەنگاوی ٦١٥
١٦- عیماد ئەحمەد ٦٠٢
١٧- حاکم قادر حەمە جان ٥٩٣
١٨- کوردۆ قاسم ٥٩٣
١٩- عومەر سەید عەلی ٥٦٥
٢٠- محەمەد سابیر ٥٥٣
٢١- عوسمان بانی مارانی ٥٤٩
٢٢- شالاو عەلی عەسکەری ٥٤٥
٢٢- جەلال جەوهەر ٥٣٩
٢٤- محەمەد تۆفیق ڕەحیم ٥٣٦
٢٥- سەفین مەلا قەرە ٥٢١
٢٦- جەمال یوسف بادینی ٥٠٩
ئەم هەڤالانەش یەدەک بوون:
١- ڕەفعەت عەبدوڵلا حەمەڕەش

٢- خەسرەو گول محەمەد
٣- ئاسۆ ئەلەمانی
٤- ئاسۆ عەلی
٥- شۆرش ئیسماعیل
٦- شەوکەت حاجی موشیر
٧- ڕزگار عەلی
٨- لیوا خلیل دۆسکی
٩- جەمال حاجی محەمەد
١٠- خەسرەو شێرە

دوای کۆنگرە لە ماڵەوە بووم. میوانێکی یەکجار زۆر هات بۆ لام بۆ پیرۆزبایی کە بەو دەنگە زۆر دەرچووم. سەردانی هەندێک لەو هەڤالانەم کرد کە دەرنەچوون، هەندێکیان حەق بوو دەربچن، بەڵام هەڵبژاردن و کۆنگرە دەسەلاتی کەسی تێیدا نییە. سەردانی هەڤاڵ کۆسرەتمان کرد بۆ قسەکردن لەسەر هەڵبژاردنی مەکتەبی سیاسی.

دوای کۆنگرەی دووەم یەکەم کۆبوونەوەی سەرکردایەتی لە قەلاچوالان کرا و کۆنگرە مام جەلال سەعاتێک قسەی بۆ کردین لەسەر یەکریزیی و یەکێتیی ناو یەکێتی و ئەم وەزعەی دوای کۆنگرە. هەڤالان لەسەر ئەنجامی کۆنگرە قسەیان کرد. هەندێک هەڤاڵی تازەش هاتنە کۆمیتەی سەرکردایەتی و هەندێک بوون بە یەدەک. لە هەموو کۆنگرەیەکدا لە یەکەم کۆبوونەوەی سەرکردایەتیدا مەکتەبی سیاسی هەڵدەبژێردرێت. بەڵام لە قەلاچوالان ئەمە نەکرا. لەوە دەچوو وەزعی یەکێتی لای مام جەلالەوە ساغ بووبێتەوە. ئەوانەی دوای کۆنگرەی دوو بوون بە مەکتەبی سیاسی، هەڵبژاردنی بۆ نەکرا و هەمووشمان لەبەر یەکریزیی ناو یەکێتی ڕازی بووین. هەموومان لامان باش بوو. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا کارەکان دابەش کرایەوە، مام جەلال هەڵسا و چووە ژوورەکەی خۆی. یەکهیەکە بانگی کردین بۆ ئەوەی کاری تازەمان پێ بسپێرێت. یەکەم کەس هەڤاڵ مستەفای سەید قادری بانگ کرد و کردی بە جێگری خۆی لە فەرماندەیی، دووەم کەس منی بانگ

کرد، وتی لام باشە بچیتەوە مەکتەبی پەیوەندییەکان و منیش قبوڵم کرد. پێشتریش لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە بووم. ئیتر پاش ئەوەی لە چەبهەکان دەوروتەسلیمم کرد، گەڕامەوە بۆ مەکتەبی پەیوەندییەکان.

## مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانی و کوردستانییەکان

پاش چوون بۆ مەکتەبی پەیوەندییەکان، لەگەڵ هەڤالانی ئەوێ کۆبوومەوە. بەرنامەی کارمان دانا و کەوتمە سەر ئیش، لە دەستپێکدا هەندێک لە هەڤالان و حیزبەکانی هاوپەیمان هاتن بۆ دوو پیرۆزبایی، یەکێکیان بۆ جاری دووەم کە هەڵبژێردراومەتەوە بۆ سەرکردایەتی، دووەم بوون بە لێپرسراوی پەیوەندییەکان.

منیش بەرنامەیەکم دانا بۆ سەردانی هەموو حیزبەکانی سنووری لای خۆمان و جێبەجێم کرد، ناوبەناویش کۆبوونەوەیەکی هاوپەیمانیی کوردستانیمان لای بارەگاکەی خۆم جێبەجێ دەکرد و هەموو مەسەلە سیاسییەکانی ڕۆژمان باس دەکرد، لە دەفتەردا دەنووسرایەوەو واژومان دەکرد.

## پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێن

لەو سەردەمەدا مەکتەبی پەیوەندییەکان ئەرکی زیاتری کەوتە سەر. بۆنی ڕووخانی ڕژێم ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبوو. هەر بۆ ئەم مەبەستەش من لە جاران زیاتر هاتوچۆی لای مام جەلام دەکرد، بەتایبەت بۆ ئەو حیزبە گەورانەی کە دەوریان دەبێت بۆ ڕووخان. من ئیشارەت بە چەند هاتنوچوونێک دەدەم کە پێش ڕوخان هاتوون و لەگەڵیان دانیشتبووین. بە تەنها دەستنیشانی دوو هاتن دەکەم کە لە مەکتەبی پەیوەندییەکان بووم.

## هاتنی عەبدولعەزیز حەکیم بۆ لای مام جەلال پێش ڕووخانی ڕژێم

مام جەلال بانگی کردم و وتی سەید عەبدولعەزیز حەکیم برای سەید محەمەد باقر ئەلحکیم سەرۆکی مەجلسی ئەعلای ئیسلامی دێت. بچۆ لەگەڵ خۆت بیهێنە. دوو سەیارە پاسەوانی لە سکرتاریەتی خۆی لەگەڵمدا نارد. ئەمەش پێش ساڵی "٢٠٠٣" بوو. منیش خۆم ساز کرد و ڕۆیشتم بۆ سنووری "پەروێزخان"، کە جێگەی هاتنی بوو. پاش چاوەڕوانی بەرێزی هات و خۆم پێناساند کە من لەلایەن جەنابی مام جەلالەوە هاتووم. برادەرێکی مەکتەبەکەی خۆشیان لە سلێمانی لەگەڵم هاتبوو. پاش پشوویەک سواری سەیارەکەم کرد لەگەڵ خۆم و خۆشم سەیارەکەم لێدەخوڕی. پیاو هەزار شت لەیەک دەداتەوە، خوانەخواستە لەو زروفە ناسکەدا شتێکی لێبێت، هەزار تەفسیرات لەسەر دەکرێ، هەر لەبەر ئەوەش بوو پێکەوە سوار بووین و گەیشتینە سلێمانی. پاش ئەوەی ئەو ڕۆژە پشوویان دا، بۆ ڕۆژی دوایی لای مام جەلال کۆبوونەوەی هەردووکیان دەستی پێکرد. ئەمەش هەمووی بۆ ئەوە بوو بەرنامەی هاوبەش و هاوکاری دابنرێ بۆ ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێنی خوێنڕێژ. دووجار بەو شێوەیە چووم بۆ پەروێزخان، هەردوو جارەکەش لەگەڵ خۆم سواری سەیارەم کردووە. دیارە پێش ئەوەش لەگەڵ "عادل عبدالمهدی" کە کەسێکی باڵادەستی مەجلیس بوو و پەیوەندیمان هەبوو. پێشتریش لەگەڵ عادل عبدالمهدی ئاشنایەتیمان هەبوو و دەگەڕایەوە بۆ زەمانی کارکردنم لە حیزبی شیوعی (قیادەی مەرکەزی)دا. لەبەر ئەوە دۆستایەتیمان هی ڕابوردوو بوو، هەر هەموشیان بارەگایان هەبوو لە سلێمانی و هاوکاریان بووین.

**هاتنی عەلی ئەدیب جێگری مالیکی پێش ساڵی ٢٠٠٣**

لەگەڵ حیزب دەعوەی عێراقیش پەیوەندیمان هەبوو. پێش ڕووخانی ڕژێم وەفدێکیان هاتبوو و بەرپرسەکەیان عەلی ئەدیب بوو. هەر خۆم چووم بە دوایدا بۆ سنووری پەروێزخان. وابزانم ئێستا لە کەسە باڵادەستەکانی حیزبی دەعوەیە و وەزیری خوێندنی باڵایە لە بەغدا. چەند ڕۆژێ لێرە مانەوە و خزمەتمان کردن. لەگەڵ جەنابی مام جەلال دووجار دانیشتنمان کرد بۆ ئەوەی پەیوەندیی هەردوولامان بەهێزتر بکەین لەسەر ئەم مەسەلانە و بەرنامە دابنێین و هاوکار بین بۆ ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری. هەر لە سلێمانی خانویەکمان بۆ گرتبوون بە کرێ بۆ ئەوەی بیکەن بە بارەگا. کرێی خانووەکە شەش هەزار دینار بوو بۆ مانگێک، سەیارەمان بۆ کڕین و مانگانەش سەد هەزار دینارمان دەدانێ. مەبەستم لە نووسینی ئەم ژمارانە بۆ ئەوەیە بزانرێت چیمان کردووە بۆ هەموو هێزە عێراقی و کوردستانییەکان. پاش ئەوەی کارەکانیان کۆتایی هات و گەڕانەوە، عەلی ئەدیب نامەیەکی بۆ من بەجێ هێشت و سوپاسی کردم. مەبەستی من ئەوەیە کە زۆر هاوکاری هەموو هێزەکان بووین بۆ ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری، هیوادارم لەبەر چاویان بێت، هەموویان لە کوردستانەوە گەڕانەوە، حیزب نییە هاوکاریمان نەکردبێ بە گەورەو بچوکەوە.

هەر بۆ نمونەی یەکێتیی تورکمانی ئیسلامی کە عەباس بەیاتی لێپرسراویانە و ئێستا لە کەسە دیارەکانی پەرلەمانی عێراقە و نزیکە لە حیزبەکەی مالکییەوە، لە سلێمانی بارەگایان هەبوو، مانگانە یارمەتیمان دەدان و ماوەی نزیکەی مانگێ پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام بۆ ئەوەی زیاتر خۆیان ساز و ئامادە بکەن، لای مام جەلال لەگەڵیان دانیشتین. پاش ئەوە چەندین پارچە چەکمان دانێ، وابزانم "٣٠" کلاشینکۆف بوو، زۆر باش لەبیرم نییە، هەروەها مەبلەغی دە هەزار دۆلارم تەسلیم کردن. ئێستا هەموویان لە دەسەڵاتدان و کەسیان نییە یەکێتی هاوکاری

و پشتیوانی نەکردبێت. بە هەمان شێوە هاوکاریی حیزبە تورکمانییەکانمان کردووە بە جەبهەی تورکمانی و ئەوانی تریشەوە.

لە داهاتوودا پەیوەندی لەگەڵ هەموو حیزبەکان بە گەورە و بچوکەوە لە پاشکۆیەکی ئەم بیرەوەریدا چاپ دەکەم، هەروەها پەیوەندیمان لەگەڵ حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان و ئەوانەی لەو فەلەکەدا بوون کە تووشی شەڕ هاتین لەگەڵیان، لەگەڵ هەموویان پەیوەندییەکی یەکجار باشمان هەبوو. هەندێکی من خۆم لەلای مام جەلال ئاگادارم کەموزۆر هاوکارییان کراوە، هەندێکی توندڕەو و سەرکێشیش بە ناوی "ئەنسارولئیسلام" شەڕیان کردین و پێشمەرگەیان شەهید کردین، هەر لە بزووتنەوە و لە کۆمەڵ جیا بوونەوە. بە غەدر شەڕیان لەگەڵ کردین و چارەنووسی خۆشیان چیی بەسەر هات. ئیتر یەکێتی پەیوەندیی لەگەڵ هەموو لایەنەکان هەبوو. بە باشی مامەڵەمان لەگەڵ دەکردن. بە هۆی ئەم هەموو کۆبوونەوە و هاتنوچوونەش وردەوردە دەچینە پێشەوە بۆ ئەوەی هەموو هێزەکان هاوکاری بکەین بۆ ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام حسێن. من لەگەڵ ئەوەی لە مەکتەبی پەیوەندییەکانم، بەڵام بە حوکمی کارەکانی ڕۆژ کە لە منەوە دوور نییە، بەتایبەت جەبهەکان و شەڕفرۆشتنی ناحەزان، هەمیشە لەگەڵ هێزی پێشمەرگە سەردانم دەکردن.

### کێشەیەک لە شاخی سورێن

ڕۆژی ٢٠٠٢/٧/١١ سەعات چوار و نیو چووم بۆ لای کاک کۆسرەت لەسەر مەسەلەی شەڕێک لە بناری شاخی سوورێن، سوکەتەقە بووە لە نێوان "ئەنسارولئیسلام" و هێزەکانی سۆشیالست. شێخ جەعفەر و لیوا سمکۆ دزەیی چووبوون بۆ جەبهەکە. من و کاک کۆسرەت خۆمان

ئامادە کرد بچین. لەو کاتەدا لە ماڵەوە بووین و هێشتا سواری سەیارەکە نەبووبووین. تەلەفۆنیان کرد و وتیان "ڕێباز"ی کوڕی کاک کۆسرەت و دڵشادی وێنەگری هەردووکیان سەیارەکەیان وەرگەڕاوە و تەواو بوون. بەیەکەوە سواری سەیارە بووین بەرەو دوکان. پێش ئەوەی بگەینە ناو دوکان، لە کۆتەڵ سەیارەیەکی فریاکەوتنمان بینی و ڕامان گرت. هەتا بڵێیت قورس ناخۆش بوو. لەگەڵ تەرمی ڕێباز و دڵشاد گەڕاینەوە بۆ سلێمانی. خوا قوەتی کاک کۆسرەت بدات، ڕۆژی دوایی لە گردی سەلیم بەگ بەشداریی مەراسیمی بە خاک سپاردنمان کرد. کاک نەوشیروان وتارێکی پێشکەش بە بەشداربووان کرد و دەوری کاک کۆسرەت و ئەمیرە خانی باس کرد، کە بە شاژن ناوی هێنا، هەروەها دکتۆر بەرهەم و ئەرسەلان بایزیش قسەیان کرد. مەراسیمێکی گەورەی بۆ کرا هەم لە بە خاک سپاردنی و لە پرسەکەی کە لە کارگەی جلوبەرگی سلێمانی بەڕێوە چوو و هەموومان بەشدار بووین.

## مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانی و کوردستانییەکان

بۆ جاری دووەم بوومەوە بە لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانی و کوردستانییەکان، لە ماوەی ئەم دوو جارەداو ڕۆژانەش لە بیرمەو نوسیومەتەوە، خۆ ئەگەر هەر تەنها ڕۆژەکان بنوسمەوەو تاکو ئەو کاتەی لەوێ نەماوم چوومەتە جێگەیەکی تر هەر خۆی پەرتوکێکی لێ دەر دەچێ. بڕوا بکەن هەموو ڕۆژەکان پڕ لە کۆبوونەوەو چاوپێکەوتن، دانانی کات و سەعات لەگەڵ هەموو حیزبەکان بۆ کاری ڕۆژانەیان لەگەڵ خۆم و لەگەڵ هەڤاڵەکانی مەکتەب و لەلای مەکتەبی سیاسی بۆ جێبەجێ کردنی. ئەوەشی زۆر پێویست بوو لەگەڵ هەڤاڵ

مام جەلال ڕێکم خستووەو لە دانیشتنەکان هەموورشیان خۆم لەگەڵدا بووم، ئاگاداری هەموو قسەکانم لە باش و خراپی کە وتراوە. خۆ هەروەکو وتم نووسینەوەی زۆری ئەوێ هەمووشیان لە یەک دەچن، چونکی لەگەڵ هەموو حیزبەکان و لایەنەکان بەبێ جیاوازی هەموو جۆرە قسەیەکی تێدا کراوە نەخشەی بۆ دانراوە، مەبەستیش حیزبەکان هەر ئەوانەی لەلای خۆمان نین، هەندێک زۆر بە نهێنی یان هەندێک ئەفرادو خەڵکی ناودار، ئیتر ئەمە ئیشی ڕۆژانەمان بوو لەگەڵ هەڤاڵەکانی مەکتەب ئیشەکانمان دابەش کردبوو ئەنجاش فریا نەدەکەوتین، لە مەکتەبەکەش پەیوەندییەکی توندوتۆڵمان هەبوو، تاکو ئەو ڕۆژەی من گوێزرامەوە بۆ شوێنێکی تر، ئیتر لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکاندا ناچاربووم جار جارە ئیشارەت بە هەندێکی هەر بدەم وەک لە پێش ئێرەوە هەر ئیشارەتم پێداوە، هەم هی مەکتەبی پەیوەندییەکان و کارەکانی تر، ئەگینا بیرەوەری چییە ئەگەر وەک خۆی نەینووسیتەوە، جا لەبەر ئەوە من لە مەکتەبی پەیوەندییەکان ئیشارەت دەدەم بە کەمێکی لەم نووسینەوەیەداو ئەچمە دوای ئەوە، بۆ مێژووش هەموو پەیوەندییەکان هەم لە مێشکم پارێزراوە هەم لە توێی چەند دەفتەرێکدا بۆ مێژووی یەکێتی و خۆم پارێزراوە.

ڕۆژی ٢٠٠١/٣/١٣ چووم بۆ کۆیە بۆ چاوەڕوانی برایانی پارتی بێن بۆ لێکۆڵینەوە لە شەهیدکردنی "فەرانسۆ هەریری" ئەو برایانە کە هاتبوون ١- بروسکی نووری شاوەیس ٢-فایەق ڕەش ٣- نیاز حەمە سەعید بەگ ٤- قادر سدیق و سەلام برای کاک پیرۆت. دیار بوو لەو بەڵگانەی کە دەستیان کەوتبوو لە شەهیدکردنی فەرەنسۆ هەریری هەندێک سەرە داویان دەست کەوتبوو، ئێمەش هاوکاریان بووین، و بەرهەمی باشی هەبوو چونکی لەملاو ئەولاوە هەندێک شەهیدکردنی فەرانسۆ هەریری بەجۆرێکی تر لێک دەدایەوە. ئەو ڕۆژە لەگەڵیان بووم بۆ هەموو شوێنەکان لە سلێمانی، نیوەڕۆکەشی لەگەڵیان پێکەوە چووین

بۆ لای "عەباس ئەبو شوارب" کەبابچی و لەوێ نانی نیوەڕۆمان خوارد دۆستی هەموومان بوو.

ڕۆژی دوایی تر چووینە لای مام جەلال و پاش قسەکردن بەڵێنی هەموو هاوکارییەکی پێدان بۆ ئاسانکردنی کارەکەی بۆی هاتوون، شەویش لەگەڵیان بووم لە یانەی کۆمەڵایەتی، کاک فاروق مەلامستەفا دەعوەتی کردبوون.

هەر لە کاری ڕۆژانەمان لەگەڵ حیزب و لایەنەکان کە بەردەوام بووین بە عەرەب و تورکمان ئاشوریەکانەوەو ئەوانەی کە لە سلێمانی بارەگایان هەبوو لامان یان ئەوانی تر کە لە هەولێر بارەگایان هەبوو هاتوچۆیان دەکردین هەموو کارەکانمان ڕێک دەخست، لە یەکێک لە کارەکان کردنەوەی بارەگای جولانەوەی تورکمانی سەربەخۆ ڕۆژی ٢٠٠٢/٩/٣ لەگەڵ هەندێک لە هەڤالانی مەڵبەند چووین بۆ چەمچەماڵ و لەوێش قائمقامی چەمچەماڵ لەگەڵمان هات، ئەمەش لەسەر دوربینیی سیاسەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو. کە هەمیشە برا تورکمانەکانمان بە بەشێک لە پێکهاتەی عێراق زانیوەو خەڵکی کەرکووک زانیوە و هەر هەنگاوێ بنرێت بۆ ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام حسێن و کۆکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی زۆر باشە بۆ ئەوەی بزانن کە کورد کێشەی نییە لەگەڵ هیچ نەتەوەیەک بەتایبەت تورکمانیش کە غەدریان لێ کراوە لەلایەن ڕژێمی سەدامەوە. ڕەنگە لای هەندێک قورس بێت، بەڵام ئەوە ڕاستییەکی دیارە سەدام غەدری لە هەموو خەڵکی عێراق کردووە و لەسەر هەموو خەڵکی عێراق پێویستە دژایەتیی سەدام بکات و کۆبکرێنەوە. کەم بێت یان زۆر هێزو تواناکان و دەبێ حسابی دراوسێکیانیش بکەین.

## گەڕانەوەی مام جەلال لە ئەمەریکا

مام جەلال لە ئەمەریکا گەڕایەوە. ئاگاداریان کردم هەموو حیزبەکان ئاگادار بکەمەوە بۆ کۆبوونەوە، منیش ڕۆژی کۆبوونەوەم ڕێک خست. ڕۆژی ٢٠٠٢/٩/١٤ کۆبوونەوە کرا. مام جەلال سەفەرەکەی خۆی بۆ باس کردن، بەتایبەت مەسەلە گرنگ و چارەنوسسازەکان ئەوەی زیاتر پەیوەندیی بە کوردەوە هەیە. لە کۆبوونەوەکەدا باسی دەوری حیزبەکانی کرد لە داهاتوودا و ڕەئی هەموویانی لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان وەرگرت. دیارە دوای ئەوە کۆبوونەوەی تریش کرا. ڕۆژبەڕۆژ فشاری ئەمەریکا و خۆرئاوا لەسەر عێراق توندتر دەبوو. حیزبەکان کە لە سلێمانی بارەگایان هەبوو، بەتایبەت "مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی" و حیزبی دەعوە، مام جەلال چاوی پێیان کەوت. هەروەها لەگەڵ هەژدە حیزبە کوردستانییەکەش کۆبوونەوەی کرد بۆ هەمان مەبەستی سەفەری کە چووبوو بۆ ئەمەریکا و بەریتانیا و تورکیا. لە گەڕانەوەشیدا بەلای کاک مەسعود بارزانیدا گەڕابۆوە و چاوی پێی کەوتبوو.

ئەگەرچی عێراق ڕازی بووبوو پشکنەرەکان بگەڕێنەوە بۆ عێراق، بەلام ئەمەریکا لە زمانی لێپرسراوە ئەمەریکییەکانەوە زیاتر لەسەری توندتر دەکرد و هەر سوور بوون لەسەر گۆڕینی ڕژێمی سەدام. ئێمەش لە خوامان دەوێ و هەموو هەوڵێکی خۆمان بەکار دەهێنین. ئەم هاتوچۆ و کۆبوونەوانەی مام جەلال لە پاش گەڕانەوەی و بینینی هەموو حیزبەکان بەبێ جیاوازی بەشێکی سەرەکیی ستراتیژی ئەو کاتەمان بوو. من خۆم لە هەموو کۆبوونەوەکاندا بووم. شاهیدم کە چۆن ئەم ماوەیەمان تەرخان کردووە بۆ ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆریی سەدام حسێن.

**هاتنی هانیا موفتی بۆ سلێمانی**

هانیا موفتی نوێنەری ڕێکخراوی لێبوردنی گشتی بوو و کاک کۆسرەت دەعوەتی کردبوو (من، کاک عەدنان موفتی، ڕەفعەت عەبدوڵلا، سەعدی ئەحمەد پیرە، ئاسۆ ئەڵەمانی) لەگەڵی بووین و بەشدار بووین. هانیا ئێستا ئیشەکانی گەورە بووە. زۆر دۆستم بوو زۆریش یارمەتیی داین کاتێک ساڵی ١٩٨٧ کە من و کاک عەدنان موفتی و خوالێخۆشبوو "سامی شۆڕش" لەلایەن ڕژێمی سەدامەوە ژەهرخواردیان کردین. بە هیمەتی هانیا موفتی ڕەوانەی بەریتانیا و لەندەنیان کردین بۆ چارەسەر. هاوسەرەکەی هانیا کوردە و ئامۆزای کاک عەدنان موفتییە و ناوی "سیامەند زەید عوسمان"ە. کەسێکی باش و تێکۆشەرە. لە ڕۆژی یەکەمی ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری هانیام لەگەڵ خۆم برد بۆ شاری کەرکووک. شەوی یەکەم لەوێ ماینەوە. بە چاوی خۆی ڕووخانی ڕژێمی سەدامی لە کەرکووک بینی. هەر خۆشی نەبوو، هەیئەتێکی لە خۆی گەورەتری لەگەڵدا بوو، بۆ ڕۆژی دوایی هانیا گەڕایەوە.

بۆ ئەم مەبەستە و ڕووخانی دیکتاتۆریەت حیزب نییە کۆبوونەوەمان لەگەڵ نەکردبێت، عیراقی بێت یان کوردستانی، بۆ خۆئامادەکردن بۆ بەشداریکردن.

ڕۆژی ٢٠٠٢/٩/٣٠ بە نوێنەرایەتیی کاک مەسعود بارزانی وشیار زێباری هات بۆ لای مام جەلال بۆ ڕێکخستنەوەی ماڵی کورد و خۆئامادەکردن بۆ دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان و بڕیارلێدانی. بڕیارە ڕۆژی ٢٠٠٢/١٠/٤ یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان ببەسترێ. هی لیستی سەوز و زەرد، منیش خۆم لەسەر لیستی سەوزم. ئیتر خۆمانی بۆ ئامادە دەکەین، چونکی بە هۆی شەڕی ناوخۆوە کاری پەرلەمان وەستابوو. بۆ ئەم ئەرکە پیرۆزە و بەشداریکردن تێیدا لەگەڵ هەڤاڵ شەوکەتی حاجی موشیر خۆمان ئامادە کرد. کاک شەوکەت هەزار ڕەحمەتی لێبێ پیاوێکی ماندوو بوو، یەکەم پێشمەرگەی شۆڕشی

نوێ بوو، بەدەستی چەتەکانی "ئەنسارولئیسلام" لە شارەزوور بە غەدر و دوور لە رەوشتی ئیسلامی شەهید کرا. لەگەڵ کاک شەوکەت پێکەوە لای باخی بەختیاریی سلێمانی یەکمان گرتەوە بۆ ئەوەی برۆین بۆ هەولێر. رۆژی ٢٠٠٢/٢/٤ سەعات دە کۆبوونەوەی پەرلەمان دەست پێ دەکات.

## یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان دوای کۆتاییهێنان بە شەڕی ناوخۆ

پاش دەسپێکردنەوەی پەرلەمان دکتۆر رۆژ نووری شاوەیس وتاری پەرلەمانی پێشکەش کرد، داوا لە "دانیاڵ میتران" کرا. بەڕێزی وتارێکی پێشکەش کرد و پیرۆزبایی لە هەموان و لە خەڵکی کوردستان کرد بۆ ئەم هەنگاوەی نراوە لە ڕێککەوتن و پێکەوەکارکردن. زۆر تەئکیدی لەسەر برایەتی و پێکەوەژیان کردەوە. دڵسۆزیی خۆی بۆ داوای ڕەوای گەلی کوردستان دەربڕی و پشتیوانیی فەرەنسای نیشان دا بۆ داوای ڕەوای خەڵکی کوردستان. بە چەپڵەڕێزان پێشوازیی لە وتارەکەی بەڕێزیان کرا.

## سوێندخواردنی ئەندامانی تازەی پەرلەمان

ئەو ئەندامە تازانەی پەرلەمان کە ئامادە بوون و لە لیستی سەوز و زەرددا بوون، تازە هاتبوون و سوێندی یاساییان خوارد.

**سوێندخواردنم لە بەردەم سەرۆکی پەرلەمان**

منیش کە لە لیستی سەوزی پەرلەمان بووم، سوێندی یاسایم خوارد و لەو ڕۆژەوە لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان دەستبەکار بووم.

وتارەکان دەستی پێکرد. وتار یەکەم کاک مەسعود بارزانی بوو، وتاری دووەم مام جەلال بوو، هەردووکیان وتارێکی گرنگیان پێشکەش کرد بۆ ئەم قۆناغە نوێیە و بووە مایەی خۆشحاڵیی بەشداربووان و کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و دەستپێکردنەوەی کاری هاوبەش و زاڵبوون بەسەر کۆسپوتەگەرەکاندا. پاش مەراسیمی پەرلەمان لەگەڵ شەوکەتی حاجی موشیر گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، چونکی پێکەوە چووبووین.

من هەروەک لە مەکتەبی پەیوەندییەکان بووم، کاری حیزبیم دەکرد. وەفدێک لە برا عەرەبەکان لە موسڵەوە هاتبوون. حیزبی ئیسلامی عێراقی بە نوێنەرایەتیی " دکتۆر فاروق العانی" و "دکتۆر حاچم الحسنی". لای مام جەلال هەم کۆبوونەوەکەم ڕێک خستبوو کە بۆ ڕۆژی ٢٠٠٢/١٠/٦ بوو، هەم لای مام جەلال نانی نیوەڕۆ بخۆن.

مام جەلال وتی با کاک کۆسرەت و کاک عەدنان موفتی ئامادە بن بۆ کۆبوونەوە. ڕۆژی ١٠/٦ برایانی حیزبی ئیسلامی هاتن و مامۆستا "عەلی محەمەد"یان لەگەڵ بوو کە لە یەکگرتوی ئیسلامیی کوردستان بوو، چونکی سەرچاوەکەیان یەک بوو و ئیخوان بوون. کە هاتبوون، بەرنامەیەکیان پێبوو، بڕیار درا هەفتەی داهاتوو قسەی لەسەر بکرێ.

## کۆبوونەوەی پەرلەمان لە سلێمانی لە ئوتێل پالاس

پاش ئەوەی یەکەم کۆبوونەوە لە هەولێر کرا، بۆ ڕۆژی سێشەممەش ٢٠٠٢/١٠/٦ کۆبوونەوەی دووەم لە سلێمانی بەڕێوەچوو. کاک مەسعود بارزانی هات و پێشوازیمان لێکرد. لەوێش وتارێکی لەسەر دەوری پەرلەمان و کۆتایی شەڕی ناوخۆ پێشکەش کرد.

## بەرەو سازدان و ئامادەکاری بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام

هەموو ڕۆژەکان لەگەڵ حیزب و لایەنەکان کۆبوونەوە بەردەوام بوو بۆ ئەوەی یەکریز بین. ڕۆژی ٢٠٠٢/١٠/٩ لەگەڵ ئەبوداود "حمید مجید موسی" سکرتێری حیزبی شیوعیی عێراق لای مام جەلال کۆبوونەوە کرا. هەڤاڵانی تریش بەشداربوون بۆ دانانی بەرنامەیەک و خۆئامادەکردن بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری.

## کۆبوونەوەی حیزبە کوردستانییەکان

ڕۆژی ٢٠٠٢/١٠/١٠ هەژدە حیزبی کوردستانی لە قەڵاچوالان و بە سەرپەرشتیی مام جەلال کۆبووینەوە. حیزبەکانی تریش بەرپرسی یەکەمیان بەشدار بوون. کۆبوونەوەکە زیاتر لەسەر ڕێکەوتنی یەکێتی و پارتی بوو و بۆیان ڕوون کرایەوە. هەروەها داوا لە هەموومان کرا هەموومان خۆمان ئامادە بکەین بۆ ڕووداو و گۆڕانەکان، کاتەکانیش خێرا تێپەڕ دەکات بۆ ڕووخاندنی دیکتاتۆریەت. پاش ئەوەش مام جەلال لەگەڵ پێنج حیزبەکەی کە لەگەڵ خۆمان هاوپەیمانییان هەبوو، کۆبۆوە.

جارێکی تریش ڕۆژی ٢٠٠٢/١٠/١٢ لەگەڵ حیزبی ئیسلامی (حاچم الحەسەنی و فاروق العانی) عێراق لای مام جەلال کۆبووینەوە.

ئەمجارەیان مامۆستا "عەلی محەمەد"ی یەکگرتوو و "عومەر عبدالعەزیز" لە سەرکردایەتیی یەکگرتووی ئیسلامی لەگەڵیان بوو. لەم کۆبوونەوەیەدا پەیمانێک "میثاق" بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام لە بەینی هەردوولادا واژوو کرا. بۆ مێژوو دەبێ بڵێم هەر لەو کۆبوونەوەیەدا حیزبی ئیسلامی زۆر سڵیان دەکردەوە لە هاتنە سەر حوکمی شیعە و لە داهاتوو دەترسان. هەرواشی لێهات. ڕۆژی ٢٠٠٢/١٠/١٢ چووم بۆ لای نوێنەری مەرجەعی دینیی گەورە "سەید محەمەد حسێن شیرازی" لە حەوزەی زەینەبییە و لە ئوتێل ئاشتی چاوم پێیان کەوت. دوایی بردمن بۆ لای مام جەلال لە قەڵاچوالان. مام جەلال زۆر ڕێزی گرتن و بە گەرمی بەخێرهاتنی کردن. لەسەر کارەکان وەعدی هاوکاریی پێدان. ئەوانیش ڕازی بوون لە چاوپێکەوتنەکە.

### بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام

ئێمە وەک یەکێتیی نیشتمانی و بە سەرپەرشتیی مام جەلال بۆ ڕووخاندنی ڕژێم هەموو هەنگاوێکمان دەنا و زۆر بە جدی و بەبێ سڵەمینەوە، بە نهێنی و ئاشکرا کارمان بۆ دەکرد.

### بنکەو بارەگاکانی هێزی برا شیعەکان هێزی بەدر

هێزەکانی بەدر کە سەر بە مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی بوون، چەند بنکە و بارەگایان لامان هەبوو هەم لە شاری سلێمانی و لە ئاڵپاریزی لای سەید سادق و پێنجوێن. دیار بوو حکومەتی عێراق جوابی دەنارد کە ئەو هێزانە لەو ناوەن. ئێمەش ئینکاریمان دەکرد، حکومەت هەڕەشەی دەکرد. ئێمەش دەمانوت هێزی خۆمانە. بۆ ئەم مەبەستەش

کارەکانمان بە نهێنی ئەنجام دەدا تاکو کاتی خۆی دێتە پێشەوە. ڕۆژی ۲۰۰۲/۱۰/۲۳ سەردانی بارەگای مەجلیسم کرد لە سلێمانی بۆ ئەوەی پێکەوە بەرنامەیەک دابنێین و تووشی زەرەر نەبین، چونکی عێراق دەڵێت هێزی سەر بە ئێرانی لێیە و ئێمەش دەڵێین شتی وانییە. خۆ دیارە عێراقیش سیخوڕ و خەڵکی هەیە و زانیاریی دەدەنێ. ئیتر دەمانویست نهێنی بێت. بەلام کاری نهێنی لە ولاتێکی وادا ئاسان نەبوو، هەرچەند تکوڵیشی لێبکەین.

## کۆبوونەوەکانی پەرلەمان

بێجگە لە کارەکەی خۆم کە لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکان بووم، بەشداریی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانیشم دەکرد.. لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار و هەڤاڵ سالار عەزیز چووین بۆ هەولێر بۆ قسەکردن لەسەر پرۆژەی فیدراڵ و حکومەتی فیدراڵی عێراق. ماوەی سێ ڕۆژمان پێچوو. ماوەیەکی زۆری ویست بۆ باسکردن و قسەکردن لەسەری، هەموو پەرلەمان بە لیستی سەوز و زەردەوە قسەمان لەسەر کرد شتێکمان گەلاڵە کرد. شەویش من و مەلا بەختیار و سالار عەزیز دەعوەتی کاک ڕۆژ نووری شاوەیس بووین. پێشمەرگەی دێرین خوا عەفوی بکات "ئیبراهیم سەعە کەڕیش" لەوێ لای دکتۆر ڕۆژ بوو و بینیمان. ئیبراهیم لە شۆڕشی ئەیلوول پێشمەرگەیەکی ئازا بوو و پێکەوە بووین.

ڕۆژانی دوایش کارەکان بەڕێوە چوون. ڕۆژی ۲۰۰۲/۱۱/۷ دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح و دوو وەزیر هاتن سوێندیان خوارد. دوو وەزیرەکەش دکتۆر محەمەد خۆشناو بۆ وەزیری تەندروستی و بایز تاڵەبانی بۆ دارایی بوون. دوای ئەوەش بە زۆرینەی دەنگ لەسەر پرۆژەی فیدراڵی درا.

## بەرەو کۆنگرەی هێزەکانی بەرهەڵستکاری عێراق و کۆبوونەوەی بروکسل

هەنگاوبەهەنگاو خۆمان ئامادە دەکەین بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری. بڕیارە کۆبوونەوەیەکی گەورە لە برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا بە ناوی کۆنگرەی بەرهەڵستکارە عێراقییەکان ساز بکرێت. منیش بە حوکمی ئەوەی لێپرسراوی پەیوەندییەکانم و هەموو حیزبە کوردستانی و عێراقییەکان دەناسم و کاری ڕۆژانەیان لە ڕێگەی منەوەیە، ئەندامی وەفدی یەکێتیم لەگەڵ مام جەلال بۆ ئەو کۆنگرەیە. دەنگیش هەیە چەند ڕۆژێک دوا بکەوێت. بۆ ئەم کۆنگرەیە قسەمان لەگەڵ زۆربەی حیزبەکان کردووە، کە نوێنەری خۆیان بۆ بەشداریکردن حازر بکەن.

## چوون بۆ ئێران

بە مەبەستی سەفەرکردن بۆ کۆنگرە ڕۆژی ٢٠٠٢/١١/١٢ ڕۆیشتم بۆ پەرویزخان و لەوێشەوە بۆ کرماشان و تاران بەڕێ کەوتم. پاش ئەوەی گەیشتمە تاران، کاک بەهرۆز گەلالی ئاگاداری کردمەوە و وتی لە ئێرانەوە سەفەر ناکرێ، لە ڕێگەی تورکیاوە دەبێ. منیش هیلاکییەکەم بۆ مایەوە و ناچار جارێکی تر گەڕامەوە بۆ سلێمانی، لەبەر ئەوەی بڕیاریان دابوو لە ڕێگەی تورکیاوە بچین.

## گۆڕانی جێگەی کۆنگرە لەباتی بەلجیکا بۆ بە لەندەن

دیار بوو جێگەی کۆنگرە گۆڕاوە و چۆتە لەندەن. چەند ڕۆژێ لە سلێمانی مامەوە، هەر خەریکی ئیشوکاری حیزبەکان بووم بۆ ئەوانەی بەشدار دەبن. پاش ئەوە سەفەرمان کرد بۆ تورکیا و لەوێشەوە بۆ لەندەن بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی عێراقی.

هەموومان لە لەندەن بە دوای یەکدا لە ئوتێل هلتون یەکمان گرتەوە و کۆنگرەش هەر لە هۆڵی ئوتێل هلتون بوو. بە حوکمی ئەوەی لێپرسراوی پەیوەندیەکان بووم، لەگەڵ مام جەلال و مەلا بەختیار و زۆر لە هەڤاڵانی تریش بەشدار بووین بەشداربووانی حیزبەکانی تریش پێک هاتبوون لە کاک مەسعود بارزانی و هەڤاڵەکانی خۆی، یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی، بزووتنەوەی ئیسلامی، حیزبی دەعوە، مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی، حیزبی شیوعی عێراقی، حیزبی ئیسلامیی عێراق، کاک محەمەدی حاجی مەحموود لە حیزبی سۆشیالیستی کوردستان، ئاشوورییەکان، جولانەوەی ئیشتراکیی عەرەبی. حیزبی گەورە و بچوکی عێراقی دژی ڕژێمی سەدام بوو. هەروەها ئەیاد عەلاوی و وفاقی نیشتمانی و ئەحمەد چەلەبی موئتەمەری وەتەنی عێراقی بەشدار بوون.

کۆبوونەوەیەکی گەورە و سەرکەوتوو بوو، بۆ دوای ڕووخانی ڕژێم بەرنامە دانرا. ئەوەی حەقە لێرەدا بوترێت، دەوری مام جەلال بە کۆنگرەوە دیار بوو هەمووشیان قبوڵیان بوو، ئەگەر کێشەیەک بهاتایەتە پێشەوە، مام جەلال دەوری تێدا دەبینی. کۆنگرە دوو ڕۆژی پێچوو و لە پاش تەواوبوونی گەڕاینەوە بۆ کوردستان. بەڕاستی ئەم کۆنگرەیە بناغەداڕێژی یەکڕیزی بوو بۆ ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری، لە پشتی پەردەشەوە دەوری ئەمەریکا دیار بوو. "زاڵمای خەلیلزاد" لەوێ بوو، ئەو چەند ڕۆژەی کۆنگرەکە هەموو حیزبە عێراقی و کوردستانییەکان بەشدار بوون و بە پەرۆش بوون بۆ ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێنی

دیکتاتۆر. کۆنگرەش بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات و بەیانێکی کۆتایی لەسەر دەرچوو، ئەمە یەکەم کۆبوونەوەی گەورەی هێزەکان بوو.

پاش ئەوە گەڕاینەوە بۆ کوردستان. لەسەر ئیشەکەی خۆم بەردەوام بووم و لە جاران زیاتر لەگەڵ حیزبەکان لە پەیوەندیدا بووین. ئەو بەرنامەیەی کە دارێژراوە بۆ ڕووخانی ڕژێم، هەوڵ و ماندوبوونێکی زیاتری دەوێ، هەر کەسە لای خۆیەوە، بەرچاوڕوونییەکمان هەبوو. لەگەڵ ئەو هەموو کێشەیەی کە یەکێتی لە سنووری سلێمانی هەیبوو، لەگەڵ جەماعەتی "ئەنسارولئیسلام"دا لە شەڕدا بووین و پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان دەدا، سەرئێشەیان بۆ دروست کردبووین. ئێمەش هەر لە هەوڵی ئەوەدا بووین لە ڕێگەی حیزبە ئیسلامییەکانەوە چارەسەرێکی ئەم وەزعە بکەین بۆ ئەوەی خۆمان لە گێچەڵی ئەوانە دوور بخەینەوە. بۆ ئەو مەبەستە چەندین جار هەنگاومان ناوە، چونکی ئەوەی ئێمە خۆمانی بۆ حازر دەکەین، ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێنە، کە زۆر گەورەیە. جارێکیان من و عیماد ئەحمەد و سەعدی پیرە سەردانی بزووتنەوەی ئیسلامیمان کرد بۆ ئەو مەبەستە. لە هەڵەبجە شێخ عەلی و برایانی بزووتنەوەمان بینی (کەمال ڕەحیم، عەبدولرحمن عەبدوڕەحیم و یاسین ئەحمەد). ئەوان ڕۆژی پێشوتر چووبوون بۆ تەوێڵە و جەماعەتی "ئەنسارولئیسلام"یان بینیبوو. داوای شتی زۆر قورسیان کردبوو، مەبلەغی چەند ملیۆن دینارێک و بەربوونی زیندانییەکانیان، هەندێک لەوان خەڵکیان کوشتبوو و وتبوویان ئیعتیراف بە حکومەتیش ناکەن، بە گوێرەی شەرعی ئیسلام. پاش دانیشتن لەگەڵیان گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، ئەوەی باسمان کردبوو، بۆ جەنابی مام جەلالمان گێڕایەوە.

دیار بوو لە ڕووی کاری تیرۆریستی و پەلامارەوە دریغییان نەدەکرد، هەر لە شەهیدکردنی فەڕانسۆ هەریرییەوە تا پەلاماری ماڵی دکتۆر بەرهەم و شەهیدکردنی پێنج لە پاسەوانەکانی، هەروەها لە

سنووریشەوە لەلای هەڵەبجە پەلامارەکانیان بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە و شەهیدانی خێڵی حەمەو شوێنەکانی تر. ئەمەی ئەوان دەیان کرد، قابیلی قبوڵ نەبوو. لەبەر ئەوەش دەبوایە بیر بکرایەتەوە چۆن ئەم شەڕ و بەڵایەش لە کۆڵ خەڵکی کوردستان بکرێتەوە. ئێمە کاری زۆر گەورەترمان لەبەردەست و بەرنامەدا بوو. زۆریش هەوڵمان دا و ئەوکات لە ڕێگەی بزووتنەوەوە چەندین جار لەگەڵیان دانیشتین. کۆتاییەکەی پێش ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری و بە هاوکاری هاوپەیمانان لە سنووری خورماڵ و تەوێڵە پاش شەڕێکی قورس ڕاونران و بەرەو سنوورەکانی ئێران هەڵاتن و ناوچەی هەڵەبجە پاک کرایەوە لە ئەنسارولئیسلام و زەرەرێکی گەورەیان پێگەیشت و کوشتارێکی گەورەیان لێکرا. لەلایەن ئەمەریکاوە لەو جێگەیانەش درا، کە دۆستایەتییان دەکردن، دیارە تەکنەلۆجیای سەربازی هێند پێشکەوتووە، لە دەریای سوورەوە ساروخ دەهاوێژرێ و لە جێگەی مەبەست دەدات. کەسێکی ئێرانی وتبووی ساروخەکان هاتوون و لە چایخانەکەی زمزیران لایان داوە و قاوەیەکیان خواردۆتەوە، ئەنجا هەڵساون و چوون بۆ لێدانی ئەنسارولئیسلام. ئیتر پاش ئەو هەموو سەبر و ڕاوەستانە پاک کرانەوە و هەڵاتن. بۆ ئەم هێرش و لێدانەش هێزێکی باشمان بەکارهێنا و کادێرە سەربازیەکانمان بەشدارییان کرد، دوای ئەوەش ناوچەی هەورامان ئاهێکی پێدا هاتەوە و خەڵکی ویستیان کەمترین شت گوێ لە ڕادیۆ و گۆرانی بگرن، کە لێیان زەوت کرابوو.

**خۆئامادەکردن بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری**

ئێمە وەک یەکێتیی نیشتمانی ئەوەی لە ئەستۆماندا بوو، دریغیمان نەکرد. پاش گەڕانەوە هەر لە ڕێگەی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانی و کوردستانییەوە کە بەندە لێپرسراوی بووم، لەگەڵ هەموو حیزب و لایەنە کوردستانی و عێراقییەکان کەوتینە کۆبوونەوە بە تاک و بە دەستەجەمعی. زۆریش خۆمان دەپاراست لە هەندێ وتاری زەق و بریقەدار بۆ ئەوەی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام حسێن بێئاگا بکەین لە بەرنامە و ئامانجەکانمان. لەگەڵ هەموو هەنگاوەکانمان بۆ سەرکەوتنی کارەکانمان پەیوەندییەکی توندوتۆڵمان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەبوو، وەک دوو هێزی سەرەکیی مەیدانی کوردستان و خاوەنهێز دەبوایە وابێت. لە کاتی پەلاماری هاوپەیمانان هێزەکانی یەکێتی و پارتی بەشداری چەکداریمان کرد، بەتایبەت لە سنووری موسڵ و کەرکووک و خانەقین و ئەو ناوچانەی کەوتنە دەست هێزی پێشمەرگە، کە چەندین ساڵ بوو بەعەرەبکرابوون و خەڵکە ڕاستەقینەکەی دەربەدەر کرابوون، یان هێزی سەربازی لێبوو یان عەرەبیان بۆ هێنا بوو، زۆر جێگە پاک کرایەوە، بەتایبەت لە خانەقین هەموو عەرەبانەی هێنابوویاننە سەر زەوی کورد و تاکو ئێستاش ئاسەواری دیارە، دەرکران و هەڵاتن. دیارە لە شوێنەکانی تریش چووینە پێشەوە، بەڵام وەک لای خانەقین نەبوو. دەوری مەلابەختیار دیار بوو.

## ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری

عێراق و ڕژێمی سەدام حسێن بەردەوام بوون لەسەر سیاسەتی دژی هەموو عێراقیەکان و دژی دراوسێ و ئەورووپا لە لایەکەوە. لەولاشەوە مەسەلەی چەکی ئەتۆمی و گوێنەدان بە بڕیارە نێودەوڵەتیەکان و بەرپا کردنی شەڕی هەشت ساڵە لەگەڵ ئێران و پەلاماردانی کوێت. لە ڕاپەڕینی خەڵکی عێراقدا سەدان خەڵکی شەهید و بریندار کرد بە کورد و عەرەبەوە. چەکی بەرامبەر خەڵکی کوردستان بەکار هێنا. کوشتن و بڕینی خەڵکی عێراق درێژەی کێشا و زیندانەکان پڕبوو لە خەڵکی تێکۆشەری کوردو عەرەب و شیعە. سەدان کەسیان لە سێدارە دا تەنها لەبەر ئەوەی کورد یان شیعە بوون. ڕژێمی سەدام بە خەیاڵی خۆی وایدەزانی یاری بە عەقڵی وڵاتان دەکات. ڕۆژبەڕۆژ وڵاتان بەتایبەت ئەمەریکا خۆیان بۆ ڕووخاندنی ئامادە دەکرد. ئێمەش لەم بەرنامەیە بێئاگا نەبووین، بەڵام زۆر بە نهێنی کارمان لەسەر دەکرد، بەتایبەت هەردوو هێزی سەرەکی کوردی یەکێتی و پارتی.

دراوسێکانی عێراق، وەک کوێت و سعودیە، لە بەرەی هێزی هاوپەیمانان لەنگەریان گرتبوو. لەو ماوەیەدا هەموویان ئامادەسازیی باشیان کردبوو بۆ ئەم شەڕەی عێراق و ڕووخاندنی ڕژێمەکەی سەدام. هێزێکی گەورە لە پاپۆڕە گەورەکانی ئەمەریکا و بریتانیا لە ئاوەکانی کەنداو لەنگەریان گرتبوو، تاکو کاتی ئەوە هات لێی بدەن.

## هێرش بۆ سەر عێراق و ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام

حکومەتی عێراقیش هاشوهووش و درۆی گەورە زیاتر هیچیتری بەدەستەوە نەمابوو. وەزیرەکەی "محەمەد سەعید سەحاف" هەر بە خەیاڵ بەیانی دەردەکرد و باسی سەرکەوتنەکانی دەکرد بەسەر هاوپەیمانەکاندا. لە کاتێکدا لە بەغدا نزیک بووببوونەوە، سەدام حسێن خۆی شاردەوە، ئەوەی گیرا گیرا و ئەوەی هەڵات هەڵات.

**ڕۆژی پەلامار بۆ سەر عێراق**

ئێمەش وەک یەکێتی نیشتمانی هێزەکانمان لە ئامادەباشیدا بوو. من ئەو کاتە لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانییەکان بووم و هەر ڕۆژی یەکەم خۆم ئامادە کرد. "هانیا موفتی"ی لێپرسراوی ڕێکخراوی لێبوردنی دەولی میوانمان بوو، لەگەڵ خۆم بردم بۆ گرتنی کەرکووک. کەسێکی تریشی لەگەڵدا بوو. لە یەکەم ڕۆژی گرتنی شاری کەرکووک بەشدار بووین. ئەویش بە چاوی خۆی بینی چۆن هێزە ترسنۆکە فشۆڵەکەی سەدام حسێن بەبێ ئەوەی بەرگری بکەن، هەڵدەهاتن و چەکەکانیان فڕێ دەدا. ئێمەش هەنگاوبەهەنگاو چووینە پێشەوە. تاکو ئێواری لە پارێزگای کەرکووک بووین و شەوێ چووینە ماڵی پوورزایەکم کە ماڵی لە کەرکووک بوو "نەوزاد تۆفیق"، شەوێ لەوێ ماینەوە. هەر ڕۆژی یەکەم هەموو دامودەزگاکانی حکومەت کەوتە دەست کورد. بۆ ڕۆژی دوایی و شەوەکەی لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی کشاینەوە. من زیاتر خۆم پاراست لەبەر خاتری "هانیا موفتی"، وتم نەوەک ڕووداوێک ڕوو بدات و شتێکی لێبێت، دوایی بەرپرسیارێتیم دێتە سەر، چونکی لەسەر بڕیاری خۆم و ڕازیبوونی هانیا چووبووین. ڕۆژی دوایی لەگەڵ خۆم هێنامەوە بۆ سلێمانی. ڕژێمی دیکتاتۆری تەسلیم بوو. هێزەکانی هاوپەیمانی بەغدایان داگیر کرد. ئیتر قۆناغێکی نوێ هاتە پێشەوە. لە هەموو شارەکانی کوردستان و عێراق خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی و بۆ ئەم سەرکەوتنە گەورەیە هاتنە سەر شەقام.

**بەرەو هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و کوردستان**

ڕۆژی ٢٠٠٥/١/٢ خەریکی خۆئامادەکردن بووین بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان. ڕۆژی ١/٢٦ چووم بۆ قەڵاچوالان بۆ لای هەڤاڵ مام جەلال. لەگەڵ کۆمەڵەی خوێندکاران و کۆمەڵەی زیندانییە سیاسییەکان کۆبوونەوەمان هەبوو. هەڤاڵ مەلا بەختیاریش بەشدار بوو. مام جەلال وتارێکی لەسەر گرنگیی خەبات و تێکۆشانی خوێندکاران و زیندانییە سیاسییەکان و خۆسازدان بۆ هەڵبژاردن پێشکەش کرد.

هەڵبژاردن مەسەلەیەکی چارەنوسسازە، پێشمەرگەکانی خۆم ئێزن دا بچنەوە بۆ سنووری قەڵادزە و ڕانیە بۆ ئەوەی لەوێ دەنگ بدەن، لەبەر ئەوەی خەڵکی ئەوێن. دەبێ هەر کەسەش لە جێگەی خۆی لەوێ دەنگ بدات. هەڵبژاردنیش نزیک بۆتەوە و بڕیارە ٢٠٠٥/١/٣٠ بێت و لە کاتی خۆیدا جێبەجێ کرا و بە هێمنی بەڕێوەچوو.

ڕۆژی ٢٠٠٥/٢/٤ لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردن یەکێتی و پارتی کۆبوونەوەیەکیان کرد. لە کۆبوونەوەی مام جەلال و مەسعود بارزانی بڕیاریان دا کە کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم بێت. نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی وەزیران و عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی بێت، مام جەلالیش هەڵبژێراوە و دەستنیشان کراوە بۆ سەرۆک کۆماری عێراق.

ڕۆژی ٢٠٠٥/٢/١٣ ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی عێراق بڵاو کرایەوە، لیستی شیعەکان یەکەم بوون "١٣١" و کورسی پەرلەمانیان بەردەکەوێ، لیستی کوردیش "٧٠" کورسی و دووەم بوو، سێیەم ئەیاد عەلاوی "٣٨" کورسی، غازی عجیل یاوەریش "٥" کورسیی هێنابوو.

## چاوەڕوانیکردنی مام جەلال بۆ ئەوەی ببێت بە سەرۆکی کۆمار

پاش ماوەیەک لە هەڵبژاردن ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق لە ڕۆژی ٢٠٠٥/٤/٦ لە پەرلەمان کۆبوونەوە و دەنگ درا. لە کۆی ٢٧٥ ئەندامی پەرلەمان مام جەلال ٢٢٨ دەنگی هێنا و دوو جێگری بۆ دانرا (عادل عبدالمهدی، شێخ غازی عجیل یاوەر). لە دەنگدانەکەشدا ٣٠٠ وەرەقەی سپیی تێدابوو و دەنگیان نەدابوو. مام جەلال وتارێکی پێشکەش کرد. بۆ ئەم سەرکەوتنە گەورەیە کە لە مێژووی عێراق و کورددا نەبووە، لە هەموو شارەکانی کوردستان و هەر چوار پارچەی کوردستان ئاهەنگ ساز کرا بۆ بوونی مام جەلال بە سەرۆککۆماری عێراق.

ڕۆژی ٤/٧ چووم بۆ هەولێر بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی بەشداریی دوا کۆبوونەوە بکەین و خواحافیزی بکەین و پەرلەمانی تازەهەڵبژێراویش دوای ئێمە دەست بە کاری خۆیان بکەن. دیارە ئەو ماوەیەش کە لە پەرلەمان بووم، لەگەڵ باقی هەڤاڵەکانی تر هەرچیمان پێکرابێت، ئەرکی سەرشانمان بەجێ هێناوە. شەرەفێکی گەورە بوو بۆمان لە خزمەتی خەڵکیدا بین.

## چوون بۆ قەرەداغ

هەموو ساڵێک لە یادی کیمیابارانی قەرەداغ بەتایبەت دێی سێوسێنان و دوکان و دەوروبەری بەشداریی ساڵڕۆژی کیمیاباران دەکەم بە حوکمی ئەوەی لە ڕابوردوودا لەگەڵیان ژیاوم و ساڵی ١٩٧٩ تاکو ساڵی ١٩٨٢ ئامرهەرێمی قەرەداغ بووم. خەڵکەکەش ئەمناسن. لەوێ بەشداریم کردن و وتارێکم پێشکەش کردن لەسەر خزمەتی خەڵکی قەرەداغ، پاشان سەردانی هەندێک ماڵی ناسیاوم کرد.

ڕۆژی ٢٠٠٥/٤/١٩ چووم بۆ لای حاکم کامل. لیژنەیەک دروست بووبوو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر تاوانەکانی ڕژێمەکەی سەدام حسێن. منیش شکایەتنامەیەکم نووسی، لەگەڵ هەندێک بەڵگەنامە لەسەر تاوانەکانی سەدام حسێن و ڕژێمەکەی هاوپێچم کرد. لە شکایەتنامەکەدا باسی ژەهرخواردنکردنمان و شەهیدبوونی دایکم و بێستون مەلا عومەر و سەریعەی مەلا موحەرەمم کرد، وەزعی خۆمان کە چیمان بەسەر هات و چۆن لە مردن ڕزگارمان بوو. باسی بۆردومانەکەی ساڵی ١٩٧٤ لە گەرووی هومەر ئاغام بە بۆمبی فسفۆڕ و سوتانی زاهیری برامم کرد بەو بۆمبە، کە بە یاسای دەوڵەتان قەدەغەیە. شکاتی خۆم کرد، هەموو نووسراوەکانیشم دانێ، کە لە کاتی خۆیدا لە ڕێکخراوی لێبووردنی گشتیی جیهانی لەسەر ئێمە دەرچووبوو.

**وەفاتی باوکم**

٢٠٠٥/٥/٨ ڕێبواری برام ئێوارە درەنگ لە ڕانیەوە تەلەفۆنی بۆ کردم کە ئەمشەو باوکم وەفاتی کردووە. بە حسابی ئەو بەروارەی کە لە دەفتەرنفوسەکەیدا هەیەتی، دەبێ باوکم تەمەنی ٩٢ ساڵ بێت. ڕەنگە ئەوە ڕاست نەبێ، بەڵام لەو زەمان و سەردەمەدا هەروا نووسراوە. هەر کە لە شاری سەردەشتەوە بە منداڵی هاتۆتە قەڵادزە و لەوێ گیرساوەتەوە، دەفتەری نفوسیان بۆ دەرهێناوە. ئیتر لەگەڵ خزمانی سلێمانی هەموومان بەیانی زوو ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/٩ بەڕێ کەوتین بۆ ڕانیە بۆ ئەوەی بەشداریی مەراسیمی ناشتنەکەی بکەین. مەراسیمی بەخاکسپاردن و دوو ڕۆژەی مزگەوتمان جێبەجێ کرد، هەموو دۆست و هەڤاڵانی لێپرسراوانی یەکێتی و دەرەوەی یەکێتی هاوخەممان بوون،

زۆریش سوپاس دەکەین. دوایی گەڕامەوە بۆ سلێمانی. ئەوەی نەیتوانیبوو لە سلێمانییەوە بێت بۆ ڕانیە یان نەیزانیبێت، هات بۆ لام بۆماڵەوە. ئەو چەند ڕۆژەی پرسەکەی هەندێک لە خزمەکانی ئێرانمان لە شاری سەردەشتەوە بەشدارییان کردین.

## کۆبوونەوەکانی یەکێتی و پارتی

ئەم ماوەیە کۆبوونەوەی دوولقۆلی بەردەوام بوو بۆ ڕێککەوتن لەسەر هەندێک مەسەلە، وەک پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم و داهاتووی حکومەتی عێراق. دەبوو بۆ ئەم قۆناغە و لە پێناوی کۆمەلانی خەلک و داهاتووی عێراقدا یەکگرتوو و یەکریز بین. بەشدارییم لە زۆر لەو کۆبوونەوە و هاتوچۆیانەدا کرد. خۆشبەختانە لەسەر شتەکان هەلوێستی هەردوولامان باش بوو. ئەمەش یەکێک لە کارە باشەکان بوو، کە نیشانی هەموو حیزبەکانی عێراقیمان دا و وەک کورد سوودمان لێوەرگرت. ئەم کۆبوونەوانەش یەک و دوو نەبوو، دەیان دانیشتنیان بەدوای خۆیاندا هێنا.

## هاتنی سەفیری چین بۆ لای مام جەلال

ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/٢٥ مام جەلال لە دوکان دەعوەتی کردین. دەعوەتی سەفیری چینی کردبوو. هەموو وەزیرەکان و مامۆستاکانی دانشگا بانگ کرابوون. مام جەلال زۆر گرنگیی پێ دا و ڕێزی لێگرت، تاکو شەوێکی درەنگ لای مایەوە. دۆستایەتیی مام جەلال لە ساڵەکانی پەنجاکانەوە بەردەوامە و حسابێکی تایبەتی هەیە. ئەوەتا ئەمڕۆ دەرئەکەوێ کە

وەک یەکێتیی نیشتمانی پەیوەندییەکی توندوتۆڵمان لەگەڵ چین هەیە.
هەر لەوێش مام جەلال سەرەخۆشیی وەفاتی باوکمی لێکردم. ئەوەی ڕاستی بێت، تاکو ئەمڕۆش ئەو پەیوەندییە دەوری خۆی هەیە. هەمیشە گوێم لە مام جەلال بووە نەسیحەتی دەکردین و باسی دەوری کاریگەری چین و حیزبی شیوعیی بۆ دەکردین، زۆربەی هەڤاڵەکان شاهیدی ئەو ڕاستییەن.

ڕۆژی ٢٠٠٥/٧/٣ چووم بۆ لای مام جەلال لە قەلاچوالان. پاش ئەوەی لەسەر ئیشکردن زۆر قسەی بۆ کردم و ڕێنمایی کردم، وتی بڕیارم داوە کە بکرێیت بە لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە و نوێنەریشم بێت بۆ ئیشوکارەکانی پێشمەرگە، منیش زۆر سوپاسم کرد، بەڵێنم دایە کە هەرچیم بۆ بکرێ، وەک ڕابوردوو دریغی نەکەم و لە خزمەتی پێشمەرگەدا بم.

بۆ ڕۆژی دوایی سەردانی کاک کۆسرەتم کرد، ئەویش وتی لە مەکتەبی سیاسی بڕیارمان داوە کە بکرێیت بە لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە و کارەکانی سکرتێری گشتی بۆ کاروباری پێشمەرگە رابپەڕێنیت. منیش سوپاسم کرد، وتم ئەگەر ئەمرەکەتان دەرکرد، هەر بەو شێوەیە دەری بکەن.

هەروەها سەردانی کاک ئەرسەلان بایزم کرد، وتی مام جەلال چەند مانگە پێی وتوم کە بکرێیت بە لێپرسراوی مەڵبەندی پێشمەرگە و ئەمرەکە دەربکەم. سەردانی مەلا بەختیارم کرد لە بارەگای ڕێکخراوە دیموکراتییەکان. ئەویش وتی لەگەڵ مام جەلال قسەمان کردووە بۆ ئەوەی بکرێتە لێپرسراوی مەڵبەندی پێشمەرگە، بەڵام لەبەر یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە دواکەوتووە. وتویەتی ئەنێرم بەدوایدا بۆ ئەم مەبەستە. پاشان وتی مام جەلال وتویەتی دەعوەتی دەکەم و لەوێ قسەی لەگەڵ دەکەم.

## هاتنی عەمرو موسا ئەمینداری کۆمکاری عەرەبی

ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٢٥ سەعات دوانزە چووم بۆ فڕۆکەخانەی سلێمانی بۆ پێشوازی عەمرو موسا ئەمینداری کۆمکاری عەرەبی. پاش گەیشتنی و بەخێرهاتنی بردمانە ئوتێل سلێمانی پالاس، سەعات ٥ی ئێوارە لەگەڵ مەلا بەختیار چووین بۆ ئوتێل سلێمانی پالاس. لەلای مام جەلال ڕۆژووەکەیان شکاند، مانگی ڕەمەزان بوو. بۆ شەوی کۆبوونەوە دەستی پێکرد، ئێمەش بیست لە هەڤالان بانگ کرابووین. باسەکانیش لەسەر وەزعی عێراق و حکومەتی عێراق بوو. مام جەلال بەخێرهاتنی کرد و کۆبوونەوە دەستی پێکرد. بۆ ڕۆژی دوایی لەگەڵی چووینەوە بۆ فڕۆکەخانەی سلێمانی و خواحافیزیمان لێ کرد.

## دوو تەقینەوەی خۆکوژی لە سلێمانی

ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٢٥ سەعات '٩:٣٠' سەرلەبەیانی دەنگی دوو تەقینەوە هات. پاش ئەوە تەلەفۆنیان بۆ کردم کە کەسێکی خۆکوژ بە ئوتومبێل لای دووڕیانەکەی ئوتێل ئەبوسەنا لە ڕێگەی سەرچنار خۆی تەقاندۆتەوە و ئامانجی ئەم کارە تیرۆریستییە مەلا بەختیار بووە. من یەکسەر ڕۆیشتم بۆ جێگەی ڕووداوەکە. ئەوەی گرنگ بوو مەلا بەختیار سەلامەت دەرچوو بوو. چەند برینداریک هەبوو و خۆکوژەکەش لە ئۆتۆمبیلەکەدا هەندێک ئەندامی جەستەی مابوو. دوای ئەوە یەکسەر چووم بۆ ماڵی مەلا بەختیار. ئیتر هەڤاڵان و دۆست و برادەران هاتن بۆ هەواڵ پرسی، هەر دوای ئەوەش بە ماوەیەک تەقینەوەیەکی تر لەبەردەم وەزارەتی پێشمەرگە ڕووی دابوو و بووبووە هۆی شەهید بوونی دە کەس، کاک نەوشیروان فواد مەستی وەزیری پێشمەرگە سەلامەت بوو، هەر لە ماڵی مەلا بەختیارەوە لەگەڵ ئەو برادەرانەی

هاتبوون بۆ لای مەلا بەختیار، لەگەڵ ملازم عومەر و سالار عەزیز پێکەوە چووین بۆ وەزارەتی پێشمەرگە و چووینە لای وەزیری پێشمەرگە کاک نەوشیروان فواد مەستی و کاک موحسین بایز و جەبار یاوەر. ئێمە لەوێ بووین کە کاک عومەر فەتاح هات، ماوەیەک لەوێ ماینەوە، پاشان من چوومەوە بۆ لای مەلا بەختیار و ڕۆژانی تریش هەر سەردانم کرد و لەلای بووم، پرسەی شەهیدەکانیش لەو مزگەوتانەی دانرابوو، بەشداریم لەگەڵ کردن. سەبارەت بە تەقینەوەکەش ئاسایش سەرەداویان دەستکەوت و خەریکی لێکۆڵینەوە بوون.

### هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥

هەڤاڵان لە مەکتەبی سیاسی بۆ ئەم مەبەستە بانگیان کردم و وتیان دەبێت تۆش بچیت سەرپەرشتیی هەڵبژاردن بکەیت لە سنووری مەڵبەندی چەمچەماڵ و قەرەداغ. چووم بۆ لای هەڤاڵ سیروان کوێخا نەجم کە لێپرسراوی مەڵبەندی چەمچەماڵ بوو. لەگەڵ برایانی پارتی کە نووری حەمەعەلی لێپرسراوی لقی ئەوێ بوو، کۆبوونەوەمان کرد بۆ ئەوەی بەرنامەیەک دابنێین بە هاوبەشی بۆ سەرکەوتنی هەڵبژاردن و سەرکەوتنی لیستی کوردستانی کە ژمارە ٧٣٠ بوو. لەوێش سەردانی ماڵی کەریم ئاغای هەمەوەندم کرد. نانمان خوارد، پاش ئەوە سەعات ٣:٣٠ چووم بۆ قەرەداغ، لەوێش لەگەڵ لێپرسراوانی حکومی و حیزبی و کۆمیتەی یەکێتی بەرنامەمان دانا. لە ڕۆژانی پێش هەڵبژاردن لە چەند جێگەیەک وەک ناحیەی قەرەداغ و سێوسێنان و قازانقایە لەگەڵ خەڵکی سنوورەکە کۆبووینەوە و قسەم بۆ کردن بە حوکمی ئەوەی هەم من ئەوانم دەناسی و ئەوانیش منیان دەناسی، ئەمەش دەوری خۆی هەیە بۆ بڕوابوون و بەخشینی متمانە.

پاش ئەوەش لیستی کوردستانی لەو سنوورەی چەمچەماڵ و قەرەداغ لە سەدا نەوەدی دەنگەکانی هێنا.ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورە بوو و بەبێ کێشە هەڵبژاردن لە کوردستان بەڕێوەچوو.

## ڕێکەوتن بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی

ڕۆژی ٢٠٠٦/١/٢١ لە پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی مام جەلال و مەسعود بارزانی کۆبوونەوە بوو. منیش چووم. لەوێ بڕیاریان دا کە هەردوو ئیدارەکە یەک بگرێتەوە و هەردوو بەڕێز واژوویان کرد لەسەری. تاکو ئەو کاتە حکومەتی عێراق پێک نەهاتبوو. پاش هەڵبژاردن مام جەلال هەر لە گفتوگۆدا بوو لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان. کێشەی شیعە و سونە و بێنەوبەرەی زۆربوو. نەدەزانرا مەسەلەکان بە کوێ دەگەن.

هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی چوون بۆ بەغدا بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لەلای مام جەلال بەشداری بکەن قسە لەسەر ڕاوبۆچوونی یەکێتی بۆ ئیعلانکردنی حکومەتی عێراقی بکەن. هەر لەو بەینەدا ئیتلافی شیعەکان ئیبراهیم جەعفەرییان هەڵبژارد کە ببێتە سەرۆک وەزیران. جەعفەری ٦٤ دەنگی هێنا و عادل عبدالمهدی ٦٣ دەنگ.

کاک ئەرسەلان بایزم کرد کە لە بەغدا گەڕابۆوە، سەردانیم کرد و وتی ئەمرەکە دەردەکەم بۆ لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە، مام جەلال پێی وتوم خۆت ئامادە بکە. ڕۆژی دووشەممە یان سێشەممە دەچین بۆ مەڵبەندی پێشمەرگە. ئەو کاتە شێخ جەعفەر لێپرسراوی مەڵبەندی پێشمەرگە بوو. ڕێکەوتین کە ڕۆژی دوو شەممە بچین.

## دەستبەکاربوونم لە مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە

ڕۆژی ٢٠٠٦/٢/٢٧ لەگەڵ کاک ئەرسەلان لە مەکتەبی ڕێکخستنەوە لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی ڕێکخستن و هەندێک لە هەڤاڵانی مەکتەب و مەڵبەندەکان و خزمەکانم چووین بۆ فەرماندەیی و مەکتەبی ڕێکخستن، کە پێکەوە لەیەک جێگەن. لەوێش هەڤاڵان مستەفای سەید قادر و شێخ جەعفەر و مەحموود سەنگاوی پێشوازییان لێکردین. کاک ئەرسەلان باسی ئاڵوگۆڕی کارەکانی کرد، باسەکە هاتە سەر خۆم. زۆر بە جوانی پێشکەشی کرد، ئەگەرچی لای هەڤاڵان غەریب نەبووم، بەڵام ئوسوڵی کارەکە وایە. پاشان هەموو برادەرانی حازری یەک لە یەک زیاتر خۆشحاڵی خۆیان نیشان داو زۆر باسیان کردم. جوان نییە خۆم لێرەدا بینووسم. سەرە هاتە سەرم، زۆرزۆر سوپاسی هەموویانم کرد و بەڵێنم دا لە خزمەتی پێشمەرگە و میللەتەکەمدا بم. پاش مەراسیم خواحافیزی کرا و ئیتر من لەو ڕۆژە تاکو ئێستا کە ساڵی ٢٠١٣'یە، لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەم و لەگەڵ هەڤاڵەکانم بە هاوکاریی یەکتر کارەکانی ئەوێ بەڕێوە دەبەین. مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە گەورەترین مەڵبەندی یەکێتییە و هەرچی هێزی چەکداری لیواکان هەیە، لەسەر ئەو مەڵبەندەیە.

دوای ڕۆژانی دەوامکردنم چەند ڕۆژێک هەر لە خزمەتی دۆست و هەڤاڵاندا بووم. پاش ئەوەش لەگەڵ هەڤاڵانی مەڵبەند کارەکانی ڕۆژانەمان بەڕێوە دەبرد و هەفتەی جارێکیش فەرماندەیی کۆدەبووینەوە بۆ کاری هێزی پێشمەرگە لەگەڵ هەڤاڵ مستەفای سەید قادر و هاشم مام عەلی وەک هەیئەتی فەرماندەیی. زۆربەی هەفتەکان پێنج شەممان لەگەڵ هەموو ئامرلیواکانی هێزی پێشمەرگە کۆدەبینەوە. لەگەڵ گۆڕانکارییە تازەکان بەرنامەی خۆمان دادەنێین.

زۆریش لە سەرۆک عەشیرەتە گەورەکان هاتن بۆ لام بۆ پیرۆزبایی، وەک ئاکۆی عەباس ئاغا و کەریم خانی برادۆست. شەویش میوانی من بوون، سوپاسیان دەکەم. ناوبەناویش میوانی بیانی دێن بۆ لامان.

## ئیشی ڕۆژانەمان

"هاری شوت" کە پلەدارێکی ئەمەریکییە، هات بۆ لامان. لەگەڵ مستەفای سەید قادر لەگەڵی دانیشتین. کاروباری هاوبەشمان لەگەڵ باس کرد، دوایی لەگەڵیدا چووینە لای کاک کۆسرەت. نیوەڕۆ لای بووین. ڕۆژی ٢٠٠٦/٢/٢٠ فەرماندەیی لیوای ئەمەریکی هاتن بۆ لامان، من و مستەفای سەید قادر لەگەڵیان دانیشتین. پاشان لەگەڵ هەڤاڵ عەبدوڵڵا کانی بەردی و هەڵۆ پێنجوێنی کە هەردووکیان جێگری من بوون، لەگەڵیان چووین بۆ هەڵەبجە، چونکی ویستیان خۆیان ببینن کە چ کارەساتێکی بەسەر هێنراوە. پاشان لەگەڵیان گەڕاینەوە. ئەوانیش سواری هالیکۆپتەر بوون و ڕۆیشتنەوە.

## کۆبوونەوەی مەڵبەندەکانی یەکێتی و لقەکانی پارتی

ڕۆژی ٢٠٠٦/٤/٤ لەگەڵ هەڤاڵانی مەڵبەند هەڵۆ پێنجوێنی و مەلا ئەحمەد و هەڤاڵانی مەڵبەندەکانی تر پێکەوە چووین هەولێر بۆ ئەنجومەنی وەزیران. لەوێ لە هۆڵی یەکی شوبات کۆبوونەوە دەستی پێکرد. سەعات ١١:٣٠. کاک کۆسرەت و کاک نێچیرڤان بارزانی و کاک نەوشیروان و عومەر فەتاح و فازل میرانی لەسەر هاوکاری و پێکەوەکارکردن قسەیان بۆ کردین، کە بە هەمووومان خزمەتی خەڵکی

بکەین و و هاوکاری تەواویش بکرێ لە بەینی مەڵبەندەکانی یەکێتی و لقەکانی پارتیدا. باسی ئەوە کرا کە چارەنوسی هەموومان بەستراوە بەیەکەوە و هەرهەموومان بەو نەفەسە قسەمان کرد. کۆبوونەوەکە کۆتایی هات و گەڕاینەوە. پاش گەڕانەوەشمان من لەگەڵ جێگر و کارگێڕەکانی مەڵبەند کۆبوونەوەم کرد و لەسەر ئەو نەفەسەی کۆبوونەوەی چواری مانگی هەولێر قسەم بۆ کردن.

## ساڵرۆژی ڕووخانی ڕژێمی سەدام

ڕۆژی ٢٠٠٣/٤/٩ ئەو ڕۆژە بوو کە سەدام حسێن و ڕژێمەکەی ڕووخان و عێراق لە دەست خوێنڕێژترین تاوانبار ڕزگاری بوو، کە نە لە مێژووی عێراق و لە مێژووی دنیادا وێنەی نەبووە. هەر هەموومان ئەو ڕۆژە بە خۆشی و سەرکەوتنێکی گەورە دەنرخێنین، بەتایبەت کە کوردستان لە دەست ئەم ڕژێمە فاشییە ڕزگاری بوو. لە هەر بستێکی کوردستان دەیان یادگاریی پڕ ئێشوئازارمان لەگەڵ ئەم ڕژێمە دیکتاتۆرە هەیە. ئەوەندە تاوانیان دەرحەق بە میللەتەکەمان کردووە، لە ژماردن نایەت. جێگەیەک و دوان نییە، بەهەر لایەکی وڵاتدا دەڕۆیت، سوتێنراوە. بۆ ڕاستیی ئەمەش ٢٠٠٦/٤/٢٤ لەگەڵ مستەفای سەید قادر چووین بۆ قەڵادزێ بۆ ئەوەی لەگەڵ لێپرسراوانی ئەوێ بەرنامەی یادی ١٩٧٤/٤/٢٤ بکەینەوە بۆ ئەوەی بە ڕێکوپێکی بەڕێوە بچێت کە لەو ساڵەدا تەیارەکانی ڕژێمی سەدام شاری قەڵادزێی تێکۆشەریان بۆردومان کرد و دەیان و سەدان کەسیان لە خەڵکی شارەکە و خوێندکارانی زانکۆ شەهید کرد. مەبەست لە ئەم یادکردنەوانە دەرخستنی تاوانەکانی ڕژێمە بە هاوکاریی هەموان. لەوێ ڕۆژی ٢٠٠٦/٤/٢٤ مەراسیمەکە وەک ساڵەکانی تر بە جوانی بەڕێوە چوو. ئێمەش بەشدار بووین و کاک کۆسرەت لەوێ وتارێکی پێشکەش کرد.

## هەڵبژاردنی مام جەلال بە سەرۆکی کۆماری عێراق

ڕۆژی ٢٠٠٦/٤/٢٢ لە پەرلەمانی عێراق کۆبوونەوە بوو بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی کۆمار و سەرۆک وەزیران. لەوێ بە زۆرینەی دەنگ مام جەلال هەڵبژێرا بۆ سەرۆک کۆماری عێراق و لە کۆی "٢٧٥" دەنگ "١٩٨" دەنگی هێنا و جەواد مالکی بوو بە سەرۆک وەزیران. بە هۆی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەوە لە سلێمانی و جێگەکانی تر بوو بە شایی و ئاهەنگگێڕان، خەڵکی هاتنە سەر شەقامەکان، ئەمەش نیشانەی خەباتی میللەتەکەمانە. دەوری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەو مەیدانەدا دیار و بەرچاو بوو.

## بوونی شێخ جەعفەر بە وەزیری پێشمەرگە

ئەم ماوەیەی پێش بوون بە وەزیر و دوای ئەوەش لە فەرماندەیی لەگەڵ هەیئەتی فەرماندەیی (مستەفای سەید قادر، مەحموود سەنگاوی و هاشم مام عەلی و کەمال شاکر و بەندە) هەر خەریکی ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە بووین. سەردانی هەموو بنکەکانی مەشقی پێشمەرگەمان دەکرد بۆ ئەوەی وردەوردە لە جاران باشتر بن و خاوەن توانای سەربازی باش بن. ئەوەندەی بۆمان کرا و ئیمکانیات هەبوو، دریغیمان نەکرد، گوێشمان لە داواکانیان دەگرت بۆ ئەوەی ئامادەسازی بکەین بۆ یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی و پارتی و لەو بارەیەوە هەنگاوی باشمان نا. لەم سەردانانەدا چووینە مەیدان لای خانەقین، سەرای سوبحان ئاغا لە شارەزوور، سەنگاو، چەمچەماڵ، کفری، پشدەر، کۆیە. ڕۆژی ٢٠٠٦/٥/١٤ لەگەڵ شێخ جەعفەر چووین بۆ هەولێر. ئەو ڕۆژە بوو بە وەزیری پێشمەرگە. لەوێش هەڤاڵانی پارتی پێشوازییان لێکردین.

## هاتنەوەکانی هەڤاڵ مام جەلال بۆ سلێمانی

پاش ئەوەی مام جەلال بوو بە سەرۆکی کۆماری عێراق، ناوبەناو دەهاتەوە بۆ سلێمانی. ئێمەش زۆرینەی برادەران لە سەرکردایەتی و کادێرەکان لە فڕۆکەخانەی سلێمانی پێشوازیمان لێدەکرد. هەموو جارێک خۆم دەچووم. مەگەر جارێک لە سلێمانی نەبووبم، نەک هەر من، زۆرینەی هەڤاڵەکانی سەرکردایەتی و کادێرە دیارەکان دەچووین بۆ فڕۆکەخانە. ئەمەش ئەرکێکی هاوڕێیانە بوو وەک سکرتێری حیزبەکەمان و وەک سەرۆک کۆماریش، جارجارەش هەندێک قسەی خۆشی سالانی خەبات دەهاتە پێشەوە.

## لەگەڵ ژەنەراڵ ئەدینۆی ئەمەریکی

پاش ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری ناوبەناو ئەفسەرە گەورەکانی ئەمەریکا سەردانیان دەکردین بۆ فەرماندەیی. "ئەدینۆ" ئەفسەرێکی پلەبەرزی ئەمەریکی بوو، داوای لێکردم لەگەڵی بچم بۆ سنووری مەرگە و کانی توو زۆر جێگەی تریش بۆ ئەوەی لەسەر وەزعی ئەنفال جێگەکان ببینێ و منیش بۆی ڕوون بکەمەوە. ڕۆژی ٢٠٠٦/٦/٣ سەعات هەشتی سەرلەبەیانی بەڕێ کەوتین. ئەو جێگەیانەی پێویست بوو، هەنگاوبەهەنگاو هەڵوێستەمان کرد و بۆم باس کرد. چووینە گوندی "ئاوەژێ" و لەوێش سەردانی قەبری دایکم کرد. پاش شەهیدبوونی لە ١٩٨٧/١١/٢٤ بە دەستی ڕژێم لەوێ ناشتومانە و نەمان هێناوەتەوە. پاش ئەوە گەڕاینەوە بۆ دێی مەرگە و لەوێ سەردانی ماڵی بەڕێز مەلا موحەڕەمی ئیمام و خەتیبی مەرگەمان کرد. لە ماڵی ئەوان نانی نیوەڕۆمان خوارد. مەلا موحەڕەم کەسایەتییەکی ناوچەی بنگرد و مەرگەیە. کچەکەشی لەگەڵ دایکم لە ماڵی ئێمە بە ژەهرەکەی حکومەت شەهید بوو. "موتەلیب"ی کوڕیشی لە ساڵی ١٩٩٦ شەهید بووە. ئەدینۆ زۆر سوپاسی کردین و تاکو ئێستاش ناوبەناو پەیوەندیمان هەیە.

## مام جەلال و کۆبوونەوەی هەیئەتی فەرماندەیی

پاش ئەوەی مام جەلال بوو بە سەرۆک کۆمار، دەستی کرد بە کارەکانی خۆی. دوای هاتنەوەی بۆ کوردستان ڕۆژی ٢٠٠٦/٦/١٢ بانگی کردین بۆ قەڵاچوالان و کۆبوونەوەیەکی پێکردین. ئەوانەی بەشدار بووین (مستەفای سەید قادر، شێخ جەعفەر، مستەفا چاوڕەش، هاشم مام عەلی، نەوشیروان فواد مەستی، مامۆستا عەزیز، کەمال شاکر، جەبار یاوەر، موحسین بایز، ڕەهبەری سەید ئیبراهیم). لەم کۆبوونەوەیەدا کە لێپرسراوانی هێزەکانی پێشمەرگە لەوێ بوون، باسی دەوری هێزی پێشمەرگەی بۆ کردین کە چۆن لە ڕابوردوودا گەورەترین دەوری مێژوویی هەبووە و ئەم ڕۆژگارەی هێنایە کایەوە. لە کۆبوونەوەکەدا ڕێنمایی ئەوەی پێداین لە جاران زیاتر بەرنامەی باش دابڕێژین بۆ بەهێزکردنی هێزەکانی پێشمەرگە و چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکان، چونکی خەبات زۆری ماوە. هاوکات تەئکیدی لێ کردینەوە کە لە کەموکوڕییەکان ئاگاداری بکەینەوە بۆ ئەوەی بە گوێرەی پێویست چارەسەری بکات. هەریەکە هەڤالانی بەشداربوو لای خۆیەوە بەشداریی کرد و ڕاوبۆچوونی خۆیان خستە ڕوو. لە کۆبوونەوەکەشدا سەرنجی ڕاکێشاین بۆ ئەوەی ڕیزەکانی یەکێتی بەهێز بکەین و ڕێکخستنی پێشمەرگەش زیاتر لە جاران دەوری خۆی ببینێ.

هەر هەمان ڕۆژ شەوەکەی مام جەلال گەڕایەوە بۆ بەغدا. ئێمە وەک فەرماندەیی هەموو ڕۆژێکی پێنجشەممان کۆبوونەوەی هەفتانەمان هەبوو، ناوبەناو هەموو فەرماندەیی لیواکانمان بانگ دەکرد بۆ ڕێکخستنەوەی لیواکان. ئەم کۆبوونەوانە تاکو ئێستاش بەردەوامییان هەیە. ئێستا نیوەی هێزەکانمان وەک هێزێکی یەکگرتوو لە وەزارەتی پێشمەرگە تێکەڵ کردۆتەوە، کە هەڤاڵ شێخ جەعفەر وەزیریەتی. بەندە بۆ کارەکانی فەرماندەیی و چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکانی ناوبەناو

سەردانی مەکتەبی سیاسی دەکەم و ڕێنماییەکان لە کاک کۆسرەت و هەڤاڵانی تر کە بەرپرسیارن لە کاروباری پێشمەرگە، وەردەگرین.

ڕۆژی ٢٠٠٦/٦/٢١ لەگەڵ کاک کۆسرەت چووین بۆ هەولێر بۆ پەرلەمان، کاک کۆسرەت بوو بە جێگری سەرۆکی هەرێم و لەوێ سوێندنی یاسایی خوارد. زۆربەمان بەشدار بووین. من و شێخ جەعفەر و مامۆستا بەکر سەعید و کاک ئەرسەلان بایز پێکەوە بووین. پاش ئەوە مۆڵەتم وەرگرت و سەفەرێکی هۆڵەندام کرد، مانگێک زیاترم پێچوو. هەر پاش گەڕانەوەش وەک جاران لە ئیشوکارەکاندام.

ڕۆژی ٢٠٠٦/٨/٨ هالیکۆپتەری ئەمەریکییەکان هاتن بەدوامانداا بۆ فەرماندەیی و خۆم و مەحموود سەنگاوی و مامۆستا عەزیز و کەمال شاکر و ڕەهبەری سەید ئیبراهیم و نەبەزی ئەحمەد کوردە لە فەرماندەییەوە سواربووین و چووین بۆ تکریت بۆ بارەگای فیرقەی چوار، کە عەبدولعەزیز موفتی ئامرفرقەکەیە بۆ ئەوەی دەوروتەسلیم لەگەڵ ئەمەریکییەکان بکرێت و تەسلیم بە هێزەکانی سوپای عێراقی بکەنەوە. لەوێش وەزیری بەرگریی عێراق عبدالقادر عبیدی و موفق ربیعی هاتن قسەیان لەسەر سەربەخۆیی عێراق کرد و دەوری سوپای عێراقیان باس کرد. ڕابوردوودا موفق ربیعی هەندێک قسەی کردبوو، کە بینیمان، گلەیمان لێکرد، ئەویش قبوڵی کرد و داوای لێبوردنی کرد، وتی من کورد و دۆستایەتیی کوردم خۆش دەوێت. نانی نیوەڕۆمان خوارد و ئەمەریکییەکان بە هالیکۆپتر هێنانیانەوە بۆ بارەگای فەرماندەیی لە سلێمانی.

ناوبەناویش من کۆبوونەوەی ئەنجومەنی مەڵبەندم جێبەجێ دەکرد و لەسەر وەزعی ڕۆژ و ئەو کارانەی دەهاتە پێشەوە، قسەمان دەکرد و بڕیاری گونجاومان بۆ دەدا.

**کۆبوونەوەی هاوبەشی فەرماندەیی و فەلەک**

**بە سەرپەرشتیی کاک مەسعود بارزانی**

ڕۆژی ٢٠٠٦/٨/٢ سەعات هەشت و نیو لە سلێمانییەوە بەڕێ کەوتین بۆ "سەری ڕەش". وەفدەکە پێک هاتبووین لە (کاک کۆسرەت، مستەفای سەید قادر، شێخ جەعفەر، مستەفا چاوڕەش، مەحموود سەنگاوی، مامۆستا عەزیز، جەبار یاوەر، عەمید قارەمان). هەیئەتێکی پارتی بە سەرۆکایەتیی کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم و (فەریق شێروان عومەر عوسمان، زەعیم عەلی، ئەنوەری حاجی عوسمان، محەمەد قازی) پێشوازیی لێکردین. هەر یەکە لە کاک مەسعود و کاک کۆسرەت باسی ئەوەیان کرد کە دەبێت بەرنامەیەکی بەپەلە و باش دابنێین بۆ یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە. هاوکات باسی گرنگیی ئەم یەکگرتنەوەیەشیان بۆ کردین بۆ مێژوو دەیلێم هەردوولامان ئەم یەکگرتنەوەیەمان بە کارێکی یەکجار پیرۆز زانی. هەریەکەشمان لای خۆمانەوە بەشداریی قسەکانمان کرد بۆ یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە. پاش سێ سەعات کۆبوونەوە کۆتایی هات و لەسەر ئەو ڕاسپاردە و بڕیارانەی دابوومان، گەڕاینەوە بۆ جێگەی خۆمان بۆ ئەوەی بەرنامە دابنێین بۆ کاری پێویست.

لەسەر ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە ڕێک کەوتین. سەرکردایەتیی هەردوولا بە پەرۆشەوە بڕیاریان لێدابوو، ئێمەش هەم لای خۆمانەوە چەند کۆبوونەوەمان لەگەڵ فەرماندەکانی خۆمان جێبەجێ کرد و ڕاوبۆچوونمان لێوەرگرتن بۆ ئەوەی دەستبەکار بین.

هەروەها لە نێوان فەرماندەیی و فەلەکدا چەندین کۆبوونەوەی دوو قۆڵیمان ئەنجام دا. هەردوولا لە سەرەتادا هەفتانە کۆدەبووینەوە و بە کارەکاندا دەچووینەوە چیمان کردووە و بۆ داهاتوو چی بکەین. بەڕاستیش هەنگاوی باشمان نا. ڕۆژانی دواتریش بە چڕوپڕی کۆبوونەوە هاوبەشەکانمان لە بەینی هەردوولادا ئەنجام دەدا، چونکی

هێزی جیاوازمان هەبوو لە دوو پارتی جیاوازدا، هەردوولا هێزی پێشمەرگەی تایبەتی خۆی هەبوو، کە خۆیان لە فەرماندەیی و فەلەکدا دەبینییەوە. لە ساڵانێکدا شەڕمان بووە پێکەوە و هەردوولاشمان ئازاری شەڕەکان باش دەزانین، کە کوڕی فەقیر و هەژار بوونەتە سوتەمەنیی ئەم شەڕە نەگریسە. چونکی خۆمانی تێدا بووین، دەمانزانی دەبێ چی بکەین کە بۆ داهاتووی میللەتەکەمان بۆ ئەوەی تووشی ئەمماڵوێرانییە نەبینەوە. هەر لەبەر ئەوە زۆر بە هەست و هۆشیارییەوە وەک یەک ستاف کارمان لەسەر دەکرد. کە کۆدەبووینەوە، شتێکمان نەبوو جیاواز بێ لە یەکتر، ئەمەش هەم خواستی ئێمە و هەم خواستی خەڵکی و کەسوکاری شەهیدان بوو، کە ڕۆڵەکانیان بووبوون بە قوربانی ئەو ماڵوێرانی و شەڕە.

کە دەهاتە سەر باسێک، هەموومان وەک یەک بیرمان دەکردەوە و جیاوازیمان نەبوو. ئەو ئیرادەیەش سەرکەوت، ئەوەتا ئێستا خۆشبەختانە یەک وەزارەتی پێشمەرگەمان هەیە و هێزەکان لەوێدا خۆیان دەبینێتەوە، ئەوەی مابێتیش، هەر ئیشی لەسەر دەکەین بە مەبەستی هێناکایەی یەکڕیزی و یەکهێزی.

لەسەر ئەم یەکهەڵوێستی و یەکگرتنەوەیەش کۆبوونەوەکانم لەگەڵ مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە هەفتانە بەردەوام بوو بۆ ئەوەی ئەو زەمینە باش و گونجاوە سازوئامادە بکەین بۆ ناو ڕیزەکانی ڕێکخستن و هێزەکانمان ئامادە بن بۆ یەکگرتنەوە. بەتایبەت لە جاران زیاتر لەگەڵ ئەو کۆمیتەیەی ناو وەزارەت دادەنیشتین بۆ بەرنامەی گونجاو و جێبەجێکردنی. هەروەها بۆ سەرکەوتنی یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە بەرنامەیەکی باشمان دا و سەردانی شوێنەکانمان کرد وەک پشدەر، ڕانییە، کەلار، هەولێر، کۆیە، سلێمانی و شارەزوور. لەگەڵ هەموو ئەو هێزانەی هەمان بوون، دانیشتین و لەسەر گەورەیی و گرنگی قسەمان بۆ کردن و ڕەئمان وەرگرتن لەسەر چۆنێتیی جێبەجێکردنی بەرنامە و پلانەکان.

## هاتنی وەزیری بەرگریی عێراق و جێگریی فەرماندەیی هێزی بەریتانیا

ڕۆژی ٢٠٠٦/٨/٢٣ وەزیری بەرگریی عێراق و جێگری فەرماندەیی هێزی بەریتانیا هاتن. سەعات ١١:٣٠ لە فڕۆکەخانەی سلێمانی پێشوازیمان لێکردن. ئەو هەڤالانەی بەشدار بوون، ئەمانە بوون: (مستەفای سەید قادر، زەعیم عەلی، شێخ جعفەر). لەوێ لە فەرماندەیی پێشوازیمان لێکردن. دوایی چووینە وەزارەتی پێشمەرگە و کۆبووینەوە. دیارە ئەم کۆبوونەوە و هاتوچۆیە زیاتر لەگەڵ هاوپەیمانەکان ئەنجام دەدرا، چونکە ئەوان بەشێک بوون لە هێزەکانی ڕزگارکردنی عێراق لە دەست "سەدام"ی خوێنڕێژ. پاش ئەوە لەگەڵیان چووین بۆ لای کاک کۆسرەت.

شەوێ لەسەر شاخی ئەزمڕ بووین لە ئوتێلەکەی ئەزمڕ، ڕۆژی دوایی لەگەڵ شێخ جەعفەر چووین بە دوایاندا و بردمانن بۆ فڕۆکەخانە و گەڕانەوە بۆ بەغدا. پاش ئەوە وەفدەی پارتی، کە پێک هاتبوون لە زەعیم عەلی و فەریق شیروان، گەڕانەوە. ڕۆژی ٢٠٠٦/٩/٧ دیسانەوە کۆبوونەوەی هەردوولا لای سەرۆکی هەرێم کاک مەسعود بارزانی بۆ هەمان مەبەست کرا و هەر ئەو هەڤالانە چووبووین، لەبەر ئەوەی بە یەکێک لە کارە گرنگەکانمان دەزانی و دامانانبوو لە پێشەوەی ئیشەکانمان بێت.

### هاتنەوەی مام جەلال لە بەغداوە

سەعات حەوت و نیو لەگەڵ دکتۆر خەسرەو گوڵ محەمەد چووین بۆ فڕۆکەخانەی سلێمانی و چاوەڕوانی مام جەلال بووین بێتەوە. لەگەڵ "زاڵمای خلیل زاد" هاتن و لەوێشەوە پێکەوە سەفەریان کرد.

## هەڵبژاردن

لەسەر هەڵبژاردن و بەڕێوەچوونی لە مەکتەبی سیاسییەوە و بە نامەی هەڤاڵ ئەرسەلان بایز بە ڕەسمی ئاگاداریان کردم بچم بۆ سەرپەرشتیی هەڵبژاردن لە سنووری پشدەرو بتوێن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە کێشەکان بزانم و چارەسەریان بکەم. لە نامەکەشدا هەموو دەسەڵاتێکی حیزبی و حکومیم پێدرا. منیش بڕیارم دا بۆ ڕۆژی دوایی کە دەکاتە ٢٠٠٦/٨/٥ بڕۆم. کە چوومە ئەوێ، چاوم کەوت بە لێپرسراوان محەمەد وەتمان و حەسەنە گەورە. قسەمان زۆر کرد لەسەر ئەو مەسەلەیە و ڕێگەی سەرکەوتنی.

هەر لەگەڵیان سەردانی جێگە پێویستەکانم کرد و چووم بۆ باوزێ و ناحیەی ئیسێوێ. قسەم بۆ خەڵکەکە کرد کە بە ویژدانەوە دەنگ بدەن، دیارە ئەمەش بێ سەرئێشە نییە. هەرکەسەش دەیەوێ ئەوەی کە خۆی دەیەوێت، دەری بهێنێ. لەوێ کەموزۆر باش بەڕێوەچوو. لە گەڕانەوەدا بووم و گەیشتبوومە "کانی وەتمان"، کاک ئەرسەلان بایز تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی هەر ئێستا بچۆ بۆ "تەقتەق". لەوێ کێشە دروست بووە و لە نزیکەوە چارەسەری بکە. کێشەکە تایبەت بوو بە کۆمیتەی "سێ گرتکان". من هەر لەوێوە ڕێگام بەرەو تەقتەق گۆڕی. لەوێ بە هیمەتی برادەرانی کۆیە کێشەکەمان چارەسەر کرد و دوایی گەڕامەوە بۆ مەڵبەند.

دیسانەوە کاک ئەرسەلان تەلەفۆنی کرد وتی دەبێ بچیت بۆ سەرکەپکان لای ڕانیە. لەوێش کێشە دروست بووە، بەرەو ئەوێ بەڕێ کەوتم و گەیشتم. لەوێش کێشەی پۆلێکی دێی گوڵان هەبوو، کە لە بەینی خۆیاندا ڕێک نەدەکەوتن. ئەوێشمان چارەسەر کرد و کردمان بە دوو بەشەوە. ئەوانیش بەم چارەسەرە ڕازی بوون. لەگەڵ ئەم کارانەش ناوبەناو دەگەڕامەوە بۆ مەڵبەندی پێشمەرگە بۆ ئەوەی کاری ئەویش بەهاوکاریی هەڤاڵەکان جێبەجێ بکەم.

**بردنەوەی تەرمی شەهیدان**

ڕۆژی ٢٠٠٦/١١/٢٠ لەگەڵ ئیسماعیل مەحموود و چەند هەڤاڵێکی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە کە خەڵکی سنووری باڵەکایەتی بوون، سەعات نۆ چووین بۆ ڕانیە. دوو شەهیدمان هەبوو کە ساڵی ١٩٨٨ لەکاتی پرۆسەی ئەنفال لە دێی "دۆڵ مازەڵە" شەهید بووبوون. شەهید "مەهدی مەلا غەفور و ڕەمەزان". لەگەڵیان چووینەوە بۆ چۆمان و لەوێ لە وڵاتی خۆیان بە خاکمان سپاردن. لەسەر مەزاری پیرۆزیان بە ناوی فەرماندەیی و مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەوە قسەم کرد لەسەر خەبات و تێکۆشانی ئەو دوو شەهیدە، کە لە ڕێگەی گەل و یەکێتیی نیشتمانیدا گیانی خۆیان بەخت کرد. تۆ وەرە تەماشای ئەو ڕۆژگارە بکە خەڵکی باڵەکایەتی و لە کوێ شەهید بوون، ئەویش یەکێتیی نیشتمانی ڕێگەنیشاندەریان بوو. هەڤاڵ ئازاد جندیانی لەوێ بوو و لەسەر خەبات و تێکۆشانی شەهیدان قسەی کرد. هەروەها مەلا حەسەن لێپرسراوی ناوچەکە قسەی کرد. دوای مەراسیمی بە خاک سپاردن گەڕاینەوە.

کاری هەمیشەیمان لەسەر خزمەتی پێشمەرگە و هەنگاونان بوو بۆ چاکتر و بەهێزکردنی. هەر لەو سەروبەندەی هەڵبژاردنەکان هەندێک ئاڵوگۆڕ کرا و هەندێک هەڤاڵ تازە بوونە لێپرسراوی مەڵبەند. ئێمەش سەردانمان کردن و پیرۆزباییمان لە خۆیان و ستافی هەڵبژێراو کرد.

لە ڕۆژنامەکان هەواڵی ئەوە بڵاو کرایەوە کە نەوشیروان مستەفا وازی هێناوە. هەفتەنامەکانی(چاودێر و ئاوێنە) نووسیبوویان کە نەوشیروان مستەفا وازی لە مەکتەبی سیاسی هێناوە و بەنیازە سەنتەرێکی توێژینەوە دابنێ. بۆ ئەم هەواڵە و هەندێکی تر سەردانی هەڤاڵانم کرد. دیار بوو زەمینەی ئەم وازهێنانە لە دەمێکەوە بوو. ئەو کاتە هەڤاڵ مستەفای سەید قادر لە بەغدا بوو لای مام جەلال. بە تەلەفۆن قسەمان کرد و کە هاتیشەوە، وازهێنانی کاک نەوشیروان

پشتڕاست و کردەوە وتی بە ڕەزامەندیی مام جەلال سەنتەرێکی توێژینەوە دادەمەزرێنێت. ڕۆژی '١٢/٧' سەعات ١٢:٣٠ وەک هەمیشە چووم بۆ لای کاک نەوشیروان. ناڕەحەتیی خۆم نیشان دا لای کە وازی هێناوە، دیارە بڕیاریش لای خۆی بوو.

## هاتنی ئیبراهیم عەلاوی بۆ کوردستان

ڕۆژی ٢٠٠٦/١٢/٩ ئیبراهیم عەلاوی هاتبوو بۆ سلێمانی. ئیبراهیم عەلاوی هاوڕێیەکی زۆر نزیکی ڕابوردووم بوو، کە لە حیزبی شیوعیی عێراقی (قیادەی مەرکەزی) پێکەوە بووین. تاکو ئەو ڕۆژەی لە حیزبدا بووم، زۆربەی کاتمان پێکەوە بووین، چەندین سەفەری دەرەوەی کوردستانمان کردبوو بۆ سوریا و لوبنان لە ساڵەکانی ١٩٧٠ تاکو ١٩٧٢ تا ئەو کاتەی خۆم وازم هێنا. پەیوەندییەکی دۆستانەی پێکەوەژیانمان هەبوو. کە هاتبوو بۆ سلێمانی، میوانی کاک فاروق مەلا مستەفا بوو. ئەو سەردەمە ئەویش لە قیادەی مەرکەزیدا بوو. دۆستی دێرینی بوو لە ڕابوردوودا و ئێستاش پەیوەندییان بەهێزە. ئیبراهیم عەلاوی هەتا بڵێیت کەسێکی خوێنەویست و زیرەک و دڵسۆز بوو بۆ بیروباوەڕی مارکسزم و لینینزم. زۆر شتی لێ فێر بووم، بە یەکێک لە دیارترین کەسە نیشتمانپەروەرەکانی عێراقی دەزانم. بەداخەوە ئێستا تەمەنی هەڵکشاوە و توانای جارانی نەماوە.

کاری ڕۆژانەم لەگەڵ هەڤالانی مەڵبەند (عەبدوڵلا کانی بەردی، وەستا ڕەسوڵ، مەلا یاسین) بەڕێوە دەبرد. چەندین جار سەفەری ئەو جێگەیانەمان کردووە، کە ڕێکخستنەکانی هێزی پێشمەرگەی لێبوو، چونکی مەڵبەندی پێشمەرگە گەورەترین مەڵبەندی یەکێتییە. سەردانەکانمان بۆ خانەقین بوو بۆ لای پاسەوانی سنوور نازم وەستا

شەریف، کە ئامرلیوای پاسەوانی سنووری خانەقینە، هەروەها بۆ هەموو شوێنەکانی تر لە هاتوچۆدا بووین. لەسەر هەر کێشە و کارێک بهاتایەتە پێشەوە، ئەوەی بە خۆمان نەکرایە، هەڤاڵ مام جەلالمان ئاگادار دەکردەوە. بۆ هەر جێگەیەک بچووینایە، لەگەڵ ئەفسەرەکان کۆبوونەوەمان دەکرد و لەسەر وەزعی ڕێکخستن و ئەو شتانەی دەهاتنە پێشەوە، قسەمان بۆ دەکردن.

ئێمەش بۆ ئەوەی زیاتر خزمەتی پێشمەرگە بکەین، لەو جێگەیانەی پێویست بوو، سەنتەری ڕووناکبیریی پێشمەرگەمان دروست کردبوو. ئەم سەنتەرانە زیاتر بۆ هۆشیارکردنەوەی هێزی پێشمەرگە بوو. ئەو شتانەی پێی هەڵدەستان، ئەمانە بوو: ١- نەخوێندەواری بوو، سەدان سەرباز و پلەداری نەخوێندەواریان پێگەیاندووە ٢- فێربوونی زمانی ئینگلیزی ٣- دەورەی کۆمپیوتەرمان بۆ دەکردنەوە ٤- ناوبەناویش بۆ چەند ڕۆژێک یان هەفتەیەک وەرزێکی ڕۆشنبیریمان دەکردەوە و خەڵکە خاوەن تواناو شارەزاکانمان دەعوەت دەکرد. هەریەکەیان لەسەر بابەتێک قسەیان بۆ دەکردن و تاکو ئێستا بەردەوامە.

**باسکردنی بەستنی پلنۆم**

لەناو هەڤاڵانی ڕێکخستنی مەڵبەندەکان باسی کۆنگرە و پلینۆم دەکرا. لای ئێمەش لە مەڵبەند لەگەڵ هەڤاڵانی جێگر و کارگێڕەکان هەمان باس دەکرا. لام باش بوو لەم قۆناغەدا پلینۆم بگرین نەک کۆنگرە. دیارە هاتنەوەی بە مام جەلالیش بۆ سلێمانی باسەکان لە بەینی هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی و مەڵبەندەکان گەرمتر بوون.

## چوونمان بۆ مەسیف بۆ لای سەرۆکی هەرێم

بڕیار بوو بچین بۆ مەسیف. فەرماندەیی و فەلەک بە سەرپەرشتیی کاک مەسعود بارزانی کۆبوونەوەمان هەبوو. بڕیار بوو کاک کۆسرەتیش لەگەڵماندا بێت.

ڕۆژی ٢٠٠٦/١٢/٢٧ ئەم هەڤاڵانە لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بووین (کاک کۆسرەت، مستەفای سەید قادر، شێخ جەعفەر، موحسین بایز، جەبار یاوەر و خۆم). سەعات دەونیو کۆبوونەوەکە دەستی پێکرد. برایانی پارتی پێک هاتبوون لە (کاک مەسعود، زەعیم عەلی، عومەر عوسمان). کاک مەسعود پاش بەخێرهێنان لەسەر گرنگیی یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە قسەی بۆ کردین، کە زەرورە و دەبێت بەزووترین کات جێبەجێی بکەین. هاوکاریکردنیشمان لەلایەن دۆستە هاوپەیمانەکانەوە بە یەکگرتنەوەوە بەستراوە و بەڵێنیان دابوو هەموو پشتیوانییەکمان بکەن بە مەرجی ئەوەی ئەوەی یەک بگرینەوە، لەبەر ئەوە دەبێ دەستوبرد بکەین. کاک کۆسرەت و هەڤالانی بەشداربووی کۆبوونەوەکە بەشداریان کرد لە باسوخواسەکاندا خاڵی هاوبەشی تێکرای قسەکان پێداگیری بوو لەسەر یەکگرتنەوە. نانی نیوەڕۆمان لەسەر خوانی کاک مەسعود خوارد و گەڕاینەوە بۆ سلێمانی. پاش گەڕانەوەم سەردانی هەڤاڵ مەلا بەختیارم کرد و قسەمان لەسەر پلینۆم و واجباتی من بۆ ڕاپەڕاندنی کرد. بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆژی ١٢/٢٨ چووم بۆ قەڵاچوالان بۆ بەشداریکردن لە مەراسیمی دەرچوونی کۆلێژی سەربازی بە سەرپەرشتیی هەڤاڵ مام جەلال. فەریق کەمال موفتی لەوێ بوو. منش لەباتی فەرماندەیی بەشداریم تێدا کرد.

**خۆئامادەکردن بۆ پلینۆم**

لەگەڵ هەڤاڵانی جێگر و کارگێڕەکان کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی مەڵبەندمان کرد و لەسەر گرنگیی پلینۆم قسەمان کرد و خۆمان بۆ ئامادە کرد. منیش خۆم ئامادە دەکەم بۆ پلینۆم کە قسەی خۆم بکەم و دەزانم چی دەڵێم.

**لە سێدارەدانی سەدام حسێن**

ڕۆژی ٢٠٠٦/١٢/٣٠ یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان بوو. سەعات شەش تاوانبار سەدام حسین لە سێدارە درا. ئەمەش یەکێک بوو لە ڕۆژە خۆشەکان و ڕووداوێکی مێژوویی بوو. دەستی ئەو کەسە خۆش بێت کە بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرکرد. با کەسوکاری شەهیدان دڵخۆش بن بەوەی کە ئەو تاوانبارەی دەیان و سەدان و هەزاران خەڵکی کورد و عەرەبی لە سێدارە داوە، بە سزای خۆی گەیشت.

دوایین ڕۆژەکانی ساڵی ٢٠٠٦ بەو خۆشییە گەورەیە کۆتایی هات، جەژنیش بوو بە چەند جەژنێک. شیعە پێی خۆش بوو، عەرەبی سونە پێیان ناخۆش بوو. لای ئێمەش شایی و زەماوەند بوو، پیرۆزباییمان لە یەکتر دەکرد بە بۆنەی لە سێدارەدانی ئەم تاوانبارەی مێژوو.

**سەردانی دکتۆر "فوئاد مەعسوم"مان کرد**

یەکەم ڕۆژی ساڵی تازەی ٢٠٠٧ و دووەم ڕۆژی جەژنی قوربان سەعات یانزە لەگەڵ هەندێک لە هەڤاڵان سەردانی دکتۆر فوئادمان کرد و دەربارەی پلینۆم و دەوری مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە بۆ پلینۆم قسەمان کرد. هەندێک لە هەڤاڵەکان بە حوکمی ئەوەی لە سوپای عێراقدا بوون یان سەر بە وەزارەتی ناوخۆی عێراق بوون، نەیاندەتوانی

بەشداری بکەن، ئێمەش زەختمان لەسەر بوو. بۆ ئەو مەبەستە چووینە لای دکتۆر فوئاد. ئەو لێپرسراوی یەکەمی پلینۆم بوو، بڕیار بوو دکتۆر فواد ئاگادارمان بکاتەوە.

## کۆبوونەوەی مەڵبەندەکان بە سەرپەرشتیی مام جەلال

سێیەم ڕۆژی جەژنی قوربان لە قەڵاچوالان مام جەلال سەرپەرشتیی کۆبوونەوەی مەڵبەندەکانی کرد بۆ قسەکردن لەسەر پلینۆم. کۆبوونەوەکە سێ سەعات بەردەوام بوو. بڕیاریش درا ڕۆژی ٢٠٠٧/١/٧ پلینۆم بگیرێ.

تاکو ڕۆژی بەستنی پلینۆم هاتوچۆ لە بەینی هەڤاڵانی سەرکردایەتی و م.س و مەڵبەندەکان گەرم بوو. ئەوەندە چڕوپڕ بوو، هەمووومان سەرقاڵی بووین بۆ ئەوەی پلینۆمەکە بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدرێت. منیش خۆم گرێیەکی گەورە لە دڵمدا بوو، ماوەیەکی زۆر بوو پێوەی دەتلامەوە. بە پلەی یەکەم دەبوو وەک لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە کە گەورەترین مەڵبەندی حیزبی یەکێتی بوو، خۆم و هەڤاڵەکانم، ئەوانەی بەشداریی پلینۆمیان دەکرد، ئامادە بکەم. دووەمیش، پاش ڕزگار کردنی عێراق چەند هەڤاڵێک ناومان هاتبوو گوایە فایلمان هەیە و پیاوی ڕژێمی بەعس بووین تا کاتی ڕووخانی. هەر کەسەش بەرپرسیارە لە کاری خۆی. ئیتر من زۆرم پێخۆش بوو، فرسەتێکی باش بوو ڕاستگۆیانە لەبەردەم بەشداربووانی پلینۆمدا بەرگری لە خۆم بکەم.

**بەستنی پلینۆم لە قەلاچوالان**

ڕۆژی ٢٠٠٧/١/٧ سەعات دە پلینۆم لە قەلاچوالان لە هۆڵی شەهید شەهاب دەستی پێکرد. بەشداربووانی پلینۆم "٨٠٨" ئەندام بوون. پاش بەخێرهێنان لەلایەن دکتۆر فوئاد مەعسومەوە، مام جەلال ڕاپۆرتی سیاسیی پێشکەش کرد و ماوەی دوو سەعاتی خایاند تاکو تەواوبوو. لە ڕاپۆرتەکەدا باسی هەموو لایەنەکانی کردبوو. دوایش چەند لیژنەیەک دروست کران بۆ قسەکردن لەسەری، یەکێک لە لیژنەکان لیژنەی سکاڵا بوو. بۆ ڕۆژی دووەم خۆم ئامادە کردبوو قسە بکەم لەسەر ئەوەی بۆم دروستکرا بوو. هەموو شتەکانم بە دیکۆمێنت و نووسراوەوە ئامادە کرد. چونکی نەدەکرا تەنیا بە قسە بەرگری لە خۆم بکەم، دەبوو بە بەڵگەوە ڕاستییەکان بۆ هەڤالانی بەشداربووی پلینۆم ئاشکرا بکەم. لەسەر هەموو مەسەلە گرنگەکان قسە کرا. لەسەر مەسەلەی فایلەکان ناوی پێنج کەسمان هاتبوو، من خۆم یەکێک بووم لەو ناوانە. ئیجازەم لە بەڕێوەبەری ئیدارەی پلینۆم وەرگرت و چوومە سەر مەنەسەکە. لەبەردەم مایکرۆفۆنەکەدا و بەرامبەر "٨٠٨" ئەندامی پلینۆم قسەم کرد و باسی تەمەنی پێشمەرگایەتی و خەباتی سیاسیی خۆم کرد. زۆر قسەم کرد لەسەر خەبات و تێکۆشانی خۆم و بنەماڵەکەم. پاش ئەوەی هەموو ڕاستی و ڕووداوەکانم گێڕایەوە، لەبەردەم پلینۆمدا وتم ناچمە خوارەوە، ملپێچێکم لە ملدا بوو، وتم دەبێ بمخنکێنن ئەگەر بچوکترین هەڵەم هەبووبێت. دوای ئەوەی ڕاستییەکان ڕوون بوونەوە، هەموو بەشداربووانی پلینۆم بە چەپڵەڕێزان پشتیوانیان کردم، نەک هەر بە دانیشتنەوە، بەڵکو هەڵسانە سەر پێ و هۆڵی پلینۆم چەندین دەقیقە دەنگی دەدایەوە. منیش سوپاسم کردن. هەم توانیم ڕاستییەکان بخەمە ڕوو و هەم بەرگریەکی باشم کرد. سوپاسی هەموو بەشداربوانی پلینۆمم کرد، کە ڕۆڵە و هەڤالی خۆیان ناسی. ئەو کاتە بۆ من خۆشترین کات بوو.

هەر دوای ئەوەی ئیمەش مام جەلال هاتەوە و بەیانی کۆتایی پلینۆم خوێندرایەوە و کۆتایی پێهات. هەندێک هەڤاڵی یەدەک سەرکەوتن بۆ سەرکردایەتی. هەڤالان و کادیرەکان سەدان تەلەفۆنیان بۆ کردم بۆ دەستخۆشیکردن لە ڕوونکردنەوەکانم لە پلینۆمدا. ڕۆژانی دوایی زۆریش لە هەڤالان و کۆمیتەکان هاتنە ماڵەوە بۆ لام بۆ پشتیوانیکردنم و سەرکەوتنم لەبەردەم پلینۆمدا، هەروەها لە مەڵبەندی پێشمەرگەش چەندین ڕۆژ پێشوازیی هەڤالان و کادیرەکانم دەکرد. ڕۆژانی دوایی کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتیی نوێ بە سەرپەرشتیی مام جەلال دەستی پێکرد، پاش دابەشکردنی کارەکان کۆبوونەوەی دوایی تایبەت بوو بە کەرکووک.

ڕۆژی ٢٠٠٧/١/١٥ لە چوارتا لە ڕادیۆی گەلی کوردستان چاوپێکەوتنی ڕادیۆییم هەبوو. ڕاستەوخۆ لەسەر وەزعی یەکێتی و پێشمەرگە و پلینۆم وەڵامی پرسیارەکانم دایەوە. هەروەها هەڤاڵ بەرزانی ئەحمەد کوردە بەشدار بوو. ئەوەی پەیوەندی بەوە هەبوو، وەڵامی دایەوە، بڕیار بوو جەمال حاجی محەمەدیش بێت، بەڵام بۆی نەکرابوو و نەهات. هەر ئەو ڕۆژە هەواڵێکی زۆر خۆشمان زانی، کە بەرزان تکریتی و عەواد بەندەر لە سێدارە دراون، ئەمانە تاوانباری گەورەن دەرحەق بە خەڵکی کوردستان و عێراق. زۆر دڵخۆش بووین بەو هەواڵە.

دوای پلینۆم لەگەڵ (مستەفای سەید قادر) کۆبوونەوەیەکی فراوانمان بە پلەدارەکانی هێزی پێشمەرگە کرد و قسەمان بۆ کردن. ئەوانیش لە کۆبوونەوەکەدا هەندێک ڕاوبۆچوونی خۆیان باس کرد.

لە دوای پلینۆم کارمان زیاتر بوو. لەبەر ئەوەی مستەفای سەید قادر چوو بوو بۆ سەفەر، کارەکانی فەرماندەیی و مەڵبەندم جێبەجێ دەکرد، ئەوەش کارێکی ئاسان نەبوو و قورس بوو. هێزی پێشمەرگە گەورە بوو و کاری ڕۆژانەیان زۆر بوو. بۆ ئەم کارانەش ناوبەناو سەردانی

کاک کۆسرەتم دەکرد و ڕاوێژم لەگەڵ دەکرد، بە تایبەتیش لە کاتێکدا مام جەلال سەرقاڵی کاری بەغدا بوایە. لەو ماوەیەی دوای پلینۆم ئاڵوگۆڕ کرا، مەڵبەندەکان زیاد کران و هەر قەزایەک مەڵبەندی بۆ دیاری کرا و کەوتنە سەر کاری خۆیان.

لە کۆبوونەوەکانی فەرماندەییدا چەندین جار قسەمان لەسەر کەرکووک کرد. بۆ مەسەلەی کەرکووک لەگەڵ هەڤالانی پەیوەندیدار کۆبوونەوەمان کرد، بەتاییەت لەگەڵ مەڵبەندی کەرکووک بۆ ئەوەی هێزیان بۆ بنێرین. لام باش بوو لەبەر ئەو حاڵەتە حەساسەی لە کەرکووک هەیە، پرس بە مام جەلال بکەم بۆ ناردنی هێز بۆ ئەوەی بڕیاری ئەوی لەسەر بێت.

ڕۆژی سێشەممە ٢٠٠٧/٢/٦ هەڤال مەحموود سەنگاوی ئاگاداری کردم وتی مام جەلال لە بەغدا داوای هەردووکمانی کردووە بچین بۆ بەغدا. بۆ ڕۆژی دوایی مەلا بەختیار و مەحموود سەنگاوی و مامۆستا سەیفەدین و خۆم لە فڕۆکەخانەی سلێمانییەوە چووین بۆ بەغدا، پاش گەیشتنمان و پشوودان، دوای نیوەڕۆ چووینە لای مام جەلال. ئەویش لەبەر ئەوەی میوانی زۆر بوو، تەنها بینیمان و نانمان پێکەوە خوارد. ئەو سەردەمەش وەزعی بەغدا هەر خراپ بوو، تەقینەوە بەردەوام بوو. مام جەلالیش زۆر سەرقاڵ بوو بە بینینی ئەم حیزب و ئەو حیزب و حکومەت.

ئێوارەکەی لەگەڵی دانیشتین و باسی وەزعی عیراقی بۆ کردین کە چەند پڕکێشە و زەحمەتە، باسی هێزی پێشمەرگەی لەگەڵ من و مەحموود سەنگاوی کرد و داوای لێکردین کە لیوایەکی تریشی بۆ ئامادە بکەین. لەبەر ئەوەی ئەو هێزەی خۆی کە لەگەڵیەتی، دەبێ بە فیرقە. پاش قسەکردن لەگەڵ مام جەلال بڕیارمان دا پاش گەڕانەوەمان دەست بکەین بە ئامادەکردنی لیوایەکی تر و بۆی حازری بکەین.

**دانیشتنی دووقۆڵی لەگەڵ مام جەلال**

پێش ئەوەی بچین بۆ بەغدا، لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار باسی ئەوەم کردبوو کە ئەمەوێ واز لە سەرکردایەتیی یەکێتی بهێنم. ئەویش وتی لەگەڵ مام جەلال باسی بکە. وتم مام جەلال داوایەکی تایبەتی خۆم هەیە. پاش ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی لە پلینۆم بە دەستم هێنا، ئەمەوێ لە کاتێکدا واز بهێنم. وەزعم زۆر باشە و کێشەم لەگەڵ کەس نییە. من لە دوو کۆنگرە و چەندین پلینۆمدا دەنگی زۆر و کادیر و پێشمەرگەم هێناوە. مام جەلال لە وەڵامدا وتی خەڵکی و پێشمەرگە تۆیان خۆش دەوێ، وازهێنان نییە، من پشتیوانت دەبم بۆ داهاتوو و لە کۆنگرەی داهاتووش پاڵێوراوی خۆمی. ئەمە قسەی مام جەلال بوو لەگەڵم. منیش ڕازی بووم و سوپاسم کرد. ئەو چەند ڕۆژە هەر لە بەغدا بووین و لە دەوری مام جەلال بووین. خۆ وەزعی بەغدایش ئەوەندە نائەمینە، هی ئەوە نییە بچیتە بازاڕ و دەرەوە، کارمان تەواو بوو و ویستمان بگەڕێینەوە بۆ سلێمانی.

هەر لەو کاتەشدا وەفدێکی فەلەستین لای مەحموود عەباسی سەرۆکی فەلەستینەوە هاتبوون و پێک هاتبوون لە دکتۆر ئەسعەد عەبدولڕەحمان و حمادە فراعنە. لای دکتۆر فوئاد دەعوەت بوون. ئێمەش لە بەغدا لەگەڵیان بووین. هەر لە بەغداش لەگەڵ مەحموود سەنگاوی چووینە فرۆکەخانەی موسەنا، لیوایەکمان لەوێ هەبوو و ئەنوەر دۆلانی فەرماندەیان بوو. لەوێش کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ فەرماندەکانیان کرد لەسەر وەزعی هێزی پێشمەرگە و واجباتیان لە بەغدا، چونکی لەو سەردەمەدا بە هۆی وەزعی خراپی بەغداوە لیوایەکی ئێمە چووبوون و هاوکارییان دەکردن، دەورێکی یەکجار باشیان هەبوو و جێی ڕەزامەندی بوون لای خەڵکی بەغدا. ئێوارەش هاتینەوە لای مام جەلال و بۆ ئەوەی خۆمان ئامادە دەکەین و بەیانی بگەڕێینەوە. مام جەلال هەندێک ڕێنمایی تریشی کردین کە چی بکەین. ڕۆژی ٢/١١

لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەی پێکەوە چووبووین، گەڕاینەوە بۆ سلێمانی. بۆ ڕۆژی دوایی مەحموود سەنگاوی تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی سبەینێ دەبێ بچین بۆ هەولێر. کۆبوونەوەی فەرماندەیی و فەلەک هەیە، مانای پارتی و یەکێتی.

ئەو هەڤاڵانەی ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/١٤ کە ڕۆیشتین بۆ کۆبوونەوەکە، پێک هاتبووین لە (شێخ جەعفەر شێخ مستەفا، مەحموود سەنگاوی، مامۆستا عەزیز، جەبار یاوەر، موحسین بایز، خۆم). مەبەستی کۆبوونەوەکەش ئەوە بوو هەردوولامان قسە لەسەر یاسای وەزارەتی پێشمەرگە بکەین و بەرزی بکەینەوە بۆ سەرۆکی هەرێم. هەڤاڵانی پارتیش پێک هاتبوون لە (فەریق عەلی، فەریق شیروان عەبدولڕەحمان، محەمەدی قازی، عەبدولڕەحمان بێشوکی، عومەر عوسمان، ئەنوەری حاجی عوسمان). ماوەی سێ سەعات لە وەزارەتی پێشمەرگە لە هەولێر کۆبووینەوە و قسەمان لەسەر خاڵبەخاڵ کرد و بڕیارمان دا بەرزی بکەینەوە بۆ سەرۆکی هەرێم.

ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/٩ چووین بۆ فڕۆکەخانەی سلێمانی و بۆ پێشوازی لە هاتنەوەی مام جەلال، کە هەمیشە سەرقاڵی کارەکانی بەغدایە و ماندووە. دوای هاتنەوەشی کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی دەستیان پێکرد و هەندێک ئاڵوگۆڕ لە جێگەکاندا کران.

١- کوردۆ قاسم بوو بە لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکان.

٢- حامدی حاجی خالد بوو بە لێپرسراوی مەکتەبی کۆمەڵایەتی.

٣- مامۆستا جوامێر بوو بە لێپرسراوی مافی مرۆڤ.

٤- شەماڵ عەبدولوەفا بوو بە لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوە.

بەشێک لە کۆبوونەوەکان کە تایبەت بوو بە کەرکووک، برادەرانی کەرکووک ئامادە بوون (ڕزگار عەلی، جەلال جەوهەر، ڕەفعەت عەبدوڵڵا) و لەگەڵ مام جەلال دانیشتین تایبەتیان کرد بە ئامادەبوونی بەرهەم ساڵح و عەدنان موفتی بۆ ئەوەی بە تێرو تەسەلی لەسەر

کەرکووک قسە بکرێ و بەرنامەی باشی بۆ دابنرێت. هەرچی پێویست بێت، بۆی بکرێ. دیارە وەزعی کەرکووک قسەی زۆر هەڵدەگرێ. هەر بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆژی ٢/٢٤ مەسعود بارزانی هات بۆ لای مام جەلال لە دوکان بۆ ئەوەی گوتاری کورد یەک بێت لەسەر عێراق و کوردستان.

## سەفەرمان بۆ ئوردن

مام جەلال نەخۆش کەوتبوو و لە ئوردن بوو. بڕیارمان دا سەرکردایەتی یەکێتی کە ژمارەمان ٣٠ هەڤاڵ زیاتر بوو، سەردانی بکەین. ڕۆژی ٢٠٠٧/٣/٤ سواری تەیارە بووین بەرەو عەمان بۆ خەستەخانەی "مەلیک حسێن" کە مام جەلال لەوێ کەوتبوو. ماوەی نیو سەعاتێ لای ماینەوە. چووینە هۆڵێکی خەستەخانە و خۆی هات بۆ لامان لەگەڵی دانیشتین. لە هەواڵیمان پرسی، ئەویش سوپاسی هاتنەکەی کردین و وتی پێویستی نەدەکرد زەحمەت بکێشن. هەر هەمان ڕۆژ گەڕاینەوە بۆ سلێمانی. لە ڕاستیشدا نەک هەر ئێمە، هەموو خەڵکی کوردستان بە پەرۆش بوون بوی.

## کۆبوونەوە لەگەڵ ئەمەریکییەکان

ڕۆژی ٢٠٠٧/٣/٥ یادی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان بوو کە لە شاری ڕانیەوە بوو. من هەموو ساڵێک دەچم بۆ بەشداریی ئەو ڕۆژە پیرۆزە، بەڵام لەبەر گرنگیی کۆبوونەوە لەگەڵ ئەمەریکییەکان مامەوە. ئەمەریکییەکان هاتبوون بۆ لای کەسوکاری ئەو کەسانەی لای "قەرە

تەپە" بە هۆی هەڵەی تەیارەکانی ئەمەریکاوە شەهید بوون. من و مەحموود سەنگاوی و مامۆستا عەزیز و کەمال شاکر لەگەڵ ئەمەریکییەکان دانیشتین. ئەمەریکییەکان هاوکارییەکی ڕەمزییان هێنابوو بۆ کەسوکاری شەهیدەکان. دوایی من لەسەر ئەو کارەی ئەمەریکییەکان لە تەلەفزیۆن قسەم کرد.

من نامەیەکم بۆ ئەمەریکیەکان نووسی و گلەیم لێکردن لەسەر ئەو مەبلەغەی کە هێنابوویان بۆ کەسوکاری هەشت پێشمەرگە شەهیدەکەمان، چونکی مەبلەغێکی زۆر کەم بوو. "ئانا" کە لە فەرماندەیی لامان بوو، نامەکەی بۆ وەرگێڕانە سەر زمانی ئینگلیزی. لە نامەکەشدا داوای کەسی یەکەمیانم کرد، کە بێت بۆ لامان. ئەویش بڕیاری دابوو ڕۆژی یەک شەممە بێت بۆ لام.

**هاتنەوەی مام جەلال لە عەمان**

ڕۆژی ٢٠٠٧/٣/١٤ مام جەلال پاش چاکبوونەوەی لە عەمان گەڕایەوە. نێچیرڤان بارزانی هاتبوو، لە ماڵی کاک کۆسرەت نانی نیوەڕۆمان خوارد و چووین بۆ فڕۆکەخانەی سلێمانی بۆ پێشوازیی مام جەلال. پاش ماوەیەک لەگەڵ دکتۆر بەرهەم و ئەرسەلان بایز و هێرۆخان و فەخری زەنگەنە گەیشتنەوە. لەلایەن خەڵکی کوردستان و شاری سلێمانییەوە گەورەترین پێشوازیی لێکرا. بە بۆنەی چاکبوونەوەی مامەوە دەیان سەر مەڕیان لەسەر شەقامەکان سەربڕی. شەویش لەسەر شەقامەکانی سلێمانی خەڵکی ئاهەنگی دەگێڕا.

ڕۆژی ٢٠٠٧/٣/٢٠ ساڵڕۆژی ڕزگارکردنی شاری کەرکووکە و ڕۆژێکی پیرۆزە لای خەڵکی کوردستان. هەر هەمان ڕۆژی "تەها یاسین ڕەمەزان" کە جێگری سەدام حسێن بوو، لە بەغدا لەسێدارە درا.

لەسێدارەدانەکەی لەسەر کوشتاری دوجیل بوو و سزاکەی حەقی خۆی بوو. کورد هەمووی پێی خۆش بوو.

جەنەڕاڵ پاتریوس فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا هات بۆ سلێمانی، من و مستەفای سەید قادر لە فڕۆکەخانەی سلێمانی پێشوازیمان لێکرد و لەگەڵ خۆمان بردمان بۆ لای مام جەلال، ماوەیەک لەلای مایەوە. هەر خۆشمان هێنامانەوە و ڕەوانەمان کردەوە بۆ جێگەی خۆی. ئیبراهیم جەعفەری هات بۆ لای مام جەلال بۆ ماڵەوەیان، پاش نانخواردنی نیوەڕۆ گەڕاینەوە و بەجێمان هێشت.

لە فەرماندەیی بەسەرپەرشتیی مستەفای سەید قادر و مەحموود سەنگاوی و خۆم کۆبوونەوەیەکمان دەربارەی وەزعی سنووری پێنجوێن کرد. "ئەنسارولئیسلام" پەلاماری لای باشماخیان دابوو. بڕیارمان دا هێزێک بنێرین، خۆم لەگەڵیان بچم و کۆبوونەوە بە هێزەکانی ئەو سنوورە و لێپرسراوەکانیان بکەم. هێزەکەش تەسلیم بەوی بکەم بۆ زیاتر توندوتۆڵکردنی سنوورەکە.

هەر لەو سەروبەندەدا سەفیری ئینگلیز و قائیدی سەربازیی ئینگلیز هاتن. لە فڕۆکەخانەی سلێمانی مستەفای سەید قادر و شێخ جەعفەر و مەحموود سەنگاوی و خۆم پێشوازیمان لێکردن، بە هالیکۆپتەر هاتبوون. بردمانن بۆ لای مام جەلال لە دەباشان بۆ بارەگای خۆی، بۆ ئەوەی مام جەلال دەوری خۆی بگێڕێ بۆ بەربوونی "١٥" سەربازی ئینگلیز کە لە خلیج گیرا بوون. پاش قسەوباس هێنامانەوە بۆ لای خۆمان و ڕەوانەمان کردنەوە.

پاش چوار ساڵ لە ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام حسێن، عێراق هەر نائارام بوو و کوشتن و تەقینەوە هەبوو. نەگونجانی حیزبەکان و شیعە و سونە بەردەوامیی هەبوو، مام جەلالیش زۆر ماندوو بوو بەم کارەوە.

ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/١٨ هەڤاڵانی فەرماندەیی چووین بۆ خانەقین، لەگەڵ ئەمەریکییەکان کۆبوونەوەمان هەبوو. چووینە بارەگای پاسەوانی سنوور لای نازم وەستا شەریفی فەرماندەی لیواکە. پاشان فەرماندە ئەمەریکیەکان هاتن بە ناوی 'جنراڵ سوتەرلاند' و فەرماندەیەکی تر بە ناوی بروکس 'Brooks'. مەبەستی ئێمە ئەوە بوو زیاتر کە ڕێگەمان بدەن و داوامان کرد هێزێک بنێرین بۆ دەوری سەعدیە و لای خانەقین. لە قسەکاندا وتی دەسەڵاتی من نییە و کە گەڕامەوە باسی دەکەم. بۆشمان ڕوون کردەوە لەبەر کاری تیرۆریستانە، چونکی لەوێوە دزە دەکەن. پاش قسەیەکی زۆر لەسەر ئەو باسە وتی کە چۆوە، لەگەڵ کەسانی سەرووی خۆی باسی. دەکات کۆبوونەوە کۆتایی هات و گەڕاینەوە بۆ سلێمانی.

بەڵام ڕۆژانە هەڤاڵانی فەرماندەیی کۆبوونەوەمان دەکرد بۆ بڕیاردان لە چۆنێتیی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورانەی هەیە و ناردنی هێز بۆیان، ئەمجارەیان بۆ بەینی بێجی و کەرکووک بۆ پاراستنی نەوت و کارەبا لەبەر تیرۆریستان. دەبوو حساباتی هەموو ناوچەکان بکەین و چیمان پێبکرێ، بۆیان جێبەجێ بکەین.

لەگەڵ بەختیار چیمەنی سەردانی کولیەی ئەرکانم کرد لە چوارقوڕنە لە قەڵاکە، کە خوێندکارانی ئەرکان لەوێ دەرس دەخوێنن. جەلال حەمەعەلی ئامری کولیەکەیە. ماوەی سەعاتێک و دە دەقیقە قسەم بۆ خوێندکارەکان کرد و باسی شۆڕشەکانی کورد و بەتایبەت شۆڕشی نوێم بە ڕابەرایەتیی یەکێتیی نیشتمانی بۆ کردن. خوێندکاران هەندێک پرسیاریان کرد، منیش وەڵامم دانەوە. نانی نیوەڕۆشمان لەلایان خوارد و پاشان گەڕاینەوە.

**هاتنی ئیبراهیم عەلاوی "ئەبولەیلا" بۆ سلێمانی**

ڕۆژی ٢٠٠٧/٥/٢٣ لە ماڵی خۆمان ئیبراهیم عەلاوی و فاروق مەلا مستەفا و ماجد عەلاوی برای ئەبو لەیلا و وەستا محەمەدی پوورزامم دەعوەت کرد. من و ئیبراهیم عەلاوی ساڵانێکی زۆر لە حیزبی شیوعی قیادەی مەرکەزیدا پێکەوە بووین و لە ساڵەکانی ١٩٦٩ و بەدواوە سکرتێرمان بوو. برایەتی و هاوڕێیەتیمان زۆر خۆش بوو، تاکو ئەو ڕۆژەی وازم هێنا لە حیزبی شیوعی هێنا، زۆربەی کاتەکان پێکەوە بووین. چ لە کوردستان و چ لە لوبنان و سوریا. من جێگەی متمانە و بڕوای بووم. لە دەرەوە پێکەوە لە یەک خانوودا دەژیاین. پاش ئەو هەموو ساڵە و ئەو دابڕانە دووروودرێژە لە یەکتر خۆشەویستیی ڕۆژگارەکانمان هەر لەبیرە. بە واجبی خۆمم زانی لە خزمەتیدا بم. ئەو ڕۆژە لە ماڵی خۆمان هەموو ئەو بەڕێزانەی ناوم هێنان، دەیان بیرەوەریی ئەو ڕۆژگارە سەخت و زەحمەتەمان بە بیری یەکتر هێنایەوە. لای من ڕۆژێکی زۆر خۆش بوو، بەداخەوە ئێستا ئەبولەیلا تەندروستیی تەواو نییە، تەمەنی هەڵکشاوە و لە لەندەن دەژی. بەڵام پیاوی مەرد و تێکۆشەر هیچ کاتێک لەبیر ناچێتەوە. هەمیشە بە مامۆستای خۆمم زانیووە و زۆر شتی لێوە فێربووم، یادی بەخێر بێت.

**کارگردن لە فەرماندەیی**

چەند جارێک لەگەڵ سەرۆکی هەرێم "مەسعود بارزانی" کۆبوونەوەمان کردووە لە نێوان فەرماندەیی و قەلەکدا. ئێمە لەلایەن یەکێتییەوە بۆ هەموو ئەو شتانە دەچووین، کە پەیوەندیی پێمانەوە هەبوو. کۆبوونەوەی ٢٠٠٧/٥/٢٨مان لەلای سەرۆکی هەرێم زیاتر بۆ ئەوەبوو کە نێچیرەڤان بارزانی و هەیئەتێکی سەرۆکایەتی وەزیران بۆ هەندێک مەسەلە چووبوون بۆ بەغدا بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ حکومەتی

ناوەندیدا، بەڵام هەروا گەڕابوونەوە. لەبەر ڕۆشنایی کۆبوونەوەکەی بەغدا چەندین جار هاتوچۆمان کرد. بەڵام حکومەتی ناوەندی بەڵێنەکانیان جێبەجێ نەدەکرد. هەر بۆ نموونە بە واژووی مالکی بڕیاری دوو دامەزراندنی دوو فیرقەی سەربازی لە کوردستان درا. هەتا ئێمە لە فەرماندەیی و فەلەک جێگەشمان بۆ دیاری کرد. بەڵام پاش چەندین هاتن و چوون هیچ ئەنجامێکی نەبوو. نەک هەر ئەمە، هەموو شتەکانی تریشیان هەر وابوون. بۆیە هیچ متمانەیەک بە حوکمی مالکی نەدەکرا.

ئەو سەردەمەی کە ئیبراهیم جەعفەریش سەرۆکی وەزیران بوو، بێکێشە نەبووین. ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/٢٢ مام جەلال ئاگاداری کردین ئیبراهیم جەعفەری لە بەغداوە دێت بۆ سلێمانی، ئێمەش بچین لە فڕۆکەخانە پێشوازیی لێبکەین و لەگەڵ خۆمان بیبەین بۆ لای. لەگەڵ مەلا بەختیار و جەلال جەوهەر و مستەفای سەید قادر چووین بۆ پێشوازیی جەعفەری. سەعات نۆ لە فڕۆکەخانە دابەزی، سەعات دوانزەونیو لە مەکتەبی سیاسی کۆبوونەوەمان لەگەڵ کرد. لەوێش هەڤاڵان ئەرسەلان بایز و عومەر سەید عەلی بەشدار بوون، دواییش لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان قسەیان کرد.

پاش ئەوەی شەوێک مایەوە، ڕۆژی دواتر لەسەر شاخی ئەزمڕ دەعوەتی کاک کۆسرەت بوو. بەو بۆنەیەشەوە دەعوەتی حیزبە کوردستانییەکانیان کردبوو. لەوێ بە گشتی قسەکانی باش بوون. بەڵام تاکو ئێستا ڕۆژبەڕۆژ وەزعەکە خراپتر دەبێت. هەموو ئەو قسانەی دەیکەن و ئەو بەڵێنانەی دەیدەن، بەتایبەت بەڵێنەکانیان بە مام جەلال، جێبەجێی ناکەن و کێشەکانمان هەروەک خۆیان ماونەتەوە.

**ڕێککەوتنی ستراتیژی لە نێوان یەکێتی و پارتیدا**

قسەی زۆر لەسەر ڕێککەوتنی ستراتیژیی کراوە، چ لە پێش ڕێککەوتن و چ لە دوای ڕێککەوتن. تاکو ئێستاش لەلایەن هەردوو حیزب و خەڵکیشەوە قسەوباسی لەسەر دەکرێت. ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/٢٧ بە سەرپەرشتیی مام جەلال و مەسعود بارزانی ئەم ڕێککەوتنە واژوو کرا و تاکو ئێستاش بەردەوامیی خۆی هەیە. ئەم ڕێککەوتنە بۆ کورد هەر زۆر باش بوو، دەبێت هەردوولامان تەبا و ڕێک بین هەرچەند جیاوازی لە بیروبۆچوونماندا لەسەر مەسەلەکان هەبێت. تەبایی نێوان هەردوو حیزب دەبێ هەمیشە بەردەوامیی هەبێ بۆ خزمەتی کوردستان. ئەگەر جارێکی تر شەڕ دروست ببێتەوە، هەموو خەڵکی کوردستان زەرەر دەکەن و حورمەت و هێزی خۆمان لای خەڵکی کوردستان و دەرەوە لەدەست دەدەین. ئەگەر شتێک بێتە پێشەوە لەگەڵ هەر لایەنێکی تردا، ئەگەری زۆرزۆری هەیە چارەسەر بکرێ، بەڵام لە نێوان یەکێتی و پارتیدا ماڵوێرانیی لێدەکەوێتەوە. حەق وایە ئەو ڕێککەوتنە هەر بەردەوام بێ، بەتایبەت هەموو دۆستەکانمان لە جیهان بە ئەمەریکی و ئەورووپییەوە ڕێنمایی ئەوەیان کردووین کە وا پێویستە پێکەوە بژین، بەتایبەت لە مەیدانی پێشمەرگە و سەربازیدا، من خۆم ئاگاداری ڕێنماییەکانیانم. ئیتر هەموو ڕێککەوتن و کارێکیش بێکەموکوڕی نابێ، هەر لایەنەش دەبێ لە داوای خۆی بێتە خوارەوە، هەموو شتێک بە دڵی لایەک نابێت.

هەر دوای ئەوە ٧/٢٩ بە سەرپەرشتیی مام جەلال کۆبوونەوەی سەرکردایەتی کرا بۆ دوو خاڵی سەرەکی، یەکێکیان وەزعی کوردستان و عێراق و دووەمیان ڕێککەوتنی ستراتیژی. ڕێککەوتنەکەش خوێندرایەوە و قسەی لەسەر کرا. دوای ئەوەش باس لە ڕێککەوتنی چوارقۆڵیی نێوان یەکێتی و پارتی و حیزبی دەعوە و مەجلیسی ئەعلا کرا و دوای نیوەڕۆ قسەی لەسەر کرا. دوای ئەم ڕێککەوتن و کۆبوونەوانە مەڵبەندەکانمان ئاگادار کردەوە کە بۆ هاندانی گیانی پێکەوەژیان ئەم ڕێککەوتنە بۆ خەڵکی باس بکرێت و بەندەکانی جێبەجێ بکرێت.

## کێشەی دەوری خانەقین لەلایەن تیرۆریستانەوە

لە ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتورییەوە ڕۆژانە لەو سنوورە کۆنە بەعسییەکان و تیرۆریستەکان و قاعدە خەریکی شەهیدکردنی کوردن و تەقینەوە دەکەن. ئێمەش هێزەکانمان لە سنووری خانەقین و سەعدیە و جەلەولا ئامادە کردووە. لەگەڵ مەلا بەختیار چووین بۆ سەردانیان و چووینە قولایی ئەو جێگەیانەوە. ئەو کاتەش عەمید چەتۆ ساڵح لێپرسراوی پۆلیسی ئەو سنوورە بوو و سەرپەرشتیی دەکرد. سەردانی هەموو جەبهەکانمان کرد و لە هەندێک جێگە کۆبوونەوەمان لەگەڵ کردن بۆ ئەوەی زیاتر دەوریان هەبێ بۆ بنبڕکردنی کاری تیرۆریستی. لەو سەردانەماندا لەگەڵ زۆری خەڵکی و دائیرەکان کۆبوونەوەمان کرد. ئەم سەفەرەشمان هەموو سنوورەکەی گرتەوە بە کفریشەوە.

## سەردانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/٨ لەگەڵ ملازم عومەر و سەلاحەدین موهتەدی و محەمەدی موهتەدی لە سلێمانییەوە چووین بۆ کۆیە بۆ لای برادەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کە دووبەش بووبوون. یەکەم جار چووینە لای سکرتێری حیزب مستەفا هیجری و برادەرانیان و سەعاتێک لایان دانیشتین. پاشان چووین بۆ لای برادەرانی تری حیزب "حەسەن ڕەستگار" و هەڤاڵەکانیان. لەوێش باسمان لە وەزعی عێراق و کوردستان کرد. جەلیلی گادانی و فەتاحی کاویان لەوێ نەبوون و چووبوون بۆ سلێمانی. لە گەڕانەوەماندا بە هۆی تەلەفۆنەوە لە "چنارۆک" یەکمان گرتەوە و ماوەیەکی باش پێکەوە بووین. بەڵام کاک فەتاح نەخۆش بوو. دوایی هەردوو لامان گەڕاینەوە بۆ جێگەی خۆمان.

**سەردانی مامۆستا بەهادین نووری**

ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/١٥ لەگەڵ سکرتاریەتی مام جەلال (ئاوات عومەر و خالد محەمەد ئەمین) بە نوێنەرایەتیی مام جەلال چووین بۆ قەرەداغ بۆ دێی "تەکیە" بۆ لای مامۆستا بەهادین نووری، کە نەخۆش بوو و لە جێگەدا کەوتبوو. سڵاوی مام جەلالمان پێگەیاند. مامۆستا بەهادین تێکۆشەرێکی ماندوونەناسی حیزبی شیوعی عێراق و کوردستانە. لە عێراق و کوردستان ناسراوە، لە ساڵەکانی پەنجادا سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق بووە. لە ژیانی خۆیدا لە ساڵەکانی چلەکاندا زیندان بووە، بە هۆی نەخۆشی و هەڵکشانی تەمەنەوە لە جێگەدا کەوتووە. لە خزمەتی بیروباوەڕی مارکسیزم و لینینزمدا لە کوردستان و عێراق دەوری هەبووە و کەسێکی دیار بووە، لەم ساڵانەی دواییدا وازی لە حیزبی شیوعی هێناوە.

**دروستکردنی فیرقەیەک لە سنووری سلێمانی و گەرمیان**

ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/١٩ لە وەزارەتی پێشمەرگە هەیئەتی فەرماندەیی لەگەڵ وەزیری پێشمەرگە شێخ جەعفەر و جەبار یاوەر و موحسین بایز کۆبووینەوە بۆ پێکهێنانی فرقەیەک و ئامادەکردنی ناوەکان. پاش قسەکردن لەسەری بەرنامەمان دانا بۆ جێبەجێکردنی. حکومەتی مالکی بە بڕیار و واژووی مالیکی خۆی بڕیاری دا لە سنووری هەرێمی کوردستان دوو فیرقەی سەربازی دروست بکرێ. ئێمەش لای خۆمانەوە سەرقاڵی دروستکردنی بووین. لە سنووری هەولێر و بادینانیش ئامادەکاریی بۆ دروستکردنی فیرقەکەی تر کرا. بەڵام تاکو ساتی نووسینی ئەم بیرەوەرییانە کە ساڵی ٢٠١٣یە، هیچی جێبەجێ نەکرا و هەر دەستیدەستیمان پێدەکەن. نەک هەر ئەوە، ئەوەتا لەباتی

دروستکردنی دوو فیرقەکە لەگەڵ هێزەکەی مالکی لە سەنگەردا بەرامبەر یەک وەستاوین. خۆ ئەگەر حکومەت ڕاستی بکردایە و دوو فیرقەی دروست بکردایە بۆ خزمەتی عێراق و دژی تیرۆریستان و ناحەزانی حکومەت دەبوو. بەلام ئەوان هەر کاتیان دەکوشت و بەڵێنەکانیان ڕاست دەرنەچوو. تاکو ئێستا هەر لەو بازنەیەدا دێین و دەچین، وەفدمان دەچێت و هی ئەوان دێن، کەچی هیچی لێ پەیدا نەبوو. بەم عەقڵیەتەی حکومەتی مالکییەوە کارێکی دروستکردنی دوو فیرقەکە ئاسان نییە.

ئێمە لای خۆمانەوە ڕۆژانە ئیش بۆ ئەم مەبەستە دەکەین. ڕۆژانی دواتر لەگەڵ هەموو فەرمادەیی لیواکان کۆبووینەوە و چەندین جار پرسوڕاوێژمان پێکردن. هەموو شتێکیشمان حازر کرد، بەلام هیچ دیار نەبوو. خەتاکەشی مالکی و دەورووپشتی بوو، بڕیارمان دا کە مام جەلال هاتەوە، ناوەکان بخەینە بەردەستی و ڕەزامەندی ئەویشی لەسەر بێت. کات دێت و دەڕوا و مانگەکان بوون بە ساڵ. بۆ دروستکردنی ئەم دوو فرقەیە هەر دەستی دەستیمان پێدەکەن، هەر ڕۆژەی بیانوویەک دەهێننەوە، هەروەک لە پێشەوە باسم کرد، ڕەزامەندی مالکی لەسەر بوو، دیار بوو پاشگەز بوونەتەوە لێی.

ساڵی ٢٠٠٧ کۆتایی هات و ئەو شتانەی کە پەیوەندیی بەهێزی پێشمەرگەوە هەبوو، لای حکومەتی مالکی هەروەک خۆیان مانەوە. وەفدی کوردی بە سەرپەرشتیی نێچیرەڤان بارزانی چوون بۆ بەغدا بۆ قسەکردن لەسەر بوجەی نەوت و پێشمەرگە. کە گەڕانەوە باسەکانیان بۆ گێڕاینەوە و قسەکانیان دڵخۆشکەر نەبوو، بە تایبەتیش مەسەلەی پێشمەرگە.

کێشەکان لە چەند لایەکەوەیە، لەولاوە تورکیا هەڕەشە دەکات و تۆپباران بەردەوامە، بەتایبەت لە سنووری قەندیل. خەڵکی ناوچەکە زەرەرێکی زۆریان پێگەیشتووە، لە دێی لیوژێ چەندین کەس بریندار

بوون. له لایەکی تریشەوە عێراق بەڵێنەکانی جێبەجێ نەکرد و موچەی پێشمەرگە یەکلایی نەکرایەوە. تەقینەوەش لە عێراق و بەتایبەت کەرکووک بەردەوام بەردەوام بوو.

ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/١٨ مام جەلال بە بۆنەی هاتنی جەژنی قوربانەوە لە بەغدا گەڕایەوە. هەموومان لە لە فڕۆکەخانەی سلێمانی پێشوازیمان لێکرد. بەو ڕۆژی جەژنە فڕۆکەکانی تورکیا بۆردومانی سنوورەکانی لای ڕانیەیان کرد لە "ساوسێوکان" بەینی ڕانیە و ڕواندز، لە بادینان و لای خواکورکیش بۆردومان بەردەوامە.

## "کۆبوونەوەی کۆتایی ساڵی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان"

ڕۆژی ٢٠٠٧/١٢/٢٠ لە قەڵاچوالان لە بارەگای مەکتەبی سیاسی بە سەرپەرشتیی مام جەلال سەعات دەونیو کۆبوونەوە دەستی پێکرد. لەسەر مەسەلە گرنگەکانی کوردستان و عێراق و پەیوەندیی کوردستان و عێراق باسوخواس کرا. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا وەزعی پ.ک.ک باس کرا قسە لەسەر پەیوەندیی ئێمە و پارتی و مادەی سەدو چل و کەرکووک کرا. کۆبوونەوەکە تەواو نەبوو و بڕیار درا سبەینێ جارێکی تر کۆببینەوە. ڕۆژی دوایی هەڤاڵ کۆسرەت سەرپەرشتیی کۆبوونەوەکەی کرد. هەموو کارە سیاسی و ڕێکخستنەکان قسەی لەسەر کرا. هەر مەکتەبە ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش کرد، بڕیار درا لە ساڵی داهاتوودا ڕۆژی ٢٠٠٨/١/٣ کۆبوونەوەیەکی تر بە سەرپەرشتیی مام جەلال بکرێت. دوای کۆبوونەوەکان کە داوامان لێکرا ڕەئی خۆمان بنووسین بۆ ئەوەی کێ سەرۆکی وەزیران بێت. من لە نامەیەکدا ڕەئی خۆم بۆ مام جەلال نووسی، کە دکتۆر بەرهەم ببێت بە سەرۆکی

حکومەت، لە حاڵەتی نەهاتنەوەشیدا نێچیرڤان بارزانی ببێت بە سەرۆکی حکومەت.

چووینەساڵی تازەوە. لە ساڵی ٢٠٠٨ کۆبوونەوەکەی سێی مانگ بە سەرپەرشتیی مام جەلال بۆ تەواوکردنی کۆبوونەوەکانی کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ ئەنجام درا و لە بەیانی کۆتاییدا بڕیار درا بە دانانەوەی نێچیرڤان بارزانی بە سەرۆکی وەزیران.

هەموو جارەکان بە هاتنەوەی مام جەلال بۆ سلێمانی کۆبوونەوەکان بە گەرموگوڕی دەستیان پێدەکردەوە. مام جەلال قسەی لەسەر هەموو خاڵە گرنگەکان بۆ دەکردین. ڕۆژی ٢٠٠٨/١/١٦ نامەیەکم نووسی بۆ مام جەلال بۆ ئەوەی لەگەڵ هەڤالانی مەڵبەند بچین بۆ بەغدا بۆ لای و لەوێ چاومان پێی بکەوێ. وەلامی نامەکەی دامەوە و وتی جارێ زۆر سەرقاڵم، هەرکات ماوەم هەبوو، بروسکەتان بۆ دەکەم.

ئێمەش لەگەڵ هەڤالانی مەڵبەند چووین بۆ دوکان بۆ پێشوازی لە هێنانەوەی تەرمی "٣٥٤" ئەنفالکراوی دۆڵی جافایەتی، کە لە سەردەمی ڕژێمی دیکتاتۆری "سەدام حسێن"دا ئەنفال کرابوون بۆ ئەوەی لە دوکان بە خاکیان بسپێرین. مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی منیان ڕاسپارد بچم سەرپەرشتیی هێنانەوەی تەرمەکان بکەم. لەوێش لە کاتی هێنانەوەی تەرمەکاندا زۆربەی هەڤالان بەشدار بوون، لە ناویشیاندا کاک کۆسرەت.

بۆ سەفەرەکەی بەغدامان بۆ لای "مام جەلال" شالاو تەلەفۆنی کرد و وتی ڕۆژی سێشەممە لەگەڵ هەڤالانی مەڵبەند بڕۆن بۆ بەغدا، مام جەلال داوای کردوون. منیش هەڤالانم ئاگادار کرد. ڕۆژی سێشەممە گەیشتینە بەغدا. هەر بەگەیشتنمان پاش چاخواردنەوە لای مام جەلال کۆبوونەوە دەستی پێکرد. ئەو ڕۆژە لەگەڵ مەڵبەندی پێشمەرگە کۆبووینەوە. سێیەم کۆبوونەوەشمان دکتۆر بەرهەم بەشدار بوو

لەگەڵمان. خاڵێکی گرنگی تر کە مام جەلال قسەی بۆ کردین، لەسەر کۆنگرە بوو و وتی دەبێ هی هەمووان بێ.

دکتۆر بەرهەمیش لەماڵەکەی خۆی دەعوەتی کردین. ڕۆژی دوایی منیش لەگەڵ لیوای پاسەوانەکانی مام جەلال و کۆمیتەکەیان کۆبوونەوەیەکم کرد، لەسەر وەزعی یەکێتی و هۆشیارییان لە بەغدا قسەم بۆ کردن. ئێوارەکەی کارەکانمان تەواو بوو و گەڕاینەوە بۆ سلێمانی. ئەم سەفەرەمان سەرکەوتو بوو. هەڤالانی مەڵبەندیش زۆریان پێ باش بوو. پاش گەڕانەوەمان لەسەر ڕۆشنایی کۆبوونەوەکەی مام جەلال لەگەڵ هەموو کۆمیتەکان کۆبوونەوەمان کرد و قسەم بۆ کردن.

### سەفەری هۆڵەندام کرد

لە هۆڵەنداوە تەلەفۆنیان بۆ کردم و وتیان زاهیر برات وەزعی باش نییە و تووشی نەخۆشیی خراپ بووە. منیش یەکسەر بلیتم بڕی بۆ ئەوەی بڕۆم بۆ لای. خالیدی خاڵم لەگەڵم هات. خالید پێشمەرگەی کۆنی یەکێتیی نیشتمانییە، هەردووکمان پێکەوە ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/٨ سوار بووین بۆ ڤیێنا و لەوێشەوە بۆ هۆڵەندا بۆ لای زاهیری برام. زاهیر خۆی بۆ نەشتەگەری ئامادە دەکرد. ڕۆژی ٢/٢٠ بردیان بۆ ژووری نەشتەرگەری، پاشان دکتۆرەکان دڵنیایان کردین کە وەزعی باشە و ئەوەی پێویست بووە، بۆیان کردووە و سەرکەوتوو بووە. لەبەر ئەوەی زوو فریای کەوتوون. زاهیر نەخۆشیی 'پروستات'ی هەبوو.

خزمان و کەسوکار و دۆستان لە هەموو جێگەیەکەوە هاتن بۆ لای. لەبەر ئەوەی کەسێکی دیارە، لە شۆڕشی ئەیلوول ساڵی ١٩٧٤ لە گەرووی هۆمەر ئاغا بەر بۆمبی فسفۆر کەوتووە و تاکو ئێستا پێوەی

دەناڵێنی. کوردەکانی ئەوروپا دەیناسن. هەر پاش ماوەیەکی کورت و هاتنەدەرەوەی لە خەستەخانە کۆمیتەی بەنەلوکسی هۆڵەندا و میدیای کوردی مەراسیمێکیان ڕێک خست بۆ ڕێزلێنان لە زاهیری برام لە مەیدانی "مارکادوپلین" لە ئەمستردام. منیش قسەم لەسەر خەباتی زاهیر و بنەماڵەکەمان کرد. کەسێکی هۆڵەندی بانگهێشت کرابوو، کەسایەتییەکی هۆڵەندی بوو و پارێزەری هەموو کوردەکان بوو لە ساڵەکانی ١٩٧٥ تاکو ئەم دواییە. "ڤان بنی کۆم" قسەی لەسەر ناسینی زاهیر و دەوری زاهیر کرد. هاوڕێکانی زاهیر بیرەوەریی خۆیان لەگەڵ زاهیر گێڕایەوە. بۆ ئەو و هەمووومان ڕۆژێکی خۆش بوو. خەڵکێکی زۆر هاتبوون. پاش ئەو ماوەیەی لای زاهیر بووین، ئیتر خۆمان بۆ گەڕانەوە حازر کرد. ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/٥ گەڕاینەوە بۆ سلێمانی. نیهادی هاوڕێشم لەگەڵ هاتەوە، کە بۆ چارەسەری نەخۆشی چووبوو بۆ هۆڵەندا و ئەڵەمانیا. ئەویش نەخۆشیی شێرپەنجەی پەنکریاسی هەبوو. بەداخەوە دوو مانگی نەبرد نیهاد وەفاتی کرد. برادەرێکی زۆر خۆشەویستم بوو، کەسایەتییەکی دیاری شاری سلێمانی و تێکۆشەرێکی دیار بوو.

### یادی کارەساتی کیمیابارانی سێوسێنان لە قەرەداغ

لەوەتەی یادی ئەو ڕۆژە ناخۆش و ڕەشە دەکەنەوە، هەموو ساڵێک بەشدارییان دەکەم. بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم، لەبەر ئەوەی لە ڕۆژگارەکانی پێشمەرگایەتیدا لە ساڵەکانی ١٩٧٩ – ١٩٨٢ کە ئامرهەرێمی قەرەداغ بووم، لەگەڵیان ژیاوم و ئازارەکانیان بە ئازاری خۆم دەزانم، وەک کەسیش دەیانناسم. ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/٢٢ لەگەڵیان بەشدار بووم و قسەم لەسەر خەبات و تێکۆشانی خەڵکی قەرەداغ و پشتیوانییان بۆ شۆڕش کرد. هەر لەبەر ئەوەش بوو دوژمن بەقین بوو

و کیمیابارانی کردن و ٦٨ کەسی شەهید کرد، نەک هەر سێوسێنان، دێی دوکان، عەلیاوا و جێگەکانی تریش بێبەش نەبوون لە کیمیابارانی ئەم ڕژێمە دڕندەیە.

ڕۆژی ٢٠٠٨/٤/١٠ کۆبوونەوەیەکمان کرد بە ئامادەیی فەریق نەوشیروان فواد مەستی و مستەفای سەید قادر و باقی فەرماندەی لیواکان بۆ چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکانیان. دوای ئەوەش سەردانی سنووری جەلەولا و سەعدیە و قەرەتەپەمان کرد و لەگەڵ فەرماندەکانیان و سەربازەکان قسەمان لەسەر گرنگیی ئەم واجباتە کرد بۆ دیفاعکردن لە کوردستان دژی تیرۆریستان.

## کۆنگرەی کەمئەندامانی پێشمەرگە

ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٢٤ کۆنگرەی کەمئەندامان بوو. زۆر لە هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی وەک کاک کۆسرەت، کاک بەرهەم، کاک عومەر فەتاح، مستەفای سەید قادر، عوسمان حاجی مەحموود، مەلا بەختیار لەوێ بوون و بەشدارییان کرد. هەڤاڵان منیان ڕاسپارد لەباتی هەموویان وتار بخوێنمەوە. وەک واجبیش عایدی خۆم بوو، بە حوکمی ئەوەی لێپرسراوی مەڵبەندی پێشمەرگەم. لەسەر وەزعی کەمئەندامان و خەباتی یەکێتی و ڕابوردووی هێزی پێشمەرگە و ئەم هەڤاڵانەی کە ئێستا بەشێک لە ئەندامی لەشیان لەدەست داوە لە پێناو سەرکەوتنی شۆڕش و ئەم ئازادییەی ئەمڕۆ، قسەم کرد. هەر بۆ خۆشی وتم منیش وەک ئێوە کەمئەندامم، لە ساڵی "١٩٦٦" لە شەڕی هەندرێندا گوێچکەم لە دەست داوە. قسەکانم جێگەی ڕەزامەندیی بەشداربووان بوو.

## پیری شەوکێڵ و یادی شەهیدبوونی عەلی چوارتایی

ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٢٥ لە پیری شەوکێڵ لە سنووری چوارتا مەراسیمێکی گەورەمان ڕێک خست بۆ یادی شەهیدبوونی عەلی چوارتایی، کە فەرماندەی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بوو. عەلی چوارتایی کەسێکی ئازا و دڵسۆزی یەکێتی بوو. بۆ ئەم مەراسیمە بێجگە لەوەی هەڤاڵەکانی خۆمان لە چوارتا و شارباژێڕەوە هاتبوون، لە بانە و دێهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە خەڵکێکی زۆر هاتبوون. لەوێش بە حوکمی ئەوەی هاوڕێی پێشمەرگایەتیم بوو، لەسەر خەبات و تێکۆشانی قسەم کرد. حەقی خۆیەتی ئەم شەهیدە و هەموو شەهیدان لەیاد نەکەین و لە ویژدانی هەموومان‌دا بن.

لەو ماوەیەدا وردەوردە کێشەی ناو یەکێتی دەردەکەوت و قسەی لێدەکرا. پاش ئەوەی من قسەم کرد، وتاری بنەماڵەی شەهید عەلی چوارتایی خوێندرایەوە. کچێکی خوشکەزای بوو یان برازای بوو خوێندیەوە. جوانترین وتاری بنەماڵەی پێشکەش کرد و جێگەی سەرنجی بەشداربووان بوو، لە خولاسەی قسەکانیدا باسی شەهیدی کرد و سوپاس خەڵکەکەی کرد، وتی ئێمە حەقمان نییە بە سەرەوە ئێوە لەسەر چی کێشەتانە، ئێمە کوڕەکەی خۆمان بەخشی بە یەکێتی بۆ ڕزگاریی نیشتمان لە دەستی داگیرکەران. لەبەر خوێنی شەهیدەکان داواتان لێدەکەین یەکێتی با هەر بە یەکێتی بمێنێتەوە، دوای کەسوکاری شەهیدان لێتان قبوڵ ناکات چارەنووسی یەکێتی بەرەو بێهێزی بەرن، تکاتان لێدەکەین... تکاتان لێدەکەین... چەند جارێک ئەمەی وتەوە. بۆ ڕۆژی دوایی لەبەر جوانی قسەکانی بە هەڤاڵانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێم وت بڵاوی بکەنەوە. ئەوانیش بۆیان بڵاو کردەوە.

## ناوچە کوردستانییە کێشەلەسەرەکان

لە سنووری قەرەتەپە و جەلەولا و خانەقین و سەعدیە کێشە هەر بەردەوامە، کۆنەبەعسیەکان و تیرۆریستان لەو سنوورە ناوبەناو خەڵکی کورد شەهید دەکەن و تەقینەوە دەکەن. زەختێکی زۆر لەسەر کوردی ئەو سنوورەیە، عێراقیش بێدەنگیی لێکردووە. بێجگە لەوەش، داوای چۆڵکردنی ئەو سنوورە دەکەن. ئەگەرچی هەندێک لە خەڵکی خۆمان لە ترسی کوشتن چۆڵیان کردووە، بەڵام داواکردنی چۆڵکردنی بەدەست ئێمە نەبوو و بڕیاری سیاسیی ئەویست. ئێمەش هێزەکانی خۆمانمان خستە ئامادەباشییەوە و چاوەڕوانی سەرۆکایەتیی هەرێم بووین.

## کۆبوونەوە لەگەڵ ژەنەراڵ تۆماس

ئەمەریکا ئاگاداری وەزعی خانەقینە و چاودێریی دەکات. ڕۆژی ٢٠٠٨/٨/٤ ژەنەراڵ تۆماس و هەئیەتێک هاتبوون. پێکەوە کۆبووینەوە و ئاگادارمان کردن تەنها هەنگاوێک ئەو ناوچانە چۆڵ ناکەین، ئاگاداری سوپای عێراق بکەن کێشەمان بۆ دروست نەکەن. بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆژانە لە پەیوەندیدا بووین لەگەڵ فەرماندەی لیوای ٣٤ (نازم کەرکووکی) و ئەو هەڤاڵانەی کە لە سنووری سەعدیە و قەرەتەپە و خانەقینن. وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی بەرگریی عێراق دەیانویست ئەو جێگەیانەی ئێمەی لێین، بیپشکنن، ئێمەش قبوڵمان نەکرد. لەسەر ئەم مەسەلەیە من و مەحموود سەنگاوی و شێخ جەعفەر و فەریق نەوشیروان فوئاد مەستی چووین بۆ لای کاک کۆسرەت. پاش قسەکردن و ڕاگۆڕینەوە لەسەر ئەوە پێک هاتین هەندێک لە هێزەکانی ئەرکان وەک هێزێکی ئیحتیات بنێرین بۆ بەهێزکردنی ئەو سنوورە. منیش دوو لیوام خستە ئامادەباشییەوە لە پشدەر بە فەرماندەیی کەمال

حاجی ئاغا و محەمەدی حاجی قادر. حکومەتیش هێزی جوولاندبوو بۆ سنووری خانەقین. سەرەڕای ئەوەش ڕۆژی ٢٠٠٨/٨/١٠ لە شاری خانەقین تەقینەوەیەک ئەنجام درا. ئێمەش لەگەڵ هەڤاڵانی ئەو سنوورە لە ئەماسدا بووین بۆ هەر پێشهاتێک.

**کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٠٠٨/٨/١١ لە وەزارەتی پێشمەرگە لە هەولێر**

ئەم کۆبوونەوەیە لە نێوان یەکێتی و پارتیدا لە وەزارەتی پێشمەرگە لە هەولێر کرا بۆ یەکخستنەوەی هەردوو وەزارەتی پێشمەرگە. هەردوولامان کۆبوونەوەکەمان بە گرنگ وەرگرت، لەلایەن یەکێتییەوە (شێخ جەعفەر شێخ مستەفا، مستەفا چاوڕەش، مەحموود سەنگاوی، مامۆستا عەزیز، کەمال شاکر، لیوا فازڵ، جەبار یاوەر) ئامادە بوون. لەلایەن برایانی پارتییەوە (فەریق عەلی، فەریق شیروان عەبدولڕەحمان، محەمەدی قازی، عومەر عوسمان عەبدولڕەحمان و بەکر و ئازاد میران) و هەندێک هەڤاڵی تر ئامادە بوون. داوای لێبوردن دەکەم کە ناوی باوکی هەندێکیان نازانم. لە ئەنجامی چەند سەعاتی دانیشتنەکەمان بڕیارمان دا لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا جێبەجێی بکەین و چەند لیژنەیەکمان پێکهێنا بۆ ئەوەی کارەکان ڕاپەڕێنن. هەر لەوێش قسەمان لەسەر وەزعی ناجێگیری خانەقین و قەرەتەپە و جەلەولا و سەعدیە کرد. هەندێک بڕیارمان دا بۆ پشتیوانی و بەرگریی لێی، لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراق نیازی هەبوو هێرشی بۆ بکات.

هەر هەمان ڕۆژ پاش کۆبوونەوەکە گەڕاینەوە بۆ کۆیە. لە کۆیە یادی شەهیدانی قولە بەرازە بوو، کە لە ساڵی ١٩٧٨ شەهید کران. نۆزدە شەهیدمان هەبوو و فەرماندەکەیان شەهید شەفیق بوو. من لەوێ وتاری مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەم خوێندەوە و قسەم لەسەر خەبات و تێکۆشانیان و خەباتی پێشمەرگەکانی سنووری کۆیە کرد.

## دیسان خانەقین

وەزعی سنووری خانەقین و دەوروبەری تەواو نەبوو. سوپای عێراق هەڕەشەی دەکرد و هێزی زیاد دەکرد. ئێمەش لەگەڵ هێزەکانی خۆمان ئامادەباشیمان کرد و هێزەکانمان حازر کرد. عیراق هێزێکی هێنا و ڕێگەمان نەدا بەرەو خانەقین بێن. ناچار ڕوویان کردە مندریە، کە سنووری عێراق و ئێرانە. ئاگاداری سوپای عێراقمان کرد ئەگەر بێنە خانەقین، شەڕ بەرپا دەبێت.

## چوونمان بۆ خانەقین

ڕۆژی ٢٠٠٨/٨/٢٥ هەڤاڵ مەلا بەختیار تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی وەرە بۆ مەکتەبی سیاسی منیش چووم. کە چووم، کۆبوونەوە تەواو بووبوو، وتی با بڕۆین بۆ خانەقین. منیش چوومەماڵەوە جلوبەرگم گۆڕی و خۆم حازر کرد. سەعات شەش و نیو بەڕێ کەوتین بۆ خانەقین و شەوێ لەوێ ماینەوە. ڕۆژی دوایی ٢٠٠٨/٨/٢٦ پێکەوە لەگەڵ هەڤاڵ مەحموود سەنگاوی و مەلا بەختیار سەردانی جەبهەکانی خۆمان کرد و ئەو جێگەیانەی کە پێویست بوو، پێشمەرگەمان لێدانا و لە حاڵەتی ئامادەییدا بوون. جەبهەکان پێک هاتبوون لە ١- دارە وشک ٢- پەڵکانە ٣- پردی حەلوان ٤- عەلی ئاوا. ئەم چوار جێگەیەمان قایم کرد و هێزی باشمان لێدانا. لە جێگەکانی تریش هێزمان دانا. سەنگەرەکانمان قایم کرد و هێزی پشتیوانیشمان لە پشتەوە دانا. دوای ئەوەی دڵنیا بووین لەو جێگەیانەی هێزمان لێدانا، گەڕاینەوە بۆ خانەقین. لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار لەگەڵ ڕێکخستنی خانەقین کۆبووینەوە. مەلا بەختیار لەسەر ئەم وەزعەی هاتۆتە پێشەوە، قسەی بۆ کردن.

ڕۆژی ٨/٢٧ هەڤالانی پارتی (فەریق عەلی و مەسعود سالەیی) هاتن بۆ لامان و ئێمەش پێشوازیمان لێکردن. ئەو هێزەی پارتی کە لەوێ بوو، لێپرسراوەکانیان هاتن (ئەنوەری حاجی عوسمان و خالد)، لەوێ وەک یەک گیان پێکەوە ئیشمان بۆ سەرکەوتنی بەرنامەکەمان دەکرد.

ئەوەی ئێمە دەمانویست، ئەوەبوو حکومەتی عێراق چاو بە کارەکانیدا بگێڕێتەوە و ئەم شەڕەمان لێ لادات. مەبەستمان بوو بە ئاشتی کۆتایی بێت، چونکی حکومەتەکەمان بە هی خۆمان دەزانی. جەنابی مام جەلال سەرۆکی کۆمارە و چەندین وەزیر و ئەندام پەرلەمانمان هەیە.

ئەو هێزانەی داوامان کردبوون، ڕۆژی ٨/٢٩ گەیشتن و دابەشمان کردن. دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ ٢٠٠٨/٨/٢٩ ئەمەریکییەکان هاتن. لەگەڵ مەلا بەختیار لەگەڵیان دانیشتین، ڕاستیی کێشەی خانەقین و دەوروبەریمان لەگەڵ باس کردن. ئەوەی لەسەر ئێمە بوو، پێمان ڕاگەیاندن کە بە هیچ شێوەیەک ڕازی نابین سەربازی عێراقی بێتە ناو خانەقینەوە. پێمان ڕاگەیاندن ئێمە چاوەڕوانین حکومەت چاو بخشێنێتەوە بە سیاسەتی خۆیدا بەرامبەر ناوچە کێشەلەسەرەکان، بەتایبەت کە ئێستا لە خانەقین کێشەکان توند بوونەتەوە. پێمان وتن ئێمە ئاشتی و هێمنیمان زۆر لا مەبەستە. بەڵام جارێ چارەنووسی ئەم وەزعە نادیارە. لەبەر ئەوە بڕیارمان داوە ئەوەندەی هێزمان پێویست بێت، داوای بکەین و دابەش بکەین بەسەر ئەو جێگەیانەی کە پێویستە هێزی لێبێت.

ئەم وەزعەی هاتبووە پێشەوە، بێجگە لە ئامادەکردنی هێز، کاری تریشی دەویست. لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار سەردانی برا شیعەکانی خانەقینمان کرد و لەگەڵیان دانیشتین. ڕاستییەکانمان بۆ ڕوون کردنەوە. هەروەها لەگەڵ پارێزەرەکانی خانەقین کۆبووینەوە، دوایی لای نازم وەستا شەریف نانی نیوەڕۆمان خوارد.

لە پەرلەمانی کوردستانەوە، لە پاریزگار و مەلبەندی یەکێتی و لقی پارتییەوە، لە خەڵکی شارەکانی کوردستانەوە پشتیوانی و هاوکاریمان دەکرا. ڕۆژانە خەڵکی بەڕێوە بوون بەدەست و دیاری و پێویستی ڕۆژانەی پێشمەرگەوە. ڕۆژی ۲۰۰۸/۹/۲ وەفدێکی گەورەی وەزارەتی بەرگریی عێراقی هات بۆ لامان کە بابەکر زێباری سوپاسالاری عێراق و کۆمەڵێک ئەفسەری گەورەی عێراقی تێدا بوون، وەک عەلی غیدان. لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار پێشوازیمان لێکردن و ڕاستیی وەزعەکەمان بۆ باس کردن. کەسێکیان وتی دەڵێی عاشورایە، چونکی هەموو سەربانی ماڵەکان ئاڵای کوردستانی لەسەر بوو. وتم بەڵێ عاشورای ئێمەیە، بۆچی لە دنیا تیپی فوتبال ئاڵای هەیە، بۆ کورد بۆ حەرامە ئاڵای خۆی هەبێ؟ بەڵێ عاشورای ئێمەیە، دەنگی نەکرد. ڕۆژی ۲۰۰۸/۹/٤ لەگەڵ فەرماندە سەربازییەکانی لای خۆمان کۆبووینەوە و ئەوەی پێویست بوو، قسەمان لەگەڵ کردن و کارەکانمان دابەش کرد، هەر کەسە بە قەدەر حاڵی خۆی و هێزی خۆی. هەڤاڵ مەلا بەختیار هەر ئەو ڕۆژە تەلەفۆنی بۆ مام جەلال کرد و ئەوەی لە خانەقین هەبوو، لەگەڵی باس کرد. ئەویش دەستخۆشیی لێکردین.

ڕۆژی ۲۰۰۸/۹/٦ ڕۆژێکی ناخۆش بوو. لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە "دارە وشک" مین تەقیبووە و حەوت پێشمەرگەمان شەهید بوو، کە فەرماندەکەیان زولفەقار بوو و خەڵکی هەڵەبجە بوو. ئەم شەهیدەکانی تر ئەم کەسانە بوون: ۱- جوامێر زولفەقار، کوڕی بوو ۲- ملازم هەورامان کەریم عەبدوڵڵا. ۳- نزار حەمە سالح. ٤- چیا محەمەد عەبدوڵڵا ٥- عەلی عەتا عەلی کریم ٦- زانا محەمەد عەلی. هەمان ڕۆژ لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار لەگەڵ هۆزەکانی عەرەبی جەلەولا کۆبووینەوە، هەندێک داخوازییان هەبوو و بۆمان جێبەجێ کردن.

## لەگەڵ وەفدی حکومەتی عێراق

لەگەڵ وەفدی حکومەتی عێراق کۆبووینەوە و بۆمان باس کردن چاوەڕوانی وەڵامی حکومەتی مالکین. بەڵام پێنەدەچوو مالکی ڕازی بێت بەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ وەفدەکەی وەزارەتی بەرگری (بابەکر زێباری و عەلی غیدان و یاوەرەکانیان) کرا، چونکی لە قسەکردندا بۆنی دەمیان باش نەبوو. دواتریش هیچ جوڵەیەکیان نەکردبوو بە هێزەکانیان بیانگەڕێننەوە بۆ جێگەی خۆیان. بڕیار بوو فەرماندەی هێزەکانی سەرووی عێراقی ئەمەریکیەکان بێت بۆ لامان، لەبەر ئاووهەوای خراپ بۆی نەکرا، خۆڵبارین و ڕەشەبایەکی زۆر بوو. دوای خست بۆ داهاتوو.

شەوەکەی لەگەڵ ئاواتی حەمە ڕەش سەردانی سەنگەرەکانم کرد لەلای دێی "پەڵکانە". ڕۆژی ٢٠٠٨/٩/٩ نوێنەری مەسیحیەکانی "هەرمۆتە"ی کۆیە هاتن بۆ لامان لەگەڵ وەفدێکی یاوەریان بۆ پشتیوانیی مەسیحیەکان بۆ خەڵکی کوردستان. وتیان دەچینەوە و لەگەڵ "ڤاتیکان" تەماس دەگرین، ئێمەش زۆر ڕێزمان لێگرتن و سوپاسمان کردن. هەر ئەو ڕۆژە هەڤاڵان مستەفای سەید قادر و مەحموود سەنگاوی لە سلێمانییەوە هاتن بۆ لامان، هەڤاڵ مەحمود خۆشی هەمیشە لەگەڵمان بوو. وەزعی جەبهەکانیش ئارام بوو.

ئەو فەرماندە ئەمەریکییەی کە ڕۆژی پێشتر لەبەر تێکچوونی هەوا بۆی نەکرا بێت بۆ لامان، هەمان ڕۆژ هات. ناوی جەنەراڵ "هایدلینک" بوو. لە بینای قائیمقامیەتی خانەقین لەگەڵی دانیشتین و وەزعەکەمان بۆ باس کرد. مەلا بەختیار هەمووی بۆ ڕوون کردنەوە. ئەویش وتی ڕێزی زرووفی ئێوە دەگرین.

ڕۆژی ٢٠٠٨/٩/١٠ ئاگاداریان کردین چەند سەربازێکی عێراقی هاتونەتە پێشەوە. منیش چووم ئاگادارم کردن کە هەر ئێستا دەبێ بچنەوە بۆ جێگەی خۆیان. سواری سەیارەکانیانم کردن و تاکو جێگەی پێشووی خۆیان ملی ڕێگەیان گرت و ڕۆیشتن. بۆ شەوەکەی

ئەفسەرێکی سوپای عێراقی لەگەڵ دوو ئۆتومبێل سەرباز لە ڕێگەی خانەقینەوە دەچوونەوە بۆ موسڵ. ڕێگەمان دان و کارئاسانیمان بۆ کردن لە ڕێگەی سلێمانییەوە بڕۆنەوە بۆ موسڵ، بێگومان لەبەر تیرۆر و ترس لە شوێنی تر ئەو ڕێگەیەیان هەڵبژاردبوو.

نوێنەری حیزبەکانی کوردستان هاتن بۆ لامان و سەردانیان کردین، پشتیوانیی خۆیان بۆ هێزی پێشمەرگە نیشان دا. ئەم وەزعەش تاکو ڕۆژی ٢٠٠٨/٩/٤ هەروەک خۆیەتی. جوولانی سەربازی عێراقی لە دەوری بازگەکانی نەقشبەندی دەستی پێکردبوو. داوایان لە پۆلیسی ئەوێ کردبوو چۆڵی بکەن. ئێمەش هەر لە تەماسدا بووین لەگەڵ هێزەکانی خۆمان. هەوڵیشمان دەدا تا دەکرێت شەڕ نەبێ. وتمان با تەقە لای ئێمەوە نەبێ، ئەگەر ئەوانیش دەستپێشخەر بوون، وەڵامی چاکیان دەدەینەوە. دکتۆر بەرهەم ساڵح لە بەغداوە تەلەفۆنی بۆ هەڤاڵ مەلا بەختیار کرد و وتی وەزیری بەرگری وتویەتی ئێمە هیچ بەرنامەمان نییە بچین بۆ بازگەی نەقشبەندی. پاش ئەوە وەزعەکە تۆزێک هێور بووەوە، بەڵام جێگەی بڕوا نەبوون. دەبوو ئێمە وریا بین. شەو دکتۆر خەسرەو گوڵ محەمەد بە تەلەفۆن وتی ئیحتیاتی خۆتان بکەن، نیازیان هەیە پەلاماری ئەو سنوورە بدەن تاکو ٩/٢٠، ئامادەگیی باش بکەن، ئەوان نیازیان باش نییە. ئەوەی لەسەر ئێمە بوو، هەموو هێزەکانی خۆمان ئاگادار کردەوە وریاتر بن لە جاران.

ڕۆژی ٢٠٠٨/٩/٥ سەعات ٨:٣٠ لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار چووین بۆ کفری، لەوێش هەڤاڵ "مەردان چاوشین" لێپرسراوی مەڵبەند پێکەوە چووین بۆ جەبارە. زیاتر لە "٣٠٠" کەس لە کورد و عەرەب و تورکمان کۆبووینەوە.

ڕۆژی ٩/٥ سەعات سێ و نیو "عبدالمنعم" ئامرلیوای سەربازیی سوپای عێراق کە لە جەلەولا بوو لەگەڵ فەرماندەیەکی ئەمەریکی کە ناوی "کۆفی" بوو، هاتن بۆ لامان بۆ خانەقین. لەسەر وەزعی جەلەولا

قسەمان کرد، ئاگادارمان کردن بە هیچ شێوەیەک ڕێگەیان نادەین هەنگاوێک بێنە پێشەوە. ڕۆژی ٢٠٠٨/٩/٨ سەردانێکی سەنگەرەکانی 'حەلوانم' کرد لای پردەکە. هەندێک ئامۆژگاریم کردن بۆ بەهێزکردنی سەنگەرەکانیان. هەمان ڕۆژ وەزیری بەرگریی عێراق 'عەبدولقادر عبیدی' هات بۆ لای قائیمقامی خانەقین لە مندریە. لەگەڵی دانیشتبوو و وتبووی ئێمە نایەینە خانەقین. ئەو ئێمەی نەبینی، بەڵام ئێمە وردەکاریی هاتنەکەیمان زانی.

ڕۆژی دوایی لەگەڵ لیوا ئیسماعیل سەرحان چووم بۆ سەردانی جەبهەکانی پەڵکانە، لەگەڵ پێشمەرگەکان دانیشتم کە لیوای ٢٤ی لێبوو. زیاد خۆرانی ئامرلیوایان بوو. دوایی ئەوە ڕۆیشتین بۆ سەنگەرەکانی باخچە. پشتیوانیی خەڵکی و هەڤالان تەواو نابێ. زۆر دڵسۆز بوون بۆ هێزی پێشمەرگە.

ڕۆژی ٩/٩ جەمال حەکیم ئاغا و سەلاحەدین موهتەدی و جەلال سام ئاغا و عەمید هادی سوور و مامۆستا موحسین عەلی ئەکبەر و یوسف زوزانی هاتن بۆ لامان، تا ماوەیەکی درەنگ لامان بوون بۆ هاودەنگی و پشتیوانی.

ڕۆژی ٢٠٠٨/٩/٢٠ ڕۆژی لەدایکبوونی دایانی کوڕم بوو. هەر بە تەلەفۆن پیرۆزبایم لە خۆی و باقیاتی ماڵەوەمان کرد.

بڕیار بوو کۆبوونەوەیەک ڕێک بخرێ لە نێوان ئێمە و نوێنەری وەزارەتی بەرگری عێراق. ئەمەریکییەکان کۆبوونەوەکەیان ڕێک خستبوو. سەرۆکی هەرێم بەڕێز مەسعود بارزانی منیان کردبوو بە سەرۆکی هەیئەتەکەی خۆمان. بڕیار بوو کۆبوونەوەکە لە بارەگای فڕۆکەخانەی کەرکووک بێ، کە ئەمەریکییەکان لەوێ بوون. ڕۆژی ٢٠٠٨/٩/٢٩ سەعات پێنج و نیو لەگەڵ لیوا ئیسماعیل سەرحان چووین بۆ هەولێر و لەگەڵ عەمید جەمال کە لە دهۆکەوە هاتبوو، یەکمان گرتەوە. سواری هالیکۆپتەریان کردین و چووین بۆ کەرکووک، لە

بارەگای سوپای ئەمەریکا دابەزیین، کۆبوونەوەی هاوبەش دەستی پێکرد.

وەفدی کوردی پێک هاتبوو لە (مستەفا چاوڕەش، لیوا ئیسماعیل سەرحان، عەمید جەمال). وەفدی سوپای عێراقیش پێک هاتبوون لە عەلی غیدان فەرماندەی هێزەکانی وشکانی و فەریق عەبدولکەریم عبیدی فەرماندەیی هێزەکانی دیالە، فەرماندەی فیرقەی موسڵ. لەلایەن ئەمەریکیەکانەوە چەند ئەفسەرێکی پلە بەرزی سوپا هاتبوون، لێپرسراوەکەیان "هایتلک" بوو، هەموو باسەکە لەسەر خانەقین بوو. دیار بوو عێراقییەکان واهاتبوون ڕازیمان بکەن ئێمە ئەوێ بەجێ بهێڵین، ئێمەش ئەوەی بیرمان لێنەدەکردەوە، چۆڵکردنی خانەقین بوو. لەگەڵ ئەوەی ئەمەریکییەکان ئێمەیان بە حەق دەزانی، بەلام دڵی ئەوانیشیان لا مەبەست بوو. هەردوولا لەسەر هەڵوێستی خۆمان ماینەوە، وتم خانەقین وڵاتی کوردستانە، ئێمە نەچووینەتە سەر خاکی کەس. ئێوە کێشەتان چییە و بۆ داوای چۆڵکردنی دەکەن؟ ئێمەین دژی تیرۆرین. خۆ لای ئێمە پارێزراوە، ئەو جێگەیانەی ئێوەی لێن، هەمیشە تەقینەوە و وێرانییە. بە هەرحاڵ، پاش دوو سەعات کۆبوونەوە چۆن هاتین، هەرواش گەڕاینەوە. بچوکترین نەرمیمان نەنواند بۆ کشانەوە لە خانەقین. لای ئەمەریکییەکان نان حازر کرابوو. لە دانیشتنی موجامەلاتدا هەر ئەو باسانە بوو، من وتم باشە پرسیارێکتان لێدەکەم: ئێوە سنووری کوردستان بە کوێ دەزانن؟ قسەیان نەکرد، وتیان تۆ بیڵێ. وتم من بیڵێم؟ وتیان بەڵێ. وتم من هەر لە منداڵییەوە کە زمانم پشکوتووە و چاوم کردۆتەوە، شاخی حەمرینم بە سنووری کوردستان زانیووە. هەر ئەوەنەبوو هەڵسنە سەر پێ، زۆر لایان قورس بوو. عەقڵیان قبوڵی ئەوەی نەدەکرد. وتم وایە و هەرواش دەمێنێتەوە. بۆ مێژوو عەمید جەمال و لیوا ئیسماعیل سەرحان شاهیدن. پاش نانخواردن سواری هالیکۆپتەریان کردین و هێنایینیانەوە بۆ هەولێر.

لەوێش چاومان کەوت بە فەریق شیروان عەبدولڕەحمان. ئەوەی بۆی چووبووین باسمان کرد و بۆمان گێڕایەوە بۆ ئەوەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی لێ ئاگادار بکاتەوە.

هەر ئەو ڕۆژەش کە لە هەولێر بووین، مام جەلال لە سەفەری دەرەوە گەڕایەوە. کاک مەسعود بارزانی و تارق هاشمی لە فڕۆکەخانە پێشوازییان لێکرد. منیش چووم و بەشدار بووم. دوای ئەوە گەڕامەوە بۆ سلێمانی و پاشان چوومەوە بۆ خانەقین. پاش گەڕانەوەی مام جەلال وردەوردە بەغدا هێور بۆوە. ئێمەش گەڕاینەوە بۆ جێگەی خۆمان. بەلام هێزی باشمان لە خانەقین بەجێ هێشت و تاکو ئێستاش هەر بەردەوامین لەسەری. ئەم کێشەیە هەر ماوە و دەمێنێ. هەر حاکمێکی تریش بێتە سەر حوکم لە عێراق، تاکو خەڵکی کوردستان بە حەقی خۆی نەگات، واز ناهێنێت لە داوا ڕەواکەی. هەرچی حاکمی پێشوو و ئێستاش هەیە، چاویان هەڵنایەت داوای ڕەوای خەڵکی کورد جێبەجێ بکەن. هێشتا لەوە حاڵی نەبوون هەتا حەقی کورد جێبەجێ نەکرێ، هیچ کەسێک لە عێراق بە ئارامی ناژی و هیچ حاکمێک تەختەکەی ناپارێزێ و سەرکەوتوو نابێ. لە دوای شۆڕشی چواردەی گەلاوێژەوە زۆرمان بینی. لە پاش ڕووخانی حوکمی مەلیک فەیسەڵ ئارامی لە عێراقدا نەبووە، چونکی داوای خەڵکی کوردستانیان جێبەجێ نەکردووە، کوردیش شتێکی زیاتری لە حەقی خۆی داوا نەکردووە.

ڕۆژی شەممە ٢٠٠٨/١١/٨ نزاری سکرتێری هەڤاڵ مام جەلال لە بەغداوە تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی مام جەلال داوای کردووە لەگەڵ مستەفای سەید قادر و هاشم مام عەلی ڕۆژی پێنجشەممە لە بەغدا سەردانی بکەن، وتم زۆر باشە. لەگەڵ هەڤالان خۆمان حازر کرد بۆ سەفەر، بەلام ڕۆژی دووشەممە ١١/١٠ جارێکی هەڤاڵ نزار تەلەفونی کردەوە و وتی مەوعیدەکەی ڕۆژی پێنج شەممە بخەنە ڕۆژی شەممە، لەبەر ئەوەی مام جەلال کاری بۆ هاتۆتە پێشەوە، وتمان زۆر باشە.

ڕۆژی شەممە لە سلێمانییەوە چووین بۆ بەغدا، من و مستەفای سەید قادر و هاشم مام عەلی و مەحموود سەنگاوی، ئێوارەکەی هەریەکەمان بە جیا چاومان کەوت بە مام جەلال و خاڵە گرنگەکانی داینێ بۆ ئەوەی سبەینێ باسوخواسی لەسەر بکەین. ڕۆژی دوایی پاش نانخواردن کۆبوونەوەی لەگەڵ کردین. کۆمەڵێک قسە کران بۆ چاککردنی وەزعی پێشمەرگە و پێویستیی فەرماندەیی و ئامۆژگاریی کردین. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا "١٠٠" دۆلار بۆ پێشمەرگە زیاد بکرێ. شەویش هەر لە بەغدا لە میوانخانەکەی مام جەلال بووین. شەوی ١١/١٧ گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، لە گەڕانەوەشدا هەڤاڵ حامدی حاجی خالدمان لەگەڵ بوو. هەندێک ڕاسپاردەی پێوتبووین دەربارەی هەندێک لە بارەگاکانمان لە سەرای سوبحان ئاغا، کە ئاڵوگۆڕ بە جێگەکەی بکرێ. لە گەڕانەوەماندا جێبەجێمان کرد. چونکی باشترین پێویستیەکانی هێزی پێشمەرگە و سەرۆکایەتیی ئەرکانمان لەوێ بوو، حسابی تایبەتمان بۆ کرد و گواستمانەوە، ناحەزان چاویان تێبڕیبوو زیانی پێبگەیەنن.

### خەستەخانەی پێشمەرگە

دکتۆر "ڕێکەوت حەمە ڕەشید" بوو بە سەرۆکی خەستەخانەی شۆڕش. من لەگەڵی چووم بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە و لەوێش لەگەڵ کارمەندانی خەستەخانە بە دکتۆر و کەسانی تریشەوە بەشدارییان کرد. لەسەر گرنگیی نەخۆشخانەی شۆڕش و خزمەتکردنی. قسەم بۆ کردن.

ڕۆژی ٢٠٠٨/١١/٢٥ ئەمەریکیەکان هاتن بۆ لامان، دیڤید و سیار فەرماندەی جێبەجێکردنی ئاوەدانکردنەوە لە هەرێمی کوردستان. لەگەڵ هەڤاڵ مستەفای سەید قادر لەگەڵیان دانیشتین. لەسەر ئەو مەسەلانەی پەیوەندیی بە ئێمەوە هەبوو قسەمان کرد.

## وەفاتی عەلەڕەش

ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢٤ خۆم و مەحموود سەنگاوی و عارف ڕوشدی چووین بۆ دەربەندیخان بۆ بەشداری لە مەراسیمی ناشتنی "عەلەڕەش"دا کە بە نەخۆشی وەفاتی کردبوو. مام عەلەڕەش یەکێک بوو لە هاوڕێ کۆنەکانی شەستەکان. لە حیزبی شیوعیدا پێکەوە بووین لە دەرەوە. پیاوێکی نەبەز و سەرچڵ بوو. بە تەمەن لە من گەورەتر بوو، ئەو لە ساڵەکانی پەنجاکاندا بەشداریی جوڵانەوەی جوتیارانی کردبوو لە سنووری هۆرین و شێخان. ئەو کاتە حیزبی شیوعیی عێراقی سەرپەرشتیی دەکرد. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا پیاوێکی نەترس بوو، خەڵکی دێی "کوێرەک" بوو، هەر لەوێش بەخاکمان سپارد. زۆر لە برایانی تر هاتبوون، عومەر سەید عەلی و مەلا بەختیار بە ناوی یەکێتییەوە قسەیان لەسەری کرد و حەقی خۆیان دایە. عەلەڕەش هەر لە دروستبوونی کۆمەڵە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بەردەوام بوو. لە قەرەداغ کە من فەرماندەی هەرێمی ٥ بووم، ئەو لە کەرتی بەمۆ بوو، بەشداریی دەیان چالاکیی کردووە. کوڕێکی بە ناوی ئازاد شەهید بوو. ئەمیش لە ڕیزەکانی "حەمە فەرەج فەتاح"دا بوو، کە لە بناری بەمۆ دوو کەسی دیاری جوڵانەوەی جوتیاران بوون. حەمە فەرەج خەڵکی دێی بانی بی بوو لە بناری بەمۆ، دوو کوڕی قارەمانی لە شۆڕشدا شەهید بوون. لە هەردوو ڕۆژەکەدا چووم بۆ دەربەندیخان بۆ مەراسیمی پرسەکەی. لە ساڵی "١٩٦٨" لەگەڵ شەهید ئەکرەمی حەپسەی پوورزام ماوەی مانگێک زیاتر لە ماڵی عەلەڕەش بووین. بە هۆی چالاکیمانەوە لەناو حیزبی شیوعی عێراقی قیادەی مەرکەزی لە دەستی دەسەڵات ڕامان کردبوو.

## لیژنەی جیاکردنەوەی حیزب و حکومەت

لەسەر ڕۆشنایی و بڕیاری مام جەلال لەناو یەکێتیدا چەند لیژنەیەکیان بۆ جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت دروست کرد. ئەمەش زۆر قسەی لەسەر کرا و زۆری ویست بۆ ئەوەی هەر کەسێک کاری خۆی جێبەجێ بکات. ئەو لیژنەیەی من لێی بەرپرسیاری بووم، لە پۆلیس و ئاسایش پێک هاتبوو و ئەندامەکانی بریتیبوون لە خوالێخۆشبوو موحسین بایز، ڕەهبەری سەید ئیبراهیم، عوسمان بانی مارانی، لیوا ئەحمەد موسا. ماوەی دوو سەعات لە بینای پۆلیسی هاتوچۆ کۆبووینەوە و لەسەر مەسەلەی جیاکردنەوە و پاکسازی و چاکسازی قسەمان کرد. پرسیار زۆر کرا و وەلاممان دایەوە. ڕۆژی ٢٠٠٩/١/٣ سەعات دە لە لەگەڵ بەشی ئاسایش و بەشی پاسپۆرت و مانەوە بۆ هەمان مەبەست کۆبووینەوە. دواتریش لەگەڵ بەرگری و فریاکەوتن و پۆلیسی کارەبا کۆبووینەوە. ئەوەندەی پەیوەندیی بە لیژنەکەی ئێمەوە هەبوو وەک پۆلیس و ئاسایش، کاری خۆمان جێبەجێ کرد و دواڕاپۆرتمان لەسەر چاکسازی و جیاکردنەوەی حیزب و حکومەت تەسلیم بە مەکتەبی سیاسی کرد.

ڕۆژی ٢٠٠٩/١/٢٦ هەیئەتێکی وەزارەتی پێشمەرگە کە پێک هاتبوون لە برایانی پارتی (زەعیم عەلی، عەبدولڕەحمان بێشوکی، محەمەد قازی، ئازاد خۆشناو، عومەر عوسمان) هاتن و لەسەر یەکگرتنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە و وەزعی کەرکووک کۆمەڵێک ڕاو بۆچوونمان باس کرد. لە بیروڕاکانماندا زۆر لە یەکەوە نزیک بووین. بارودۆخی ئەو کاتەی کوردستانیش ئەوەی دەویست. لەم کۆبوونەوەیەدا دکتۆر ڕێکەوت حەمەڕەشید، کە لێپرسراوی خەستەخانەی شۆڕش بوو، بەشدار بوو لەگەڵمان.

**وازهێنانی هەندێک لە هەڤاڵانی م.س**

دیارە یەکێتی لەگەڵ ئەو هەموو قۆناغەی پێیدا تێپەڕیووە و مێژوویەکی زیاتر لە ٣٠ ساڵی هەیە، بێکێشە نەبووە. لە هەندێ قۆناغدا کێشەکان چارەسەر کراون، هەندێک جاریش کێشەکان لەسەر یەک کەڵەکە بوون و ماونەتەوە.

ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/١٣ هەڤالان (عوسمان حاجی مەحموود و مستەفای سەید قادر و عومەری سەید عەلی و جەلال جەوهەر) وازیان لە یەکێتی هێنا. ئەمەش هەتا بڵێیت کاریگەر و ناخۆش بوو. ئێمە نیوەی تەمەنمان لە ڕۆژگارە ناخۆشەکاندا پێکەوە بووین. خۆ لە خۆوە وازیان نەهێناوە. منیش ڕۆژانە کە لە مەڵبەند دەبووم، دەیان و سەدان کادێر تەلەفۆنیان بۆ دەکردم و لەسەر وازهێنانی ئەو هەڤالانە پرسیاریان لێدەکردم. منیش بە هێمنی وەلامم دەدانەوە. ئەمەش جاری پێشەکییەکەیەتی، با بزانین بەرەو کوێ دەڕوات. خۆشمان هەندێک لە هەڤالانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی قسەمان لەسەر ئەوە و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک کردبوو. باس هەر باسی وازهێنانی ئەو هەڤالانە بوو.

ڕۆژی دوایی چووم بۆ ماڵی کاک کۆسرەت، دەیان کادێر و ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی لەوێ بوون. لەناویشیاندا هەڤالان (عەدنان موفتی و عیماد ئەحمەد و جەلال جەوهەر و مستەفای سەید قادر و عوسمان حاجی مەحموود). هەموو نیگەران بووین لەسەر ئەم وەزعەی هاتبووە پێشەوە. بڕیار بوو ئێوارە هەڤال عوسمانی حاجی مەحموود بچێت بۆ لای مام جەلال بۆ بەغدا. ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/١٥ چووم بۆ مەڵبەند. وەک ڕۆژانی تر نەبوو، هەڤال مستەفای سەید قادر نەهاتبوو بۆ دەوام. یەکێک بوو لەو چوار هەڤاڵەی وازیان هێنابوو. منیش کۆبوونەوەیەکی کارگێڕی مەڵبەندم بەڕێوە برد و لەسەر ئەم وەزعەی ناو یەکێتی قسەم کرد. وتم سەرکەوتن و گرنگیی ئەم وەزعە ئەوەیە هەموومان هەوڵ بدەین چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە، یەکێتی

لاواز نەبێ و قسەی باش بکەین. ئەمەی ڕووی داوە، لە سەروو ئیرادەی ئێمەوە بووە و پرسیشمان پێنەکراوە. شەو بە تەلەفۆن لەگەڵ مام جەلال و دکتۆر بەرهەم و کاک کۆسرەت قسەم کرد. بەڕاستی وەزعێکی زۆر قورس بوو. کەسوکاری شەهیدان وتیان کوڕی خۆمان بۆ ئەوە بە کوشت نەدا تا وەزعی یەکێتی ئاوای لێبێت. وتیان لێتان قبوڵ ناکەین و دژتان خۆپیشاندان دەکەین. نەشماندەزانی ئەم دۆخە بە کوێ دەگات.

ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/١٦ هەڤاڵ کۆسرەت و هەڤاڵ بەرهەم و مستەفای سەید قادر چوون بۆ بەغدا بۆ لای مام جەلال بۆ ئەوەی لە نزیکەوە قسەی لەگەڵ بکەن لەسەر وازهێنانی ئەو هەڤاڵانە، بەو هیوایەی ئەنجامێکی باشی هەبێت. منیش بە قەدەر حاڵی خۆم نیگەران بووم. ئەو کۆبوونەوانەی لە مەڵبەندی پێشمەرگە بەڕێوەم دەبرد، هەر قسەی باشم دەکرد، ڕێگەم نەدەدا کەس قسەی خراپ بکات و لەو دۆخەی هاتبووە پێشەوە، سوود وەرگرێ. پاش گەڕانەوەی کاک کۆسرەت دیار بوو لەسەر زۆر مەسەلە ڕێک کەوتبوون.

بڕیار بوو ڕۆژی ٢/١٩ دکتۆر بەرهەم و دکتۆر فوئاد مەعسوم لە بەغداوە بە نامەیەکی مام جەلالەوە بێنەوە بۆ لای کاک نەوشیروان. لەگەڵ ئەوەشدا دیار نەبوو ئەنجامەکە بە کوێ دەگات. وەزعی ناو یەکێتی پاش ئەو وازهێنانە گەورەیە مایەی دڵخۆشی نەبوو. خەم باڵی بەسەر هەمووواندا کێشابوو. ڕۆژانی دواتر مام جەلال بە سەفەرێک ڕۆیشت بۆ کۆریا. چاوەڕێ بووین بگەڕێتەوە و دۆخەکە بکەوێت بە لایەکدا.

## بڕیاردان لەسەر بەستنی کۆنگرەی سێ

ڕۆژی ٢٠٠٩/٤/٢١ لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بڕیار درا کۆنگرەی سێیەم لە مانگی شەشی ساڵی داهاتوودا ببەسترێ، واتە ٢٠١٠/٦/١ کە ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکێتییە. بۆ ئەم مەبەستەش لە مەڵبەند کۆبوونەوەمان کرد و بە هەنگاوێکی باشمان زانی. دەبوو خۆمان حازر بکەین و ئەوەی دەکەوێتە سەرشانمان، جێبەجێی بکەین.

کاک ئاوات لە سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی سبەینێ سەعات دوانزەونیو لە دوکان لای مام جەلال بن، دیاریتان دەداتێ، کە تایبەتە بە پێشمەرگە کۆنەکان. ڕۆژی دوایی نزیکەی بیست کەس بووین لە لێپرسراوی پێشمەرگە دێرینەکان و ڕۆیشتین بۆ لای مام جەلال لە دوکان. پاش ئەوەی مام جەلال باسی ڕۆڵی هەریەکەمانی کرد، یەکی "دەمانچە"یەکی داینێ وەک ڕێزلێنان لە ماندووبوونمان.

## کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٥ بە سەرپەرشتیی هەڤاڵ مام جەلال و جێگرەکان کۆبوونەوە کرا و پێداگیری لەسەر دوو خاڵ کرا: یەکێکیان مەسەلەی عێراق بوو و قسەی زۆر لەسەر کرا، دووەم لەسەر ئەو هەڤاڵانەی چووبوونە ناو گۆڕانەوە. لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی پاش گفتوگۆ بڕیار درا داوایان لێبکرێ بگەڕێنەوە ناو یەکێتی. ئەگەر نەگەڕانەوە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ هەڵیانپەسێرن "تجمید"، دواتریش کۆنگرە بڕیار لە چارەنووسیان بدات.

لە ئەوروپا هەندێک لە هەڤاڵەکان بە ناوی (ڕەگ)ەوە بەیاننامەیەکیان دەرکرد و پشتیوانیی خۆیان بۆ برادەرانی گۆڕان دەربڕی. ئەوانەی کە لە کۆمیتە و یەکێتی وازدەهێنن، تەلەفزیۆنی KNN بۆیان بلاو دەکاتەوە

که لەسەر بیروباوەڕی جیاواز ڕیزەکانی یەکێتییان بەجێ هێشتووە و وازیان هێناوە. ئەم وەزعەش ڕۆژانە بەردەوام بوو. هەندێک کەس لە مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە لەگەڵیان ڕۆیشتن. ئێمەش لای خۆمانەوە زۆر بە هەستیاری لەگەڵ ئەم وەزعە جوڵاینەوە، بەتایبەت من خۆم.

ڕۆژی ٥/٣٠ سەردانی کاک کۆسرەتم کرد، داوای لێکردم بچم بۆ پشدەر و بتوێن. وتی لەوێ هەڤاڵان بە قسەت دەکەن. وتم ئەمرێکم بۆ دەربکەن، خۆ لە خۆمەوە ناچم. ئەوەبوو مەکتەبی سیاسی بڕیارێکی بۆ دەرکردم.

## وەفاتی هەڤاڵ موحسین بایز

ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/١١ قائمقامی ڕانیە عەلی حەمەد بەگ بە تەلەفۆن ئاگاداری کردم کە موحسین بایز بە هەڵە فیشەکی تاپڕی لە دەست دەرچووە بووە بە هۆی شەهیدبوونی خۆی. بەڕاستی هەواڵێکی ناخۆش بوو. هێنایانە سلێمانی بۆ پزیشکی دادوەری. دوایی لەگەڵ تەرمەکەی چووم بۆ ڕانیە. ڕۆژی دوایش هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی هاتن بۆ بەشداری لە بەخاکسپاردنی. من پێشەکی قسەم لەسەر خەبات و تێکۆشانی کرد. دواتر هەڤاڵ بەرهەم ساڵح و پاش ئەویش هەڤاڵانی تر قسەیان کرد. موحسین بایز تێکۆشەرێکی ماندوونەناسی یەکێتی نیشتمانی بوو، پیاوێکی مەرد و ئازا بوو، خەڵکی خۆشیان دەویست، لە خزمانی میرزا ڕۆستەمی بوو.

**دانانی دکتۆر فوئاد مەعسوم و خۆم**

لەسەر بڕیاری هەڤاڵ مام جەلال و مەکتەبی سیاسی من و دکتۆر فوئاد مەعسومیان دانا بۆ سەرپەرشتیی هەڵبژاردن لە سنووری پشدەرو بتوین و کۆیە. منیش سەردانی دکتۆر فوئادم کرد لە ماڵەوە و بڕیارمان دا ڕۆژی سێشەممە بچین بۆ ڕانیە.

چووینە ڕانیە و لەوێ ئوتێل بتوێنمان گرت بۆ ئەو ماوەیەی کە لەوێین بۆ سەرپەرشتیی هەڵبژاردن و بارەگامان دانا. ئیتر کەوتینە خۆمان بۆ چاوپێکەوتنی خەڵکی و کەسایەتییەکان و کۆمیتەی حیزبییەکان، ناوبەناویش سەردانی قەڵادزە و جێگاکانی ترمان دەکرد. ئەوەندەی توانیمان و عەقڵمان بڕیی، لە سەردان و قسەکردن و چاوپێکەوتنی خەڵکی دریغیمان نەکرد بۆ سەرکەوتنی لیستی کوردستانی، لام وابێ کەسمان بێبەش نەکرد لە بینین. دیارە هەڤالانی مەڵبەندی ڕاپەڕینیش هاوکارمان بوون لە هەموو کارەکاندا. ئێوارانیش بە هیلاکی دەهاتینەوە ئوتێل بتوێن. هاتنی خەڵکی بەردەوام بوو، ئێمەش ماندوو بووبووین. ئەو ماوەیەی لەوێ بووین، نەمانهێشت هیچ کێشەیەک ڕووبدات و غەدر لە کەس بکرێ. تەنها یەک کێشەی بچوک ڕووی دا. کێشەکەش ئەوەبوو سەیارەیان لە کەسێکی گوڕان سەند. بەڵام ئێمە قبوڵمان نەکرد و بۆمان گێڕانەوە. کەسەکان خزمی یەکتر بوون. تاکو ڕۆژی هەڵبژاردن ئەمە کاروپیشەمان بوو. دیارە لە چوارقوڕنە و حاجیاوا و شوێنەکانی تریش لەگەڵ فەرماندە و سەربازەکانی سنوورەکە کۆبووینەوە. لە کەناڵی تەلەفزیۆنیشەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردین. بڕیار بوو ڕۆژی سێشەممە مام جەلال بێت بۆ ڕانیە و ماوەیەک لامان بێت و ئەویش چاودێریی هەڵبژاردنەکە بکات.

ڕۆژانە هەر سەرگەرمی هەڵبژاردن و چاوپێکەوتن بووین لەگەڵ عەشیرەتەکان و حیزبەکان کەسایەتییەکانی سنوورەکە. لەبەر ئەوەی لیستی کوردستانی پێکەوە بووین. لەگەڵ برایانی پارتی لە لقی ١١ کۆبوونەوەی هاوبەشمان کرد، کە هەڵۆی ئەحمەد کوردە لێپرسراوی بوو.

سەعات یانزەی ڕۆژی ٧/٧ مام جەلال گەیشتە ڕانیە و لەگەڵ دائیرەکانی سنوورەکە کۆبوونەوەی ئەنجام دا و سەرپەرشتیی کۆبوونەوەی هاوبەشی یەکێتی و پارتیی کرد. لە شاری قەڵادزە و ڕانیەش کۆبوونەوەی کرد و من و دکتۆر فوئاد مەعسوم لەگەڵیدا بووین. لەبەر شارەزایی و ناسیاویم لەگەڵ خەڵکی سنوورەکە سەردانی چەند ماڵە شەهیدێکم کرد، کە لە ڕۆژگارە ناخۆشەکاندا پێکەوە بووین. ڕۆژی ٢٠١٠/٧/٢٠ کۆبوونەوەی فەرماندەیی بوو بە سەرپەرشتیی هەڤاڵ مام جەلال و بە ئامادەبوونی خۆم و شێخ جەعفەر و مەحموود سەنگاوی و کەمال شاکر. لەگەڵ هەموو هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانی لەسەر گرنگیی ئەم کۆبوونەوەیە و هەڵبژاردن قسەی بۆ کردن. لە هەندێک لە کۆبوونەوەکان لەگەڵ هەڤاڵ نەهرۆی سەعید سوفی پێکەوە بووین وەک لیژنەی هەڵبژاردن.

هەڵبژاردن ڕۆژی ٧/٢٥ دەستی پێکرد و تەواو بوو. چەند ڕۆژێ دوای هەڵبژاردن دەنگەکان جیا کرانەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە بوو: لیستی کوردستانی لە سەدا ٥٧%، گۆڕان ٢٣%، چاکسازی ١٢%. کاک مەسعود بارزانی ڕێژەی لە ٦٩%ی دەنگی هێنا بۆ سەرۆکی هەرێم. ململانێیەکی گەورە هەبوو لە نێوان لیستی کوردستانی و گۆڕان. غەدرێکی زۆر لە مێژووی یەکێتی کرا. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لیستی کوردستانی سەرکەوتنی بەدەست هێنا. لە سلێمانی گۆڕان دەنگی باشیان هێنا، وەزعی یەکێتی باش نەبوو، لە جێگاکانی تریش باش نەبوو ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ خەباتی یەکێتیدا.

ئێوارەی چوار شەممە ٨/٥ مام جەلال تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی سەعات هەشتونیو وەرە بۆ لام بۆ ماڵەوە. کە ڕۆیشتم، بڕیاری دا بە تەنها بچم بۆ سەرپەرشتیی هەردوو مەڵبەندی قەڵادزە و ڕانیە. لەڕاستیدا هەڵبژاردنەکە تووشی شۆکی کردبووین.

**لە قەڵادزە و ڕانیە**

لە ڕانیە سوکەبارەگایەکم دانا و دەستم کرد بە جێبەجێکردنی ئەو کارانەی پێیان سپاردبووم. هەموو دۆست و هاوڕێ و ئەوانەی ئەمناسین، بەسەرم کردنەوە. سەردانی هەندێک لە بنەماڵە گەورە و بەهێزەکانیشم کرد. کەوتمە ئەوەی چی بکەین بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنین و دۆخەکە وەک ڕابوردوو نەبێت. لام وابێ کەسێک نەما بزانم دەوری کاریگەری دەبێ و چاوم پێی نەکەوتبێ. لەگەڵ ئەوانەشدا دەچوومە پرسەی کۆچکردووەکان و بەشدار دەبووم لەگەڵیان، ئەوەم بە ئەرکی خۆم دەزانی. جارجارەش دەگەڕامەوە بۆ مەڵبەندی پێشمەرگە و چاوم لە کارەکانی ئەویش دەبوو. وام بە خەیاڵدا هات بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەم بە باشی هەندێک ئاڵوگۆڕ بە کۆمیتەکان و هەندێک دەزگای حکوومەت بکەم. بە حوکمی ئەوەی هەموو دەسەلاتێکیان پێدابووم، نەمدەویست غەدر لە کەس بکرێت. لە سەرەوە تەداخولات دەکرا، منیش ڕاپۆرتێکم ئامادە کردبوو بۆ حکوومەت و حیزب.

لە مەڵبەندی ٨ وەک هەنگاوی یەکەم ٦ لێپرسراوی کۆمیتەم گۆڕی. خۆم بۆ دانانیان لەگەڵیان چووم. کارگێڕەکانی مەڵبەندم بەسەر کۆمیتەکاندا دابەش کرد بۆ ئەوەی زیاتر بجوڵێن و سەرپەرشتییان بکەن. جێبەجێکردنی ئەو بەرنامە تازەیەی دەستم پێکردبوو، بێکێشە نەبوو. من خۆم بۆ هیچ مەبەستێک و دژی کەس ئەمەم نەکرد. لە هەڵبژاردنی ڕابوردوو بە هەموومانەوە زەرەرمان کرد و دۆڕاندمان. بە سەروو و مەڵبەندیشەوە هەموومان لەوێ بووین، ئەم گۆڕانکارییەم بەلاوە باش بوو ئەگەرچی نیوەچڵیش بوو. ئەوەی ویستم لە حکوومەت، لەو کاتەدا جێبەجێ نەکرا.

ڕێزانی خوشکم بە هۆی نەخۆشییەوە وەزعی باش نەبوو. لەو کاتەدا مام جەلال و ملازم عومەر لە سەفەری ئەمەریکا بوون. لەوێ بە مام

جەلالیان وتبوو. هەر کە گەڕانەوە، ملازم عومەر لە فرۆکەخانەی سلێمانییەوە تەلەفۆنی بۆ کردم وتی بە مام جەلالم وتووە، ئەویش وتویەتی سبەینێ بێت بۆ لام، منیش سوپاسم کرد. ڕۆژی دوایی چووم بۆ لای مام جەلال، لەوێ مۆڵەتی دامێ و هاوکاریشی کردم بۆ سەفەر بۆ هۆڵەندا بۆ لای ڕێزانی خوشکم، کە لە خەستەخانە کەوتبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی زریانی کوڕم ناردبوو، چوونەکەم دواخست. چونکە دەستم دابووە هەندێک کار و نەدەبوو بە نیوەچڵی بەجێیان بهێڵم.

**پلینۆم**

ڕۆژی ٢٠٠٩/١٠/٢٩ پلینۆم دەستی پێکرد. دکتۆر فوئاد مەعسوم سەرپەرشتیی دەکرد، کەسێکی لە سەرخۆ و بەویژدان بوو. دکتۆر فوئاد ڕاپۆرتی پێشکەش کرد و داوای کرد مام جەلال پێشکەش ڕاپۆرتی یەکێتی بخوێنێتەوە. ئەوەی پەیوەندیی بە پێشمەرگەوە بوو، بەر ئێمە کەوت. لیژنەی پێشمەرگە لەم هەڤاڵانە پێک هاتبوو: (شێخ جەعفەر، مەحموود سەنگاوی، جەباوەر یاوەر، کەمال شاکر، مامۆستا عەزیز، مستەفا چاوڕەش). ئێمەش لەگەڵ پەنجا کادێری پێشمەرگە دانیشتین و ڕاپۆرتێکمان لەسەر وەزعی پێشمەرگە و چاککردنی بۆ پلینۆم ئامادە کرد. ڕاپۆرتەکە لە چواردە خاڵ پێک هاتبوو. لەوێش هەندێک قسەی لەسەر کرا و بە دەنگی زۆرینەی پلینۆم قبوڵ کرا. پلینۆم ماوەی سێ ڕۆژی خایاند و ڕۆژی ١٠/٣١ کۆتایی هات.

### کۆبوونەوە لە ماڵی هەڤاڵ (دکتۆر بەرهەمساڵح) سەرۆکوەزیران

لە ماڵی دکتور بەرهەم بە ئامادەبوونی هەموو ئەندامانی فەرماندەیی گشتی کۆبوونەوەیەکی فەرماندەییمان کرد. هەڤالانی بەشداربوو پێک هاتبوون لە: ١- نەوشیروان فواد مەستی ٢- شێخ جەعفەر ٣- مستەفا چاوڕەش ٤- مەحموود سەنگاوی ٥- جەبار یاوەر ٦- کەمال شاکر ٧- مامۆستا عەزیز ٨- دلێری سەید مەجید ٩- هاشم مام عەلی، لەگەڵ سکرتێرەکانی لای هەڤاڵ بەرهەم سۆزان و لەتیف شێخ عومەر. ئەم کۆبوونەوەیە زیاتر تەرخان کرابوو بۆ یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە، هەردوو فەرماندەییەکە کە لەسەری ڕێک کەوتبووین. چۆن دەبێ ئەم کارە جێبەجێ بکەین کە لەسەری ڕێک کەوتووین؟ قسەی زۆری لەسەر کرا.

هاوکات کەموزۆر هەر خەریکی دەوری قەلادزە و ڕانیەم بۆ ئیشوکارەکان. کەسێکی دڵسۆز و پیاوێکی نیشتمانپەروەر لە قەلادزە وەفاتی کردبوو "هۆمەری حاجی موسا"، بەشداریی مەراسیمی پرسەکەم کرد. نامەیەکم نووسی بۆ مام جەلال لەسەر ئەو ماوەیەی سەرپەرشتیی سنووری پشدەر و بتوێنم دەکرد و کارەکانم بۆ ڕوون کردەوە. وێنەیەکیشم دا بە مەکتەبی سیاسی. وێنەی نووسراوەکەشم بۆ مەڵبەندی هەشتی ڕاپەڕین خوێندەوە. ماوەی چوار مانگ لەوێ ئیشم لەگەڵ کردن. دوای کۆبوونەوەکە خواحافیزیم لێکردن و گەڕامەوە بۆ سلێمانی و چوومە مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە بۆ جێگاکەی خۆم.

### چوونمان بۆ پیرمام بۆ لای سەرۆکی هەرێم

بە سەرپەرشتیی سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان هەبوو لە نێوان فەرماندەیی و فەلەک. سەعات دە کۆبوونەوەکە دەستی پێکرد. لە پاش قسەکردن و ڕاگۆڕینەوە بڕیارمان دا بەزووترین کات کار بکەین بۆ یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە. کاک مەسعود دەسخۆشیی لێکردین بۆ کارەکانی ڕابووردومان. هەر لەو

کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا چەند لیژنەیەک دروست بکرێن بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان. کۆبوونەوەکە کۆتایی هات و گەڕاینەوە بۆ سلێمانی.

دوا بەدوای ئەم کۆبوونەوەیە چەندین جار هەردوولامان کۆبوونەوەمان کرد بۆ ئەوەی هەنگاوبەهەنگاو لە کارەکان بچینە پێشەوە و یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە زیاتر و زووتر جێبەجێ ببێ. کاری زۆرمان کردووە، بەلام هەر ماویەتی. تاکو ئێستا دوانزە لیوامان بە یەککگرتوویی ڕێکخستووە و دەبێت بەردەوام کاری بۆ بکەین. دیارە ئەم کارە هەروا بە ئاسانی نەهاتۆتە پێشەوە، لەسەر هەموو ئاستەکان کارمان کردووە. بێجگە لەوەی خۆمان کارەکەمان ئەوەبوو، دەبوو مام جەلال و مەکتەبی سیاسییش لە هەموو هەنگاوەکان ئاگادار بکەین و ڕاوبۆچوونیان وەربگرین.

## جارێکی تر هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و چوونم بۆ پشدەر

ڕۆژی ٢٠١٠/٢/٣ لە مەکتەبی سیاسی بڕیارێکیان دەرکرد کە جارێکی تر بڕۆمەوە بۆ قەلادزە و ڕانیە بۆ سەرپەرشتیی هەڵبژاردن. هەڤاڵەکان بەسەر ناوچەکاندا دابەش دەکران. بۆ ئەم مەبەستەی هەڵبژاردن قسەم کرد کە هەموومان هیمەت بکەین و سەرکەوتوو بین.

وردەوردە بانگەشەی هەڵبژاردن دەستی پێکردووە، بەلام توندوتیژە و دەبێ هەستیارانە لەگەڵی بجوڵێینەوە، بەتایبەت لەو سنوورە. مام جەلالیش هاتبووەوە و لە بارەگای مەکتەبی سیاسی سەرپەرشتیی کۆبوونەوەی کرد کە لەسەر هەڵبژاردن بوو. ئەوەی من بە باشم زانی، بە ڕاوێژ لەگەڵ هەڤالانی ڕاپەڕین جێبەجێمان کرد. خەڵکی بە خۆشییەوە ئامادە بوون بۆ هەڵبژاردن.

مام جەلال لە کەرکووکیش لە بارەگای خۆی سەرپەرشتیی کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتیی کرد بۆ ئەوەی خەڵکی بزانێ کە

کەرکووک لە کوردستان جیا نابێتەوە و کوردستانە. ئیشێکی زۆرم کرد بۆ سەرکەوتنی کاندیدەکانی یەکێتی نیشتمانی و دەریش چوون. ڕۆژی ٣/٥ سەعات سێونیو بەشداریی ئاهەنگی ساڵڕۆژی ڕاپەڕینی شاری ڕانیەم کرد و چوومە سەر مەزاری شەهیدان (عەلی نەبی و ئیسماعیل وەرتێ و ئەرسەلانی کاک هەمزە و شەهیدە قارەمانەکانی تری یەکێتیی نیشتمانی). بانگەشەی هەڵبژاردن ڕاوەستا و دنیا هێمن بووەوە. ڕۆژی ٢٠١٠/٣/٧ هەڵبژاردن دەستی پێکرد. هەر ڕۆژی ٣/٧ ڕۆژی ڕزگارکردنی شاری سلێمانییە لە دەست ڕژێمی سەدام و خۆشترین ڕۆژی خەڵکی ئەو شارەیە. منیش وەک هەموو تاکێکی کورد بەشداریم کرد و دەنگی خۆم دا بە لیستی کوردستانی. چواردە هەزار دەنگی زیاتر بوو. لە شارو ناحیەکانیش لیستی کوردستانی سەرکەوتوو بوو. هەردووکی نزیکەی لەسەروو شەست هەزار دەنگی زیاتر بوو، هەر ئەمەش وای کرد لیستی کوردستانی بەگشتی لە سنووری سلێمانی سەرکەوتوو بێ. منیش بە سەرکەوتنێکی باشم زانی بۆ خۆم، چونکی لە ڕابوردوودا دۆڕاندبوومان. ئەمجارە تەنهاش بووم.

زریانی کوڕم ڕۆژی ٢٠١٠/٤/٢ ژنی گواستەوە. لە هۆڵی ئۆسکار ئاهەنگێکی خێزانیی گەورەمان بۆ بەڕێوە برد، ڕۆژێکی خۆشی و شادی بوو بۆ خۆیان و کەسوکاریش. شەوێ درەنگ مەراسیم کۆتایی هات.

## یادی داستانی گردە بێناس

سەعات شەش چووم بۆ قەڵادزە و لەوێشەوە لەگەڵ هەڤاڵە پێشمەرگە کۆنەکانی ئەو سەردەمە بۆ لای شاخی گردە بێناس. تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بەرنامەی هەبوو بۆ تیپەکانی ئەو سەردەمە، منیش لەبەر خاتری ئەو پێشمەرگانەی ڕۆژگارە سەختەکان چووم. چونکی من لێپرسراوی یەکەمی داستانی "گردە بێناس" بووم و

ئەو ڕۆژگارە سەرپەرشتیی هێزەکانم کرد. لە سەروبەندی شەڕەکەدا بارەگاکانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیمان لە سەرشیوەوە گواستەوە بۆ بەرگەڵوو و سەرگەڵوو. لە شەڕەکەدا سەربازێکی زۆر کوژران و دەستکەوتێکی زۆرمان لە دوژمن گرت لە کلاشینکۆف و ئاربیجی و بەسەر هێزەکانی بەشداربووی شەڕەکەدا دابەشم کردن. ئەم سەرتیپ و کادیرانە لە شەڕەکەدا بەشدار بوون: (شەهید مام جوتیار، مەولود هێرۆیی، عەبدوڵلا وسوو، شەهید محەمەد ڕازانی، مەحموود ڕازانی، عەبدوڵلا مەحموود، عەلی شامار، عەبدوڵلا هەمزە)، هەروەها دەیان پێشمەرگەی تر دەوریان هەبوو.

### بەرەو کۆنگرە

پاش ئەوەی مەکتەبی سیاسی بڕیاری دا کۆنگرە بگیرێ، هەموو مەڵبەند و کادیرەکانی سەرگەرم بوون. منیش لەگەڵ هەڤالانی مەڵبەندی پێشمەرگە بۆ ئەو مەبەستە چەند کۆبوونەوەیەکمان کرد بۆ ئەوەی کارێکی وا بکەین کۆنگرە سەرکەوتوو بێ، لەگەڵ هەموو بەشەکانی مەڵبەند کۆبووینەوە و دابەش بووین بۆ ئەو جێگایانەی هێزەکانمانی لێیە.

بڕیار درابوو مەڵبەندەکان لە هەر پێنج سەد ئەندام یەک نوێنەری هەبێ، هێزی پێشمەرگەش لە سێسەد و پەنجا ئەندام یەک نوێنەری هەبێ. ڕۆژانە لەسەر ئەو بەرنامەیە کاری خۆمان ئەنجام دەدەین. ڕۆژی ٤/٢٣ بە ئامادەیی مام جەلال لە قەلاچوالان کۆبوونەوەیەکی ئەفسەرە پلە بەرزەکانمان کرد بە بەشداریی شێخ جەعفەر و مەحموود سەنگاوی و بەندە. مام جەلال لەسەر گرنگیی هێزی پێشمەرگە قسەی بۆ کردین. لەسەر سەرخستنی کۆنگرەش هەندێک ڕاوبۆچوونمان خستە

بەردەستی مام جەلال. دوای ئەوە هەندێک ئاڵوگۆڕ کرا لەناو هێزەکان پێشمەرگە، کاک نەوشیروان فوئاد مەستی خۆی وازی هێنا و خانەنشین بوو، لە جێگای ئەو حسێن مەنسوور دانرا. لە کۆبوونەوەکەدا ئاگاداری پلەدارەکانمان کرد بۆ ئەم مەبەستە، بەڕاستی کاک نەوشیروان دەوری سەرەکیی بینی لە بەهێزبوون و دروستکردنی سەرۆکایەتیی ئەرکاندا.

### هاتنی جەنەڕاڵ باربارۆ

لەگەڵ هەڤاڵ مەحمود سەنگاوی چووین بۆ پێشوازیکردن لە جنراڵ باربارۆی گەورە ئەفسەری هێزەکانی هاوپەیمانی و لەگەڵ خۆمان بردمان بۆ لای مام جەلال. لەسەر وەزعی عێراق و تیرۆر قسەیان کرد. ڕۆژی دواتر جەنەڕاڵ 'ئۆدیرنۆ' قائدی عەسکەریی ئەمەریکی هات. چووین بۆ دوایدا بۆ فڕۆکەخانە و بردمان بۆ لای مام جەلال. دوای ئەوەش ڕۆژی ٢٠١٠/٤/٣٠ لەلای مام جەلال ئەم هەڤالانە کۆبووینەوە: (شێخ جەعفەر، مستەفا چاوڕەش، مەحموود سەنگاوی، مامۆستا عەزیز) کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە باسکردن وەزعی پێشمەرگە و باشکردنی ژیانی. کۆنگرەش ئەوەندەی نەمابوو. لەسەر ئەوە مام جەلال وتی دەبێ گرنگی بدەن بە کۆنگرە. دوایی بۆ هەمان مەبەست سەردانی کاک کۆسرەتم کرد و لەسەر ژیان و گوزەرانی پێشمەرگە باسوخواسمان کرد، دیارە باسی کۆنگرەش خاڵێکی تر بوو. ئێمە هەمیشە کێشەی ژیان و وەزعی پێشمەرگەمان دەخستە بەردەستی سەرووی خۆمان بۆ ئەوەی بە هەموومانەوە ڕێگای باشتر بدۆزینەوە بۆ باشکردنی ژیان و گوزەرانیان و دابینکردنی پێویستییەکانیان.

هەر دەربارەی کۆنگرە و نزیکبوونەوەی لیژنەیەکی مەکتەبی ڕێکخستن هاتن بۆ لامان و لەگەڵیان دانیشتین. قسەوباسەکانمان لەسەر

ئەو خاڵانە بوو، کە پێویست بوو ئامادەی بکەین و بەشداریکردنیشمان چۆن بێت.

ڕۆژی ٥/٨ هەڵبژاردن لە کۆمیتەکان دەستی پێکرد. بەڵام لەلای ئێمە هێزی پێشمەرگە هەڵبژاردن نەکرا، لەبەر ئەوەی هێزەکانمان زۆر بەربڵاو بوون لە جێگا جیاوازەکانی عێراق و کوردستان واجباتیان دەگرت. خاڵێکی تریش ئەوەبوو لەناو هێزی پێشمەرگەدا هەڵبژاردن ناکرێ، بۆ ئەوەی کاریگەریی خراپ نەکاتە سەر هەڵبژاردن. چونکی هەڵبژاردن ئامانج نییە، جاری وا هەیە باشترین کەس دەرناچێ. لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا شتێکم نووسی بە ناوی "کۆنگرەمان بۆچی ئەوێ و چی بکەین باشە؟" لای خۆمەوە سەردانی مەکتەبی ڕێکخستن "هەڤاڵ عیماد" و دەزگای هەڵبژاردن "شۆڕش ئیسماعیل" و مەکتەبی سیاسیم کرد بۆ ئەوەی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە مەغدور نەبێ لە بەشداریکردن، چونکی گەورەترین مەڵبەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە. بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ هەڤاڵانی مەڵبەند خەریک بووین. چاوەڕوان بووین مام جەلال لە بەغدا بگەڕێتەوە. لەبەر گرنگیی هەڵبژاردن چوار هەڤاڵی جێگری مەڵبەند لەگەڵ دکتۆر فوئاد چوون بۆ بەغدا بۆ لای مام جەلال. شەوێ تەلەفۆنیان لەگەڵ کردم و وتیان هەڵبژاردن دەکرێ بەیەک بە شێوەی بازنەیی دەکرێ. ڕۆژی دوایی ئەو هەڤاڵانەی چووبوون بۆ بەغدا بۆ لای مام جەلال، گەڕانەوە و قسەمان لەسەر چۆنێتیی بەڕێوەچوونی کۆنگرە کرد. بڕیار بوو ئەو هەڤاڵانەی بەشداریی کۆنگرە دەکەن، ئاگادار بکرێن و "١٥٢" ئەندام مەڵبەندی پێشمەرگە بەشداریی کۆنگرە بکەن. ڕۆژی دوایی چووم بۆ قەلاچوالان بۆ سەرپەرشتیی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن.

## دوا کۆبوونەوەی سەرکردایەتی پێش کۆنگرەی سێیەم

ڕۆژی ۲۰۱۰/٥/۳۱ دوایین کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی بوو پێش کۆنگرە. مام جەلال سەرپەرشتیی کرد و لە دەستپێکی کۆبوونەوەکەدا سوپاسی هەمووانی کرد کە هەموو بەجدی کاریان کردووە بۆ سەرخستنی کۆنگرە. داوای لێبووردنی لە هەڤاڵان کرد و وتی ئەگەر ڕۆژی لە ڕۆژان هەڵەیەکم کردبێ، تەحەمولی بەرپرسیاریەتی دەکەم. هەموومان بەشداریی قسەکانمان کرد. ڕۆژی دواتر کۆنگرە لە ۲۰۱۰/٦/۱ دەستی پێکرد.

## یەکەم ڕۆژی کۆنگرەی سێیەم

ڕۆژی ۲۰۱۰/٦/۱ سەعات یانزە کۆنگرە لە هۆڵی تەلاری هونەر بە ئامادەبوونی وەفدی میوان و سەفیرەکان و حیزبە عێراقی و کوردستانییەکان پاش قورئانخوێندن و سرودی مەشخەڵان دەستی پێکرد. مەسعود بارزانیی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشدار بوو. بەخێرهاتنی هەمووان کرا. چەندین وتار خوێنرانەوە، لەوانەش وتاری مەسعود بارزانی، وتاری مالکی و حیزبی دەعوە، دوایی (عمار الحکیم) سەرۆکی مەجلیسی ئەعلا و حیزبی سۆسیالیستی سوید و باقیی لایەن و حیزبەکانی تر.

ڕۆژی یەکەم کۆتایی هات، شەویش لە یانەی کۆمەڵایەتی ئاهەنگێکی قەشەنگ بۆ میوانان و بەشداربووانی کۆنگرە ساز کرا. دوایی سەردانی هەندێک لە هەڤاڵەکانم کرد لە جێگای حەوانەوەیان، ئەوانەی لە دوورەوە هاتبوون.

**ڕۆژی ٦/٢ دووەم ڕۆژی کۆنگرە دەستی کرد بە کارەکانی**

مام جەلال ڕاپۆرتی خۆی خوێندەوە، ماوەیەکی باشی خایاند. دوای چارەکێک پشوو کۆنگرە دەستی پێکردەوە و ماوەی دوو سەعات و نیوی خایاند. ڕاپۆرتەکەی مام جەلال بە دوورودرێژی باسی وەزعی یەکێتی و کێشەکان و پێشکەوتنەکانی کرد. دوای ئەوە سەرکردایەتیی یەکێتی خۆی حەل کرد. ئیتر کۆنگرە گەورەترین دەسەڵاتە. ئیدارەی سەرپەرشتیی کۆنگرە هەڵبژێردرا، کە پێک هاتبوو لە نۆ کەس و سیانیان ژن بوون. کارەکان دەستیان پێکرد. هەڤاڵ عادل موراد بەرپرسی یەکەم بوو.

**ڕۆژی سێهەمی کۆنگرە**

چەندین بڕیار درا بۆ بەشداری و چاودێریی ئەوانەی لەسەر لیستی یەکێتی لە وەزارەت و پەرلەمانن. بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. چەند لیژنەیەک دروست کرا بۆ ڕاپۆرتەکەی بەشەکانی پێشمەرگە، دارایی، ڕێکخراوەکان و مەڵبەندەکان و حکوومەت. من لێپرسراوی لیژنەی پێشمەرگە بووم، داواش کرا هەر کەسێک پێی خۆشە و حەز دەکات، دەتوانێ لەگەڵمان بێت.

لیژنەکەمان پێک هاتبوو لە (شێخ جەعفەر، مەحموود سەنگاوی، جەمیل هەورامی، م. ئەحمەد لەتیف، عەبدوڵڵا کانی بەردی، جەبار یاوەر). بۆ هاتن و گفتوگۆی پێشمەرگە نزیکەی سەد و پەنجا هەڤاڵ بەشدارییان کرد لەو ڕاپۆرتەی بۆ کۆنگرەمان ئامادە دەکرد. لەو هەڤالانە "٢٥" کەسیان قسەیان کرد، بڕیاریشمان دا بۆ ڕۆژی دوایی تر لە بارەگای پێشمەرگە دێرینەکان جارێکی تر لەسەری کۆببینەوە و پێیدا بچینەوە. هەڤاڵ عومەر فەتاحیش هات بۆ لامان و بەشداریی کردین. ئیتر ڕۆژی دوای خۆئامادەکردنە بۆ ڕاپۆرتەکانی تر و لەسەر خاڵبەخاڵی گفتوگۆ کرا.

### ڕۆژی پێنجەمی کۆنگرە

هەر لە تەلاری هونەر هەندێک لە ڕاپۆرتی کۆمیتەکان کە دروست کرابوون، خوێندرانەوە و قسەیان لەسەر کرا.

### ڕۆژی شەشەمی کۆنگرە

کۆبوونەوەکان دەستیان پێکردەوە. دوای نیوەڕۆ سەرەی ڕاپۆرتی کۆمیتەی پێشمەرگە هات. چووینە بەردەم هەڤالانی کۆنگرە. من ڕاپۆرتەکەم خوێندەوە، پاش ئەوەی دە کەس قسەیان لەسەر کرد، خرایە دەنگدانەوە و بە زۆرینەی دەنگ ڕەزامەندیی لەسەر درا. ڕۆژانی تریش لیژنەکانی تر کارەکانی خۆیان پێشکەش کرد. ڕۆژی حەوتەمی کۆنگرە کێشەیەک لەسەر بەشداربووانی کۆنگرە دروست بوو: کێ حەقی هەیە بەشدار بێ؟ چونکی ڕێژەی بەشداربووان لەو ژمارەیە زیاتر بوو، کە بڕیاری لەسەر درابوو. ئەمەش چارەسەر کرا "لە ڕاستیدا دیزە بە دەرخۆنە کرا". کۆمیتەی بەڕێوەبردنیش مشتومڕێکی لەسەر کرا و دوایی دەنگی لەسەر درا. ڕۆژێکیش تەرخان کرا بۆ پەیڕەوی ناوخۆ و زۆر قسەی لەسەر کرا. باقیات هەڵگیرا بۆ ڕۆژی دوایی تر.

ڕۆژی دەیەمی کۆنگرە هەردوو جێگری سکرتێری گشتی هەڤالان کۆسرەت ڕەسول و دکتۆر بەرهەم سالح وەک جێگری سکرتێری گشتی دەستنیشان کران و زۆرینە دەنگی لەسەر دا. ئێوارەش هەڵبژاردن دەستی پێکرد. کۆنگرە بڕیاری دابوو سەرکردایەتی پەنجا ئەندام بێ، بەم شێوەیە ژمارەی پەنجا هەڤاڵ هەڵبژێردران بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتی. من خۆم دەنگی سیانزەهەمین بووم و "٦١٨" دەنگم هێنا، لە کۆنگرەی دووەمدا شەشەم دەنگم هێنا بە ڕێژەی "٧٦٢" دەنگ، لە کۆنگرەی یەکەمیش دەنگی باشم هێنا. یەکێتی سێ کۆنگرەی گرتووە لە هەرسێکیان ڕێژەی دەنگەکانم بەرز بووە و قەت یەدەک نەبووم. ئەوەش دەنگی کادیرەکان و پێشمەرگەکان بوو و حەقی خۆمیان داوەتی، سوپاسیان دەکەم. پاش ئەوەی کۆنگرە تەواو بوو، زۆر لە هەڤالان هاتن بۆ پیرۆزبایی.

## هەڵبژاردنی مەکتەبی سیاسی دوای کۆنگرە

ڕۆژی ٢٠١٠/٦/٢٤ سەعات "١١" لە دەباشان لە ماڵی مام جەلال کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بە سەرپەرشتیی هەردوو جێگری سکرتێری گشتی هەڤاڵ (کۆسرەت و هەڤاڵ بەرهەم) دەستی پێکرد، تەنها عیماد ئەحمەد لەوێ نەبوو، لە سەفەر بوو. سەرەتای کۆبوونەوە مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا، مام جەلال هەشت کەسی دەستنیشان کردبوو بۆ مەکتەبی سیاسی، کە ئەم هەڤالانە بوون: ١- ڕەفعەت عەبدوڵڵا ٢- دکتۆر نەجمەدین کەریم ٣- عماد ئەحمەد ٤- مەلا بەختیار ٥- هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد ٦- عومەر فەتاح ٧- عەدنان موفتی ٨- ئەرسەلان بایز.

دیار بوو مام جەلال حسابی لەسەر شارەکان کردووە و ئەم هەڤالانەی داناوە. بێگومان حەقی خۆیەتی، بەلام لە کۆنگرەدا دەنگ هەر دەنگە و حەق وابوو حسابی لەسەر بکرێ. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا سێ هەڤاڵی تر دەستنیشان بکرێن و بخرێتە دەنگدانەوە، لەو هەڤالانەی کە پشتیوانییان لێکرا، ئەم سێ هەڤاڵە دەرچوون بۆ مەکتەبی سیاسی: ١- شێخ جەعفەر ٢- حاکم قادر حەمەجان ٣- مەحموود سەنگاوی، باقیات مانەوە و ئیحتیات بوون. بەلام تاکو ئێستا هەر دەوری (ئەندامی مەکتەبی سیاسی) دەبینین. من لە گرنگیی هیچ هەڤاڵێک کەم ناکەمەوە، بەلام بە حەقی تەواو و شەرعیی خۆمی دەزانم لە پێشەوەی زۆر لەو هەڤالانە بم، ئەگەر بە دەنگ بێ و دەنگی هۆڵی کۆنگرە بێ. زۆر دڵگران بووم دەرنەچووم، وتم لە ڕابوردووش سیاسەت هەروا بێوەفا بووە. دەستەگەری و پشتیوانی لە سەروو خۆتەوە گرنگە، ئیتر هەرچەند بیرم دەکردەوە و سەرم دەهێناو دەبرد، هەر خەفەتم پێ دەخوارد. مەبەستم ئەوە بوو خۆ مەسەلەی مەکتەبی سیاسی ئەوەیە هەموو کەسێک حەز دەکات لە پلەی بڕیارداندا بێت و پلەی بەرزتر بێت. ئیتر نامەوێ زۆر بچمە وردەکاری و گێژاوی ئەم و ئەوەوە، تەنها ئەوەندە دەڵێم بۆ مێژوو و هەڤالانی کۆنگرە شاهیدن و ڕابوردووشم لەناو یەکێتیدا

شاهیده که هەمیشە حەزم بە دەستەگەری نەکردووە، هەر دەستەی یەکێتیی ناو یەکێتی بووم، هەموو هەڤاڵەکانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی دەزانن کە لە ژیانمدا هەر وام هێناوە، خۆشم لە هیچیان پێ کەمتر و کەمتواناتر نییە لە هەموو بوارەکاندا، خۆ لەناو ڕیزەکانی یەکێتی و هێزی پێشمەرگە و خەڵکیدا لێ ئەگەڕێم خۆیان شاهیدیم بۆ بدەن، ئەوەندەش کە لەسەر هەڵبژاردن نووسیومە، بەسە.

ئەو ڕۆژانەی دوای کۆنگرە هەر لە دڵی خۆمدا ڕاوێژم دەکرد و بڕیارم دا واز لە سەرکردایەتیی یەکێتی بهێنم، نەک یەکێتی. چونکی تەمەنی خۆم و لاوێتی و کەسوکارم داوە بە یەکێتی. دواجار نامەیەکی گلەییئامێزم بۆ هەڤاڵ مام جەلال نووسی. هێشتا نامەکەم نەناردبوو، بەڵام ئامادەم کردبوو. چوومە لای هەڤاڵ عیماد ئەحمەد کە بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستن بوو. نامەکەم نیشان دا، هەڤاڵ عیماد لەسەر ناوەڕۆکی نامەکە قسەی نەبوو، تەنیا تێبینی لەسەر وشەی 'وازهێنان' هەبوو و پێی باش نەبوو ئەو وشەیە بنووسم. دوایی نامەکەی دابوو بە کاک دلێری سەید مەجید بۆی ببات. بە هەرحاڵ، نازانم گەیشت بە دەستی مام جەلال یان نا. کۆمەڵێک هەڤاڵ کە لە ساڵەکانی تەمەنی یەکێتیدا پێکەوە زۆر تاڵی و ناخۆشی و دەردەسەریمان دیووە، نەسیحەتیان کردم هەر ئیش بکەم و پەلە نەکەم لە وازهێنان. چونکی وەزعی من وەک هەندێک هەڤاڵی تر نییە و هی ئەوە نییە لێرەدا باسی بکەم. وەزعی زۆر جیاوازە لە هەندێکی تر. ئەوەتا تا ئێستا تاکو کاتی نووسینی ئەم بیرەوەریانە بەردەوامم.

بیرەوەرییەکانیشم کە لە ساڵەکانی ١٩٥٦ەوە دەست پێکردووە، وام دانابوو تاکو کۆنگرەی سێ بێ لەوێدا کۆتایی پێ بهێنم، چونکی ئەوەی گرنگ و دیار و زەحمەت بوو، ڕابوردوو بوو. ئەمانی تر، بەتایبەت ئەم ساڵانەی دوایی، زیاتر بیرهێنانەوەیە و کەمیش نییە. زیاتر لە پەنجا ساڵ باس دەکات. لە پێش هاتنە ناو کایەی حیزبایەتی و سیاسەتەوە زۆر

شتم لەبیر بووە و یاداشتم کردووە. یادەوەریی ڕۆژگارەکان کە پێیاندا تێپەڕیووم، ئەوەندەی لە بیرم بووبێ، بە ئەمانەتەوە یاداشتم کردووە، ئەوەندەی کە ئەمەوێ بیڵێم و حەق بدەم بە هەموو هەڤاڵەکانی ڕێگای خەباتم، ئەگەر شتێکم لە بیر نەبووبێ، داوای لێبوردنیان لێدەکەم. لە بیرەوەریی ئەو ڕۆژگارە دژوار و سەختەدا شت لەبیر دەچێ، بەتایبەتی ئەگەر جێگایەک نەبێت بتوانی بە ئەمانەتەوە هەندێک نووسینی تێدا هەڵبگریت. هەر هەمووشمان ڕژێمە دیکتاتۆرە بێڕەحمەکەی سەدام حسێن دەناسین و لە بیرمانە. کەسێک بە ناوی "دلێر عەبدوڵڵا عەزیز" لە سێدارە بدرێ تەنیا لە پای ئەوەی لە خۆشەویستیی پێشمەرگەیدا وێنەیەکی لەگەڵ گرتووم، ئیتر نابێ چاوەڕوانی شتی تری لێ بکەین. سیاسەت هەر ماوە و ئێمەش لە زیادە ماوین. دەیان هاوڕێی خۆشەویست و قارەمانمان لەدەست چوو؛ یادیان بەخێربێت. منیش هەر بەردەوامم لەسەر کار لەناو کوڕانی هەژارترین چین، کە پێشمەرگەیە. خۆشم هەر لەو قوتابخانەیە پێگەیشتووم و لەگەڵیان ماوم. ئەو هەڤالانەی ئێستا پێکەوە ئیش دەکەین، شاهیدن کە دڵ و دەروونمان لای سەرکەوتنی پێشمەرگەیە لە هەر سەنگەرێکدا بێ. جارجارەش کە تەنگژەو ناڕەحەتی لەگەڵ ناحەزان و حکوومەتی عێراق دروست دەبێ، هەروەک ڕۆژگارەکانی ساڵانی پێشوو لەگەڵیاندا دەبم. مەگەر هەر ئێمەمانان و خەڵکی بەوێژدان سەنگی پێشمەرگە بزانێت، "قەدری زێڕ لای زەڕەنگەرە". سەری ڕێزم دادەنەوێنم و هەتا مابم خۆم بە قەرزاری شەهیدەکان و کەسوکاریان دەزانم. وەفاش بۆ ڕێبازی پیرۆزیان، هەر خۆم بە سەربازیان دەزانم.

**دوا وته**

دەمەوێ بیڵێم بە هۆی کەسێکەوە بە ناحەق زۆر قسە بە هەموومان دەوترێت. لە کۆتاییدا من هەر کوڕە هەژارکەی جارانم. نە دەوڵەت و نە ئەو قەسروقسوورەی باسی دەکەن، بە هی خۆمیان نازانم و بەلامەوە گرنگ نین. شارە قارەمانەکەی سلێمانی و هەموو ئەو جێگایانەی لە ڕابوردوودا ئیشم لێکردوون، دەکەم بە شاهید. لە کۆتاییدا دەڵێم ئینسان مەعسوم نییە لە هەڵە، زۆر زۆر داوای لێبووردن دەکەم ئەگەر لە نووسینەوەی ئەم یادەوەرییانەدا غەدرێکم لە نووسینەوەدا کردبێ. هیوامە ئەمەش بە کارە باشەکان حساب بکرێ و بچێتە سەر خەرمانی تێکۆشانی میللەتەکەم و خەباتی پێشمەرگە... ئێوەش هەر شاد و سەرکەوتوو بن.

# پاشکۆی
# وێنە و بەڵگەنامەکان



ساڵی ١٩٥٩، تیپی دووەمی (هێرش) گەڕەکی سابونکەران. ئەوانەی دانیشتوون لە چەپەوە: عەلی مەعسوم، کەمال عەباس، مستەفا چاورەش، غەفوری شێخ مەحمود، هەڵگورد عارف، ئەکرم حەپسە. ئەوانەی پاوەستاون، لە ڕاستەوە: ماجد ساحیبقەران، فەرەیدون زەنگەنە، ساڵح محەمەد ئەمین، عەبدول برای حاجی محەمەد، سیروان خەفاف، ڕەفیق خلفە فەرەج کەبابچی، عەلی مەلا تاهر



ساڵی (١٩٦٥) بەرزیوە لای ڕەواندز، بارەگای حزبی شیوعی.
دانیشتووەکان چوارەم کەس لەلای چەپەوە (مستەفا چاورەش)





مەحمود ڕەشید (نەبەز)　　　　زاهیر مەحمودی برای مستەفا چاورەش

برینداربوون بە بۆمبی فسفۆر ساڵی ١٩٧٤ لە گەرووی هۆمەر ئاغا



ناوچەی شەمزینان ساڵی (١٩٧٧) لەڕاستەوە: نەوشیروان مستەفا، کاک ئازاد هەورامی، (...)، (...)، مستەفا چاورەش، (...)



گوندی زێوکە/ ئێران. مانگی ١٢ی ١٩٧٧. لە ڕاستەوە جەبار عەلی عەزیز. کەریم دادە مەنە. ملازم عومەر، نەوشیروان مستەفا، عوسمان قادر مەنەوەر، مستەفا چاورەش، هاوڕێ جەبار. دانیشتووەکان: ئازاد دەرەمیانە، حەبیب، (نەناسراو) شەهید فاروق محەمەد



لەتیف حەمەمراد. ساڵی ١٩٦٩ لە بەغداد ئیعدامکرا



مستەفا چاورەش و عوسمان قادر مەنەوەر، شارباژێر ١٩٧٩



دێی بڵەسەن، نزیک بانەساڵی ١٩٧٩. لە ڕاستەوە: مستەفا چاوڕەش، حەمەئەمین ئاغای بارێ، محەمەدی حاجی ڕەشیدی بڵەسەن، فەتاح خان سالوک.



شەهید جەمالی عەلی باپیر و مستەفا چاوڕەش. ١٩٧٩



نێوزەنگ ساڵی ١٩٧٩. لە ڕاستەوە: مستەفا چاوڕەش، محەمەدی حاجی مەحمود، شەهید جەمال عەلی باپیر، شەهید عوسمان قادر مندەوەر. دانیشتووەکان: خالید عەباس، شاوات قارەمانی



نێوزەنگ ساڵی ١٩٨٠، نەوشیروان مستەفا، شازاد سائب، مستەفا چاوڕەش، عەلی شامار



شەهید بێستون مەلا عومەر ساڵی (١٩٨٧) لەسیروان شەهید بوو.



شەهید ئەکرمی وەستا حەمەئەمین بەنا ناسراو بە ئەکرمی حەپسە، ساڵی (١٩٨٠) لە موسڵ لە سێدارە درا




لە نەخۆشخانەی (لەندەن بریج) لە لەندەن. ساڵی ١٩٨٧




له نەخۆشخانەی (لەندەن بریج) له لەندەن. ساڵی ١٩٨٧



له نەخۆشخانەی (لەندەن بریج) له لەندەن، ساڵی ١٩٨٧



مستەفا چاوەڕەش، لە نەخۆشخانەی (لەندەن بریج) لە لەندەن. ساڵی ١٩٨٧




نەخۆشخانەی (لەندەن بریج) لە لەندەن



شەقڵاوە. کۆبوونەوە بە سەرپەرشتی مەسعود بارزانی پێش شەڕی (پەکەکە) ساڵی (١٩٩٢)



پارێزگاری کەرکوک. ساڵانی (١٩٩٢/ ١٩٩٣/ ١٩٩٤)



مستەفا چاوڕەش و مەلا عەلی عەبدولعەزیز ڕابەری بزووتنەوەی ئیسلامی. ١١/٥/١٩٩٩



مامۆستا شێخ محەمەد بەرزنجی و مستەفا چاوڕەش. قەڵاچوالان ١/٩/١٩٩٩



مستەفا چاوەڕەش،
عومەر شێخ موس،
عوسمان ئۆجەلان.
١٩٩٩/١٢/١٤
بناری قەندیل دێی
سێوەیس



سوێندخواردنی پەرلەمان
لەبەردەم سەرۆکی
پەرلەمان
د. ڕۆژ نوری شاوەیش
٢٠٠٢/١٠/٤



لەگەڵ بەڕێز مام جەلال ٢٠٠٨/١١/٣٠



مەکتەبی عەسکەری یەکێتی نیشتمانی. لە لای ڕاستەوە:
مەلا یاسین، ڕەهبەری سەید ئیبراهیم، مامۆستا عەزیز، شێخ جەعفەر، مام جەلال، مستەفای سەید قادر. مستەفا چاوڕەش، هاشم مام عەلی.



لەگەڵ مام جەلال ١٣/٥/٢٠٠٩



لەگەڵ کاک مەسعود بارزانی



لەگەڵ مام جەلال، قەڵاچوالان، ٢٠٠٢



لەگەڵ مام جەلال ٢٠٠٩/٥/١٣



کۆبوونەوەی مەڵبەندی پێشمەرگە لەگەڵ بەڕێز مام جەلال، لە بەغداد.
(مام جەلال، مستەفا چاورەش، مەلا یاسین، ڕێزان. لای چەپ: وەستا ڕەسول، عەبدوڵڵا کانی بەردی، شاهۆ. ٢٠٠٨/١/٢٩



ئەدینۆ ئەفسەرێکی ئەمریکی، مەلا محرم ئیمام جومعەی مەرگە (وەفاتی کردووە) مستەفا چاورەش. ساڵی ٢٠٠٨ لە مەرگە



ڕانیە، لەگەڵ بەڕێز مام جەلال. هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٩



لەگەڵ ماجد محەمەد ئەمینی پوورزام. ساڵی ٢٠٠٤




جەلەولا سەردانی سەنگەرەکانی پێشمەرگە. ٢٠١٤/٦/٢٨

# چەند وێنەیەکی

# خانەوادەیی



خەدیجە حسەین ئەمین، دایکی مستەفا چاوڕەش. ١٩٨٧/١١/٢٤ شەهید بوو.



ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی لە دوکان. لەگەڵ مەڤاڵ مام جەلال.
مستەفا چاوڕەش و نەهاوەن حسەین حەسەنی هاوسەری



مستەفا چاوڕەش، زەینۆی کچی، زریانی کوڕی، نەهاوندی هاوسەری، دابانی کوڕی




زریانی کوڕم لە
بەندیخانەی ئەمنی
عامەی بەغداد، ساڵی
١٩٨٧

# بەڵگەنامەکان

نووسراوی ئەمنی سلێمانی دەریدەخات دلێر عەبدوڵڵا عەزیز لەسەر ئەوەی وێنەیەکی مستەفا چاوڕەشی لابووە لە سێدارە دراوە. لە کتێبی (کورد قران) بڵاوکراوەتەوە

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة
مديرية أمن محافظة السليمانية
العدد / ش٣ح/ ٣٠٩٨٦ /٢٠٩٥
التاريخ : ٦/٩/١٩٨
٨/ذو القعدة/١٤٠٢ هـ

( سـري )

الى / مديرية الأمن العامة ـ ش ٣
م / قوائم

نرسل اليكم صحبة مأمورنا ملازم الأمن عبد الحكيم حمود حمادة قوائم مفصلة تتضمن أسماء مجرمين وعددهم (٤٤) من الذين تم تنفيذ حكم الاعدام بحقهم وذويهم من ذوي أعضاء التحقيق في الحملة التفتيشية لعام ١٩٨٥ لمحافظة السليمانية والتي حصلت الموافقة على تنظيم قضايا خاصة بهم ولم تصدر لهم شهادات وفاة.. راجين استلامها وعرض الموضوع على انظار السيد العام الحكوم لغرض الموافقة على اصدار شهادات الوفاة لهم والتنسيق مع مديرية الأمن العامة علماً بأنهم مدرجين في القوائم المرسلة اليكم بموجب كتابنا سري وشخصي المرقم ١٩٨٢٠ في ١٩٨٢/٦/٢ واعلامنا .. مع التقدير.

مدير أمن محافظة السليمانية
١٤ /٦/١٩٨٩

المرفقات
قوائم

بەڵگەنامەی ژمارە (١-١٧)
١٣١

| [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | — — — | — | — | — | [illegible] |
| [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | — — — | — | — | — | [illegible] |
| [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | — — — | — | | | [illegible] |
| [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | — — — | — | — | — | [illegible] |

بەڵگەنامەی ژمارە (٥-١٧)
١٣٥

الاتحاد الوطني الكردستاني
- الهيئة المؤسسة -

PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN

١٩٧٦/١١/١١

١٩٧٦/١١/١٤

هەڤاڵ مصطفى چاورەش


پیرۆزبایی شۆڕشگێڕانە

[illegible]

[illegible]



**نامەی دوکتۆر فوئاد مەعسوم بۆ گەڕانەوەم لە هۆڵەنداوە بۆ کوردستان و بەشداری لە شۆڕش ساڵی ١٩٧٧**



## نامەیەک بۆ دوو منداڵە خۆشەویستەکەم..

.. ئەمڕۆ (١٠/١٢/١٩٨٠) سەعات دوانزەی شەو ئاخر هەناسەمان لە پەتی سێدارە لەگەڵ دنیایەک ئاوات ئاسمدا ، ئەدەمێت....

منداڵە ئازیزەکانم ئێستا تەمەنم (٣٥ ساڵە) لەساڵی (١٩٦٠) موە تاکو ئێستا یانی بۆ بیست ساڵ ئەچێت من لە ڕیزی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕدا، وە بەتەحدید لە ڕێگای پیرۆزی مارکسیزم ، لینینیزم دا تێ کۆشاوم وعەمرێکم بەخێلیم نەکردووە لە پێشکەش کردنی بە نرختترین شت ئەویش کە گیانمە لە پێناوی ئەو بیرو باوەڕەپیرۆزەدا و بەرزکردنەوەی ئاڵای مەزنی مارکسیزم.

خۆشەویستەکانم کاتێ ئەم نامەیە ئەخوێننەوە کاتێکی زۆر بەسەر چووە بەسەر شەهید کردنی باوکتانا .. ناتوانم تقدیری ئەو کاتە بکەم بەڵام بێگومانم لەوەی کە بۆ ئێوەش مەجالێکی فراوانی تێکۆشان و استشهاد ئەمێنێت و تا ئەوکاتەش ئێوەی خۆشەویست ئاینە سەر سەفەرەی حازری . بزانن لەوکاتەوەی کە ئێوە دروست بوون من هەموو ئامانجێکم ئەوەبوو کە بەشێوەیەکی وا پەروەردەتان بکەم کە هەمیشە ئامادەبن بە ووشیاریانە بۆ تێکۆشانێکی سەخت لە پێناوی مەزن ترین چین و ڕاست ترین بیروباوەڕکە ئەوانەش چینی کرێکارو بیروباوەڕی مەزن مارکسیزم لینینیزم.

ئازیزەکانم جیاوازی بەینی ئنسان و حەیوان بیرکردنەوەیە .. هەروەک مارکس ئەڵێت بیرکردنەوە زۆر پیرۆزترە لە بینەکردنەوە پیاوێکی چاک کە بیر ناکاتەوە(ئەم وتانەی مارکس م لێرەدا لەبەر نیە بەڵام ئەوە ناوەڕۆکی قسەکەیەتی)بۆیە داواتان لێ ئەکەم کە هەمووکات هەر بخوێننەوەو بنووسن و بیربکەنەوە وە بیرتان هەبێت بە بیروباوەڕی ڕاستەقینەی مارکسیزم لینینیزم.

بەلای منەوە هەموو ڕاستییەک نسبیە تەنها بیروباوەڕی مارکسیزم کە مطلق بێت، چونکە ئەساسی بیرە گۆڕانە و تەنها ئەم کەونەدا دروشت مطلقە ماددەو گۆڕانی ماددە وە بۆیە بیروباوەڕی مطلق چونکە لەسەر ئەو دروشتە بنیات نراوە. خۆشەویستی شتێکی پیرۆزە و پیرۆزترین خۆشەویستیش خۆشەویستی کتێبە بۆیە داواتان لێ ئەکەم کە یەکەمین دیاری ئازیزتان کتێب بێت دوای ئەو شتی تر.

نامەی شەوی لە سێدارەدانی بۆ منداڵەکانی (سەنگەر و ڕۆزا)

**نامەی شەوی لە سێدارەدانی ئەکرەم محەمەد ئەمین بەنا بۆ منداڵەکانی (سەنگەر و ڕۆزا)**

راپۆرتی خەستەخانەی
(لەندەن بریج) لەسەر
ژەهرخواردکردنمان


amnesty international

نارمی ڕێکخراوەکە — سەرچاوەکەمان :HOR

لێبوردنی نێو دەوڵەتی — هێڵی ڕاستەوخۆ :

سکرتاریەتی نێو دەوڵەتی

ژمارە ١ ، شەقامی ئیستۆن .لەندەن کۆدی پۆستی:WC1 8DJ

شانشینی یەکگرتوو

خاتم :بریجێت کەیسی — ١٩٨٨/٢/٢٣

نەخۆشخانەی دیڤن شێر

٢٩-٣١ شەقامی دیڤن شێر

لەندن : کۆدی پۆستی WIN 1RF

بەڕێز خاتم کەیس

مصطفی محمود – چارەسەری سروشتی

ئەم کاغەزە بۆ دووپات کردنەوەی قسەکردنەکەمانە لە ڕێی تەلەفۆنەوە کە ئەم بەیانییەدا بە ئەنجامان گەیاند کەوا ئێمە پارەی تێچووی (چارەسەری سروشتی) (مصطفی محمود) دەخەینە ئەستۆی خۆمان، کەوا ڕەوانەی خەستەخانەی (دیڤن شێر) کراوە بۆ ئەم جۆرە چارەسەریە لەلایەن خەستەخانەی (لەندەن بریج)ەوە.

دڵسۆزتان

واژۆکراوە

ماگی مالۆنی

تەلەفۆن ٠١-٨٣٣ ١٧٧١ تێلیگرام : لێ بوردن لەندەن WC1 تێلێکس : ٢٨٥٠٢

لێ بوردنی نێو دەوڵەتی بزاڤێکی جیهانی سەربەخۆیە بێ لایەنانە کار دەکات بۆ هەموو زیندانیانی ویژدان، کە دادگایی دەستبەجێ و دادپەروەرانە بکرێن و بۆ کۆتایی پێ هێنانی ئەشکەنجەو لەناوبردن، لەلایەن چەند بەخشکارانێکەوە پارەی پێ دەدرێت کە ئەندامانی خۆیین و لایەنگرانین لە هەموو جیهاندا پەیوەندی فەرمی هەیە لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا، هەروەها کانسڵی ئەورووپا، ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقاو ڕێکخراوی ولایەتەکانی ئەمریکادا.

راپۆرتی
خەستەخانەی
(لەندەن بریج)
لەسەر
ژەهرخواردکردنمان

Poisons Unit

New Cross Hospital
Avonley Road London SE14 5ER
Telephone 01-407 7600

G N Volans BSc MD FRCP
Director
J A Henry MB FRCP
Consultant Physician
B Widdop BSc PhD
Consultant Biochemist

Lewisham and
North Southwark
Health Authority

GH850

21 January 1988

TO WHOM IT MAY CONCERN

This is to certify that Mr Mustafa MAHMUD is a patient in the London Bridge Hospital, suffering from the effects of acute thallium poisoning. His medical condition is such that he will need treatment for at least one month more.

Signed ..............................
J A HENRY
CONSULTANT PHYSICIAN

22 JAN 1988
TO ..............................

---

ئارمی دەسەڵاتداری
دەسەڵاتداری تەندروستی
لویسهام و نۆرپ ساوثوەرك

جی.ئێن.ڤۆلانس
(بەکالۆریۆسی زانست لە
دکتۆری پزیشکی لە ژەهردا)
بەڕێوەبەر
جەی.ئەی هێنری (دکتۆری پزیشکی
لە بواری ژەهردا)
فیزیکی پزیشکی ڕاوێژکار
بی. ویدۆی
(بەکالۆریۆسی زانست و دکتۆرای
فەلسەفی)
ڕاوێژکاری بایۆکیمستی

یەکەی ژەهرەکان
خەستەخانەی نیوکرۆس
شەقامی ئەڤۆنلی- لەندەن
کۆدی پۆستی : SEM 5ER
تەلەفۆن :٠١-٤٠٧-٧٦٠٠
١٩٨٨/١/٢١

بۆ هەر کەسێك ، کە مەبەست بێت

ئەم کاغەزە بۆ ئەوەیە کە شایەتی بدرێت کە بەڕێز مصطفی محمود ( وە یان موستەفا محمود) یەکێکە لە نەخۆشەکانی نەخۆشخانەی (لەندەن بریج). دەناڵێنێت بە دەست ژەهردەر خواردنی سەختی (ثالیۆم)ەوە. حاڵەتی نەخۆشیەکەی بەو جۆرەیە کە پێویستی بە چارەسەرکردن دەبێت بەلایەنی کەم بۆ یەك مانگی تر.

واژۆکراوە..........
جەی. ئەی. هێنری
فیزیکی ڕاوێژکار
(واتە دکتۆری ڕاوێژکار)

مۆر
١٩٨٨/١/٢٢
بۆ:..................
کۆپی:..................

سوپاسنامەی (عەلی ئەدیب) لە حزبی دەعوە لە کاتی سەردانیان بۆ سلێمانی کە لە ئێرانەوە هاتبوون، ساڵی ٢٠٠٠ پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام


حزب الدعوة الاسلامية
مكتب العلاقات العامة

الاخ العزيز الاستاذ مصطفى شاورش
مدير مكتب العلاقات الوطنية المحترم

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته
يطيب لي ونحن نغادر ارض كردستان الطيبة ان اتقدم وزملائي اعضاء الوفد باطيب التمنيات وجزيل الشكر لضيافتكم الكريمة وحسن استقبالكم حفظكم الباري القدير عنواناً للاخوة الصادقة واملاً للتعاون المثمر من اجل الاطاحة بجلادي شعبنا واحلال البديل العادل الذي يرتضيه المخلصون
سلامي الحار وتمنياتي الصادقة للاخوة كاكه محمد وكاكه طارق وكاكه كاروان الذين تجشموا عناء الاستقبال والمرافقة . جزاهم الله عنا خير الجزاء.
وتقبلوا خالص تحياتنا وتمنياتنا لكم بالموفقية والنجاح

اخوكم
ابو بلال الاديب
المكتب السياسي
لحزب الدعوة الاسلامية
٢٠٠٠/٤/٢٤

بەناوی خودای بەخشندەومیهرەبان

پارتی (دەعوەی ) ی ئیسلامی — ژمارە :
نوسینگەی پەیوەندیە گشتیەکان — بەروار: / /

برای ئازیز مامۆستا مصطفی چاورش
بەڕێوەبەری نوسینگەی(دەفتەری) پەیوەندییە نیشتمانیەکانی بەڕێز.
سلأوتان لیّ بیّت لەگەڵ میهرو بەزەیی خودای گەورە.

پێخۆشحاڵم لەکاتێکدا کە ئێمە خاکی کوردستانی پڕ خێر بەجێ دەهێڵین ، کە باشترین هیوا و سوپاسی بێ پایانی خۆم و هاوکارانم تان پێشکەش بکەم بۆ ئەو میوانداریە دڵفراوانەو پێشوازیە گەرمەی کە لێمان کرا، خوای گەورە بتانپارێزێت وەکو نیشانەیەکی برایەتی ڕاستەقینە و هەروەها هیوایەکی هاوکاری پڕ خێر بەمەبەستی ڕووخاندنی مرۆڤ کوژانی نەتەوەکەمان وە جێگرتنەوەی ئەو مرۆڤ کوژە بە کەسانێکی دادپەروەر کە دڵسۆزان پێیان ڕازی بن.
سلأوی گەرم و هیوا دڵسۆزەکانم بۆ برایان کاکە محمد و کاکە تاریق و کاکە کاروان کە ئەرکیان کێشا لە پێشوازی و لەگەڵ هاتن و هاوڕایەتیماندا. خوا پاداشتیان بداتەوە لە جیاتی ئێمە.

درووود و سڵاو لەگەڵ هیوا و خواستەکانمان بۆ سەرکەوتن و بەرەو پێش چوون پەسەند بکەن.

واژۆکراوە
براتان
ابو بلال الادیب
نوسینگەی سیاسی
پارتی (دەعوەی ) ئیسلامی
٢٠٠٠/٤/٢٤

## ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی گشتی لەسەر ژەهرخواردکرتی ئێمە ساڵی ١٩٨٧


amnesty international

Hashtawhashi

شەقامی ١ی ئیستۆن لەلەندەن
WCIX8DJ
پاشایەتی یەکگرتوو UK
١٩٨٨/٥/١٩

**بۆ لایەنە پەیوەندارەکان**

بەڕێز مستەفا قادر محەمەد (خەڵکی عیراق، بەناوی مستەفا قادر پیرۆت هاتووچۆ دەکات)

بەڕێز مستەفا قادر محەمەد، کەخەڵکی عیراقە، لە ١٩٨٧/١٢/٢١ هاتووەتە بەریتانیاوە بەمەبەستی چارەسەری تەندروستی بەپەلە. یەکێکە لەو سێ کەسەی کەبەفرۆکە لەئێرانەوە هێنراونەتە بەریتانیا دوای ئەوەی تووشی ژەهراوی بوونی سەختی کیمیاوی بوون، لەسەر خەرجی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لەنەخۆشخانە خەوێنراوە. لەسەرەتادا لەنەخۆشخانەی (بریج) لەلەندەن وەرگیرا، (تکایە سەیری نووسراوی هاوپێچ بکە لەلایەن دکتۆر جۆن هێنری، کەپزیشکی ڕاوێژکاری ئەم نەخۆشە بووەو ئەم ڕاستییەی سەرەوەش دووپات دەکاتەوە).

بەڕێز مستەفا مەحمود لەنەخۆشخانەکەی لەندەن پشکنینی بۆ کراوە لە ١٩٨٨/٢/٢٤، هەر لەو کاتەش لەنەخۆشخانەی دیفۆنشایەر هەر لەلەندەن چارەسەری سروشتی بۆ دەکرێت (هاوپێچ نووسراوێکە کەئاماژە بەوە دەکات تەواوی خەرجییەکانی ئەم بیمارە لەلایەن ڕێکخراوەکەمان ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی دەکێشرێت).

بەڕێز مستەفا مەحمود بەهۆی پاسپۆرتێکی ئێرانی ژمارە 07478و 80و ٤٢٧٨ کە لە١٢/١٢/١٩٨٧ دەرچووەو تاوەکو ١٩٨٨/٣/١١ کاری پێدەکرێت هاتووەتە بەریتانیاوە، ئێستا ماوەی مانگێکی زیاتری پێدراوە کەبمێنێتەوە.

لەکۆتایی مانگی کانوونی دووەمی ١٩٨٨ بەهۆی ڕەوشی تەندروستی خۆیەوە داوای ماتەوەی زیاتری کردوە (هاوپێچ کۆپی نووسراوێکی پزیشکەکەیەتی کەپێشنیاری مانەوەی زیاتری بۆ کردوە لەپێناو چارەسەری تەواودا).

پاسپۆرتی بەڕێز مستەفا مەحمود هەر لەکانونی دووەمەوە لەنووسینگەی وڵاتدا هەڵگیراوە. هەرچەندە کەڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی داوای کردوە کەبەر لەگەڕانەوەی نەخۆشەکە ئەم پاسپۆرتەی پێبدرێتەوە، تائێستاش ئەم پاسپۆرتە بۆ نەخۆشەکە نەگەڕاوەتەوە. (هاوپێچ کۆپییەکی پاسپۆرتی نەخۆشەکەیە کە لەکاتی هاتنەناوەوەی بۆ بەریتانیا لەلایەن نووسینگەی کۆچبەرانەوە، ڕەزامەندی لەسەر دراوە. ئەم نووسراوەی سەرەوە دەتوانرێت لەگەڵ زانیاری خاتوو لیزەبێدەن بەراورد بکرێت لەنووسینگەی وڵات، لونار هاوس، ئاپارتمانی بەشی ٨.

بەڕێز مستەفا مەحمود لەڕۆژی هەینی ٥/٢٠ بۆ نتشەرلاند سەفەردەکات، کەخێزانەکەی تیایدا دادەنیشێت. جێگەیەکی لەگەشتی ژمارە KLM122 بۆ گیراوە بەرەو ئەمستردام، کەبێگومان لەسەر خەرجی ڕێکخراوی لێبوردنی ناودەوڵەتی سەفەرەکەی دەستپێدەکات، پاسپۆرتی ژمارە 44-117417ی لەباڵیۆزخانەی هۆڵەندی لەلەندەن وەرگرتوە کەبەهۆیەوە بتوانێت سەفەرەکەی لەم کاتەدا ئەنجام بدات. ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیش دووپات دەکاتەوە کەتەواوی ئیشەکانیان بۆ بەڕێز مستەفا مەحمود ڕێکیخستووە تاوەکو بتوانێت لەکاتی گەیشتنی بۆ ئەمستردام داخل ببێت.

لەکۆتاییدا تکاتان لێدەکەین هەر زانیارییەکی ترتان ویست پەیوەندی بەنووسینگەکەمانەوە بکەن.

دڵسۆزتان
H-Mufti
بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

**amnesty international news release**

INTERNATIONAL SECRETARIAT
1 Easton Street London WC1X 8DJ
United Kingdom

AI Index: MDE 14/01/88
Distr: SC/PO

INTERNATIONAL EMBARGO:
0001 hrs gmt Wednesday 13 January 1988

## AMNESTY INTERNATIONAL CALLS ON IRAQI GOVERNMENT TO INVESTIGATE REPORTS OF SECURITY FORCES' USE OF THALLIUM POISONING AGAINST POLITICAL OPPONENTS

Amnesty International today (Wednesday 13 January 1988) called on the Iraqi government to investigate reports that its security forces had been using thallium poison to kill political opponents.

Thallium, a heavy metal, is commonly used as rat poison.

The worldwide human rights organization says it has received reports of at least 40 Kurds opposed to the Iraqi government being poisoned in separate incidents last year. Three of the alleged victims died within hours of being poisoned. Three others were flown to Britain for emergency treatment just before Christmas - one of them is still in hospital and the other two are now convalescing.

Amnesty International said the London consultant physician who treated the Kurds had reported that they were "seriously affected" as a result of "acute Thallium poisoning which occurred on 24 November 1987."

The organization said it had received reports that 10 Iraqi Kurds aged from 14 to 60 were poisoned with thallium on that date in the town of Merga in the northern Iraq province of Sulaimaniya. The poison is said to have been put in a yoghurt drink by a woman agent of the security forces working at the home of a member of the opposition Patriotic Union of Kurdistan (PUK).

The victims included members of the PUK and the Kurdistan Socialist

☎ 01-833 1771 Telegrams: Amnesty London WC1 Telex: 28502
Amnesty International is an independent worldwide movement working impartially for the release of all prisoners of conscience, fair and prompt

راپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی گشتی
لەسەر ژەهرخواردکرنی ئێمە
ساڵی ١٩٨٧

پەخشی هەواڵەکانی لێ بوردنی نێو نەتەوەیی (نێو دەوڵەتی)

سکرتاریەتی نێو دەوڵەتی

ژمارە(١) شەقامی ئیستۆن- لەندەن- کۆدی پۆستەی (WG1X 8DJ)

شانشینی یەکگرتوو — ئەی.١ یەراویز:MDE 14/01/88

ناوچە : SC/PO

ئابلوقەی نێو دەوڵەتی

١...کاتژمێر گرین ووچ چوارشەممە

١٣کانونی دووەمی ١٩٨٨

لێ بوردنی نێو دەوڵەتی داوا لە حکومەتی عێراق دەکات کە لێکۆڵینەوە بکات لەو راپۆرتانەی کە گوایا هێزە هەواڵگریەکان ئاساییشەکان و تایبەتەکانی ژەهری (ثالیۆم) یان بەکارهێناوە لە دژی نەیارە سیاسیەکان.

لێ بوردنی نێو دەوڵەتی لەمڕۆدا ( چوارشەممە ١٣ی کانونی دووەمی ١٩٨٨) داوای لە حکومەتی عێراقی کردووە کە لەو راپۆرتانە بکۆڵێتەوە کە گوایا هێزە هەواڵگری و ئاساییشی یەکانی ژەهری (ثالیۆم) یان بەکار هێناوە بۆ کوشتنی نەیارە سیاسیەکانی.

ثالیۆم، کە کانزایەکی قورسە، بەشێوەیەکی ئاسایی وەکو ژەهری مشك بەکار دەهێنرێت ، رێکخراوەکانی مافی مرۆڤی جیهان دەڵێن کە چەند راپۆرتێکیان دەست کەوتووە کە بەلایەنی کەمەوە (٤٠) کەسی کوردی نەیاری حکومەتی عێراقی لە چەند رووداوێکی جیاجیادا ژەهریان دەرخوارد کراوە لە ساڵی پاردا.لە دوای ژەهراوی کردنیان . سیانی تریان بە فڕۆکە نێردراون بۆ بەریتانیا بۆ چارەسەری فریاگوزاری بەپەلە لەپێش جەژنی کریسماسدا - یەکێکیان هێشتا لە خەستەخانەیە و دوانەکەی تریشیان بەرەو چاکبونەوە دەچن.

لێ بوردنی نێو دەوڵەتی گوتی کە پزیشکی راوێژکاری لەندەن کە کوردەکانی چارەسەرکردووە لە راپۆرتەکەیدا دەڵێت کە ئەوان زۆر بە خەستی نەخۆش کەوتبوون لە ئەنجامی "خواردنی ژەهری ثالیۆمی خەستدا کە لە ٢٤/ ١١/١٩٨٧دا رووی دابوو".

رێکخراوەکە دەڵێت کە چەند راپۆرتێکی پێ گەیشتووە کە (١٠) کوردی عێراقی کە تەمەنیان لە نێوان (١٤-٦٠) ساڵیدایە ژەهری ثالیۆمیان دەرخوارد کراوە لەو بەروارەدا لە شارۆچکەی (مەرگە) کە کەوتۆتە پارێزگای سلێمانی باکووری عێراقەوە.وا دەووترێت کە ژەهرەکە خراوەتە ناو ماستاوەوە لەلایەن ژنێکی سیخوڕەوە کە کاری بۆ هێزەکانی هەواڵگری عێراق کردوە لە ژێرەوە و لەناو ماڵی یەکێك لە ئەندامەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا کاری خزمەتگوزاری کردوە(PUK).

لەناو قوربانیەکانـدا چـەند ئەنـدامێکی یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان و حزبـی سۆشیالیسـتی کوردستانی تێدابووە – هەردوو گرووپەکە شەڕی چەکداری دەکەن لە دژی حکومەت .

سێ لـە قوربانیـەکان لـەماوەی (١٠) کاتژمێری دوای خواردنـەوەی ماستاوە ژەهراویەکە مردوون. حـەوت کەسـە ڕزگاربووەکـان بەدەسـت نیشـانەکانی ژەهـری ثـالیۆمـەوە نالأندوویانـە، هـەروەکو ڕشانەوە، تا لێ هاتن، دەمار هەژاندن و قژ ڕووتانەوە.

ئەوان لە دواییدا براون بۆ (تاران) و بـەلأم لـە دوای ئـەوەش (٣) خاڵەتـە مەترسیەکە بە ناچاری نێـردراون بـۆ لەنـدەن چـونکە (تـاران) چارەسـەری دژە – ثـالیـۆمی کـەم بـووە، کـە نـاوی (شـینی پروسیە)؛ هەر چەندە کە ئەم چارەسەریەش لە ئێستادا نێردراوە بۆ تاران ، بەلأم هەر لە ئێستاشدا ئامادەکاری ڕێك دەخرێت بۆ ناردنی دوو قوربانی تری ئەو کوردانە بۆ لەندەن بۆ چارەسەرکردنی پزیشکی زیاتر.

لـێ بـوردنی نێـو دەوڵـەتی دەڵێـت کـە چـەند ڕاپـۆرتێکی تـری پـێ گەیشـتووە کـە یـەکێك لـە ڕزگاربووەکان، ئەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، بە ناوی (موستەفا قادر محمود) ، لەوەو پێش تریش لە هەوڵێکی تردا ژەهری دەرخوارد درابوو لە ڕۆژی (١٩٨٧/١١/١٠) دا کە هەوڵەکە لـە دژی ئەنـدامانی یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان و حیزبـی سۆشیالیسـتی کوردسـتان بـوو، لـەو هەوڵەشدا (٤) کەس ژەهریان دەرخوارد درابوو.

لێ بوردنی نێو دەوڵەتی ناوی (٧) کەسی تری لایە کە لـە (تاران) چارەسەرکراون کە نیشانەکانی ژەهر خواردنی (ثالیۆمیان) پێوە دیار بوە. ئەوانە لە نێو (٣٠) کوردی تردا بوون کە گوترابوو گوایا ژەهرخواردکرابوون لە مانگی تشرینی یەکەمی (مانگی دە) لەگەڵ مانگی تشرینی دووەمی (مانگی یازدەی) ١٩٨٧ دا.

ڕێکخراوەکە یەکەم جار داوای لە حکومەتی عێراق کردوە کە لەو ڕاپۆرتانە بکۆڵێتەوە لەبارەی ژەهر دەرخوارد دانی ئەیارە سیاسیەکان لە مانگی ئەیلولی (مانگی نۆی) ١٩٨٠ دا، دوای ئەوەی کـە چـەند بەڵگەیـەکی ووردی دەسـت کـەوت کـە چـەند زیندانییـەکی ئـەیاری سیاسـی پێشـوو قوربانیانی ئەو هەوڵە بوون . دووان لەوانە لەلایەن دکتۆرانەوە لە بەریتانیا پشکنینیان بۆ کرا لەدوای ئەوەی عێراقیان بەجێ هێشت : یەکێکیان لە بەریتانیا مرد، ئەوەی تریان چاك بوەوە . لێ بـوردنی نێـو دەوڵـەتی هـیچ وەلأمێکـی پـێ نەگەیشـتوەتەوە لەلایـەن حکومـەتی عێراقـەوە بـۆ داواکاریەکەی.

چەند ڕاپۆرتێکی بەردەوام لەبارەی ژەهردەرخواردکردنی ئەیانی حکومەت گەیشتوەتە دەست لەم چـەند سـالأنەدا بـەلأم ئـەم ڕاپۆرتانـەی دوایـی یەکـەم بوون لـەو جـۆرەی کە بتوانرێت بە ووردی دۆکیومـەنت بکرێن و بەڵگـەی پزیشـکیان لەگەڵـدا بێـت لەوەتـەی سـاڵی (١٩٨٠)ەوە. هـەر وەکـو ڕێکخراوەکە دەڵێت.

وا دەگوترێت کە لەناو بردنی سیاسی لە دژی نەیارانی گومان لێکراوی حکومەت کە منداڵان و لاوانیشی گرتوەتەوە، بووەتە جێگەی نیگەرانی و بایەخ پێدانی مافی مرۆڤ لە عێراقدا لەم سێ ساڵەی دواییدا بەتەنها زۆر داوای لێکۆڵینەوە کراوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لەبارەی ئەو ڕاپۆرتانەی کە باس لە لەناوبردن و کوشتنی نەیارانی سیاسی دەکەن کە لەلایەن هێزە هەواڵگریەکانەوە ئەنجام دراوە وە هەروەها خزمەکانی ئەو نەیارانە لە ڕێی لە سێدارەدانەوە، تەقە لێکردن، سەربڕین، برینداركردن و خوێن لێ هێنانە دەرەوەی تا مردنی بەدەستی ئەنقەست وە ئێستاش ئەم ژەهر دەرخواردنەشی هاتوەتە سەر.

ژمارەیەك لەوانەی کە بە نهێنی کوژراون، پێ دەچێت ئەشکەنجە درابن: لاشەکان کە دراونەتەوە بە کەس و کاریان باس لەوە دەکرێت کە چاوەکانیان هەڵکۆڵراون و نینۆکەکانیان لێ کراونەتەوە، هەر وەکو لێ بوردنی نێو دەوڵەتی باسی لێوە دەکات. ئەو سێ کوردەی کە لەلەندەن چارەسەرکراون بریتیین لە : (عدنان المفتي) ٣٧ ساڵ ، ئەندامی حیزبی سۆشیالیستی کوردستان ( ئەندامی جێبەجێکاری کۆمیتەی حزب)،( سامی شۆڕش)، ٣٨ ساڵ . ئەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ، شاعیر و ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد ، لەگەڵ (موستەفا قادر محمود) ، ٤٠ ساڵ. ئەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

ئابلووقەی نێو دەوڵەتی: ١.... کاتژمێر (گرینووچ) چوارشەممە ١٩٨٨/١/١٣

## سوپاسنامە

پێویستە لەسەرم لە یەکەم ساتەوە کە دەستمکرد بە نووسینی ئەم بیرەوەرییانە، سوپاسێکی بێپایان پێشکەش بە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بکەم، بەتایبەت برای بەڕێزم (کاک ئازاد بەرزنجی و ستافەکەیان) کە هاوکارم بوون، هەروەها سوپاسی خوشکی بەڕێز (سۆنیا عەباس) بکەم کە ماندووبوو لە تایپکردنی نووسینەکانم و (ڕەوشت محەمەد) کە کاری دیزاینی بۆ کردم، هەموو ئەو بەڕێزانەش کە هاوکارییانکردم، نموونەیان زیاد بێت چاکەیانم هەمیشە لەبەرچاوە.

**مستەفا چاوڕەش**

# ناوەڕۆك

پێشکەش ........................................ ٦
پێشەکی ........................................ ٧

قۆناغی منداڵی ........................................ ١٢
ناوەندیی شۆڕش ........................................ ٢٦
قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە سلێمانی ١٩٦٣/٦/٩ ........................................ ٣٠
چوونمان بۆ ناوچەی ڕەواندز ........................................ ٣٩
شەڕی کوڕەك لە ساڵی ١٩٦٥ ........................................ ٤٣
شەڕی هەندرێن و هێرش بۆ سەر سوپای عێراق ........................................ ٤٦
داستانی شەڕی هەندرێن ........................................ ٥٠
ناردنم بۆ ئێران بۆ چارەسەر ........................................ ٥٠
ڕێککەوتنی عەبدولڕەحمان بەزاز ........................................ ٥٢
گەڕانەوەم بۆ لای هاوڕێیان ........................................ ٥٣
جەژنی قوربان ........................................ ٦٠
بە هێزێکی زۆرەوە هاتنە سەرمان ........................................ ٦٠
چوونمان بۆ بەغدا ........................................ ٦٧
لەگەڵ هاوڕێیانی بەغدا ........................................ ٦٧
خۆڕێکخستنەوەی خۆمان کە هاتینەوە بۆ کوردستان ........................................ ٧٣
لە بارەگای ناو کێلەکان بڕیاری چەککردنی موسڵح جەلالی درا و گیرا ........................................ ٨٠
یەکەم سەفەری هاوڕێ ئیبراهیم عەلاوی بۆ سوریا و لوبنان ........................................ ٨٢
بەیانی یانزەی ئازار ........................................ ٨٣
پەڕینەوە بۆ سوریا ........................................ ٨٥
گەیشتنە سوریا ........................................ ٨٦
لە لوبنان ........................................ ٨٩
هاتوچۆ لە ڕێگەی موسڵەوە بۆ سوریا بە مغامەرە ........................................ ٩١
ڕێگە گۆڕین ........................................ ٩١
کۆنفرانسی لقی کوردستان حیزبی شیوعی "قیادەی مەرکەزی" ........................................ ٩٢
دیسان سەفەر بۆ سوریا ........................................ ٩٣

سەردانی مەزاری مەولانا خالیدمان کرد ........................ ٩٥
کوژرانی ئەبووجەعفەر ........................ ٩٦
چوونم بۆ بەغدا بۆ نەشتەرگەریی "گەدە" ........................ ٩٨
وازهێنان لە حیزبی شیوعی "قیادەی مەرکەزی" ........................ ١٠٠
چوونم بۆ کەلالە بۆ لای کاک فەرمنسۆ هەریری ........................ ١٠١
چاوپێکەوتنی کاک مەسعود بارزانی ........................ ١٠٣
چوونم بۆ لای کاک عەلی عەبدوڵڵا پارێزگاری سلێمانی ........................ ١٠٤
لەگەڵ کاک محەممەد ڕەحیمدا ........................ ١٠٥
بارەگای چوارتا ........................ ١٠٦
زیندانیکردنی عومەر سەید عەلی ........................ ١٠٧
هاتنە دەرەوەی کۆمەڵێك ئەفسەری کورد ........................ ١٠٩
بارەگاکەمان چوو بۆ پێنجوین ........................ ١٠٩
لە سەنگەرەکانی زۆزکدا ........................ ١١١
تاران و خەستەخانەی"٥٠١"ی ئەرتەش ........................ ١١٥
ناردنی زاهیری برام بۆ بەریتانیا ........................ ١١٥
گەڕانەوەم بۆ پێنجوێن ........................ ١١٦
ژیان لە سەردەشت ........................ ١١٨
لە تاران ........................ ١٢٠
لە هۆڵەندا ئوتێل ئایتونیل ........................ ١٢٠
کۆرسی زمانی هۆڵەندی ........................ ١٢١
دەستپێکردنەوەی کاری حیزبی لە هۆڵەندا ........................ ١٢١
هاتنی مام جەلال و عادل موراد بۆ هۆڵەندا ........................ ١٢٣
کۆبوونەوەی پاریس ........................ ١٢٣
کۆبوونەوەی فرانکفۆرتی یەکێتی ........................ ١٢٤
گەڕانەوەم بۆ سوریا و لەوێشەوە بۆ کوردستان ........................ ١٢٦
هاتنی چەك ........................ ١٢٩
گەڕانەوە بۆ کوردستانی عێراق ........................ ١٣٠
گەیشتینە خاکی ئێران ........................ ١٣١
سەفەری هەکاریی هەڤالان ........................ ١٤١
شەهیدبوونی هەڤاڵ ئەحمەد فەتحوڵڵا ئاغا و خانەی موعینی و پۆلێك پێشمەرگە ........ ١٤٢
هاتمەوە سەر ماڵی وێران ........................ ١٤٧

پەیوەندیی نێوان خۆمان و ڕێکخستنی ناوشار ........................ ١٤٨
ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران ........................................................ ١٤٨
ڕەوانەکردنیان بۆ لای سەرکردایەتی ........................................ ١٤٩
هاتنەوەی کاک نەبەز و کاک عوسمان قادر منەوەر پاش بەربوونیان لای قیادەی
موەقەتە ............................................................................. ١٥١
سەرهەڵدانی جوولانەوەی ئێران .............................................. ١٥٥
چوونە ناو شاری سەردەشتەوە ................................................ ١٥٧
جیابوونەوەی بزووتنەوە بە سەرکردایەتیی هەڤاڵ ڕەسوڵ مامەند ............ ١٦٠
گەڕانەوەمان بۆ شاربازێڕ لە سەردەشتەوە ................................. ١٦٢
شەڕی دیزڵی ........................................................................ ١٦٤
تەسلیمبوونەوەی عەبدولمەلیك و ستاری سەعید خەلەف ...................... ١٦٥
هەواڵی شەهیدبوونی (سیروان تاڵەبانی) ئامرهەرێمی ٥ی قەرەداغ .......... ١٦٧
گواستنەوەم بۆ هەرێمی ٥ی قەرەداغ .......................................... ١٦٩
نامەکەم بۆ مام جەلال ............................................................. ١٧٠
نامەیەکی تری ملازم عومەر بۆ من .............................................. ١٧٠
لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار بۆ قەرەداغ ...................................... ١٧١
هاتنەوەی مەلا بەختیار و دلاوەر ئەحمەد مەجید لە شارەوە ................. ١٧٣
گرتنی ئاسۆی دەلاك بە هۆی خیانەتی حسێنەوە ................................ ١٧٦
شەڕی لای ئیمام قادر و دیوانە .................................................. ١٧٩
چوون بۆ نێوزەنگ لە ساڵی ١٩٨٠ ................................................ ١٨٠
گەڕانەوە بۆ قەرەداغ لەگەڵ ئازاد هەورامی ..................................... ١٨٠
کەمین و شەڕی کاپێلۆن ............................................................ ١٨١
شتێك کە دەبێت باسی بکەم ........................................................ ١٨٣
ڕفاندنی ڕووسییەکان و شەڕی خاوێ ................................................ ١٨٨
نۆرەی تەرمی شەهیدەکانە دەست دوژمن نەکەون ............................... ١٩٣
ڕۆژی دوایی جەژن بوو ............................................................... ١٩٥
شەڕی ئێران و عێراق ................................................................ ١٩٦
بەرەوپێشچوونی هەرێمی (٥) ........................................................ ٢٠٢
شەهیدبوونی خالید گەرمیانی ......................................................... ٢٠٢
شەڕی گەورەی لای ئیمام قادر و دێوانە ........................................... ٢٠٤
هاتنی هەڤاڵان شەوکەتی حاجی موشیر و سەلاحی موهەندیس ............... ٢٠٥

ڕۆیشتن بۆ کۆنفرانسی یەکی کۆمەڵە ........................ ٢٠٦
سەفەرم کرد بۆ ئاران ........................ ٢١٠
کۆکردنەوەی هێزەکان و ڕاونانی سەید کاکە ........................ ٢١١
گەڕانەوەم بۆ قەرەداغ ........................ ٢١٧
چوونمان بۆ سەرکردایەتی بە هێزەوە ........................ ٢١٨
دابەشبوونی هەرێمی (٥)ی قەرەداغ بۆ (٣) تیپ ........................ ٢٢٠
پەڕینەوە بۆ شارباژێڕ و قەراغم بەجێ هێشت ........................ ٢٢٢
چەککردنی لەشکری ئیسلامی ........................ ٢٢٢
ژنهێنان ........................ ٢٢٣
کارکردن لە مەکتەبی سەربازی ........................ ٢٢٥
دروستبوونی مەڵبەندەکان ........................ ٢٢٥
کردنەوەی بارەگای مەڵبەندی دوو لە سەرگەڵوو ........................ ٢٢٦
دروستبوونی مەڵبەند و بەڕێوەچوونی ........................ ٢٢٨
ساڵی ١٩٨٣ و چالاکیی پێشمەرگە........................ ٢٣٠
وەزعی ئێمە و پارتی لە سنووری شارباژێڕ تێك چوو ........................ ٢٣٠
بەرنامەی پەڕینەوە بۆ بەری دێی وڵیاوە ........................ ٢٣١
گەڕانەوەم بۆ مەڵبەندی دوو بۆ سەرگەڵوو ........................ ٢٣٤
گواستنەوەی بارەگای سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی لە نێوزەنگ ........................ ٢٣٥
شەڕی بێتواتە ........................ ٢٣٧
دانوستانی یەکێتی و حکومەت ........................ ٢٣٧
هاتنی جەژن و دانانی مین بۆ من لە سەرقەبران ........................ ٢٣٩
شەهیدبوونی ئاسۆی خاڵم ........................ ٢٤٠
ماجید و ناردنی بۆ ئەڵەمانیا ........................ ٢٤١
هاتنی عەلی حەسەن مەجید بۆ سووورداش ........................ ٢٤٢
چۆڵکردنی بارەگاکانمان لە سووورداش ........................ ٢٤٣
هاتنی عەقید غەسان ناجی عەسکەری بۆ لای مام جەلال ........................ ٢٤٣
دانانی بەرنامە بۆ گرتنی شاخی دابان-هەلاج ........................ ٢٤٤
گرتن و چەککردنی برادەرانی ئاڵای شۆڕش لە قەرەداغ ........................ ٢٤٥
من و ملازم عومەر لە بارەگای مەکتەبی سەربازی بووین ........................ ٢٤٦
جارێکی تر من چوومەوە بۆ لای مام جەلال ........................ ٢٤٧
شەڕی سێ مانگەی قەیوان-ماوەت ........................ ٢٤٨

شەڕی گەورەی کەلکی قەیوان ........................................ ٢٤٩
داستانی ڕزگاری ........................................ ٢٥٣
هاتنی نەقیب ئەمیر بۆ "سیروان" ........................................ ٢٥٧
بەدەستی ڕژێم ژەهر خواردیان کردین ........................................ ٢٦١
بۆ پشتیوانیی قسەکانم ........................................ ٢٦٣
چیرۆکی ژەهرخوارکردنمان لە سیروان ........................................ ٢٦٤
چوونی ملازم عومەر بۆ یاخسەمەر ........................................ ٢٦٦
لە سەردەشت و خەستەخانە ........................................ ٢٧٣
خەستەخانەی تەورێز ........................................ ٢٧٤
ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ ........................................ ٢٧٥
لە تارانەوە بۆ لەندەن ........................................ ٢٧٦
نەشتەرگەریی سییەکانم لە لەندەن ........................................ ٢٧٧
گەڕانەوەم بۆ هۆڵەندا ........................................ ٢٨٠
لێبوردنی گشتی ١٩٨٨ ........................................ ٢٨١
شەڕی کوێت و داگیرکردنی لەلایەن عێراقەوە ........................................ ٢٨٢
ڕاپەڕین ........................................ ٢٨٣
پەلاماری حکومەت و ڕەوی یەك ملیۆنیی خەڵکی کوردستان ........................................ ٢٨٤
گەڕانەوەم بۆ کوردستان لەگەڵ کاك نەوشیروان ........................................ ٢٨٥
کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ........................................ ٢٨٥
هەڵوەشانەوەی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان و خەتی گشتی ........................................ ٢٨٦
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ........................................ ٢٨٦
لەشکری دووی هەولێر ........................................ ٢٨٧
هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ١٩٩٢/٥/١٩ ........................................ ٢٨٨
کێشەمان لەگەڵ (پن کاکا) ........................................ ٢٨٩
کۆبوونەوەی شەقڵاوە لە نێوان یەکێتی و پارتی بە سەرپەرشتیی کاك مەسعود .. ٢٨٩
هاتنی کاك نەوشیروان پێش ئەوەی شەڕ دەست پێبکات ........................................ ٢٩١
هاتنی هەڤاڵ کۆسرەت بۆ لامان وەك سەرپەرشتیی یەکەمی جەبهەکە ...... ٢٩٢
جارێکی تر چوومە خوارەوە بۆ سەر ئاوی خواکورك ........................................ ٢٩٥
ڕۆیشتنم بۆ دەربەندیخان ........................................ ٢٩٧
بینای قائمقامیەتمان هەڵبژارد ........................................ ٢٩٨
پارێزگای کەرکووك ........................................ ٢٩٩

شەڕی کفری لە نێوان یەکێتی و بزووتنەوە ........................ ٣٠١
کۆبوونەوەی سەرکردایەتی لە هەولێر ........................................ ٣٠٢
بارەگای سەرەکیی بزووتنەوە لەسەر ئەشکەوتان لە بێتواتە بوو .............. ٣٠٣
دروستکردنی مەڵبەندی هەشتی ڕاپەڕین ..................................... ٣٠٤
چوونم بۆ ڕانیە .................................................................. ٣٠٥
شەڕی نێوان یەکێتی و پارتی ................................................ ٣٠٧
هاتنی لیژنەیەک لە هەولێرەوە ................................................ ٣١١
سەفەر بۆ ڕێککەوتنی پاریس ................................................. ٣١٤
مانەوەم لە هۆڵەندا .............................................................. ٣١٥
چوون بۆ ئیرلەندا و ڕێککەوتنی دبلن ......................................... ٣١٦
گەڕانەوەم لە هۆڵەندا ........................................................... ٣١٦
چوونی خەڵکی ڕانیە و کەسایەتیەکان بۆ لای مام جەلال ..................... ٣١٧
دروستکردنی یەکەم فەرماندەیی پێشمەرگە لە ڕانیە ............................ ٣١٨
گوێزرامەوە بۆ مەڵبەندی کەرکووک .............................................. ٣١٨
مەڵبەندی کەرکووک ................................................................ ٣١٩
سی و یەکی ئاب ................................................................... ٣٢٠
جارێکی تر لە نێوەزەنگ .......................................................... ٣٢٤
شەڕی گرد دیواران ................................................................. ٣٢٥
چۆن بەرنامەی گرتنەوەی سلێمانی دانرا ........................................ ٣٢٥
لای مام جەلال ...................................................................... ٣٢٦
بەرنامەی گرتنەوەی سلێمانی .................................................... ٣٢٦
کەیشتمە چۆمان و بارەگام لە (ئالان) پشتی ماوەت دانا ........................ ٣٢٧
گرتنەوەی چوارتا ................................................................... ٣٢٨
ڕۆژی دووەم لەناو چوارتادا ....................................................... ٣٢٨
کۆبوونەوەی چوارتا ................................................................ ٣٢٩
هەڤاڵ کۆسرەت، ملازم عومەر و خۆم ............................................ ٣٣٢
کۆبوونەوە لە ژووری پارێزگای سلێمانی ............................................ ٣٣٤
بروسکەی دووەمی مام جەلال بۆ من .............................................. ٣٣٦
شەڕی کێوەڕەش و گرتنەوەی ......................................................... ٣٣٧
چوونم بۆ لای مام جەلال لە نێوزەنگ ................................................ ٣٣٨
ژیان لە هۆڵەندا ......................................................................... ٣٣٩

كۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە شاری برۆکسلی بەلجیکا .......................... ٣٣٩
هاتنی مام جەلال بۆ لەندەن و چوونم بۆ لای .............................. ٣٤١
چوونم بۆ مەڵبەندی ٨ ڕاپەڕین .............................................. ٣٤٢
مەڵبەندی هەشتی ڕاپەڕین ................................................. ٣٤٢
هاتنی مام جەلال بۆ ڕانیە ................................................. ٣٤٤
گۆڕینەوەی دیلەکان ........................................................ ٣٤٤
ڕێککەوتنی واشنتۆن لەسەر شەڕی ناوخۆ .................................... ٣٤٥
هاتنی کاك کۆسرەت بۆ ڕانیە ................................................ ٣٤٨
گرتنی عەبدوڵلا ئوجەلان ................................................... ٣٥١
گەڕانەوەی مام جەلال لە واشنتۆن ........................................... ٣٥٣
گواستنەوەم بۆ مەکتەبی پەیوەندیيە نیشتمانی و کوردستانییەکان ............ ٣٥٤
کارکردنم لە مەکتەبی پەیوەندییەکان ........................................ ٣٥٥
چوونم بۆ قەندیل و هێنانی عوسمان ئوجەلان بۆ سلێمانی ...................... ٣٥٥
چوونی من و هەڤاڵ عومەر شێخ موس بۆ لای عوسمان ئوجەلان ................ ٣٥٨
شەڕی دێی ئاڵی ڕەش ...................................................... ٣٥٩
دانانی بارەگای سەنگەسەر وەك ژووری ئیشکردن ............................ ٣٦٠
شەڕە گەورەکەمان لە بناری قەندیل لە جەبهەکەی کورتەك .................... ٣٦٢
شەڕی کوزینە ............................................................. ٣٦٤
هاتنی مام جەلال بۆ چوارقوڕنە .............................................. ٣٦٦
چوونمان بۆ قەڵادزە ........................................................ ٣٦٨
هاتنی وەفدێکی ئێرانی ...................................................... ٣٦٩
بەفربارینێکی زۆر و ڕێگەگرتن .............................................. ٣٦٩
لە ڕانیە سەردانی ماڵی شەهیدانمان کرد ..................................... ٣٧١
جارێکی تر لە سەنگەسەر ................................................... ٣٧٢
گەڕانەوەم بە یەکجاری لە جەبهەکان ........................................ ٣٧٢
کۆبوونەوەی سەرکردایەتی ڕۆژی ٢٠٠١/١/٢ .................................. ٣٧٤
کۆنگرەی دووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان .................................. ٣٧٥
ڕاپۆرتی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە ....................................... ٣٧٥
مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانی و کوردستانییەکان ............................... ٣٧٨
پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێن ............................................ ٣٧٨
هاتنی عەبدولعەزیز حەکیم بۆ لای مام جەلال پێش ڕووخانی ڕژێم ............. ٣٧٩

هاتنی عەلی ئەدیب جێگری مالیکی پێش ساڵی ٢٠٠٣ .......................... ٣٨٠
کێشەیەك لە شاخی سورێن .......................................................... ٣٨١
مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانی و کوردستانییەکان ........................ ٣٨٢
گەڕانەوەی مام جەلال لە ئەمەریکا ................................................ ٣٨٥
هاتنی هانیا موفتی بۆ سلێمانی ..................................................... ٣٨٦
یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان دوای کۆتاییهێنان بە شەڕی ناوخۆ ..... ٣٨٧
سوێندخواردنی ئەندامانی تازەی پەرلەمان ..................................... ٣٨٧
سوێندخواردنم لە بەردەم سەرۆکی پەرلەمان .................................. ٣٨٨
کۆبوونەوەی پەرلەمان لە سلێمانی لە ئوتێل پالاس ........................ ٣٨٩
بەرەو سازدان و ئامادەکاری بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام ................ ٣٨٩
کۆبوونەوەی حیزبە کوردستانییەکان ............................................. ٣٨٩
بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام ....................................... ٣٩٠
بنکەو بارەگاکانی هێزی برا شیعەکان هێزی بەدر ........................... ٣٩٠
کۆبوونەوەکانی پەرلەمان ............................................................. ٣٩١
بەرەو کۆنگرەی هێزەکانی بەرهەڵستکاری عێراق و کۆبوونەوەی بروکسل .... ٣٩٢
چون بۆ ئێران ............................................................................ ٣٩٢
گۆڕانی جێگەی کۆنگرە لەباتی بەلجیکا بۆ بە لەندەن ........................ ٣٩٣
خۆئامادەکردن بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری ................................ ٣٩٦
ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری .......................................................... ٣٩٧
هێرش بۆ سەر عێراق و ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام .............................. ٣٩٧
ڕۆژی پەلامار بۆ سەر عێراق ......................................................... ٣٩٨
بەرەو هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و کوردستان .............................. ٣٩٩
چاوەڕوانیکردنی مام جەلال بۆ ئەوەی ببێت بە سەرۆکی کۆمار ............. ٤٠٠
چوون بۆ قەرەداغ ...................................................................... ٤٠٠
وەفاتی باوکم ............................................................................. ٤٠١
کۆبوونەوەکانی یەکێتی و پارتی .................................................... ٤٠٢
هاتنی سەفیری چین بۆ لای مام جەلال ........................................... ٤٠٢
هاتنی عەمرو موسا ئەمینداری کۆمکاری عەرەبی .............................. ٤٠٤
دوو تەقینەوەی خۆکوژی لە سلێمانی .............................................. ٤٠٤
هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ ................................................................ ٤٠٥
ڕێکەوتن بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی .............. ٤٠٦

دەستبەکاربوونم لە مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە ........................ ٤٠٧
ئیشی ڕۆژانەمان ........................................................... ٤٠٨
کۆبوونەوەی مەڵبەندەکانی یەکێتی و لقەکانی پارتی ........................ ٤٠٨
ساڵڕۆژی ڕووخانی ڕژێمی سەدام ............................................ ٤٠٩
هەڵبژاردنی مام جەلال بە سەرۆکی کۆماری عێراق ........................ ٤١٠
بوونی شێخ جەعفەر بە وەزیری پێشمەرگە .................................. ٤١٠
هاتنەوەکانی هەڤاڵ مام جەلال بۆ سلێمانی ................................ ٤١١
لەگەڵ ژنەراڵ ئەدینۆی ئەمەریکی ............................................ ٤١١
مام جەلال و کۆبوونەوەی هەیئەتی فەرماندەیی ............................ ٤١٢
کۆبوونەوەی هاوبەشی فەرماندەیی و فەلەک بە سەرپەرشتیی
کاک مەسعود بارزانی ....................................................... ٤١٤
هاتنی وەزیری بەرگریی عێراق و جێگریی فەرماندەیی هێزی بەریتانیا ....... ٤١٦
هاتنەوەی مام جەلال لە بەغداوە ............................................. ٤١٦
هەڵبژاردن ...................................................................... ٤١٧
بردنەوەی تەرمی شەهیدان .................................................... ٤١٨
هاتنی ئیبراهیم عەلاوی بۆ کوردستان ....................................... ٤١٩
باسکردنی بەستنی پلنۆم ...................................................... ٤٢٠
چوونمان بۆ مەسیف بۆ لای سەرۆکی هەرێم ................................ ٤٢١
خۆئامادەکردن بۆ پلینۆم ...................................................... ٤٢٢
لە سێدارەدانی سەدام حسێن .................................................. ٤٢٢
سەردانی دکتۆر "فوئاد مەعسوم"مان کرد ................................... ٤٢٢
کۆبوونەوەی مەڵبەندەکان بە سەرپەرشتیی مام جەلال ........................ ٤٢٣
بەستنی پلینۆم لە قەڵاچوالان ................................................ ٤٢٤
دانیشتنی دووقۆڵی لەگەڵ مام جەلال ........................................ ٤٢٧
سەفەرمان بۆ ئوردن ............................................................ ٤٢٩
کۆبوونەوە لەگەڵ ئەمەریکییەکان ............................................ ٤٢٩
هاتنەوەی مام جەلال لە عەمان .............................................. ٤٣٠
هاتنی ئیبراهیم عەلاوی "ئەبولەیلا" بۆ سلێمانی ............................ ٤٣٢
کارکردن لە فەرماندەیی ....................................................... ٤٣٣
ڕێککەوتنی ستراتیژیی لە نێوان یەکێتی و پارتیدا .......................... ٤٣٥
کێشەی دەوری خانەقین لەلایەن تیرۆریستانەوە ............................. ٤٣٦

سەردانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ............................ ٤٣٦
سەردانی مامۆستا بەهادین نووری ............................................ ٤٣٧
دروستکردنی فیرقەیەك لە سنووری سلێمانی و گەرمیان ..................... ٤٣٧
"کۆبوونەوەی کۆتایی ساڵی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان" ٤٣٩
سەفەری هۆڵەندام کرد ........................................................ ٤٤١
یادی کارەساتی کیمیابارانی سێوسێنان لە قەرەداغ ........................ ٤٤٢
کۆنگرەی کەمئەندامانی پێشمەرگە ............................................ ٤٤٣
پیری شەوکێڵ و یادی شەهیدبوونی عەلی چوارتایی .......................... ٤٤٤
ناوچە کوردستانییە کێشەلەسەرەکان ............................................ ٤٤٥
کۆبوونەوە لەگەڵ ژەنەراڵ تۆماس .............................................. ٤٤٥
کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٠٠٨/٨/١١ لە وەزارەتی پێشمەرگە لە هەولێر .......... ٤٤٦
دیسان خانەقین ................................................................. ٤٤٧
چوونمان بۆ خانەقین ........................................................... ٤٤٧
لەگەڵ وەفدی حکومەتی عێراق ................................................. ٤٥٠
خەستەخانەی پێشمەرگە ......................................................... ٤٥٥
وەفاتی عەلەڕەش ................................................................ ٤٥٦
لیژنەی جیاکردنەوەی حیزب و حکومەت ......................................... ٤٥٧
وازهێنانی هەندێك لە هەڤاڵانی م.س ......................................... ٤٥٨
بڕیاردان لەسەر بەستنی کۆنگرەی سێ .......................................... ٤٦٠
کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ..................... ٤٦٠
وەفاتی هەڤاڵ موحسین بلیز .................................................. ٤٧١
دانانی دکتۆر فوئاد مەعسوم و خۆم ............................................ ٤٦٣
لە قەڵادزە و ڕانیە ............................................................... ٤٦٤
پلینۆم ............................................................................. ٤٦٥
کۆبوونەوە لەماڵی هەڤاڵ (دکتۆر بەرهەم ساڵح) سەرۆکوەزیران .............. ٤٦٦
چوونمان بۆ پیرمام بۆ لای سەرۆکی هەرێم .................................. ٤٦٦
جارێکی تر هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و چوونم بۆ پشدەر ................. ٤٦٧
یادی داستانی گردە بێناس .................................................... ٤٦٨
بەرەو کۆنگرە ..................................................................... ٤٦٩
هاتنی جەنەراڵ بلربارۆ ......................................................... ٤٧٠
دوا کۆبوونەوەی سەرکردایەتی پێش کۆنگرەی سێیەم ........................ ٤٢٧

یەکەم ڕۆژی کۆنگرەی سێیەم ........................................ ٤٢٧
ڕۆژی ٦/٢ دووەم ڕۆژی کۆنگرە دەستی کرد بە کارەکانی ........................ ٤٧٣
ڕۆژی سێهەمی کۆنگرە ........................................ ٤٧٣
ڕۆژی پێنجەمی کۆنگرە ........................................ ٤٧٤
ڕۆژی شەشەمی کۆنگرە ........................................ ٤٧٤
هەڵبژاردنی مەکتەبی سیاسی دوای کۆنگرە ........................................ ٤٧٥

دوا وتە ........................................ ٤٧٨
پاشکۆی وێنە و بەڵگەنامەکان ........................................ ٤٧٩

ئەوەی دەیخەمە بەردەستی بەڕێزتان، بۆ خزمەتی خەباتی میللەتەکەمە، دژی هیچ کەسێك نییە، تەنها بۆ دەرخستنی ڕاستیی ڕووداوەکانە، تەنها دژی داگیرکەرانی کوردستان و خائین و خۆفرۆشانە، ئەوانەی لە خزمەت ڕژێمدا بوون. دیارە ڕاستییەکانیش بەم نووسینەوەیەی من و دوای منیش تەواو نابن. دەیان کار و شتی تازە دێتە پێشەوە، خەڵکی تریش دەتوانن بینووسنەوە و هەقی خۆیانە، مێژوو بەم چەند دێڕەی من کۆتایی نایەت و بەردەوامە، کاروان لە ڕەوتایە و بەرەو پێشەوەیە. تەنها هیوام ئەوەیە بەم نووسینەوەیەم خەباتی میللەتەکەم نەشێوێنم و غەدر لە هەڤاڵە خۆشەویستەکانم نەکەم، کە لە کاروانی خەباتدا شەهید بوون.

Mail
07501132083